# ئـەمريـكا

# ئـــەمریـــکا

## فرانز کافکا

وەرگێڕانی

کاروان حەسەن

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی
گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

- **ئەمریکا (رۆمان)**
- **نووسەر:** فرانز کافکا
- **وەرگێڕانی لە فارسییەوە:** کاروان حەسەن
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جمال رواندزی
- **بەرگ: جێگر عەبدولجەبار**
- **نرخ:** ٣٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم :** ٢٠١١
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان (هەولێر)

- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(**٦٨٤**) ی ساڵی (٢٠١١) پێی دراوە.

**زنجیرەی کتێب (٦٢٢)**

**ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێنەوە**

**www .Kurdchap.com**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


لە جیاتی پێشەکی: ساڵی نووسینی ئەمریکا........................ ٧
تونچی کەشتی .............................................. ١١
خاڵە جاکوب ................................................ ٤١
ماڵە کوێستانییەکەی نزیك نیۆیۆرك ............................ ٥٥
شەقامی رامسز .............................................. ٩١
ئۆتێلی ئۆکسیدنتاڵ .......................................... ١١٩
کێشەی رابینسۆن ........................................... ١٤٧
پەناگا .................................................... ١٨٧
شانۆی سەرشەقامی ئۆکلاهوما ................................ ٢٤١
پاشکۆی ماکس برۆیدی هاوڕێی نزیکی کافکا ...................... ٢٦٣

## له جیاتی پێشەکی:

### ساڵی نووسینی ئەمریکا

بەزۆری ڕۆماننووسان پێشەکی بۆ دەقی ڕۆمانەکانیان نانووسن، ئەمە ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە پێیان باش نەبێت کە تێگەشتن و ڕاڤەیەك لەمەڕ دەقی ڕۆمانەکەیانەوە بخەنە ڕوو، ئێمەش وەك وەرگێڕی ڕۆمانی (ئەمریکا) بەباشی نازانین کە تێگەشتنێك سەبارەت بە ڕۆمانەکە بخەینەڕوو، تێگەشتن و ڕاڤەی ڕۆمان لە پێشەکی خودی دەقەکەدا خوێنەر ئاراستە دەکات بۆ بۆچوونێکی تایبەت بە ڕۆمانەکە و ئەمەش خوێنەر سنوودار دەکات و ڕەنگە دەرگا بەسەر زۆر ڕاڤەی دیکەدا دابخات، خۆ ئەگەر خوێنەرێك پێویستی بە ئاراستەیەك لە تێگەشتن هەبێت سەبارەت بە دەقی ئەم ڕۆمانە، دکتۆر بەهرامی مقدادی ئەو ئەرکەی لە کۆڵ ئێمە کردۆتەوە و خواستی ئەم جۆرە خوێنەرانەی بەدی هێناوە، ئێمەش هەردوو ئەو پێشەکییەمان وەرگێڕاوە، کە دکتۆر بەهرامی مقدادی بۆ ڕۆمانەکەی نووسیوە.

لە جیاتی پێشەکی و تێگەشتنێك بۆ ڕۆمانەکە پێمان باشە ئاشنایەتییەك سەبارەت بە ساڵی نووسینی ڕۆمانەکە بخەینەڕوو. کافکا لە ساڵی ۱۹۱۲دا ڕۆمانی ئەمریکا دەنووسێت، ئەم ساڵە بۆ کافکا ساڵێکە کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ساڵەکانی دیکەی تەمەنی کافکا هەیە، چونکە ئەم ساڵە بەدەر لەبواری ئەدەب، لەرووی ژیانی سۆزداریانەشەوە بۆ کافکا ساڵێکی لەئەندازەبەدەر گرنگ و ڕاچڵەکێنەرە، چونکە یەکەمین مەعشوقەی خۆی (فلیسە باوێر) تێدا دەناسێ، فلیسە یەکەمین کچە کە سەرنجی کافکا بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، پێش فلیسە هیچ کچێك بەو ڕادەیە سەرنجی کافکای ڕانەکێشەوە، کە بیخاتە کەڵکەڵەی ئەوەی پەیوەندییەکی درێژخایەن لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا هەبێت. ئەم پەیوەندییە کافکا ڕادەکێشێتە نێو نامەنووسینێکی درێژخایەنەوە بە جۆرێك کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ(تاکو ۱۹۱۷) نامە بۆ ئەم کچە بنووسێت. هۆگریی کافکا بۆ فلیسە وای لێ دەکات دوو جار بیکاتە دەزگیرانی خۆیی و لە هەردوو جاریشدا کافکا لەبەر ڕاڕای سەبارەت بە ژیانی هاوسەریی، دەزگیرانییەکەی لەگەڵ فلیسەدا هەڵدەوەشێنێتەوە. کە ئەمەش وەك لە زۆر چیرۆك و دەفتەری یاداشتەکانیدا دەردەکەوێت لەبەرئەوە بووە کە کافکا لای وابووە کە ژیانی هاوسەرێتی دووری دەخاتەوە لە

بواری ئەدەب و نووسین. کە ئەمەش بۆ کافکا وەك ئەوە وایە کە ڕۆحی لیێ بسێنی، چونکە تەنیا شتێك کە کافکا لای وایە مانا بە ژیانی دەبەخشێت تەنیا نووسینە.

لەم ساڵەدا وەك بلێی کافکا بەتەواوی لیێوڕێژە لە خەیاڵی نووسین و ئەفراندنی دەقی ئەدەبی، یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە لەم ساڵەدا نووسی و سەرنجی خوێنەرانی ڕاکێشا، چیرۆکی (داوەری) بوو. پێش چیرۆکی (داوەری)، کافکا ژمارەیەك لە چیرۆکەکانی خۆی لە گۆڤارەکاندا بلاوکردەوە، بەلام هیچکام لەم چیرۆکانە سەرنجی خوێنەران و رەخنەگرانی رانەکێشا و گرنگی پێ نەدرا، بەلام چیرۆکی (داوەری) کە لە ساڵی نووسینی ڕۆمانی ئەمریکادا دەینووسێت، تاڕادەیەك ناوبانگێك بۆ کافکا پەیدا دەکات. کافکا چیرۆکی (دادوەری) لە یەك شەودا و بەسەر یەکەوە و لەماوەی هەشت کاتژمێردا دەنووسێ، کە ئەم ماوەیە بۆ چیرۆکێکی وەها، زۆر کورت و چاوەڕواننەکراوە، ئەمەش ئەو زەوق و سەلیقەیەمان بۆ دەردەخات کە کافکا لەو ساڵەدا بۆ نووسین هەیەتی. زۆرێك لە لیێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی بەرهەمەکانی کافکا لایان وایە چیرۆکی دادوەری باسکردنە لەو ڕاڕایی و دڕدۆنگییەی کە لەو ساڵەدا کافکا لە نێوان خۆشەویستی فلیسە و عەشقی بۆ نووسین پێوەی دووچار دەبێت.

هەر لەم ساڵەدا کافکا شاکارە سەرمکەرەکەی دونیا ئەدەب (بەدگۆڕان-مەسخ) دەنووسێ(کە زۆرێك لە شارەزایانی ئەدەب لایان وایە ئەمە کورتە ڕۆمانە) کە ئەم چیرۆکەش بەهەمان شێوەی چیرۆکی (داوەری) لە ماوەیەکی زۆر کورت و بە سێ هەفتە دەینووسێ. لەم چیرۆکەدا کافکا قارەمانەکەی دەگۆڕێت بۆ قالۆنچەیەك، کە ئەوپەڕی بەدگۆڕانی دۆخی مرۆییە، کافکا جولەکەیەکی شاری پراگی ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی نەمسا-هەنگاریا بوو، کە ستەم و زۆرداری بەرانبەر ئەم نەتەوەیە لەچاو نەتەوە و کولتورەکانی تردا لەوپەڕیدایە و لەسەردەمی دواتردا و لەسەر دەستی نازییەکانی ئەلمانیا دەگاتە دوا لوتکەی خۆی و کارەساتی هۆلۆکۆستی لیێدەکەوێتەوە، کە لەم تاوانەدا زۆرێك لە کەس و کار و خزم و هاوڕێکانی کافکا کۆتایی بە ژیانیان دێت، بۆیە سەیر نییە کافکا وەك ئەدیبێك لە سەردەمی پێش ئەم کارەساتەدا پێشبینی دۆخێکی لەم جۆرە بۆ نەتەوەکەی بکات و چیرۆکێکی لەم چەشنە سەبارەت بە دۆخی مرۆڤی جولەکە بنووسێت. بێگومان ئەمە یەکێکە لەو ڕاڤانەی کە ئێمە دەتوانین بۆ ئەو چیرۆکانەی بکەین کە کافکا تێیاندا دۆخی مرۆیی لە قاوغی ئاژەلاندا دەخاتە ڕوو، چونکە چیرۆکی (بەدگۆران- مەسخ) یەکەم و دوا چیرۆکی کافکا نییە کە تێیدا دۆخی مرۆیی لە قالبی ئاژەلاندا بخاتەڕوو، بەلکو لە زۆر چیرۆکی دیکەدا ئەم شێوازەی

بەکارهێناوە جارێك مرۆڤ دەبێتە قالۆنچە و جارێك سەگ و جارێك گۆریلایەك و هتد... بەڵام دەکرێت زۆری بەکارهێنانی ئەم شێوازە(دەرخستنی دۆخی مرۆڤ لە قاوغی ئاژەڵاندا) بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەر لە سەدەیەك دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی نەمسا-هەنگاریا ناوی ئاژەڵانی بۆ جوولەکەکانی ژێر دەسەڵاتی هەڵبژاردبوو، لە ژێر ئەم دەسەڵاتەدا پێویست بوو هەر بنەماڵەیەك ناوێك بۆ خۆی هەڵبژێرێت، کە دەبوو ناوەکە ئەوروپی بێت و بۆ دەسەڵاتداران شیاوی تێگەشتن بێت، بە ئەنقەست و بە نیەتێکی خراپەوە لێکۆڵەرانی دەسەلات ناوی ئاژەڵیان بۆ بنەماڵە جولەکەکان هەڵدەبژارد، ناوگەلێك کە لەڕوانگەی ئەوانەوە بۆ جوولەکەکان شیاو بوو. بۆ بنەماڵەی فرانزیش ناوی کافکایان هەڵبژارد، کە بەواتای ((قەلەڕەش)) ە..

ئەوەی کە زیاتر وا دەکات کە کافکا لەم ساڵەدا (١٩١٢) زۆرترین بەرهەم بنووسێت، ئەوە بوو کە ئەمێستا مووچەیەکی شیاوی وەردەگرت و دەیتوانی لە کاتە بەتاڵەکانیدا سەرگەرمی نووسین بێت. بەڵام لەگەڵ باوکە ملهوڕەکەیدا کە هەر لە منداڵییەوە ترس و سامێك لە دڵیدا دروست کردبوو کێشمە کێشیان بەردەوام بوو، چ بە شێوەی خەیاڵی و لە نێو بەرهەمەکانیدا چ بە واقیعی و لە ژیانی رۆژانەدا. کێشمە کێشی کافکا و باوکی لەسەر ئەوە بوو کە باوکی نووسینی کافکا بە شتێك دەزانی تەنیا کات بەفیڕۆدانە و سووکایەتی کردنە بە پێگەی ئەو کە سەرمایەدارێکی تازە پێگەشتوو بوو. کافکاش بەهاو نرخی ژیانی خۆی تەنیا لە نێو نووسیندا دەبینییەوە و سەرمایەخوازی باوکی بەشتێکی مایەپووچ بێ بنەما دەبینی. کافکا لەمبارەیەوە لە دەفتەری یاداشتەکانیدا دەنووسێت:(باوکم تەنیا کاتێك دەڕنجێت کە درەنگان من لە پشت مێزەکەمەوە دەبینێ، چونکە وادەزانێت گەلێك شتم نووسیوە)

بەر لەم ساڵە خوشکە گەورەکەی کافکا(ئیلی) مێرد بە کارل هێرمان دەکات و لەگەڵ باوکیدا کارگەیەکی پەمووی نەسووتێنراو دادەمەزرێنن، باوکی ئەمە بە دەرفەتێکی زۆر شیاو دەزانی بۆ ئەوەی کە کوڕە بێچارەکەی بگۆڕێت بۆ کاسبێکی سەرکەوتوو، پاش ماوەیەك نە کارلی زاوایان و نە باوکی متمانەیان بە سەرپەرشتیاری کارگە نامێنێت و لایان وایە خیانەتیان لێ دەکات، بۆیە باوکی بڕیار دەدات بۆ ڕێگری لە زەرەر و زیان، کارگەکە بە کوڕەکەی بسپێرێ، کافکاش کە ترسێکی گەورەی لە باوکی هەیە بە ناچارییەوە قبووڵی دەکات.

پاش ماوەیەك دەرکەوت، کە خەرجی کارگە لە سندوقی داهاتەکەی زیاترە. باوکی تووڕە بوو و دەستی کرد بە سەرکۆنەی کوڕەکەی. هەربەوجۆرەی کە کافکا لە دەفتەری یاداشتەکانیدا

نووسیویەتی: ((پیری، سەرکۆنە کرام لەسەر کارگە. کاتژمێرێك لەسەر چرپاکەم ڕاکشام و بیر لەوە دەکردەوە خۆم لە پەنجەرەکەوە فڕێبدەم)).

بێزاری کافکا قوولتر دەبێت و لەم بارەیەوە بۆ ماکسی هاوڕێی بەوەفایی دەنووسێت: ((ماوەیەکی درێژخایەن لەتەنیشت پەنجەرەکەوە راوەستام و خۆم نووساند بە شووشەکەیەوە، لەزۆر ڕووەوە{بۆ خۆفڕێدانم} شیاو بوو. وەك بلێی مانەوە بۆ نووسینم کۆسپی بۆ مردنم چێکردووە)). ئیدی برۆید هەستی دەکرد، ئەگەری ئەوە زۆرە کە کافکا خۆی بکوژێت. بۆ ئەم مەبەستە بڕیاریدا نامەیەك بۆ دایکی بنێرێت، لە کۆتایی ساڵی ١٩١١ نامەیەکی بۆ دایکی نووسی و ئەو نامەیەشی کە کافکا باسی فڕێدانی خۆی لە پەنجەرەکەیانەوە کردبوو پەیوەستی کرد بە نامەکەی خۆیەوە نامەکەی خۆیەوە. لەبەرانبەردا بێ قرەومشە دایکی بە کافکای گوت کە ئیدی نەڕوات بۆ کارگە.

کاریگەری ئەم هەنگاوەی دایکی لەسەر کافکا تارادەیەك پەرجووئاسا بوو. لە بێزاری و بیرکردن لە مردن و خۆفڕێدانەوە رزگاری کرد، وای لە کافکا کرد خۆی تەرخان بکات بۆ نووسینی ئەم رۆمانە درێژە(ئەمریکا) کە ناونیشانە ئەسڵەکەی (ون بوو)ە.

سەبارەت بە وەرگێڕانەکە، بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەی زۆر گەورەوە پشتمان بە دوو دەقی فارسی بەستووە، کە یەکەمیان وەرگێڕانی (حسین ال گه)یە و ئەوی دیکە وەرگێڕانەکەی دکتۆر (بەهرامی مقدادی)یە، کە ئەتوانم بڵێم بە تەواوی لە وەرگێڕانەکەی دکتۆر بەهرامەوە کوردێنراوە و ئەوی دیکەیان تەنیا بۆ پشتراست کردنەوە هەندێ ڕستە بووە کە لە دەقەکەی دکتۆر بەهرامدا تاڕادەیەك ئاڵۆز بوون.

**بە هیوام وەرگێڕانەکە بۆ خوێنەران خۆش خوێن و جێگەی دەست خۆشی بێت، سوپاسی هەر خوێنەرێکی زمانزان دەکەم کە لە هەڵە و کەموکورییەکانی وەرگێڕانەکە ئاگادارم دەکاتەوە، تاکو ئەگەر بۆ جاری دووەم ئەم ڕۆمانە لە چاپ درایەوە لە هەڵەکانی پاك بکرێتەوە .**

سەرچاوەکان/


١. شناخت کافکا/ دکتر بهرام مقدادی
٢. اشنایی با کافکا/ پل استراترن
٣. کافکا روایت گر تراژدی مدرن/ مراد حسین عباسپور

(١)

## تونچی کەشتی

کاتێك کارل راسمان- کوڕێژگەی داماوی شازدەساڵە، کە کچە خزمەتکارەکەیان خەڵەتاندبووی و زگی لێی پڕ ببوو، هەر لەبەر ئەوەش دایك و باوکی ناردبوویان بۆ ئەمریکا- لەسەر تەختەی ئەو کەشتییەی کە بە کاوەخۆ بەرەو بەندەری نیۆیۆرك دەچوو راوەستابوو، لەناکاو تیرێژی خۆر وەك بڵێی پەیکەری ئازادی رووناك کردەوە، بەجۆرێك کە ئەگەرچی کارل پێشتر پەیکەرەکەی بینیبوو، بەڵام ئەمجارەیان پەیکەرەکەی لەناو پرشنگێکی تازەدا بینییەوە. دەتگوت ئەو ئێستا باسکی بە شمشێرەکەیەوە هەڵبڕیبوو، "با"ی بێ لەمپەرەی ئاسمان لەدەوری پەیکەرەکە ئالابوون.

بەخۆی گوت:"چەندە بەرزە!"، ئاپۆرەی ئەو باربەرانەی کە بە تەنیشتیدا تێدەپەڕین و تا دەهات قەرەباڵغتر دەبوو، وردە وردە کارلیان بەرەو لای پەیژەکە پاڵ پێوەنا، کارل هەر بەتەمای دابەزین نەبوو.

ئەو گەنجەی لە ڕێگە ناسیبووی، کاتێ بەلایدا تێدەپەڕی گوتی: "وەك بڵێی زۆر دڵت پێوە نییە دابەزی؟" کارل پێکەنی و گوتی:" نەخێر، وا خەریکم دادەبەزم". چونکە جحێڵ و بەکەیف بوو، جانتاکەی هەڵگرت و خستییە سەرشانی، بەڵام بەدەم سەیرکردنی ئاشناکەیەوە کە بەناو قەرەباڵغیەکەدا ڕادەبووری و گاڵۆکەکەی بادەدا، وەبیری هاتەوە چەترەکەی لە خوارەوە لە کەشتییەکەدا بەجێهێشتووە. یەکسەر داوای لەوگەنجە کرد کە چاکەیەکی لەگەڵ بکا و چەند ساتێك ئاگای لە جانتاکەی بێت. دیارە گەنجەکەش بەنابەدڵییەوە قبووڵی کرد. سەرنجی لە دەوروبەری دا تاکو لە کاتی گەڕانەوەیدا ڕێگەکەی ون نەکات، بەخێرایی کەوتەڕێ. کاتێ لە قادرمەی کەشتییەکەوە دەچووە خوارێ، بە داخەوە سەیری کرد دەرگای ئەو ڕارەوە داخراوە، کە ڕێگاکەی قەدبڕ و کورتتر دەکردەوە. ئەمە یەکەمجار بوو ئەو دەرگایە دابخەن. پێ دەچوو داخستنی دەرگاکە لەبەر دابەزینی زۆری موسافیرەکانی کەشتییەکە بووبێت. کارل ناچار بوو، لەنێو ئەو هەموو قادرمەیەدا، بەزەحمەت ڕێگاکەی بدۆزێتەوە و بەنێو ڕاڕەوە مارپێچییەکاندا تێپەڕێت و بە

ناوەراستی ژوورێکی بەتاڵدا رەدبێت کە مێزێکی نووسینی تێدابوو. بەهۆی ئەوەی پتر لە یەك دووجار بەوێدا تێنەپەڕی بوو، کە ئەم یەك دووجارەش هەمیشە بەناو کۆمەڵێ خەڵکدا تێپەریبوو، دواجار بە تەواوی ڕێگەکەی ون کرد. لەبەرئەوەی هیچ کەسێك لەو ناوەدا نەبوو، جگە لە دەنگی پێی حەشیمەتی گەشتیارانی کەشتییەکە کە دادەبەزین و دواهەمین دەنگی ماتۆڕەکانی کەشتییەکە کە تازە کوژابوونەوە و هەروەکو دەنگی هەناسەیەکی لاواز نووزەیان دەهات، هیچ دەنگێکی دیکە نەدەبیسترا. هەروا بە کاسی و گێژیەوە، نەویستانە چەند جارێك لەو دەرگایەی دا کە بەرێکەوت لەبەردەمیدا قووت ببووەوە.

دەنگێك لە ژوورەوە گوتی: "دەرگاکە دانەخراوە". کارل بەمە خۆشحاڵ بوو، دەرگاکەی کردەووە. کابرا پیاوێکی کەڵەگەت بوو، بێ ئەوەی تەماشای بکات، گوتی: "بۆچی هەروەکو شێت لە دەرگا دەدەیت؟" لە رۆژنەیەکەوە ڕووناکییەکی کز لە پاش تێپەڕبوونی بە بەشی سەرەوەی کەشتییەکدا دەیدا لە ناوەوەی ئەو ژوورە بچکۆلەیە و بەر چەرپا سەفەری و جێگای جل و کورسی و کابرا دەکەوت، کە بەزەحمەت لەوێدا جێگەیان ببووەوە. کارل گوتی: "رێگەم ون کردەوە، کاتێ بەرێوەبووین هەرگیز لام وانەبوو ئەم کەشتییە ئەوەندە گەورە بێت." کابرا کە خەریکی قوفڵی سندوقەکەی بوو، بە هەردوو دەستی گوشاری خستبووە سەر تاکو دەنگی داخستنی ببیستێت، بە غرورێکی تایبەتەوە گوتی: "ئێستا وەرە ژوورەوە و لەوێدا ڕامەوەستە!" کارل گوتی: "وەڕزتا ن ناکەم؟" کابرا وەلامی دایەوە: "چۆن دەتوانی وەڕزم بکەی؟" کارل بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیا بێت پرسی: "تۆ ئەڵمانیت؟" بۆیە ئەم پرسیارەی کرد چونکە هەندێ شتی لەبارەی ئەو مەترسییانەوە بەتایبەتی لەبارەی هەڕەشەی ئێرلەندییەکانەوە بیستبوو، کە لەسەر ئەو کەسانە هەن کە تازە دێنە ئەمریکاوە. کابرا گوتی: "بەڵێ، ئەڵمانیم." کارل هێشتا لە ئەڵمانی بوونی کابرا بەدگومانبوو. پاشان لەناکاو کابرا دەسکی دەرگاکەی گرتو کارلی ڕاکێشایە ژوورەوە، یەکسەر دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست.

لە کاتێکدا دووبارە خەریکی سندوقەکەی بوو، گوتی: " حەزناکەم لە ڕاڕەوەکەوە چاوم تێبڕن، خەڵکی بەردەوام لێرەوە تێدەپەڕن و زەق زەق چاوی تێدەبڕن، ئیدی تاقەتم نەماوە." کارل کە بەزەحمەت لە تەنیشت چەرپاکەوە جێ پێیەکی کردبووەوە لێی ڕاوەستێ، گوتی: "بەلام خۆ ڕاڕەوەکە چۆڵە.) کابرا لە وەلامدا گوتی: "ئێستا، بەڵێ." کارل بیری کردەوە" دەی خۆ ئێمەش باسی ئێستامان دەکرد، بەراستی قسەکردن لەگەڵ ئەم کابرایە زۆر ناخۆشە." کابرا گوتی: " لە سەر چەرپاکە دانیشە، لەوێندەر جێ زۆرە." کارل بەهەرجۆرێك بوو چوار پەلی خۆی خزاندە نێو

چرپاکەوە، جاری یەکەم کە هەوڵیدا بڕواتە ناو چرپاکەوە و نەیتوانی قاقا پێکەنی. بەڵام هێشتا بەتەواوی لە ناو چرپاکەدا ڕانەکشابوو هاواری کرد: " ئەی خودایە جانتاکەم لەبیرچووە."کابرا گوتی: " بۆ لە کوێیە؟" "لەسەر تەختەبانی کەشتییەکەیە، کەسێك ئاگای لێیەتی ناوەکەیم بیر چووەتەوە." پاشان لەو گیرفانەی کە دایکی بە چاکەتەکەیەوە دووریبووی، کارتێکی پێناسی دەرهێنا و گوتی: "باتربام، فرانز باتربام."

"نەتدەتوانی قفلێ لە جانتاکەت بدەیت؟" "بێگومان، نەخێر." "کەوایە بۆچی هێشتت کەسێکی نەناسراو چاویی لێی بێت." "چەترەکەم لێرە بەجێهێشتبوو بۆیە گەڕامەوە، نەمدەویست جانتاکەم لەگەڵ خۆم بهێنم، لەوەش خراپتر ون بووم."تۆ کەست نییە؟ هیچ کەسێکت نییە، ئاگایی لێت بێت؟" "نەخێر، بە تاقی تەنیام." کارل بیرکردەوە" ڕەنگە واباش بێت لەگەڵ ئەم پیاوە ببمە هاوڕێ، ئاخر لە کوێ دەتوانم هاوڕیەکی باشتر لەمە بدۆزمەوە؟" "ئێستا جانتاکەت ون کردەوە؟ چەترەکەشت ئەوە هەر هیچ." کابرا لەسەر کورسییەك دانیشت و وای دەنواند کە دەیەوێت بەراستی یارمەتی کارل بدات.

"بەڵام پێموا نییە جانتاکەم ون بووبێ." کابرا لە کاتێکدا قژەکورتە زبر و ڕەشەکەی بەتوندی دەخوراند، گوتی:" هەر بەوجۆرە بیربکەرەوە کە پێت خۆشە، بەڵام ئەوە بزانە هەرکات خەڵکی دێتە ناو بەندەرێکی تازەوە، ئەخلاقی دەگۆڕێت، ڕەنگە لە هەمبۆرگ، باتربام ئاگای لە جانتاکەت بوایە، بەڵام لێرە پێدەچێت جانتاکەت هەڵگرێ و بڕوات."

کارل لە کاتێکدا کە چاوی بەدوای ڕێگەی چوونەدەرەوەیدا دەگێرا، گوتی: "کەوایە باشتر وایە دەستبەجێ بڕۆم و بزانم چی بووە؟" کابرا دەستی خستەسەر سنگی کارل و پاڵێکی پێوەنا و دووبارە کەوتەوە سەر چرپاکە، ئەوجا گوتی: " لە شوێنی خۆت نەجولێی."

کارل بە توورەیەوە گوتی: "ئاخر بۆ؟" کابرا گوتی: "چونکە بێ سوودە، منیش بەم زووانە لێرە دەڕۆم، کەوایە دەتوانین پێکەوە بڕۆین. یان ئەوەیە جانتاکەتی دزیوە و ئیدی هیچ کارێك ناکرێت، یان ئەوەیە کابرا هەر لەوێ دایناوە و بۆ خۆی ڕۆشتووە. ئەگەر وابێت ئەوکات ئێمە دەتوانین ئاسانتر بیدۆزینەوە، چونکە ئیدی کەشتییەکە چۆڵ بووە. هەروا چەترکەشت دەدۆزینەوە."

کارل بە بەدگومانییەوە پرسی: " تۆ هەموو ڕێگاکانی کەشتییەکە بە باشی شارەزایت؟" لای وابوو ئەو قسەیەی کابرا کە گوتی چونکە کەشتییەکە چۆڵە کەلوپەلەکانی ئاسانتر دەدۆزرێنەوە، ئەگەر لە هەلومەرجی ئاسایدا جێگەی باوەڕبێت، لە هەلومەرجی ئێستادا ڕەمز و نهێنییەکی تێدایە. کابرا گوتی: " ئاخر من تونچیم." کارل بەم قسەیەی کابرا هێند خۆشحاڵ بوو بەجۆرێك

وەك بڵێی قسەکەی چاوەڕوان نەکراوبوو، هاواری کرد: " بەراست، تۆ تونچیت؟" پاشان ئانیشکی لەسەر کورسییەکە دانا و کەمێك سەری بەرز کردەوە، تاکو بتوانێت وردتر تەماشای کابرا بکات. گوتی: "لەو ژوورەی کە تێیدا بووم لەگەڵ چەند کەسێکی سلۆڤاکی[1] دەخەوتم، لە پەنجەرەی ژوورەکەوە دەمتوانی ماتۆڕخانەکە ببینم." تونچییەکە گوتی: "بەڵێ من لەوێندەر کار دەکەم." کارل گوتی: "من هەمیشە شەیدای ئامێرەکان بووم." لە خەیاڵ هەڵێگرت و پاشان گوتی: "لەوەدەچوو ئەگەر ناچار نەبووومایە بێمە ئەمریکا، بەدڵنیاییەوە دەبووم بە ئەندازیار." کابرا گوتی: " بۆ ناچاربوویت ڕوو لە ئەمریکا بکەیت؟" کارل لە کاتێکدا بە ئاماژەی دەستی هەوڵی دەدا خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بدزێتەوە، گوتی: " نازانم ئیتر." پاشان بەدەم تونچییەکەوە خەنی، وەك بڵێی دەیویست داوا لە تونچییەکە بکات، کە ئیدی لەمبارەیەوە پرسیاری لێ نەکات. تونچییەکە گوتی: " پێموانییە لە خۆرا بێت." دیار نەبوو ئاخۆ بەو قسەیەی دەیویست کارل وەقسەی بێنێت یان پاشگەزی بکاتەوە. کارل گوتی: " منیش دەمتوانی ببمە تونچی، هەر بەلایەکم بەسەردا بێت دایك و باوکم گوێیان لێ نییە." تونچی گوتی: " جێگاکەم بەتاڵ دەبێ." جا بۆ ئەوەی نیشانی بدات چەندە شارەزای کارەکەیەتی، دەستی کرد بە گیرفانیدا و قاچەکانی کە لەناو پانتۆڵە فش و چەرمئاساکەیدا بوون، خستییە سەر لێواری چرپاکە تاکو پشوو بدات. کارل ناچاربوو لە دیوارەکە نزیك بێتەوە و بۆ خۆی لەوێندەر کروشمە بکات. کارل گوتی:" دەتەوێت لەم کەشتییەدا واز لە کارەکەت بێهێنی؟" "بەڵێ، ئەمڕۆ کرێکەم وەردەگرم و وازدەهێنم." " بۆچی؟ چما حەزت لەم کارە نییە؟" " بەڵێ، هەروایە، بەلام هەمیشە وازهێنانی کەسێك پەیوەندی بەوەوە نییە، کە مرۆڤ حەز لە کارەکە بکات یان نا. بەلام تۆ ڕاست دەکەیت، من حەزم لەم کارە نییە. پێشم وانییە تۆ بەجدی بتەوێت ببیت بە تونچی. بەلام من بەجدی پێت دەڵێم ئەم کارە مەکە، ئەگەر لە ئەورووپا حەزت کردەوە ببی بە ئەندازیار، بۆچی لێرە بۆ ئەندازیاری ناخوێنی؟ زانکۆکانی ئەمریکا لە ئەورووپا پێشکەوتووترن."

کارل گوتی: " دەکرێت لێرە بخوێنم، بەلام پارەی خوێندنم نییە. لە شوێنێکدا خوێندمەوە کەسێك تا ئەو کاتەی بوو بە دکتۆر بە ڕۆژ کاری دەکرد و بە شەو دەیخوێند، پاشان بووە سەرۆکی شارەوانیش. پێموایە ئەم جۆرە شتانە پشتوانییەکی زۆری دەوێت، وانییە؟ ڕەنگە من پشتیوانم نەبێت. لە هەمان کاتدا من لەو خوێندکارانە نەبووم زۆر خۆم ماندوو بکەم، کاتێ دەستم لە

---

[1] - ڕەگەزی سلۆڤاکی. کە لە بەشی ناوەندی وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیادا نیشتەجێن.

خوێندن هەڵگرت هیچ بەلامەوە گرنگ نەبوو، رەنگە قوتابخانەکانی ئێرە بۆ من قورستر بن. من تەنانەت ناتوانم بە ئینگلیزیش قسە بکەم. بەهەرحاڵ پێموایە خەڵکی ئێرە زۆر کەیفیان بە خەڵکی دەرەکی نایەت." "کەوایە تۆش بەو ئەنجامە گەیشتوویت، وانییە؟ زۆر باشە، خراپ نییە. تۆ هەمان ئەو کەسەیت کە من بە دوایدا دەگەڕێم. بنوارە، ئێستا ئێمە لەناو کەشتییەکی ئەڵمانی داین، کە لە هێڵی هامبورگ- ئەمریکا ئیش دەکات. ئێستا لێت دەپرسم بۆچی هەموو کرێکارەکانی ئەڵمانی نین؟ بۆچی سەرپەرشتیاری ماتۆرخانەکە کەناوی شوبالە خەڵکی ڕۆمایە؟. زەحمەتە باوەڕ بەوە بکەیت، سەگێکی پیسی وەك شوبال لە کەشتییەکی ئەڵمانیدا بێگاری بە ئێمەی ئەڵمانی بکات! وامەزانە-" لەم کاتەدا قسەکانی لە گەروویدا قەتیس ماو ناچاربوو بە جووڵەی دەستەکانی مەبەستەکەی بگەیێنێت-" کە گلەیی و گازندە دەکەم، تەنها لەبەر ئەوەیە داغی دڵم هەڵڕێژم. دەزانم تۆ واستەت نییە و گەنجێکی داماوی. بەڵام ئیدی بە قوڕقوڕاگەم گەیشتووە." کاتێ ئەمەی گوت چەند مستێکی توندی کێشای بەسەرمێزەکەدا. تا ئەو کاتەی کە مستەکۆڵی بادەدا و دەیهێنایە خوارەوە چاوی لەسەر مستی هەڵنەدەگرت.

"من لە زۆر کەشتیدا کارم کردووە" پاشان ناوی بیست کەشتیی بەسەریەکەوە هێنا، ئەوەندە بە پەلە ناوی هێنان، وەك بڵێی ناوی یەك کەشتی دەڵێت، کارل بە ناوهێنانی کەشتییەکان خەریك بوو گێژ بێت-" لەناو هەموو ئەم کەشتییانەدا زۆر بە باشی کارم کردووە و ڕێزم لێگیراوە، لەگەڵ هەر کەشتیوانێکدا کە کارم کردووە لێم ڕازی بووە. بەجۆرێك ناچار دەبووم چەندین ساڵ لە ناو هەمان کەشتی باربەردا کاربکەم."- پاشان لە جێگەی خۆی هەستایەوە، وەك بڵێیت باسی گەورەترین سەرکەوتنی ژیانی کردبێت-" لێرە لەناو ئەم کەشتییە سەقەتەدا، کە هەموو کارەکانی بەپێی یاسا ئەنجام دەدرێن و پێویستی بەوە نییە یەك زەرە مێشکت وەگەڕ بخەیت، بەڵێ لە ناو ئەم کەشتییەدا قەدری من نازانن، چونکە شوبال بە بوونی من لێرە وەڕەزە، من لێرە کەسێکی ژێردەستەم کە دەبێ دەربکرێت و پارەکەشی وەرنەگرێت. تۆ لەمە تێدەگەی؟ من لێی تێناگەم" کارل بە ئارۆزیانەوە[2] گوتی: "قبووڵی مەکە، لەگەڵیان ڕێك مەکەوە!" کارل لەسەر چرپای تونچییەکە وەها هەستی بە ئارامی دەکرد، کە لەبیری چووبووەوە لە ناو کیشوەرێکی نەناسراو ولەسەر کەشتییەکی نەناسراودایە. گوتی: "سەبارەت بەمە هیچت بە کەشتیوانەکە گوتووە؟ داوات لێکردووە حەقی خۆت بداتێ؟" "دەبڕۆ ون بە، لێرە بڕۆ دەرەوە، تۆ ئەسڵەن گوێ بە قسەکانی من

---

٢- ئارۆزیان: حاڵەتێکی دەروونییە لەبەرامبەر هەیەجان دانراوە.

نادەیت و  خەریکی ئامۆژگاریم دەکەی. چۆن دەتوانم بڕۆمە لای کەشتیوان؟" لە بەر ماندوویەتی دانیشت و دەموچاوی خستە نێو دەستەکانی.

کارل بەخۆی گوت: " لەمە باشتر ناتوانم ڕێنمایی بکەم." پاشان ئەو بیرەی بە مێشکدا هات، لە جیاتی ئەوەی ڕێنمای بکات و گاڵتەی پێبکات، باشتروایە بڕوات جانتاکەی بدۆزێتەوە. بەبیری هاتەوە کاتیَ باوکی ئەم جانتایەی پێدابوو، بە گاڵتەوە پێی گوتبوو: " دەتوانی تا کەی بیپارێزی؟" ئەمێستا ئەو جانتایەی کە بەدرێژای گەشتەکەی پێیبوو، ڕەنگە هەر لەخۆڕا ونی نەکردبێت. تاقە دڵنەوایەك کە دەیتوانی بە خۆی بداتەوە، ئەوە بوو کە باوکی ئێستا ئاگای لێی نییە، ئەگەر بشیویستایە ئاگادار بێت، دووبارە بۆی نەدەلوا. تەنها شتێك کە بنکەی کەشتیوانی دەیتوانی بەماڵەوەیان ڕابگەێنیَ، ئەوەبوو بە سەلامەتی گەشتووەتە نیۆیۆرك. بەڵام کارل لەوە بەداخ بوو تەنانەت نەیتوانی بوو لە کەلوپەلی ناو جانتاکەی سوود وەرگرێت. بۆ نموونە دەبوو ماوەیەك لەمەوبەر کراسەکەی بگۆڕێت. وادەردەکەوت هەرلەم سەرەتایەوە گیرفانی بەتاڵە و لێی قەوماوە، ئێستا کە پێویست بوو بە جلوبەرگی پاکوخاوێنەوە بکەوێتە بەرچاوان، ناچاربوو هەر ئەو کراسە پیسەی لەبەردا بیَ. ئەگینا ونبوونی جانتاکەی ئەوەندە گرنگ نەبوو، چونکە ئەو چاکەت و پانتۆڵەی لەبەریدابوو لە هی ناو جانتاکە باشتر بوو. ڕێك بەر لە هاتنەکەی، دایکی بە پەلەپڕووز ئەو چاکەتوپانتۆڵەی خستبووە ناو جانتاکەوە، تاکو لە تەنگانەدا لەبەری بکات. پاشان وەبیری هاتەوە لە جانتاکەیدا پارچەیەك کاڵباسی ڤیرۆنیسی[٣] تێدایە، کە دایکی وەك خواردنێکی بەتام و چێژ لە شتێکییەوە پێچابوو، بەڵام کارل تەنها پاروویەکی لێخواردبوو، چونکە بەدرێژایی سەفەرەکەی ئیشتیای نەبوو، تەنانەت ئەو سووپەی کە بە بەشی پلە سێی گەشتیارانیان دەدا هێشتا لێی زیادبوو. بەڵام لە ئێستادا حەزی دەکرد ئەو کاڵباسەی لەبەردەستدابووایە، تاکو پێشکەشی تونچییەکەی بکات، چونکە بە دیارییەکی بچووکی لەم جۆرە، دیتوانی دڵی ئەم جۆرە کەسانە بەدەست بهێنێت و بکەوێتە بەر دڵیان. کارل ئەمە لە باوکییەوە فێرببوو. چونکە باوکی جگەرەی بەرگی دەکرد بە گیرفانی کارمەندەکانی ژێر دەستیدا و لەم ڕێگەیەوە خۆی لە لایان خۆشەویست کردبوو، ئێستا تەنها شتێك کە کارل هەیبوو دەیتوانی پێشکەشی تونچییەکەی بکات، تەنها پارەکەی بوو، بەڵام نەیدەویست دەست لە پارەکەی بدات، چونکە ئەگەر جانتاکەی ون بێت، بەدڵنیایەوە زیاتر پێویستی بە پارە دەبێت. دووبارە بیری لە ون بوونی جانتاکەی کردەووە،

---

٣- Veronese: جۆرە خواردنێکی ئەوروپییە.

نەیدەتوانی سەرلەوە دەربکات، کەچۆن دەکرێ ئاوا بە سووك و سانای جانتاکـەی لەدەسـت بـدات، کە بە درێژای سەفەرەکەی بەردەوام ئاگای لێی بووە و تەنانەت لەبەر ئەم جانتایەی خـەو ندەچـووە چاوی. وەبیری هاتەوە کە چۆن پێنج شەو بە چاوی گوماناوییەوە لەو بۆرە پیـاوە چیکوسـلۆڤاکییەی دەڕوانی، کە لە دوو چەرپا لەولاترەوە لەدەستی چەپیدا دەخەوت. کارل لەوە دڵنیابوو کـە کـابرا بـۆ دزینی جانتاکەی پلانی داڕشتووە. کابرای سلۆڤاکی تەنها چاوەڕێی ئەوەبوو کارل خەوی لێبکەوێت، تاکو بەو دارەدرێژ و نوك تیژەی کە بە رۆژ هەمیشە یاری و ڕاهێنانی پێدەکرد جانتاکە لەژێردەستی دەربهێنێت. بەرۆژدا وەك مرۆڤێکی پاك دەردەکەوت، بەڵام هەرکە شـەو دادەهـات لـە چـرپاکەی هەڵدەستایەوە و بە چاوی حەسرەتبارەوە تەماشای جانتاکەی کارلی دەکرد. کارل بـەڕوونی هەسـتی بەوە کردبوو کە مرغـی لەجانتاکـەی خـۆش کـردووە. چـونکە لەگـەڵ ئـەوەی بـەپێی ڕێسـاکانی کەشـتییەکە هـەڵکردنی مـۆم لـە شـەودا یاسـاغ بـوو هەرچـەندە کـاتێ گەشـتیارێك مـۆمێکی دادەگیرساند، بەترس و لەرزەوە تەماشای ڕێنمایە ناڕوونەکەی بنکـەی پەسـەندکردنی گەشـتیارانی دەکرد. بەڵام ئەگەر گەشتیارێك لەنزیك کارلەوە مـۆمێکی داگیرسـاندایە، دەرفـەتی بـۆ دەرەخسـا کەمێك وەنەوز بدات، بەڵام ئەگەر مۆمەکە دوور لەوەوە دابگیرسـایە و دەوروبـەری کـارل تاریـك بووایە،، ناچار دەبوو بە بێداری بمێنێتەوە. ئێستا لەوە تێدەگەیشت کە ئەو هـەموو زەحمەتـەی بـێ سوود بووە. ئاخ، باتریام، ئەگەر دووبارە دەستی پێڕادەگەیشت!

لەو ساتەدا لە مەودایەکی دوورەوە بە هۆی تەقەتەقێکەوە کە لە دەنگی پێـی منـداڵ دەچـوو بێدەنگییەکەی شکاند، تەقەی پێیەکان نزیکتر بووە، دەنگەکەی باشتر دەبیسترا، بەڕادەیەك دەنگی پێی ئەو کەسانە دەبیسترا کە بە ئارامی و بەشێوەی سەربازی بەرێدا دەچوون، لەبەر ئەوەی ڕێگەکە تەسك بوو بە شێوەیەکی ستوونی بەرێدا دەچوون. دەنگی بەیەکدادانی شتانێکی وەك چەك بە گـوێ دەگەیشت. کارل کە کەمێکی مابوو خەوی لێبکەوێت و لەو دەمەدا نیگەرانییەکانی سـەبارەت بـە جانتا و پیاوە سلۆڤاکییەکە لەبیرچووبووەوە، بە دەنگی پێی کەسەکان هەستایەوە و سـیخورمەیەکی لە تونچییەکەوە دا کرد تاکو سەرنجی بۆ لایان ڕابکێشێ، چونکە وەك بڵێی کەسی یەکەمی ڕیزەکـە گەیشتبووە لای دەرگاکە. تونچی گوتی: " ئەوە گرووپی موزیکن، لە سەرەوە مۆسیقایان ژەنیـوە و ئێستا گەڕاونەتەوە کەلوپەلەکانیان ببەن. ئێستا هەموو شتێك لەبارە و ئێمە دەتـوانین بـڕۆین، وەرە بچین!" دەستی کارلی گرت و لە دواهەمین ساتدا وێنەیەکی لە چوارچێوەگیراوی حەزرەتی مریـەمی

لەسەر دیواری تەنیشت چرپاکە هەڵگرت و خستییە ناو گیرفانی، جانتاکەی هەڵگرت و بەپەلە لەگەڵ کارلدا لە کۆرەوڵەکە[٤] وەدەرکەوتن.

تونچییەکە گوتی:" ئێستا سەرێك لە نووسینگەی کەشتی دەدەم و بۆچوونی خۆمیان پێ دەڵێم. هەموو گەشتیارەکان چوون، ئیدی بۆ من گرنگ نییە چۆن ڕەفتار دەکەم" تونچییەکە هەر جارەی بەجۆرێك ئەم قسەیەی دووبارە کردەوە، هەروا بەدەم ڕۆشتنەوە شەقێکی لە مشکێك دا کە لەسەر ڕێگەکەیانەوە ڕەد دەبوو، ئەو نووکە شەقە وای لە مشکەکە کرد، بەخێرایەکی توندتر بەرەو لای کونەکەی هەڵبێت و لە کاتی خۆیدا بگاتە جێ. تونچی بەکاوەخۆ بەرێگادا دەڕۆشت، چونکە هەرچەندە لاقەکانی درێژ بوون، بەڵام لەبەر قەڵەوییان خاو بوون.

بە تەنیشت چێشتخانەکەدا ڕەدبوون، کە لەناو چێشتخانەکەدا کۆمەڵە کچێك بە بەروانکەی سپی پیسەوە- کە بە ئەنقەست پیسیان کردبوو- لە تەشتێکی گەورەدا قاپ و قاچاخیان دەشۆرد. تونچی سڵاوی لە کچێکیان کرد، کەناوی لینا بوو، دەستی بەدەوری کەمەریدا هێنا، لەبەرئەوەی بە نازو عیشوەوە خۆی لە تونچی دووردەخستەوە، چەند هەنگاوێك بەمشێوەیە لینای لەگەڵ خۆی وەپێش خست. گوتی: "ئەمڕۆ مووچە دەدەن، ناتەوێت بێیت؟" کچە گوتی: " بۆچی زەحمەت بکێشم، تۆ دەتوانی پارەکەم بۆ وەربگری و بۆم بهێنی." لەگەڵ ئەم قسانەدا خۆی رادەپسکاند و هەوڵی دەدا خۆی لە دەستی تونچی رزگار بکات، تونچی وەڕێکەوت. لینا بەدوایاندا هاواری کرد: " ئەو کوڕە جوانەت لە کوێ دۆزیوەتەوە؟" بەڵام چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد. دەنگی پێکەنینی کچەکان کە دەستیان لە کار هەڵگرتبوو دەبیسترا.

کارل و تونچی بەڕێکەوتن، گەیشتنە بەردەم دەرگایەك کە لەسەریەوە ستوونێکی بچکۆلەی پێدا هەڵواسرابوو، ستنووکە چەند پەیکەرێکی ئاڵتوونی ژنگەلێکی لەسەر هەڵکۆڵرابوو. ئەم هەموو باقوبریقە بۆ کەشتییەك زۆر بوو. کارل لەوە تێگەیشت تاکو ئێستا پێی نەخستووەتە ئەم بەشەی کەشتییەکەوە، پێدەچوو ئەم بەشە تایبەت بێت بە گەشتیارانی پلە یەك و دوو. بەڵام ئەو دەرگایانەی کە ئەم بەشەی کەشتییەکەی لە بەشەکانی دیکە جیا دەکردەوە، ئێستا کرابوونەوە تاکو کەشتییەکە بشۆن و پاکی بکەنەوە. لەم کاتەدا گەیشتنە چەند پیاوێك کە گسکیان لەسەر شان بوو، پیاوەکان سڵاویان لە تونچی کرد، کارل بەبینیی دەرگای گەورەی ئەم بەشەی کەشتییەکە

---

٤- کۆرەوڵ: وشەیەکی زاری هەورامییە، بە شوێنێکی بێکەڵك دەوترێ کە بە ناچارییەوە مرۆ لەناویدا بژی.

سەرسام بوو، بەهۆی ئەوەی بە بلیتی پلە سێ گەشتی کردبوو، شتێکی وەهای لە کەشتییەکە نەدیبوو. لە ڕاڕەوەکاندا وایەری کارەبا ڕاکێشرابوو، هەرتاو نا تاوێك زەنگێکی چکۆلە لێدەدرا.

تونچی بە ئەدەبەوە لە دەرگایەکی دا، کاتێ کەسێك لە ژوورەوە گوتی: "وەرە ژوورەوە!"، بەئاماژەی دەستی کارلی ناچارکرد ئازایانە وەژوور کەوێت. کارل چووە ژوورەوە، بەڵام لەلای دەرگاکەوە ڕاوەستا و لەوە زیاتر نەچووە پێشەوە. سێ پەنجەرەی ژوورەکە دەریایان وەك وێنەیەك لە چوارچێوە گرتبووەوە کاتێ کارل تەماشای جووڵەی شەپۆلەکانی دەکرد، دڵی وەك فڕەی باڵی چۆلەکە کەوتە لێدان. وەك بڵێی لە ماوەی ئەم پێنج ڕۆژەدا هەرگیز تەماشای دەریای نەکرد بێ. کۆمەڵێك کەشتیی زەبەلاح لە هەموو لایەکی کەشتییەکەوە لە هاتوچۆدا بوون، بەجۆرێك کە کێشی قورسیان ڕێگەی دەدان خۆیان بدەن بە دەم هێرشی شەپۆلەکانی دەریاوە. ئەگەر کەسێك نیوەی چاوی دابخستایە، وا دەهاتە پێش چاوی ئەم کەشتیانە سەرەڕای قورسییەکەیان بە لارەلار بەڕێدا دەچن. ئاڵا کورتەکانیان بە ستوونی کەشتییەکانەوە بەهێواشی دەشەکانەوە، ئەگەرچی ئاڵاکان بەهۆی خێرایی کەشتییەکانەوە بەتوندی و ڕەپوراست ڕاکێشرابوون، بەڵام بەهێواشی دەشەکانەوە. دەنگی تەقینی چەند تۆپێك لە چەند کەشتییەکی جەنگییەوە بەرزبووەوە، کە ڕەنگە بۆ ڕێزدانان بوو بێت. کەشتییەکی جەنگیش بە نزیك کەشتییەکەوە تێپەڕی. دەمی لوولەی تۆپەکانی ئەو کەشتییە کە تیشکی خۆر لە ئاسنەکانی دەدان دەدرەوشانەوە. جوڵەی دڵنیاو لەسەرخۆی کەشتییەکان، تۆپەکانی سەر ڕووکاری کەشتییەکانی کە زۆر هەموار نەبوو وەك بێشکە دەجووڵاند. لەدەرگاکەوە تەنها دیمەنی بەلەم و کەشتیی بچکۆلە دیاربوو کە دەستە دەستە لە نێوان کەشتییە گەورەکاندا قەرەباڵغیان دروست دەکرد. لە پشت ئەم دیمەنەوە شاری نیۆیۆرك بە باڵەخانە یەکجار بەرزەکانییەوە، وەك بڵێی بە هەزاران چاو سەرنجی خستبووە سەر کارل. بەڵێ، لەم ژوورەدا مرۆ تێدەگەشت لە کوێدایە!

سێ پیاو بە دەوری مێزێکی خڕدا دانیشتبوون، یەکێکیان بەرپرسی کەشتییەکە بوو، کە پۆشاکی فەرمی شینی لەبەردابوو، دووانەکەی دیکەیان فەرمانبەری بەندەربوون و پۆشاکی فەرمی ڕەشی ئەمریکیان لەبەردابوو. لەسەر مێزەکە کۆمەڵێك کاغەزی جۆراوجۆر دانرابوون. بەرپرسی کەشتییەکە کە قەڵەمێکی بەدەستەوە بوو، یەکەمجار سەیرێکی کاغەزەکانی کردوو، پاشان دای بەدەست دوو پیاوەکەی دیکەوە، ئەوانیش کاغەزەکانیان خوێندەوە و بەشێك لە کاغەزەکانیان خستییە ناو جانتاکانیانەوە. کاتێ هەرسێکیان خەریکی ڕێکخستنی نووسراوەکان بوون، یەکێکیان بۆ هاوکارەکانی دیکەی دەخوێندەوە و لە کاتی خوێندنەوەیدا دانەچیرەی دەکرد.

پیاوێکی گچکە لەتەنیشت یەکەمین پەنجەرەوە و لەپشت مێزێکەوە کە پشتی لە دەرگاکە بوو دانیشتبوو، کابرا مژوولی کۆمەڵێك دەفتەری گەورە گەورەی ژمێریاری ناو کتێبخانەیەکی گەورەبوو، کە هاوئاستی سەری بوو. لەتەنیشتییەوە سندوقێکی ئەستوور دەبینرا، کە بەلای کەمیەوە هەرکە چاوت پێی دەکەوت، دیاربوو بەتاڵە.

لەبەردەم پەنجەرەی دووەمدا کەسی لێ نەبوو و لەوێوە دەکرا بە جوانی دەرەوە ببینی، بەڵام لە نزیك پەنجەرەی سێیەمەوە دوو پیاو راوەستابوون و لەسەرخۆ خەریکی قسەکردن بوون، یەکێکیان پاڵی دابوو بە پەنجەرەکەوە کە پۆشاکی هێزی دەریایی لەبەردابوو، یاری بە کەلانی شمشێرەکەی دەکرد، ئەوی دیکەیان کە قسەی لەگەڵ دەکرد و لەبەرامبەر پەنجەرەکەوە راوەستابوو، تاو نا تاوێك جووڵەیەکی دەکرد و بەهۆی جووڵانەکەیەوە بەشێك لە میدالی سەرسنگی کابرای بەرامبەری دەردەکەوت. ئەو کابرایەیان کە ڕوو لە پەنجەرەکەبوو جلی مەدەنی لەبەردابوو، گالۆکێکی حەیزەرانی بەدەستەوە بوو، کاتێ دەستی لەسەر کەمەری دادەنا، گالۆکەکە وەك شمشێر دەهاتە پێش چاو.

کارل دەرفەتی زۆری نەبوو کە بەوردی هەموو ئەم دیمانانە ببینێت، چونکە لەناکاو خزمەتکارێك بەرەو لایان هات و لە تونچییەکەی پرسی چ کارێکی هەیە؟ بەچاویدا دیار بوو دەیەوێت بڵێت تونچی لەخۆڕا هاتووەتە ئەم ژوورەوە. تونچی بەنەرمی وەڵامی دایەوە، دەیەوێت لەگەڵ بەڕێوەبەری ژمێریاریدا قسە بکات. خزمەتکارەکە بە ئاماژەی دەست تونچیەکەی تێگەیاند کە ئەم کارە ناکرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا وەڕێ کەوت و لە ڕێگەکەی خۆی لایدا تاکو بە تەنیشت مێزە خڕەکەدا تێنەپەڕێ و بەپەلە بەرەو لای ئەو کابرایەچوو، کە مژولی دەفتەری ژمێریاری بوو. بەڕێوەبەری ژمێریاری- کە بە بیستنی قسەکانی خزمەتکارەکە خۆی ڕەق و تەق کرد- سەرئەنجام ڕووی بەرەو لای تونچییەکە وەرگێڕاو بە تووڕەیی بە دەستی ئاماژەی بۆ کرد کە لەبەر چاوی ون بێت. لەهەمان کاتدا خزمەتکارەکەشی سەرکۆنە کرد، تاکو لەوە دڵنیا بێت قسەکانی کاریگەری بەسەر تونچییەوە جێدەهێڵن. خزمەتگوزارەکە بەرەو لای تونچییەکە هات و بە دەنگێکی باوەڕ بەخۆبوونەوە گوتی: " هەر ئێستا بڕۆوە دەرەوە!"

تونچییەکە پاش بیستنی ئەم وەڵامە، تەماشایی کارلی کرد، وەك بڵێی کارل دڵییەتی و ئەو بەئارامی خەمی دەڕشتە دڵییەوە. کارل بێ ئەوەی بیربکاتەوە، خۆی گەیاندە ئەوسەری ژوورەکە و لەکاتی تێپەڕینیدا کێشای بە یەکێك لە کورسی فەرمانبەرانی کەشتییەکەدا. خزمەتکارەکە کە وەك بڵێی خەریکە حەشەرەیەك دەگرێت، وەدووی کەوت، بەڵام کارل دەستبەجێ خۆی گەیاندە

مێزی بەڕێوەبەری ژمێریاری و بەتوندی دەستی بەمێزەکەیەوە گرت، بۆ ئەوەی خزمەتکارەکە نەتوانێت بیکاتە دەرەوە.

لەناکاو سەرانسەری ژوورەکە ئارۆزیا. بەرپرسی کەشتییەکە کە لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو، لە شوێنی خۆی دەرپەڕی، فەرمانبەرەکانی بەندەر بەئارامی بەڵام بە سەرنجدانێکی تایبەت، چاودێری بارودۆخەکەیان دەکرد، ئەو دوو پیاوەی کە لە تەنیشت پەنجەرەکەوە بوون لێکدی چوونە پێشی، خزمەتکارەکە کە هەستی دەکرد دەبێ بەڕیوەبەرەکانی بڕیاربدەن و پێویست ناکات ئەو خۆی لەم کارە هەڵقورتێنێت، خۆی کێشایە دواوە. تونچی بەتووڕەییەوە جارێ لە نزیک دەرگاکەوە خۆی خڵافاندبوو، تاکو بزانێت چ کاتێ پێویست دەکات خۆی هەڵقورتێنێت. دواجار بەڕێوەبەری ژمێریاری بەلای راستدا سورێکی تەواوی بە کورسیەکەی دا.

کارل لە گیرفانە شاراوەکەیدا، کە ئێستا بۆی گرنگ نەبوو کەسانی دیکە بزانن لە کوێدایە، پاسپۆرتەکەی دەرهێنا، لە جیاتی هەر جۆرە پێناس و ناسنامەیەك کردییەوە و لەسەر مێزەکە داینا. بەڵام وەك بڵێی ئەم کارەی کارل لە ڕوانگەی بەڕێوەبەری ژمێریارییەوە بێ سوودبوو، چونکە بەدوو پەنجەی پاسپۆرتەکەی خستەلاوە، کارل دووبارە پاسپۆرتەکەی هەڵگرتەوە و خستییەوە گیرفانی، وەك بڵێی ڕێوشوێنی خۆناسینەکەی بە ڕەزامەندییەوە کۆتایی هاتووە.

کارل بەم قسەیە دەستی پێکرد: "دەکرێ ڕێگەم بدەن پێتان بڵێم، ئەمن لاموایە هاوڕێکەم تونچی، بێ ڕێزی پێ کراوە. کابرایەك بەناوی شوبال لەناو ئەم کەشتییەدا ئەزیەتی دەدا. تونچی پێشینەیەکی دووروودرێژی لە کارکردن لە زۆر کەشتییدا هەیە و هەمووان کارەکەی ئەویان بەدڵ بووە. دەتوانێ پێتان بڵێت لە چەندین کەشتییدا خزمەتی کردووە و کەسێکی زۆر جدییە و حەزی لە کارەکەیەتی، من تێناگەم بۆ دەبێ لەناو ئەم کەشتییەدا کە لە چاو کەشتییە باربەرەکاندا کارکردن تێیدا زۆر قورس نییە، ئەوەندە کەم بایەخی پێبدرێ؟ تەنها بوختانێکی رووتە و هیچی دیکە کە ناهێڵێت پێشبکەوێت و بەوجۆرەی کە هەیە بناسرێت. هەر بەو جۆرەی کە دەبینن من خەریکم بە شێوەیەکی گشتی باس لە بارودۆخی هاوڕێکەم دەکەم، ئەو دەتوانێت بەشێوەیەکی تێروتەسەلتر گلەیەکانی بە ئێوە بڵێت.) کارل لە کاتی قسەکردنیدا ڕووی دەمی لە هەموو ئەو کەسانە بوو کە لەوێدا ئامادە بوون. چونکە لە راستیدا هەموویان گوێیان لە قسەکانی دەگرت، زۆریش ڕێی تێدەچوو لە ناو ئەم کەسانەدا بەلانی کەمەوە کەسێکی تێدا بێت کە دادپەروەرتر بێ لە بەڕێوەبەری ژمێریاری. کارل لەناو قسەکانیدا دووڕویانە ئەوەی نەگوتبوو کە ئاشنایەتی لەگەڵ تونچیدا ئەوەندە نابێت، بەڵام ئەگەر ڕوخساری سوورهەڵگەراوی کابرای گاڵۆك بەدەست کە ئێستا

لە بەرامبەری چەمابووەوە، بیری پـەرش و بڵاو نەکردایـە، ڕەنگـە بیتوانیایـە گوتارەکـەی باشـتر بدات.

تونچی بەرلەوەی کەس پرسیاری لێبکـات، یـاخود تەماشـای بکـا گـوتی: "هەرچـی گـوت هەمووی ڕاستە ." ئەگەر ئەو پیـاوەی کـە میداڵییەکـەی بـە سـنگەوەبوو-ئێسـتا کـارل وابـیری دەکردەوە ئەم کەسە جگە لە کەشتیوان کەسی دیکە نییە- بڕیاری نەدایە، لە داواکەی بکۆڵێتـەوە، تامەزرۆی لە ڕادەبەدەری تونچی پێدەچـوو ئـەنجامێکی خراپـی لێبکەوێتـەوە. بـە هـۆی ئـەوەی کەشتیوانەکە دەستی بەشێوەیەکی پتەو وەك پتەوی بەرد بەرەو لای تونچییەکە درێژ کـرد و گـوتی: " وەرە ئێرە." کارل بێخەم بوو. ئێستا ئیدی هەموو شتێك بە ڕەفتـاری تونچـییەوە بەسـترابووەوە، کارل لەوە دڵنیابوو کە تونچی هەقیەتی.

لەم کاتەدا خۆشبەختانە دەرکەوت تونچی پیـاوێکی دونیادیدەیـە. لـە یەکـەمین هەوڵیـدا بـە ئارامییەکی لەڕادەبەدەر لەناو سـندوقە چـکۆلەکەیدا بەسـتەیەك کاغـەز و دەفتـەرێکی یاداشـتی دەرهێنا، پاشان بەجۆرێك بەرەو لای کەشتیوانەکە چوو، وەك بڵێی ئەم کـارەی بەتـەواوی ئاسـایی بێ، بێ گرنگدان بە بەڕێوەبەری ژمێریاری بەڵگەیەکی لەسەر تاقی تەنیشت پەنجەرەکە دانـا. ئیـدی بەڕێوەبەری ژمێریاری جگە لەوەی نزیك بێتەوە، کارێکی دیکەی لە دەست نەدەهات. هاتە پێشەوە و گوتی:"ئەم کابرایە بۆڵەبۆڵکەرێکی ناسراوە، زۆربەی کات لە جیـاتی ئـەوەی لـە ماتۆرخانەکـەدا خەریکی کارکردن بێت، کاتـەکانی لـە ژووری ژمێریاریـدا بەسـەردەبات. شـوبالی کـە کەسـێکی بێدەنگە بەکردەوە بێچارەی کردووە. گوێم لێبگرن!" لەم کاتەدا ڕووی لە تونچییەکە کـرد و گـوتی: (تۆ کەسێکی زۆر مکوڕی و ئەتەوێت زیرەکی بکەیت. تا ئێستا چەندین جار بە شـەق لێـرە تۆیـان کردووەتە دەرەوە، کە هەڵبەت سووچی خۆت بووە، چونکە بێشەرمانە داوای جۆرە شتێکت کـردووە کە حەقی تۆ نەبووە! تا ئێستا چەند جار لـە ژمێریارییـەوە بـۆ نووسـینگەی ژمێریـاری چـوویت و گەڕاویتەوە؟ تا ئێستا چەند جار بۆت ڕوون کراوەتەوە کە شوبال بەڕێوەبەرتـە و ئەگـەر کێشـەیەکت هەبوو سەر لەو بدە نەك کەسێکی دیکە؟ کەچی ئێستا بەوپەڕی بێشەرمییەوە هاتوویتە ئێـرە و لـە بەردەم کەشتیواندا بە ڕەفتارە بێشەرمانەکانت نارەحەتی دەکەیت، وەك بڵێـی هـاتنی خـۆت بـەس نەبوو، یەکێکی دیکەشت وەك گوتاربێژ لەگەڵ خـۆت هێنـاوە، تـاکو ئـەو قسـە بێماناکانـەی کـە خستووتە مێشکییەوە دەریانبڕێت. ئەویش کوڕێژگەیەك کە تا ئێسـتا مـن لـەناو ئـەم کەشـتییەدا نەمبینیوە.!"

کارل بە زەحمەت دانی بەخۆیدا گرت کە بە کـابرادا هەڵنەشـاخێت.بەڵام کەشـتیوانەکە بـەم جۆرە قسەی سەبارەت بەم مەسەلەیە کرد: " لێیگەڕێ خۆی بڵێت دەردی چییە؟ شوبال بەم دوایانـە پێی لە بەرەکەی خۆی زیاتر ڕادەکێشی ، بەڵام ئەم کارانەی ئەوە ناگەیێنن تۆ لەسەر حـەق بیـت." کەشتیوانەکە لە دواهەمین قسەیدا رووی دەمی لـە تونچـییەکە بـوو، ئاسـایی بـوو کەشـتیوانەکە نەدەبوو یەکسەر لایەنگری لە تونچی بکـات، بـەڵام وەك بڵێـی هـەموو شـتێك بەباشـی دەچـووە پێشەوە. تونچی دەستی کرد بە خستنەرووی سکاڵاکەی، بە جۆرێك کە لـە سـەرەتای قسـەکانیەوە شوبالی بـە (بـەڕێز شـویال) نـاو دەبـرد، کـارل کـە لـە تەنیشـت مێـزە بەتاڵەکـەی بەڕێوەبـەری ژمێریارییەوە راوەستابوو، ئەوەندە خۆشحاڵ بوو بەردەوام پەنجـەی لەسـەر تـەرازووە تایبەتییەکـەی نامەکێشان دادەگرت" بەڕێز شوبال سەختگیری دەکرد! بەڕێز شوبال بیانییـەکانی بەباشـتر دەزانـی! بەڕێز شوبال فەرمانی بە تونچی دەکرد لە ماتۆرخانەکە بچمە دەرەوە و سەرئاوەکان پـاك بکاتـەوە، کە هەڵبەت بەهیچ جۆرێك ئەمە ئەرکی تونچی نەبوو!" لە قسەکانیدا تەنانەت گومانیشـی خسـتە سەر لێزانی و کارامەیی شوبال، چونکە گوتی لە کارەکانیدا وا خۆی دەنوێنێ کە شارەزایە. کارل لە کاتی قسەکردنیدا سەرنجی لە کەشتیوان دەدا و بـەڕێزەوە تەماشـای دەکـرد -بـەجۆرێك وەك بڵێـی هاوکاری یەکدی بوون- بەم کارەی دەیویست دەربڕینە نەشیاوەکانی تونچی کاریگەری خراپ بەسـەر کەشتیوانەوە بەجێ نەهێڵن. هەرچەندە کەشتیوانەکە زۆر لە قسە هەڵیتوپەڵیتەکانی کابرای تونچـی تێنەدەگەیشت، بەڵام هێشتا بە وردی گوێی لە قسەکانی دەگرت، لـە چاویشـیەوە دیـاربوو بڕیـاری داوە ئەمجارەیان تا کۆتایی گوێ لە قسەکانی بگرێت. ئەو کەسانەی کە لەوێ بـوون وردە وردە وەڕەز و بێ تاقەت ببوون دەنگی تونچی ئیدی بەو بەهێزییەی پێشوو باڵی بەسەر ژوورەکـەدا نەکێشـابوو، ئەمەش نیشانەیەکی خراپ بوو. ئەو پیاوەی کە جلی مەدەنی لەبـەردا بـوو، بـە کێشـانی گاڵۆکـە حەیزەرانەکەی بەسەر زەویەکەدا -ئەگەرچی ئەوەندەش دەنگی بەرزنەبوو- یەکـەمین کـەس بـوو بـێ ئۆقرەیی خۆی نیشان دەدا. ئـەوانی دیکـەش تـاو نـا تاوێـك سـەریان هەڵـدەبڕی، بـەڵام هـەردوو فەرمانبەری بەندەر کە دیاربوو کاتی پێویستیان نەبوو، دیسانەوە کاغەزەکانیان گـرت بەدەسـتەوە، هەرچەندە بیریـان کـەمێك پـەرش و بڵاو بـوو بـەڵام کاغـەزەکانیان تـاوتوێ دەکـرد. بەرپرسـی کەشتییەکە گەڕایەوە لای مێزەکە، بەڕێوەبەری ژمێریاری کە ئێستا پێیوابوو سەرکەوتووە، ئاهێکی گاڵتەجارانەی هەڵکێشا. خزمەتکارەکە بە پێچەوانەی ئەوانی دیکەوە کە گرنگیـان بـە مەسـەلەکە نەدەدا، بەباشی گوێی ڕاگرتبوو، تا ڕادەیەك هاوخەمی لەگەڵ ئەو کابرایەی دەکرد کە لـە بـەردەمی گەورە پیاواندا راوەستابوو، سەری بۆ کارل دەلەقاند و دەتگوت دەیەوێت شتێك بڵێت.

لە هەمان کاتدا لەوبەری پەنجەرەکانی بەندەرەوە ژیان بەردەوام بوو، کەشتییەکی تەخت کە باری کەشتییەکە کێوێك بوو لە بەرمیل، وەها بار کرا بوو کە هیچکامیان ڕێی تێنەدەچوو بکەونە خوارەوە بەتەنیشتیاندا تێپەڕی و بەنزیك بوونەوەکەی ڕۆژی ڕووناکی تاریك داهێنا. بەلەمە مەکینەییە بچوکەکان بە خێرایی بەلایاندا تێدەپەڕین، ئەگەر کارل کاتی هەبووایە حەزی دەکرد بە وردی تەماشایان بکات، ئەم بەلەمانە بە پەیڕەوی لە بچووکترین جووڵەی ئەو پیاوانەی کە لە پشت سووکانەکانەوە ڕاوەستابوون بە خێرایی تێدەپەڕین.

لە هەموو لایەکەوە شتی سەیر و سەمەرە بەسەر شەپۆلەکانی ئاوەکەوە دەبینران، دەمودەست دەچوونەوە ناو ئاوەکە لە پێش چاوە سەرسامەکانی کارلەوە بزر دەبوون. مەلەوانەکان لە کاتێکدا کە ئارەقەیان دەڕشت، ئەو بەلەمانەی کە پەیوەستبوون بە کەشتییەکانی ئۆقیانووسەوە بە سەوڵ بەرەو پێشەوەیان دەبردن. ئەم بەلەمانە پڕبوون لەو گەشتیارانەی کە بە بێدەنگی دانیشتبوون و چاوەڕێیان دەکرد، هەر دەتگوت بە پاڵەپەستۆ لەوێیان ترنجاندوون، تەنیا هەندێکیان نەیاندەتوانی ئاوڕ بدەنەوە، تاکو تەماشای ئەو دیمەنە بکەن وا گۆڕانی بەسەردا دەهات. شەپۆلێکی بێکۆتایی، بێ ئۆقرەییەك لە گەوهەری نائارامی جیهانەوە رووی دەکردە مرۆڤە داماوەکان و کاروبارەکانیان.

بەلام هەموو شتێك پێویستی بە خێرای و ڕوونی و ڕاشکاوی هەبوو، تونچی خەریکی چی بوو؟ بەدڵنیاییەوە ئەوەندە قسەی کردبوو، کە ئارەق لە ڕوخساری دەچۆڕا و دەستەکانی وا کەوتبوونە لەرزین، کە ئیدی ئەو کاغەزانەی پێ هەڵنەدەگیرانەوە کە لەسەر پەنجەرەکە دانابوون، سکالا کردنی شوبال لە هەموو لایەکەوە هێرشی بۆ مێشکی هێنابوو، بیری دەکردەوە هەر یەك لەم سکالایانە بەسە بۆ ئەوەی شوبال بۆ هەمیشە لێرە وەدەرنێن. بەلام ئەوەی ئەو بە کەشتیوانەکەی دەگوتن، کۆمەڵێك قسەی بێسەرەوبەرە و تێکەڵ و پێکەڵ بوون. دەمێك بوو کابرای گاڵۆك بەدەست چاوی بڕیبووە بنمیچەکە و لەبەر خۆیەوە فیکەی لێدەدا. فەرمانبەرانی بەندەر لەلای مێزەکەی خۆیاندا بەرپرسی کەشتییەکەیان ماتڵ کردبوو و دیارنەبوو کەی بەری دەدەن. تەنیا هێمنی کەشتیوان بوو کە ڕێگەی لە هەڵچوونی بەرپرسی ژمێریاری گرتبوو. خزمەتکارەکە وریایانە ڕاوەستابوو، هەر ساتێك چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کەشتیوان فەرمانێك لەسەر تونچییەکە دەربکات.

کارل نەیدەتوانی بە بێدەنگی دانیشێت، بە ناچارییەوە بەدەم تەتەڵەکردن و تاوتوێکردنی خێرای هەموو ئەو شێوازانەی لە مێشکیدا بوون و دەیتوانی کێشەکەیان پێ ببڕێنێتەوە، بەرەو لایان چوو. بەراستی کێشەکە جدی بوو، ئەگەر کەمێك پێشتر بۆ ئەوێندەر بهاتنایە، پێدەچوو بە شەق بیانکەنە دەرەوە.

پێدەچوو کەشتیوان پیاوێکی باش بێت، کارل پێی وابوو کە بەڵگەیەکی تایبەتی بۆ خۆی پێیە، کە بیسەلمێنێ سەرۆکێکی دادپەروەرە، بەڵام بەهەر جۆرێك بێت، چاوقایمانە بە زوڕنای هەموو کەسێك سەمای نەدەکرد. بەڕێکەوت تونچیش هەر بەو تووڕەیە بەهێزەی کە لە دڵیەوە هەستی پێدەکرد، هەر بەو شێوەیە لەگەڵ کەشتیوانەکە دەجووڵایەوە.

بۆیە کارل بە تونچی گوت: "دەبێ شتەکان ڕوونتر و سادەتر باس بکەیت، ئەگەر بەوجۆرە قسە بکەی، کەشتیوانەکە ناتوانێت هیچت بۆ بکات. کەشتیوان چۆن دەیتوانی ناوی ئەو هەموو میکانیست و فەرمانبەرانەی کەشتی بزانێت؟ ئەویش ناوی یەکەمیان، هەربۆیە ئەوەتا کاتێ ناوی کەسێك دەهێنیت، دەستبەجێ نازانی مەبەستت کێیە؟ لە پێشدا باسی کێشە گرنگەکانتی بۆ بکە، یەکەمجار گرنگترینیان باس بکە و پاشان ئەوانەی دیکە، ڕەنگە ئەوە بزانیت کە پێویست ناکات هەموو کێشەکانت بۆ کەشتیوان باس بکەیت. تۆ هەمیشە ڕوونتر باسی کێشەکانت بۆ من دەکرد!"بۆ پاکانە کردن بۆ خۆی بیری کردەوە، ئەگەر لە ئەمریکا جانتای بدزرێ، کەوایە دەشکرێت مرۆ جارجارێك درۆ بکات.

بەڵام ئایا ئامۆژگارییەکانی سوودیان هەبوو؟ ئاخۆ بۆ ئەم قسانەی گەلەك درەنگ نەبوو؟

کاتێك تونچی دەنگی ئاشناکەی خۆی بیست، دەستبەجێ لە قسەکردن کەوت، بەڵام بەهۆی شکانی غرور و بیرەوەرییە تاڵەکانی ڕابردووی و خەمی ئێستای، چاوەکانی وەها پڕ بوون لەئاو، بە زەحمەت دەیتوانی کارل بناسێتەوە. ئەمێستا چۆن دەیتوانی ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت؟ - کارل بە بێدەنگی لە بەرامبەر تونچیدا ڕاوەستابوو، هەستی بە حاڵی دەکرد- چۆن دەیتوانی لەم قۆناغەدا شێوازی داواکەی بگۆڕێت؟ چونکە بە تەواوی لای ڕوون بوو، ئەوەی شیاوی گوتن بوو ئەم گوتوویەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بچووکترین هەستی هاوخەمی کەسی دنە نەداوە. لەهەمانکاتدا بە پێچەوانەی ئەو هەموو قسانەی کە کردوونی و لە ڕاستیدا هیچی نەگوتووە، ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بکات ئەم کەسانە دووبارە گوێ بۆ قسە بێماناکانی ڕاگرن.لەم کاتەشدا کارل کە تەنیا کەسێك بوو پشتگیری لێدەکرد، ئامۆژگاری دەکرد و ئەوەی بۆ ڕوون دەکردەوە کە ئیدی هەموو شتێك لە دەست دەرچووە و قسەکردن بێ سوودە.

کارل لە کاتێکدا کە لە بەرامبەر نیگای تونچییەوە چاوی داخستبوو، بە نائومێدییەوە دەستەکانی وەك نیشانەی کۆتایی هاتنی هەموو هیوایەك شۆڕکردبووەوە، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: " ئای خۆزگە زووتر لەبری تەماشاکردنی دەرەوە لە پەنجەرەکەوە، قسەم بکردایە." بەڵام تونچی لەم ڕەفتارەی کارل بە هەڵە تێگەیشت، چونکە وابیری دەکردەوە کارل خەریکە بەنهێنی سەرزەنشتی

دەكات. لە كاتێكدا كارل دەیویست دڵسۆزانە لە بەهەڵە تێگەشتن دەریبهێنێتەوە. پاشان دەستی كرد بە ڕاوێژكردن لەگەڵ كارلدا و بەم كارەی هەڵەیەكی گەورەتری خستە سەر هەڵەكانی دیكەی. لەم كاتەدا كابراكانی دەوری مێزەكە كە زۆربڵێی بێ كەڵكی تونچی، ببووە هۆی بێزاركردنیان تووڕە بوون. كاتێكیش بەڕێوەبەری ژمێریاری ئارامیی كەشتیوانی لە بەرامبەر قسە بێماناكانی تونچییەوە دەبینی، كاسەی سەبری لێوڕێژ ببوو، لەو لاشەوە خزمەتكارەكە دووبارە گەڕابووەوە ژێر دەسەڵاتی ئاغاكانی و سەیری چاوە دەرپۆقیوەكانی تونچی دەكرد و دواجار كاتێك كابرای گاڵۆك بەدەست، كە كەشتیوان جارناجارێك نیگایەكی دۆستانەی لێ دەبڕی، كاتێ لە قسەكانی تونچی بێزاربوو، دەموچاوی گرژ كرد، دەفتەرێكی بچووكی یاداشتی دەرهێنا و لەكاتێكدا بیری لە لایەكی تربوو، سەرەتا تەماشایەكی دەفتەرەكە و پاشان تەماشای كارلی كرد.

كارل كە لە لادانی ئەو تووڕەیەی كە تونچی ئاراستەی ئامادەبووانی كردبوو، دووچاری كێشە ببوو، بە پێچەوانەی جیاوازی بیروڕای لەگەڵ تونچی، بزەیەكی دۆستانەی بەدەمەوە كرد و گوتی: "دەزانم تۆ لەسەر حەقیت، هیچ گومان لەوە نییە." دەترسا بەدەم قسەكردنەوە تونچی دەستە وەجووڵەكەوتووەكانی بكێشێت بە دەموچاویدا. دەیوست دەستی بگرێت و بیباتە كەنارێكەوە و چەند قسەیەكی هێوركەرەوە و هیوا بەخشی بۆ بكات و ئەوانیش نەیبستن.بەڵام ئیدی سوودی نەبوو، كارل ئەمێستا دەستی كردبوو بە دڵدانەوەی خۆی ، بەوەی كە تونچی دەتوانێت هەر بەو هێزی نائومێدانەی شكست بەو حەوت كەسە بهێنێت.بەڵام لە ناكاو سیستەمی زەنگی ئاگاداركردنەوە بەهەموو دوگمە زۆرەكانییەوە بینی ، كە دەكرێت بە دەستنان بە یەكێك لەم دوگمانەدا، هەموو دوژمنەكانی كە لە ڕاڕەوەكەدا كۆبووبوونەوە ئاگادار بكرێنەوە و كۆمەكیان لێوەربگرێت.

بەڵام سەرەڕای ئەم بارودۆخە ماندووكەرە بێ وێنەیە، كابرای گاڵۆك بەدەست بەرەو لای كارل هات و بە دەنگێكی ئەگەرچی بەرز نەبوو بەڵام دەكرا لە پاڵ وڕێنەكانی تونچیدا ببیسترێ، گوتی: " هەر بە راستی تۆ ناوت چییە؟" لەو كاتەدا لە دەرگا درا، وەك بڵێی كابرای پشت دەرگاكە چاوەڕێی پرسیارێكی وەهای كردبێت.

خزمەتگوزارەكە سەیرێكی كەشتییوانەكەی كرد و ئەویش سەری بۆ لەقامەند. خزمەتگوزارەكە بەرەو لای دەرگاكە چوو كردییەوە. لە بەردەم دەرگاكەدا كابرایەكی باڵا مامناوەند كە چاكەتێكی كۆنەی سەربازی پۆشی بوو راوەستابوو. ئەم كەسە- كە خودی شوبال بوو- وا نەدەهاتە پێش چاو ئەوەندە حەزی لە كاروباری ئامێرەكان بێت. ئەگەر كارل بەو ڕەزامەندیی كە لە سیمای كەسانی

ئامادەبووی نووسینگەوە-تەنانەت سیمای کەشتیوانیش-دەبینرا، نەیدەتوانی هەست بەوە بکات چی لەگۆڕێیە، بە تۆقیوی تونچی و ڕەفتارەکانی کە بە تووڕەییەوە مستەکۆڵەی هەڵبڕیبوو، دەیزانی چی لە گۆڕێیە. تونچی مستی وەها قوجاندبوو، دەتگوت کاری لەوە گرنگترین نییە و ئامادەیە هەموو شتێك لە پێناو باوەڕەکەیدا بەخت بکات. وەك بڵێی چی هێزی تێدایە تەنانەت ئەو هێزەشی کە بە پێوە ڕایگرتبوو لە مستەکانیدا کۆی کردبووەوە.

کەوایە ئەمە دوژمنی بوو ، کە بە شەوق و زەوقەوە و بە جلی کەنار دەریاوە هاتبوو، ئەو دەفتەرەی کە لەبن باخەڵیدا بوو پێدەچوو کاتژمێری کار و مووچەی تونچی تێدا نووسرا بێت. لەم کاتەدا شوبال لە ڕوخساری ئامادەبووان ڕادەما و وەك بڵێی دەیویست بزانێت لایەنگری لە کێ دەکەن؟ هەر حەوت کەسەکە دۆستی بوون، ئەگەرچی کارل پێشتر هێندێ دژایەتی کردبوو، یاخود وایدەنواند ناتەبایە لەگەڵی، چونکە بەزەی بە تونچیدا دەهاتەوە، بەڵام ئێستا دیاربوو کە نایەوێت ڕەخنەی لێ بگرێت، نابێت کەسێکی وەك تونچی لەمە زیاتر سەرکوت بکرێت، بەڵام ئەگەر بڕیار بوو شوبال لەسەر شتێك لۆمە بکەن، دەبوو لەسەر ئەوە بێت کە بە ئەندازەی پێویست ڕێگەی لە سەرکەشی و سەرەڕۆییەکانی تونچییەکەی نەگرتبوو. چونکە تونچی ڕێگەی بەخۆی دابوو، کە دواجار ڕووبەرووی کەشتیوان ببێتەوە.

سەرباری ئەوەش دەکرێ وای دانێی ڕووبەڕوو بوونەوەکەی شوبال و تونچی، تەنانەت لە بەردەم دادگایەکی مرۆڤانەشدا، هەر بەو ئاکامە بگات، کە دادگایەکی دادپەروەرانەی خودایی دەیەوێت پێی بگات. لەبەرئەوەی ئەگەر تەنانەت شوبال بشیتوانیایە وای بنوێنێ کە پاك و مەزنیشە، دواجار بە ئاسانی ئاشکرا دەبوو، چونکە هەر ئەوەندە بەس بوو، کەمێك تووڕە بێت و ناخە چەپەڵەکەی خۆی بۆ ئەوان ئاشکرا بکات. کارلیش ئامادە بوو هەموو کاروبارەکانی ڕێك بخات. تاکو ئێستا زانیارییەکی کورتی سەبارەت بە لاوازی و زیرەکی و خولقوخووی ئەو کەسانەی کە ئامادەبوون بەدەست هێنابوو. بەو پێیە ئەو ماوەیەی لەوێ ببوو، کاتەکەی بەفیڕۆ نەچووبوو. جێگەی داخ بوو تونچی لەوە زیاتر دەسەڵاتی نەبوو، دەتگوت خۆی بۆ ساغ نابێتەوە بڕیارێك بدات. ئەگەر کەسێك پاڵی بە شوبالەوە بنایە بەرەو لای تونچی، لەوانەبوو بە مستەکۆڵە سەرو گوێلاکی بشکێنێت. بەڵام تونچی بۆخۆی ئەو توانایەی نەبوو کە دوو هەنگاو بەرەو لای شوبال بنێت و بیداتە بەر مستەکۆڵان. کارل بۆچی نەیتوانیبوو پێشبینی ئەو شتە بکات، کە پێشبینیکردنی زۆر ئاسان بوو کە ئەگەر خودی شوبالیش نەیەوێ، بە فەرمانی کەشتیوان هەر دەبوو بێتە ئەو ژوورە؟ ئاخر بۆچی لەگەڵ تونچیدا بە درێژای ڕێگەی نووسینگەکە، بەبێ ئەوەی هیچ خۆیان تەیار بکەن و هەر دەرگایەکی

کراوەیان دەبینی خۆیان دەکرد بە ژووردا، بۆچی نەخشەیەکی تۆکمە و وردیان بۆ شەڕ دانەڕشتبوو؟ ئاخۆ تونچی ئێستا دەیتوانی قسە بکات؟ ئەگەر لێکۆلینەوەی لێ کرابایە، دەتوانی تەنانەت بە ئەریّ یاخود نەخێر وەلام بداتەوە؟هەلّبەتە ئەگەر تەنها لێکۆلینەوە بووایە، شوکرانە بژێری دەویست. تونچی لەوێدا راوەستابوو، لاقەکانی لێك بلاو کردبوو، ئەژنۆکانی دەلەرزین و سەری بۆ دواوە شکاندبووەوە، هەوا لە زارە داپچڕاوەکەیەوە وا هاتوچۆی دەکرد، وەك بلّێی سی نەبێت هەناسەی کۆنترۆلّ بکات.

بەلام کارل هەستی دەکرد لە چاو نیشتمانەکەی خۆی، لێرە بەهێزترە و مێشکی باشتر ئیش دەکات. خۆزگە دایك و باوکی لێرە دەبوون و دەیانبینی بە چ جۆرێك لە ولاتێکی غەریبدا لە بەرامبەر کەسانێکی دەسەلاتداردا بەرگری لە حەق دەکات. ئەگەرچی هێشتا سەرنەکەوتبوو، بەلام بێ ئەوەی بترسێت، بڕیاری دابوو لە ئاکامدا سەرکەوێت! ئاخۆ ڕێی تێدەچوو بیروڕایان لەبارەیەوە بگۆڕێت؟ لەناو خۆیاندا دایبنێن و باسی بکەن؟ دواجار سەیری چاوەکانی بکەن؟ چاوانێك کە پڕن لە عەشق و خۆشەویستی بۆ ئەوان. ئەی لەو پرسیارە و ناڕوون بێ جێیانە!

شوبال گوتی: "من هاتوومەتە ئێرە، چونکە وابزانم تونچی بوختانم بۆ هەلّدەبەستێ. یەکێك لە خزمەتکارەکانی چێشتخانە پێی گوتم بینیویەتی هاتووە بۆ ئێرە. جەنابی کەشتیوان، بەڕێزان، من دەتوانم بە خستنەرووی کۆمەلّە بەلگەیەك ئەوە نیشان بدەم کە بوختانەکانی نارەوان، ئەگەر بشتانەوێت دەتوانم شایەتگەلێك بهێنم کە لە راستگۆییان دلّنیان، ئەو شایەتانەش ئێستا لە دەرەوە راوەستاون." بەدلّنیاییەوە قسەکانی شوبال ڕوون و ئازایانە بوون، بە گۆڕانی سیمای ئەوانەی گوێیان لە قسەکانی بوو، دەکرا ئەوە بەدی بکەیت دوای عەیامێك دواجار دەنگی مرۆڤێکیان بیست. بێگومان سەرنجیان لەوە نەدابوو، کە لە قسە جوانەکانی شوبالدا دەکرێت ناڕوونی و ئالۆزیان تێدا بێت.

بە نموونە بۆچی یەکەمین وشەیەك کە بە بیریدا هات، وشەی(نادروست) بوو؟ ئایا لە جیاتی دەمارگیری نەتەوەیی دەبوو بەم ناوناتۆرەیە تۆمەتبار بکرێت؟ خزمەتکارێکی چێشتخانە کە هاتبووە نووسینگەی کەشتییەکە، تونچی بینیوە و بە شوبالی گوتووە و ئەویش یەکسەر بۆنی ئەوەی کردووە کەچی لەگۆڕێیە. ئاخۆ هەستی تاوانباری نەبوو کە ترسی لەدلّی شوبالدا بەهێزتر کردبوو؟ شوبال یەکسەر شایەتگەلێکی کۆکردبووەوە و بانگەشەی ئەوەشی دەکرد کە ئەوانیش هەروەکو خۆی نادەمارگیرن و لە گەندەلّی بەدوورن.

بەراستی شوبال کەسێکی فێڵباز بوو! نەك تەنها ئـەم بەڕێزانـەی فریودابـوو، بـەڵکو قسـەکانی شوبالیان بەتەواوی قبووڵ کردبوو! ئاخۆ بۆچی شوبال لەو کاتەوەی کـە خزمەتکارەکـەی چێشـتخانە ئاگـاداری کردبـوو، ئەوەنـدەی پێچـوو بـوو تـا بگاتـە نووسـینگەی کەشـتییەکە؟ بەدڵنیاییـەوە ویستوویەتی تونچی بە قسەکانی ئەوەندە ئەم پیاوانە ماندوو بکات، کە ئیدی نەتوانن بـە دروسـتی دادوەری لەبارەی مەسەلەکەوە بکەن. ئەمەش شتێك بوو کە شوبال هـەر زەنـدەقی لێـی چـووبوو. ئاخۆ ئەو کە ماوەیەکی زۆر لە پشت دەرگاکەوە راوەستابوو- هەر دەبوو ڕاوەستێ- و بەئەنقەسـت لە دەرگای نەدابوو هەر بۆ ئەوەی گوێی لەو پرسـیارەی بێـت کـە وا کـابرای گۆچـان بەدەسـت بـە ڕێکەوت لە کارلی پرسی؟ پاشان لەسەر ئەم بنەمایە بە هیوا بێـت تونچـی لەناوچـووە. ئەمێسـتا هەموو شتێك بۆ کارل ڕوون بوو، شوبال نەویستانە بە ڕەفتارەکانی هـەموو ئـەم گریمانانـەی کـارلی پشتراست دەکردەوە، بەڵام دەبوو کارل بە بەڵگەیەکی دیکە، بە بەڵگەیەکی دڵنیاتر مەسـەلەکە بـۆ ئەم بەڕێزانە بسەڵمێنێ.

پێویستە ئەم بەڕێزانە ڕاچڵەکێنرێن. لەبەرخۆیەوە گوتی:" کارل خێراکە، بەرلـەوەی شـایەتەکان بێنە ژوورەوە و هەموو شتێك تێك و پێك بدەن، لە هەر خولەکێك سوود وەرگرە!"

بەڵا م لە هەمان ساتدا، کەشتیوانەکە ئامـاژەی بـە شـوبال کـرد تـاکو دوورکەوێتـەوە. شـوبال یەکسەر تێگەیشت بۆ ماوەیەك داواکەی خراوەتە دواوە، چـووە دواوە و خزمەتکارەکـەش یەکسـەر چووە تەنیشتییەوە. هەردووکیان بەچپە قسەیان بـۆ یەکـدی دەکـرد و بـەردەوام تەماشـای کـارل و تونچیان دەکرد و دەستیان ڕادەوەشاند، وەك بڵێی شوبال خۆی بۆ قسەکانی دواتری ئامادە دەکرد.

کاتێ بێدەنگی باڵیکێشا، کەشتیوان بـە کـابرای گـاڵۆك بەدەسـتی گـوت: "بـەڕێز جـاکوب، ناتەوێت پرسیارێك لەم گەنجە بکەی؟"

کابرا لەکاتێکدا سەری ڕێزی بۆ کەشتیوان دانەواند، وەڵامی دایەوە: "بۆنا، بەڵێ." دووبارە لـە کارلی پرسی: "ناوت چییە؟"

کارل بیری کردەوە ئەگەر پرسیارکەرە مکوڕەکەی بـە وەڵامێکـی خێـرا ڕازی بکـات، باشـتر و خێراتر بە ئامانجەکانی دەگات. وەڵامێکی کورتی دایەوە و تەنانەت بە پێی نەریت پاسپۆرتەکەشـی لە گیرفانی دەرنەهێنا و گوتی: "کارل ڕۆسمان."

ئەو کابرایەی کە جاکوبیان پێدەگوت، گەڕایـە دواوە و بـە گومانـەوە بزەیـەکی کـرد و گـوتی: "ڕاستە؟"

کەشتیوان و بەڕێوەبەری ژمێریاری و بەرپرسی کەشتی و تەنانەت خزمەتکارەکە بە بیستنی ناوی کارل گەلەك سەرسام بوون. بە بیستنی ناوی کارل تەنها فەرمانبەرانی بەندەر و شوبال سیمایان نەگۆڕا و وەك خۆی مایەوە.

بەڕێز جاکوب لەسەرخۆ و کەمێك بە دژواری بەرەو لای کارل چوو، گوتی: " بەراستە؟! کەوایە من خاڵە جاکوبی تۆم و تۆش خوشکەزای ئازیزی منی." بەرلەوەی کارل لە ئامێزبگرێت و ڕوخساری ماچ بکات، کە کارل سەرسامانە خۆی دابووە دەست دۆخەکە، بە کەشتیوانی گوت: "بەردەوام گومانی ئەمەم دەکرد."

کاتێ کارل لە ئامێزی خاڵی دوورکەوتەوە، لەبەرخۆیەوە هەوڵی دەدا ئەنجامی ئەم ئاشنایەتییە بۆ تونچی پێشبینی بکات، زۆر بە ئەدەب و خوێنساردییەوە پرسی: " ئەی تۆ ناوت چییە؟" لەم ساتەدا بۆ شوبال هیچ نیشانەیەك نەبوو، کە سوود لەم دۆخە وەرگرێت.

کەشتیوان بیری کردەووە، بەڕێز جاکوب لەم پرسیارەی کارل نیگەران بووە، چونکە بەرەو لای پەنجەرەکە چوو، تاکو بێتاقەتییەکەی لەوانی دیکە بشارێتەوە و بەردەوام بە دەسرەکەی ڕووخساری دەسڕی. دواتر کەشتیوان گوتی: " گەنجۆ، چ بەختەوەرییەك رووی تێکردووی، ئایا لەوە تێدەگەی؟ ئەو کەسەی کە ئێستا پێی گوتی خاڵتە، سیناتۆر ئەدوارد جاکوبە. کەوایە داهاتووت گەشاوەیە. دەبێ ئەوە بڵێم رەنگە چاوەڕوانی ئەمەت نەکردبێ. هەستیار بە و هەوڵبدە لەم ساتە سەرسامییەدا تا ئەو جێگایەی کە دەکرێت، هەست بە پێگەی خۆت بکەیت!"

کارل ڕووی کردە کەشتیوان و گوتی: " بێگومان خاڵە جاکوبم لە ئەمریکایە، بەڵام ئەگەر هەڵە نەبم، جاکوب ناوی خێزانی ئەم بەڕێزەیە."

کەشتیوان لە کاتێکدا هەوڵیدەدا دنەی کارل بدات، گوتی: "وایە."

"زۆرباشە خاڵە جاکوبم کە برای دایکەمە، ناوە بچکۆلەکەی جاکوبە، کەوایە دەبێ ناوی خێزانەکەشی هەمان ناوی خێزانەکەی دایکم بێت، دەبێ ناوی خێزانەکەی (بن دلمایەر) بێت."

سیناتۆر کە بۆ ئارام کردنەوەی هەستی خۆی بەرەو لای پەنجەرەکە چووبوو، بە خۆشحاڵییەوە بەرەو لای کارل هات و لە وەڵامی ڕوونکردنەوەکەی کارلدا بە دەنگی بەرز گوتی: "بەڕێزان!" لەم ساتەدا هەموان جگە لە فەرمانبەرانی بەندەر بزە کەوتە سەر لێوانیان، هەندێکیان بەراستی کەوتبوونە ژێر کاریگەری قسەکانی سیناتۆرەوە، بەڵام ئەوانی دیکە هۆیەکیان نەدەبینی بۆ پێکەنین.

کارل لەبەر خۆیەوە گوتی: " ئەو قسانەی کە من کردمن، ئەوەندەش پێکەنینی نەدەویست."

سیناتۆر دووباره گوتییه‌وه: "به‌ڕێزان، ئێوه به پێچه‌وانه‌ی خواست و ئاره‌زووی خۆتان و منه‌وه ڕووبه‌رووی مه‌سه‌له‌یه‌کی کتوپڕ بوونه‌ته‌وه و چاره‌یه‌که‌م نییه، جگه له‌وه‌ی مه‌سه‌له‌که‌تان به‌ته‌واوی بۆ ڕوون بکه‌مه‌وه، چونکه پێموایه هیچکامتان جگه له که‌شتیوان"- که‌شتیوان به بیستنی ناوه‌که‌ی خۆی به ڕێزه‌وه سه‌ری دانه‌وه‌ند-"سه‌باره‌ت به‌م مه‌سه‌له‌یه زانیاری پێویستیان لابێ."

کارل به خۆی ده‌گوت:"ئێستا پێویسته به جوانی گوێ بۆ قسه‌کانی ڕابگرم." کاتێ که ئاوڕی دایه‌وه به‌وه‌ی که بینی تونچی ره‌نگ و رووی هاتووه‌ته‌وه به‌بەردا، خۆشحاڵ بوو.

"به درێژای ئه‌و ساڵانه‌ی که له ئه‌مریکادا نیشته‌جێبووم- ئه‌گه‌رچی نیشته‌جێ بوون وشه‌یه‌کی گونجاو نییه بۆ که‌سێکی وه‌ك من که هاوڵاتییه‌کی ئه‌مریکیم و له دڵه‌وه خۆم به ئه‌مریکی ده‌زانم- به درێژای ئه‌و ساڵانه له خزمه‌کانی ئه‌ورووپام به ته‌واوی بێ ئاگا بووم. هۆکاری ئه‌م بێئاگاییه‌ش یه‌که‌م شیاوی وه‌بیرهێنانه‌وه نییه و دووه‌میش باسکردنی ئازارم ده‌دات. له‌ڕاستیشدا ده‌ترسم له‌وه‌ی که هه‌موو شتێك بۆ خوشکه‌زا ئازیزه‌که‌م باس بکه‌م، چونکه ئه‌گه‌ر هه‌موو شتێکی بۆ باس بکه‌م، ناتوانم خۆم له ڕه‌خنه‌گرتنی ڕاسته‌وخۆی دایك و باوکی و دۆسته‌کانیان به دوور بگرم."

کارل له کاتێکدا زۆر به‌باشی گوێی ڕاگرتبوو، به‌خۆی گوت: " بێگومان ئه‌مه خاڵمه و ده‌بێ ناوی خۆی گۆڕی بێت."

"ئێستا خوشکه‌زا ئازیزه‌که‌میان ده‌رکردووه- ده‌بێ ڕاستییه‌که‌ی بڵێم- دایك و باوکی وه‌ده‌ریان ناوه، هه‌ر وه‌کو پشیله‌یه‌ك کاتێ که ئه‌زیه‌تی مرۆ ده‌دات وه‌ده‌ریده‌نێن. نامه‌وێت ئه‌و تاوانه‌ی که کردوویه‌تی له‌به‌رده‌م ئێوه‌دا به بچووکی نیشانی بده‌م، به‌ڵام بۆ ئه‌وه‌ی چاوپۆشی له تاوانه‌که‌ی بکه‌م پێویسته باسی بکه‌م."

کارل له‌به‌ر خۆیه‌وه بیری کرده‌وه: "تا ئێره‌ی زۆر خراپ نییه، به‌ڵام هیوادارم هه‌موو چیرۆکه‌که‌یان بۆ نه‌گێڕێته‌وه. به‌هه‌رحاڵ، هه‌موو به‌سه‌رهاته‌که نازانێت، به‌ڵام ئاخۆ چ که‌سێك مه‌سه‌له‌که‌ی بۆ گێرابێته‌وه؟)

خاڵه جاکوب له کاتێکدا خۆی خستبووه سه‌ر گۆچانه حه‌یزه‌رانه‌که‌یدا و خۆی بۆ ئه‌مسه‌ر و ئه‌وسه‌ر باده‌دا- له‌راستیدا خۆبادانه‌که‌ی به‌کرده‌وه توانای هه‌ر جۆره شکۆمه‌ندییه‌کی ناپێویست که ئه‌گه‌ری ده‌بوو تایبه‌تمه‌ندی قسه‌کانی به بێزراو نیشان بدات- گوتی: " به هۆی ئه‌وه‌ی که خزمه‌تکاره سی وپێنج ساڵه‌که‌یان، که ناوی (یوهانا برامه‌ر)ه، فریوی داوه. نامه‌وێت به به‌کارهێنانی وشه‌ی (فریو) سووکایه‌تی به خوشکه‌زاکه‌م بکه‌م، به‌ڵام به‌دبه‌ختانه جگه له‌م وشه‌یه له ئێستادا وشه‌یه‌کی دیکه که به‌هه‌مان ئه‌ندازه شیاو بێت، به مێشکمدا نایه‌ت."

کارل که ئێستا به باشی له خاڵی نزیـك ببـووەوە، ئـاوڕی دایـەوە تـاکو لـە سـیمای کەسـانی ئامادەبوودا کاریگەری قسەکانی ببینێت. هیچـکامیان پێنەدەکـەنین و هـەموویان بـە سـیمایەکی ئارام و جدییەوە گوێیان ڕادەگرت.

دواجار هەرچییەك بێت، له یەکەمین بەرکەوتندا کەس بە خوشکەزای سیناتۆرێك پێناکەنێت، تەنیا تونچی به کارل پێدەکەنی، ئەگەرچی پێکەنینەکەی گەلەك کورت بـوو، بـەڵام پێکەنینەکـەی تونچی کارلی خۆشحاڵ کرد، چونکه یەکەم نیشانەی گیان وەبەرهاتنەوەی تونچی بوو، دووەم لەبەر ئەوەی کاتێ که کارل له ژوورەکەی تونچیدا ڕاکشابوو، هەوڵیدابوو لەو چیرۆکەی که ئێستا ئاشـکرا بووە، نهێنییەکی دەستپێڕانەگەشتوو بئافرێنێت.

خاڵە جاکوب درێژەی بە قسەکانی دا: " ئێستا ئـەم کچـە(برامـەر)، لـە خوشـکەزاکەی مـن منداڵێکی هەیە، منداڵەکەی کوڕێکی تەندروستە و له کاتی تەعمیدکردنی ئـەم کـوڕەدا بـە یـادی منی بێ نرخەوە ناویان ناوە جاکوب، چونکه بێگومان باسکردنی بە ڕێکـەوتی مـن بـۆ ئـەم کچـە لەلایەن خوشـکەزاکەمەوە، هێنـدە کاریگـەری لەسـەر ئـەم کچـە دانـاوە کـە کچـە بڕیـاری داوە منداڵەکەی ناو بنێت جاکوب. کـە دەبێـت بڵـێم ئەمـە جێگـەی خۆشـبەختیمە. بـاوك و دایکـی خوشکەزاکەم له بەر ئەوەی خۆیـان لـە بـەخێوکردنی برامـەر و منداڵەکـەی بـە دوور بگـرن و لـە ئابڕووچوون خۆیان بپارێزن کوڕەکەیان که هەمان خوشکەزای ئازیزمە بـۆ ئـەمریکا نـاردووە. دەبـێ جەختیش لەوە بکەمەوە که نه له یاسا و ڕێسای ئەوێندەر و نه له بارودۆخ و پێگەی دایك و باوکی ئاگادارم، بەدبەختانە هەر بەو جۆرەی که دەیبینن پارەشیان بە خوشـەکەزاکەم نـەداوە، ئـەم کـوڕە بێچارەیە دەکرێت به هۆی ئەو ڕووداوە سەیرو سەمەرانەی که له شوێنانی دیکه روو نـادەن و تـەنیا له ئەمریکادا روو دەدەن، پێدەچێت لەشاری (نیۆیۆرك) دا سەرگەردان ببێت.

ئەگەر خزمەتکارەکەیان نامەی بۆ نەنووسیمایە، که له پـاش ماوەیـەك لـە دواکـەوتنی پێـرێ بەدەستم گەیشت، لەنامەکەدا به تێروتەسەلی بەسەرهاتەکەی باس نەکردبایە و شێوە و ڕووخساری خوشـکەزاکەمی بـۆ نەنووسـیبامایە و نـاوی ئـەو کەشـتییەی کـە پێـی هـاتووە نەنووسـیایە، خوشکەزاکەم دەبوو لێرە خۆی بژێوی خۆی دەربهێنێت. بەڕێزان ئەگـەر بـۆ سەرگەرمیشـتان بێـت، دەتوانم بەشێکی ئەم نامەیەتان بۆ بخوێنمەوە"- پاشان دوو لاپـەڕەی گـەورە کـە بـە خـەتێکی ورد نووسرابوو له گیرفانی دەرهێنا و له بەرامبەریانەوە ڕایگرت و دەستی کرد بە خوێندنـەوەی: ". بـە دڵنیاییەوە بۆتان سەرنجڕاکێش دەبێت، چونکه نامەکه به شێوەیەکی زۆر ورد و زیرەکانە نووسراوە و نووسەری نامە گەلەك نیگەرانی باوکی کوڕەکەیەتی کە خوشکەزاکەمە. بەڵام پێویست ناکات لەوە

زیاتر کە بۆم باس کردن، بەباسکردنی وردەکاری بەسەرهاتەکە کاتتان بگرم، یان لە یەکەمین بەریەککەوتندا هەستی خوشکەزاکەم بریندار بکەم ئەگەر خۆی حەز بکات، دەتوانێت لەو ژوورە چۆڵەی کە بۆم داناوە بە تەنها نامەکە بخوێنێتەوە."

بەڵام کارل هیچ هەستێکی لەبەرامبەر یوهانا برامەرەوە نەبوو. کارل ڕابردووی ڕوو لەناوچووی وەبیر هاتەوە، یوهانا لە تەنیشت مێزی چێشتخانەدا دادەنیشت و ئانیشکەکانی لەسەر مێزەکە دادەنا، هەرکات کارل بهاتایەتە چێشتخانەکە بۆ ئەوەی پەرداخێك ئاو بۆ باوکی ببات یاخود ئەو کارەی کە دایکی پێی سپاردبوو ئەنجامی بدات، یوهانا چاوی لە کارل دەبڕی. هەندێجار کە لە پشت مێزەکەوە دەستەپاچە و بێتاقەت دادەنیشت و وای نیشان دەدا نامە دەنووسێ، بۆ نووسینی نامەکەی ئیلهامی لە ڕوخساری کارل وەردەگرت. هەندێجاریش لە پشت مێزەکەوە دادەنیشت و دەستی دەخستە بەر چاوەکانی و گوێی بۆ هیچ قسەیەك ڕانەدەگرت، بڕێ کاتیش لە ژوورە تەنگەبەرەکەیدا کە بە تەنیشت چێشتخانەکەوە بوو، لەبەردەم پەیکەری دارینی عیسای لەخاچدراودا نزای دەکرد، ئەگەر کارل بەوێدا ڕەد بووایە، لە درزی دەرگا نیوەکراوەکەوە چاوی پێ بکەوتایە، هەستی بە شەرمەزاری دەکرد. هەندێ کات لەناو چێشتخانەکەدا ئەمسەرو ئەوسەری دەکرد، ئەگەر کارل لێی نزیك بکەوتایاتەوە، وەك سیحربازێك بەدەمیەوە پێدەکەنی، هەندێجاریش کە کارل دەهاتە چێشتخانەکەوە دەرگاکەی لەسەری دادەخست و دەسکی دەرگاکەی دەگرت و تاکو کارل لێی نەپاڕاییێتەوە نەیدەهیێڵا بڕواتە دەرەوە. هەندێجار یوهان شتێکی بۆ دەهێنا کە ئەو ئەسەڵەن نەیدەویست، بە بێدەنگی و بەزۆر دەیخستە مشتیەوە. جارێکیان بەناوی خۆیەوە بە (کارل) بانگی کرد و کارل لە کاتێکدا لەم دۆستایەتی و خۆشەویستییە چاوەڕواننەکراوە سەرسام ببوو، یوهانا ئاخی هەڵدەکێشا، کارلی بردە ژوورەکەی خۆیەوە و دەرگاکەی کلیل دا. پاشان بەجۆرێك دەستی کردە ملی کارل کە هێندەی نەمابوو بیخنکێنێت. جلەکانی خۆی داکەنی و لەسەرچەرپاکە لەبان جلەکانی کارلەوە داینا، وەك بڵێی هەرگیز کارل لەدەست نادات و تا کۆتای تەمەنی نەوازش و پەرستاری دەکات. پاشان هاواری کرد: "ئەها، کارل." وەك بڵێی دەیویست بەچاوەکانی کارل قوت بدات. بەڵام کارل چاوەکانی هیچ شتێکیان نەدەبینی، لەناو ئەو نوێنە گەرمەدا کە کچەکە بۆی ئامادە کردبوو هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد. ئەوجا یوهانا لە تەنیشت کارلەوە ڕاکشا و نهێنییەکی لێ پرسی، بەڵام کارل نەیدەتوانی هیچ شتێك بەو بڵێت، کچە بەمە تووڕە بوو. بەگاڵتەی بوو یان بەجدی ڕایوەشاند، گوێی لە ترپەی دڵی گرت و سنگی خۆشی خستە پەناگوێی کارلەوە تاکو ئەویش گوێ لە ترپەی دڵی بگرێت، بەڵام سوودی نەبوو، چونکە کارل نەیدەویست

گوێ لە ترپەی دڵی بگرێت. دواجار کچەکە ڕوخساری هێنایە پێشەوە و  دەستی بە ناوگەڵی کارلـدا هێنا، کارل بەم ڕەفتارە ئەوەندە پەست بوو، کە لـەناکاو سـەری لـەبان سـەرینەکە هـەڵبڕی، بـەڵام کچەکە چەندین جار خۆی بە کارلدا گوشی، بەجۆرێك وەك بڵێی بووە بە بەشێك لـە کـارل، ڕەنگـە هەر لەبەرئەوە بووبێت، کە کارل هەستێکی دیکـەی لا دروسـت بـوو. دواجـار کـارل بەچـاوی پـڕ لەگریانەوە خۆی گەیانـدە ژوورەکـەی و چـووە سـەر چـرپاکەی، بـەڵام خزمەتکارەکـەیان زۆر لێـی پاڕابووەوە کە دووبارە بێتەوە بۆ لای.

ڕووداوەکە هەر ئەمە بوو. بەڵام خاڵی لەم ڕووداوە شتێکی گەورەی دروسـت کردبـوو. دیـاربوو خزمەتکارەکەیان غەمی ئەوی بووە، چونکە خاڵی لە چوونی کارل بۆ ئـەمریکا ئاگـادارکردبووەوە. ئاگادارکردنەوەکـەی یوهانـا نیشـانەی دڵسـۆزی بـووە  و ئەگـەر دواتـر بتوانێـت قـەرەبووی ئـەم دڵسۆزییەی بۆ دەکاتەوە.

سیناتۆر گوتی: "ئێستا دەمەوێت ڕاستگۆیانە پێم بڵێیت من خاڵی تۆم یان نا؟"

کارل لە کاتێکدا دەستی خاڵی ماچ کـرد و خاڵێشـی ناوچـاوانی مـاچ کـرد، گـوتی: "بـەڵێ، بێگومان  تۆ خاڵمیت. زۆر خۆشحاڵم کە تۆم دۆزییەوە، بەڵام ئەگەر وابیربکەیتەوە باوك و دایکم بە خراپی ناوی تۆیان بردووە، بە تـەواوی لـە هەڵـەدای. بـە هـەر جۆرێـك بێـت، هەنـدێ هەڵـە لـە ڕوونکردنەوەکەتدا هەبوو، مەبەستم ئەوەیە بە تـەواوی بـەو جـۆرە نـەبوو کـە باسـت کـرد، بـەڵام چاوەڕێی ئەوش ناکەم تۆ لەم دووریەوە ئاگات لە هەموو ڕاستییەکان بێت، لەوەش بێگومانم ئەگـەر ئەم بەڕێزانە سەبارەت بە وردەکارییـەکانی ڕووداوەکـە زانیـاری تـەواویان نـەبێت، ئەوەنـدە کێشـە نییە."

سیناتۆر گوتی: " زۆرباشە." لە کاتێکدا کە کارلی بـەرەو لای کەشـتیوان- کـە بەشـێوەیەکی ئاشکرا ئارەزوومەندیی خۆی نیشان دەدا- دەبرد، پرسـی: "کەشـتیوان دەبـینی چ خوشـکەزایەکی ئازیزم هەیە؟"

کەشتیوان بەشێوازی سەربازانە سەری ڕێزی دانەواند و گـوتی: "بـەڕێز سـیناتۆر، بـە بینـینی خوشکەزاکەتان خۆشحاڵم. مایەی شانازیمە کە ڕێکەوتی چـاوپێکەوتنێکی خێزانـی لـەم جـۆرە لـە کەشتییەکەی مندا رووی داوە. بەڵام گەشتکردن بە بلیتی پلە سـێ گەلـەك ناخۆشـە، چـونکە بـەم چەشنە بلیتە، هەموو جۆرە خەڵکێك گەشت دەکەن. ئێمـە هـەر کارێـك کـە لـە دەسـتمان بێـت دەیکەین، تاکو هەلومەرجی گەشتیارەکانمان شایستە بێت. لەم ڕووەوە لە کۆمپانیاکانی کەشتیوانی

ئـەمریکا زیـاتر زەحمـەت دەکێشـین. بـەڵام زۆر سـەختە کارێـك بکـەین میوانـەکانمان کـاتی گەشتکردنیان بە خۆشی بگوزەرێنن."

کارل گوتی: "من هیچ ئەزیەتم نەبووە."

سیناتۆر لە کاتێکدا قاقا پێدەکەنی، قسەکەی کارلی دووبارە کردەوە: " ئەزیەتم نەبووە."

"تەنیا لەوە دەترسم کە جانتاکەم ون کردبێت"- بە گوتنی ئـەم قسـەیە هـەموو ڕووداوەکـانی وەبیرهاتەوە و بیری هاتەوە پێویسـتە چ کارێـك بکـات. سـەیری دەوروبـەری خـۆی کـرد و بـینی هەموویان لە جێگەی خۆیاندا بـە بێـدەنگی راوەسـتاون و لەبـەر سەرسـامی و ڕێـز قسـەیەك لـە زاریانەوە نایێتە دەرەوە. هەمووان چاویان لە کارل بڕیبوو، تەنیا فەرمانبەرانی بەندەر نەبێت، کە بـە روخساری جدی و لەخۆڕازیانەوە دیاربوو لە هاتنی کارل لە کاتێکی وەهـا نـەگونجاودا بەداخـەوەن. ئەم دوو کەسە ئەو کاتژمێرەی کە لەسەر مێزەکە دایان نابوو، پێدەچوو لـە هەرشـتێکی دیکـە بـە گرنگتری بزانن، کە لەو ژوورەدا رووی دەدا یاخود رووی دا بوو.

لە دوای کەشتیوانەوە یەکەمین کەس، کە هاوخەمی خـۆی بەوپـەڕی سەرسـامییەوە بـۆ کـارل دەربڕی، تونچی بوو. لە کاتێکدا کە دەستی کارلی دەگوشی، بەم دەستئاوێژە سوپاسـگوزاری خـۆی دەربڕی و گوتی: " لە ناخی دڵمەوە پیرۆزباییت لێ دەکـەم." بـەڵام کـاتێ ویسـتی پیرۆزبـایی لـە سیناتۆریش بکات، سیناتۆر خۆی کێشایە دواوە، وەك بڵێی تونچـی خەریکـە لـە سـنووری خـۆی دەردەچێ. تونچی یەکسەر گەڕایەوە شوێنی پێشووی خۆی.

بەڵام کەسەکانی دیکە دەیانزانی پێویستە لە ئێستادا چی بکەن، دەستبەجێ دەوری سـیناتۆر و کارلیان دا، دواجار کارل پیرۆزبایی شوبالی پەسەند کرد و سوپاسی کرد. دواهـەمین کەسـانێك کـە پیرۆزبایی خۆیان دەربڕی، فەرمانبەرانی بەندەر بوون، کـە بـەدەربڕینی دوو سـێ وشـە بـە زمـانی ئینگلیزی پێکەنینیان خستە سەر لێوی هەمووان.

سیناتۆر هەستی دەکرد، بەگوتنی وردەکارییەکانی ڕووداوەکە، دەتوانێت دواهـەمین زەڕەی ئـەم خۆشحاڵییە لەبەسەرهاتەکەوە دەربهێنێت. هەمووان نەك تەنها پێشوازییان لەقسەکانی کرد، بەڵکو بەتـەواوی بوونیانـەوە پێشـوازییان لێکـرد. سـیناتۆر پێـی گـوتن، تایبەتمەندییـە دیارەکـانی خوشکەزاکەم، کە لە نامـەی خزمەتکارەکەیانـدا خوێندوومەتـەوە، لـە دەفتـەری بیرەوەریەکانمـدا نووسیوومنەتەوە، لە بەر ئەوەی لە زۆر بڵێی تونچی بێزاربوو، دەفتەری یاداشـتەکانی لـە گیرفـانی دەرهێنـا، تـاکو بـیری بـە تونچـییەوە مـژوول نـەبێت، سـیناتۆر بـۆ سـەرگەرمی خـۆی ئـەو پێداهەڵگوتنانەی کە خزمەتکارەکەیان لەبارەی کارلەوە گوتبووی، لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییانـەی کـە

له کارلدا دەیبینی، بەراوردی کردن. پیاهەڵدانەکانی خزمەتکارەکە بەو جۆرەی کە کەسێکی بەئاگا چاوەڕێی دەکرد، زۆر ورد نەبوون و لەگەڵ بەژن وباڵای کارلدا یەکیان نەدەگرتەوە، وەك بڵێی سیناتۆر لەبەر خۆیەوە چاوەڕوانی ئەوە بوو، ئەوانی دیکە دووبارە پیرۆزبایی لێ بکەن، دواجار ڕووداوەکەی بەم رستەیە کۆتایی پێ هێنا:" ئێوە خوشکەزایەکی بەم شێوەیە دەدۆزنەوە؟!"

کارل کە گوێی لە دواهەمین قسەکانی خاڵی نەگرتبوو، پرسی: " ئێستا دەتانەوێت چی لە تونچی بکەن؟" ئێستا کە هەمووان زانیبوویان خوشکەزاکەی سیناتۆرە، وایدەزانی هەرچییەك بە مێشکیدابێت، دەتوانێت بیڵێت.

سیناتۆر گوتی: "تونچی حەقی خۆی دەدرێتێ، بەوجۆرەی کە کەشتیوان بە باشی دەزانێت حەقی خۆی دەداتێ. بە بڕوای من بە ئەندازەی پێویست و ڕەنگە زیاتریش سەبارەت بە تونچی قسەمان کردووە، هەموو ئەو بەڕێزانەشی کە لێرەن، بە دڵنیاییەوە لەگەڵ مندا هاوڕان."

کارل گوتی: "بەڵام ئەمە دوورە لە دادپەروەرییەوە و ڕەوا نییە." کارل لە نێوان خاڵی و کەشتیواندا راوەستابوو، ڕەنگە وەها کەوتبێتە ژێر کاریگەریی پێگەی خۆیەوە، وایدەزانی دەتوانێت لە نێوان ئەواندا تەبایی بەدی بهێنێت.

سەرباری ئەوەش وەك بڵێی تونچی ئومێدی نەمابوو. دەستەکانی تا نیوە بەناو پانتۆڵەکەدا ڕۆبردبوو، قایش و بەشێك لە کراسە چوارخانەکەی کاتێ کە ئەم قسە ورووژێنەرانەی دەکرد، بە جوانی دەبینران. ئەسڵەن لەم بابەتە نیگەران نەبوو، بێچارە داخی دەروونی خۆی خستبووە ڕوو. ئێستا دەیانتوانی ئەو جلە کۆنانەی کە لەبەریدابوون ببینن، دەشیانتوانی بە شەق بیکەنە دەرەوە، تونچی بڕیاری دابوو بێنرخترین کەسانی ئامادەبوو کە خزمەتکار و شوبال بوون، بێن و بیکەنە دەرەوە. ئەوکات ئیدی شوبال ئاسوودە دەبوو، هەر بەوجۆرەی کە بەڕێوەبەری ژمێریاری گوتبووی، ئیدی نائومێد و بێ هیوا نەدەبوو. کەشتیوان دەیتوانی چەندی دەوێت خەڵکی ڕۆما وەربگرێت، ئیدی لە هەموو شوێنێکی کەشتییەکەدا زمانی ڕۆمانی دەبیسترێت و پاشان ڕەنگە بارودۆخەکە باش ببوایە. ئیدی تونچی لێرە نەدەبوو تاکو بێتە نووسینگەی سەرەکی کەشتی و بە زۆربڵێییەکانی سەری بەرپرسی کەشتی بخاتە ژانەوە. بەڵام دواهەمین کاری تونچی بیرەوەرییەکی دۆستانەی لە زەینی هەمووواندا بەجێ هێشتبوو، چونکە هەر بەو جۆرەی کە سیناتۆر بە ئاشکرا گوتبووی، ئەمە ببووە هۆی ئەوەی خوشکەزاکەی بدۆزێتەوە. خوشکەزاکەی چەندین جار هەوڵی دابوو یارمەتی بدات، بەمشێوەیە پاداشتی ئەو چاکەیەی درابووەوە، کە ناسینەوەی سەرلەنوێی خوشکەزاکەی بوو. تەنانەت بە بیری تونچیدا نەدەهات کە کارل پرسیارێکی دیکەی لێ بکات. بەڵام ئەگەرچی

ئەو خوشکەزای سیناتۆر بوو، دیسانەوە نەیدەتوانی جێگەی کەشتیوان بگرێتەوە، دواجار بیرورای کەشتیوان لە زاری خۆیەوە دەردەچێت. تونچی لە کاتێکدا کە بیری لەم شتانەی دەکردەوە هەولێدا تەماشای کارل نەکات. بەڵام بەدبەختانە لە ژوورێکدا کە پڕ بوو لە دوژمنەکانی دەبوو تەماشای کێ بکات؟

سیناتۆر بە کارلی گوت: "بەهەڵە تێنەگەی، مەسەلەکە پەیوەستە بە بەرقەرارکردنی دادپەروەرییەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا مەسەلەی سیستەماتیزەکردنیش گرنگە. لە ناو ئەم کەشتییەدا هەر دوو مەسەلەکە بەتایبەتی ئەوەی دووەمیان، بەتەواوی لە ژێر دەسەڵاتی کەشتیواندایە."

تونچی لەژێر لێوەوە گوتی:" راستە." ئەو کەسانەی کە قسەکانی سیناتۆریان بیست و زانیان چی گوتووە، بەنیگەرانییەوە پێکەنین.

سیناتۆر درێژەی دایە" بەڵام تاکو ئێستا ئێمە لەبەردەم ڕاپەراندنی کارەکانی کەشتیواندا ڕێگربووین، ئێستا کە کەشتییەکە گەیشتووەتە نیۆیۆرك کارەکانی بەسەردا کەڵەکە بوون. کاتی ئەوە هاتووە لە جێی خۆهەڵقورتاندنی بێ کەڵك لە داوایەکی بێ نرخدا و بە گرنگ نیشاندانی، کە لە نێوان دوو میکانیستدا رووی داوە، لە کەشتییەکە دابەزین. خوشکەزای ئازیزم لەمەبەستەکەت بەتەواوی تێدەگەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پێکەوە هەرچی زووتر لەم کەشتییەدا بڕۆین."

کەشتیوان بێ ئەوەی بیەوێت قسەکانی سیناتۆر بە ناشیرینی نیشان بدات، لەبەرامبەر چاوە سەرسامەکانی کارلەوە گوتی: " هەر ئێستا بەلەمێکتان بۆ ئامادە دەکەم." لە قسەکانی سیناتۆرەوە دەکرا ئەوە بەدی بکەیت، کە حاڵەتێکی خاکەڕایانەی بەخۆوە گرتووە. بەڕێوەبەری ژمێریاری بەپەلە چووە کن مێزەکە و فەرمانەکەی کەشتیوانی بە تەلەفۆن بە سەرکاری کرێکارەکان ڕاگەیاند. کارل لەبەرخۆیەوە گوتی: " ئیدی کات نەماوە، بەڵام ئەگەر بمەوێت هەر کارێك بکەم، دەبێتە هۆی دەردیسەری بۆ هەموان، تازە ناتوانم لە خاڵم دوور بکەومەوە، چونکە ئێستا منی دۆزیوەتەوە. بەدڵنیاییەوە کەشتیوان پیاوێکی بە ئەدەبە، هەر ئەمەیە و بەس. بەڵام هەرکە مەسەلەی سیستەم هاتەگۆڕێ، ئیدی ناتوانێت کەسێکی بە ئەدەب بێت. خاڵیشم بە جدی قسەی دەکرد. من نامەوێت هیچ بە شوبال بڵێم، تەنانەت بەداخەوەم کە تەوقەم لەتەك کرد. ئەو کەسانەشی کە لێرەن بۆ من گرنگ نین."

کارل بیری لەم شتانە دەکردەوە و بەکاوەخۆ بەرەو لای تونچی چوو. تونچی دەستی راستی لەناو قایشی پانتۆڵەکانیدا دەرهێنا و بە هێمنی تەوقەی لەتەك کارل کرد.

کارل لە تونچی پرسی: " بۆچی هیچ نالێیت؟ بۆچی هەموو شتێك قبووڵ دەکەی؟"

تونچی هەر ئەوەندەی پێکرا برۆی بهێنێتەوە یەك، وەك بڵێی گوشاری بۆ مێشکی دەهێنا، تاکو شێوازێك بۆ ئەو مەبەستەی کە دەیویست بیڵێت بدۆزێتەوە. لە هەمان کاتدا سەری داخست و تەماشای دەستی خۆی و کارلی کرد.

کارل پەنجەکانی دەهێنا بە پەنجەی تونچیدا و تونچی تەماشای دەوروبەری دەکرد، وەك بڵێی خۆشبەختییەکی وەها رووی تێکردووە، کە هیچ کەس نییە بەخیلی پێ نەبات. کارل گوتی: " تۆ لەم کەشتییەدا لە هەموو کەس زیاتر زوڵمت لێکراوە، من ئەمە باش دەزانم."

(خۆت بۆ بەرگریکردن ئامادە بکە، وەڵامیان بە ئەرێ یان نەرێ بدەرەوە، ئەگینا ئەوان لەوە تێناگەن حەقیقەتی مەسەلەکە چییە؟ دەبێ بەڵێنم پێ بدەیت ئەوەی کە پێتی دەڵێم ئەنجامی بدەیت، چونکە دەترسم ئیدی نەتوانم یارمەتیت بدەم، بۆ یارمەتی نەدانیشت بەڵگەیەکی باشم بەدەستەوەیە."پاشان کارل دایە پڕمەی گریان و دەستە بێهەست و چەورەکانی تونچی گرتن و ماچی کردن، دەستەکانی وەك شتێکی گرانبەها کە دەبێت بەم زووانە لەدەستیان بدات، بەڕوخساری خۆیدا گوشینی. بەڵام خاڵی لەتەنیشت کارلدا راوەستابوو، بەئارامی و لە هەمان کاتدا بە پێداگرییەوە کارلی لە تونچی دوور خستەوە.

سیناتۆر کە لە بان سەری کارلەوە تەماشای کەشتیوانی دەکرد و بەچاوانیدا لێی تێدەگەیشت، گوتی: "وەك بڵێی تونچی سحری لێکردوویت، تۆ تەنیابوویت، پاشان تۆی دۆزییەوە و ئێستا تۆ مەمنونی ئەویت، دڵنیام هەموو ئەم شتانە بەسوودی تۆیە، بەڵام تکات لێدەکەم ئەگەر تەنها لەبەر منیش بێت، زیادەڕۆی مەکە و لە پێگەی خۆت تێبگە."

لەدەرەوە هاتوهاوار بەرزبووەوە، هەندێ کەس هاواریان دەکرد، وەك بڵێی کەسێکیان گرتبوو بێ ڕەحمانە دەیان کردە دەرەوە. مەلەوانێك بە پەشۆکاوی هاتە ژوورەوە. بەروانکەیەکی ژنانەی بە دەوری کەمەریدا بەستبوو، لەکاتێکدا دەستی ڕادەوەشاند کە وەك بڵێی هێشتا خەریکە بەناو خەڵکەکەدا ڕەد دەبێت، هاواری کرد: " لە دەرەوە کۆبوونەتەوە." پاشان هاتەوە هۆش خۆی و سڵاوێکی سەربازی بۆ کەشتیوان کرد. لەو ساتەدا بە بەروانکە ژنانەکەی زانی و لە خۆی کردەوە و خستییە سەر زەویەکە و هاواری کرد: " بە تەواوی بێتامییان کردەوە، بەروانکەی یەکێك لە ژنەکانیان بە کەمەرمەوە بەستووە." پاشان پاژنەی پێی بە قایمی کوتا بە زەویدا و سڵاوێکی سەربازی کرد. یەکێك لە ئامادەبووان پێکەنی، بەڵام کەشتیوان بە جدییەوە گوتی: (بارودۆخێکی باشت دروست کردووە، ئەوانە کێن لە دەرەوە؟)

شوبال هاتەپێشەوە و گـوتی: " شـاهیدەکانی مـنن، شـەرمەزارم و بـەهۆی بەدڕەفتارییانـەوە داوای لێبوردن لە جەنابتان دەکەم. هەندێجار کاتێ کەشتییەکە دەوەستێ ڕەچاوی بارودۆخ ناکەن.)

کەشتیوان فەرمانی کرد: " خێرا بـڕۆن بیـانهێنن بـۆ ئێـرە." پاشـان دەسـتبەجێ ڕووی کـردە سیناتۆر و بە ئەدەبەوە بەڵام بە پەلە گوتی: " بەڕێز سیناتۆر، بێزەحمـەت دەسـتی خوشـکەزاکەتان بگرن و بە دوای ئەو پیاوەدا بڕۆن تاکو بەرەو لای بەلەمەکە ڕێنماییتـان بکـات. پێویسـت ناکـات ئەوە بڵێم چ شـانازی و خۆشـحاڵییەکی گـەورە بـوو، کـە بـە خزمـەتتان گەیشـتم. بـەڕێز تـەنها ئومێدەوارم دەرفەتێکی گونجاومان بۆ هەڵکەوێت، تاکو لە بارەی بارودۆخی کەشتییە جەنگییەکانی ئەمریکا گفتوگۆ ناتەواوەکەمان درێژە پێ بدەین، ئومێدەوارم لەو ڕۆژەشـدا وەك ئێسـتا دیسـانەوە قسەکانمان نەپچڕێت."

خاڵی کارل بەدەم پێکەنینەوە گوتی: " دڵنیاتان دەکەمەوە دۆزینـەوەی خوشـکەزاکەم بـۆ مـن بەسە. لە بەرامبەر ئەو دڵسۆزییە کە دەرحەق بە من کردتان سوپاستان دەکەم. خواتان لەگـەڵ. لـە هەمان کاتدا بەدووری نـازانم ئێمـە- دەسـتی هێنـا بـە دەووری کەمـەری کارلـدا- لـە سـەفەری داهاتووماندا بۆ ئەوروپا ئێوە ببینین."

کەشتیوان گوتی: " بۆمن گەلەك جێگەی خۆشحاڵییە." سیناتۆر و کەشتیوان تەوقەیان لەگەڵ یەکدی کرد و کارلیش بە پەلە تەوقەی لەگەڵ کرد. چونکە سەرنجی کەشـتیوان لەسـەر ئـەو پـازدە پیاوە بوو کە شوبال بۆ ژوورەوە ڕێنمایی دەکردن.

پیاوەکان هەرچەندە هەوڵیان دەدا دەنگەدەنگ دروست نەکەن، بەڵام هـەر دەنگـەدەنگیان لـێ بەرزدەبووەوە. مەلەوانەکە داوای لە سیناتۆر کرد ڕێگـە بـدات بـۆ دەرەوە ڕێنمـایی بکـات، بـەناو کۆمەڵە خەڵکەکەدا ڕێگەی بۆ سیناتۆر و کارل واڵا کرد و بە ئاسانی بە نێو ڕیـزی پیاوەکانـدا کـە بەڕێزەوە خۆیان چەماندبووەوە تێپەڕین. وا دەهاتەپێش چاو کە ئەم پیاوە خۆشمەشرەبانە شەڕی نێوان شوبال و تونچی بە گاڵتـە دەزانـن. تەنانـەت ئامـادەبوونی کەشـتیوانیش نـەدەبووە هـۆی ئـەوەی مەسەلەکە بە هەند وەربگرن.

کارل لەناو خەڵکەکەدا لینای خزمەتکاری چێشتخانەی بینی، لە کاتێکدا شەیتانانە چـاوی لـە کارل دادەگرت، خەریك بوو ئەو بەروانکەیـەی کـە مەلەوانەکـە بـە دەوری کەمەریـدا بەسـتبووی، بەدەوری کەمەری خۆیدا دەیبەست، چونکە ئەم بەروانکەیە هی ئەو بوو.

کارل و سیناتۆر بەدوای مەلەوانەکەدا لە نووسـینگەی کەشـتییەکە هاتنـە دەرەوە و بـە ڕارەوە تەسکەکەدا کە بە قادرمەی دەرگایەکی بچـکۆلە کۆتـایی دەهـات تێپـەڕین. لـەوێوە پەیژەیـەکی

بچکۆلەیان بەو بەلەمەوە کردبوو کە چاوەڕێی ئەمانی دەکرد، ڕێنمایکارەکەیان خـۆی هەڵدایـە نـاو بەلەمەکەوە. مەلەوانەکانی ناو بەلەمەکە لەجێی خۆیـان هەسـتانەوە و سڵاوی سـەربازییان کـرد. سیناتۆر بە کارلی گوت کاتێ دێیتە خوارەوە ئاگات لە خۆت بێت، بەڵام کارل کە لەسـەر پەیژەکـە راوەستابوو، لە ناکاو دەستی کردە گریان و هەنسکە هەنسك. سیناتۆر دەستی راسـتی خسـتە ژێـر چەنی کارل و لە خۆی نزیکی خستەوە و بە دەستی چەپی نەوازشی کرد. بەم حاڵەوە و لەسەرخۆ لـە قادرمەی پەیژەکەوە هاتنەخوارەوە و هەر بەو جۆرەی کە سیناتۆر کارلی لە ئامێز گرتبوو هاتنە ناو بەلەمەکەوە.

لەناو بەلەمەکەدا سیناتۆر جێگەیەکی خۆشی بۆ کارل دۆزییەوە و بۆ خۆشـی لەبەرامبەرییـەوە دانیشت.

بە ئاماژەی سیناتۆر بەلەمەکە وەڕێکەوت و بە پەلـە لەوێنـدەر دوور کەوتـەوە. هێشـتا چـەند مەترێك لە کەشتییەکە دوور نەکەوتبووەوە، کارل لە ناکـاو تێگەیشـت بـەو لایـەی کەشـتییەکەدا تێدەپەڕن کە پەنجەرەکانی روویان لێی بوو. لە هەر سێ پەنجەرەی کەشتییەکەوە ئـەو پیاوانـەی کـە شـاهیدی شـوبال بـوون دەبینـران. هـەموویان سڵاوی سـەربازییان دەکـرد و دۆسـتانە دەسـتیان ڕادەوەشاند. خاڵە جاکوبیش دەستی بۆ بەرزکردنەوە، یەکێك لە مەلەوانەکان لـە کاتێکـدا سـەوڵی لێدەدا، بە شارەزاییەوە ماچێکی بۆ ناردن، بەهیچ جۆرێك تونچی دیار نـەبوو، کـارل تەماشـایەکی خاڵی کرد، ئەژنۆکانی بەئاستەم لە ئەژنۆکانی ئەوی دەدا، نەیدەزانی ئایا خاڵی هـەرگیز دەتوانێـت جێگەی تونچی لە دڵیدا بگرێتەوە؟ خاڵی ڕووی وەرگێڕا و تەماشـای ئـەو شـەپۆلانەی دەکـرد کـە بەلەمەکە بەسەریاندا تەکانی دەدا.

## (٢)

# خاڵە جاکوب

کارل گەلەك زوو بە بارودۆخی تازەی ماڵی خاڵی ڕاهات، لە راستیدا هەرچییەکی بویستایە خاڵی بۆی دەستەبەر دەکرد و ئیدی دەرفەتی ئەوەی نەبوو ڕووبەرووی جیهانی واقعی ئەوێندەر بێتەوە و لە ڕیگەی ئەزموونە تایبەتەکانی خۆیەوە شتێکی تازە فێر بێت، ئەزموونێك کە کەسێکی تازە ڕۆیشتوو بۆ وڵاتێکی غەریب ڕەنجی پێوە دەکێشیّ.

کارل ژوورەکەی لە نهۆمی شەشەمی باڵەخانەیەکدابوو، پێنج نهۆمەکەی دیکەی باڵاخانەکە (سیّ نهۆمیشی ژێر زەویدا بوو) خاڵی بۆ کاری تایبەتی خۆی بەکاری دەهێنا. ژوورەکەی بە دوو پەنجەرە و ئەو دەرگایەی کە ڕووە و باڵکۆنەکە دەکرایەوە، ئەوەندە ڕووناك دەبووەوە، هەموو بەیانییەك کە کارل لە ژوورەکەیەوە دەچووە باڵکۆنەکە، گەلەك سەرسام دەبوو. ئەگەر وەك کۆچەرێکی تەمەن منداڵ و بێچارە بهاتایەتە ئەم وڵاتەوە ئاخۆ لە کوێدا نیشتەجیّ دەبوو؟

لەراستیدا خاڵی ئاگای لە هەموو ئەو یاسایانە بوو، کە پەیوەستن بە کەسانی کۆچبەرەوە، هەمیشە بیری دەکردەوە، ئەگەر خاڵی نەبووایە، نەك تەنیا نەیاندەهێشت کارل پیّ بخاتە ولایەتە یەگکرتووەکانی ئەمریکا، بەڵکو بێئەوەی گرنگی بەوە بدەن کە کارل نیشتمانێکی نییە بۆی بگەڕێتەوە دەیان گەڕاندەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. لەم وڵاتەدا مرۆ نەیدەتوانی چاوەڕێی ئەوە بکات کەسێك دڵی بۆی بسووتێت، لەم رووەوە ئەمریکا بە تەواوی هاوشێوەی ئەوە بوو، کە کارل لە کتێبەکاندا لە بارەیەوە خوێندبوویەوە. تەنها جیاوازی ئەوە بوو پارەدارەکان لە ئەمریکادا لە پارەکانیان چێژیان وەردەگرت و لەگەڵ دۆستە خۆشگوزەرانەکانیاندا بە خۆشی ڕایان دەبوارد.

باڵکۆنێکی درێژ لەبەردەم ژوورەکەیدا بوو کە بەئەندازەی سەرانسەری ژوورەکەی درێژ بوو. ژوورەکەی ئەگەر لە وڵاتەکەی خۆیدا بوایە، بە بەرزترین شوێنی شار دەژمێرا. بەڵام ئێستا لە ژوورەکەیەوە تەنیا شەقامێکی لێوە دیاربوو، شەقامەکەش بە نێوان دوو ڕیز باڵەخانەی بەرزی یەکساندا تێدەپەڕی، وەك بڵێی تا شوێنێکی دوورەدەست درێژ دەبووەوە، لە مەودایەکی دووردا لەناو تەمومژێکی زۆردا کلێسایەکی گەورە بەرچاو دەکەوت. لە بەیانییەوە تاکو نیوە شەوانی پڕ لە

خەیاڵ، ئەم شەقامە ڕاگـوزەری بـەردەوامی هاتوچـۆی ئۆتۆمبێـل بـوو، کاتێـك لەسـەرەوە سـەیرت بکردایە، بەشێوەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ و ئاڵۆز دەردەکەوت، کە هەمیشە بـەهۆی هاتوچـۆی پەیکـەرە چکۆلەبووەکانی مرۆڤەکان و سەقفی هەمەچەشنی ئۆتۆمبێلەکانی گواستنەوە، ئەم تێکـەڵ و پێکـەڵی و ئاڵۆزییە سەرلەنوێ دروست دەبووەوە و هـەوا پیسـەکەی بـەرەو چـینی سـەرووتری هـەوا دەنـارد و ئاڵۆزتری دەکرد، هەراوزەنا و بۆنی پیس و تـەپوتۆز، ئـەم ئاڵۆزییـەی فەسـادتر و نالـەبارتر کردبـوو. سیّلاوێك لە تیشکی ڕووناکی کە شتگەلی بێشوماری شەقامەکە پەرشوبلاّویان دەکـرد و بـۆ ئـەملاو ئەولا دەیانجولاّند، بەناو هەموو ئەم شتانەدا گوزەری دەکـرد و دەیـدا لـە قەرەباڵغییەکـە. کاریگـەری هەموو ئەم شتانە لە پێش چاوە سەرسامەکانی بینەردا بە جۆرێك بوو، وەك بڵێـی سـەری بەشووشـە سەرگێراو شەقامەکە هەر ئێستا دەشکێت و وردوخاش دەبێت.

خاڵە جاکوب کە لە هەموو رووپەکەوە کەسێکی بەپارێز بوو، بە کارلی گوتبوو لـە ئێسـتادا هـیچ شتێك بە هەند وەرنەگرێت، هەڵبەتە خراپ نییە هەموو شتێك تاقی بکەیتەوە، بەلاّم نابێت زیـادەڕۆیی بکەیت. یەکەمین رۆژانی کەسێکی ئەوروپی لـە ئـەمریکا وەك لـەدایکبوونێکی تازەیـە. نابێـت لـەم ڕووەوە زۆر نیگەران بیت، چونکە کەسێکی تازەهاتوو کە لە شوێنێکی دیکەوە هـاتووە، لـە سـاوایەك کە تازە چاو بە دونیا هەڵدەهێنێ، خێراتر دەتوانێت بـە بـارودۆخی ئـەو ولاّتـە ڕابێـت. بـەلاّم لەگـەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگریت، هەمیشە ناکرێت متمانە بە دادوەرییە یەکەمەکانت بکـەیت و نابێ بهێڵی ئەزموونە یەکەمەکانت، دادوەرییەکانی داهاتووت کە دواجار بە ژیانت لە ئـەمریکا شـێوە دەبەخشن، تووشی دەمارگرژیت بکەن.

کارل خۆی هەندێك لـە تازەهاتووەکـانی دەناسـی، کـە لـەبری ئـەوەی پـەیڕەوی لـە ئامۆژگـاری کەسێکی وەك خاڵی بکەن، هەموو ڕوژێك لەسەر باڵکۆنەکانیان ڕادەوەستان و وەك مەڕێك بـە چـاوی سەرسامەوە تەماشای شەقامەکەیان دەکرد. بەدڵنیاییـەوە کـارێکی وەهـا بـە سـەرگەردانی کۆتـایی دەهات! تەنیا ئەوانەی کە بۆ پشوودان سەفەریان کردبـوو، دەیـانتوانی بـە تـەنیایی و تەمـەلاّنـە بـە ئەندازەیەك تەماشای قەرەباڵغی شاری نیۆیۆرك بکەن. بەلاّم بۆ ئەوانەی کە دەیانویسـت لـە ئـەمریکا بمێننەوە، ئەم کارە بەفیڕۆدانی ڕەهای کات بوو. ئەگەرچی دەکرا ئەم قسانە زیادەڕۆیی بێـت، بـەلاّم بـە هیچ شێوەیەك زیادەڕۆییەکی لەڕادەبەدەر نەبوو.

خاڵە جاکوب هەرجارێك کارلی لە باڵکۆنەکەدا بدیبایە، بە تووڕەییەوە نێوچاوانی لێ گرژ دەکـرد. هەموو رۆژێك لە چەندین کاتی جیاوازدا سەری لـە خوشـکەزاکەی دەدا. کـارل زوو بەمـەی زانـی و هەوڵیدەدا تا دەکرێت خۆی لە چێژی کات بەسەربردنی ناو باڵکۆنەکە بەدوور بگرێت.

بەهەرحاڵ، تەنیا بەسەربردنی کات لە باڵکۆندا جێگەی خۆشحاڵی کارل نەبوو. مێزێکی نووسینی گەلەك سەرنجڕاکێشیش لە ژوورەکەیدا هەبوو، لەو مێزانەی کە باوکی ساڵەهای ساڵ خەوی پێوە بینیبوو، هەرکات هەراجی بهاتایە، هەوڵیدەدا بە نرخێکی هەرزان بیکڕێت، بەڵام هەرگیز ئەمەی بۆ نەلوا بوو، چونکە داهاتی زۆری نەبوو. ئەم مێزە لەگەڵ ئەو مێزە ئاساییە ئەمریکییانەی کە بۆ هەراجی بۆ ئەوروپا دەهێنران، گەلەك جیاوازی هەبوو، ئەسڵەن شیاوی بەراوردکردن نەبوو. بە نموونە سەدان بەشی ئەندازەی جیاوازی هەبوو، بە جۆرێك خودی سەرۆك کۆمار دەیتوانی بۆ هەریەکە لە بەڵگەنامە دەوڵەتییەکان شوێنێك دابنێت. لە لایەکی دیکەوە مێزەکە دەزگایەك بوو کە بە گۆڕانی دەسکەکەی، دەکرا ئاڵۆزترین پێکهاتە و شێوەیەکی دیکە بە ئارەزووی خۆت لە بەشەکانی دروست بکەیت. رووپەڕە ناسکەکانی بە هێواشی دەهاتنە خوارەوە و بەشی خوارەوەی دەبووە زنجیرەیەك چەکمەچ و بەشی سەرەوەشی کە چەکمەجەی تێدابوو، لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەجوڵان. تەنانەت بە یەك وەرسوڕاندنی دەسکەکەی، دەزگاکە بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا دەهات، گۆڕانەکەش بە پێی ئەو خێرایە بوو کە دەسکی دەزگاکە وەردەسووڕا، جا ئەگەر هێواش بووایە، بە هێواشی گۆڕانی بەسەردا دەهات و ئەگەر خێرا بووایە، بە خێرایەکی سەرسووڕهێنەر گۆڕانی بەسەردا دەهات. داهێنانێکی گەلەك تازە بوو. بەڵام ئەم دەزگایە ڕێك ئەو دیمەنە نەریتییەی جەژنی لەدایکبوونی مەسیحی بیر دەخستەوە، کە لە رۆژی ئەم بۆنەیەدا لە بازاڕی نیشتمانەکەیدا بە منداڵانی سەرسام و واقورماو نیشان دەدرا. وەبیری هاتەوە کە ئەم جلی زستانەی لەبەردابوو، بەزۆری بە پەرۆشییەوە ڕادەوەستا، جووڵەی دەسکی ئەو دەزگایەی کە پیرەمێردێك دەیسووڕاند، لەگەڵ پێشڕەوی سستی(سێ پادشای پیرۆز) و درەوشانەوەی ئەستێرەی مەسیح و ژیانی هەژارانەی لە (ئاخوڕی پیرۆز)دا بەراوردی دەکردن. لەو کاتەدا هەستی دەکرد دایکی هەمیشە لە پشتییەوە راوەستاوە و زۆر گرنگی بەم شتە لاوەکیانە نادات. ئەوەندە دایکی لە خۆی نزیك کردبووەوە، تاکو بە پشتی هەستی پێ کردبوو، بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد بوو و دیمەن و جوانییەکانی دەزگاکەی بۆ دایکی ڕوون کردبووەوە. باسی ئەو کەروێشکەی بۆ کردبوو کە لە ناو سەوزاییەکەدا بینیبووی، کەروێشکەکە لەسەر پێیەکانی دواوەی هەستابووەوە و کزی کردبوو، تاکو دووبارە باز بدات و دوور کەوێتەوە. کارل لەوکاتەدا ئەوەندە هاواری کردبوو تاکو دایکی دەستی گرتبوو بە دەمیەوە و دووبارە وەك پێشوو بیری بۆ شوێنێکی دیکە چووبوو.

هەڵبەتە مێزەکە بۆ ئەو مەبەستە دروست نەکرابوو، کە ئەم جۆرە شتانە وەبیری کارل بهێنێتەوە، بەڵام دەکرێت لە نێوان مێژووی داهێنانی ئەم مێزە و بیرەوەرییەکانی کارلدا پەیوەندییەکی شاراوە

هەبێت. بە پێچەوانەی کارل، خاڵی هەرگیز خۆشی لەم مێزە نەدەهات، تەنیا ویستبووی بۆ کارل مێزێکی شیاو بکڕێت. بەڵام لەم ڕۆژەدا هەموو مێزەکان دەزگایەکی لەم جۆرەیان هەبوو. ئەڵبەتە تایبەتمەندیی ئەم مێزە ئەوە بوو دەکرا بە پارەیەکی کەم بلکێنرێت بە مێزە کۆنەکانەوە. بە هەر جۆرێك بێت، خاڵی هەمیشە ئەوەی لەیاد بوو ئامۆژگاری کارل بکات، ئەوەندەی بە دەسکی مێزەکەوە مژوول نەبێت، لەناو قسەکانیشدا ئەوەی وەبیر دەهێنایەوە، کە ئەم دەزگایە گەلەك هەستیارە و زۆر خێرا تێك دەچێت و چاککردنەوەشی پارەیەکی زۆری دەوێت. بێگومان ئەم قسانە تەنیا بەهانە بوو، چونکە زۆر بە ئاسانی دەکرا دەزگاکە کلیل بدرێت، بەڵام خاڵە جاکوب کلیلی نەدەدا.

لە ڕۆژانی سەرەتادا، بەشێوەیەکی ئاسایی کارل و خاڵی پێکەوە زۆر قسەیان دەکرد. لەو ڕۆژانەدا کارل گوتبووی لە وڵاتەکەی خۆیدا زۆر حەزی لەوە بووە پیانۆ بژەنێت، هەرچەندە کارل زۆر پڕۆڤەی لەسەر پیانۆ نەکردبوو، جگە لە چەند وانەیەك کە بەڕێکەوت دایکی پێی گوتبوو، هیچ کەسێکی دیکە فێری پیانۆی نەکردبوو. کارل دەیزانی  کردنی ئەم قسانە بۆ خاڵی، دەبێتە هۆی ئەوەی پیانۆی بۆ بکڕێت، پێشتریش تێگەشتبوو خاڵی هەم پارەدارە و هەم هەڵەخەرجیشە. سەرباری ئەمەش پێشنیارەکەی یەکسەر جێبەجێ نەکرا، بەڵام پاش هەشت ڕۆژ بە وەڕەزییەوە خاڵی گوتی، پیانۆکەی گەیشتووە، ئەگەر کارل حەز دەکات، دەتوانێت لە بارکردنیدا بۆماڵەوە چاودێری بکات. ئەم کارە بۆ کارل زۆر سەخت نەبوو، چونکە لەناو باڵەخانەکەدا ژووربەری[٥] تایبەتی بارکردنی کەلوپەلی تێدا بوو، کە بێ هیچ گرفتێك یەك توێتای پڕ لە کەلوپەل تێیدا جێگەی دەبووەوە. بەم ژووربەرە پیانۆکەی کارلیان هێنایە سەرەوە. کارل دەیتوانی بەهەمان ژووربەر لەگەڵ پیانۆ و کرێکارەکاندا بێتە سەرەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ژووربەرێکی ئاسایی لە تەنیشتییەوە چۆڵ بوو، بۆیە بەجیا سەرکەوت. کاتێك بە ژووربەرەکە سەردەکەوت بەوەڕسوراندنی میلەکەی هەوڵیدەدا هاوشانی ژووربەرەکەی دیکە سەربکەوێت، تاکو بتوانێت لەودیو شووشەکەوە تەماشای ئەم ئامێرە جوانە بکات، کە ئێستا هی ئەوە. کاتێ پیانۆکەیان بە سەلامەتی هێنایە ژوورەوە و بۆ یەکەمین جار لە پشتییەوە دانیشت و دستی کرد بە پیانۆ ژەنین، بەجۆرێکی  وەها گاڵتەجارانە خۆشحاڵ بوو، لەبری درێژەدان بە ژەنینی پیانۆکەی لە جێگەی خۆی هەستایەوە، دەستەکانی خستە کەلەکەیەوە و بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە لە دووری مەودایەکی کورتدا تەماشای پیانۆکەی دەکرد.

---

٥ - ژووربەر: مەسعەد.

ژوورەکەی کارل لە رووی ئەندازیاری دەنگەوە نایاب بوو، بەجۆرێك کە نیگەرانییەکانی سەرەتای ژیانی لە ماڵێکی پۆلاییندا خستە لاوە.

لەراستیدا بە پێچەوانەی ڕووکاری دەرەوەی باڵەخانەکە، بچووکترین شوێنەواری پۆلا لە ژوورەوە نەدەبینرا، هەروەها لە کەلوپەلی ناوەوەی ژوورەکەی و لە تێکرای ژوورەکەیدا بچووکترین ناهاوئاهەنگی بەرچاو نەدەکەوت. لەسەرەتاوە کارل ئومێدێکی گەورەی بە پیانۆ ژەنین هەبوو، هەندێجاریش بەر لە خەوتن، بێشەرمانە ئەو خەیاڵە بە مێشکیدا دەهات، کە پیانۆ لە ژیانی ئەمریکایدا کاریگەری راستەوخۆی لەسەر داناوە. کاتێ کە پەنجەرەی ژوورەکەی دەکردەوە و دەنگەدەنگی شەقامەکە دەهاتە ژوورەوە، بۆی سەیر بوو ئەو ئاوازە کۆنەی کە ئاوازێکی سەربازی نیشتمانەکەی بوو لە پیانۆکەیەوە ببیستێت، ئاوازەکە وەبیری دەهێنایەوە کە سەربازانی ڕیز شاشی دانیشتوو لەسەر لێواری پەنجەرەکانی سەربازگە، لە پەنجەرەیەکەوە بۆ پەنجەرەیەکی دیکە بۆ یەکتریان دەچڕی و لە کاتی چڕینیدا ڕیزی سەربازەکان تەماشای تاریکی دەرەوەی سەربازگەکەیان دەکرد. بەلام دواتر کاتێ تەماشای شەقامەکەی دەکرد، دەیبینی گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە و شەقامەکە تەنها بەشێکی بچکۆلەیە لە گەردوونێکی گەورەدا، ئەگەر مرۆڤ ئەو هۆکارانەی کە بە دەوریدان و کۆنترۆڵیان کردووە نەیناسیایە، نەیدەتوانی لە گۆشەیەکەوە دەستی پێبکات و درك بە چییەتییەکەی بکات.خاڵە جاکوب بەباشی تەحەمولی پرۆڤەی کارلی دەکرد و هەرگیز دژایەتی نەدەکرد، بە تایبەت کە کارل زۆر پرۆڤەی نەدەکرد. خاڵی تەنانەت بۆ کارل دەفتەری نۆتەی چەند مارشێکی سەربازی ئەمریکی هێنابوو، یەکێك لەو نۆتانە سروودی نیشتمانی ئەمریکا بوو، بەلام تەنیا عیشق بۆ مۆسیقا، بە زەحمەت وەلامدەرەوەی ئەو پرسیارەی خاڵی بوو، کە رۆژێکیان گەلەك بە جدییەوە لە کارلی پرسی بوو، ئاخۆ حەزت لەوەیە ژەنینی کەمان فێربیت یان شەیپوڕی فەرەنسی؟

یەکەمین و گرنگترین کاری کارل فێربوونی زمانی ئینگلیزی بوو، هەموو بەیانییەك کاتژمێر حەوت مامۆستایەکی جحێلی زانکۆیەکی بازرگانی کە هاوسێیان بوو دەهاتە ژوورەوە و دەیبینی کارل یان خەریکە ڕاهێنانەکانی حەل دەکات، یاخود بە ژوورەکەیدا پیاسە دەکات و وشەگەلێك لەبەر دەکات. کارل باش دەیزانی ئەگەر بڕیار بێت زمانی ئینگلیزی فێربێت، ئیدی نابێت کات بە فیڕۆ بدات و بە خێرایی فێربوونی زمانیش باشترین دەرفەتە بۆ ئەوەی خاڵی بە تەواوی خۆشحاڵ بکات. لە راستیدا ئەگەرچی لە سەرەتاوە قسەکردنی کارل بەم زمانە سنووردار بوو بە سادەترین جۆری سلاوکردن و ئەحواڵپرسی، بەلام بەزووی توانی زۆربەی قسەکانی لەگەڵ خاڵیدا بە زمانی ئینگلیزی بێت، لەم جۆرە قسانەدا هاوکات باسگەلی خۆمانەتر دەهاتەگۆڕێ. یەکەمین شیعری ئەمریکی- کە

وەسفی ئاگری دەکرد- و کارل شەوێکیان توانی بۆ خاڵی بە لەبەر بیلێتەوە، بەمە خاڵی لە بێدەنگیـدا ڕۆبرد، کە نیشانەی خۆشحاڵی و ڕەزامەندی بوو. ئەو شەوە خاڵی و کارل پێکەوە لـە نزیـك پەنجـەرەی ژوورەکەی کارل راوەستابوون و خاڵی تەماشای ئاسمانی دەکرد، کە بە تۆزقاڵ ڕووناکی نەدەبینرا. کـاتێ کارل ڕەقورەپ راوەستابوو سەرنجی خستبووە سەر تاریکاییەکـە، دێڕەکـانی شـیعرەکە لـە گەروویـەوە دەهاتە دەرەوە، خاڵی بە پێی کێشی شیعرەکە لەسەرخۆ بەردەوام دەستەکانی دەجولاند.

چەندی زمانی ئینگلیزی کارل باشتر دەبـوو، خـاڵی زیـاتر حـەزی دەکـرد بـە دۆسـتەکانی خـۆی بناسێنێت، هەڵبەت خاڵی بە جۆرێك دیدارەکانی ڕێك دەخست کـە مامۆسـتای ئینگلیـزی ئامـادە و چاودێر بێت. یەکـەمین کەسـێك کـە خـاڵی بەیانییـەکیان بـە کـارلی ناسـاند، لاوێکـی باریکەلـە و لەڕادەبەدەر نەرمونیان بوو. خاڵە جاکوب ئەوی بـە پیاهەڵـدانێکی زیادەڕۆیانـەوە هێنایـە ژوورەکـەی کارلەوە. بەدڵنیاییەوە کوڕی یەکێك لە ملیۆنێرەکان بوو، کە بە پێی پێوەرەکـانی دایـك و بـاوکی لـە ژیانیدا شکستی خواردووە و ژیانێکی دژوار بەسەردەبات، بەشێوەیەك کە کەسێکی ئاسـایی تەنانـەت نەیدەتوانی بۆ رۆژێکیش بێ ئەوەی لە پێ بکەوێت بەرگەی بگرێت. کارل لەم ڕووەوە بـەئاگا بـوو یـان پێشبینی دەکرد، تا ئەو جێگەیەی کە دەیتـوانی ڕووبـەرووی ئـەم شکسـتە ببێتـەوە. بـەجۆرێك کـە هەمیشە بزەیەکی لەسەر لێوان بوو، کە دەرخەری خۆشبەختی بوو، خۆشبەختییەك وەك بلێـی بەسـەر ئەو و تەواوی گوێگرانی و سەرانسەری جیهاندا باڵی کێشاوە.

بە ڕەزامەندی بێ مەرجی خاڵە جاکوب، بڕیار بوو ئەم جەحێڵە کە ناوی مەك بوو، هەموو رۆژێـك کاتژمێر پێنج و نیو کارل سواری ئەسپ بکات و بۆ پرۆڤە بیبات بۆ فێرگەی ئەسپسـواری یـان دەرەوە. کارل بەر لەوەی ڕازی بێت کەمێك دوودڵ بوو، چونکە هـەرگیز سـواری ئەسـب نـەبوو و لەسـەرەتاوە دەیویست شتێك لەبارەی ئەسپسوارییەوە بزانێت، بەڵام خاڵی و مەك ئەوەندە پێداگرییان لەسـەر ئـەوە کرد کە ئەسپسواری شتێکی باش و چێژبەخشە، ئیدی کارلیش ڕازی بوو.

لەوەبەدوا دەبوو هەموو بەیانییەك کاتژمێر چوارو نیو لە چەرپاکەیدا هەستێت، هەڵبەت ئەم کـارە ئەوەندە بەلایەوە ئاسان نەبوو، لەبـەر گرنگیـدانی زۆریشـی بـە ڕاهێنـانی ئەسپسـواری لـە تێکـرای رۆژەکەدا، تامەزرۆی بۆ خەو زیاتر دەبوو، بەڵام هەر کە پێی دەنایە نێو حەمامەوە بێـزاری وەلا دەنـا. لە هەموو لایەکی حەمامەکەوە بۆنی خۆش دەهات- کام قوتـابی هـاوپۆلی لـە ئـەوروپا، ئەگەرچـی خێزانەکەشی دەوڵەمەند بوایـە، دەتیـانتوانی حـەمامێکی تایبـەتی لـەم جۆرەیـان هـەبێت؟- کـارل دەیتوانی لەناو حەمامەکەدا ڕاکشێت و دەست و لاقی درێژ بکاتەوە، حەمامەکە هێندە گەورە بوو کـە ئەگەر لە هەر دوو لاوە دەستەکانی والا کردایە، هێشتا بەر دیوارەکە نەدەکـەوتن، یەکـەم جـار ئـاوی

شلەتێن و پاشان گەرم و دووبارە ئاوی شلەتێنی بە خۆیدا دەکرد، دواجار ئاوێکی ساردی وەك سـەهۆڵی بە بەشێك یان هەموو جەستەیدا دەکرد و لەمەش چێژی وەردەگرت. لـە حەمامەکـەدا رادەکشـا وەك بڵێی نوقمە لەنێو چێژی پاشماوەی خەوێکی سووکدایە و حەزی دەکرد دواهەمین دلۆپەکانی ئاوەکە بـەر پێڵـوە داخراوەکـانی بکـەوێت، کـە دڵـۆپ دڵـۆپ دەهاتـەخوارەوە و لـەکاتی کەوتنەخوارەوەیـدا بـە گۆناکانیدا چۆراوگەی دەبەست.

کاتێ بە ئۆتۆمبێلە کەشخەکەی خاڵی بـۆ فێرگـەی ئەسپسـواری دەچـوو، دەیبـینی مامۆسـتای زمانی ئینگلیزی هاتووە و چـاوەڕێی دەکـات. مـەك هەمیشـە درەنگـتر دەهـات، بـەڵام کـارل لـە درەنگهاتنی مەك نیگەران نەدەبوو، چونکە تا مەك نەهاتایە، ئەسپسواری لە فێرگەکەدا دەسـتی پـێ نەدەکرد. کاتێ مەك دەهات ئەسپەکان لە خەو ڕادەپەڕین، دەنگـی شـەلاق لـەناو ژوورەکانـدا بـەرزتر دەبووەوە، لە ڕارەوەکەدا کە دەوری ژوورەکانی دابـوو، سەروسـیمای مرۆڤـەکان واتـە تەماشـاکەران و مەیتەرەوان و فێرخوازانی فێرگەی ئەسپسوار ی یان هەرکەسێکی دیکە کە لەوێنـدەر بـوون، یـەك بـە یەك و لە ناکاو دەردەکەوت. کارل لەو دەرفەتەی کە پێش هاتنی مەك بۆی دەستەبەر دەبـوو، سـوودی وەردەگرت و پرۆڤە سەرەتاییەکانی ئەنجام دەدا.

پیاوێکی بەژن و باڵا بەرز هەبوو، کە تاڕادەیـەك دەیتـوانی بـێ بەرزکردنـەوەی دەسـتی سـواری پشتی بەرزترین ئەسپ ببێت، هەمیشە نزیکەی چارەکێك کارلی کەمێك فێری ئەسپسـواری دەکـرد. ئەنجامێك کە لەم فێربوونەوە بە دستی دەهێنا ئەوەندە شایانی سەرنج نەبوو، تەنیا ئەوەندە هـەبوو لـە میانی ئەم فێربوونەدا دەیتوانی زۆرێك لەو وشانەی کە تایبەت بوون بە هەستی ئازاری لـەناکاو لەبـەر بکات و بە هەناسـەبڕکێ ئـەم وشـانە بـۆ مامۆسـتای ئینگلیـزی بڵێتـەوە، کـە هەمیشـە بەچـاوی خەواڵووەوە پاڵی بە دەرگاکەوە دەدایەوە. بەڵام هەرکات مەك دەردەکەوت، کارل هەموو ناڕەزاییـەکانی بەرامبەر ئەسپسواری وەلا دەنان. ئیـدی کـابرای بـەژن بـەرزیان بـەدوی کـاری خۆیـدا دەنـارد و لـە ڕاڕەوەکەدا کە هێشتا نیوەتاریك بوو، دەنگێك جگە لە غاردان و چوارناڵی سمـی ئەسـپ نەدەبیسـترا، جگە لە دەستی مەك کە بەرزی کردبووەوە تاکو فەرمانی پێویست بە کارل بـدات، بەکـەمی شـتێکی دیکە دەبینرا. لە پاش نیو کاتژمێر چێژوەرگرتن لـە وانـەی ئەسپسـوار، کـە لـە خـەوێکی زووتێپـەڕ دەچوو، فێرکردنی ئەسپسواری کۆتایی دەهات. مەك کە لە پاش وانەکـە هەمیشـە پەلـەپڕوزی بـوو، خوداحافیزی لە کارل دەکرد. ئەگەر لە ئەسپسـواریی کـارل زۆر ڕازی بووایـە، چـەند جارێـك دەسـتی دەهێنا بە ڕوخساریدا و پاشان دەچوو بەدەم ئیشییەوە. ئەوەندە سەری قاڵ بوو کە تەنانەت نەیـدەتوانی تاکو بەر دەرگا کارل ڕایی بکات. پاشان کارل و مامۆستای ئینگلیـزی سـواری ئوتۆمبێـل دەبـوون و

دەچوون، تاکو فریای وانەی ئینگلیزیی کارل بکەون. لە چوونیاندا بـەزۆری ڕێگاکـەیان قـەدبڕ دەکـرد، چونکە ئەگەر لە شەقامە سەرەکییەکەوە بچوونایە، کە لە فێرگەی ئەسپسوارییەوە تاکو مـاڵی خـاڵی گەلەك درێژ بوو، ترافیك دوایدەخستن و کاتەکەیان بەفیڕۆ دەچوو. بە هەر جۆرێك بوو، پـاش ماوەیـەك ئیدی مامۆستاکەی بۆ فێرگەی ئەسپسواری لەگەڵیدا نەدەهات، چونکە کـارل هەمیشـە سەرزەنشـتی خۆی دەکرد کە ئەو مامۆستا ماندووە ناچار دەکات لەگەڵی بێت بۆ فێرگەی ئەسپسواری، لـە هـەمان کاتدا ئەو ئەندازە زمانەی کە بۆ قسەکردن لەگەڵ مەکدا پێویستی بوو، گەلەك سـنووردار بـوو، بۆیـە داوای لە خاڵی کرد ئەو ئەرکە لەسەر شانی مامۆستاکەی لا بەرێت. خاڵی کەمێك بیری لـە داواکـەی کردەوە و دواجار پێشنیارەکەی پەسەند کرد.

ماوەیەکی زۆری پێچوو تاکو خاڵە جاکوب ڕێگە بدات کارل بە ئەندازەیەکی زۆر کەم لە کارەکـانی سەر دەربکات. هەڵبەت کارل هەمیشە داوای لە خاڵی دەکرد دەرفـەتی ئـەوەی پـێ بـدات سـەر لـە کارەکانی خاڵی دەربکات. خاڵی خاوەنی نووسینگەیەکی کاری بارکردن و گواسـتنەوە بـوو، تـا ئـەو جێگەیەی کە کارل دەیزانی، نووسینگەکەی لەو جۆرە نووسینگانە نەبوو کـە لـە ئـەوروپادا هـەبوون. چونکە کارەکانی نووسینگەکە تەنها گواستنەوەی کالا لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکاربەر نـەبوو، بـەڵکو کاری کۆکردنەوە و ناردنی کەرستەی خاو بـوو، بـۆ کۆمپانیـا گـەورەکان و وەبـەرهێنان و وەرگـرتنی کالای بەرهەمهاتوو ناردنیان بۆ کۆمپانیاکانی دیکە. هەر بۆیە نووسینگەکەی بەجۆرێك هەم کـڕین و هەم بارکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی بڕێکی زۆر لە کالاکانی لە خۆدەگرت. بۆ ئەنجامدانی ئـەم کـارە دەبوو لەگەڵ کڕیارە هەمە جۆرەکانـدا، وردتـرین و ڕێکـوپێکترین پەیوەنـدیی تەلـەفۆنی و تەلـەگرافی هەبێت, تەلەگرافخانەکەی خاڵی نەك تەنیا لە تەلەگرافخانەی ولاتەکەی کارل بچووکتر نـەبوو، کـە لـە ڕابـردوودا هـاوپۆلێکی بـەهۆی ئاشـنایەکییەوە پێـی نیشـان دابـوو، بـەڵکو مـەزنتر بـوو. لـە تەلەفۆنخانەکەشدا چەندین کابینەی تەلەفۆن دەبینـران، کـە بـەردەوام دەرگاکانیـان دەکرایـەوە و پێـوە دەدران و دەنگی کرانەوە و پێوەدانیان لەتاقەت بەدەربوو. خاڵی یەکێك لەم دەرگایانەی کـردەوە، کـارل لە ژێر ڕووناکی چاو بەری گڵۆپێکدا، کەسێکی لەژوورەوە بینی، کـە گـوێی بـە کرانـەوە و داخسـتنی دەرگاکان نەدەدا. بیستۆکەکان[٦] لە ڕێگەی پارچەیەك وایەری باریکی پۆلاییەوە، کە لە بان سـەریەوە تێپەڕدەبوو پەیوەست بوو بە گوێچکەکانیەوە، دەستی ڕاستی خستبووە سـەر مێزێکـی بچـکۆلە، بـە جۆرێك وەك بڵێی دەستی زۆر قورسە، قەلەمێك لە نێوان پەنجەکانیدا بوو و بە خێرایەکی لە ڕادەبـەدەر

٦- بیستۆك: گوشی تەلەفون

شتی دەنووسی. هەوڵی دەدا زۆر قسە نەکات. بەزۆری وادەهاتە پێش چاو ئەگەرچی دەیەوێت ناڕەزایی دەربڕێت یان خوازیاری زانیارییەکی وردتری بێت، بەڵام لەبەر ئەو قسانەی کە کەسی بەرامبەری پێی دەگوت، ناچار دەبوو سەری دابخات و بێ ئەوەی مەبەستەکەی بەجێ بهێنێت درێژە بە نووسین بدات. لە هەمان کاتدا پێویستی نەدەکرد هیچ بڵێت، چونکە خاڵە جاکوب بەهێواشی بە گوێی کارلدا چپاندبووی، تەلەفۆنچی دیکە هاوکات قسەکانی ئەم یاداشت دەکەن و دواتر نووسینەکانیان بەراورد دەکرێت، چەندێ بکرێت هەڵەکانی چاك دەکرێت. لەو کاتەدا کە خاڵە جاکوب و کارل لە کابینەکە هاتنە دەرەوە، کەسێك هات و ئەو یاداشتانەی چەند ساتێك لەمەوپێش نووسیبوویان لەگەڵ خۆیدا بردنی. لە ڕارەوەکەدا کۆمەڵێکی زۆر بە پەلە هاتوچۆیان دەکرد، کەس بەیانی باشی لەکەسی دی نەدەکرد و سڵاوکردن و هەواڵپرسین وەلا نابوو. هەموویان چاوەکانیان لە زەوی بڕیبوو لە پشت یەکدییەوە بەڕێدا دەچوون، دەیانویست بە خێرایی بەدوای کەسی بەردەمیاندا بچن، یاخود چاویان دەبڕییە وشەیەك یان چاویان دەبڕییە ئەو ژمارەیەی کە لە کاغەزەکەی دەستیاندا بوو کە با ڕایدەوەشاند.

کارل لە یەکێك لە سەردانەکانیدا بۆ ئەم باڵەخانەیە، بە خاڵی گوت: "بە راستی لەڕادەبەدەر کارتان کردەوە." ئەگەر کەسێك بیویستایە هەموو باڵەخانەکە ببینێ، چەندین ڕۆژی پێدەچوو، ئەویش ئەگەر تەنیا بیویستایە بە خێرای چاوێك بە هەر بەشێکدا بگێڕێ.

خاڵی گوتی: "لێگەڕێ پێت بڵێم خۆم سی ساڵ لەمەوبەر ئێرەم دروست کردووە. ئەو کات کاروکاسپییەکی بچووکم نزیکی باربەری هەبوو، ئەگەر لە ڕۆژێکدا پێنج سندووقم خاڵی بکردایە، بەرۆژێکی گەورەم دەژمارد، کاتێ دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە لە تاو خۆشحاڵی و غرورمدا لە پێستی خۆمدا جێگەم نەدەبووەوە. ئێستا خەزێنەکانم لە رووی فراوانییەوە، سێیەمین خەزێنەی بەندەرن، خەزێنە کۆنەکەم بۆتە ڕیستۆرانت و خەزێنەی شەست و پێنجەمین گرووپی حەماڵەکانم."

کارل گوتی: " بە راستی ئەمە شتێکی گەلەك نایابە!"

خاڵیشی گوتی: " لە ناو ئەم وڵاتەدا پێشکەوتن گەلەك خێرایە." و لە ناکاو قسەکانی بڕی.

ڕۆژێکیان کە وەك هەموو ڕۆژەکانی دیکە، کارل دەیویست بە تەنیایی نان بخوات، بەرلەوەی دەست بە نانخواردن بکات، خاڵی هات و داوای لێکرد دەستبەجێ خۆی بگۆڕێت و چاکەت و پانتۆڵە رەشەکەی لەبەر بکات، بۆ ئەوەی خواردنی ئێوارە لەگەڵ خاڵی و دوو هاوڕێی بازرگانیدا بخوات. کاتێ کارل لە ژوورەکەی ئەودیو خۆی دەگۆڕی، خاڵی لە پشت مێزەکەیەوە دانیشت و تەماشای ئەو

ڕاهێنانەی دەکرد کە کارل تازە ئەنجامی دابوو. دەستی کێشا بەسەر مێزەکـەدا و بـە دەنگێکـی بـەرز گوتی: " بەراستی شازە!"

بێگومان بە بیستنی ئەم هاندانەی خاڵی، کارل بە خۆشحاڵی و خێرایی جلەکانی گـۆڕی، بـە هـەر جۆرێك بوو، ئێستا کارل تارادەیەك دڵنیا بوو بەسەر زمانی ئینگلیزدا زاڵ بووە.

لە ژووری خواردنەکەی خاڵیدا، کە کارل لە یەکەمین شەوی هاتنیەوە ئەو ژوورەی لـەبیردا مـابوو، دوو پیاوی کەڵەگەت و باڵابەرز لـە جێگـەی خۆیانـدا هەسـتانەوە. لـەکاتی قسـەکردندا دەرکـەوت، یەکێکیان ناوی (گرین)ە و ئەوی دیکەیان (پولەندەر)ە. خاڵی هەرگیز سەبارەت بـە دۆسـتەکانی هـیچ قسەیەکی نەدەکرد و لێدەگەڕا کارل بۆ خۆی ئەوە بدۆزێتەوە، کە چ شتێك لە کەسایەتی ئەواندا گـرنگ و سەرنجڕاکێشە. لە کاتی نانخواردندا تەنها باسی مەسەلەی بازرگانی کراو ئەمەش بۆ کـارل وانەیـەکی باش بوو لە بارەی وشەی بازرگانی ئینگلیزییەوە. ئەوان وازیان لە کارل هێنابوو نانەکـەی بخـوات، وەك بڵێی منداڵێك بوو کە پێویستە ڕەپوڕەق دانیشێت و قاپی خواردنەکـەی خـاڵی بکـات، بـەڵام بـەڕێز گرین بەرەو لای کارل چەمایەوە و لە کاتێکدا هەوڵی دەدا هەر وشـەیەکی بـە ڕوونـی دەربڕێـت، لێـی پرسی بە شێوەیەکی گشتی بیروڕای لەبارەی ئەمریکاوە چـۆنە؟ کـارل لـە کاتێکـدا لـە ژێـر چـاوەوە تەماشای خاڵی دەکرد، لەناو ئەو بێدەنگییە مەرگهێنـەرەدا کـە بـاڵی بەسـەر ژوورەکـەدا کێشـابوو، وەڵامێکی تێروتەسەلی دایەوە، بە شێوەیەك لە کاتی قسەکانیدا دەربـڕینی هەنـدێ وشـەی تایبـەتیی نیۆیۆرکیشی بـەکارهێنا، تـاکو ئـەوان خۆشـحاڵ بکـات. بـە دەربـڕینی یـەکێك لـە دەسـتەواژەکان هەرسێکیان پێکەنین، کارل ترسا ڕەنگە هەڵەیەکی گەورەی کردبێت، بـەڵام هەڵـەی نـەکردبوو، بـەڕێز پولەندەر پێی گوت شتێکی سەرنجڕاکێشی گوتووە. وادیار بوو بەڕێز پولەندەر خۆشی لە کارل هـاتبوو، کاتێك خاڵە جاکوب و بەڕێز گرین خەریکی باس وخوازی بازرگـانی بـوون، بـەڕێز پولەنـدەر داوای لـە کارل کرد کورسییەکەی خۆی لێ نزیك بکاتەوە. پرسیارگەلێکی بێشـوماری لـەبارەی نـاو و خێـزان و سەفەرەکەیەوە لێ کرد. دواجار لەکاتێکدا کە پێدەکەنی و دەکۆکی، لەبارەی خۆی و کچـەکەیەوە بـۆ کارل دوا و گوتی خۆی و کچەکەی پێکەوە لە ماڵێکی بچووکی کوێستانی دەرەوەی نیۆیـۆرك دەژیـن. درێژەی دا بە قسەکانی و گوتی شەوان دەڕۆن بۆ ئەوێندەر و بـە ڕۆژدا ناچـارن لـە نیۆیـۆرك بمێننـەوە، چونکە بانقدارە و ناچارە تەواوی ڕۆژ لە نیۆیۆرك بێت. دواجار بـە گـەرموگوڕی داوای لـە کـارل کـرد سەردانی ماڵە کوێستانییەکەی بکات. ئەمریکییەکی تازەهاتوو و بێئەزموونی وەك کـارل، بێگومـان پێویستی بەوە هەبوو، ئەگەر تەنیا بۆ گۆڕینی ئاووهەواش بێت، هەندێجار بڕواتە دەرەوەی نیۆیـۆرك. کارل یەکسەر داوای لە خاڵی کرد، تاکو بانگهێشتەکەی بەڕێز پولەنـدەر قبـووڵ بکـات، خاڵیشـی بـە

خۆشحاڵییەوە ڕازی بوو، بەڵام بەو جۆرەی کە کارل و بەڕێز پولەندەر چاوەڕێیان دەکرد، خاڵی کاتی سەردانەکەی بۆ ماڵە کوێستانییەکەی بەڕێز پولەندەر دیاری نەکرد و تەنانەت ڕێگەشی نەدا کاتی سەردانەکە بێتە ناو قسەکانیانەوە.

بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر کارلیان بۆ یەکێك لە نووسینگەکانی خاڵی بانگ کرد(خاڵی تەنیا لەو باڵەخانەیەدا دە نووسینگەی هەبوو)، کاتێ کارل چوو بۆ نووسینگەکەی خاڵی، بەڕێز پولەندەر و خاڵی لەسەر قەنەفە دانیشتبوون و پاڵیان دابووەوە و خۆش خۆش پێکەوە قسەیان دەکرد.

خاڵە جاکوب کە لە بولێڵی دەمەو ئێوارەدا بە ئاستەم دەبینرا، بە کارلی گوت: "بەڕێز پولەندەر، بەڵێ، بەڕێز پولەندەر هاتووە بەوجۆرەی کە دوێنی بڕیاری دابوو، لەگەڵ خۆی بتبات بۆ ماڵە کوێستانییەکەی."

کارل وەڵامی دایەوە: "نەمدەزانی دەبێ ئەمڕۆ بڕۆم، گەرنا خۆم ئامادە دەکرد."

خاڵی گوتی: " ئەگەر ئێستا ئامادە نیت، ڕەنگە باشتر وابێت سەردانەکەت بخەیتە کاتێکی دیکە."

بەڕێز پولەندەر هاواری کرد: "پێویستی بە ئامادەبوون نییە، گەنج پێویستە هەمیشە ئامادەی هەموو شتێك بێت."

خاڵە جاکوب لە کاتێکدا ڕووی قسەی کردبووە میوانەکەی، گوتی:"ئەم قسانە لەبەر ئەو ناکەم، دەبێت دووبارە بگەڕێتەوە ژوورەکەی تاکو خۆی ئامادە بکات، ئەمەش تۆ دەخاتە چاوەڕوانییەوە."

بەڕێز پولەندەر گوتی:" من کاتم زۆرە، دەمزانی دەبێ کەمێك چاوەڕوان بم، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە کەمێك زووتر لە نووسینگەکەی خۆم هاتمەدەرەوە."

خاڵە جاکوب گوتی: " دەبینی سەردانت بۆ ماڵی بەڕێز پولەندەر چ زەحمەتێکی دروست کردەوە."

کارل گوتی: " زۆر بەداخەوەم، بەڵام لە خولەکێك زیاترم پێناچێت و یەکسەر دەگەڕێمەوە."

ئەمەی گوتو ویستی بە پەلە بڕواتە دەرەوە.

بەڕێز پولەندەر گوتی:" پەلە مەکە، هەر بۆ من گرنگ نییە، بە پێچەوانەوە زۆر ئاساییە، لەبەر ئەوەی سەردانی ماڵەکەم دەکەیت، گەلەك خۆشحاڵم."

"بەیانی ناتوانی بچیت بۆ فێرگەی ئەسپسواری، بەرنامەی ڕاهێنانی ئەسپسواریت هەڵوەشاندووەتەوە؟"

کارل گوتی: "نەخێر." ئەم سەفەرەی کە کارل ئەو هەمووە چاوەڕێی کردبوو، ئێستا وردە وردە سەرئێشەی بۆ دروست دەکرد. گوتی: "نەمدەزانی-"

خاڵی پرسی: "مەبەستت ئەوەیە لەگەڵ هەموو ئەم شتانەدا دەتەوێت بڕۆیت؟"

بەڕێز پولەندەر کە پیاوێکی دلۆڤان بوو بۆ یارمەتیدانی کارل هاتە قسە و گوتی: "ئێمە لە ڕێگە سەردانی فێرگەی ئەسپسواری دەکەین و هەموو شتەکان ڕێك دەخەین."

خالە جاکوب گوتی: "راستە، بەڵام بەیانی مەك چاوەڕوانیت دەکات."

کارل گوتی:"چاوەڕێم ناکات، بەڵام بە هەرجۆرێك بێت، سەروگوێلاکی دەردەکەوێت."

خالە جاکوب کە وەك بڵێی وەڵامەکەی کارل بە تەواوی ڕازی نەکردبێت، گوتی: "کەچی؟"

دیسانەوە بەڕێز پولەندەر فریای کارل کەوت:"بەڵام کلاراش-"-کلارا کچی بوو-"چاوەڕێی دەکات، ئەمشەو چاوەڕوانیەتی، بە دڵنیاییەوە بینیی کلارا بۆ کارل لە مەك پێویستترە."

خالە جاکوب گوتی: "هەڵبەتە. کەوایە هەر ئێستا بڕۆ بۆ ژوورەکەت." و نەویستانە چەند جارێك کێشای بە دەسکی قەنەفەکەدا. کارل گەشتبووە لای دەرگاکە و خالی بە پرسیارێك ڕایوەستاند: "هەڵبەتە بەیانی بۆ وانەی ئینگلیزی دەگەڕێیتەوە، وانییە؟"

بەڕێز پولەندەر تا ئەو جێگەیەی کە جەستەی قەڵەوی ڕێگەی پێدەدا، بە سەرسامییەوە رووی وەرگێڕا و گوتی: " بەڵام هاوڕێی ئازیزم، ناتەوێت ڕێگەی پێ بدەیت، کەمێك زیاتر لای ئێمە بمێنێتەوە؟ ناکرێت دووبەیانی زوو بگەڕێتەوە؟"

خالە جاکوب گوتی:" هەرگیز. ڕێگەی نادەم بەمشێوەیە لە وانەکانی دابڕێت. پاشان دواتر ئەگەر کارێکی بۆ خۆی چنگ خست، ئەو کات دەتوانم ڕێگەی پێ بدەم، میوانداریەکی وەها پڕ لە سۆزو غرور قبووڵ بکات و هەرچەندە حەز دەکات لەوێندەر بمێنێتەوە."

کارل بەخۆی گوت:" قسەکانی چەندە دژبەیەکن!"

بەڕێز پولەندەر گەلەك دڵتەنگ بوو و گوتی:" بەڵام تەنیا بۆ ئێوارەیەك و شەوێك، ئەوە ناهێنێت مرۆڤ خۆی بۆ بخاتە زەحمەتەوە."

خالە جاکوب گوتی:"منیش هەروا بیر دەکەمەوە."

بەڕێز پولەندەر دووبارە پێکەنی و گوتی: " مرۆڤ دەبێ شوکرانە بکات." و پاشان رووی کردە کارل، کە ئێستا ئیدی خالی نەیدەویست شتێکی دیکەی پێ بڵێت و خەریك بوو بە پەلە دەچووە دەرەوە، هاواری لێ کرد: "زۆرباشە، من چاوەڕێت دەکەم."

کاتێ کارل لە پاش ماوەیەك گەڕایەوە و خۆی بۆ سەفەرەکەی ئامادە کردبوو، بینی خالی لەوێ نییە و بەتەنها بەڕێز پولەندەر لە نووسینگەکەیە. بەڕێز پولەندەر بەهەردوو دەستی، دەستی کارلی گوشی، وەك بڵێی دەیویست باوەڕ بەوە بهێنێت، دواجار کارل دێت بۆ ماڵەکەی. کارل هێشتا

پەلەوپڕوزی پێوە دیاربوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەستی بەڕێز پولەندەری گوشی و لەناخی دڵەوە بەوە خۆشحاڵ بوو کە بۆ ماڵەکەی دەڕوات.

" خالّم بە هاتنم نارەحەت بوو؟"

"بەهیچ جۆرێك! قسەکانی زۆر بەجدی نەبوو. تەنها خەمی خوێندنەکەتیەتی."

" خۆی پێی گوتی کە قسەکانی بە جدی نییە؟"

بەڕێز پولەندەر کە قسەکانی درێژ دەکردەوە تاکو ئەوە بیسەلمێنێ درۆ ناکات: "ئەها، بەڵێ."

"سەیرە، هەرچەندە ئێوە هاوڕێی خالّمن، کەچی حەزی نەدەکرد ڕێگەم پێبدات بێم بۆ ماڵتان."

کاتێ لەو ئێوارەیەدا بە ئۆتۆمبێلەکەی بەڕێز پولەندەر بۆ ماڵەوەیان دەچوون، بەڕێز پولەندەر دانی بەوەدا نەدەنا کە ناتوانێت چارەیەك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە، کارل بۆ ماوەیەك بیری لەم مەسەلەیە کردەوە. هەرچەندە لە دەمی چوونیاندا سەبارەت بە هەندێ مەسەلەی دیکەش قسەیان کرد.

لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا لە نزیك یەکدییەوە دانیشتبوون و بەڕێز پولەندەر لە کاتی قسەکردندا دەستی خستبووە ناو دەستی کارل. کارل گەلەك تامەزرۆی ئەوە بوو، هەرچی زیاتر لەبارەی خانم کلاراوە شتگەلێك ببیستێت. وەك بلّێی گوێگرتنی لەو چیرۆکانەی کە دەبووە هۆی تێپەڕبوونی کات، ماندوویەتی ئەو ڕێگە درێژەی لەبیر دەبردەوە. پێشتر هەرگیز بە شەودا بە ئۆتۆمبێل بە شەقامەکانی نیۆیۆرکدا ڕەد نەببوو، بەڵام لە کاتی چوونیاندا شەقامەکان ئەوەندە قەرەبالّغ بوون، وەك بلّێی لە ناو گێژەلّووکەیەکدا گیریان خواردبێت، گێژەلّووکەیەك کە بەتەواوی بە مرۆ بێگانە و نامۆ بوو و لورەلوڕی دەهات. کارل زۆری لەخۆی دەکرد گوێ بۆ قسەکانی بەڕێز پولەندەر ڕاگرێت، جگە لە هێلەکەکەی بەڕێز پولەندەر، نەیدەتوانی سەیری هیچ شتێك بکات، هێلەکەکەی بەڕێز پولەندەر زنجیرێکی ئالّتونی بەشێوەی پردێك پێدا شۆڕببووەوە. لە شەقامە سەرەکییەکەدا تەماشاکەرانی شانۆ کە دیاربوو لەوە دەترسان بە شانۆکە نەگەن، بە پەلەوپڕوز بەڕێگادا دەچوون، یاخود بەوپەڕی خێراییەوە ئۆتۆمبیلیان دەئاژوو. کارل و بەڕێز پولەندەر قۆناغ بە قۆناغ بە کەناری شار دەگەشتن، چونکە لە شەقامەکاندا کرێکارانی کانزا مانیان گرتبوو، بەم هۆیەوە تەنها ڕێگەیان بە هەندێ لە ئۆتۆمبێلەکان دەدا لە چوارڕیانەکەدا دەرچن، ئەویش بەناچارییەوە. ئەو پۆلیسانەی سوارەی ئەسپ بوون ئۆتۆمبێلەکەی ئەوانیان گەرەك بە گەرەك ڕێنمایی دەکرد. کاتێ ئۆتۆمبێلەکەیان لە تاریکییەکە هاتە دەرەوە، کە دەنگی مەکینەکەی لە گەڕەکە باریکەکاندا دەنگی دەدایەوە، لە یەکێك لە شەقامە گشتییەکانەوە تێپەڕین، کە فراوانی شەقامەکە هێندەی مەیدانێك دەبوو. لەهەردوو لای شەقامەکەوە دیمەنی

بێکۆتـای شۆسـتەکان دەبینـرا، خـەڵکێکی زۆر بـەکاوەخۆ بەسـەریاندا بەڕێـدا دەچـوون و دەنگـی سروودەکەیان تەنانەت لە دەنگی تاقە کەسێك ڕێکتر بوو.

بەڵام ئەو شەقامەی کە ئازاد کرابوو، لەمبەر ولەوبەریەوە پۆلیسە سوارەکان دەبینران، کـە بەسـەر پشتی ئەسپە راوەستاوەکانیانەوە دانیشتبوون، یان کەسانی ئاڵا بەدەست دەبینران، یاخود لافیتـەی پـڕ لە دروشم دەبینران کە لەمسەری شەقامەکەوە بۆ ئەوسەری شـەقامەکە هەڵواسـرابوون. هەنـدێجاریش ڕێبەری کرێکارەکان دەبینرا، کە هاوکارو پشتیوانەکانی دەوریان دابوو، یان تراموای کارەبایی دەبینـرا، کە نەیدەتوانی بە خێرایی پێویست لەو شەقامە تێپەڕێت، لە گۆشـەیەکدا راوەسـتابوو و لـە موسـافیر بەتاڵ بوو و سەرنشین و شۆفێر و بلیت فرۆشەکەی لە سەر سەکۆیەك دانیشتبوون.

گرووپێکـی کـەم لـە تەماشـاکەران بـە پەیجۆرییـەوە لـە دوورەوە راوەسـتابوون و تەماشـای مانگرتووەکانیان دەکرد. ئەم گرووپە لە جێگەی خۆیاندا وشك ببوون و نەیاندەزانی ئـاخۆ ئێسـتا چـی ڕوودەدات. بەڵام کارل بە خۆشحاڵییەوە بە بازووی بەڕێز پولەنـدەرەوە پـاڵی دابـووەوە کـە خسـتبوویە سەرشانی. کارل بە هۆی ئەوەی کە دەیزانی بەم زووانە دەبێتە میوانی ماڵێکی کوێستانی ڕووناك، کـە دیوارگەلی بەرز دەورەیان داوە و سەگگەل پاسـەوانی دەکـەن و بـە باشـی پێشـوازی لێدەکـەن، لـەناو خۆشییەکی لەڕادەبەدەردا نوقم ببوو. ئەگەرچی ئێستا خەریك بوو خەوی لـێ دەکـەوت و لـە هـەموو قسەکانی بەڕێز پولەندەر بە جوانی تێنەدەگەیشت، یان تاك تاك لە قسـەکانی تێدەگەیشـت، تـاو نـا تاوێك خۆی جەم و جۆر دەکرد و چاوەکانی بەدەست دەکلۆفی، تاکو بزانێت ئایا بـەڕێز پولەنـدەر ئاگـای لە خەواڵویەتی ئەو هەیە یان نا؟ چونکە بەهەر نرخێك بوو، کـارل نەیدەویسـت بـەڕێز پۆلەنـدەر لـەوە تێبگات وەنەوز دەدات.

## (٣)

# ماڵە کوێستانییەکەی نزیک نیوێۆرک

کارل لە یەکێك لە بێخەمترین ساتەکانیدا ڕۆچوبوو، کاتێ کە بەڕێز پولەندەر لەناکاو گوتی: "ئاخرییەکەی گەیشتین" ئۆتۆمبێلەکەی لە نزیك ماڵێکەوە راگرت، ماڵەکەی هەروەکو ماڵی زۆربەی سەرمایەدارەکانی دەوروبەری نیوێۆرك، لەوە گەورەتر و بەرزتر بوو کە خێزانێك پێویستی پێبوو. لەبەر ئەوەی تەنها گلۆپەکانی نهۆمی خوارەوە داگیرسابوون، مرۆ بە زەحمەت دەیتوانی مەزەندە بکات کە باڵەخانەکە چەندە بەرزە. لەبەردەم ماڵەکەی بەڕێز پولەندەردا گەڵای داربەڕووەکان خشەخشیان دەهات، بە ناوەراستیاندا ڕیگەیەکی کورت کە دەروازەیەکی والای هەبوو بە قادرمەی دەرگای ماڵەکە دەگەشت.

کارل لە کاتی دابەزینیدا بە جۆرێ هەستی بە ماندوویەتی دەکرد، بیری کردەوە بە دڵنیاییەوە ڕێگەی سەفەرەکەیان گەلێك درێژ بووە. لە ڕیگەی ناوەراستی داربەڕووەکاندا لە نزیك خۆیەوە دەنگی کچێکی بیست، کە دەیگوت:" بەڕێز جاکوب ئاخرییەکەی گەیشت."

کارل دەستی کچەکە کە تەنیا نیوەی ڕووخساری دیار بوو گرت و گوشی و گوتی: "من ناوم ڕاسمانە."

بەڕێز پولەندەر قسەکانی بۆ تەواو کرد و گوتی:" ئەو تەنیا خوشکەزای سیناتۆر جاکوبە، ناوی کارل ڕاسمانە."

کچەکە کە زۆر گوێی بە ناو نەدەدا، گوتی: " بۆ من جیاوازی نییە ناوت هەرچییەك بێت. بەهەرحاڵ بە بینینت گەلێك خۆشحاڵم."

کارل کە لە ناوەراستی بەڕێز پولەندەر و کچەکەیدا بەرەو ماڵەکە کەوتبووە ڕێ، پرسی: "تۆ کلارا خانمیت؟"

کچە گوتی: "بەڵێ."

ئێستا کە ڕووناکی کزی ناو ماڵەکە بەر ڕووخساری کچەکە دەکەوت، رووی لە کارل کرد و گوتی:"بەڵێ، من کلارام، بەڵام نەمدەویست لە تاریکییەکدا خۆمت پێ بناسێنم."

کارل لە کاتێکدا شانبەشانی کلارا بەڕێدا دەچوو، وەك بڵێی وردە وردە لە خەو بێدار دەبووەوە، بە خۆی گوت: "ئاخۆ بۆچی لەبەردەم قاپییە گەورەکەدا چاوەڕێی کردبین؟"

کلارا گوتی:" لەراستیدا ئەمشەو میوانێکی دیکەشمان هەیە!"

پولەندەر بە تووڕەییەوە هاواری کرد:" ڕێی تێناچێ."

کلارا گوتی:" بەڕێز گرینە."

کارل کە وەك بڵێی هەستی شەشەمی شتێکی پێدەڵێت، گوتی:" کەی هاتووە؟"

" ڕێك خولەکێك لەمەوپێش هاتووە. مەگەر دەنگی ئۆتۆمبێلەکەتان نەبیست؟"

کارل چاوێکی لە بەڕێز پولەندەر کرد، تاکو بزانێت رای بەرامبەر قسەکانی کلاراوە چییە؟ بەڵام بەڕێز پولەندەر کە دەستی لە گیرفانی پانتۆڵەکانی نابوو لەم کاتەدا کەمێك پێی هەڵنوتا.

" ژیان لە دەوروبەری نیۆیۆرك زۆر بێسوودە، وا نەزانی مرۆڤ لێرە ئاسوودە دەبێت، تەنانەت ئەگەر ماڵەکەم ئەوەندە دوور بێت پێویست بکات بەدرێژایی شەو شۆفێری بکەم، ئینجا بگەمە ماڵەوە، ئەوا هەر ماڵەکەم دەگۆڕم و لە شوێنێکی دوورتر ماڵ دەکرم."

ئێستا هەر سێکیان لەسەر قادرمەکان راوەستابوون.

کلارا کە دیاربوو لەگەڵ قسەکانی باوکیدا هاوڕایە، هەوڵی دا دڵنەوایی بداتەوە و لەو دۆخە دەریبێهێنێ، گوتی:" باوە ئاخر دەمێکە بەڕێز گرین بۆ ئێرە نەهاتووە!"

پولەندەر گوتی:" ئەی بۆچی ئەمشەو هاتووە بۆ ئێرە؟" لێوی خوارەوەی کە هەروەکو گۆشتێکی سست و قورس زوو زوو دەجووڵا و وشەکانی بە ڕق و تووڕەییەوە لە زاری بەردەبوونەوە.

کلارا گوتی:" بەڵێ، راست دەکەن!"

کارل سەرسام بوو لەوەی بۆچی ڕۆژی پێشتر لە بەرامبەر ئەم کەسانە کە بە تەواوی بێگانە بوو کەچی ئێستا هەستی بە هاوخەمی دەکرد، بۆیە گوتی:"رەنگە زۆر نەمێنێتەوە!"

کلارا گوتی:" ئۆی نا، کارێکی گرنگی بە بابە هەیە و رەنگە قسەکردنەکەیان زۆری پێ بچێت. چونکە بە گاڵتەوە پێی گوتم، ئەگەر دەتەوێت خانەخوێیەکی بەڕێز بیت، پێویستە تا بەیانی بە بێداری بمێنیتەوە."

بەڕێز پولەندەر کە هیچ شتێك وەك ئەم قسانە تووڕەی نەدەکرد، هاواری کرد:" بە تەواوی بێتامی کردووە، کەوایە دەیەوێت ئەمشەو لێرە بمێنێتەوە." پاشان گوتی:" لە راستیدا وابیردەکەمەوە..." لە کاتێکدا بەڕێز پولەندەر ڕووگرژییەکەی ئارام دەبووەوە، درێژەی پێ دا:"

له راستیدا بەڕێز ڕاسمان مــن وا بیردەکەمــەوە، دووبــارە تــۆ ســواری ئۆتۆمبێلەکــەم بکــەم و بتبەمەوە بۆ لای خاڵت. دیارە ئەمشەو هەر لە سەرەتاوە بەخەســار چــووە و کــێ دەڵێــت بــۆ جارێکی دیکەش خاڵت ڕێگەت دەدا بێیتەوە بۆ ئێــرە. بــەڵام ئەگــەر ئەمشــەو بتگەڕێنمــەوە بۆلای خاڵت، بۆ جارێکی دیکە ناتوانێت ڕێگەت پێنەدات بێیتەوە بۆ لامان."

دەستبەجێ دەستی کارلی گرت، تاکو خێرا بیباتەوە بــۆ ماڵــەوە. بــەڵام کــارل نــەجووڵاو کلاراش داوای لە باوکی کرد کارل نەباتەوە. چونکە بەمانەوەی کارل بەلانیکەمەوە ڕێگە نادەن بەڕێز گرین وەڕزیان بکات. دواجار بەڕێز پولەندەر بۆ خۆیشی تێگەیشت، بڕیارەکەی ئەوەندە بە جدی نەبوو. لە هەمان کاتدا- ڕەنگە ئەمە یەکلاکەرەوەترین شت بوو- لەناکاو لەسەر ئەو قادرمانە کە بە باخەکە کۆتایی دەهات، دەنگی بەڕێز گرینیان بیست، کــە هــاواری دەکــرد:" ئەرێ تۆ لە کوێی؟"

بەڕێز پولەندەر گوتی: "وادێم." لە قادرمەکانەوە چووە سەرەوە. پــاش ئــەویش، کــارل و کلارا کە ئێستا لەژێر ڕووناکییەکەدا لەیەکدی ورد دەبوونەوە هاتن.

کارل لەبەر خۆیەوە گوتی: " لێــوی چــەندە ســوورە!) پاشــان کەوتــە بــیری لێــوی بــەڕێز پولەندەر، چەندە بە جوانی شێوەی لێوی گوێزرابووەوە بۆ کچەکەی.

کلارا گوتی: " ئەگەر حەز بکەیت، لەپاش خوانی ئێوارە یەکسەر دەچین بــۆ ژوورەکــەی خــۆم، تاکو لەدەست بەڕێز گرین ڕزگارمان بێت. بابم ناچارە بەدیارییەوە بێت. پاشان ئەگــەر پێــت خــۆش بێت پیانۆم بۆ بژەنە، چونکە بابە پێی گوتم زۆر بەجوانی پیانۆ دەژەنی، بەداخــەوە هەرچــەندە مــن عاشقی پیانۆم، تاکو ئێستا مەشقم لەسەر پیانۆ نەکردووە و هەرگیز دەستم لێی نەداوە."

کارل هەرچەندە حــەزی دەکــرد بــەڕێز پولەندەریشــیان لەگــەڵ بێــت، ئەوەنــدەی نــەمابوو پێشنیارەکەی کلارا قبووڵ بکات. بەڵام لە پاش بینینی بەژنوباڵای دێوئاسایی بــەڕێز گــرین- دەبێ ئەوەش بگوترێت پێشتر بە بەژنوباڵای بەڕێز پولەندەر ڕاهاتبوو- کە سێبەری بــەژنوباڵای لە بان قادرمەکانەوە بەسەر ئەواندا دەیڕوانی، ئەو شەوە کارل هەموو ئومێدێکی بەباچوو، بــۆ ئەوەی کارێك بکات کە بەڕێز پولەندەر لەدەست بەڕێز گرین ڕزگاری بێت.

بەڕێز گرین کە وەك بڵێی تاکو ئێستا کاتێکی زۆری لە کیس چوو بێت، بــە پەلــە سڵاوی لێکردن و دەستی بەڕێز پولەندەری گرت و کارل و کــلارای وەپــێش خــۆی خســت و بــۆ ژووری میوان وەڕێیخستن. گوڵەکانی سەرمێزی ژووری میــوان کــە لــە لقــی گوڵــە شــەوزە و تــەڕو

تازەکانـەوە لێکرابوونـەوە، دیمـەنی ژوورەکـەیان جـوان کردبـوو. دیمـەنی جـوانی ژوورەکـە ئامادەبوونی بەڕێز گرینی پێداگری دووبەرابەر ناشیرینتر دەکرد.

کاتێ کارل لە تەنیشت مێزەکەوە چاوەڕێ بوو تاکو ئەوانی دیکە دانیشن، دڵنەوایی خـۆی بـەوە دەدایەوە، کە ئەو دەرگا شووشەیەی کە لە ژوورەکەدابوو بەسەر باخەکەدا دەیڕوانی هەر بەوجۆرە بـە کراوەیی دەمێنێتەوە. چونکە ئەو بۆنە خۆشەی کـە لـەناو باخەکـەوە وەژوور دەکـەوت، بـەجۆرێك خۆش بوو، دەتگوت لەناو باخێکدا لە ژێر سەیوانێك دانیشتووە. بەڵام بەڕێز گرین مرخەیەکی کـرد و هەستا و چوو دەرگا شووشەیەکەی داخست، چـەمایەوە و هـەردوو قوفڵەکـەی لـە خـوارەوە بـۆ سەرەوە داخست، وەها بەخێرای و چاپووکی ئەم کارەی ئەنجام دا، کە کاتێ خزمەتکارەکە بەرەو لای دەرگاکە پڕتاوی کرد، بینی هیچ کارێك بۆ ئەو نەماوەتەوە تاکو ئەنجامی بدات. کاتێك بەڕێز گـرین گەڕایەوە بۆ لای مێزەکە، سەرسامی خۆی لەوە دەربڕی، کە چۆن خاڵی ئیزنی بە کارل داوە ئەم شەو سەردانی ئێرە بکات؟ بەڕێز گرین لەکاتێکدا بەپەلە خەریکی خواردنی سووپەکەی بـوو، ئـەوەی بـۆ کلارا کە لە لای راست و بەڕێز پولەندەر کە لەلای چەپەوە دانیشتبوون ڕوون کردەوە، کە بۆچی لـەم بابەتە ئەوەندە سەری سـوڕماوە، هـەروەها ئـەوەی ڕوون کـردەووە کـە خاڵـە جـاکوب چـەندە بـە نیگەرانییەوە چاودێری کارل دەکـات. بـە بـڕوای بـەڕێز گـرین خۆشەویسـتیی خاڵـە جـاکوب بـۆ خوشکەزاکەی، لە خۆشەویستیی ئاسایی خاڵۆیەك دەرچووە.

کارل بەخۆی دەگوت:" نەك تەنها لێرە بۆتە ملۆزمە بۆمان، بـەڵکو خەریکـە خۆشـی لـە پەیوەندیی نێوان من و خاڵمدا هەڵدەقورتێنێت." هێشتا یەك دڵۆپ لە سوپە رەنگە زردەکەی بە گەروویدا نەچووبووە خوارەوە، بەڵام بۆ ئەوەی پشوو بدات، هێواش هێواش کەوتە خـواردنی سوپەکەی. خوانەکە بە هێواشییەکی ئەشکەنجەدەر دەچووە پێشێ. بەڕێز گـرین بـە هاوکـاری کلارا بە هەموو شێوەیەك خۆشحاڵی دەردەبڕی. کاتێ بەڕێز گرین لەبارەی کاروبارەوە دەسـتی بە قسە کرد، بەڕێز پولەندەر یەك دووجار ئەم قسانەی بڕی تاکو لـەم باسـانە دوورکەوێتـەوە، بەڕێز گرین ناچاربوو بۆ قسەکردن لەسەر هەمان بابـەتی چـاوەڕواننەکراو بەقسـەی بهێنێـت. سەرەڕای ئەوەش، بەڕێز گرین بەردەوام پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە (کارل ئێستا وەهـا بـە وردی گوێی ڕاگرتبوو، وەك بڵێی هەڕەشەی لێدەکەن، بەجۆرێك کە کلارا ناچاربوو پێـی بڵێـت قاپی خواردنەکەی لەبەردەستدایە، ئەو کە ئەم ئێوارەیە میوانە بۆچی خواردنەکەی نـاخوات.) ئەو پێشتر بە هیچ شێوەیەك بڕیاری نەداوە لەم میوانییەدا ئامادە بێ. چونکە ئەگەرچـی ئـەو مەسەلەیەی کە ئێستا بۆ باسکردنی بۆ ئێرە هـاتبوو، گرنگییـەکی تایبـەتی هـەبوو، دەکـرا

ئەمڕۆ لە شاردا گرنگترین بەشی مەسەلەکە چارە بکەن و بەشە لاوەکییەکانیش بۆ بەیانی یان کاتێکی دیکە هەڵبگرن. بەم هۆیەوە ماوەیەك بەر لەداخستنی نووسینگەکەی بەڕێز پۆلەنـدەر سەردانی نووسینگەکەی کردبوو، بەڵام لەوێ نەببوو، پاشان تەلـەفۆنی بـۆ ماڵـەوە کردبـوو و گوتبووی ئەمشەو نایمەوە بۆ ماڵەوە و دەچم بۆ ماڵی بەڕێز پولەندەر.

کارل بەرلەوەی دەرفەتی وەلامدانەوە بە کەسیان بدات، بە دەنگێکی بەرز گوتی:" کەوایـە دەبێت من داوای لێبوردن لە تۆ بکەم، چونکە من بوومەتە هۆی ئەوەی کـە بـەڕێز پولەنـدەر لەجاران زووتر نووسینگەکەی بەجێ بهێڵێ، لەم ڕووەوە زۆر داوای لێبوردن دەکەم."

بەڕێز پولەندەر هەوڵیدا بە دەسڕی سفرەکە دەموچاوی بشارێتەوە. کلارا بە کارل پێکـەنی، بەلا م پێکەنینەکەی لە هەستی هاوخەمیەوە نەبوو، بەڵکو دەیویست بـەم کـارەی بـە جۆرێـك کارل بخاتە ژێر کاریگەریەوە.

بەڕێز گرین لە کاتێکدا بە چەقۆ تیژەکە گۆشتی کۆتری دەبڕی، گوتی:" پێویست بە داوای لێبوردن ناکات، بە پێچەوانەوە، من خۆشحاڵم لەجیاتی ئەوەی لەماڵەوە بە تەنیا شیو بخـۆم، ئەو شانازییەم پێ ببڕێت کە لەتەك ئێوەدا شیو بخۆم، چونکە لە ماڵەوە تەنیا پیرەژنێك خواردنم بۆ دێنێ. ژنەکە هێند پیرە تەنیا بۆ ئەوەی لە بەردەرگاکـەوە بگاتـە لای مێزەکـە ماوەیـەکی پێدەچێت، تاکو ئەو دەگاتە سەرمێزەکە من هەموو جارێك دەتوانم لـە کورسـییەکەمدا پـاڵ بدەمەوە و تەماشای هاتوچۆکانی بکەم. تا ئەم دواییـەش نـەمتوانیوە ڕازی بکـەم، ئیـزن بـە خزمەتکارەکەمان بدات قاپوقاچەغەکانمان تاکو بەردەم ژووری نـانخواردن بـۆ بهێنێـت. بـەلام ئەوەی کە تاکو ئێستا سەرم لێدەرکردەوە، ئەوەیە کە سەفەرەکەی لـە دەرگاکـەوە تـاکو سـەر مێزەکە، تەنها هونەرێکە کە لە خۆیدا نیشانی دەدا."

کلارا بە سەرسامییەوە گوتی:" ئای خودایە، ئەمە چ وەفادارییەکە!"

بەڕێز گرین گوتی:" بەڵێ، هێشتا هەستی وەفاداری لە دونیادا ماوە." کاتێك پارچـەیەك گۆشتی کۆترەکەی لە زاری نا، زمانی-کارل لەمە تێدەگەشت- دەجوولاند و لە لەزەتی گۆشتی کۆترەکە چێژی وەردەگرت. کارل هەستی دەکرد دڵی تێکدەچێت و هەستایەوە، بەلام هاوکـات بەڕێز پولەندەر و کلارا بە یەکەوە دەستیان گرت.

کلارا گوتی: " جارێ کاتی هەستان نییە." کاتێ کارل دانیشتەوە، بـە سـرتە بـە گوێیـدا چپاندی: "دان بەخۆتدا بگرە، بەم زووانە بۆی دەردەچین."

بەڕێز گرین لەم کاتەدا بێخەم و خوێنساردانە مژوولیی نان خـواردن بـوو. وەك بلێـی ئـەو نەبووە کە کارلی تووشی دڵتێکهەڵهاتن کردووە و ئەرکی سروشـتی کـلارا و بـەڕێز پولەنـدەرە دڵنەوایی بدەنەوە.

لەبەر ئەوەی بەڕێز گرین هەر پاروویەك کە دەینایە زاری بە تەواوی وردی دەکرد، بەم هۆیەوە تا دەهات ئێوارەخوانەکەیان درێژەی دەکێشا، بەڵام بەڕێز گرین ئـەم کـارەی ڕێگـەی لـەوە نـەدەگرت هەرکات خواردنێکی تازە بهێنن، بە هەمان ئیشـتهای یەکـەمجاری پـەلاماری نـەدات، وەك بلێـی بڕیاری دابوو کەم خواردنی ماڵەوەی لێرە قەرەبوو بکاتـەوە. هـەموو خولـەکێك جارێـك بـە خـانم کلارایدا هەڵدەدا، کە دیاربوو ئەم پیاهەڵدانـەی دەبـووە هـۆی خۆشـحاڵی کـلارا. بـەڵام کـارل بـە پێچەوانەوە، دەیویست کلارا لەم پیاهەڵدانە بەدوور بگرێت. وەك بلێی بەڕێز گـرین بـەم پیاهەڵدانـە سووکایەتی بە کلارا دەکات. بەڵام بەڕێز گـرین تـەنیا بـە هێرشـکردنە سـەر کـلارا نەدەوەسـتا و ئەگەرچی سەری لەبان قـاپی خواردنەکـەی هەڵنـەدەبڕی، سـەبارەت بـە بـێ ئیشـتیایی کـارلیش بەداخبوونی خۆی دەردەبڕی. ئەگەرچی بەڕێز پولەندەر خانەخوێ بوو و دەبوو ئەو هانی کـارل بـدات بۆ نانخواردن، کەچی لە بێ ئیشتیهای کارل داکۆکی دەکرد. لەبەر ئەوەی کارل بە درێژایی خوانەکـە بە تەواوی کەوتبووە ژێر گوشارەوە بە جۆرێ ڕەنجابوو کە قسەکانی بەڕێز پولەندەریشی بە نادڵسۆزی دەزانی. یەکێك لە نیشانەکانی بێتاقەتی کارل ئەوە بوو، کە لە ناکاو و بێ ڕەچاوکردنی بنـەماکانی دابونەریت، بە پەلە خواردنی دەخوارد و پاشان کـەمێك سـەری دادەخسـت و چـەقۆ و چـەتاڵەکەی لەسەر مێزەکە دادەنا و بێجوڵـە و بەبێـدەنگی دادەنیشـت، بـەم هۆیـەوە ئـەو خزمـەتکارەی کـە خواردنەکەی دەهێنا بۆ بەردەم میوانەکان، نەیدەزانی چی لە کارل بکات؟

بەڕێز گرین گوتی:" بەیانی بە بەڕێز سیناتۆری خاڵت دەڵێم، کە چۆن بـە نـەخواردنی ئـەم خوانە سووکایەتیت بە کلارا خانم کردووە." لە تەك قسەکردنیدا بەشێوەك چەقۆو چـەتاڵەکەی بەکاردەهێنا، کە بەدنیەتی و گاڵتەئامێزی قسەکانی نیشان دەدا.

لە کاتێکدا دەستی بەژێر چەنەی کلارادا دەهێنا، بەم شـێوەیە درێـژەی بـە قسـەکانی دا: "تەماشای ئەم کچە بێچارەیە بکە و ببینە چەندە ڕەنجاوە." کلاراش ڕێگەی لەم کارەی نەگرت و چاوەکانی داخست.

بەڕێز گرین پاڵی بـە کورسـییەکەیەوە دابـووەوە و ڕوخسـاری سـوور هەڵگـەرابوو، وەهـا بەتوندی و بەهێزییەوە پێدەکەنی تـاکو قورقوڕاگـەی دەرکـەوتبوو، هـاواری کـرد:" دامـاوە، داماوە!" کارل لە خۆڕا دانیشتبوو و چاوەڕێی پەرچەکرداری بەڕێز پولەنـدەر بـوو، وەك بلێـی

مەسـەلەیەکی زۆر جـدی رووی دابـوو و تەماشـای دەوروبـەری دەکـرد. بـەڕێز پولەنـدەر کورسییەکەی کارلی لە خۆی نزیك نەکردەوە و کاتێ قسەی دەکرد شتێکی تایبەتی نـەبوو بـە کارلی بلێت و بۆ هەمووان قسەی دەکرد. لەلایەکی دیکەوە رێگەی بە نیۆیۆرکییەکی هـەرزەو بێ ئابڕوی وەك گرین دابوو، قسەی سووك لەگەڵ کلارای کچیدا بکات و سووکایەتی بە خودی پولەندەر بکات و لەگەڵ میوانەکەی وەك منداڵ هەڵسوکەوت بکات و بەردەوامیش زیاتر پـێ راکێشێت، دیاریش نەبوو بە دوای چ کارێکی ترسناکەوەیە؟

پاش ئەوەی کارل هەستایەوە- گرین لەمەبەستی هەموویان تێگەیشتبوو و یەکەمین کەس بوو کە لەسەر مێزەکە هەستابووەوە و ئەوانی دیکەی بەدوای خۆیدا هەسـتانەوە- لـە یـەکێك لەو پەنجەرە گەورانە نزیك بووەوە کە بەسەر هەیوانەکەدا دەیانڕوانی، کاتێك بەرێکەوت چـووە پێشترەوە، بینی هەموویان لە راسـتیدا دەرگـان. کەوایـە ئـەو ڕقـەی کـە بـەڕێز پولەنـدەر و کچەکەی لە سەرەتاوە بەرامبەر گرین دەریان دەبـڕی و کـارل هەسـتی پێنـەکردبوو، ئێسـتا لەکوێ بوو؟

ئێستا باوك و کچ لە تەنیشت بەڕێز گرینەوە راوەسـتابوون و سـەریان بـۆ دەلەقانـد. ئـەو جگەرە بەرگەی کە بەڕێز پولەندەر بە بەڕێز گـرینی پێشـکەش کردبـوو ئێسـتا بەدەسـتییەوە دووکەڵی دەکرد- جگەرەکە ئەوەندە گەورە بوو، کارل وەبیری هاتەوە کە جارێکیان بـاوکی پـێ گوتبوو، ئەم جۆرە جگەرانە تەنها لە نەمسادا هەن، بەڵام رەنگە باوکی هەرگیز جگەرەی لـەم جۆرەی بەچاو نەبینیبێت- دووکەڵی جگەرەکە بە ژوورەکـەدا لـوولی دەخـوارد و کاریگـەریی گرینی لەگەڵ خۆیدا بۆ هەموو سوچ و گۆشە و کـون و قـوژبنێکی ژوورەکـە دەبـرد، بـۆ ئـەو شوێنانەی دەبرد کە خودی گرین نەیدەتوانی بۆیان بڕوات. ئەگەرچـی کـارل دوور بـوو، بـەڵام دووکەڵی جگەرەکە هەر کەپووی نارەحەت دەکرد. کارل لەلای پەنجەرەکەوە بە پەلە تەماشـای گرینی کرد و دەستبەجێ رووی وەرگێـڕا، ڕەفتارەکـانی گـرین لەبـەر چـاوی گـەلێك ناشـیرین دەردەکەوتن. وەبیری هاتەوە بۆچی خاڵی ئەوەندە لە ڕێگەپێدانی بۆ ماڵی پولەنـدەر بـەگومان بووە، هۆی سادەی ئەم دوودڵیە بـۆ لاوازی کەسـایەتیی بـەڕێز پولەنـدەر دەگەڕایـەوە. خـاڵی توانیبووی ئەگەری سووکایەتی کردن بە کارل لە زیهنیدا وێنا بکات، هەرچـەندە بـە کردەیـی پێشبینی ئەمەی نەکردبوو. سەبارەت بە کچە ئەمریکییەکە، هەرچەندە هەمان جوانی هـەبوو کە کارل وێنای کردبوو، بەڵام خۆشی لێی نەدەهات. لەو کاتەوەی کـە ژنلاوێـنی بـەڕێز گـرین دەستی پێکردبوو، بە تـەواوی لـە جـوانی ڕوخسـاری کـلارا بەتایبـەتی درەوشـانەوەی چـاوە

گەشەکانی سەری سوورِ مابوو. جلە جوانەکانی ئەوەندە لیَ دەهاتن کە کارل پێشتر جوانی لـەم جۆرەی نەبینی بوو.چین چینی وردی جلە نەرم و تەسـك و زەردەکـەی، کێشمەکێشـمی نێـوان جلەکان و جەستەی کلارای دەردەخست. سەرباری ئـەوەش جوانییەکـەی بـۆ کـارل بەهایـەکی نەبوو، گەلێك خۆشحال دەبوو، ئەگەر بیتوانیایە لە بری ئەوەی بـۆ ژوورەکـەی کـلارا بـڕوات، دەرگاکە کە لە لای دەستییەوە بوو بیکاتەوە و- تەنانـەت دەسـتی خسـتبووە سـەر دەسـکی دەرگاکە کە ئەگەر بکرێت بیکاتەوە- سواری ئۆتۆمبیل ببێت و ئەگـەر شـۆفێرەکەش خـەوت بێت، بە پێیـان بگەڕێتـەوە بـۆ نیۆیـۆرك. مـانگی چـواردەی خێرۆمەنـد شـەوگاری ڕوونـاك کردبووەوە و ڕووناکییەکەی بۆ هەموو کەسێك بوو، ترسـان لەهـەر شـتێکی دەرەوە لـە پـێش چاوی کارلدا بێمانا بوو. لەلای خۆیەوە پێشبینی ئەوەی کرد- ئێستا بـۆ یەکـەمین جـار لـەو ژوورەدا هەستی بە خۆشحالّی دەکرد- چۆن بەیانی خالّی بە هاتنەوەی سەرسام دەکات، چونکە ئەگەر بە پێیان بڕواتەوە، بە دڵنیایەوە تا دەگاتە نیۆیۆرك تاکو بەیانی درێژە دەکێشیَ. راستە تاکو ئێستا هـەرگیز پێـی نەخسـتبووە ژووری نووسـتنی خـالّی و تەنانـەت نەشـیدەزانی لـە کوێدایە، بەلاّم دەکرا زوو بیدۆزێتەوە. پاشان لە دەرگاکەی دەدا و کاتێك خالّی بـە دەنگێکـی فـەرمی لـە ژوورەوە دەڵێـت: " وەرە ژوورەوە" ، خێـرا دەچـێتە ژوورەوە و دەبێتـە مایـەی سەرسـامی خـالّی ئـازیزی. کـارل کـە تـاکو ئێسـتا خـالّی تـەنیا بـە چـاکەت و پـانتۆڵی قۆپچەداخراوەوە بینیوە، بەیانی دەتوانێت بە جلی نووستنەوە بیبـینیَ، کـە لەسـەر چـرپاکەی دانیشتووە و چاوە سەرسامەکانی بڕیوەتە دەرگاکـە. هەڵبـەت ئـەم ڕووداوە خۆبـەخۆ گـرنگ نەبوو، بەلاّم دەبوو ئەوە ببینیَ ئەنجامەکەی چی دەبێت؟ رەنگە بۆ یەکەمین جار ئەو و خالّی کە هێشتا جلی نووستنی لەبەردایە پێکەوە لە سەر کورسی دانیشن و سینی قاوەڵتی لە نێوانیاندا دابنرێت و قاوڵتی  بەیانیان بخۆن. رەنگە ئەم جـۆرە قـاوەڵتی خواردنـە ببێتـە کـاری هـەموو رۆژێکیان، رەنگە ئەم قاوڵتی خواردنە نافەرمییە- بەناچارییەوە- ببێتە هۆی ئەوەی لـە رۆژدا زیاتر لە جارێك یەکدی ببینن و راستەوخۆ پێکەوە بدوێن.

دواجار نەبوونی پەیوەندییەکی دووسەر و جێی متمانە لە نێوان کارل و خالّیدا، ببووە هۆی ئەوەی کارل کەمێك سەرەڕۆ بێت، تەنانەت لـە بەرامبـەر خالّیشـیەوە سەرکەشـی بنوێنێـت. ئەگەر ئەمشەوی لێرە بەسەربردایە- بەدبەختانە سەرەڕای ئەوەش لێگەڕابوون لە تەنیشت ئەم پەنجەرەیەوە ڕاوەستێت و خۆی سەرگەرم بکات- رەنگە ئەم میوانییە ببێتە هۆی نزیکبوونەوەی

پەیوەندیی نێوان خۆی و خاڵی. ڕەنگە ئێستا خاڵیشی لەسەر چرپاکەی ڕاکشا بێت و لە هەمان ساتدا بیر لەم شتانە بکاتەوە.

کەمێك ئارام ببۆوە و گەڕایەوە لایان، کلارا لە تەنیشتییەوە راوەستابوو دەیگوت: (ناتەوێت لەگەڵ ئێمە بیت؟ ناتەوێت کارێك بکەی تاکو لێرە هەست بە غەریبی نەکەیت؟ وەرە، مـن دوا هەوڵی خۆمت لەگەڵ دەدەم.)

کلارا تا نزیك دەرگاکە ڕێنمایی کرد، پولەندەر و گرین لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون و خواردنەوەیەکی گازداریان دەنۆشی، کە کارل نەیدەزانی چییە و حەزی دەکرد ئەویش بیچێژێت. گرین ئانیشکەکانی لەسەر مێزەکە دانابوو، تا ئەو جێگەیەی کە دەیتوانی دەموچاوی لە دەموچاوی بەڕێز پولەندەر نزیك کردبووەوە، ئەگەر کەسێك بەڕێز پولەندەری نەناسیایە، گومانی دەکرد باس لە داڕشتنی پیلانێك بۆ ئەنجامدانی تاوان دەکەن، نەك باس لەکارێکی ڕێپێدراو بکەن. لەکاتێکدا بەڕێز پولەندەر بە نیگایەکی دۆستانە کارلی تاکو نزیك دەرگاکە ڕەوانە کرد، بەڕێز گرینش ناچاربوو نەویستانە تەماشای ئەو لایە بکات کە هاوڕێکەی تەماشای دەکات، بەڵام گرین تەنانەت بە لاچاوێکیش تەماشای کارلی نەکرد، کارل بیری کردەوە بەڕێز گرین بەم ڕەفتارەی دەیەوێت ئەوە بڵێت، کە پێویستە ڕووبەرووی کارل بێتەوە و هەر جۆرە پەیوەندییەکی ناچاری کۆمەڵایەتی نێوانیان، تەنها بە سەرکەوتن یان دۆڕاندنی یەکێکیان کۆتایی پێ دێت.

کارل بەخۆی گوت: " ئەگەر بەو جۆرە بیر بکاتەوە، دەبێ گەلەك نەفام بێت، من هیچم لەو ناوێت و پێویستە ئەویش لەمن گەڕێت."

هێشتا پێی نەنابووە ڕارەوەکە، بیری کردەوە ڕەنگە ڕەفتارەکانی ئەم توند بووبێت، چونکە بە جۆرێ چاوی لە گرین بڕیبوو، کلارا ناچاربوو بە خێرایی لە ژوورەکە رایکێشێتە دەرەوە. ئێستا تامەزرۆیانە هاوشانی کلارا بەرێدا دەچوون. کاتێ بەناو ڕارەوەکەدا تێدەپەڕین ، ئەو شتانەی کە دەیبینین یەکەمجار نەیدەتوانی باوەڕیان پێ بکات، چونکە لەهەر بیست هەنگاوێکدا، خزمەتکارێکی بە پۆشاکی خزمەتکارانەوە دەبینی، کە مۆمێکی چوارلەقانیان بەدەستەوە بوو، بنەوەی ئەوەندە ئەستوور بوو کە خزمەتکارەکان ناچار بوون بە هەر دوو دەستیان بیگرن.

کلارا ئەوەی ڕوون کردەوە کە: " کارەبامان تەنها بۆ ژووری چێشتخانە راکێشاوە. ئەم خانووەمان بەم دووایانە کڕیوە و دەمانەوێت بە تەواوی نۆژەنی بکەینەوە، هەڵبەتە تا ئەو جێگایەی کە بکرێت ماڵێکی کۆنە نۆژەن بکرێتەوە."

کارل گوتی: " کەوایە لە ئەمریکاش ماڵی کۆنە هەیە؟!"

کلارا بە پێکەنینەوە گوتی: " هەڵبەتە." لەکاتێکدا کارلی هاوشانی خۆی بــە ڕێـدا دەبـرد، گوتی: " تۆ چەندە بیروڕای سەیروسەمەرەت لەبارەی ئەمریکاوە هەیە!"

کارل بە نیگەرانییەوە گوتی: "پێویست ناکات پێم پێکەنیت." هەرچییەك بێت، کـارل هـەم ئەوروپای بینیبوو هەم ئەمریکا، بەڵام کلارا تەنها ئەمریکای بینی بوو.

بــەدەم تێپەڕینــەوە کــلارا بــە ســووکی دەســتی بــرد و دەرگایــەکی کــردەوە و بــێ ئــەوەی هەنگاوەکانی هێواش بکاتــەوە، گــوتی: " وابڕیــارە تــۆ لــەم ژووره بخــەویت." هەڵبەتــە کــارل دەیخواست یەکسەر تەماشای ژوورەکە بکات، بەڵام کلارا بە نائارامییەوە لە کاتێکدا دەنگی بــە ڕادەی هاوار بەرز کردەوە، گوتی کاتێکی زۆرت بۆ ئــەم کــارە هەیــە. لــە ڕاڕەوەکــەدا ماوەیــەك پێکەوە کێشمەکێشیان کرد و کارل لەو کاتەدا وا بەمێشکیدا هات، کە پێوست ناکات کلارا هەر چییەکی گوت بە گوێی بکات، دواجار خۆی لە دەستی رزگار کرد و چووە ژوورەکەوە.

بەهۆی ئەو درەختــە گەورەیــەی کــە لقوپۆکــانی پەرشــوبڵاوببوونــەوە و بــا ڕایدەوەشــاند، تاریکییەکی غەریبی رووی دەرەوەی پەنجەرەکەی داپۆشیبوو. کارل لە نــاو ژوورەکــەدا دەیتــوانی چریکەی ئەو باڵندانەی کە بەسەر درەختەکەوە نیشتبوونەوە ببیستێت، تیشکی ڕووناکی مــانگ نەهاتبووە ناو ژوورەکەوە وکــارل بەزەحمــەت دەیتــوانی شــتەکانی نــاو ژوورەکــە لەیەکــدی جیــا بکاتەوە. لەوە بەداغبوو ئەو لایتەی کە خاڵی پێیدابوو لەگــەڵ خــۆی نــەیهێنابوو. لــەم ماڵــەدا بەتەواوی پێویستی بە لایتەکە بوو، چونکە ئەگــەر لایتیــان بــە خزمــەتکارەکان بدایــە، ئێســتا دەیانتوانی بڕۆن بەئارامی بخەون. لەسەر لێواری پەنجەرەکــە دانیشــت و لــە کاتێکــدا چــاوی لــە تاریکییەکە بڕیبوو، گوێی بۆ دەنگی باڵنــدەکان ڕاگرتبــوو. باڵندەیــەك بــە هەڵــەداوان لەســەر لقوپۆی درەختە کۆنەساڵەکە هەڵفڕی. دەنگی شەمەندەفەرێك کــە بەڕێگــەی دەوروبــەری شــاردا تێدەپەڕی، لەوسەری کێڵگەکانەوە هاتە گوێ، جگە لە دەنگی شەمەندەفەرەکە هەموو شتێك لە بێدەنگیدا رۆچووبوو.

بەڵام بێدەنگییەکە بەردەوام نەبوو، چونکە کلارا بەپەلە هاتە ژوورەوە. دیــاربوو بــە تــەواوی تووڕەیە و بە توندی بەدەستی کێشای بە داوێنی خۆیدا گوتی: " یــانی چــی؟" کــارل بڕیــاری دا تاکو کلارا بە ئەدەبتر نەیەتە گۆ، وەڵامی نەداتەوە.

بەڵام کلارا بە شەقاو بەرەو لای کارل هات و هاواری کرد: " پێم بڵێ، دەتەوێت لەگەڵم بێیت یان نا؟" پاشان بە ئەنقەست یان لەبەر تووڕەیی وەها بە توندی کێشای بەسەر سنگی کارلدا، کە

ئەگەر لە دواهەمین ساتدا لــە لێــواری پەنجەرەکــەوە نەهاتبووایــە خــوارێ و پێــی لــە زەویەکــە گیرنەکردایە، پێدەچوو لەوێوە بکەوتایەتە ناو حەوشەکە.

کارل سەرزەنشتکارانە گوتی: " خۆ ئەوەندەی نەمابوو لە پەنجەرەکەوە بکەومە خوارەوە."

"بەداخەوەم کە نەکەوتیتە خوارەوە. بۆچی ئەوەندە بێ ئەدەبی؟ دڵنیابە جــارێکی دیکــە لــە پەنجەرەکەوە دەتخەمە خوارەوە."

بە بازووە وەرزشکارەکانی تا نزیك پەنجەرەکە ڕایکێشا، کارل زۆر لەوە ســەری ســوڕما، کــە نەیتوانی لەبەرامبەر کلاراوە بەرگری لە خۆی بکات، پاش ئەوەی هاتەوە هۆش خۆی، بە جوڵەی بەهێزی رانەکانی خۆی لە دەستی ڕزگار کرد و ئەوجا یەخەی کلارای گرت.

کلارا یەکسەر گوتی: " دەستت لابە ئازارم مەدە."

بەڵام کارل دەیزانی ئەگەر ئێستا کلارا بەرەڵا بکات مەترسیدارە. ئەوەندە دەستی لــە کــلارا بەردابوو کە بتوانێت هەنگاو بهاوێت، بەڵام ڕێك لە دوایەوە بەرپــدا دەچــوو بەتــەواوی بــەرەڵای نەکردبوو. بەهۆی جلە تەسکەکانی بەریەوە بە ئاسانی دەیتوانی بیگرێت.

کلارا بەهێواشی گوتی:" بەرم بدە." دەموچاوی سوورهەڵگەڕاوی ئەوەندە لە ڕوخساری کــارل نزیك کردبووەوە، بە زەحمەت دەیتوانی بیبینێ. " لێگــەڕێ بــڕۆم، شــتێکت دەدەمــێ، هــەرگیز بەبیرتا نایەت." کارل بیری کردەوە(ئاخۆ بۆچی بەم شێوەیە ئاخ هەڵدەکێشێ؟ خۆ ئەزیەتم نــەداوە و گوشارم نەخستووەتە سەری؟.)، بەڵام سەرباری ئەوەش بەرەڵای نەکرد، لەناکاو و پاش ساتێکی نەبزوان و بێدەنگییەکی نەویســتانە، هەســتی کــرد کــلارا لەبەرانبەریــەوە هێــزی خــۆی وەگــەڕ خستووە، دواجار کلارا هەڵهات و خۆی لەدەستی ڕزگــار کــرد. هونــەری زۆرانبــازی بــەکاربرد و بەپاشقولێك کە بۆ کارل نامۆ نــەبوو، بــە تونــدی کێشــای بــە لاقیــدا، بــەجۆرێك کــە کــەمێك هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو، بە هێزێکی بەگوڕ کێشای بە دیوارەکەدا. لە بــەردەم دیوارەکــەدا کــە تاکێك قەنەفەی لێبوو، کارلی لە سەر ڕاکشاند، لە کاتێکدا کە مەودایەکی دڵنیاکەر لەنێوانیاندا بوو، کلارا گوتی:" ئێستا ئەگەر دەتوانی بجوڵێ."

کارل لەکاتێکدا هەستی بە پەرێشانییەك لە تووڕەیی و شەرمەزاری دەکرد، هــاواری کــرد: " پشیلە، پشیلەی کێوی، تۆ شێتی، تۆ پشیلەی کێویت."

کلارا گوتی: " ئاگات لەزمانت بێت." پاشان دەستێکی خستە قوڕقوڕاگــەی کــارل و وەهــا گوشاری بۆ هێنا، ئەوەندەی نەمابوو بیخنکێنێت، دەستەکەی دیکەشی کە لە پێش چاوی کارلدا با دەدا، وەك بڵێی ڕاهێنان و تاقیکردنەوەی لەسەر ئەوە دەکرد زللەی لێبــدات، پاشــان وردەوردە

دەستی بردە دواوە و دووری خستەوە، بـەڵام هـەموو سـاتێك ئەگـەری هـەبوو زللەیـەكی پێـدا بكێشێت.

كلارا پرسی: " لەبەرئەوەی بێ ڕێزیت بەرانبەر خانمێك كردووە، ئەگەر تەمێت بكەم و چـەند زللەیەك بكێشم بە بناگوێتدا و پاشان بتنێرمەوە بۆ ماڵەوە چی دەڵێیت؟ ئەگەرچـی نەشـتەوێت بەرووی خۆتدا بیهێنی، بەڵام ئەمە بۆ هەموو تەمەنت بەسە. بەراسـتی دڵـم بـۆت دەسـووتێت، بەژنوباڵاشت ڕێكە، ئەگەر كاراتەت بزانیایە، دەتتوانی لێم بدەی. سەرباری ئەوەش حـەز دەكـەم هەر بەو جۆرەی كە لێرەدا راكشاوی، چەند زللەیەك لە بناگوێت بدەم. ئەگەر ئەمە بكـەم رەنگـە نیگەران بم، بەڵام ئەگەر پێویست بكات ئەم كارە دەكەم. دەبێ ئەوەشت پێبڵێم، هۆكەی ئەوەیـە چارەیەكی دیكەم نییە. هەڵبەتە ئەگـەر بمـەوێت زللـەت لێبـدەم یـەك و دووان نییـە، ئەوەنـدە بەملاوبەولاتدا دەكێشم شین و مۆرت دەكەمەوە. رەنگە یەكێك لەو كەسە بەشەرەفانە بیت كـە-دەتوانم بەئاسانی باوەڕ بەمە بكەم- ناتوانی بەرگەی زللەپیاكێشان بگریـت و لـەتاو بەدبەختیـدا خۆت لەناو ببەیت. بەڵام بۆچی لەگەڵم ئەوەندە ترسنۆكانە ڕەفتـار دەكەی؟خۆشـت لـێم نایـەت؟ هاتنت بۆ ژوورەكەم بە بێبـەها دەزانـی؟ ئاگـات لـە خـۆت بێـت، ئەوەنـدەی نـەماوە لـەداخان دەموفلْقت ورد بكەم. ئەگەر ئەمشەویش لێگەڕێم بڕۆی، هەوڵ بـدە جـارێكی دی كـە هاتیتـەوە هەڵسوكەوتت باشتر بێت. خۆ من خاڵت نیم لەگەڵ ڕەفتارە نەشیاوەكانتدا هەڵبكەم. بەهـەرحاڵ، ئەگەر ئەمشەو لێگەڕێم بڕۆیت، ئەگەر زللەم لێدابیت یان نەدابیت، نابێت وا بیربكەیتەوە كە بـۆ تۆ جیاوازی هەیە، ئەگەر بیرێكی وا لـە مێشـكتدا بێـت، بـە باشـی دەتـوانم زللەیـەكی قـایم بسەرەوێنم بە بناگوێتدا. نازانم ئەگەر ئەم مەسەلەیە بە مەك بڵێم چی دەڵێت؟"

بیركردنەوەی لە مەك بووە هۆی ئەوەی گوشاری دەستەكانی بەدەوری ملـی كارلـدا كـەمێك شل بكاتەوە، لەم دۆخە نالەبارەدا مەك كارلی رزگار كـرد. بـۆ ماوەیـەك هێشـتا هەسـتی بـە گوشاری دەستەكانی كلارا بە دەوری ملیـدا دەكـرد. بەرلـەوەی بەتـەواوی ئـارام بێتـەوە چـەند خولەكێك لوولی خوارد.

كلارا پێداگری لەوە دەكرد كارل لە جێگەی خۆی هەستێ، كارل نە وەڵامی دایـەوە و نـە لـە شوێنی خۆی جووڵا. كـلارا مـۆمێكی هـەڵكرد و ژوورەكـە روونـاك بـووەوە و لەبـەر تیشـكی مۆمەكەدا نەخش و نیگاری شین و تێكەڵ و پێكەڵی بنمیچی سەقفەكە دەركەوت. بەڵام هێشـتا سەری كارل لە هەمان شوێندا بوو، كە كلارا لەسـەر قەنەفەكـە دانـابوو و بچـوكترین جووڵـەی نەدەكرد. كلارا لە ژوورەكەدا هاتوچۆی دەكرد و داوێـنی بـەر رانـەكانی دەكـەوت و خشەخشـی

دەهات. وەك بڵێی ماوەیەکی درێژ لە تەنیشت پەنجەرەکەوە راوەستا. دواجار کارل گوێی لە دەنگی کلارا بوو کە دەیگوت:" هەڵسوکەوتی توندوتیژ و بەدڕەفتارانەت تەواو بوو؟" کارل هەرگیز بەبیریدا نەدەهات بەڕێز پولەندەر ژوورێکی بۆ دابنێت، ئارامی تێدا نەبێت. کلارا بەردەوام ئەمبەرو ئەوبەری دەکرد، هەندێ جاریش دەوەستا و قسەیەکی دەکرد، کارل گەلەك ڕقی لێی بوو. ئارەزووی تەنها ئەوە بوو یەکسەر بخەوێت و پاشان بڕوات. تەنانەت ئەوەندە بێحال بوو نەیدەویست بڕواتە سەر چرپاکەی و دەیویست هەر لەسەر قەنەفەکە بخەوێت. تەنها چاوەڕێی ئەوە بوو کلارا بڕوات، تاکو بەدوایدا دەرگاکە دابخات و بگەڕێتەوە لەسەر قەنەفەکە بخەوێت. گەلەك حەزی لێ بوو باوێشکێك بدات و دەمی داچەقێنێت، بەلاّم نەیدەویست لەبەردەم کلارادا باوێشك بدات. ناچار هەر بەو جۆرەی ڕاکشابوو چاوی لە سەقفەکە بڕیبوو، هەستی دەکرد دەموچاوی توند دەبێت، مێشوولەیەك بەو نزیکانەدا بە بەر چاویدا ڕەد بوو، بەلاّم کارل نەیزانی چی بە بەر چاویدا ڕەدبووە.

کلارا دووبارە بەرەو لای کارل چووەوە، بەسەریدا چەمایەوە تاکو بیبینێت، ئەگەر کارل بەر چاوی خۆی نەگرتایە ناچاربوو تەماشای بکات.

کلارا گوتی: " ئێستا دەمەوێت بڕۆم، رەنگە دواتر بتەوێت ممبینی. ژوورەکەم چوارەم ژووری هەمان دەستەیە لە ڕاڕەوەکەدا، واتە لە دوای ئەوەی بە لای سێ دەرگادا تێپەڕیت، دەرگای چوارەم ژوورەکەی منە. ئیدی ناچمە خوارەوە و هەر لەوێدا لە ژوورەکەی خۆم دەبم. بە تەواوی ماندووت کردم. هەڵبەتە من چاوەڕێی تۆ ناکەم، بەلاّم ئەگەر دڵت پێوەبوو وەرە. لە بیرت بێت بەڵێنت پێدام پیانۆم بۆ بژەنی. بەلاّم رەنگە لە پێ کەوتبیت و نەتوانی لە شوێن خۆت بجوڵێی، زۆر باشە، لێرەبە و بێخەم لێی بخەوە. سەبارەت بەو شەڕە کورتەی کە کردمان لە ئێستادا پێویست ناکات هیچ بە باوکم بڵێم. ئەمەت بۆیە پێدەڵێم تاکو ئەگەر لەم رووەوە نیگەران بیت بێخەم بیت"

کارل یەکسەر لە جێگای خۆی هەستا، ڕاکشانی بەم جۆرە ئیدی لەتاقەت دەرچووبوو. بۆ ئەوەی ئەندامەکانی وەجوڵە بکەون، چوو بەرەو لای دەرگاکە و تەماشایەکی ڕارەوەکەی کرد. بەلاّم ڕاڕەوەکە زۆر تاریك بوو! کاتێ دەرگاکەی داخست و میلەکەی ڕاکێشا و لە ژێر ڕووناکی مۆمەکەدا لە لای مێزەکەوە راوەستا، هەستی بە خۆشحاڵی دەکرد. بڕیاری دا ئیدی لەم ماڵەدا نەمێنێتەوە و بڕواتە خوارەوە و بە ڕاشکاوی بە پولەندەر بڵێت کە کلارا چ ڕەفتارێکی لە تەك کردووە- دان پێدانان بە شکستدا بۆ ئەو بچوکترین گرنگیی نەبوو- و بەم پاساوە داوای لێ

دەکات یاخود بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بیگەڕێنێتەوە بۆ نیویۆرك یان لێگەڕێت بە پێیان بچێتەوە. ئەگەر یەکسەر بە گەڕانەوەی ڕازی نەبوو، ئەوکات بەلانیکەمەوە دەتوانێت داوای لێبکات، بە یەکێك لە خزمەتکارەکانی بڵێت، بۆ نزیکترین هۆتێل ڕێنمایی بکەن. کارل دەیزانی بە پێی نەریت هەرگیز نابێت میوان بەم شێوەیە لەتەك خانەخوێ ڕەفتار بکات. بەڵام بەدەگمەن خانەخوێیەك بەو جۆرەی کە کلارا لە تەك کارل کردبووی، لەگەڵ میوانەکەیدا هەڵسوکەوت دەکات. کلارا وایدەزانی بەوەی کە بەڵێنی داوە سەبارەت بە شەڕەکەیان هیچ بە بەڕێز پولەندەر نەڵێت، چاکەی لەگەڵ کردووە، ئەمە بێشەرمییەکی لە ڕادەبەدەر بوو. چما کارلیان بۆ پێشبڕکێی زۆرانبازی میوانداری کردبوو، کە بە دۆڕاندنی لەبەرامبەر کچێکەوە هەست بەشەرمەزاری بکات؟ کچێك کە دیاربوو هەموو تەمەنی بۆ هونەری زۆرنبازی تەرخان کردبوو. دواجار ڕەنگە ئەم کچە لە بەڕێز مەکەوە فێری زۆرانبازی بووبێت، هەرچییەکی بێت دەتوانێ بە مەکی بڵێت. بێگومان کارل لەمە بەئاگابوو و لەم هۆشیاریەشی دڵنیابوو، ئەگەرچی تەنانەت بۆ یەکجاریش دەرفەتی بۆ نەلوابوو تاکو ئاگاداربوونی خۆی لەم رووەوە بسەلمێنێ. بەڵام کارل ئەوەشی دەزانی، ئەگەر بڕیار بێت لە مەکەوە فێری زۆرانبازی بێت، لە کلارا باشتر فێر دەبوو، ئەوجا رۆژێك دەیتوانی بۆ جارێکی دیکە بێئەوەی بانگهێشت بکرێت، سەر لێرە بدات و لەپاش تاوتوێی شوێنی پێکدادانەکە، کە نەبوونی زانیاری ورد لەبارەی شوێنەکەوە بەسوودی کلارا تەواو دەبێت، کلارا بەرز بکاتەوە و فڕێی بداتە سەر هەمان ئەو قەنەفەیەی کە ئەمشەو کلارا ئەوی فڕیدابووە سەری.

ئێستا هەر ئەوەندە بەس بوو کە ڕێگەی ژووری میوان بدۆزێتەوە. ئەو ژوورەی کە سەرەتا دەستەپاچانە، کڵاوەکەی لە سوچێکی نابەجێیدا بەجێ هێشتبوو. هەڵبەتە دەبوو مۆمەکەش لەگەڵ خۆی ببات. بەڵام تەنانەت بە مۆمەکەشەوە نەیدەتوانی شوێنەکان جیا بکاتەوە. بە نموونە تەنانەت نەیدەزانی ئایا ئەم ژوورەی کە ئێستا لەناویدایە لە هەمان نهۆمی ژووری میواندایە، یان لە نهۆمێکی دیکە دایە. چونکە لە کاتی هاتنیاندا کلارا دەستی گرتبوو بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشا، کارل بۆی نەلوابوو تەماشای دەوروبەری بکات و لەو کاتەدا بەڕێز گرین و خزمەتکارەکان بە مۆمە گەورەکانی دەستیانەوە بیری ئەمیان بە خۆیانەوە مژوول کردبوو، بە کورتی نەدەهاتەوە بیری کە ئاخۆ یەك دوو نهۆم هاتووەتە سەرەوە یان هەر لە هەمان نهۆمی ژووری میواندایە؟

بەو دیمەنانەی کە لە دەرەوە دەیبینین، دەکرا مەزەندەی ئەوە بکات کە ژوورەکـەی تاڕادەیـەك لە شوێنێکی بەرزدایە. بەم پێیە کارل هەوڵی دا باوەڕ بەخۆی بهێنێت بێگومان لە قادرمەکانەوە هاتووەتە سەرەوە، سەرباری ئەوەش لەبەردەم دەرگاکەدا قادرمەگەلێك دەبینران. کەوایـە بۆچـی ئەم ژوورانە لەگەڵ نهۆمی خوارەوەدا مەودایەکیان لە نێوانـدا نـەبوو؟ خۆزگـە لـە ژێـر دەرگـای یەکێك لە ژوورەکانی ئەم ڕارەوەدا ڕووناکییەك دەبینرا، یاخود دەنگێك ئەگەرچی نزمیش بووایە، لە دەرەوە بهاتایەتە گوێ!

ئەو کاتژمێرەی کە خاڵی پێشکەشی کردبوو، یـازدەی نیشـان دەدا، مۆمەکـەی هـەڵگرت و چووە ڕارەوەکەوە و دەرگاکەی والا کرد، تاکو ئەگەر گەڕانەکەی بێ ئەنجام بوو، لانیکەم بتوانێـت دووبارە بگەڕێتەوە ژوورەکەی، یان ئەگەر ناچار بێت ژوورەکەی کلارا بدۆزێتەوە. بۆئـەوەی دڵنیـا بێت ، کورسییەکەی هەڵگرت و هێنایە پاڵ دەرگاکە تاکو دانەخرێت. بەدبەختانە لە ڕارەوەکـەدا تێگەیشت- باشتر بوو بەرەو لای چـەپ بـڕوات تـاکو بـەلای ژوورەکـەی کـلارادا تێنەپـەڕێت- ئاراستەی با ڕێك بەر دەموچاوی دەکەوت، ئەگەرچی باکە هێواش بـوو، بـەڵام هـەموو سـاتێك ئەگەری هەبوو مۆمەکە بکوژێنێتەوە، بەم هۆیەوە بەری مۆمەکەی بەدەسـتی گـرت، هەرچـەند ناچار بوو خولەکێك ڕاوەستێ، تاکو گڕی ڕوولەکوژانەوەی مۆمەکە بگەشێتەوە. بەهۆی ئەوەی بە هێواش و لەسەرخۆ بەڕێدا دەچوو ڕێگەکەی لەبـەر چـاویدا دووئەوەنـدە درێـژ دەبـووەوە. بـەلای دیوارێکی درێژدا تێپەڕی، کە هیچ دەرگایەکی تێدا نەبوو، نەیدەتوانی وێنای ئەوە بکات لـەودیو دیوارەکەوە چی تێدایە. پاشان گەیشت بە هەندێ دەرگا، کە یەك لەدوای یەك ڕیز ببوون، هەوڵی دا هەندێکیان بکاتەوە، بەڵام دەرگاکان قفڵ بوون و وادیار بوو کەس لە ژوورەکاندا نـەبوو. کـارل باوەڕی نەدەکرد لە خۆرا ئەم هەموو پانتایە بەفیڕۆ درابێت. کۆتایی ڕۆژهەڵاتی شاری نیۆیـۆرکی بیرهاتەوە، کە خاڵی بەڵێنی پێدابوو نیشانی بـدات، دەیـانگوت لـەم شـوێنەدا چـەندین خێـزان پێکەوە لە تاقە ژوورێکی بچکۆلەدا دەژین، لەم شـوێنەدا پەناگـە و نشـینگەی هـەر خێزانێـك شوێنێکی بچکۆلەیە و منداڵەکانیان لە دەوری باوك و دایکیان کـۆ دەبنـەوە. کەچـی لێـرە ئـەم هەموو ژوورە خاڵی بوون، وەك بڵێـی تـەنها بـۆ ئـەوە دروسـت کرابـوون، ئەگـەر کەسـێك لـە دەرگاکانیان بدات، دەنگی چۆڵەوانی ژوورەکان ببیستێت.

کارل وادەهاتە پێش چاوی کە بەڕێز پولەندەر دۆسـتە سـاختەکانی گومرایـان کردبێـت، لـە لایەکی دیکەوە پولەندەر کە شەیدای کچەکەی خۆی بوو، بەهۆی ئەم شەیداییەوە ئیدی لەدەسـت دەرچوو بـوو. بەدڵنیاییـەوە خاڵـە جـاکوب بەباشـی بـەڕێز پولەنـدەری ناسـیبوو. ئـەو بنـەما

سەرەکییەی ژیانی خالّە جاکوب کە پەیوەندیی بەوەوە نەبوو لە داوەریکردنەکانی کارلدا سەبارەت بە کەسانی دیکە خۆی هەڵقورتێنێت، تاقە بەرپرسی ئەم سەرگەردانییەی کارل بوو لەم ڕاڕەوەدا. کارل بڕیاری دا بەیانی ئەم مەسەلەیە بە ڕاشکاوی بە خالّی بلّێت. چونکە ئەگەر کارل پەیڕەوی لە بنەمای سەرەکی ژیانی خۆی بکردایە، دەبوو خالّی بەوە خۆشحالّ بێت، کە بیروڕای کارل سەبارەت بە ژیانی خۆی ببیستێت. لە هەمان کاتدا رەنگە ئەو بنەما سەرەکییەی خالّی تەنیا شتێك بێت، کە کارل خۆشی لێ نەدەهات، بێگومان ئەم خۆش لێ نەهاتنەش بێ هۆ نەبوو.

لەناکاو دیواری ڕاڕەوەکە کۆتایی پێهات و لەبری دیوارەکە لێوانەیەکی مەڕمەڕی سپی کە هێندەی سەهۆڵ سارد بوو دەرکەوت. کارل مۆمەکەی خستە لاوە و بە وریاییەوە چەمایەوە، کەوتە ناو تاریکییەکی ئەنگوستەچاوەوە. ئەگەر ئەمە هۆڵی سەرەکی مالّەکە بووبێت- کە لەبەر تیشکی ڕووناکی مۆمەکەدا بەشێك لە بنمیچە گومەزئاساکەی دەبینرا- کەوایە بۆچی لێرەوە نەهاتنە ژوورەوە؟ ئاخر ئەم هۆڵە بەرز و گەورەیە بە کەڵکی چی دێت؟ مرۆ کە لێرە ڕادەوەستێت، وادەزانێت لە هۆڵی کلّێسادا راوەستاوە. کارل لەوە نیگەران بوو کە ناتوانێت تاکو بەیانی لەم مالّەدا بمێنێتەوە، حەزی دەکرد لێرە بمێنێتەوە و بەڕێز پولەندەر بەیانی هەموو شتێکی مالّەکەی نیشان بدات و بۆی ڕوون بکاتەوە.

لێوانەکە نزم بوو، کارل بە خێرایی و پەلەکوتێ بەناو ڕاڕەوە داخراوەکەدا بە ڕێدا دەچوو. کاتێ لەناکاو پێچی کردەوە، لاونیو کێشای بەدیوارەکەدا. تەنیا بەهۆی ئاگایی درزتێنەکەوتووییەوە بوو، کە توانی بەو دەستەی کە مۆمەکەی هەڵگرتبوو، ڕێگە لە کەوتنەخوارەوە و کوژاندنەوەی مۆمەکە بگرێت. لەبەر ئەوەی ڕارەوەکە بێ کۆتا دەردەکەوت و- پەنجەرەیەکی لێ نەبوو تاکو بتوانێت ئەوە دیاری بکات کە لە کوێدایە و دەنگی هیچ جووڵەیەکیش نەدەبیسترا نە لە بان سەریەوە و نە لە خواریەوە- وادەهاتە پێش چاوی کە لە بازنەیەکدایە و بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، کەمێك بەهیوا بوو کە لێرەوە بگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، بەلاّم نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، لە هەمان کاتدا نەشیتوانی لێوانە مەڕمەڕەکە بدۆزێتەوە. تا ئێستا لە هاوارکردن خۆی بەدوور گرتبوو، چونکە نەیدەویست بەم نیوە شەوە لە مالّی بێگانەیەکدا هاتوهاوار بنێتەوە، بەلاّم ئێستا ئیدی تێگەیشت لەم تاریکییەدا ناتوانێت هاوار نەکات، خەریك بوو خۆی ئامادە دەکرد بەدەنگی بەرز بلّێت (ئەهای) تاکو کەسێك بەهانایەوە بێت. زانی وا کەسێك لە پشتییەوە لە هەمان ئەو شوێنەی کە ئەو

لێیەوە هاتبوو، لێی نزیك دەكەوێتەوە. ئێستا لەژێر ڕووناكی چراكەدا ڕاستەوخۆ دەیتوانی درێژی ڕارەوەكە ببینێت.

ئەمە ماڵ نەبوو بەڵكو قەڵا بوو. لە بینینی ئەم ڕووناكییە ڕزگاركەرە ئەوەندە خۆشحاڵ بوو، ئیدی هەموو جۆرە خۆپارێزییەكی لەدەستدابوو بە پرتاو بەرەولای ڕووناكییەكە چوو، هەركە چەند هەنگاوێكی نا، مۆمەكەی دەستی كوژایەوە، بەڵام گوێی بەمە نەدا، چونكە ئیدی پێویستی بە مۆم نەبوو، چونكە خزمەتكارە پیرەكە بەرەولای هات و بێگومان دەیتوانی ڕێگەكەی نیشان بدات.

خزمەتكارەكە چراكەی هەڵبڕیبوو و ڕۆشنایەكەی دەیدا لە روخساری هەردووكیان، لە كارلی پرسی:" تۆ كێیت؟" ڕیشە پڕ و سپیەكەی كە بە شێوەی ئەڵقەی بچووكی ئاوریشم بەسەر سنگیدا هاتبووە خوارەوە ، حاڵەتێكی جدی بە سیمای خزمەتكارەكە دەبەخشی.

كارل كە لە درێژی و پانی ڕیشی خزمەتكارەكە ورد دەبووەوە، بە خۆی گوت: " ئەگەر ڕێگەیان دابێت ڕدێنێكی وەها بهێڵێتەوە، بێگومان دەبێت نۆكەرێكی بەوەفا بێت بۆیان." لەبەر ئەوەی خزمەتكارەكەش تەماشای كارلی دەكرد، لەتەماشاكردنی هەستی بە هیچ كۆتێ نەدەكرد. كارل دەستبەجێ وەڵامی دایەوە، میوانی بەڕێز پولەندەرم و لە ژوورەكەم هاتوومەتە دەرەوە، تاكو بڕۆم بۆ ژووری میوان، بەڵام تا ئێستا نەمتوانیوە ڕێگەكە بدۆزمەوە.

خزمەتكارەكە گوتی:" ئۆ، بەڵێ. هێشتا كارەبایان بۆ ئێرە ڕانەكێشاوە."

كارل گوتی:" دەزانم."

خزمەتكارەكە پرسی: " ناتەوێت مۆمەكەت بەم چرایە داگیرسێنی."

كارل گوتی: "بەیارمەتیت." و مۆمەكەی داگیرساند.

خزمەتكارەكە گوتی: " لەم ڕارەوەدا هەوا وروژم دەكات و مۆمەكان یەكسەر دەكوژێنەوە، هەر لەبەر ئەوەیە چرام لەگەڵ خۆم هێناوە."

كارل گوتی: "بەڵێ، چرا باشترە."

خزمەتكارەكە كە مۆمەكەی گرتبووە جلەكانی كارل، گوتی: " سەیرە! دڵۆپەی مۆم جلەكانی پیس كردووی."

كارل گوتی: "پێم نەزانیبوو" لە پیسبوونی چاكەتوپانتۆڵە ڕەشەكەی نیگەران بوو، چونكە خاڵی پێی گوتبوو ئەم چاكەتوپانتۆڵەی لە هەموو جلەكانی دیكەی زیاتر لێی دێت. كەوابوو شەڕەكەشی لە تەك كلارا بۆ جلەكانی خراپ بوو. خزمەتكارە پیرەكە میهرەبان بوو تا ئەو

جێگەیەی کە دەکرا لەبەر ڕووناکی مۆمەکـە جلـەکانی پـاك کـردەوە، کـارل بـە دەوری خۆیـدا دەخولایەوە و پەڵەکانی نیشان دەدا و خزمەتکارەکەش بۆی پاك دەکردەوە.

کاتێ دووبارە کەوتنەڕێ، کارل گوتی:" بەڵام بۆچی دەبێت هەوا ئەوەندە هوروژم بکاتـە ئـەم ڕاڕەوەوە؟"

خزمەتکارەکە گوتی: " هێشتا کاری ئەم باڵەخانەیە تەواو نەبووە. هەڵبەتە نۆژەنکردنـەوەی دەستی پێکردووە، بەڵام زۆر بەکاوەخۆ کاری لێ دەکەن، ڕەنگە بزانیت کە کرێکارەکـانی مانیـان گرتووە. نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەیـەکی وەهـا گەلـەك زەحمەتـە. کرێکارەکـان چـەند درزێکیـان کردووەتە دیوارەکانی و تا ئێستا کەسیان نەهاتووە پڕیان بکەنەوە. هەر لەبەر ئەمەیە هەوا دێتە ژوورەوە. من ئەگەر لۆکە لە گوێم نەئاخنم ناتوانم بەرگەی ئەم حاڵە بگرم."

کارل پرسی: "کەوایە باشترە بە دەنگی بەرز قسە بکەم، وانییە؟"

خزمەتکارەکە گوتی:" نا، دەنگتـان بـەجوانی دەبیسـتم، بـەڵام سـەبارەت بـە باڵەخانەکـە بەتایبەتی ئەو بەشەی کە نزیك نوێژخانەکەیە، دڵنیام  دواتر ئەم بەشەی باڵەخانەکە لە بەشەکانی دیکەی جیا دەکەنەوە، ئەو بایەی کە لێرەوە هوروژم دەکات کەس بەرگەی ناگرێت."

" کەوایە لێوانەی ئەم ڕاڕەوە بە نوێژخانەکە کۆتایی پێدێت."

" بەڵێ."

کارل گوتی: " منیش کاتێ لێوانەکەم بینی، وەها بیرم دەکردەوە."

خزمەتکارەکە گوتی: " باڵەخانەکە سەرنجڕاکێشە، پێدەچێ هەر لەبەر ئەمە بێت کـە بـەڕێز مەك  کڕیوویەتی."

کارل پرسی: " بەڕێز مەك؟ خۆ من وامدەزانی ئەم خانووە هی بەڕێز پولەندەرە."

خزمەتکارەکە گوتی: " بەڵێ، بێگومان، بەڵام بەڕێز مەك بڕیاری کڕینی داوە. بۆچـی بـەڕێز مەك ناناسی؟"

کارل گوتی: " بەڵێ دەیناسم، بەڵام چ خزمایەتییەکی لەگەڵ بەڕێز پولەندەر هەیە؟"

خزمەتکارەکە گوتی: "مێردی خانمی کچیەتی."

کارل کە هەناسەی لێبڕابوو گوتی: " هەڵبەتە ئەمەم نەدەزانی؟"

خزمەتکارەکە پرسی: " ئەوەندە پێت سەیرە؟"

کارل وەڵامی دایەوە: " نا، تەنها بیرم لەوە دەکـردەوە. ئەگـەر بـەم پەیوەندییـەم نەزانیایـە، ڕەنگە گەورەترین هەڵەم بکردایە."

خزمەتکارەکە گوتی: " پێم سەیرە کە لەمبارەیەوە هیچیان پێ نەگوتووی!"
کارل کە شەرم دایگرتبوو، گوتی: " بەڵێ، راستە."

خزمەتکارەکە گوتی: "رەنگە لایان وابووبێت تۆ بەم پەیوەندییە دەزانی. ئەم هەواڵە کۆن بووە، ئێستا فەرموون." پاش کردنی ئەم قسانە ئەو دەرگایەی لە پشت قادرمەکانەوە بوو کردییەوە، قادرمەکان راستەوخۆ بە دەرگای دواوەی ژووری میوان کۆتایی دەهات و ژوورەکە وەکو پێشوو رووناك بوو.

بەر لە چوونە ژوورەوەی بۆ ژووری پێشوازی، کە لێیەوە دەنگی بەڕێز پولەندەر و گرین دەبیسترا و هەروەکو دوو کاتژمێر لەمەوبەر مژولی قسەوباس بوون، خزمەتکارەکە بە کارلی گوت: " ئەگەر بخوازیت لێرە چاوەڕێت دەکەم و دەتگەڕێنمەوە بۆ ژوورەکەی خۆت. شەوی یەکەم بۆ هەموو کەسێك زەحمەتە کە جێوڕێیەکانی ئەمماڵە لە یەکدی جیا بکاتەوە."

کارل گوتی: "ئیدی سەر بەو ژوورەدا ناکەمەوە." کاتێ ئەمەی بە خزمەتکارەکە گوت، نەیزانی بۆچی غەمبار بوو؟

خزمەتکارەکە بزەیەکی کرد، کە لە هەستی خۆبەزلزانییەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەهێواشی دەستی هێنا بە بازووی کارلدا و گوتی: " ژوورەکەت ئەوەندەش پەرپووت نییە." رەنگە لای خۆیەوە گومانی ئەوەی کردبێت، مەبەستی کارل لەم قسەیە ئەوەبووبێ، بە نیازە تێکڕای شەو لە ژووری میوان بە بێداری بمێنێتەوە و لەتەك بەڕێز پولەندەر و بەڕێز گریندا مەی بخۆنەوە و قسە بکەن.

کارل لەوکاتەدا نەیدەویست دان بە مەبەستەکەیدا بنێت، لە هەمان کاتدا بیری دەکردەوە ئەم خزمەتکارە لە خزمەتکارەکانی دیکە باشتر دەکەوێتە بەرچاوی و دەتوانێت ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ نیۆیۆرك نیشان بدات، بۆیە گوتی: " ئەگەر لێرە چاوەڕێم بکەی، دڵسۆزییەکی گەورەت بەرامبەرم نواندووە و گەلەك مەمنونت دەبم. بە هەر جۆرێك بووە خێرا دەگەڕێمەوە و ئەوجا پێت دەڵێم دەمەوێت چی بکەم. وابزانم پێویستم بە یارمەتیت هەیە." خزمەتکارەکە چراکەی لەسەر عەرد دانا و لەسەر پایەی یەکێك لە کۆڵەکەکان کە بە هۆی نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەکەوە خاڵی بوو دانیشت و گوتی: " باشە، لێرە چاوەڕێت دەکەم." پاشان کاتێ کارل مۆمە داگیرساوەکەی بە دەستەوە گرتبوو دەیویست بڕوات بۆ نهۆمی خوارەوە، خزمەتکارەکە درێژەی بەقسەکانی دا: " دەتوانی مۆمەکەت لای من دابنێیت."

کارل گوتی: " من تێناگەم چی دەکەم." مۆمەکەی دا بە خزمەتکارەکە و ئەویش سەرێکی بۆ لەقاند، بەڵام کارل لەوە تێنەگەیشت ئایا ئەم سەرلەقاندنەی بە ئەنقەست بووە یان لەبەر ئەوە بوو کە دەستی دەهێنا بە ڕیشیدا؟

کارل دەرگاکەی کردەوە. خەتای کارل نەبوو، بەڵام کردنەوەی دەرگاکە دەنگەدەنگێکی زۆری بەدواوە بوو، دەنگەدنگەکە بە هۆی ڕووپەری شووشەی دەرگاکەوە بوو، ئەگەر کەسێك بەخێرایی دەرگاکەی بکردایەتەوە و دەسکەکەی بە توندی بگرتایە، لەوانەبوو چوارچێوەی دەرگاکە بێتەدەرەوە.

کارل لە ترسان دەرگاکەی بەردا تاکو بگەڕێتەوە جێی خۆی، چونکە دەیویست بێ هەراوزەنا و بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە وەژوور کەوێت، چونکە دەیزانی ئێستا خزمەتکارەکە لەسەر پایەکە هەستاوەتەوە و بەبێ بچووکترین هاتوهاوار بە وردبینییەکی زۆرەوە خەریکە دەرگاکە دادەخات.

بەدوو کابراکە کە بەدەموچاوە خڕو سەرسامەکانیان لەو ڕامابوون، گوتی: " ببورن لە کاتم گرتن." لە هەمان کاتدا چاوێکی خێرای گێڕا بەژوورەکەدا کە ڕەنگە بتوانێت کڵاوەکەی بدۆزێتەوە. بەڵام کڵاوەکەی دیار نەبوو، قاپوقاچاغەکانی سەر مێزەکەیان کۆ کردبووەوە، کارل بە نیگەرانییەوە بیری کردەوە ڕەنگە کڵاوەکەی ئەویشیان لەگەڵ قاپوقاچەغەکاندا بردبێت بۆ چێشتخانە.

پولەندەر کە لە کتوپڕهاتنی کارل نیگەران نەبوو، گوتی: " ئەی کلارا لە کوێیە؟" لە کاتی ئەم پرسیارکردنەدا یەکسەر لەناو کورسییەکەدا کەمێك ئەملاوئەولای کرد و رووی وەرگێڕا بۆ لای کارل. گرین دۆخێکی جێگیری بەخۆیەوە گرتبوو و دەفتەرێکی ئەستووری گیرفانی لە بەرکی دەرهێنا، وەك بڵێی لەبەینی پەڕەکانیدا بۆ کاغەزەێك دەگەڕا، بەڵام لە دەمی گەڕانیدا هەرکاغەزێکی دیکەش کە بەڕێکەوت لە دەفتەرەکەوە دەکەوتە خوارەوە دەیخوێندەوە.

کارل بە پەلە هات بەرەو لای بەڕێز پولەندەر و دەستی خستە سەر دەسکی کورسییەکەی و ئەوەندەی کە دەکرا لێی نزیك بووەوە و پاشان گوتی: " داوایەکەم لێت هەیە، هیوادارم بە هەڵە لێم تێنەگەیت."

بەڕێز پولەندەر نیگایەکی دۆستانە و میهرەبانانەی لە کارل بڕی و گوتی: " دەبێ ئەو داوایە چی بێت؟ بەرلەوەی بیبیستم وەڵامەکەی ئەرێیە." بازووی هێنا بە دەوری کەمەری کارلدا و بەرەو باوەشی ڕایکێشا.

ئەگەرچی هەستی دەکرد تەمەنی لەوە زیاترە کە بەڕێز پولەندەر ڕەفتارێکی لەم جۆرەی لەگەڵ بکات، بەڵام کارل بەئاسانی خۆی دا بەدەستەوە. ئەم کارەی بەڕێز پولەندەر بووە هۆی ئەوەی گوتنی داواکەی زیاتر دژوار بکات.

بەڕێز پولەندەر لێی پرسی: "لە ڕاستیدا تا چەندە ئێرەت لاخۆشە؟ پێتوانییە کاتێ لە ناوەوەی شارەوە دێیتە دەرەوەی شار بە جۆرێك هەست بەئازادی دەکەیت؟ بە زۆری شەوان من هەست بەم ئازادییە دەکەم."

کاتێ ئەم قسانەی دەکرد بە لاچاو تەماشای بەڕێز گرینی دەکرد، تەماشایەك کە پڕبوو لە مانای ڕوون و هەستپێکراو، بەڵام تاڕادەیەك کارل ببووە لەمپەرێك لەنێوان تەماشاکردنی بەڕێز گرین و پولەندەردا و نەیدەتوانی بە باشی لە نیگای بەڕێز پولەندەر تێبگات.

کارل بە خۆی گوت: " بە جۆرێك قسە دەکات وەك بڵێی بێئاگایە لەم ماڵە گەورەیە و ڕاڕەوە پڕپێچەکەی و نوێژخانە و ژوورە خاڵییەکان و ئەو تاریکییەی کە هەموو جێگایەکی گرتووەتەوە."

بەڕێز پولەندەر گوتی: " دەی باشە داواکەت بڵێ." کاتێ ئەم قسانەی دەکرد، کارلی بە پێوە ڕاوەستاوی دۆستانە ڕادەوەشاند.

کارل زۆر هەوڵی دەدا بەڕێز گرین قسەکانی نەبیستێت، زۆر خۆشحاڵ دەبوو ئەگەر بیتوانیایە ئەم داوایەی لە بەڕێز گرین بشارێتەوە، کە پێدەچوو گرین ئەمە بە سووکایەتی لەقەڵەم بدات، دەنگی نزم کردەوە و گوتی: "ئەگەرچی درەنگە، تکا دەکەم ڕێگەم بدەن لێرە بڕۆم."

کاتێ ئەم قسە خراپانەی کرد کار لە کار ترازابوو، ئیدی نەیتوانی بەر بەخۆی بگرێت و بێ ئەوەی هەست بە بچووکترین لەناوچوونی نیشانەکانی دۆستایەتی بکات، شتگەلێکی گوت کە پێشتر بیری لێ نەکردبووەوە:" دەمەوێت بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە.خۆشحاڵ دەبم جارێکی دیکە بگەڕێمەوە بۆ لاتان. چونکە بەڕێز پولەندەر هەر شوێنێك تۆی لێ بێت بەخۆشی لە من دەگوزەرێ. بەڵام ئەمشەو ناتوانم لێرە بمێنمەوە. تۆ بۆ خۆت دەزانی خاڵم نەیدەویست ئیزنم بدات بێم بۆ ئێرە. خۆت دەزانی هەر کارێك کە خاڵم دەیکات هۆکارێکی لە پشتەوەیە. من بەزۆر ئیزنم لە خاڵم وەرگرت کە سەردانی ئێوە بکەم و لە خۆشەویستی خاڵم کەڵکاوەژووم وەرگرت. ئەسڵەن بۆم گرنگ نییە هۆکاری دژایەتییەکەی چییە؟ بە دڵنیاییەوە دەشزانم ڕازی نەبوونی پەیوەندی بە تۆوە نەبوو، چونکە تۆ باشترین تاقە دۆستی خاڵمیت کە لە نێو دۆستەکانیدا هیچکامیان بە تۆ بەراورد ناکرێن، ئەمەش تاقە هۆیەکە کە لە فەرمانەکەی خاڵم سەردەر

نەکەم. هەڵبەتە ئەمە هۆیەکی ڕازیکەر نییە، ڕەنگە تۆ سەبارەت بە پەیوەندیی من و خاڵم زانیارییەکی وردت نەبێت، بۆیە من تەنها خاڵە سەرەکییەکانت پێدەڵێم. تا کاتێ زمانی ئینگلیزی بە تەواوی فێر نەبم و بۆ کاروباری خۆم بەڕادەی پێویست ئەزمونم نەبێت، بە تەواوی پشت بە دڵسۆزی خاڵم دەبەستم، لەبەر ئەوەش کە خزم و کەسی ئەوم ئەم دڵسۆزییەی قبووڵ دەکەم. وابیر مەکەوە لە ئێستادا بتوانم نانی خۆم پەیدا بکەم یان خودا نەخواستە لە ڕێگەیەکی نادروستەوە نانی خۆم پەیدا بکەم، بەدبەختانە خوێندنم بە جۆرێك بووە کە پەیداکردنی نانی خۆم بە ڕێگەیەکی شەریفانە، بە تەواوی بۆ نەلواوە. بەهەر زەحمەتێك بوو لە ئەوروپا توانیم تاکو پۆلی چوارەمی ناوەندی بخوێنم، ڕادەی زیرەکیم مامناوەندی بوو، بەو خوێندنەش ناتوانم لێرە کارێك بۆ خۆم دەستەبەر بکەم، چونکە قوتابخانەکانی ئەوروپا شێوازی خوێندنیان گەلەك دواکەوتووە. ئەگەر پێت بڵێم چیان فێرکردووم پێکەنینت دێت. ئەگەر گەنجێك درێژە بەخوێندن بدات و قۆناغی ئامادەیی ببڕێت و بچێتە زانکۆ، ئەوکات ڕەنگە هەموو شتێکی بە باشی بۆ بڕواتە پێشەوە و لە کۆلێژێك بە باشی بخوێنێت و متمانەی بە خۆی هەبێت و هیمەت بکا تاکو ژیانی خۆی دابین بکات. بەڵام بەدبەختانە من ناچار بووم واز لە خوێندن بهێنم ، هەندێجار وابیر دەکەمەوە هیچ نازانم، بە هەر جۆرێك بێت زانیارییەکانم بۆ ئەمریکا بەس نین. لەم دواییەدا لە وڵاتی ئێمە لە بواری خوێندنی قوتابخانە ناوەندیەکاندا چاکسازی کراو لە قوتابخانەکاندا زمانە زیندووەکانی دونیا دەخوێنرێت، تەنانەت وانەی بازرگانیش دەخوێنرێت، بەڵام کاتێ من لە قوتابخانەی سەرەتایی دەرچووم ئەم شتانە لە گۆڕێ نەبوون. باوکم زۆر حەزی دەکرد زمانی ئینگلیزی فێر ببم ، بەڵام ئەوکات هەرگیز نەمدەتوانی پێشبینی ئەوە بکەم، کە ئەوەندە بەدبەخت بم ناچار دەبم پێویستم بە زمانی ئینگلیزی ببێت. لە لایەکی دیکەوە دەبوو لەناو قوتابخانەدا زۆر شتی دیکەش فێر بم، ئەوکات کاتم زۆر نەبوو. هەموو ئەم شتانەم بۆیە پێ گوتی، تاکو بزانیت چەندە پشت بە خاڵم دەبەستم و لە ئەنجامدانی هەر شتێکدا کە ئەو بیڵێت دەبێ بەئەنجامی بگەیێنم. دەبێ ئەوە قبووڵ بکەی، لە هەلومەرجێکی ئەوهادا ناتوانم گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خاڵم نەبم. تەنانەت ئەگەر ئەم خواستەشی بە زمان نەگوتبێت. ئەگەر بڕیار بێت تەنانەت نیوەی ئەو سەرپێچییەی کە بەرامبەر خاڵم کردوومە قەرەبووی بکەمەوە، دەبێت یەکسەر بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە."

بەڕێز پولەندەر لە تەواوی ئەو ماوەیەی کە کارل قسەی دەکرد بەوردی گوێی بۆ قسەکانی گرتبوو و تاو نا تاوێك بێئەوەی کارل ئاگای لێ بێت، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە ناوی خاڵە

جاکوبی دەهێنا، ئەڵقەی بازووی لە دەوری کەمەری توند دەکرد، چەند جارێکیش نیگای جدی لە بەڕێز گرین بڕی، کە وەك بڵێی چاوەڕێی شتێکی دەکرد، کە هێشتا هەر خەریکی دەفتەرەکەی بوو. ئەگەرچی کارل لە قسەکانیدا لەسەر پەیوەندیی خۆی و خاڵی زیاتر ڕادەوەستا، بەڵام زیاتر هەستی بە نائارامی دەکرد و نەویستانە هەوڵی دەدا خۆی لە ئەڵقەی بازووی بەڕێز پولەندەر ڕزگار بکات. هەموو شتێکی ئەم ماڵە جێگەی بە کارل تەنگ دەکرد، تێکڕای ڕێگەکەی لەپێش چاو بوو، سەرەتا بەرەو لای دەرگا شووشەییەکەی قادرمەکان وەڕێ دەکەوێ و لەوێوە بۆ شەقامەکە و پاشان بە ڕێگەی لادێکانی دەوروبەری شارەدا خۆی دەگەیێنێتە ماڵی خاڵی، بێگومان تێکڕای ئەم ڕێگەیە ئێستا چۆڵ و هەموار و ئامادەیە و لەبەر پێیدا ڕاخراوە و بە دەنگێکی بەرز کارل بەرەو لای خۆی بانگهێشت دەکات.

میهرەبانی بەڕێز پولەندەر و ڕەفتارە قێزەونەکانی بەڕێز گرین لە زینیدا ئاوێتە ببوون، تەنیا ئارەزووی ئەوە بوو کە ڕێگەی بدەن ئەو ژوورە پڕ لە دووکەڵی جگەرەیە بەجێ بهێڵێت. ئیدی هەستی بە نزیکی لەتەك بەڕێز پولەندەریش نەدەکرد و ئامادە بوو لەگەڵ بەڕێز گرینیش بەشەڕ بێت، بەڵام بەدەوروبەریدا ترسێکی شاراوە باڵی کێشابوو، بەم هۆیەوە بەرچاوی ڕەش ببوو نەیدەتوانی بەباشی دەوروبەری ببینێ.

هەنگاوێك چووە دواوە و بەشێوەیەکی یەکسان لە بەڕێز پولەندەر و گرین دوور کەوتەوە. بەڕێز پولەندەر رووی کردە بەڕێز گرین و لەکاتێکدا دەستەکانی بەشێوەی پاڕانەوە گرتبوو، گوتی:" هیچت نییە پێی بڵێی؟"

بەڕێز گرین دواجار نامەیەکی لە نێوان پەڕەکانی دەفتەرە گیرفانییەکەیدا دەرهێنا و لەبەردەم خۆیدا داینا و گوتی:" نازانم چی پێ بڵێم، بە هۆی ئەوەی دەیەوێت بۆ لای خاڵی بگەڕێتەوە کارێکی عاقڵانە دەکات، ئاساییە مرۆ پێشبینی ئەوە بکات ئەم کارە دەبێتە هۆی خۆشحاڵی خاڵی. مەگەر بە سەرپێچی کردنی لە قسەکانی، لەڕادەبەدەر خاڵی تووڕە کردبێت، کە ئەمەش ئەگەری کەم نییە. بەمشێوەیە بەدڵنیاییەوە باشتر وایە لێرە بمێنێتەوە. بۆ من دژوارە بتوانم قسەی یەکلاکەرەوە بکەم، هەردووکمان دۆستی خاڵی ئەوین و ئاستەمە بتوانم بڵێم کاممان لە خاڵی نزیکترین، بەڵام خۆ ئێمە نازانین چی بە مێشکی خاڵیدا دەگوزەرێ، بەتایبەتی لە ئێستادا کە لە نیۆیۆرکە و بە چەندین فرسەخ لێمانەوە دوورە."

کارل هەوڵی دا بەسەر ڕقی خۆی بەرامبەر بە بەڕێز گرین زاڵ بێت، لێی نزیك بووە و گوتی:" بەڕێز گرین لە قسەکانتدا وا دەردەکەوێت پێت باشە یەکسەر بگەڕێمەوە."

بەڕێز گرین دەستبەجێ گوتی:" من وام نەگوتووە." و گەڕایەوە سەر نامەکە و پەنجەی لە پەراوێزی نامەکە دەدا. دیاربوو دەیویست بلێت بەڕێز پولەندەر پرسیاری لێکردووە و ئەویش وەلامی داوەتەوە، بەلام بە هیچ شێوەیەك گرنگی بە کارل نەدا.

لەم کاتەدا بەڕێز پولەندەر هەنگاوی بەرەولای کارل هەلهێنا و لەسەرخۆ بردییە لای پەنجەرە گەورەکەوە، تاکو لە بەڕێز گرین دووری بخاتەوە.

لەو کاتەدا کە سەری لە بناگوێی کارل نزیك کردبووەوە بۆ گوتنی ئەو قسانەی کە دەیویست پێی بلێت، دەسرەکەشی لە ڕوخساری نزیك کردبووەوە تاکو بیگەیێنێتە کەپووی و مش بکات، بە کارلی گوت: " بەڕێز ڕاسمانی ئازیز، تۆ نابێت وابیر بکەیتەوە کە دەمەوێت بە پێچەوانەی خواستی خۆتەوە ناچارت بکەم لێرە بمێنیتەوە، خۆت ئەمە باش دەزانی. پێویستە ئەوەت پێ بلێم ناتوانم ئۆتۆمبێلەکەم بخەمە خزمەتتەوە، چونکە ئۆتۆمبێلەکەم لە گەراجێکی گشتیدایە کە لێرەوە زۆر دوورە. بە هۆی ئەوەی هێشتا نۆژەنکردنەوەی ئەم بالەخانەیە تەواو نەبووە دەرفەتم نەبووە گەراج بۆ خۆم دروست بکەم. بەو پێیەش شۆفێرەکەم لێرە ناخەوێت و لە شوێنێکی نزیك گەراجەکە دەخەوێت کە ناونیشانی نازانم. لەلایەکی دیکەوە ئێستا کاتی پشوویەتی و بڕیار نییە کار بکات. سبەینێ لە کاتی خۆیدا بەمناوەدا سەروگوێلاکی دەردەکەوێت. بەلام سەرباری ئەوەش نامەوێت ڕێگە لە چوونت بگرم، ئەگەر بەراستی پێداگری لە چوونت دەکەیت، دەتوانم تاکو بەردەم نزیکترین وێستگەی شەمەندەفەر بتگەیێنم.

هەلبەتە ڕێگەی وێستگەکە ئەوەندە دوورە، ئەگەر بە شەمەندەفەر بڕۆیت کەمێك زووتر لەوە دەگەیت کە بەیانی من بە ئۆتۆمبێلەکەم بتگەیێنمە نیۆیۆرك. بەیانی من کاتژمێر حەوت بۆ نیۆیۆرك وەڕێ دەکەوم."

کارل گوتی: " بەڕێز پولەندەر باشتر وایە بە شەمەندەفەر بگەڕێمەوە. تا ئێستا بیرم لە شەمەندەفەر نەکردبووەوە. خۆت گوتت ئەگەر بە شەمەندەفەر بڕۆم کەمێك زووتر دەگەمە مالەوە تاکو ئەوەی بەیانی بە ئوتۆمبێلەکەی تۆ بگەڕێمەوە."

" بەلام تەنها کەمێك جیاوازی هەیە."

کارل گوتی: "باشە، باشە، بەڕێز پولەندەر گەلەك خۆشحال دەبم دووبارە سەردانتان بکەم، هەرگیز خۆشەویستی تۆ لە بیر ناکەم. هەلبەتە ئەگەر بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕەفتارانەی کە ئەمشەو کردمن، دووبارە بتەوێت میوانداریم بکەیت، ڕەنگە بۆ جاری داهاتوو کە بەخزمەتت دەگەم، بتوانم ئەوەت بۆ ڕوون بکەمەوە بۆچی هەرکە لە خالم دوور دەکەومەوە ئەوەندە بۆم

گرنگە؟" پاشان وەك بڵێی ئیزنی چوونیان پێدابێت، گوتی: " هەڵبەتە پێویسـت ناکـات لەگـەڵم بێیت. نا بەهیچ جۆرێـك پێویسـت ناکـات. ئـەو خزمـەتکارەی لـە دەرەوە راوەسـتاوە، رەنگـە خۆشحاڵ بێت بەوەی وێستگەی شەمەندەفەرەکەم نیشان بدات. ئێستا تەنها پێویسـتە کڵاوەکـەم بدۆزمەوە." پاش گوتنی ئەم قسەیە چوو بۆ ئەوسـەری ژوورەکـە تـاکو بزانێـت کڵاوەکـەی لـە کوێدایە.

بەڕێز گرین گوتی: " رەنگە بۆ دۆزینـەوەی کڵاوەکـەت مـن بتـوانم یارمـەتیت بـدەم." لـە گیرفانی کڵاوێکی دەرهێنا و گوتی: " رەنگە ئەمە بە شێوەیەکی کاتی بە کەڵکت بێت."

کارل لە سەرسامیدا وشك بوو و گوتی: " نابێت، تۆ خۆت پێویستت بە کڵاوە. مـن کێشـەم نییە بەسەر قۆتینی(٧) دەڕۆمەوە. پێویستم بەهیچ نییە."

"ئەم کڵاوە هی من نییە، وەریگرە."

کارل کە هەوڵی دەدا لە چوونی دوانەکەوێت، کڵاوەکەی وەرگرت و گوتی: "کەوایە سوپاسـت دەکەم." و کڵاوەکەی لە سەر کرد و پێکەنی، چونکە کڵاوەکـە ڕێـك بەئەنـدازەی سـەری بـوو، پاشان لە سەری لای بردو بە وردی تەماشای کرد، بـەڵام نەیـدەتوانی ئـەو شـتە تایبەتـەی کـە بەدوایدا دەگەڕا بیدۆزێتەوە، کڵاوەکە لەبەر چاویدا بە تەواوی تازە بوو. گـوتی:" چـەندە پـڕ بـە سەرمە!"

بەڕێز گرین کێشای بەسەر مێزەکەدا و گوتی: " کەوایە بە ئەندازەی سەرتە!"

کارل بەرەولای دەرگاکە کەوتەڕێ تاکو خزمەتکارەکە بانگ بکات، بەڕێز گـرین لـە جێگـای خۆی هەستایەوە و لە پاش ئەو خوانە تێروتەسەلە و ئەو پشوودانە درێـژە باوێشـکێکی دا و بـە شکۆوە کێشای بەسەر سنگی کارلدا و بـە ڕیتمێکـی فەرماندەرانـە و ئامۆژگـاری پێـی گـوت: "بەرلەوەی بڕۆیت پێویستە خوداحافیزی لە کلارا خانم بکەیت."

بەڕێز پولەندەریش هەستایەوە و بۆ پشتگیری قسەکانی بەڕێز گرین گوتی: " بەڵێ، پێویستە بڕۆی خوداحافیزی لێ بکەی." لە ریتمی قسەکانییەوە دیار بوو لـە نـاخی دڵیـەوە ئـەم قسـەیە ناکات، چەند جارێك لەسەرخۆ کێشای بە پانتۆڵەکەیدا و قۆپچەی چاکەتەکەی یەك لەدوای یـەك داخست، چاکەتەکەی لەسەر مۆدێل بوو و ئەوەندە کورت بوو لە پشتەوەی تەنانەت بـە کەفـەڵی نەدەگەیشت و بۆ پیاوێکی زنتۆڵی وەك بەڕێز پولەندەر پۆشـاکێکی گونجـاو نـەبوو. بـە بـەراورد

---

٧- سەرقۆتین: واتە سەر ڕووت، بۆ پیاو .

لەگەڵ جەستەی بەڕێز گرین دەکرێ بگوترێ قەڵەویی بەڕێز پولەنـدەر ناتەندروسـت بـوو، پشـتی گۆشتنی بە ئەندازەیەك چەمابووەوە و ورگە نەرم و شلەکەی دەرپەڕاندبوو، ئـەم قەڵەوییـە ببـووە بارێکی قورس و روخساری ڕەنگپەڕیوی نیگەران دەردەکەوت. لەلایەکی دیکەوە گرین رەنگە لـە بەڕێز پولەندەر قەڵەوتر بوو، بەڵام قەڵەوییەکەی یەکجۆر و هاوسەنگ بوو. گرین وەك سـەربازێك پاژنەی پێی جووت کردبوو و بە فیزەوە سەری رەپ راگرتبوو و هەروەکو کاپتنی تیپێکی وەرزشی دەردەکەوت.

بەڕێز گرین درێژەی دایە: " پێویستە یەکەمجار بڕۆیتە لای کلارا خانم. بێگومان پێـت خۆشـە بچیت، لە هەمان کاتدا لەگەڵ بەرنامەکەی منیشدا بە باشی دێتەوە. چونکە بـەر لـەوەی لێـرە بڕۆیت، دەمەوێت شتێکی گرنگت پێ بڵێم، کـە گاریکـەری بەسـەر بڕیـاری چـوون و نەچـوونت دادەنێ. بەڵام بەداخەوە پێیان گوتم تاکو کاتژمێر دوازدە لەمبارەیەوە هیچت پێ نـەڵێم. لـەوەی کە نابێت تاکو کاتژمێر دوازدە هیچ بڵێم نیگەرانم، چونکە خەوی شەوانەم لـێ تێکـدەدا، بـەڵام پێویستە پەیڕەوی لەو فەرمانە بکەم کە پـێم ڕاسـپێردراوە. ئێسـتا کاتـژمێر یـازدەو چـارەکە و پێویستە سەبارەت بەم بابەتە لەتەك بەڕێز پولەندەر قسە بکەم. هەڵبەتە ئەگـەر تـۆ قسـەکانمان نەبڕیت. لە هەمان کاتدا تۆ دەتوانی لە ماوەی ئەم سێ چارەکەدا لەتەك کلارا خانمدا بە خۆشـی بیگوزەرێنی. پاشان کاتژمێر دوازدە دێیت بـۆ ئێـرە و ئـەوجا لـەوە تێدەگـەیت پێویسـتە چـی بکەیت؟"

ئاخۆ کارل دەیتوانی ئەم داوایە رەت بکاتەوە؟ داوایەك کـە بەلانیکەمـەوە تێیـدا ئـەدەب و ڕێزداری لەبەرامبەر بەڕێز پولەندەر رەچاوکرابوو، لە لایەن کەسـێکەوە کـە بـەزۆری بێئـەدەب و خەمسارد بوو، لە کاتێکدا بەڕێز پولەندەر لەمڕووەوە کە پەیوەست بوو بەوەوە نە بە قسەیەك و نە بە نیگایەك خۆی هەڵنەقورتاند بوو. ئاخۆ ئەو هەواڵەی کە دەبوو کاتژمێر دوازدە بەوی بڵێن چی بوو؟ ئەگەر هەواڵەکە بەلانیکەمەوە چل و پێنج خولەك لە گەڕانەوەی پێشی نەدەخسـت، ئێسـتا ناچار بوو چل و پێنج خولەکی بەفیڕۆ بڕوات. هەواڵەکەی بۆ گرنگ نەبوو. بەڵام گەورەترین ترسی ئەوە بوو ئاخۆ جەسارەتی ئەوە دەکات بڕوات بـۆ لای کـلارا خـانم؟! کـە دوژمـنی خوێنیـەتی. خۆزگە ئەو موغارەی پێبوایە کە خالّی بۆ هەڵکۆڵینی پیت پێیـدابوو! لـە راسـتیدا لەوانـە بـوو ژوورەکەی کلارا گرتوخانەیەکی مەترسیدار بێت. بەڵام ڕێـی تێنەدەچـوو هـیچ شـتێك لـە دژی کلارا بڵێت، چونکە هەر چۆنێك بێت، هەم کچی بەڕێز پولەندەر بوو و هەم بـەو جـۆرەی کـە لـە خزمەتکارەکەی بیستبوو دەزگیرانی (مەك)ە.

ئەگەر کلارا لەگەڵیدا بەشەڕ نەهاتایە، دەیتوانی ئێستا کە قسە لەگەڵ ئەماندا دەکات پێیدا هەڵبڵێت. هێشتا بیری لەم مەسەلەیە دەکردەوە، لەناکاو تێگەیشت کەس چاوەڕێی نییە ئەو قسە بکات، چونکە بەڕێز گرین دەرگاکەی کردبووەوە و بە خزمەتکارەکە کە بەهۆی کردنەوەی دەرگاکەوە یەکسەر لەسەر سەکۆکە هاتبووە خوارێ، گوتی:" ئەم لاوە بەرەو ژوورەکەی کلارا خانم ڕێنمایی بکە."

کاتێ خزمەتکارە بە پرتەوپۆڵە و بە پەلەپەل بە ڕێگە قەدبڕەکەدا بەرەو لای ژوورەکەی کلارای دەبرد، کارل بیری کردەوە: " بەمجۆرە فەرمان جێبەجێ دەکەن."

کاتێ کارل بەلای ژوورەکەیدا تێپەڕی کە هێشتا دەرگاکەی دانەخرابوو، داوای لە خزمەتکارەکە کرد ڕێگەی بدات بڕواتە ژوورەوە، هیواداربوو لەوێندەر بتوانێت کەمێك ئارام بێتەوە، بەڵام خزمەتکارەکە ڕێگەی پێنەدا بچێتە ژوورەوە.

خزمەتکارەکە گوتی: "نەخێر، پێویستە بچین بۆ ژوورەکەی کلارا خانم، چما نەتبیست چی گوت؟"

کارل کە بیری دەکردەوە ئەگەر کەمێك لەسەر قەنەفەکە ڕاکشێت گەلەك ئاسوودە دەبێت و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی تاکو کاتژمێر دوازدە بەخێرایی تێپەڕێت، گوتی: "تەنها دەمویست بۆ ساتێك بچمە ئەوێندەر."

خزمەتکارەکە گوتی: "تکایە ڕێگر مەبە لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی کە پێیان ڕاسپاردووم."

کارل بیری کردەوە:" وەك بڵێی وابیر دەکاتەوە بردنی من بۆ لای کلارا خانم، تەمێ کردنە." چەند هەنگاوێك چووە پێشەوە و پاشان سەرکەشانە راوەستا.

خزمەتکارەکە گوتی: " گەنجۆ، لەگەڵم وەرە، بۆچی راوەستاوی؟ دەزانم دەتەوێت ئەمشەو بڕۆیت، بەڵام مرۆڤ هەمیشە ئەو شتەی کە دەیەوێت بەدەستی ناهێنێت، من پێشتریش پێم گوتی چوونت هەرگیز ڕێناکەوێت."

کارل گوتی: " من بە راستمە دەمەوێت بڕۆم و بێگومان ئەم کارەش دەکەم و ئێستا تەنیا دەمەوێت بچم ماڵئاوایی لە کلارا خانم بکەم."

خزمەتکارەکە گوتی: " بەراستتە؟" کارل دەیزانی خزمەتکارەکە تەنانەت باوەڕ بە وشەیەك لە قسەکانی ناکات، چونکە خزمەتکارەکە بەم شێوەیە درێژەی دا بە قسەکانی: "کەوایە بۆچی ناتەوێت بڕۆیت ماڵئاوایی لێ بکەیت؟ دەی خێراکە."

گوێیان لە دەنگی کلارا بوو کە دەیگوت:" ئەوە کێیە لە ڕاڕەوەکەدا؟" کارل و خزمەتکارەکە کلارایان بینی، لەو نزیکانە سەری لە دەرگاکەوە هێنایە دەرەوە و چرایەکی گەورەی سەرمێزی و ئاباژۆیەکی سووری بەدەستەوە بوو. خزمەتکارەکە بەپەلە چوو بەرەو لای کلارا و پەیامەکەی پێ ڕاگەیاند.

کارلیش لەسەرخۆ بەدوایدا چوو. کلارا گوتی: " درەنگ هاتی."

کارل بێ ئەوەی وەڵامی کلارا بداتەوە، بە نەرمونیان بەڵام لە هەمان کاتدا بە شێوازێکی فەرماندەرانە- چونکە تایبەتمەندیی ئەخلاقی خزمەتکارەکەی دەناسی- گوتی:" لە دەرەوە چاوەڕێم بە."

کلارا لە کاتێکدا چراکەی لەسەر مێزەکە دادەنا، گوتی:" خەریکبوو دەچوومە ناو نوێنەوە."

خزمەتکارەکە هەر بەو جۆرەی کە لە ژووری میوان دەرگاکەی داخستبوو، لێرەش بەهەمان وردبینی دەرگاکەی داخستەوە.

" کاتژمێر لە یازدە و نیو لایداوە."

کارل بە جۆرێکی پرسیارکەرانە کە دەرخەری نارەزایی بوو، گوتی: " لەیازدە و نیو لایداوە؟ کەوایە پێویستە یەکسەرماڵئاویت لێبکەم." پاشان درێژەی دایە: " چونکە دەبێت کاتژمێر دوازدە لە ژووری میوان ئامادە بم."

کلارا کە نەویستانە چرچی جلە نووستنە بەردرێژەکەی ڕێك دەکرد، گوتی: " چ کارێکی گرنگت لە خوارەوە هەیە؟" رووی سوور هەڵگەڕاو پێکەنی. کارل تێگەیشت ئیدی مەترسی ئەوەی نییە، دووبارە لەگەڵ کلارادا بەشەڕ بێت. کلارا گوتی: " دەکرێ کەمێ پیانۆم بۆ بژەنی؟ دوێنێ بابە بەڵێنی پێدام تۆ پیانۆم بۆ دەژەنی و ئەمشەویش خۆت بەڵێنت دا کە بۆم دەژەنی."

کارل پرسی: " بەڵام ئێستا درەنگ نییە؟" دەیویست داواکەی کلارا جێبەجێ بکات، چونکە هەڵسوکەوتی ئێستای لە هی پێشوی گەلەك جیاواز بوو، وەك بڵێی ئێستا پەیوەست بوو بە بەرێز پولەندەر و مەکەوە.

کلارا گوتی: " بەڵێ، درەنگە." وەك بڵێی کلارا ئیدی حەزی لە بیستنی مۆسیقا نەبوو گوتی: " ئەگەر ئێستا پیانۆ بژەنی دەنگی بە هەموو باڵەخانەکەدا بڵاو دەبێتەوە، ئەترسم تەنانەت ئەو خزمەتکارانەی کە لە ناو هەورەبانەکەدا خەوتوون خەبەریان بێتەوە."

"کەوایە پیانۆ ناژەنم، بنوارە، هیوادارم ڕۆژێکی دیکە سەردانی ئێرە بکەم، ئەگەر بۆ تۆ زەحمەت نەبێت، دەتوانی سەر لە خاڵم بدەیت و هەر لەم دیدارەشدا ژوورەکەی من دەبینی. لە

ژوورەکەمدا پیانۆیەکی نایابی تێدایە. خاڵم بۆی کڕیوم، ئەگەر حەز بکەیت هەموو ئەو ئاوازانەی کە فێریان بووم بۆتی دەژەنم، هەڵبەتە بە داخەوەم ئەو ئاوازانەی کە دەیانزانم زۆر کەمن و شیاوی ئەو پیانۆیە نین کە من هەمە و پێویستە پیانۆژەنێکی شارەزا بیژەنێت. ئەگەر زووتر پێم بڵێیت کەی سەردانم دەکەیت، دەکرێ ئەوە ڕێك بخەم بتوانی گوێت لە مۆسیقای پیانۆژەنێکی شارەزا بێت، چونکە خاڵم دەیەوێت مامۆستایەکی بەناوبانگم بۆ بگرێت- چەندە خوازیارم لای مامۆستایەکی وەها دەرسی مۆسیقا بخوێنم- پیانۆژەنێکی زۆر نایابە، کاتێ کە وانەم پێدەڵێتەوە زۆرم پێخۆشە، دەبێت کە لەوێ بیت. راستیت دەوێت ئێستا زۆر خۆشحاڵم کە بۆ پیانۆژەنین درەنگە، چونکە هێشتا بەباشی نازانم پیانۆ بژەنم، ئەگەر پیانۆ بژەنم ئەوجا دەزانی چەندە نەشازە، کەوایە ڕێگەم بدەن بڕۆم، چونکە ئێستا کاتی خەوتنە."

کاتێ کلارا میهرەبانانە نیگای لێبڕیبوو، وای دەبینی کە لە بەرامبەریەوە نیەتی خراپ نییە، بزەیەکی بۆ کرد و لە کاتێکدا دەستی بۆ درێژکرد بوو، گوتی: " لە وڵاتی مندا دەڵێن(خۆش بخەوی و خەوی خۆش ببینی.)"

کلارا بێ ئەوەی دەستی درێژ بکات و بیخاتە نێو دەستی، گوتی: "سەبر بکە، رەنگە بتوانی پیانۆم بۆ بژەنی." پاشان لە دەرگایەکی بچکۆلەوە کە پیانۆیەکی لە لادا بوو چووە دەرەوە.

کارل لە بەرخۆیەوە بیری کردەوە:" بابزانم دواتر چی ڕوو دەدات؟ ئەگەر لە بەرامبەرم زۆر میهرەبانیش بێت، هەر ناتوانم لێرە بمێنمەوە." تەقەیەك لە دەرگاکە درا، خزمەتکارەکە کە نەیدەوێرا دەرگاکە بکاتەوە، لەپشت دەرگاکەوە گوتی: " ببوورە، هەر ئێستا بانگیان کردم و لەمە زیاتر ناتوانم چاوەڕێت بکەم."

کارل کە دڵنیا بوو خۆی بەتەنها دەتوانێت ڕێگەی ژووری میوان بدۆزێتەوە، گوتی: " دەتوانی بڕۆیت، بەڵام لە بەردەرگا چراکە بۆ من دانێ. کاتژمێر چەندە؟"

خزمەتکارەکە گوتی: "چارەك بۆ دوازدە."

کارل بە خۆی دەگوت: " کات چەندە لەسەرخۆ تێدەپەڕێ." کاتێ خزمەتکارەکە خەریکبوو دەرگاکەی دادەخست، لە ناکاو بە بیری هاتەوە پارەی پێ نەداوە. شیلینگێکی[٨] لە گیرفانی دەرهێنا و — ئێستا بەشێوەی ئەمریکییەکان پارەی وردەی لە گیرفانی پانتۆڵەکانی دەنا، کە

٨- شیلینگ: پارە وردەی ئەمریکییە.

تەقەتەقی دەهات، پارەی دشتەشی لـە گیرفـانی هێلەکەکـەی دەنـا- دای بـە خزمـەتکارەکـە و گوتی:" سوپاسی دڵسۆزیت دەکەم."

کلارا گەڕابووەوە ژوورەکەو بە پەنجەکانی پرچە ڕازاوەکانی ڕێك دەکرد، کـارل بەبیریـدا هـات نـەدەبوو لێگـەڕێت خزمـەتکارەکـە بـڕوات، چـونگە ئێسـتا ئیـدی کەسـێك نـەبوو وێسـتگەی شـەمەندەفەری نیشـان بـدات، بـەڵام گـرنگ نـەبوو، بەدڵنیاییـەوە بـەڕێز پولەنـدەر دەیتـوانی خزمـەتکارێکی دیکەی لەگەڵ بنێرێت، رەنگە خزمـەتکارەکەی پێشووش بانگ بکـات بـۆ ژووری میوان، بەم پێیە ئەگەری هەبوو دووبارە بیخاتە خزمـەتیەوە.

" بەراستی ئێستا ناتەوێت کەمێ پیانۆم بۆ بژەنی؟ لێرە ئەوەندە بە کەمی دەنگـی مۆسـیقا دەبیستم، ئەگەر دەرفەتێکی بچووکی لەم جۆرە لە دەست بدەم نیگەران دەبم."

کارل بێ ئەوەی بیر بکاتەوە، یەکسەر لەپشت پیانۆکەوە دانیشت و گوتی:"  ئەمـە باشـترین کاتە کە دەست بکەم بە ژەنین.)

کلارا پرسی: " دەفتەری نۆتەی تایبەتت ناوێت؟"

کارل وەڵامی دایەوە:" نا، سوپاس. تەنانەت ناتوانم بە باشی نۆتـەی مۆسـیقا بخوێنمـەوە." پاشان دەستی کرد بە ژەنین. ئـاوازێکی کـورتی  مارشـی سـەربازی ژەنـی، هەرچـەندە بەباشـی دەیزانی بژەنێت، بەڵام ناچار بوو لەسەرخۆ بیـژەنێت، تـاکو بـۆ کەسـێکی بێگانـەی وەك کـلارا شیاوی تێگەشتن بێت. کاتێ تەواوی کرد، بێدەنگی پەرتـەوازەی ژوورەکـە دووبـارە بـە شـێوەی نیگەرانەییەك بەدەوریاندا باڵی کێشا، لە شوێن خۆی دانیشت و وەك بڵێی وشـك ببـوو جووڵـەی نەدەکرد.

کلارا گوتی:" زۆر باشە!" بەڵام لەدوای ئەو نمایشەوە هیچ قسـەیەکی فـەرمی و ڕێزدارانـەی نەکرد، کە کارل خۆشحاڵ بکات.

کارل پرسی:" کاتژمێر چەندە؟"

"چارەکی دەوێت بۆ دوازدە."

کارل گوتی:" کەوایە هێشتا کاتم هەیە." پاشان بیری کردەوە: "چـی بکـەم؟ نابێـت ئـەو دە ئاوازەی کە دەیانزانم هەموویانی بۆ بژەنم، بەڵام بەلانیکەمەوە ئەوەیان کە بە باشی دەیـزانم بـۆی دەژەنم." دەستی کرد بە ژەنینی ئاوازی مارشی سەربازی، کە ئاوازێك بوو بـە دڵـی خـۆی بـوو. ئاوازەکەی ئەوەندە لەسەرخۆ دەژەنی، تاکو گوێگرەکەی تامەزرۆی بیستنی ئـاوازی دواتـر بێـت، یەکەمجار لە درێژکردنەوەی ئاوازەکە خۆی دەپاراست و بەنابەدڵییەوە لە ژەنین بەردەوام بوو. ناچار

بوو به دوای کلیلەکانی پیانۆکەدا بگەڕێت، تاکو بتوانێت هەموو ئاوازەکانی بژەنێت، بەڵام هەستی دەکرد لە ناخیشدا ئاوازێك سەردەردێنێت و لە کۆتایی ئاوازەکە زیاتر دەڕوات، بەم هۆیەوە بە دوای کۆتایی ئاوازەکەدا دەگەڕا و نەیدەتوانی بیدۆزێتەوە. پاش ئەوەی کۆتایی پێهێنا، بە چاوی پڕلە گریانەوە تەماشای کلارای کرد و گوتی:" بەسە ئیدی ناژەنم." پاشان لە ژوورەکەی تەنیشتییەوە دەنگی چەپڵەلێدان هاتە گوێی. کارل ڕاچڵەکی و هاواری کرد:" کەسێك گوێی گرتبوو!" کلارا بە نەرمونویانییەوە گوتی: " مەك بوو." پاشان دەنگی مەك بەرز بووەوە، کە دەیگوت:" کارل ڕاسمان، کارل ڕاسمان!"

کارل هەردوو پێی لەسەر کورسییەکە وەرسوڕاند و دەرگاکەی کردەوە، مەکی لەسەر چەرپایەکی دوو کەسی بینی، کە ئاغێزێکی[9] کردبوو و پاڵی دابووەوە، بەتانییەکی بە بڵاوکراوی بە لاقەکانیا دابوو. سەیوانێکی ئاوریشمی شینی بەسەر چرپاکەیدا کێشابوو، ئەم سەیوانە تەنیا جوانی چرپاکە بوو کە لەگەڵ چەرپای کیژۆڵانی قوتابخانەدا هاوشێوە بوو، چەرپاکە لە تەختەیەکی پتەو دروست کرابوو و تاڕادەیەك سادە دەهاتە پێش چاو.

لەسەر مێزی تەنیشت چەرپاکە مۆمێك داگیرسابوو، بالیف و جلە نووستنەکانی مەك ئەوەندە سپی بوون، وەختێ ڕووناکی مۆمەکە لێی دەدان، ڕووناکییەکی چاوبەری بە دەوروبەریدا بڵاو دەکردەوە، تەنانەت سەیوانی سەر چرپاکەش- بەلانیکەمەوە قەراخەکانی- دەدرەوشایەوە، کە چادرە ئاوریشمییەکەی بە توند و تۆڵی بە دەوریدا نەکێشرابوو. بەڵام هەرشتێك کە دەکەوتە پشتەوەی مەك و چرپاکە و پشت شتەکانی دیکە لە تاریکییەکی رەها رۆچوو بوو، کلارا پاڵی دابوو بە چرپاکەوە و چاوی لەمەك بڕیبوو.

مەك دەستی بەرەولای کارل درێژ کرد و گوتی:" سڵاو، زۆر جوان پیانۆ دەژەنی، تائێستا وام دەزانی تەنها ئەسپسواری دەزانی."

کارل گوتی: " جیاوازی نییە، هیچکامیان بەباشی نازانم، ئەگەر بمزانیایە تۆ گوێت گرتووە، بەدڵنیاییەوە پیانۆم نەدەژەنی. بەڵام خانمی ئازیزت-" لێرەدا کەمێك راوەستا، چونکە نەیدەویست بڵێت"دەزگیرانت" دیاربوو مەك وکلارا شەوان لەسەر ئەم چەرپایە دەخەوتن.

مەك گوتی:"منیش هەر مەزەندەی ئەمەم دەکرد. کەوایە کلارا ناچاربوو فریوت بدات و لە نیۆیۆرکەوە ڕاتکێشێتە ئێرە، ئەگەر نا دەرفەتی پیانۆژەنینت بۆ من دەستەبەر نەدەبوو. دیارە

---

٩- ئاغێز: نیوە ڕاکشان، واتە ئەو کەسە نەڕاکشاوە و نەدانیشتووە.

تازەكاریت، تەنانەت ئەو دوو ئاوازەی كە ژەنیت، هەردووكیان زۆر سادە بوون و دیاریش بوو زۆر بەباشی پرۆڤەت لەسەر كردوون، بەڵام یەك دوو نەشازیت كرد، بە هەر جۆرێك بێت، زۆر بەلامەوە جوان بوون، چونكە من هەرگیز ژەنینی هیچ ژەنیارێكم پێ ناخۆش نییە. بەڵام ناتەوێت كەمێك لەلامان دانیشیت و كات بەسەرببەیت؟ كلارا كورسییەكی بۆ بێنێ."

كارل نەشارەزایانە گوتی:" سوپاس، هەرچەندە بە مانەوەم گەلەك خۆشحاڵ دەبم، بەڵام ناتوانم بمێنمەوە. زۆری پێچوو تاكو لەوە تێبگەم لەناو ئەمماڵەدا چەندە ژووری نووستنی تێدایە."

مەك گوتی: " دەیانەوێت ئەم ماڵە بەم شێوەیە نۆژەن بكەنەوە."

لەم كاتەدا گوێیان لە دەنگی لێدانی ناقوسێكی گەورە بوو، كە دوازدە جار یەك لە دوای یەك لێیدا، كارل لەسەر ڕوخساری هەستی بەو بایە كرد كە بەهۆی جووڵەی ناقوسەكەوە دروست ببوو. ئەمە چ جۆرە لادێیەك بوو كە ناقوسێكی لەم جۆرەی هەبوو!

كارل بێ ئەوەی تەوقە لەتەك كلارا و مەكدا بكات، تەنها دەستی بۆ هەڵبڕین و گوتی: " ئیدی كاتی ئەوە هاتووە بڕۆم." بە پەلە لە ژوورەكە چووە دەرەوە.

لە ڕاڕەوەكەدا چرایەك نەدەبینرا، بەداخ بوو لەوەی پەلەی كردووە لە دانی پارە بە خزمەتكارەكە.

لە كاتێكدا كە دەستی گرتبوو بە دیوارەكەوە بە پەلەكوتێ بەرەو ژووری میوان بەرێكەوت، بەڵام هێشتا نەگەیشتبووە نیوەی ڕاڕەوەكە، بینی وا بەڕێز گرین بە مۆمێكەوە بە پەلە بەرەو رووی دێت، بەو دەستەی كە مۆمەكەی هەڵگرتبوو نامەیەكیشی هەڵگرتبوو.

" ڕاسمان بۆچی نەهاتی؟ بۆچی منت خستە چاوەڕوانییەوە؟ بۆچی ئەوەندە لە لای كلارا خانم مایتەوە؟"

كارل بیری كردەوە:"چەندە پرسیارم لێدەكات! خۆ خەریكە پاڵم پێوەدەنێت بەرەو لای دیوارەكە!" بە هۆی ئەوەی بەڕێز گرین لێی نزیك بووەوە، كارل ناچار بوو پاڵ بەدیوارەكەوە بداتەوە. لە راڕەوەكەدا گرین شێوەیەكی گاڵتەجارانەی لەخۆ گرتبوو، كارل لەبەر خۆیەوە بیردەكردەوە، ئاخۆ بەڕێز گرین بەڕێز پولەندەری نەخواردووە وەها زل بووە؟

" بەڵێنت بەڵێن نەبوو، گوتت كاتژمێر دوازدە دێمە خوارەوە، كەچی لە جیاتی ئەوە بە دەوری ژوورەكەی كلارا خانمدا پیاسە دەكەی. بەڵێنم پێ دایت لە دەوروبەری كاتژمێر دوازدەدا هەواڵێكی سەرنجڕاكێشت پێدەدەم، ئەمەش هەواڵەكەیە." پاش گوتنی ئەم قسەیە نامەكەی دا

بەدەست کارلەوە. لەسەر زەرفەکەی نووسرابوو: " بۆ کارل راسمان، پێویستە ئەم نامەیە لەهەر شوێنێکدا بیت، کاتژمێر دوازدە بەدەستت بگات."

کاتێ کە کارل نامەکەی دەکردەوە، بەڕێز گرین گوتی:" پێویستە لەبەر ئەوەی لە نیۆیۆرکەوە تاکو ئێرە لەبەر تۆ شوفێریم کردووە سوپاسم بکەیت، بێگومان تۆ چاوەڕێی ئەوە نەبوویت ئێستا لەم ڕارەوەدا بەدواتدا بگەڕێم."

کارل هەرکە چاوی بە نامەکە کەوت، رووی قسەی کردە بەڕێز گرین و گوتی:" خالّم ئەم نامەیەی بۆ ناردووم، چاوەڕێم دەکرد!"

بەڕێز گرین کە مۆمەکەی لە بەرامبەر کارلەوە ڕاگرتبوو، گوتی: " بەلای منەوە گرنگ نییە چاوەڕێت کردبێت یان نەت کردبێ، تەنها بیخوێنەوە."

کارل لەبەر ڕووناکی مۆمەکە دەستی کرد بەخوێندنەوەی نامەکە:

خوشکەزای ئازیزم، هەر بەو جۆرەی کە لە ماوەی ژیانی کورتی پێکەوەبیماندا، دەبێ لەوە تێگەیشتبیت، کە من لە بنەڕەتەوە پیاوێکم پاپەندی بنەماکانم، ئەم مەسەلەیە نەك تەنها بۆ ئەوانەی کە پەیوەندییان لەگەڵمدا هەیە، بەڵکو تەنانەت بۆ خۆشم ناخۆش و خەمهێنەرە. سەرباری ئەمەش، ئەو بنەمایانە کە پێیانەوە پاپەندم، کەسایەتیی من پێك دەهێنن، کەسیش ناتوانێ چاوەڕێی ئەوە بکات ئەسڵی خۆم لەبەر چاو نەگرم. تەنانەت بۆ کەسێکی وەك تۆش کە خوشکەزای ئازیزمی. ئەگەر بەمێشکمدا بێت، کە کەسایەتیم بکەوێتە بەر هێرشی کەسانی دیکە، ئەوا تۆ یەکەمین کەسێك دەبیت کە ڕێگەی کارێکی وەهات پێدەدەم. بەم پێیە بەم دوو دەستانەم کە ئەم نامەیەم گرتووە، لە ناو هەموو خەڵکدا هەڵت دەبرم و بەم دوو دەستانەم لە بان سەرمت دادەنێم. بەلاّم ئێستا کە نیشانەیەکی وەها بۆ شتێکی لەو جۆرە بە کردەیی نابینم، لە پاش ئەوەی کە ئەمە رووی دا، دەبێ یەکسەر تۆ لە خۆم دوور بخەمەوە. بەپێداگرییەوە داوات لێدەکەم، نە سەردانم بکەیت و نە لە ڕێگەی نامەوە پەیوەندیم پێوە بکەی، چونکە بە پێچەوانەی خواستی منەوە ئەمشەو بڕیارت دا من بەجێ بهێڵیت، کەوایە باشتر وایە تاکۆتایی تەمەنت لەسەر بڕیاری خۆت بمێنیتەوە. بەمشێوەیە دەتوانم بڵێم بڕیارێکی پیاوانەت داوە. بەڕێز گرین کە باشترین دۆستمە، هەڵمبژاردووە تاکو ئەم هەواڵەت پێبگەیێنێت، چونکە باوەڕم وایە ئەو دەتوانێت بە زمانێکی پڕ لە میهرەبانی لەتەکت بدوێت، کە لە ئێستادا من بێ توانم لە بەکارهێنانی ئەم زمانە. بەڕێز گرین کەسێکی دەستڕۆیشتووە و لە یەکەمین هەنگاوی سەربەخۆییتەوە کە دەینێیت، بەلانیکەمەوە لەبەر من دەتوانێت ڕێنماییت بکات و یارمەتی

پێویستت بدات. لەبەر ئەوەی جیابوونەوەم لە تۆ تا کۆتایی ئەم نامەیە دووبارە نارِوون دەردەکەوێت، دەبێ ئەوە روون بکەمەوە، کە بە دوایەکدا بە خۆم بڵێم خێزانی ئێوە بە هیچ شوێنێك ناگەن.

ئەگەر بەڕێز گرین لەبیری چوو جانتا و چەترەکەت بداتەوە، بیری بهێنەوە.

لەگەڵ باشترین ئارەزووم بۆ خۆشبەختی زیاترت

لەگەڵ ڕێزمدا- خاڵە جاکوب

بەڕێز گرین پرسی:" تەواوت کرد؟"

کارل گوتی: " بەڵێ، جانتا و چەترەکەت لەگەڵ خۆت هێناوە؟"

بەڕێز گرین کە تا ئێستا جانتا کۆنە گەشتیارەکەی بە دەستی چەپی لە پشتەوەی شاردبووەوە، لەسەر مێزەکە لە تەنیشت کارلەوە دانا و گوتی:" فەرموو ئەوەش جانتاکەت."

کارل دووبارە پرسی:" ئەی چەترەکە؟"

بەڕێز گرین کە چەترەکەی بەگیرفانی پانتۆڵەکەیدا شۆڕ کردبووەوە، نیشانی داو گوتی: "هەموو شتەکانتم لایە، کەسێك بەناوی شوبالەوە کە لە هێڵی هامبۆرگ- ئەمریکادا ئەندازیارە، ئەم شتانەی بۆ هێناوم، پێی گوتم ئەم شتانەی لەناو کەشتییەکەیدا دۆزیوەتەوە. پێویستە دەرفەتێك بدۆزیتەوە و سوپاسی بکەیت."

کارل چەترەکەی خستە سەر جانتاکە و گوتی:" بە لانیکەمەوە شتەکانیان پێدامەوە."

بەڕێز گرین گوتی:" بەڵام لەمەبەدوا هەوڵ بدە بەباشی پارێزگاری لە شتەکانت بکەیت، سیناتۆر داوای لێکردم ئەمەت پێ بڵێم." پاشان بە پەیجۆرییەوە پرسی: "چەندە جانتایەکی سەیروسەمەرەیە!."

کارل گوتی:" ئەمە لەو جۆرە جانتایانەیە لە وڵاتەکەی مندا کاتێ سەربازان دەچن بۆ سەربازی لەتەك خۆیاندا دەیبەن. ئەمە جانتای کۆنی سەربازی باوکم بوو. جانتایەکی گەلەك باشە."

پاشان بزەیەکی کرد و گوتی:" هەڵبەتە لە کاتێکدا کە ونی نەکەم."

بەڕێز گرین گوتی:" دواجار ئەمە بۆ خۆی بۆ تۆ ئەزموونێکە، بێگومان لە ئەمریکادا خاڵێکی دیکەت نییە. ئێستا لێگەڕێ شتێکی دیکەت پێ بدەم. بلیتێکی پلە سێ بۆ سانفرانسیسکۆ. بڕیارم داوە بتنێرم بۆ سانفرانسیسکۆ، چونکە، یەکەم لە رۆژئاوای ئەمریکادایە و هەلی دۆزینەوەی کارت زۆر زیاترە، دووەم خاڵت لە رۆژهەڵاتی ئەمریکادا لەهەر شتێکدا کە

بۆ تۆ شیاو بێت دەستڕۆیشتووە، بێگومان پێویستە ڕێگە لە بینینت بگیرێت. لە سانفرانسیسکۆ هەر کارێك کە پێت خۆشە بیکە، دەتوانی لە سفرەوە دەست پێبکەیت و وردە وردە ژیانێکی خۆش بۆ خۆت دەستەبەر بکەیت."

کارل نیەت خراپی لە قسەکانی بەڕێز گریندا نەدەبینی، دواجار ئەو هەواڵە خراپەی کە بەدرێژای شەو وەك شمشێرێك لە کەلانی بەڕێز گریندا خۆی شاردبووەوە، بەکارل ڕاگەیێنرا، ئێستا گرین وەك پیاوێکی ئازادەر نەدەهاتە پێش چاو، ڕەنگە لەهەموو کەسێك ڕاشکاوانەتر و بێپەردەتر قسەی لەگەڵ بکرێت. باشترین کەسیش کە هەڵگری پەیامێکی وەها شارەوە و ئازادەر بێت و ئەو پەیامەی پێ بێت، لە کاتێکدا بێ ئەوەی خەتایەکی کردبێت ، بەجۆرێکی گوماناوی دەردەکەوێت. کارل گوتی:" هەر ئێستا لەم ماڵەدا دەڕۆم." بەهیوا بوو بەڕێز گرین بەپێی ئەزموونەکانی ژیان بڕیارەکەی بەراست بزانێت، درێژەی دایە:" منتان وەك خوشکەزای خالّم میوانداری کردووە، کەوایە ئێستا بە ئێوە بێگانەم، ئیدی پێویست ناکات لێرە بمێنمەوە. دەکرێ ئەو دڵسۆزییەم بەرامبەر بنوێنن و ڕێگەم نیشان بدەن پێم بڵێن، چۆن دەتوانم بگەمە نزیکترین میوانخانە؟"

گرین گوتی:" هەر ئێستا پێت دەڵێم. لەوە ناترسی کە کاتی من دەگری؟"

کاتێ کارل بینی گرین هەنگاوی گەورە هەڵدەنێت، یەکسەر ڕاوەستا، ئەم هەموو پەلەکردنە لە پێش چاوی کارلدا گوماناوی دەردەکەوت، کاتێ لە بارودۆخی ڕاستەقینەی خۆی تێگەیشت، لە ناکاو پشتی چاکەتەکەی گرینی گرت و گوتی: " شتێکی دیکە هەیە دەبێت بۆمی ڕوون بکەیتەوە: لەسەر بەرگی ئەو نامەیەی کە پێتدام، تەنها نووسرا بوو، نامەکە کاتژمێر دوازدە لەهەر شوێنێکدا بم، بگاتە دەستم. کەوایە بۆچی سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی پێداگری نامەکە، کاتێ دەمویست کاتژمێر یازدە و چارەك بڕۆم ڕێگەت لێگرتم؟ کەوایە بەم کارەت لەو فەرمانەی کە پێتڕاسپێرابوو لاتداوە."

گرین کە لە کاتی وەلامدانەوەی کارلدا دەستی دەجوولاند، تاکو زیادەڕۆی هەستیاری گەلحۆیانەی پرسیارەکەی کارل نیشان بدات، گوتی:" چما لەسەر بەرگی نامەکە نووسراوە پێویستە من بەدوی تۆدا تاکو سنوری مەرگ بڕۆم؟ لە ناوەڕۆکی نامەکەدا شتێك هەبوو تۆ بەمشێوەیە لێکی بدەیتەوە؟ ئەگەر تۆم لێرە گل نەدایاتەوە ناچار بووم کاتژمێر دوازدە لە ڕێگە بەدەستیی بگەیێنم."

کارل کە بەتەواوی دانی بەخۆیدا گرتبوو، گوتی:" نا بەتەواوی وەها نییە. لەسەر بەرگەکە نووسراوە:" کاتژمێر دوازدە بەدەستی بگات. پێدەچوو ئەوەندە ماندوو بیت، ئەسڵەن نەتوانی بەدووی مندا بگەڕێیت، یان رەنگە تا کاتژمێر دوازدە من خۆم بە ماڵی خاڵم بگەیاندایە، ئەگەرچی ئەو حەقەت پێدەدەم بەڕێز پولەندەر وابیری نەدەکردەوە کە من بتوانم ئەم کارە بکەم. رەنگە دواهەمین چارە ئەوە بووایە، ئەرکی تۆ بوو بە ئۆتۆمبێلەکەت بمگەیێنیت بە ماڵی خاڵم، کە هەڵبەتە بە باشی و بەخۆشی لە بیرت کرد لەبارەی ئەمەوە قسە بکەیت. چونکە من پێداگریم لەسەر ئەوە دەکرد بگەڕێمەوە بۆ ماڵی خاڵم. ئایا نووسراوی سەر نامەکە ناڵێت دەرفەتی کۆتایی من کاتژمێر دوازدەیە؟ کەوایە خەتای تۆ بوو کاتژمێر دوازدە نامەکەم بەدەست نەگەیشت."

کارل زیرەکانە نیگای لە گرین بڕیبوو دەیبنی لە ڕوخساریدا ڕیسوایی ئەم ئاشکراکردنە و ئەو شادییەی لە سەرکەوتنی پلانەکەیدا بەدەستی هێنابوو لە کێشمەکێشدابوون. دواجار گرین بەسەر تووڕەیی خۆیدا زاڵبوو، وەك بڵێی سەرباری ئەوەی کارل بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو، دەیویست رووبەرووی قسە تۆمەتبارەکانی بێتەوە، گوتی: " ئیدی قسەکردن تەواو." کارلی کە جانتا و چەترەکەی دووبارە هەڵگرتبوو، لە دەرگا بچووکەکەوە کە کردبوویەوە بەپاڵپێوەنانەوە خستە دەرەوە.

کارل بەسەرسامییەوە خۆی لە دەرەوە بینییەوە. لە بەردەم باڵەخانەکدا قادرمەگەلێکی بێ لێوانەی لەپێش بوو. دەبوو لەم قادرمانەوە بڕوات و پاشان بۆ لای راست پێچ بکاتەوە، تاکو بگات بەو شەقامەی کە بە ڕێگەکەی دەگەیاند. لەبەر رووناکی درەوشاوەی مانگ رێی تێنەدەچوو رێگە ون بکات. لەبەر پێیدا لەناو باخەکاندا دەنگی سەگوەڕی سەگە بەرەڵڵا جۆراوجۆرەکانی دەبیست، کە لەژێر درەختەکاندا بۆ ئەمبەرو ئەوبەر رایان دەکرد، دەیتوانی لەو بێدەنگییەدا بەڕوونی دەنگی پێیان ببیستێت، کە لەپاش بازێکی گەورە پێیان بەسەر سەوزەڵانەکەدا دەکەوت. بێئەوەی سەگەکان ئازاری بدەن، بەسەلامەتی لەناو باخەکەدا هاتە دەرێ. نەیدەزانی نیۆیۆرك دەکەوێتە چ لایەکەوە. کاتێ بۆ ئێرە هاتبوو، ئەسڵەن گرنگی بەو شتە لاوەکییانە نەدابوو کە ئێستا بەکەڵکی دەهاتن. دواجار بەخۆی گوت، پێویست ناکات بڕۆم بۆ نیۆیۆرك، چونکە کەس لەوێندەر چاوەڕێم ناکات، بەتایبەتی کەسێك هەیە ئەسڵەن چاوەڕێی ناکات. بەم جۆرە هەر لەخۆیەوە رێگەیەکی هەڵبژارد و کەوتە رێ.

## (٤)

# شەقامی رامسز

لەو میوانخانە بچکۆلەیەی کە کارل پاش بەرێداچوونێکی کورت پێی گەیشتبوو و داواهەمین وێستگەی چکۆلەی خواردنی ئەو شۆفێری ئۆتۆمبێل و لۆریانە بوو ، کە بەر لە گەیشتنیان بە نیۆیۆرك لەوێندەر رادەوەستان و بە دەگمەنیش بۆ خەوتنی شەوانە تێیدا دەمانەوە، کارل پرسیاری هەرزانترین ژووری بۆ پشووی شەوانە کرد، چونکە دەبوو دەست بە پاشەکەوتکردنی پارە بکات. لەوەلامی پرسیاری کارلدا، خاوەنی میوانخانەکە زۆر رووساردانە بە دەستی قادرمەکانی نیشان دا، وەك بڵێی کارل خزمەتکاری بێت. لەسەرو قادرمەکانەوە پیرەژنێکی شێواو کە بێداری روخساری گرژومۆن کردبوو، بەردەوام دەیهێنا بەلای گوێی کارلدا کە بێ تەقەورەقە بە رێگەدا بڕوات، بێئەوەی گرنگی بەقسەکانی کارل بدات، بەرەو ژوورێك رێنمایی کرد و دەرگاکەی لەسەر داخست، بەڵام بەر لەوەی دەرگاکە دابخات، بەهێواشی گوتی: " شش!"

ژوورەکە گەلەك تاریك بوو، کارل سەرەتا نەیتوانی لەوە تێبگات، ئایا پەردەی پەنجەرەکان دادراونەتەوە یان ئەسڵەن لە ژوورەکەدا پەنجەرە نییە؟ بەڵام دواجار پەنجەرەیەکی چکۆلەی لە ژێر سەقفی ژوورەکەدا بینی، پەردەی پەنجەرەکەی لاداو رووناکییەکی کز هاتە ژوورەوە. ژوورەکە دوو چرپای لێبوو هەردووکیان گیرابوون. بینی دوو جحێڵ لەسەر چرپاکان لە خەوێکی قووڵدا رۆچوون، بەسیمایاندا دیاربوو ناکرێت زۆر متمانەیان پێ بکرێت، چونکە بێ هیچ هۆیەکی رازیکەر بە جلەکانی بەریانەوە خەوتبوون، تەنانەت یەکێکیان بە پۆتینەکانییەوە خەوتبوو.

کاتێ کارل پەردەی پەنجەرەکەی لادا، یەکێکیان بەحەواوە کەمێك دەست و پێی ڕاوەشاند، بینینی ئەم دیمەنە بۆ کارل ئەوەندە سەیر بوو، کە سەرەڕای ڕەچاوکردنی هێمنی پێی پێکەنی.

بەسەرنجدان لەوەی شتێکی وەك قەنەفە یان قەرەوێڵە لە ژوورەکەدا نەبوو، لەسەری بخەوێت، کارل یەکسەر تێگەیشت خەوتنی لەم ژوورەدا نەشیاوە، لەبەر ئەوەی نەیدەویست جانتا تازە دۆزراوەکەی و ئەو پارەیەی کە پێیەتی لە دەستی بدات، حەزی نەدەکرد لەوێندەر بڕوات،

چونکە دەترسا ئەگەر بەم زووانە ئەم میوانخانەیە بەجێ بهێڵێت، پیرەژنەکە و خاوەن میوانەخانەکە بە چوونی دەزانن. دواجار لە رووی ئاسایشیشەوە مانەوەی لەوێ و لەسەر جادە جیاوازی نەبوو. تا ئەو جێگەیەی کە لەبەر ڕووناکی کزی ژوورەکەدا دەیبینی هیچ باروبنەیەکی دوو ڕێبوارەکە دیار نەبوو، بێگومان بەلای کارلەوە ئەمە سەیر بوو. بەڵام رەنگە لەراستیدا پێدەچوو دوو جحێڵەکە شاگرد بن، کە دەبوو بەیانی زوو لە خەو هەستن تاکو خزمەتی رێبواران بکەن، هەر لەبەر ئەمەشە بە جلەوە نووستبوون. کەوایە نووستن لە ژوورەکەیاندا جێگەی شانازی نەبوو، بەڵام مەترسیداریش نەبوو. سەرەڕای ئەمەش تا کاتێك لەم مەسەلەیە بەتەواو دڵنیا نەبێت، بەهیچ جۆرێك نەدەبوو بخەوێت.

لە ژێر چرپای یەکێکیاندا مۆمێك و شقارەتەیەك دانرابوو. بە هێمنی چەمایەوە و هەڵیگرتن. لە بارەی هەڵکردنی مۆمەکە بە هیچ جۆرێك دڕدۆنگ نەبوو. چونکە خاوەن میوانخانەکە پێی گوتبوو، ژوورەکە چەندە هی ئەو دوو جحێڵەیە ئەوەندەش هی تۆیە، سەرباری ئەوەش دوو جحێڵەکە دەمێك بوو لەسەر چرپاکان نووستبوون و بەمەش بارودۆخیان لە کارل باشتر بوو، بەڵام کارل هەوڵی دەدا تا دەکرێت دەنگەدەنگ نەکات، نەبا ئەوان لە خەو ڕاچڵەکێن.

یەکەمجار دەیویست جانتاکەی بپشکنێ و لە مانی کەلوپەلەکانی بکۆڵێتەوە، هەڵبەتە وای بە بیردا دەهات کە کەرەستەکانی ناو جانتاکەیان دەرهێنابێت و گرانبەهاترین شتەکانی ناوەویان بردبێت. چونکە ئەگەر دەستی شوبال بە شتێك بگات، مەحاڵ بوو بە ڕێکوپێکی بگاتەوە دەستی خاوەنەکەی. هەڵبەتە ئەگەریشی هەبوو شوبال چاوەڕێی پاداشتێکی چەور و گەرمی لە خاڵە جاکوب کردبێت. بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەگەر شتێکی ناو جانتاکەی ون بووبێت شوبال دەیتوانی بەرپرسیاریەتی ون کردنی ئەو شتە بخاتە گەردنی باتربام، چونکە باتربام پارێزەری ئەسڵی جانتاکە بوو.

بە یەکەمین سەرنجدان لە ناوەوەی جانتاکەی سەرسام بوو. چونکە لە کاتی کەوتنەرێیدا چەند کاتژمێرێك بە ڕێکوپێککردنی کەلوپەلی ناو جانتاکەیەوە خەریك ببوو. بەڵام ئێستا هەموو شتەکانی بە جۆرێك تێکوپێك درابوون، هەرکە کلیلی لە جانتاکەی وەڕسووڕاند، یەکسەر دەرگای جانتاکەی کرایەوە.

بەڵام دەستبەجێ تێگەیشت هۆکاری سەرەکی پەرشوبڵاوی کەلوپەلەکانی ناوەوەی جانتاکەی ئەو پۆشاکە بووە کە کارل لەکاتی سەفەرەکەیدا لەبەری کردبوو و کەسێك پێی بەخشیبوو، بۆیە جلەکانی ناو جانتاکەی زیاد ببوو. هەڵبەتە جێگەی ئەم جلانە لەناو

جانتاکەیدا نەدەبووەوە. بچووکترین شتی ناو جانتاکـەی ون نـەبووبوو. لەگیرفانـە شـاراوەکەی چاکەتەکەیدا پاسپۆرت و ئەو پارەیەی کە دایك و باوکی پێیـان دابـوو دۆزییـەوە. لـەگیرفانی خۆشیدا بڕێك پارەی تێـدابوو کـە بـە هەردووکیانـەوە زۆری دەکـرد و بـەم پارەیـە دەیتـوانی ماوەیەك بگوزەرێنێت. تەنانەت ئەو ژێرجلانەی[١٠] لە ناو جانتاکەدابوون کە کاتی هـاتنی بـۆ نیۆیۆرك لەبەری کردبوون، کەسـێك تـازە شـۆردبوونی و ئوتـوی کردبـوون. خێـرا کاتـژمێر و پارەکەی لە گیرفانە شارەوەکەیدا شاردەوە. بەدبەختانە هەموو شتەکانی ناو جانتاکەی بـەهۆی کالْباسی ڤیرۆنیاوە بۆنیان کردبوو، ئەگەر چارەیەکی بۆ لەناوبردنی ئەو بۆنە نەدۆزیایەتەوە، لە داهاتوودا دەبوو چەندین مانگ بەو جلە بۆنگرتوانەوە ئەمبەر و ئەوبەر بکات و ئەو بۆنە بلاو کاتەوە.

کاتێ لە ناو جانتاکەیدا بەدوای کتێبە پـیرۆزە گیرفانییەکـەی و کاغـەزی نامەنووسـین و وێنەی دایك و باوکی دەگەڕا، کەلاوەکەی سەری کەوتە نێو جانتاکەیـەوە، کـارل یەکسـەر بـە بینینی قەراغە کۆنەکەی تێگەیشت کلاوەکەی خۆیەتی، هەمان ئەو کلاوە بوو کە دایکی پێی دابوو تاکو لە سەفەرەکەیدا لەسەری بکات. لەگەڵ ئەوەشـدا لـە نـاو کەشـتییەکەدا لەسـەری نەکردبوو، نەیدەیویست بەر لە دابەزینی لە کەشتییەکە لە سـەری بکـات، چـونکە خـەڵکی ئەمریکا لە بری کلاوی ئاسایی کێپیان[١١] لەسەر دەکرد. بەڕێز گرین بۆ ئـەوەی گالْتـەی پـێ بکات سوودی لە کێپی وەرگرتبوو، ئایا ئەم کلاولەسەرکردنەی بە فەرمانی خالْە جاکوبی بوو؟ بە تووڕەییەوە دەرگای جانتاکەی گرت و رایکێشاو دەرگاکە بە دەنگێکی بەرز داخرا.

ئیتر نەدەکرا هیچ بکـات، چـونکە بـە دەنگـی دەرگـای جانتاکـە دوو جحێڵەکـە لەخـەو ڕاچڵەکیبوون. یەکەمجار یەکێکیان باوێشکی دا و دەمی داچەقاند، بەدوای ئەودا دووەمیشـیان بەهەمان شێوە باوێشکی دا. زۆربەی شتەکانی نـاو جانتاکـەی لەسـەر مێزەکـە هەڵڕشـتبوو، ئەگەر دوو جحێڵەکە دز بوونایە، زۆر بەئاسانی دەیانتوانی بگەنە سەر مێزەکە و هەرچییەکیان بویستایە بیدزن. کـارل هـەم لەبـەر ڕێگـری لـەم کـارە و هـەم لەبـەر ئـەوەی بزانێـت لـە چ شوێنکدایە، بە مۆمەکەی دەسـتییەوە بـەرەو لای چـەرپای دوو جحێڵەکـە چـوو، بـۆی ڕوون کردنـەوە بـە چ شـێوەیەك سـەری لـەم ژوورە دەرکـردەوە. وەك بڵێـی ئـەوان چـاوەڕێی

١٠- ژێرجل: کراسی عەلاگە و شۆڕتی ژێرەوە.

١١- کێپی: چۆرە کلاوێکە.

ڕوونکردنەوەیەکی وەها نەبوون، چونکە بەچاوە خەواڵوەکانیانەوە بێ ئەوەی پێیان سەیر بێـت، تەماشایان دەکرد. هەردوو جحێڵەکە گەنج بوون، بەڵام بـەهۆی هــەژاری و ئیشـکردنی زۆرەوە ڕوخساریان پیر و دەرپەڕیو بوو، ڕیشیی لوولیان بە چەناگەیاندا هاتبووە خوارەوە و قـژیان کـە ماوەیـەك بـوو نـەیان تاشـیبوو نووسـابوو بـە سـەریانەوە و بەدەسـتیان چـاوی خـەواڵوویان هەڵدەکلۆفی.

کارل لەم کاتەدا سوودی لە بارودۆخی لاوازیان وەرگرت و گوتی: "من ناوم کارل ڕاسمانـە و خەڵکی ئەڵمانیام، لەبەر ئەوەی پێکەوە هاوژوورین، تکـا ئەکـەم پـێم بڵـێن ناوتـان چییە و خەڵکی چ وڵاتێکن؟ باشتر وایە پێتان بڵێم ئەسڵەن نامەوێت لەسەر چرپاکانتان بنووم، چـونکە درەنگ هاتووم و بە هەر جۆرێك بێت نامەوێت بخەوم، لەو چاکەت و پانتۆڵەی کە لەبەرمدایـە ئەنجامگری هەڵە نەکەن، باردۆخی مادیم خراپە و داهاتووشم نادیارە."

یەکێك لـە جحێڵـەکان کـە جەسـتەی لـەوی دیکـەیان بچـووکتر بـوو- ئـەوەیان کـە بـە پێڵاوەکانیەوە خەوتبوو- بە ڕاوەشـاندی دەسـتەکانی و بـە کـورتی بـە ڕەفتارەکـانی کـارلی تێگەیاند حەزی لە بیستنی ئەم قسانە نییە و کاتی نییە گوێی لێبگرێت، دووبارە ڕاکشایەوە و یەکسەر خەوی لێکەوتەوە، ئەوی دیکەشیان کە جحێڵێکی ئەسمەر بوو راکشایەوە، بـەڵام بـەر لەوەی خەوی لێبکەوێت، دەستی بە شلی راوەشاند و گوتی:" ئەو هاوڕێیەم ناوی (رابینسۆن)ە و خەڵکی ئێرلەندییە، منیش ناوم (دلامارش)ە و فەرەنسیم. ئێستا بێزەحمـەت بێـدەنگ بـە" هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو، بە فوویەکی توند مۆمەکـەی کـارلی کوژانـدەوە و دووبـارە سەری خستەوە بان سەرینەکەی.

کارل لە کاتێکدا بۆ لای مێزەکە دەگەڕایەوە، بە خۆی گوت:" زۆرباشە، مەترسی نـەما." ئەگەر خەوتنیان نەکردایە بە بیانوو، هەموو شتێك تەواو بوو. کارل تەنیا لەوە نیگـەران بـوو یەکێکیان ئێرلەندییە، بە بیری نەدەهاتەوە لە وڵاتەکەی خۆیدا لە چ کتێبێکـدا خوێندبوویـەوە کە ئەگەر کەسێك بڕوات بۆ ئەمریکا پێویستە ئاگای لە ئێرلەندییەکان بێت. کاتێك لای خاڵی بوو دەرفەتی زۆر گونجاوی بوو بۆ ئەوەی بە وردی لەمبارەیەوە بیر بکاتەوە، بەڵام چـونکە لـەو کاتەدا وایدەزانی تاکو کۆتایی تەمەنی لە رووی مادییەوە دارایە، ئەم مەسەلەیەی بەتـەواوی وەلاخستبوو. بڕیاری دا لە ژێر رووناکی مۆمەکەدا تەماشـایەکی وردی ئـەو جحێڵـە بکـات. مۆمەکەی داگیرساندەوە، لەبەر رووناکی مۆمەکەدا بینی سـیمای جحێڵـە ئێرلەندییەکـە لـە سیمای فەرەنسییەکە ڕوونترە. لەکاتێکـدا لەسـەر نـووکی پـێ راوەسـتابوو، لـە مەودایـەکی

دوورەوە تەماشای دەکرد، بینی لە روخساری جحێڵەکە خاڵێکی خڕی پێوەیە و لەکاتێکدا کە خەوتبوو بزەیەکی دۆستانە بەسەر لێویەوە نیشتبوو، سەرباری ئەمانەش بڕیاریدا نەخەوێت، لەسەر ئەو تاقە کورسییەی کە لە ژوورەکەدا بوو دانیشت، ڕێکوپێککردنی شتومەکەکانی ناو جانتاکەی لە ئێستادا دواخست، چونکە بە درێژای شەو دەرفەتی ئەم کارەی هەبوو، بێ ئەوەی ئینجیل بخوێنێتەوە کەمێك پەڕەکانی هەڵدایەوە و پاشان وێنەکانی دایك و باوکی دەرهێنا. لە وێنەکەدا باوکە گچکەکەی لە پشت دایکییەوە زۆر بە ڕەپوڕەقی راوەستابوو، دایکی بەناو قەنەفەدا رۆچووبوو، باوکی دەستێکی لە پشت قەنەفەکەوە دانابوو، دەستەکەی دیکەی بە قوجاوی لەسەر ئەلبومی وێنەکان دانابوو، کە بە شێوەیەکی کراوە لەسەر مێزەشووشەکەی تەنیشتی دابوو. وێنەیەکی دیکەی لە ماڵەوە هەبوو کە کارل و دایك و باوکی پێکەوە گرتبوویان. لەو وێنەیەدا باوك و دایکی بەلاچاو سەیری کارلیان دەکرد، بەڵام خۆی بە فەرمانی وێنەگرەکە چاوی لەکامێرەکە بڕیبوو. بەڵام ئەو وێنەیەی لەگەڵ خۆی نەهێنابوو.

ئێستا وێنەکەی لەپێش چاوی راگرتبوو و بە وردی سەرنجی دەدا و هەوڵی دەدا بەتەماشاکردنی لە گوشە جیاوازەکانییەوە سەرنجی باوکی لە وێنەکەدا ئاراستەی خۆی بکات.

بەڵام باوکی لە وێنەکەدا گیانی وەبەرنەدەهات، هەرچەندە کارل مۆمەکەی بەسەر وێنەکەوە ئەمبەر و ئەوبەر پێ دەکرد، دیسانەوە گۆڕانێك لە سیمای باوکیدا بەدیار نەدەکەوت. سمێڵە بابڕو ئاسۆیەکانیشی هەرگیز بە راستەقینە نەدەهاتنە پێش چاو، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بگوترێ وێنەکە بەباشی نەگیرابوو، بەڵام وێنەکەی دایکی جوانتر گیرابوو، لێوەکانی بەجۆرێك بوون وەك بڵێی نیگەرانە و بەزۆر دەیەوێت بزە بخاتە سەر لێوانی. کارل مەزەندەی دەکرد هەر کەسێك ئەم وێنەیە ببینێ، وەها دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە کە دەستبەجێ بەو ئەنجامە دەگات، ئەگەر دیمەنی وێنەکە بەلای ئەو کەسەوە گەمژانە نەبێت، ئەوا زیادەڕۆیانەیە. ئاخر وێنەیەك چون دەیتوانی وەها بەدڵنیایەوە هەستیاری کەسێك نیشان بدات؟ چاوی لە وێنەکە هەڵگرت و رووی وەرگێڕا. کاتێ دووبارە تەماشای وێنەکەی کردەوە، بینی دەستی دایکی لە دەسکی کورسییەکەوە شۆڕبووەوە، وەك بڵێی دەیویست کەسێك دەستی ماچ بکات. بیری کردەوە ئایا باشتر نییە نامەیەك بۆ دایکی و باوکی بنووسێت؟ چونکە هەردووکیان بە تایبەتی باوکی لە کاتی ماڵئاواییدا لە هامبۆرگ، پێی گوتبوو لە هەواڵی خۆی ئاگاداریان بکاتەوە. لەو ئێوارە ترسناکەدا کە دایکی لە نزیك پەنجەرەکەوە راوەستابوو پێی گوتبوو دەبێت بڕوات بۆ ئەمریکا.

کارل پێشتر بڕیاری یەکجارەکی دابوو هەرگیز نامەیان بۆ نەنووسێت، بەڵام بڕیاری جحێڵێکی بێئەزموون ئەویش لێرەو لەم غەریبییەدا دەیتوانی چ ڕۆڵێکی هەبێت؟ ئەوکات بڕیاری دابوو لە دوای دوو مانگ مانەوەی لە ئەمریکا، ببێتە فەرمانـدەی هێـزی سـەربازی ئەمریکا، بەڵام ئێستا خۆی لە هەورەبانی میوانخانەیەکی دەرەوەی شاری نیۆیۆرك لە تەنیشت دووکەسی بەرەڵا دەبینییەوە و دەبوو ئەم دۆخەش قبووڵ بکات. کارل بە بزەوە لە وێنەکەدا لە روخساری دایك و باوکی ورد بووەوە، وەك بڵێی دەیویست بزانێت ئایا هێشتا حەز دەکەن هەواڵی کوڕەکەیان بزانن یان نا؟

کاتێ کە لەنێو ئەم بیرایانەدا ڕۆچووبوو، لەناکاو تێگەیشت گەلەك ماندووە و ئیدی ناتوانێت بە درێژایی شەو بێدار بمێنێتەوە. وێنەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە و روخساری خستە سەر وێنەکە. بەو هەوا فێنکەی کە لەسەر روخساری هەستی پێدەکرد چێژی وەردەگرت و بەم هەستە خۆشەوە خەوی لێکەوت.

بەیانی زوو کەسێك ختووکەی بنە پێی کارلی دەدا و لەخەو رایچڵەکاند. جحێڵە فەرەنسییەکە بوو، ئەو ڕێگەیەیی بەخۆی دابوو، کە ختووکەی کارل بدات، جحێڵە ئێرلەندییەکەش لای مێزەکەی کارلەوە راوەستابوو و پێکەوە بە هەمان نیگا کە کارل لەشەوی ڕابردوودا لەوانی بڕیبوو سەرنجیان لێ دەدا. کارل بەوە سەرسام نەبوو کە لەگەڵ هەستانی خۆیاندا ئەویان خەبەر نەکردبووەوە، پێویستیشی نەدەکرد لە بە دزی جووڵانەوەیان گومانی خراپ بکات، چونکە لە خەوێکی قووڵدا ڕۆچووبوو، لە سیمای دوو جحێڵەکەشەوە دیار بوو پێویستیان بە جل لەبەرکردن و دەست شۆرین نییە.

ئێستا خۆیان بەتەواوی پێ ناساند، هەڵبەتە کەمێك بەشێوەیەکی فەرمیتر، کارل تێگەیشت هەردووکیان میکانیستن و ماوەیەکە لە نیۆیۆرکدا بێکارن و بەم هۆیەشەوە بارودۆخیان لەڕادەبەدەر خراپە. بۆ سەلماندنی بارخراپییان، ڕابیسۆن قۆپچەی چاکەتەکەی کردەوە تاکو ئەوە نیشانی کارل بدات کە کراسی لەبەردا نییە، هەڵبەتە گەلەك بەسانایی دەکرا بزانرێت کراسی لەبەردا نییە، چونکە تەنیا یەخەی کراسێکی بەدەوری چاکەتەکەدا بەستبوو. گوتیان دەیانەوێت بڕۆن بۆ شارێکی بچکۆلە بەناوی(باترفۆر)ەو تاکو ئەوێندەر بە پێ دوو ڕۆژ ڕێگەیە، دەنگۆی ئەوە هەیە لەو شارەدا ئیشیان دەست دەکەوێت. گوتیان ئەگەر ئەویش بێت لارییان نییە. بەلێنیان پێدا بەنۆرە جانتاکەی هەڵدەگرن و ئەگەر ئیشیان دەسکەوێت وەك شاگردێکی میکانیك لە شوێنێکدا دەیخەنە سەر کار. هێشتا کارل بە تەواوی

ڕەزامەندی نیشان نەدابوو، ئەوان وەك دۆستی خۆیان ڕایانسپارد چاکەت و پانتۆڵە جوانەکەی بەری داکەنێت، هەرچەندە پێیان وابوو بەو جلانەوە ئاستەمە ئیشیان دەسکەوێت. بەڵام پێیان گوت لە میوانخانەکەدا چاکەت و پانتۆڵەکەی بەجێ بهێڵێت، چونکە پیرەژنەکە دەیتوانی جلی نیوداشت بفرۆشێتەوە. کارل کە هێشتا بڕیاری نەدابوو چی لە چاکەت و پانتۆڵەکەی بکات، بە یارمەتی ئەوان جلەکانی داکەند و دایە دەستیان. لە کاتێکدا هەستی بە خەواڵوویی دەکرد، جلە کۆنەکانی سەفەرەکەی بە کاوەخۆ لەبەر کرد. بەڵام سەرزەنشتی خۆی دەکرد بۆچی چاکەت و پانتۆڵە خاسەکەی[12] بە هەرزان فرۆشتووە؟ بەڵام ئەگەرچی بەم جلانەوە ناتوانێت شاگردی میکانیکی بکات. بەڵام ئەگەری هەبوو بەم جلانەوە ئیشێکی باشتر بدۆزێتەوە. هێشتا دەرگاکەی نەکردبووەوە بۆ بانگکردنیان، لەناکاو لە بەردەمیدا هەڵتۆقین و نیو دۆلاریان لەسەر مێزەکە دانا، کە هەقی فرۆشتنی چاکەت و پانتۆڵەکەی بوو، لەهەمان کاتدا ئەوەندە خۆشحاڵ دەهاتنە پێش چاو کە ئاستەم بوو مرۆ بڕوا بکات لە فرۆشتنی ئەم چاکەت و پاتنۆڵەدا سوودێکی زۆروزەوەند و بێ ویژدانانەیان وەرنەگرتبێت.

بەڵام ئێستا کاتی ئەوەی نەبوو لەسەر ئەم مەسەلەیە لەگەڵیان قسان بکات، چونکە پیرەژنەکە هاتبووە ژوورەوە و هەروەکو شەوی پێشووش خەواڵوو بوو. هەرسێکیانی بۆ ڕاڕەوەکە کردە دەرەوە و گوتی پێویستە ئەم ژوورە بۆ گەشتیارانی تازە ئامادە بکرێت. پێویستیی بە گوتنی ئەم قسەیە نەدەکرد، بێگومان ئەم کارەی بە هۆی بەدڕەفتارییەوە بوو. کارل دەستی کرد بە کۆکردنەوەی جانتاکەی و ئێستا ئیدی ناچار بوو تەماشای پیرەژنەکە بکات. پیرەژن بە هەر دوو دەستی کەلوپەلەکانی کارلی دەگرت و وەها دڕندانە دەیخزاندنە ناو جانتاکەیەوە، وەك بڵێی کەلوپەلەکانی کارل ئاژەڵێکی کێوین و ئەم پیرەژنە دەسەمۆیان دەکات.

دوو میکانیستەکە بە دەوروخۆلی پیرەژندا دەهاتن و هەندێجاریش داوێنیان ڕادەکێشا و لە پشتیان دەدا، بەڵام ئەگەر ئەم ڕەفتارانەیان لەبەر کارل دەکرد لە هەڵەدا بوون.

کاتێك پیرەژن دەرگای جانتاکەی داخست، دەسکەکەی بە پەنجەکانی کارلدا شۆڕ کردەوە و میکانستەکانی لە خۆی دوور خستەوە و هەرسێکیانی لە ژوورەکە کردە دەرەوە، گوتی ئەگەر نەڕۆنە دەرەوە قاوەڵتیتان پێ نادەم. دیاربوو پیرەژنەکە بەتەواوی بیری چووەتەوە کە

---

١٢- خاس: وشەیەکی زاراوەی هەورامییە، بەمانای باش.

لەسەرەتاوە کارل لەگەڵ میکانیستەکاندا نەبووە و هەرسێکیانی بە گرووپێك لە قـەڵم دا. بـە هەر جۆرێك بوو میکانیستەکان چاکەت و پانتۆڵەکەیان بەم فرۆشتبوو و نیشانەی ئەوە دەبینرا بەم هۆیەوە لێی نزیك کەوتبنەوە.

هەرسێکیان ناچاربوون بۆ ماوەیەکی درێـژ لـە راڕەوەکـەدا سـەرو خـوار بکـەن، جحێڵـە فەرەنسییەکەیان کە بازوی کارلی گرتبوو، بە ئینگلیزییەکی پـاراو جنێـوی دەدا و هەڕەشـەی دەکرد، دەیگوت ئەگەر سەروسەکوتی خاوەن میوانخانەکە دەرکەوێت چارەی دەکات. بۆ ئەوەی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئامـادە بکـات بـەردەوام مسـتەکۆڵی بەیەکـدا دەدا. ئاخریەکـەی سەروسەکوتی کوڕەلەیەکی پاقژ دەرکەوت، ئەوەندە بچکۆلە بـوو دەبـوو لەسـەر نـووکی پێـی بوەستێت تاکو قۆری قاوەکە بە جحێڵە فەرەنسییەکە بدات. بەدبەختانە جگە لە قۆری قاوەکە هیچی دیکەی لەگەڵ خۆی نـەهێنابوو، ئـەوانیش نەیانـدەتوانی تێبگـەیێنن پێویسـتیان بـە فنجانە، بەمشێوەیە هەرجارە و تەنیا یەکێکیان دەیتوانی قـاوە بخواتـەوە و دوانەکـەی دیکـە دەبوو لە گۆشەیەکدا راوەستن و چاوەڕێی بکەن. کارل نەیدەتوانی بەمشـێوەیە قـاوە بخواتـەوە، بەڵام نەیدەویست نیگەرانیان بکات. بەمشێوەیە کاتێ گەیشتە سەرەی ئـەو دەفـری قاوەکـەی بەرز کردەوە و لە زاری نزیکی کردەوە، بەڵام هیچی لێ نەخواردەوە.

جحێڵە ئێرلەندییەکە وەك نیشانەی ماڵئاوایی دەفری قاوەکەی لەسەر بەردرێژەکە دانا. بێ ئەوەی کەس ئاگای لێیان بێت، لەقاوەخانەکە وەدەرکـەوتن و پێیـان خسـتە تەمومـژی چـڕی ئامەلژەردی بەیانییەوە و شانبەشانی یەکدی بەقەراخ شەقامەکەدا بەبێدەنگی بەرێدا دەچوون، کارل ناچاربوو جانتاکەی خۆی هەڵگرێت، چونکە تاکو داوایان لێ نەکات یارمەتی نادەن. تـاو نا تاوێك ئۆتۆمبیلێك لەناو تەمومژەکەدا دەردەکەوت و هەرسێکیان ئاوڕیان دەدایـەوە، تـاکو تەماشای ئەو ئۆتۆمبێلە زەبەلاحانە بکەن، ئۆتۆمبێلەکان ئەوەندە سـەرنجڕاکێش و بـەخێرایی تێدەپەڕین تەنانەت نەیاندەتوانی لەوە تێبگـەن سەرنشـینی تێدایـە یـان تێـدا نییـە؟ پاشـان ڕووبەرووی ئۆتۆمبیلگەلێکی باربەر بوونەوە، کە زنجیرئاسا بەرێـدا دەچـوون و خواردنیـان بـۆ نیۆیۆرك دەبرد، ئۆتۆمبێلەکان بە پێنج ڕیز وەڕێکەوتبوون و بەتەواوی پانتـایی شـەقامەکەیان داگیر کردبوو، بە جۆرێك بەدوای یەکدیدا دەچوون هیچ کەسێك لەنێوانیاندا نەیـدەتوانی بـەناو شەقامەکەدا تێپەڕێت، لەمەودایەکی دوورترەوە شـەقامەکە پـانتر دەبـوو و وەك مەیـدانێکی لێدەهات و لەناوەراستیدا شتێکی وەك تاوەر دەبینرا. پۆلیسێك لەبەیانییەوە لە مەیدانەکـەدا راوەستابوو و چاوی لە هەموو شتێکەوە بوو، بەدارە بچکۆلەکەی دەستییەوە لەگەڵ پۆلیسێکی

دیکەدا ئۆتۆمبێلەکانیان لە شەقامە گشتییەکەوە بۆ لاوەکییەکان ڕێنمایی دەکرد، تاکو بگەنە فلکەیەکی دیکە. شۆفێری لۆرییەکان بەڕادەی پێویست و لە خۆڕاو بە بێدەنگی بە هۆشیارییەکی تەواوەوە چاویان لە هەموو شتێك بڕیبوو. کارل لەم بێدەنگییەی کە باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو سەرسام بوو. ئەگەر ئەو گایەلەی کە بۆ قەسابخانەیان دەبرد نەیانبۆڕاندایە، جگە لە دەنگی پێی گایەلەکە و دەنگی ماتۆڕی ئۆتۆمبیلەکان دەنگی هیچی دیکە نەدەبیسترا. هەڵبەتە ئەم ئۆتۆمبێلە باربەرانە بەردەوام و بەیەك خێرایی جێگیر بەڕێدا نەدەچوون. لە چەند شوێنێکی ئەم مەیدانەدا بەهۆی هێرشی ئۆتۆمبیلەکانەوە بۆ تێپەربوونیان لە شەقامە لاوەکییەکەوە بۆ گشتییەکە، دەبوو ئۆتۆمبێلەکان زیاتر هاوئاهەنگی یەکدی بکەن، تا ئەو ڕادەیەی کە هەندێجار دەوەستان و سانتیمەتر بە سانتیمەتر بۆ پێشەوە دەچوون. بەڵام پاش چەندێك هەموو ئۆتۆمبێلەکان وەك فیشەك بۆی دەردەچوون، پاشان ئۆتۆمبێلەکان هێواشیان دەکردەوە، وەك بڵێی هەموویان یەك ئستۆپیان هەبێت، سەرەڕای ئەوەش هیچ تەپۆتۆزێك لە شەقامەکەوە هەڵنەدەستا، هەموو ئستۆپگرتنەکان لە هەوایەکی بەتەواوی پاکدا ئەنجام دەدران. بە پێچەوانەی وڵاتەکەی کارلەوە ئاسەواری ڕێبوارانی پیادە و ژنانی ماڵەوە دیار نەبوو، کە هێدی هێدی بە تەنیا بەڕێدەکەوتن و بۆ شت کڕین دەچوون بۆ شار. بەڵام هەندێجار لۆرییەکی سەربەتاڵ بەرچاو دەکەوت کە لە دواوەی نزیکەی بیست ژنی سەبەتە بەشان ڕاوەستابوون، ڕەنگە ئەم ژنانەش لە هەمان ئەو ژنانە بن کە بۆ کڕینی شتومەك دەچوون، ئەم ژنانە لەبەرئەوەی پەلەیان بوو بگەنە شوێنی مەبەست ، بەردەوام پەرێشانانە سەرەتاتکێیان بوو، هەروەها لۆریگەلێکیش هەبوون لەدواوەیان چەند پیاوەك لەمبەرولەوبەریاندا دانیشتبوون و دەستیان خستبووە گیرفانی پانتۆڵەکانیان. لەسەر ئەم لۆریانە شتگەلێکی جیاواز نووسرابوو، کاتێ کارل بینی لەسەر یەکێکیان نووسرابوو: " نووسینگەی بارکردن و گواستنەوەی جاکوب پێوستی بە چەند کرێکارێکە." لەتاو سەرسامیدا ئەبڵەق بوو. لۆرییەکە تاڕادەیەك بە هێواشی دەچوو بە ڕێگادا و پیاوێکی باڵاکورتی پشت چەماوە بە خۆشحاڵییەوە لەسەر جێ پێی لۆرییەکە ڕاوەستابوو. ئاماژەی بۆ سێ ئاوارەکە کرد تاکو سوار بن، کارل خۆی لەپشت میکانیستەکان شاردەوە، وەك بڵێی دەترسا خاڵی لەناو لۆرییەکەدا بێت و بیبینێت. بە هۆی ئەوەی هاوڕێکانی نەیاندەویست سواری لۆرییەکە بن خۆشحاڵ بوو، بەڵام چونکە بە جۆرێکی نەشیاو وەڵامی شۆفێری لۆرییەکەیان دایەوە ناڕەحەت بوو. ئاخۆ چ هۆیەك وای لێدەکردن کارکردن لای خاڵی بە نەنگ بزانن؟ کارل زۆر بە خێرایی و

کورت و پوخت ئەوەی لە دڵیدا بوو پێی گوتن. دلامارش تووڕە بوو و پێی گوت لەو کارانەی کە لێیان تێناگات خۆی هەڵنەقورتێنێ، لە روانگەی ئەوەوە ئەم جۆرە کارانە تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندنن و بەس، نووسینگەی جاکوب لە سەرانسەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ناوی بەخراپی زڕاوە. کارل وەڵامی دلامارشی نەدایەوە، بەڵام لەو ساتەدا لە جحێڵە ئێرلەندییەکە نزیك بووەوە و داوای لێکرد کەمێك جانتاکەی بۆ هەڵگرێت. لەدوای ئەوەی چەند جارێك تکای لێکرد، جحێڵە ئێرلەندییەکەش داواکەی پەسەند کرد. لەبەر قورسی جانتاکە بەردەوام دەیناڵاند، بەڵام دواتر کارل دەیویست ئەو کاڵباسە ئیتالییە بخوات، کە لەوەتی میوانخانەکەیان بەجێ هێشتبوو حەزی دەکرد بیخوات. ناچار لەناو جانتاکەیدا دەریهێنا، بەڵام جحێڵە فەرەنسییەکە دەستپێشخەری کرد و پڕی پیاکرد، بەچەقۆیەك کە لە قەمە دەچوو، پارچە پارچەی کرد و زۆربەی خوارد. تەنیا هەندێ پارچەی بچووکی دا بە رابینسۆن. کارل ئێستا دووبارە ناچاربوو خۆی جانتاکەی هەڵگرێت- چونکە نەیدەویست لە شەقامەکەدا بەجێی بهێڵێت- و هیچی لە کاڵباسەکە دەست نەکەوت، وەك بڵێی پێشتر ئەو بەشی خۆی خواردبوو. گەمژانە بوو کارل بۆ پارچەیەك کاڵباس بپاڕێتەوە، بەڵام بەو کارەیان گەلەك بێتاقەت بوو.

ئیدی تەمومژی بەیانی رەویبووەوە، لەمەودایەکی دوورەوە کێوێکی بەرز دیاربوو، دەرپەڕیوی شەپۆلئاسای کێوەکە رووەو ترۆپکی بەرزتر بەرەو خوار دەبووەوە و ئەم ترۆپکە بە هۆی تیشکی خۆرەوە هەڵمی لێ هەڵدەستا. لە قەراخ شەقامەکەوە کێڵگەیەك دەبینرا، کە بە باشی نەکێڵرابوو و نووسابوو بە چەند کارگەیەکی گەورەوە، کارگەگەلێك کە دووکەڵ ڕەشی کردبوونەوە و سەریان لە کەشکەڵانی فەلەك دابوو.

چەند باڵەخانەیەك کە بەڕێکەوت بە شێوەیەکی جیا و لێرەو لەوێ دروست کرابوون و پەنجەرە بێئەژمارەکانیان بە هۆی جووڵە و تیشکی خۆری جۆربەجۆرەوە وەك بڵێی بومەلەرزە لێیدابوون. لەسەر باڵکۆنی بچکۆلە و شەقبووی ئەم باڵەخانانە، منداڵ و ژن هەریەك بەجۆرێ خۆیان سەرگەرم کردبوو، جلی شۆراوی هەمەچەشن لە دوورەوە جەستەی ئەم ژن و منداڵانەی نزیکی دەشاردەوە، جلەکانیان هەڵخستبوو تاکو وشك ببنەوە، لەبەردەم بای بەهێزی بەیانیاندا شەپۆلیان دەدا و بەدەورو بەریاندا مرۆگەل لە جموجۆڵدابوون. ئەگەر مرۆ چاوی لە شوێنێکی بەرزتر بېڕیایە، دەیبینی پۆلێك کڵاونە[١٣] لەبەرزایی ئاسماندا لە فڕیندان و لە خوار

١٣- کڵاونە: جۆرە مەلێکی بچووکی بۆری ئامەڵ زەردە.

کڵاونەکانیشەوە پۆلێك پەرەسێلکە دەبینران، کە فڕکەفڕکەیان بوو و ئەوەندەش دوور نەبوون لە سەری ڕێبوارانەوە.

بینینی زۆر شت کارلی دەخستەوە بیر نیشتمانەکەی، بە باشی لەوە تێنەدەگەیشت ئێستا کە نیۆیۆرك بەجێ دەهێڵێت و بۆ ویلایەتی ناوەراستی ئەمریکا دەچێت، کارێکی باش دەکات یان خراپ؟ نیۆیۆرك لەتەنیشت دەریاوە بوو و هەرکات دڵی پێوەبووایە دەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی. کەمێك داماو بەدوو هاوڕێکەی گوت، دواجار وابیر دەکاتەوە دەیەوێت دووبارە بگەڕێتەوە بۆ نیۆیۆرك. کاتێ بڕیاری دا ئاراستەی ڕێگەکەی بگۆڕێت، دلامارش دەستی کرد بەناڕەزایی دەربڕین و گوتی بڕیار لەدەست ئەودایە. جحێڵە ئێرلەندییەکە ناچار بوو ناوبژیوانی بکات و گوتی باترفۆر لە نیۆیۆرك زۆر باشترە، هەردووکیان ناچاربوون لە کارل بپاڕێنەوە تاکو دووبارە وەڕێکەوێت. ئەگەر کارل بە مێشکیدا نەهاتایە کە ڕەنگە باشتر وابێت بۆ شوێنێك بڕوات کە ئەگەری گەڕانەوەی بۆ ماڵی خۆیان نەبێت، ڕازی نەدەبوو لەتەکیان بڕوات. بەدڵنیاییەوە ئەگەر بیرگەلی بێ کەڵکی نیشتمانەکەی ڕێگری نەبوونایە، دەیتوانی لە ئەمریکا بە باشی کار بکات و پێشکەوتنی باشتر بەدەست بهێنێت.

ئێستا کارل ڕێبەریی دەکردن، ئەوانیش ئەوەندە بەشەوق و زەوق و خۆشحاڵ بوون، تەنانەت بێ ئەوەی کارل داوایان لێ بکات، جانتاکەیان بە نۆرە هەڵدەگرت، کارل سەری لەوە دەرنەدەکرد چۆنە وا بۆتە هۆی خۆشحاڵییان. ئێستا لە دەرەوەی شار گەیشتبوونە ناوچەیەکی بەرز، کاتێ رادەوەستان دەیانتوانی لە پشتەوەیان دیمەنی شاری نیۆیۆرك و بەندەرەکەی ببینن، کە لە ژێر پێیاندا بە پانتاییە مەزنەکەیەوە بڵاوببووەوە. ئەو پردەی کە نیۆیۆرکی بە برۆکلینەوە دەبەستەوە بە جوانییەکی دلڕفێن لە بان (ئیست ریڤەر)[١٤] ەوە شۆڕ ببوەوە، ئەگەر کەسێك نیوەی چاوی دابخستایە و تەماشای بکردایە، پردەکەی لە دۆخێکی جووڵاودا دەبینی و وادەهاتە پێش چاوی بەسەر پردەکەوە ئۆتۆمبێل ناجووڵێت، لە ژێریشیەوە بە نەرمی و بەردەوامی ئاو ڕێچکەی بەستبوو. ئەم دوو شارە مەزنە چۆڵ و بێ ئامانج دەهاتنە پێش چاو، بەزەحمەت دەکرا ماڵی گەورە لە ماڵی بچووك جیا بکرێتەوە. ڕەنگە لە قووڵایی شاراوەی شەقامەکاندا ژیان بەهەمان شێوەی ئاسایی خۆی بەردەوام بێت، بەڵام لەسەر شەقامەکانەوە

١٤- east river: واتە روباری رۆژهەلات، بەلاّم ناوی روبارێکی تایبەتە لە رۆژهەلاّتی شاری نیۆیۆرك لە بەرامبەر روباری (هادسۆن) رۆژئاوای نیۆیۆرك بەکاردەبرێت.

جگە لە دووکەڵی سپیباو شتێکی دیکە بەرچاو نەدەکەوت، ئەگەرچی دووکەڵەکە نەدەجووڵا، بەڵام وادەهاتە پێش چاو بە سادەترین ڕێگە لەناو ببرێت. تەنانەت بەندەری نیۆیۆرکیش کە گەورەترین بەندەری دونیا بوو، ئارامی خۆی بەدەست هێنابووەوە، هەندێ جار کە ڕەنگە لە ژێر کاریگەریی بیرەوەری رابردوو و ئێستادا بێت، کارل گومانی دەکرد وا خەریکە کەشتیەك ئاوێکی کەم دەکات بە دوو لەتەوە و بۆ پێشەوە دەڕوات، بەڵام نەدەکرا ڕێرەوەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ ببینێت، چونکە لەچاو دوور بوو و نەدەکرا ببینێت.

دیاربوو دلامارش و رابینسۆن لە کارل دوورتر دەیبینن، بەردەوام بەدەستیان ئاماژەیان بۆ راست و چەپ دەکرد و گۆڕەپان و باخەکانیان نیشان دەدا و ناویان دەبردن، سەریان لەوە دەرنەدەکرد چۆن دەکرێت کارل دوو مانگ لە نیۆیۆرك مابێتەوە و جگە لە شەقامێك چاوی بە شوێنێکی دیکەی نەکەوتبێت؟ بەڵێنیان پێدا ئەگەر لە باترفۆر پارەیان دەست کەوێت، دەیبەن بۆ نیۆیۆرك و هەموو شوێنە خۆشەکانی نیشان دەدەن. بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە لەڕادەبەدەر خۆش و سەرنجڕاکێشن. رابینسۆن بیری لەم خەیاڵاتانە دەکردەوە و بە دەنگی بەرز کەوتە گۆرانی گوتن، دلامارشیش چەپڵەی لێ دەدا ، گۆرانییەکە بۆ کارل ئاشنا بوو، چونکە ئۆپێرایەك بوو لە وڵاتەکەی خۆیدا گوێی لێی ببوو، بەڵام کاتێ بە زمانی ئینگلیزی بیستی، ئاوازەکە لەو جۆرەی کە لە وڵاتی خۆی بیستبووی چێژ بەخشتر بوو. پاش ئەو کۆنسێرتەی کە لە هەوای ئازاددا پێکەوە پێشکەشیان کرد، ئەگەرچی دەبوو شاری بەردەمیان لەم گۆرانییە لەزەت ببات، بەڵام لەڕواڵەتدا هیچ گرنگییەکی بەم گۆرانییە نەدابوو.

پاشان ناونیشانی بنکەی بارکردن و گواستنەوەی جاکوبی پرسی و دلامارش و رابینسۆن بە ئاماژەی پەنجە یەکسەر شوێنەکەیان نیشان دا، بەڵام دیارنەبوو بنکەکە لەم نزیکانەدایە یاخود چەند فرسەنگ لێرەوە دوورە؟ کاتێ دووبارە کەوتنەوە ڕێ، کارل پرسی بۆ ئەوەی کارێکی شیاو دەست بخەن چەندە درێژە دەکێشێ تاکو بۆ نیۆیۆرك بگەڕێنەوە؟ دلامارش گوتی یەك مانگ دەخایەنێت، چونکە کرێکار لە باترفۆر بە زەحمەت دەست دەکەوێت و داهاتیشی زۆروزەوەندە. پاشان بڕیاریان دا پارەکانیان لە دەخیلەیەکی هاوبەشدا دابنێن، بۆ ئەوەی جیاوازیی کەمی پارەکانیان لەناو بچێت، چونکە ئەوان دۆستی یەکترین. سەرەڕای ئەوەش کارل حەزی بە دەخیلەی هاوبەش نەدەکرد، ئەگەرچی دەیزانی ئەم وەك شاگردێکی تازەکار لەچاو کرێکارێکی شارەزا کەمتر پارە وەردەگرێت.

رابینسۆن درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی، ئەگەر لە باترفۆر ئیشیان نەدۆزییەوە رەنگە ناچار بن بۆ شوێنێکی دیکە بڕۆن، یان لە کێڵگەیەکدا کار بکەن، یاخود بۆ بەدەستهێنانی ئاڵتۆن بڕۆن بۆ کالیفۆرنیا، بەو ئەفسانەیەی کە رابینسۆن دەیگێڕایەوە، دیاربوو بەلای ئەوەوە چوون بۆ کالیفۆرنیا لە هەر شوێنێکی دیکە باشترە.

کارل کە حەزی نەدەکرد پێویستی سەفەری دوور و درێژ و نائەرخەیان قبووڵ بکات ، پرسی: "بەڵام ئەگەر ئێوە دەتانەوێت بەدوای ئاڵتووندا بگەڕێن بۆچی بوونە میکانیست؟"

رابینسۆن گوتی: " لەبەر ئەوە بوومە میکانیست تاکو نەهێڵم کوڕەکەی دایکم لەتاو برسیەتی بمرێت. لە کانگا ئاڵتونییەکانی کالیفۆرنیا پارەی زۆرم دەست دەکەوێت."

دلامارش گوتی: " زەمانێك بەم جۆرە بوو."

رابینسۆن گوتی: "ئێستاش هەر وایە." پاشان ناوی ژمارەیەکی زۆر کەسی بێشومار برد، کە بە هۆی کانگا ئاڵتونییەکانی کالیفۆرنیاوە دەوڵەمەند ببوون و هێشتاش لەوێندەر بوون، لە ئێستاشدا پێویستی نەدەکرد بچووکترین ئیش بکەن، ئەگەر ئەمیش پێویستی بە پارە بێت، دەیانتوانی یارمەتیی بدەن، تاکو پێگەو پارەیەك بۆ خۆی بە یەکەوە بنێت. ئاساییش بوو ئەوان یارمەتی دۆستەکانیان دەدەن.

دلامارش گوتی:" لە باترفۆر کاری باشتر دەدۆزینەوە." هەرچەندە نەدەکرا کارل باوەڕ بە قسەکانی دلامارش بکات، بەڵام بەم قسەیەی خۆشترین ئاواتی کارلی دەربڕی.

بەدرێژای ئەو رۆژە تەنیا یەکجار لە رستۆرانتێکدا نانیان خوارد، لە دەرەوە لە بەردەم رستۆرانتەکەدا لە پشت مێزێکەوە کە لە پێش چاوی کارلدا بە ئاسن دەردەکەوت دانیشتن و گۆشتێکی تاڕادەیەك کاڵیان خوارد، کە بەئاستەم بە چەقۆ دەبڕاو بە چەتاڵ و چەقۆ پارچەیان لێدەکردەوە، نانی ریستۆرانتەکە شێوەیەکی خڕیان هەبوو و بە هەر نانێکدا چەقۆیەکی درێژیان رۆبردبوو، لەگەڵ خواردنەکەدا یەکێ پیپسیەکیان پێدان کە گەرووی مرۆی دەسوتاندەوە. بەڵام دلامارش و رابینسۆن پیپسیەکەیان بەلاوە خۆش بوو و لە هەر چەند خۆلەکێکدا سەرو پەرداخیان بەرز دەکردەوە و لەیەکیان دەدا و بە ئومێدی سەرکەوتن لە کارگەلی جیاوازدا بەخۆشییەوە دەیانخواردەوە. لە مێزەکەی تەنیشتیاندا چەند کرێکارێك بە جلی کلساویەوە دانیشتبوون و وەك ئەمان پیپسیان دەخواردەوە.

ئۆتۆمبیلگەلێکی بێشومار بەلایاندا تێدەپەڕی و تەپوتۆزیان بەسەر مێزەکەدا بڵاودەکردەوە. رۆژنامە کۆنەکان دەستاودەست دەکران و هەمووان بە پەرۆشەوە سەبارەت بە

مانگرتنی کرێکارانی باڵەخانەکان قسەوباسیان دەکرد و بەزۆری ناوی مەك دەهێنرا. کارل پرسی مەك کێیە؟ و تێگەیشت باوکی هەمان مەکە کە ئەو دەیناسێت، بۆی دەرکەوت مەك گەورەترین کۆمپانیای دروستکردنی باڵەخانەی لە نیۆیۆرکدا هەیە و ئەم مانگرتنەش ملیۆنەها دۆلار زیانی بە مەك دەگەیێنێ و ئەگەری هەیە دۆخی ئابووریی ئەو بخاتە مەترسییەوە. کارل بەهیچ جۆرێك باوەڕی بە قسەی ئەم مرۆگەلە بێئاگا و ڕەکیینە نەدەکرد.

کارل چونکە نەیدەزانی کێ پارەی مێزەکە دەدات، خواردنەکە ببوو بەزەهری ماری. باشترین کار ئەوە بوو هەر کەسێك پارەی خۆی بدات، بەڵام دلامارش و رابینسۆن لە قسەکانیاندا گوتیان خەرجی دوێنێ شەوی میوانخانەکە پارەی پێ نەهێشتوون، کاتژمێرێك یان شتێکی وەهاشیان پێ نەبوو کە بیفرۆشن. کارلیش نەیدەتوانی بەتەشەرەوە بڵێت بە فرۆشتنی چاکەت و پانتۆڵەکەی گیرفانیان پڕ بووە لە پارە، چونکە ئەگەر ئەم قسەیەی بکردایە، سووکایەتی بوو بەوان و دەبوو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە یەکدی بکەن. بەڵام سەیر ئەوە بوو نە دلامارش و نە ڕابیسۆن بیریان لە دانی پارەی وەسڵەکە نەدەکردەوە، بەپێچەوانەوە هەردووکیان بەئەندازەیەك بەکەیف و زەوقبوون دەیانویست سەرنجی ئەو کچە گارسۆنە راکێشن، کە پرچی بەسەر تەوێڵی و گۆناکانیدا شۆڕ دەبووەوە و بەردەوام بەدەستی لایدەدا و بە ویقارەوە لە مێزێکەوە بۆ مێزێکی دیکە دەچوو.

دواجار رێك لەو کاتەدا کە دلامارش و ڕابیسۆن لایان وابوو سەرەی ئەوانە کە کچە گارسۆنەکە بەرەو لایان بێت، هات بۆلایان و هەردوو دەستی خستە سەر مێزەکە و گوتی: " کێ پارەی ئەم مێزە دەدات؟" دلامارش و ڕابیسۆن بە خێرایەکی وەها دەستیان بەرەو کارل ڕاکێشا کە مومکین نەبوو کەسێك وەها بەخێرایی ئاماژە بۆ شتێك بکات. کارل لەمە سەرسام نەبوو، چونکە بیری لێکردبووەوە و پێشبینی ئەوەی کردبوو ئەگەر ئەم بڕە کەمە پارەیە بۆ هاوڕێکانی بدات، کە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکردن یارمەتی بدەن، شتێکی ئەوەندە گرنگ نییە، هەڵبەتە ئەگەر بەر لەم ساتە هەستیارە ئەم بابەتەیان راشکاوانە لەگەڵیدا بهێنایەتە گۆڕێ باشتر بوو. تەنیا شتێك کە نیگەرانی دەکرد ئەوە بوو، دەبوو پارەکەی لەگیرفانە شاراوەکەی دەربهێنێت. ئامانجی سەرەکی کارل ئەوە بوو ئەگەر ناچار نەبێت پارەکەی خەرج نەکات، تاکو هەر لەئێستاوە وەك هاوڕێکانی موفلیس نەکەوێت. ئیمتیازێك کە کارل بە هۆی بوونی پارەکەی و لەوەش زیاتر بە شاردنەوەی لە دۆستەکانی هەیبوو، ئەو راستییەی لەناو دەبرد کە هاوڕێکانی لەبەر ئەوەی لە منداڵییەوە لە ئەمریکا ژیاون ئەزموون و شارەزایی زۆریان لە کار پەیداکردندا هەیە، هەروەها ئەوەشی پشتراست دەکردەوە کە ئەمانە بەم دۆخەی ئێستایان راهاتوون. سەرباری ئەوەش بژاردنی

پارەی وەسڵەکە ئێستا کارلی لە ئامانجەکەی دوەرنەدەخستەوە کە دەست گرتن بە پارەکەیەوە بوو. چونکە دەیتوانی لە بیست و پێنج سەنتی پارەکەی ببورێت، هەر ئەوە بەس بوو کە سکەیەکی بیست و پێنج سەنتی لەسەر مێزەکە دابنێیت و بڵێت، ئەمە هەموو ئەو پارەیەیە کە پێمە و بێباکم بۆتان خەرج بکەم تاکو بە باترفۆر بگەین. بۆ سەفەرێکی بە پێ ئەنجامدراو بیست و پێنج سەنت پارەیەکی زۆر بوو. بەڵام نەیدەزانی بە ئەندازەی پێویست پارەی وردەی پێیە یان نا؟ لە لایەکی دیکەوە پارە وردەکەشی لەگەڵ پارە دشتەکەدا لە قوولایی گیرفانە شاراوەکەیدا دانابوو، کێشە بوو بێ ئەوەی هەموو پارەکەی دەربهێنێت و لەسەر مێزەکە دایبنێت، بتوانێت پارە وردەکەی بدۆزێتەوە، لە هەمان کاتدا پێویستی نەدەکرد هاوڕێکانی بە گیرفانە شاراوەکەی بزانن. خۆشبەختانە دۆستەکانی وەك بڵێی زیاتر مژولی کچە گارسۆنەکە بوون تا ئەوەی سەرنج لە شێوازی دەرهێنانی پارەکەی ئەو بدەن. دلامارش بە بیانووی ئەوەی داوا لە گارسۆنەکە دەکات وەسڵەکەی بۆ بنووسێت، گارسۆنەکەی هێنابوویە نێوان خۆی و رابینسۆنەوە و تەنیا چارەیەك کە بۆ کچە مابووەوە ئەوەبوو کە خۆی لێیان بەدوور بگرێت و بۆ ئەم مەبەستەش بەدەستی دەموچاوی دوورخستنەوە. لەم کاتەدا کارل ئارەقی دەڕشت و لە ژێر مێزەکەوە دەستی لە سکەی گیرفانە شاراوەکەی دەدا و بە دەستەکەی دیکەی یەك یەك دەریدەهێنان. پاشان هەرچەندە بە پارەی ئەمریکی بە تەواوی ئاشنا نەبوو، لەبەرخۆیەوە حسابی وردەکەی کرد و زانی بە ئەندازەی پێویست وردەی پێیە کە پارەی وەسڵەکەی بدات و لەسەر مێزەکە داینێ. دەنگی پارە وردەکە یەکسەر سەرنجی ئەوانی لەوەی کە لە نێوان ئەوان و گارسۆنەکەدا رووی دەدا بەرەولای کارل راکێشا. دیاربوو پارەوردەکە نزیکەی دۆلارێك بوو، ئەمە بووە هۆی نیگەرانی کارل و سەرسامی دلامارش و رابینسۆن، هیچکامیشیان نەیان پرسی بۆچی پێشتر نەیگوتووە کە ئەوەندە پارەی پێیە. چونکە پارەکە ئەوەندە دەبوو کە بتوانن بەئاسانی بە شەمەندەفەر بۆ باترفۆر بڕۆن، کارل لەمە گەلەك شەرمەزار بوو، پاش دانی پارەی وەسڵەکە لەسەرخۆ پارەوردەکەی خستەوە گیرفانی، بەڵام دلامارش سکەیەکی لە دەستی رفاند، بۆ ئەوەی بە کچە گارسۆنەکە پاداش بدات، بەدەستێکی تامەزرۆیانە کچەی لە باوەش گرتبوو بەدەستەکەی دیکەی سکەکەی دایە.

کارل شوکری خودای دەکرد چونکە دواتر کە بەرێدادەچوون کەسیان باسی پارەکەی نەکرد، تەنانەت جارێکیان لە دڵەوە بڕیاری دا پێیان بڵێت چەندە پارەی پێیە، بەڵام چونکە دەرفەتی گونجاوی بۆ هەڵنەکەوت لەئاشکراکردنی پارەکەی خۆی بەدوور گرت. لەدەوروبەری خۆرئاوابووندا

بە گوندێکی سەوزەلان گەیشتن. کێڵگەیەکی فراوان کە تاکو داوێنی تەپۆڵکەیەکی لێژ درێژ دەبووەوە و ڤێلای سەرمایەدارەکان لە هەردوولای ڕێگەکەوە دەبینران، چەند کاتژمێرێك بەنێو باخێکی پەرژین ئاڵتونیدا تێپەڕین، چەندین جاریش لەسەرخۆ بەناو جۆگەگەلی بچکۆلەدا تێپەڕین و لەبان سەریانەوە دەنگی شەمەندەفەریان دەبیست کە بە تیژرەوی بەسەر پردە بەرزەکاندا تێدەپەڕین.

هەتاو لە لێواری تەختی جەنگەڵە دوورە دەستەکاندا لە ئاوابووندابوو، بەسەر تەپۆڵکەیەکدا کە بەسەر لوتەکەکەیەوە تاجێك لە دەرەختی سەوز دەبینرا، سەرکەوتن و لەسەر سەوزەلانەکە داکەوتن تاکو ماندوویەتیان بحەسێتەوە. دلامارش و رابینسۆن لەسەر سەوزەلانەکە راکشان و دەیانویست بە تەواوی بحەوێنەوە.

کارلیش لەسەر سەوزەلانەکە دانیشت و لە جادەکەی خوارەوە رادەما، ئۆتۆمبیلەکان کە بەدرێژای رۆژ کاریان کردبوو، بەدووی یەکدا بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕین، ، وەك بڵێی هەمیشە هەندێ لەم ئۆتۆمبێلانە کە لە شوێنێکی دوورەوە وەڕێکەوتبوون، چەند دانەیەکی دیکە بەهەمان ئەندازە ئەوان چاوەڕێیان بوون، تاکو بارەکانیان داگرن. کارل بەدرێژای رۆژ لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە تەنانەت یەکێك لەم ئۆتۆمبیلانەی نەبینی راوەستێت، تەنانەت ڕێبوارێکیشی نەبینی لەناویاندا دابەزێت.

رابینسۆن پێشنیاری کرد شەو لەوێندەر بمێننەوە، چونکە هەموویان زۆر ماندوون و ئەگەر بەیانیش لێرەوە وەڕێکەون باشترە، لە هەمان کاتدا بەم زووانە شەو دادێت و ناتوانن جێگایەکی هەرزان و شیاو بدۆزنەوە تاکو لەوێندەر رۆژ بکەنەوە. دلامارش لەسەر هەمان را بوو، کارل ناچار بوو پێیان بڵێت بە ئەندازەی پێویست پارەی پێیە و بەشی شەوێك خەوتنیان لە میوانخانەیەکدا دەکات. دلامارش گوتی باشتروایە لە شوێنێکی دیکەدا سوود لەو پارەیە وەربگرن و ئێستا خەرجی نەکەن. کارل نەیتوانی ئەو حەقیقەتە بشارێتەوە کە ئەوان خەریکن حیساب لەسەر پارەکەی ئەو دەکەن. چونکە دلامارش  پێشنیارەکەی رابینسۆنی قبووڵ کرد، کە گوتی پێویستە بەر لە خەوتن خواردنێکی باش بخۆین تاکو دەمەوبەیان بەگوڕوتین بین. گوتی دەبێت یەکێکیان بڕوات بۆ ئۆتێلی قەراغ شەقامەکە و خواردن بۆ هەرسێکیان بهێنێت. تابلۆی ئۆتێلەکە داگیرسابوو و لەسەری نووسرابوو: (ئۆتێلی ئۆکسیدینتاڵ)[15] لەبەرئەوەی کارل لە هەردووکیان

15- occidental

تەمەنی کەمتر بوو و هیچکامیشیان نەیاندەویست بڕۆن، سەرپێچی لە جێبەجێ کردنی ئەم کارەدا نەکرد، دوای ئەوەی پێیان گوت گۆشتی بەراز و نان و بیرە دەخۆن، کارل بەرەو ئۆتێلەکە کەوتەڕێ.

وادەهاتە پێش چاو لە شارێکی گەورە نزیك بوونەتەوە. چونکە کاتێ کارل چووە یەکەمین ژووری ئۆتێلەکە، بینی کۆمەڵێك خەڵك لەپشت بوفەیەکدا بوون کە بەنزیکی نیوەی ژوورەکەیان داگیر کردبوو، ژمارەیەك گارسۆن بە بەروانکە سپییەکانیانەوە کە بە دەوری کەمەریاندا بەستبوویان بە خێرایی ئەمبەرو ئەوبەریان دەکرد، بەڵام سەرباری زۆریشیان نەیاندەتوانی کڕیارە بێ ئارامەکان رازی بکەن، چونکە کڕیارەکان لە هەر لایەکی ژوورەکەوە بەردەوام بە مستەکۆڵ دەیانکێشا بە مێزەکەدا و جنێویان دەدا. هیچ کەس گوێی بە کارل نەدەدا و لەناو هۆڵەکەدا کەسێك نەبوو بەهانای کڕیارەکانەوە بێت. لە پشت مێزە بچووکەکەوە کە تەنانەت بۆ سێ کەسیش تەنگەبەر بوو کڕیارەیەکان کزۆڵەیان کردبوو، ئەگەر شتێکیان بویستایە دەبوو بچوونایە بۆ لای بوفەکە. لەسەر هەر مێزێك بوتڵێکی گەورەی ڕۆنی زەیتون یان سرکە یاخود شتێکی لەم جۆرە دانرابوو، کڕیارەکان بەر لەوەی هەر شتێك بخۆن لە بوفەکەوە دەیان هێنا و برێکی زۆر لەو شلەیەی ناو بوتڵەکەیان دەکرد بەسەر خواردنەکەدا. ئەگەر بڕیاربوو کارل خۆی بەم بوفەیە بگەیێنێت، دەبوو لە نێوان مێزگەلێکی بێشوماردا تێپەڕێت. ئەگەر بە بوفەکەش بگەشتایە تازە کێشە سەرەکییەکە دەستی پێدەکرد، چونکە خەڵکێکی زۆر لە پشت بوفەکەوە راوەستابوون، هەڵبەتە کڕینی خواردنەکەی بۆ ئاستەم بوو و مەگەر بێشەرمانە کڕیارەکانی بخستایەتە لاوە و ئەوانیش بێگوێدان بەهیچ شتێك رێگەی بۆ چۆڵ بکەن، کارل وەڕێکەوت و بێ ئەوەی بیەوێت بەر مێزێك کەوت و تاڕادەیەك سەروخوون بوو، کڕیارەکانیش لە کەوتنی مێزەکە هیچ پەرچەکردارێکیان نیشان نەدا. کارل داوای لێبوردنی لە کەسەکانی سەر مێزەکە کرد، بەڵام دیار بوو کەس لە زمانی تێنەگەیشت و کارلیش لە قسەکانی ئەوان کە بەدەنگێکی بەرز چەند قسەیەکییان گوت سەری دەرنەدەکرد.

لە نزیك بوفەکەوە بە ئاستەم توانی چەند سانتیمەترێك جێگەی خاڵی بۆ خۆی بگرێت، بەڵام ئەو پیاوانەی کە لە هەردوو لای بوفەکەوە راوەستابوون و ئانیشکیان دانابوو، نەیانهێشت بۆ ماوەیەك کارل هیچ ببینێت. وەك بڵێی عادەت بوو هەرکەسێك لە نزیك پێشخوانی بوفەکەدا بێت ئانیشکی لەسەر دادەنێت و دەستی دەخاتە ژێر چەنەی. کارل بیری هاتەوە دکتۆر کرامپالی مامۆستای زمانی لاتینیان چەندە بەم ڕەفتارە پەست بوو، ئەگەر کەسێك ئەم کارەی بکردایە،

بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و بەدزییەوە و بێدەنگ لێی نزیك دەبووەوە و بەراستەیەك کـە دیـار نەبوو لەناکاو چۆن دەستی کەوتووە، بە توندی بە بازووی قوتابییەکەیدا دەکێشاو ئانیشکی لەسەر مێزەکە دوور دەخستەوە.

ئاخرییەکەی ئەوەندە پاڵیان نا بە کارلەوە تـاکو گەشـتە قـەراغ پێشـخوانی بوفەکـە. بـەڵام هێشتا دەستی بە پێشخوانی بوفەکە نەگەیشـتبوو مێزێکیـان لـە پشـتیەوە دانـا. یـەکێك لـە کڕیارەکانی پشت مێزەکە قسەی دەکرد و پاڵی بە کورسییەکەوە دابووەوە و بۆ دواوە شکابووەوە، بەم هۆیەوە کڵاوە گەورەکەی بەرپشتی کارل دەکـەوت. هەرچـەندە دوو کڕیـارە بێئەدەبەکـە کـە لەگەڵ کارلدا بوون، نانیان خوارد و ڕۆیشتن، دیسانەوە ئومێدێکی نەبوو گارسۆنەکان بەدەمیـەوە بێن. یەك دووجار دەستی بۆ ئەوبەری پێشخوانەکە درێژ کرد و بەروانکـەی گارسـۆنێکی گـرت و ڕایکێشـا. بـەڵام گارسـۆنەکە لـە کاتێکـدا قسـەی پـێ وت خـۆی کێشـایە دواوە، تەنانـەت گارسۆنێکیان ڕانەدەوەستا گوێ لە قسەکانی بگرێت، جگە لەمبەروئەوبەرکردن هـیچ کارێکیـان نەدەکرد. ئەگەر شتێکی شایستەی خواردن لەبەردەستی بووایە، بێگومان کارل پڕی پیا دەکـرد و دەیپرسی بەچەندە و پاشان پارەکەی لەسەر پێشخوانەکە دادەنـاو بێخـەم ڕێگـەی دەگرتـە بـەرو وەڕێدەکەوت. بەڵام لە بەردەمیدا دەوریگەلێکی پڕ لە ماسی لە جۆری شاماسی دانرابـوون، کـە پوولەکە ڕەشە پەراوێز ئاڵتونەکانیان دەدرەوشانەوە. پێدەچوو ئەم ماسـییانە گەلـەك گـران بـن و کەسیشیان تێر نەدەکرد. لەبەر دەستیدا بوتڵێکی بچووکی ئارەقی قامیشی شەکر دانرابوو، بەڵام کارل نەیدەویست لەم جۆرە عارەقە بۆ هاوڕێکـانی ببـات. هـەرکاتێك بۆیـان بلوێـت مـەی زۆر دەخۆنەوە و ئەویش نەیدەویست ئەمەیان بۆ برەخسێنێت.

ئیدی کارل چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی شوێنێکی گونجاو بدۆزێتەوە و هەوڵ بـدات خـواردن پەیدا بکات. بەڵا م ئێستا ئیدی گەلەك درەنگـی کردبـوو، کاتـژمێری نـاو ژوورەکـە کـە لـەناو دووکەڵدا بەئاستەم دەیتوانی میلەکەی ببینێت، وای نیشان دەدا لـە نـۆ لایـداوە. بـەڵام بـەردەم پێشخوانەکە ئەو شوێنەی کە لە سەرەتاوە کارل گرتبووی قەرەباڵغتر بـوو. هەرچـی زیـاتر شـەو تێپەڕیایە هۆڵەکە زیاتر پڕ دەبوو. چەندین کڕیاری تازە بە قاڵەقاڵ لە دەرگای سەرەکییەوە هاتنە ژوورەوە. لە چەند شوێنێکدا سەرەڕۆیانە کڕیارەکـان پێشـخوانەکەیان پـاککردبووەوە و لەسـەری دانیشتبوون و بە خۆشی یەکتر دەیانخواردەوە، باشـترین جێگـە ئەوێنـدەر بـوو، چـونکە دەکـرا هەموو ژوورەکانت لێوە دیار بێت.

کارل هەوڵی دەدا بڕواتە پێشترەوە، بەڵام لە راستیدا ئومێدی بەدەستهێنانی خواردنی لەدەست دابوو. بەهۆی ئەوەی سەبارەت بە بارودۆخی ئەم شوێنە بێئاگابوو و ئەرکی بردنی خۆراکی بۆ هاوڕێکانی گرتبووە ئەستۆ، سەرزەنشتی خۆی دەکرد. هاوڕێکانی حەقیان بوو جنێوی پێ بدەن و ئەگەری ئەوەش هەبوو گومانی ئەوە بکەن، لەبەر ئەوە خواردنی لەگەڵ خۆی نەهێناوە، نەیویستبێ پارەکەی خەرج بکات. ئێستا لە هۆڵەکەدا لە مێزی ئەو کڕیارانە نزیك بووەوە کە گۆشتی گەرم و پەتاتەی سورۆکراویان پارچە پارچە دەکرد و دەیانخوارد، لەوە تێنەدەگەیشت ئەم کڕیارانە چۆن توانیویانە ئەم خواردنەیان دەست بکەوێت.

پاشان چەند هەنگاوێك لەولاترەوە ژنێکی بەتەمەنی بینی کە دیاربوو یەکێکە لە کارمەندەکانی ئەم هۆتێلە، ئەم ژنە لەگەڵ کڕیارەکاندا قسەی دەکرد و پێدەکەنی و لەو کاتەدا کە قسەی دەکرد گێرەیەکی دا لە پرچی. کارل یەکسەر بڕیاری دا بەم ژنە بڵێت چی دەوێت، ئەم بڕیارەشی زیاتر لەبەر ئەوە بوو، ئەم ژنە وەك تەنیا ژنێکی ناو هۆڵەکە بەدوور بوو لە هەراوهوریای کڕیارەکان و لەلایەکی دیکەوە تاقە کارمەندی ئۆتێلەکە بوو کە دەکرا کارل دەستی پێی ڕابگات. ئەڵبەتە کارل پێشبینی ئەوەی دەکرد لە یەکەمین قسەوە کە کارل لەگەڵیدا دەکات بەهانایەوە ناچێت، بەڵام ڕێك بە پێچەوانەی پێشبینییەکەی کارلەوە دەرچوو. چونکە هێشتا کارل زاری هەڵنەهێنابووەوە قسە بکات و تەنیا کەمێك بەدەورو بەریدا گەڕا، ژنە بەتەمەنەکە هەروەك زۆرجار لە کاتی قسەکردندا ڕوودەدات سەرنجی لە کارل داو پێی زانی، دەستبەجێ قسەکانی بڕی و بە میهرەبانی و بە زمانێکی ئینگلیزی کە هێندەی کتێبی رێزمان رەوان بوو، لێی پرسی چیت دەوێت؟

کارل گوتی:" بەڵێ، من دەمێکە لێرەم و هیچم دەست ناکەوێت."

ژنە گوتی:" کوڕم کەوایە لەگەڵم وەرە." لەگەڵ ئاشناکەی کە کڵاوەکەی سەری بە نیشانەی ڕێز نواندن لابردبوو ماڵئاوایی کرد. لەم هۆڵەدا رەفتارێکی لەم جۆرە نیشاندەری ئەدەبێکی لەرادەبەدەر بوو. ژنە لە کاتێکدا دەستی کارلی گرتبوو بەرەو لای پێشخوانەکە کەوتە ڕێ، کڕیارەکانی لەسەر ڕێگەی لادا و ڕۆچنەیێکی بەرز کردەوە و بەرپارەوی پشت پێشخوانەکەدا تێپەڕی. ناچار بوون بە جۆرێك بەرێدا بڕۆن تاکو بگەن بەو گارسۆنانەی کە لە پێشیانەوە بە خێرایی بەرێدا دەچوون. پاشان دەرگایەکی دووتاکی کردەوە، کە لە ناو دیوارەکەدا شارەوە بوو و راستەوخۆ دەچووەوە سەر هەمبارێکی گەورەو فێنك. کارل بەخۆی گوت:" بێگومان بەباشی ڕێگەی ئێرە شارەزایە."

ژنە بە میهرەبانییەوە رووی بەرەو لای کارل وەرگێڕاو گوتی:" ئێستا پێم بڵێ چیت دەوێت؟"

ژنە گەلەك قەڵەو بوو، بە جۆرێك گۆشتی جەستەی دەلەرییەوە، بەڵام ڕوخساری لەچاو جەستەیدا تاڕادەیەك جوانتر بوو. کارل کاتێ تەماشای ئەو خواردنانەی کرد کە بە ڕێکوپێکی لە سەر مێز و کۆتلەکە هەڵچنرابوون، یەکسەر ئاو زایە دەمیەوە. لەو ساتەدا بڕیاری دا جۆرە خواردنێکی شیاو و شایستە هەڵبژێرێت و داوای بکات، چونکە لەبەر ئەم خانمە دەسترۆیشتووە دەیتوانی بە هەرزانتر بیکڕێت، بەڵام دواجار تەنیا داوای گۆشتی بەراز و نان و بیرەی کرد، چونکە شتێکی لەمە خۆشتری بەبیردا نەهات.

ژنە پرسی:"شتێکی دیکەت ناوێت؟"

کارل گوتی:" نا، سوپاست دەکەم، بەڵام بەشی سێ کەسم بدەرێ."

کاتێ ژنە پرسی ئەو دووکەسەی دیکە کێن؟ کارل زۆر بەکورتی روونکردنەوەی سەبارەت بە هاوڕێکانی پێدا، لەوەش کە ژنەکە ئەم پرسیارەی لێ کرد خۆشحاڵ بوو.

دیاربوو ژنە چاوەڕێی کارلی دەکرد داوای شتێکی دیکەی لێبکات، گوتی:" ئەڵێی خواردن بۆ زیندانیان دەبێت." کارل کە ئێستا دەترسا ژنەکە بە بەلاش خواردنەکەی پێ بدات و پارەی لێ وەرنەگرێت، بەناچارییەوە بێدەنگ بوو. ژنە گوتی:" ئامادەکردنی زۆری پێناچێت." بە چاپووکی کە بۆ ژنێکی وەها قەڵەو سەرسامکەربوو چوو بەرەو لای مێزەکە. بە چەقۆیەکی درێژ و گەورەی مشاری پارچەیەك گۆشتی گەورەی بەرازی کە توێژێك چەوری دەوری دابوو بڕی و بەستەیەك نانی لە کۆتلەکە دەرهێنا و سێ بوتڵ بیرەشی هەڵگرت و خستییە ناو سەبەتەیەکی حەسیری سووکەوە و دای بەدەست کارلەوە. لەو کاتەدا کە خواردنەکەی بۆ ئامادە دەکرد، بۆ کارلی ڕوون کردەوە لەبەر ئەوە هێناویەتی بۆ ئێرە، چونکە خواردنی نێو بوفەکە ئەگەرچی زوو زوو دەیگۆڕن، بەڵام هەمیشە بە هۆی ئەو دووکەڵ و هاڵاوە زۆرەی کە لە هۆڵەکەدا هەیە خێرا پەزێرە[١٦] دەبێت. بەڵام لەپێش چاوی ئەو کڕیارانەی کە لەوێدابوون هەموو شتەکان تازە و بەلەزەت بوون. کارل بە بیستنی ئەم قسانە ڕاچڵەکی، چونکە سەری لەوە دەرنەدەکرد بۆچی لەگەڵ ئەم ئەوەندە بەباشی ڕەفتار دەکەن. هاوڕێکانی بیرکەوتەوە کە هەرچەندە پێشتر لە ئەمریکادا ژیاون، پێدەچوو نەیانتوانیوە پێ بخەنە ئەم هەمبارەوە و دەبوو بەهەمان خواردنی کۆنەی نێو بوفەکە رازی بن.

---

١٦- پەزێرە: وشەیەکی زاری هەورامییە بەمانای کۆنبوونی شتی خواردن بەلاّم نەك بەو ڕادەیەی نەتوانرێت نەخورێت.

هیچ دەنگێك لە هۆڵەکەوە نەدەگەیشتە هەمبارەکە، دەبوو دیوارەکانی گەلەك ئەستوور بن تاکو ئەم هەمبارە گەورەیە هەمیشە بە فێنکی بمێنێتەوە. کارل سەبەتە حەسیرەکەی گرتبوو بەدەستیەوە، بەڵام نە بیری لای ڕۆیشتن بوو نە بیری لای ئەوە بوو پارەی شتەکان بدات. تا ئەوەی ژنە بوتڵێکی تازەی خستە ناو سەبەتەکەیەوە، لەو بتڵانەی کە لەسەر مێزەکە دانرابوون، کارل کەوتە جموجۆڵ و بە شەرمەوە داوای لە ژنەکە کرد لە جێگەی خۆی داینێتەوە.

ژنە لێی پرسی:" ڕێگەی زۆر دەبڕیٚ؟"

کارل وەڵامی دایەوە:" تاکو باترفۆر دەڕۆم."

ژنە گوتی:" هێشتا ڕێگەی زۆرت لەپێشە."

کارل گوتی:" ڕۆژە ڕێیەك."

ژنە گوتی:" هەرئەوەندەیە؟"

کارل گوتی:" ئۆ، بەلیٚ."

ژنەکە شتەکانی سەر مێزەکەی ڕێکوپێك کرد، خزمەتکارێك هاتە ژوورەوە و نیگایەکی پرسیارکەرانەی لە ژنەکە بڕی، ژنەکەش دەورییەکی گەورەی نیشان دا، کە پڕ بوو لە ماسی ساردین و بەسەرییەوە مەعدەنووس دانرابوو. خزمەتکارەکە دەورییەکەی خستە سەر دەستی و بەرەو هۆڵەکە چوو.

ژنەکە پرسی:" بۆچی شەو لە دەرەوە دەخەوی؟ ئێمە لێرە ژوورمان هەیە و وەرە لەگەڵمان لەم ئۆتێلە بخەوە."

پێشنیارێکی کەڵکەڵەهێنەر بوو، چونکە شەوی ڕابردوو زۆر بە خراپی خەوتبوو.

کارل بەگومان و کەمێك غرورەوە گوتی:"ئاخر جانتاکەم لەوێیە."

ژنەکە گوتی:" کەوایە بڕۆ بیهێنە بۆ ئێرە، ئەوە کەی کێشەیە."

کارل چونکە دەیزانی هاوڕێکانی ڕێگری لێدەکەن، گوتی:" ئەی چی لە هاوڕێکانم بکەم؟"

ژنە گوتی:"ئەوانیش دەتوانن ئەمشەو لێرە بخەون، بڕۆ ئەوانیش بیانهێنە و ئەوەندە سەختگیر مەبە."

کارل گوتی:" هاوڕێکانم باشن، بەڵام پاکوخاوێن نین."

ژنە برۆی هێنایە یەك و پاشان پرسی:"ئەی نەتبینی هۆڵەکە چەندە پیس بوو؟ دەتوانین پیس و پۆخڵترین کەس لێرە قبووڵ بکەین. زۆرباشە من سێ قەرەوێڵەتان بۆ دادەنێم، بەدبەختانە لە هەورەبانەکەدا، چونکە ئۆتێلەکە پڕە لە خەڵکی و خۆشم ناچارم لەناو یەکێك لە ژوورەکانی

هەورەبانەکەدا بخەوم. بەڵام بە هەر جۆرێك بێت خەوتن لە هەورەبانەکەدا لـە خـەوی دەرودەشـت باشترە."

کارل گوتی:" من ناتوانم هاوڕێکانم بهێنم بۆ ئێرە." پاشـان پێشـبینی ئـەوەی کـرد ئەگـەر هاوڕێکانی بهێنێت چ هەراو هوریایەك دەنێنەوە، رابینسـۆن دارو بـەردی ئێـرە پـیس دەکـات و دلامارشیش ناتوانێت خۆی لە ئازاردانی ئەم ژنە بپارێزێت.

ژنە گوتی:" نازانم دەبێت ئەم کارە بۆ ئەوەندە کێشە بێت، بەڵام ئەگەر هەر پێداگری لەسـەر ئەمە دەکەی، کێشە نییە و لێگەڕێ هاوڕێکانت لەوێ بن و خۆت بگەڕێوە بۆ ئێرە."

کارل گوتی:" ئەمە کارێکی باش نییە. ئەوان هـاوڕێی مـنن و نابێـت بـە تـەنها بـەجێیان بهێڵم."

ژنە گوتی:" تۆ زۆر سەرسەختی." لە کاتێکدا تەماشای جێگایەکی دیکەی دەکرد گـوتی:" کاتێ خەڵکی دەیەوێت چاکەت لەگەڵ بکات، هەرچییەك لەدەست بێت دەیکەیت تـاکو ڕێگـەیان لێ بگریت." کارل لەهەموو ئەم شتانە تێدەگەیشـت، بـەڵام چـارەیەکی نـەبوو، کەوایـە دەبـوو بڵێت:" زۆر سوپاسی دڵسۆزیتان دەکەم." پاشان بیری هاتەوە پارەی نـەداوە بـە ژنـە و پرسـی:" پارەی ئەم شتانە چەند دەکات؟"

ژنە گوتی:" کـاتێ سـەبەتەکەت هێنایـەوە ئـەوجا پـارەم بـدەرێ. پێویسـتە تـاکو بـەیانی سەبەتەکە بهێنیتەوە."

کارل گوتی:" سوپاست دەکەم." پاشان ژنەکە ئەو دەرگایەی کـە بـۆ دەرەوە دەکرایـەوە واڵا کرد، کاتێ کارل دەهاتە دەرەوە و سەری دانەواند، بە کارلی گوت: " شەوباش، بەڵام بە نەهاتنت کارێکی باش ناکەیت." هێشتا چەند مەترێك دوورنەکـەوتبووەوە، ژنـە لـە پشـتییەوە دووبـارە هاواری کرد:" تاکو بەیانی!"

هێشتا پێی نەخستبووە دەرەوە دووبـارە قاڵـەقاڵی ئـەو مرۆگەلـەی گەیشـتە گـوێ کـە لـە هۆڵەکەدا بوون. قاڵەقاڵی خەڵکەکە لەگەڵ دەنگی باژەنەکاندا[17] تێکەڵ ببـوو. کـارل خۆشـحاڵ بوو بەوەی ناچار نییە بە هۆڵەکەدا تێپەڕێت تاکو بڕواتە دەرەوە. ئێسـتا گڵۆپـەکانی هـەر پێـنج نهـۆمی ئۆتێلەکـە هـەڵکرابوون و سەرانسـەری شـەقامەکەیان ڕۆشـن دەکـردەوە. هێشـتا ئۆتۆمبێلەکان لە شەقامەکاندا بە تیژڕەوی لە هاتوچۆدا بوون، هەرچەندە ژمارەی ئۆتۆمبێلـەکان

---

١٧- باژەن: هەرئامێرێکی موزیك کە بە فووپیاکردن بژەنرێت.

له رۆژ زیاتر بوون و له رۆژ خێراتر بوون، به ڕووناكی لایتەكانیان شەقامەكەی ئەوبەریان رووناك دەكردەوە، بەلام كاتێ بە بەردەم ئۆتێلەكەدا تێدەپەڕین، رووناكی لایتەكانیان بە كزی دەردەكەوت، چونكه بەردەم ئۆتێلەكه رووناك بوو، بەلام هەركە لەوێندەر تێدەپەڕین و دەگەیشتنە تاریكییەكە، رووناكی لایتەكانیان شەوقی زیاتر دەبوو.

كاتێ كارل گەیشتەوە لای هاورێكانی بینی لە خەوێكی قوولدا ڕۆچوون، به خەوتنیان دیاربوو چوونی گەلەك درێژەی كێشاوە، دەستی كرد بەوەی ئەو خواردنەی كە لەتەك خۆی هێناویەتی بۆ هاوڕێكانی ئامادەی بكات و بەر له هەستانیان هەموو شتێكیان بۆ ئامادە بكات.

له ناكاو بە بینینی جانتاكەی كه بە تەواوی كرابووەوە ڕاچڵەكی، كه پێشتر جانتاكەی قفڵی دابوو كلیلەكەی له گیرفانیدابوو، بینی نیوەی كەلوپەلی ناوجانتاكەی بەسەر گژوگیاكەدا بڵاو بووەتەوە.

هاواری كرد:" هەستن! دز هاتووە كەچی ئێوە هێشتا نووستوون."

دلامارش پرسی:" چییە مەگەر شتێكت دزراوە؟" رابینسۆن كە هێشتا بەتەواوی خەو بەری نەدابوو دەستی درێژ كرد و بوتڵێك بیرەی هەڵگرت.

كارل هاواری كرد:" سەر لە هیچ دەرناكەم، هەر ئەوەندە دەزانم جانتاكەم كراوەتەوە. ئێوە زۆر كەمتەرخەم بوون، ئاگاتان لەجانتاكەم نەبووە و نووستوون."

دلامارش و رابینسۆن پێكەنین و دلامارش گوتی:" كەوایە باشترە جارێكی دیكە ئەوەندە دوا نەكەویت، لێرەوە بۆ ئۆتێلەكە دوو هەنگاو ڕێیە، بەلام تۆ تا ئەوێ چوویت و سێ كاتژمێرت پێچوو. برسیمان بوو و لامان وابوو شتێك بۆ خواردن لەناو جانتاكەتدا دەست دەكەوێت، بۆیە خەریكی قفڵی جانتاكە بووین تاكو كرایەوە. بەلام هیچمان نەدۆزییەوە. ئێستاش وابزانە هیچ نەبووە و زۆر بەئاسانی دەتوانین هەموو شتەكانت كۆ كەینەوە و بیخەینەوە ناو جانتاكەت."

كارل گوتی:" دەزانم" و چاوی له سەبەتەكە بڕیبوو كه بەخێرای خەریك بوو خاڵی دەبووەوە، گوێی لە قوڵپە قوڵپی بیرە خواردنەوەی رابینسۆن گرتبوو سەری سووڕدەما، سەرەتا به گەروویدا دەیبردە خوارەوە و پاشان بۆ قولای زگی شۆڕ دەبووەوە.

كاتێك دلامارش و رابینسۆن راوەستان تاكو هەناسەیەك هەڵمژن، كارل پرسی:" هێشتا تێر نەبوون؟"

دلامارش كه لایوابوو كارل ئەم قسانە بۆ وەرگرتنی بەشەخواردنی خۆی دەكات، گوتی:" چما تۆ له ئۆتێلەكە نانت نەخواردووە؟"

کارل که بۆ لای جانتاکەی دەچوو گوتی:" ئەگەر زیاتر دەخۆن پەلە بکەن."

دلامارش بە رابینسۆنی گوت:" وەك بلێی زۆر پەرێشانە."

کارل گوتی:" پەرێشان نییم، بەلاَم وادەزانن کارێکی دروستە من لێرە نەبم و بێ ئیزنی من جانتاکەم بکەنەوە و شڕوشاتاڵم هەلّڕێژن. دەزانم دەبێت مرۆ زۆر شت لە دۆستەکانی قبووڵ بکات و ئەڵبەتە منیش خۆم بۆ ئەمە ئامادە کردبوو، بەلاَم ئیدی بێتامتان کرد. دەمەوێت ئەمشەو لە ئۆتێلەکە بخەوم و نامەوێت لەگەڵتان بێم بۆ باترفۆر. هەر ئێستا نانەکەتان بخۆن، چونکە دەبێت سەبەتەکە ببەمەوە."

دلامارش گوتی:" رابینسۆن گوێت لێیە، شەرمەزار نابێت بەوجۆرە قسە دەکات. بەراستی ئەڵمانییە. بیرمە هەر لە سەرەتاوە پێت گوتم ئاگات لێی بێت، بەلاَم منی گەلحۆ دڵم بۆی دەسووتا و ڕێگەم پێدا لەتکەمان بێت. بەدرێژایی رۆژ لەگەڵ خۆماندا هێنامان و بەلانیکەمەوە نیوەی رۆژەکەمان لەبەر کاری جەنابی بەفیڕۆ دا، کەچی ئێستا- تەنیا لەبەر ئەوەی هاوڕێیەکی لە ئۆتێلەکەدا دۆزیوەتەوە- بەمجۆرە فێلّمان لێ دەکات، هەر ئەوەیە دەیەوێت فیلّمان لێ بکات. بەلاَم چونکە ئەڵمانییەکی درۆزنە، راشکاوانە قسەکانی ناکات و جانتاکەی دەکات بە بیانوو، چونکە ئەڵمانییەکی بێئەدەبە، تاکو سووکایەتی بە ئابڕومان نەکات و تۆمەتی دزیمان نەداتەپاڵ بە جێمان ناهێڵێت. ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی دەستکاری جانتاکەیمان کردەوە."

کارل جانتاکەی دادەخست و بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، گوتی:" هەتا زیاتر قسە بکەن بۆ من ئاسانترە بەجێتان بهێڵم. من باش دەزانم هاوڕێیەتی یانی چی؟ لە ئەوروپا هاوڕێگەلێکم هەبوون، هیچکامیان هەرگیز بەوە تۆمەتباریان نەکردووم کە سووکایەتیم پێ کردوون، یان لەتەکیان بەدڕەفتاریم کردووە. دیارە ئێستا پەیوەندیم لەتەکیاندا نییە، بەلاَم ئەگەر دووبارە بگەڕێمەوە بۆ ئەوروپا بە بینینم خۆشحاڵ دەبن و وەك دۆستێك پێشوازیم لێ دەکەن. بەلاَم ئێوە بەوە تۆمەتبارم دەکەن خیانەتم لێ کردوون، ئەویش لەپاش ئەو هەموو دڵسۆزییەی کە لە بەرامبەرتانەوە نواندم- ئێوە دەڵێن زگتان بۆم سووتاوە هێشتووتانە لەگەڵتاندا بێم بۆ باترفۆر تاکو لەوێندەر ئیش بکەم، بەلاَم راستییەکەی هەرگیز ئەمە نییە و من لە ناو مێشکتاندام، لەبەر ئەوەیە کە هیچ پارەتان پێ نییە. لەبەر یەك دوو شت کە هەمە ئیرەییم پێدەبەن و هەر لەبەر ئەمەش سووکایەتیم پێدەکەن، من بەرگەی ئەمە ناگرم. ئێوە بە بێ هۆ و هەر لە خۆڕا جانتاکەمتان کردووەتەوە، سەرباری ئەوەش جنێو بەخۆم و خەڵکی وڵاتەکەم دەدەن- هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی

نەتوانم لە لاتان بمێنمەوە. بەڵام لە  راستیدا رابینسۆن مەبەستم تۆ نییە و گلەیشم لێت نییە، تەنیا گەلەییەکم لە تۆ هەبێت ئەوەیە کە لە روابەستەی دلامارشی."

دلامارش لە کارل نزیك بووەوە و پاڵێکی سووکی پێوەنا، وەك بڵێی دەیویست سەرنجی بۆلای خۆی راکێشێت، گوتی:" ئێستا رووی راستەقینەی خۆت دەرخست. بەدرێژای رۆژ بە دوومەوە راکەڕاکەت بوو دەستەوداوێنم دەبووی و وازت لێنەدەهێنام و هەرکارێکم دەکرد لاسایت دەکردمەوە و وەك مشکێك بێدەنگ بوویت، کەچی ئێستا کە کەسێك لە ناو ئۆتێلەکە پارێزگاریت لێدەکات، ملهوڕی دەنوێنی. تۆ کەسێکی فێڵبازیت، ئێمە ناتوانین بەرگەی ئەم شتانە بگرین. پێموانییە ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێمەوە فێر بوویت بە بەلاش دەستت کەوتبێت- رابینسۆن ئیرەیی بەو دەبەین- لەبەرئەوەی پارەو ماریەکی هەیە. تەنها ئەوەندە بەسە رۆژێك لە باترفۆر کار بکەین- ئێستا کالیفۆرنیا بخەرە لاوە- ئەوکات دەتوانین دە بەرابەری ئەوەی کە تاکو ئێستا نیشانت داوین و ئەوەی کە لە بەرکی چاکەتەکەتدا قایمت کردووە بەدەستی بهێنین، کەوایە باشترە بێدەنگ بیت."

کارل کە ئێستا هەستابووەوە و دەیبینی رابینسۆن هێشتا خەواڵووە، بەڵام چونکە بیرەی خواردبووەوە کەمێك هاتبووەوە سەرخۆی و لێی نزیك دەکەوتەوە، گوتی:"ئەگەر لەمە زیاتر لێرە بمێنمەوە، شتگەلی سەیروسەمەرەتر دەبینم. پێموایە تۆ دەتەوێت لێم بدەیت."

رابینسۆن گوتی:" چما مرۆ چەندە دەتوانێ دان بەخۆیدا بگرێت؟"

کارل بێ ئەوەی چاو لە دلامارش هەڵگرێت، گوتی:"رابینسۆن باشتر وایە تۆ خۆت هەڵنەقورتێنیت، تۆ باش دەزانی کە من لەسەر حەقم، بەڵام بە رواڵەت ناچاری وای نیشان بدەی کە لەگەڵ دلامارشی."

دلامارش پرسی:" رەنگە وابیر بکەیتەوە بتەوێت بەرتیلی بدەیتێ؟"

کارل گوتی: " ئەسڵەن بیرم لەوە نەکردووەتەوە، خۆشحاڵم بەوەی ئیدی دەڕۆم و بەیەکجاری پەیوەندیم لەگەڵ هیچکامتان نامێنێت. تەنها دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئێوە کە سەرزەنشتم دەکەن کە پارەم لێ شاردوونەتەوە. ئەگەر ئەمە راست بێت، بەڵام نەدەبوو ئەم کارە لەگەڵ کەسانێکدا بکەم کە چەند کاتژمێرێك ناسیومن. ئەی ئەو ڕەفتارانەی کە ئێوە لەبەرامبەر منەوە دەینوێنن ئەوە ناسەلمێنێ کە من لەسەر حەق بووم؟"

دلامارش بە رابینسۆن کە لە شوێنی خۆیدا نەجووڵابوو گوتی:" بێدەنگ بە." پاشان بە کارلی گوت:"ئێستا کە ئەوەندە باس لە ووراستی خۆت دەکەیت، بۆچی کاتێ بەجدی قسەی

دڵی خۆمانت پێدەڵێین، کەمێك ڕووراستر نابییت و پێمـان ناڵێیـت بۆچـی دەتـەوێت بڕۆیـت بـۆ ئۆتێلەکە؟" لەم کاتەدا دلامارش ئەوەندە لە کارل نزیك ببوەوە، کە کارل ناچـار بـوو هـەنگاوێك بڕواتە ئەولای جانتاکەیەوە. بەڵام دلامارش هەر دەچووە پێشەوە و بە شەقێك جانتاکەی فڕێدایـە ئەولاترەوە و هەنگاوێك هاتە پێشترەوە، لە کاتێکدا پێی بـە یەخـەی کراسـە سـپیەکەی کارلـدا دەنا، کە لەسەر گژوگیاکەدا کەوتبوو، پرسیارەکەی دووبارە کردەوە.

وەك بلێی وەڵامی پرسیارەکەی دلامارش ئەو پیاوە بوو، کە بە لایتە بەهێزەکـەی دەسـتیەوە لە سەر جادەکەوە بەرەولایان دەهات، ئەم پیاوە یەکێك بوو لە شاگردەکانی ئۆتێلەکـە. هـەر کـە چاوی بە کارل کەوت، گوتی:"نزیکەی نیو سەعاتە بەناو درختەکانی هـەردوو لای شـەقامەکەدا بەدوای تۆدا دەگەڕێم. خانمی سەرپەرشتیار ناردوومی پێت بڵـێم ئـەو سـەبەتە حەسـیرییەی کـە بەلاتەوەیە پێویستی پێیەتی."

کارل لە کاتێکدا لەتاو ئارۆزیانیـدا دەنگـی دەلـەرزی، گـوتی:" ئـەوەتا، فـەرموو بیبـە." دلامارش و رابینسۆن بەدۆخێکی خاکەڕایانەی ساختەوە چووبوونە ئەولاترەوە، چـونکە هـەرکات بێگانەیەکیان ببینیایە کە دەکرا پێی بگوترێ مەرد ئەم کارەیان دەکرد. شـاگردەکە سـەبەتەکەی هەڵگرت و گوتی:" خانمی سەرپەرشتیاری هۆتێلەکە پێی گوتم لێت بپرسم، هێشتا بڕیاری خـۆت نەگۆڕیووە و دەتەوێت لە ئۆتێلەکە بخەویت؟ ئەگەر بەنیازی ئەم دوو بەڕێزەش لەگەڵ خۆت بهێنە، ئەوانیش دەتوانن تەشریف بهێنن. جێگاتان بۆ ئامادە کراوە. ئەمشەو هەوا گەرمە، بەڵام خەوتن لێرە مەترسیدارە، ئەگەری ئەوە هەیە مار پێتانەوە بدات.

کارل گوتی:" لەبەرئەوەی خـانمی سەرپەرشـتیار ئەوەنـدە دڵسـۆزە، بانگهێشـتەکەی قبـووڵ دەکەم." پاشان چاوەڕێی هاوڕێکانی کرد شتێك بڵێن، بەڵام رابینسۆن بە بێـدەنگی راوەسـتابوو، دلامارشیش دەستی کردبوو بەگیرفانی پانتۆڵەکەیدا تەماشای ئەسـتێرەکانی دەکـرد. دیـار بـوو هەردووکیان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد، کارل بێ قرەومەشە لەگەڵ خۆیدا بیانبات.

شاگردەکە گوتی:"کەوایە منیان ڕاسپاردووە بتبەم بۆ هۆتێلەکـەو جانتاکـەت تـا ئـەوێ بـۆ هەڵگرم."

کارل چەمایەوە کەلوپەلەکانی لەسـەر زەوییەکـە کـۆ بکاتـەوە و بیخاتـە نـاو جانتاکـەی و گوتی:" تکا ئەکەم کەمێك راوەستن."

لەناكاو خۆی راست كردەوە. ئەو وێنەیەی كە لەسەر جانتاكەیدا دانابوو لە جێگـەی خۆیـدا نەمابوو و نەیدەبینی، هەموو شتێك لە جێگەی خۆیدا بوو جگە لەو وێنەیە. بـە پاڕانـەوەوە بـە دلامارشی گوتی:" كوا وێنەكەم؟"

دلامارش پرسی:" كام وێنە؟"

كارل گوتی:" وێنەی دایك و باوكم."

رابینسۆن گوتی:" بەڕێز راسمان، ئێمە وێنەمان لەناو جانتاكەتدا نەبینیووە."

كارل دووبارە بە پاڕانەوەوە گوتی:" بەڵام ئەمە مەحاڵە." شاگردەكە كە ئاگای لە حاڵی كارل بوو لێی نزیك بووەوە. كارل درێژەی بە قسەكانی دا:" وێنەكەم لەم سـەر دانـابوو، بـەڵام ئێسـتا دیار نییە. ئومێدەوارم نەتان شاردبێتەوە."

دلامارش گوتی:" ئێمە هەڵە ناكەین، پێمان گوتیت وێنەمان لەناو جانتاكەتدا نەبینیووە."

شاگردەكە كە بەناو گژوگیاكەدا دەگەڕا، كارل پێی گوت:" ئەم وێنەیەم لە هەموو شتەكانی ناو جانتاكە بەلاوە گرنگترە، چونكە هیچ شتێك ناتوانێت جێگەی ئـەو وێنەیـەم بـۆ بگرێتـەوە، ناتوانم وێنەیەكی دیكەی لەو جۆرەم دەست كەوێتەوە." كاتێ شاگردەكە لە دۆزینـەوەی وێنەكـە نائومێد بوو كارل گوتی:" ئەوە تاقە وێنەی دایك و باوكم بوو كە پێم بوو."

پاشان شاگردەكە بە دەنگێكی بەرز و بێ ئەوەی بیەوێت شـتێك بشـارێتەوە، گوتی:"رەنگـە ناچار بین گیرفانی ئەم بەڕێزانە بگەڕێین."

كارل گوتی: " بەڵێ، دەبێ وێنەكەم بدۆزمەوە. بەڵام بەر لەوەی گیرفانیان بگەڕێین، لێگـەڕێ ئەوەیان پێ بڵێم هەركامێكیان وێنەكەم بداتەوە، دەتوانێ جانتاكەم بەتەواوی شتەكانی ناویەوە بۆ خۆی بەرێت." پـاش سـاتێك بێـدەنگی كـارل بـە شـاگردەكەی گـوت:" وەك بڵێـی هاوڕێكـانم دەیانەوێت گیرفانیان بگەڕێین. بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەڵێن دەدەم، ئەگـەر وێنەكـە لـە گیرفـانی هەركامێكیان بدۆزمەوە، دەتوانێ جانتاكەم بەتەواوی شتەكانیەوە بۆ خۆی بەرێت. لەمـە زیـاترم لەدەست نایەت."

شاگردەكە یەكسەر دەستی كرد بە گەڕان بەناو گیرفانی دلامارشدا، چونكە وایدەبینی گـەڕان بەناو گیرفانی دلامارش لە رابینسۆن دژوارترە. وازی لە رابینسۆن هێنا تاكو كارل بەناو گیرفانیدا بگەڕێت. ناراستەوخۆ كارلی تێگەیاند پێویستە لـە یـەك كاتـدا بـەناو گیرفـانی هەردووكیانـدا بگەڕێن، ئەگینا پێدەچێت یەكێكیان بەدزییەوە وێنەكە بدرێنێت و لە خۆی دوور بخاتەوە. هەركە كارل دەستی كرد بە گیرفانی رابینسۆندا، دەستی بەر ملپێچەكەی خۆی كەوت، بەڵام چاوپۆشـی

لە دەرهێنانی کرد و بە شاگردەکەی گوت:" هەرچییەکت لە گیرفـانی دلامـارش دۆزییـەوە لێـی مەستێنە، من تەنیا وێنەکەم دەوێت، تەنیا وێنەکەم."

لە کاتێکدا کارل بەناو بەرکی چاکەتەکەی رابینسۆندا دەگەڕا، دەسـتی بـەر سـنگی گـەرم و تەپەتەپکەری کەوت، لەناکاو هەستی کرد بەم کارەی ستەمێکی گەورە لە هاوڕێکـانی دەکـات، بۆیە لە گەڕان بە گیرفانیدا پەلەی کرد، بەڵام گەڕانەکە سوودی نەبوو، چونکە وێنەکـەی نـە لـە گیرفانی رابینسۆن و نە لە گیرفانی دلامارشدا نەدۆزیەوە.

کارل گوتی:" رەنگە وێنەکەیان دڕانـدبێ و پارچـەکانیان فـڕێ دابێـت. وامـدەزانی ئەمانـە هاوڕێمن، بەڵام لە دڵەوە بەرامبەرم بـەدخوازن، هەڵبەتـە رابینسـۆن زۆر وەهـا نـەبوو، هـەرگیز نەیزانیوە ئەوەندە گرنگی بەو وێنەیە دەدەم، ئەم کارە زۆرتر لە کاری دلامـارش دەچێت."ئێسـتا کارل تەنیا دەیتوانی شاگردەکە ببینێت، کـە رووناکی لایتەکـەی شـێوەی بازنەیـەکی بچـووکی دروست کردبوو، لە کاتێکدا باقی شتەکانی دیکە بە دلامارش و رابینسۆنیشەوە لە تاریکییەکی چڕدا رۆچووبوون.

بێگومان ئیدی نەدەکرا ئەو دووانە لەگەڵ خۆیدا بۆ ئۆتێلکـە ببـات. شـاگردەکە جانتاکـەی خستە سەرشانی و کارلیش سەبەتە حەسیریەکەی هـەڵگرت و بـەڕێ کـەوتن. کـارل کـە زووتـر گەیشتبووە سەر شەقامەکە بیری کردەوە و راوەستا و لەتاریکییەکەدا هاواری کـرد:" گـوێم لـێ بگرن، هەرکامێکتان کە وێنەکەی لایە، ئەگـەر بیهێنێتـەوە بـۆ ئۆتێلەکـە، ئێسـتاش ئامـادەم جانتاکەمی بدەمێ و سوێندیش دەخۆم هیچ تۆمەتێکی نادەمـە پـاڵ." بـەڵام ئـەوان وەڵامیـان نەدایەوە، تەنیا گوێی لە نوزەیەکی کپکراو بوو، کە دیاربوو رابینسۆن دەیویسـت هـاوار بکـات، یەکسەر دلامارش دەمی گرت. کارل ماوەیەك چاوەڕێی کـرد کـە رەنگـە ڕایـان بگـۆڕێ. کـارل دووبارە هاواری کرد:" من هێشتا نەچووم." بەڵام وەڵامیان نەدایەوە و بەردێك لەسـەرەوە گلـۆر بووەوە. رەنگە بەرێکەوت گلۆر بووبێتەوە، یان رەنگە ئەوان بوون، بەڵام نەیانتوانی بـوو بەباشـی نیشانەی لێ بگرن.

(٥)

## ئۆتێلی ئۆكسیدنتاڵ

هەركە گەیشتنە ئوتێلەكە، یەكسەر كارلیان برد بۆ نووسینگەی ئۆتێلەكە، سەرپەرشتیاری چێشتخانە لە نووسینگەكە بوو، دەفتەرێكی یاداشتی بە دەستەوەبوو نامەیەكی بە تایپێستە جحێڵەكەی تایپ دەكرد، كە لە پشت ئامێری چاپەكەوە دانیشتبوو. تایپەكەی بە تەواوی ورد بوو، دەنگی تەقەی ئامێری چاپەكە و دەنگی چركەچركی كاتژمێری سەر دیوارەكە كە جارناجارێك بە گوێ دەگەیشت لە پێشبڕكێدا بوون، كاتژمێرەكە یازدەو نیوی نیشان دەدا. سەرپەرشتیاری ئۆتێلەكە دەفتەری یاداشتەكانی داخست و گوتی:" بەسە." تایپێستەكە لە شوێن خۆی هەستایەوە لەكاتی ئەنجامدانی ئەم كارە میكانیكییەیدا بێئەوەی چاوی لە كارل كل بكات ، یەكسەر رووپۆشێكی دا بەسەر ئامێری چاپەكەدا. تایپێستەكە لە كچێكی قوتابخانە دەچوو، جلەكانی ئیشەكەی زۆر بەجوانی ئوتو كردبوو، تەنانەت سەرشانەكانیشی پەڕپەڕیی بوون و قژی لە سەرەوە بەستبوو، بەسەرنجدان لەم شتە لاوەكیانە، ئەو هێمنیەی كە لە روخساریدا دەبینرا كەمێك سەیر دەهاتە پێش چاو. پاش ئەوەی بە شێوەیەكی رێزدارانە یەكەم جارسەری بۆ سەرپەرشتیاری ئۆتێل و پاشان كارل دانەواند لە ژوورەكە چووە دەرەوە، كارل نەویستانە نیگایەكی پرسیاركەرانەی لە سەرپەرشتیاری ئۆتێلەكە بڕی.

سەرپەرشتیاری چێشتخانە گوتی:" باش بوو دواجار هاتی، ئەی هاوڕێكانت لە كوێن؟"

كارل گوتی:" لەگەڵ خۆم نەمهێنان."

سەرپەرشتیار كە وەك بڵێی شتێك بۆ كارل روون دەكاتەوە گوتی:" لام وابێت بەیانی زوو وەڕێدەكەون."

كارل لە خۆی پرسی:" كەوایە لای وانییە دەبێ منیش بەیانی زوو لەگەڵیان وەڕێكەوم ." بۆ ئەوەی سەرپەرشتیار بە هەڵە تێنەگات گوتی:" بە شەڕەوە لە یەكدی جیابووینەوە."

سەرپەرشتیاری چێشتخانە ئەم قسانەی كارلی بە هەل زانی و گوتی:" كەوایە ئازاد بوویت؟"

کارل گوتی:" بەڵێ، ئازاد بووم." ئەمە لە کاتێکدا کە هیچ شتێك بۆ کارل لە ئازادی بێبەهاتر نەبوو.

سەرپەرشتیار گوتی:" حەز دەکەیت لەم ئۆتێلە کار بکەیت؟"

کارل گوتی:" بەڵێ، زۆر حەز دەکەم، بەڵام ئەزموونم کەمە. بۆ نموونە تەنانەت ناتوانم تایپ بکەم."

سەرپەرشتیاری چێشتخانە گوتی:" گرنگ نییە، یەکەمجار کارێکی بچووکت پێدەدەین، پاشان خۆت دەتوانی بە وردبینی و هەوڵەکانت کارێکی گەورەتر بەدەستەوە بگری، بەڵام بە هەر جۆرێك بێت، وابزانم لە جیاتی ئەوەی سەرگەردان بیت، کاری عاقڵانە ئەوەیە بۆ خۆت کارێك دەست بخەی. من لام وانییە کە تۆ بۆ سەرگەردانی لەدایك بوو بیت."

کارل سەری بەنیشانەی رەزامەندی بۆ لەقاند و بە خۆی گوت:" خاڵێشم هەر لەو بڕوایەدا بوو." لە هەمان کاتدا وەبیری هاتەوە، سەرەڕای ئەو هەموو دڵسۆزییەی کە سەرپەرشتیاری چێشتخانە بۆی دەربڕیوە، هێشتا خۆی نەناساندووە.

گوتی:" ببوورە کە پێشتر خۆم نەناساند، ناوم کارل راسمانە."

" کەوایە ئەڵمانیت؟"

کارل گوتی:" بەڵێ، تازەهاتووم بۆ ئەمریکا."

" خەڵکی کوێیت؟"

کارل گوتی:" خەڵکی شاری بوهیمی(١٨) پراگم."

سەرپەرشتیاری چێشتخانە لە کاتێکدا دەستی بەرز کردبووەوە بە زمانی ئینگلیزی بەڵام بە زارێکی تۆخی ئەڵمانی هاواری کرد:" بەڕاستە؟ کەوایە ئێمە هاونیشتمانین، چونکە من خەڵکی شاری ڤیەنام و پراگیش زۆر شارەزام، ناوم (گرێت میتز لباخ)ە، شەش مانگ لە (گۆلدین گۆس(١٩)) لە مەیدانی (ڤینسیس لاس(٢٠)) کارم کردووە. بیری لێبکەوە!"

کارلی پرسی:" ئەمە کەی؟"

" زۆر لەمەو پێش."

کارل گوتی:" دووساڵ لەمەوبەر باڵەخانە کۆنەکەی گۆڵدین گۆسیان رووخاند."

---

18- bohem.
19- golden gooses.
20- wences laus.

سەرپەرشتیار کە لە بیرەوەریی رابردوویدا رۆچووبوو، گوتی:" بەڵێ، بەڵێ."

بەلاَم لەناکاو ئارۆزیا هەردوو دەستی کارلی گرت و گوتی:" مادام هاونیشتمانی خۆمیت، ئیدی هەرگیز بەرت نادەم. ئەگەر بەجێم بهێڵی نیگەران دەبم. حەز دەکەی کاری ژووربەریی بکەیت؟ بەس بێژە ( بەڵێ) و حەقت نەبێت. ئەگەر لەم وڵاتەدا گەڕابیت، دەزانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە کارانە ئاسان نییە. چونکە ئەم جۆرە کارانە پێشەکییەکە بۆ پێشکەوتنی ژیانی دواترت، ئەگەر لەسەر ژووربەرێك کار بکەیت، بە زووی هەموو موشتەرییەکانی ئۆتێلەکە دەناسی، بەردەوام موشتەرییەکان دەتبینن و کارگەلی بچووکت پێدەسپێرن، بەکورتی هەموو رۆژێك هەلی کارکردنی باشترت بۆ دێتە پێشەوە. من بۆ خۆم هەموو دەستئاوێژێکی پێشکەوتنت بۆ دەستەبەر دەکەم و تۆ حەقت نەبێت."

کارل لە پاش وەستانێکی کورت، گوتی:" زۆر حەز دەکەم ببمە ژووربەر."

کارێکی بێئەقلانە بوو سەبارەت بە پەسەندکردنی ژووربەری دوودڵ بێت، چونکە بۆخۆی هەمیشە خۆشی لە کەسانی ژووربەر دەهات، زۆر رازاوە دەهاتنە پێش چاو.

پاشان پرسی:" پێویست ناکات چەند زمانێك بزانم؟"

"ئەڵمانی دەزانیت و ئینگلیزیش بە باشی قسە دەکەی، هەر ئەمە بەسە."

کارل گوتی:" تەنها لە دوو مانگ و نیوی رابردوودا فێری ئینگلیزی بووم، لێرە فێر بووم" بۆیە ئەمەی گوت چونکە وابیری دەکردەوە باشترە ئەم تاکە تواناییەی نەشارێتەوە.

سەرپەرشتیاری چێشتخانە گوتی:" هەر ئەم ناساندنە بۆ خۆی بەسە، چونکە کاتێ خۆم ویستم فێری زمانی ئینگلیزی بم زۆر بۆم قورس بوو! هەڵبەتە ئێستا سێ ساڵ بەسەر ئەوەدا تێپەریوە. لەم دوو رۆژەی پێشوودا سەبارەت بەمە قسەم کرد، چونکە دوێنێ پەنجاهەمین ساڵرۆژی لە دایکبوونم بوو." بەدەم پێکەنینەوە هەوڵی دا کاریگەریی ئەم تەمەنە پڕ شکۆیەی لە روخساری کارلدا بخوێنێتەوە.

کارل گوتی:" هیوای خۆشبەختیت بۆ دەخوازم."

سەرپەرشتیار گوتی:" نزای خێرت گیرا بێت." دەستی کارلی گوشی و بەهۆی ئەوەی ئەو دەستەواژەیەی بە زمانی ئەڵمانی دەربڕیبوو، کەمێك غەمبار بوو.

سەرپەرشتیاری چێشتخانە لەناکاو هاتەوە سەرخۆی و گوتی:" خەریکە دوات دەخەم، بێگومان ماندوویت، بەیانی دەتوانین سەبارەت بە هەموو شتێك باشتر پێکەوە بدوێین. بە

بینینی تۆی هاونیشتمانیم ئەوەندە خۆشحاڵ بووم هەموو شتێکم لە بیر چووەوە. ئێستا وەرە با ژوورەکەی خۆتت پیٚ نیشان بدەم."

کارل لە کاتێکدا تەماشای تەلەفۆنی سەر مێزەکەی دەکرد، گوتی:" داوایەکی دیکەم لێت هەیە، لەوانەیە بەیانی دۆستە کۆنەکانم ئەو وێنەیەم بۆ بهێننەوە، زۆر پێویستم پێیەتی. دەتوانم تەلەفۆن بۆ دەرگاوانەکە بکەم و پێی بڵێم یان ئەوەیە رێگە بەوان بدات وێنەکەم بۆ بهێنن، یان بە من بڵێت بڕۆمە خوارەوە؟"

سەرپەرشتیار گوتی:" بەدڵنیاییەوە ئەمەت بۆ دەکەم. بەڵام ئەگەر هاوڕێکانت وێنەکە بدەن بە دەرگاوانەکە کێشەیە؟ دەتوانم بپرسم چ جۆرە وێنەکە؟"

کارل گوتی:" وێنەی دایك و باوکمە. نا ناکرێت، پێویستە خۆم قسەیان لەتەك بکەم."

سەرپەرشتیاری چێشتخانە ئیدی قسەیەکی نەکرد و تەلەفۆنی کرد بۆ ژووری دەرگاوانەکە و ژمارەی ژوورەکەی کارلی پێدا کە ژمارە(٥٣٦) بوو.

لە دەرگای نووسینگەکەوە کە بەرامبەر دەرگای هاتنەژوورەوە بوو رەد بوون، بە رارەوێیکی کورتدا تێپەڕین، لە رارەوەکەدا کوڕەلەیەکی ژووربەر پاڵی دابوو بە ژووربەرەکەوە و خەوی لێکەوتبوو. سەرپەرشتیاری ئوتێلەکە لە کاتێکدا رێنمای کارلی دەکرد بۆ ناو ژووربەرەکە، بە نەرمونیانییەوە بەکارلی گوت:" خۆمان دەتوانین بەڕێی بخەین." پاشان درێژەی دایە:" دە دوازدە کاتژمێر کارکردن بۆ کوڕەلەیەکی وەك ئەمە بەڕاستی زۆرە. بەڵام ئەمریکا وڵاتێکی سەیر و سەمەرەیە. بۆ نموونە ئەم کوڕەلەیە شەش مانگ لەمەوپێش لەتەك دایك و باوکیدا هاتووە بۆ ئێرە و خەڵکی ئیتالیایە. وادێتە پێش چاو ئەسڵەن بەرگەی ئەم کارە ناگرێت، گەلەك لاوازە و لەسەر ئیشەکەی خەوی لێدەکەوێت. ئەڵبەتە کەسێکی جدییە، بێگومان ئەگەر شەش مانگی دیکە لێرە یاخود لە هەر شوێنێکی دیکەی ئەمریکادا کار بکات، پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، لە ماوەی پێنج ساڵدا بۆ خۆی پیاوێکە، چەندین کاتژمێر سەبارەت بەم کەسانە دەتوانم قسەت بۆ بکەم. تۆ وەك ئەوان نییت، چونکە هەر لە ئێستاوە بۆ خۆت پیاوێکیت. هەڤدە ساڵ دەبی، وانییە؟"

کارل گوتی:" مانگێکی دیکە دەبمە شازدە ساڵ."

سەرپەرشتیار گوتی:" کەوایە هێشتا نەبوویتە شازدەساڵ، بەڵام نیگەرانی ناوێت."

کاتێك گەیشتنە دواهەمین نهۆمی باڵەخانەکە، سەرپەرشتیار کارلی بۆ ژێر هەورەبانەکە رێنمایی کرد. دیواری ژوورەکە لار بوو، بەڵام دوو گڵۆپیان لە ژوورەکەدا کردبووەوە و بەم

هۆیەوە ژوورەکە لەڕادەبەدەر جوان دەهاتە پێش چاو. سەرپەرشتیاری چێشتخانە گوتی:" لە کەلوپەلی ناو ژوورەکە سەرت سوڕنەمێنێ، چونکە ئەم ژوورە لەسەر ژوورەکانی ئۆتێلەکە حیساب ناکرێت، بەڵکو لە ژوورە تایبەتەکانی خۆمن، سێ ژووری لەم جۆرەم هەیە، بۆیە هەرگیز وابیر نەکەیتەوە دەبیتە هۆی وەڕەزیم."

دەرگای ناوەڕاستی ئەم ژوورە دادەخەم تاکو بە تەنیا بیت. هەڵبەتە بەیانی کە دەکەویتە سەرکار ژووری تایبەتت پێدەدەن، ئەگەر دۆستەکانت لەگەڵتدا بهاتنایە، ژوورێکی گەورەی هەورەبانەکەم پێ دەدان. بەزۆری خزمەتکارانی ئۆتێلەکە لەوێندەر دەخەون، بەڵام چونکە ئێستا تەنیایت، باشتر وایە لێرە بمێنیتەوە، ئەگەرچی جگە لە قەنەفەیەك هیچی دیکەی لێ نییە تاکو لەسەر بخەوی. ئێستا بەباشی بخەوە و پشوو بدە، تاکو بەیانی بتوانی ئیش بکەیت. بەیانی کارەکەت زۆر قورس نییە."

" بەڕاستی سوپاسی دڵسۆزیتان دەکەم."

سەرپەرشتیار کە لە تەنیشت دەرگاکەوە راوەستابوو، گوتی:"سەبرکە، نابێت بەیانی لێگەڕێم زوو خەبەرت بکەنەوە." پاشان بەرەو لای ئەو دەرگایە چوو کە لە ناوەوە بەسەر ژوورێکی دیکەدا دەکرایەوە، تەقەی لێدا و گوتی:" ترێزا!"

تایپیستەکە گوتی:" بەڵێ، خانم."

"بەیانی کاتێ من خەبەر دەکەیتەوە، بەو لای رارەوەکەدا وەرە، لەناو ئەم ژوورەدا میوانێکمان خەوتووە و زۆر ماندووە." کاتێ ئەم قسانەی دەکرد بزەیەکی بۆ کارل کرد و گوتی:" تێگەیشتی؟"

"بەڵێ، خانم."

" باشە ئێستا شەوباش."

"شەوباش."

سەرپەرشتیار گوتی:" ساڵانێکە زۆر بە خراپی خەوم لێدەکەوێت.حەقمە لەبارودۆخی ئێستام رازی بم، پێویست ناکات نیگەران بم، بەڵام نیگەرانییەکانی رابردووم لێناگەڕێن ئاسوودە بم. ئەگەر کاتژمێر سێ و نیو خەوم لێکەوێت بەخت یارم بووە، چونکە دەبێت بەلانی زۆرییەوە کاتژمێر پێنج و نیو لەسەرکارەکەم بم، دەبێت زۆر بەئارامی لە خەو هەڵمسێنن، تاکو مێشکم لەوە زیاتر ماندوو نەبێت. هەڵبەتە ترێز خەبەرم دەکاتەوە. ئێستا ئەوەی کە پێویست

بوو پێم گوتی، بەلاّم هێشتا لێرەم. شەوباش." سەرباری قەڵەوییەکەی بە چاپووکی لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

کارل ئێستا زۆر حەزی دەکرد بخەوێت، چونکە بە درێـژایی رۆژ مانـدوو ببـوو. شـوێنێکی باشتر لەم شوێنەی بۆ خەوێکی درێژ و بێدابڕان دەست نەدەکەوت. هەڵبەتە ئەم ژوورەش زۆر بۆ خەوتن گونجاو نەبوو، چونکە لە راستیدا ژووری دانیشتنی سەرپەرشتیار بوو، یان لە راسـتیدا ژووری پێشوازی لە میوان بوو. ئەو شەوە لەبەر ئەو شوێنێکی دەسـت بـە ئاوگەیانـدنیان لـە ژووری کارکردنەکە دانابوو، هەستی نەدەکرد میوانێکی رەزاقورس بێت، بەلاّم هەستی دەکرد بەباشی چاودێری دەکەن. جانتاکەی بەساغ و سەلامەتی لە ژوورەکـە دانرابـوو، دەمێـك بـوو شوێنێکی وەها دڵنیایی بە نەسیب نەببوو، لەسەر کۆمیدێکی نزمـدا دایاننـابوو، پارچـەیەك خـوری چـوارخانەیان بەسـەردا دابـوو. لـە ژوورەکـەدا چـەند وێنەیـەکی لەچوارچـێوەگیراو هەڵواسرابوو، کاتێ کارل چاوی بە ژوورەکەدا دەگێڕا لەبەردەم وێنەکاندا راوەسـتاو تەماشـای کردن، زۆربەی زۆریان وێنەی کۆن بوون، بە زۆری وێنەی کچگەل بوون. لە یەکێك لە وێنەکاندا کچگەل جلی تەسکیان لەبەردابوو هەموویان کلاّوی چکۆلەیان بەلاری لەسەر کردبوو و دەستی راستیان لەسەر دەسکی چەترە هەتاوییەکانیان دانابوو، دیـاربوو لـە کـاتی گـرتنی وێنەکـەدا کچەکان رووبەرووی وێنەگرەکە راوەستابوون، بەلاّم تەماشای چاوی وێنەگرەکەیان نەکردبوو. لە ناو وێنەی پیاوەکاندا وێنەی سەربازێکی لاو سەرنجی کارلی راکێشا، پیاوەکە کلاوەکەی لەسەر مێزەکە دانابوو و بە قـژە رەش و پژنەکانیـەوە رەپـوڕەق راوەسـتابوو و بەشـێوەیەکی مـات و سەرکوتکراو بەلاّم بێشەرمانە تەماشای پێشەوەی دەکرد. جلە فەرمییەکانی کـابرا بـە خـاڵی ئاڵتونی رتوش کرابوو. پێدەچوو خـانمی سەرپەرشـتیار هـەموو ئـەم وێنانـەی لـە ئـەوروپاوە هێنابێت، بە هەڵدانەوەی وێنەکان دەکرا راستی ئەمەت بۆ دەرکەوێت، بەلاّم کارل نەیدەویست دەست لەوێنەکان بدات.

کارل حەزی دەکرد وێنەی دایك و باوکیشی کە بڕیاربوو بۆی بگێڕنەوە وەك ئەم وێنانە لـەم ژوورەدا هەڵواسێت.

چونکە نەیدەویست ئەو کچەی کە لە ژوورەکـەی ئـەودیو خـەوتبوو بێـدار بکاتـەوە، بـە بێدەنگی تەواو سەرتاپای خۆی شـۆرد، لەسـەر قەنەفەکـە راکشـا تـاکو بخـەوێت، لـە ناکـاو بەهێواشی لە دەرگاکە درا. نەیـدەتوانی یەکسـەر بزانێـت لـە کـام دەرگـا دراوە، رەنگـە لـە دەرگادانێکی بە رێکەوت بێت. یەکسەر لە دەرگاکە نەدرایەوە، کـاتێ لـە دەرگاکـە درایـەوە

تاڕادەیەك خەوی لێکەوتبوو. بەلاّم ئەمجارەیان لەوە دلّنیابوو دەنگەکە لە دەرگای تایپیستەکەوە دەدرێت. کارل هێواش هێواش بەرەو لای دەرگاکە چوو و لە کاتێکدا هەولّی دەدا دەنگەکە تریێز خەبەر نەکاتەوە کە لە ژوورەکەی ئەودیو بوو، لەسەرخۆ گوتی:" شتێکت دەوێت؟"

دەستبەجێ کەسێك وەك ئەو لەسەرخۆ گوتی:" دەکرێ دەرگاکە بکەیتەوە؟ دەرگاکە داخراوە."

کارل گوتی:" بێگومان، تەنها رێگەم بدەن جلەکانم لەبەر بکەم."

پاش کەمێك راوەستان کچێك گوتی: "پێویست ناکات جلەکانت لەبەر بکەیت، دەرگاکە بۆ من بکەرەوە و پاشان بڕۆوە ناو نوێنەکەت، کەمێك چاوەڕوانیت دەکەم."

کارل گوتی:" باشە." دەرگاکەی کردەوە و لە هەمان کاتدا گلۆپی ژوورەکەی داگیرساند. پاشان بە دەنگێکی تاڕادەیەك بەرز گوتی:" ئێستا لەناو نوێنەکەمدام."

تایپیستەکە بەهەمان ئەو جلانەوەی کە لە نووسینگەکەدا لەبەریدابوو، لە تاریکییەکەوە هاتە ژوورێ، دیاربوو تا ئێستا بیری لەخەوتن نەکردبووەوە.

کاتێ تایپیستەکە گەیشتە لای قەنەفەکەی کارل کەمێك سەری دانەواند و گوتی: " داوات لێ دەکەم لێم ببووری و تکات لێدەکەم هاتنم بۆ لات بەکەس نەلّێیت. زۆر وەڕزت ناکەم، دەزانم زۆر ماندوویت."

کارل گوتی:"نا زۆر ماندوو نیم، بەلاّم لاموایە ئەگەر جلەکانم لەبەرکردایە باشتر بوو." لەبەرئەوەی جلی لەبەردا نەبوو ناچاربوو درێژ راکشێت، تاکو ملی داپۆشێت. کچە لەکاتێکدا لەناو ژوورەکەدا بەدوای کورسیدا دەگەڕا، گوتی:" هەر یەك دەقیقە دادەنیشم، دەتوانم لە تەنیشت قەنەفەکەوە دانیشم؟" کارل سەری بۆ لەقاند. کچە ئەوەندە کورسییەکەی لە قەنەفەکە نزیك کردەوە، کارل ناچاربوو خۆی بنووسێنێت بەدیوارەکەوە تاکو بتوانێت تەماشای بکات. کچە روخساری خڕەو جوانکیلە بوو، بەلاّم تەوێلّی بەرز دەهاتە پێش چاو، رەنگە بەهۆی مۆدیلی قژیەوە بێت، بێگومان ئەم مۆدێلە قژەشی لێنەدەهات. جلەکانی زۆر پاکوخاوێن بوون و دەسرێك لە دەستی چەپیدا بوو دەیگوشی. پرسی:" بەنیازی زۆر لێرە بمێنیتەوە؟"

کارل وەلاّمی دایەوە:" هێشتا بەتەواوی لێرە نیشتەجێ نەبووم، بەلاّم وابزانم زۆر لێرە دەمێنمەوە."

کچه له کاتێکدا به دەسڕەکەی دەموچاوی پاك دەکردەوە، گوتی:" زۆرباشە، من لێـرە زۆر هەست بە تەنیایی دەکەم."

کارل گوتی:" سەرم سوڕ دەمێنیّ! مەگەر سەرپەرشتیار لەگـەڵت زۆر میهرەبانـە نییـە؟، هەرگیز وەك کارمەندێك هەڵسوکەوتت لەتەك ناکات. خۆ من وامدەزانی خزمن."

کچەکە گوتی:" ئۆ، نا، من ناوم (ترێز برێختـۆڵ[۲۱])ە و خـەڵکی پامـەرنیام[۲۲]" پاشـان کارلیش خۆی بەو ناساند. لە پاش یەکترناسین، کچە بۆ یەکەمین جار چاوی لە روخساری کارل بڕی. وەك بڵێی دوای گوتنی ناوەکەی لە لای بێگانەتر ببوو. هەردووکیان بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوون. پاشان کچە گوتی:" وانەزانیت قەدری سەرپەرشتیار نازانم، ئەگەر ئەو نەبوایـە ئێسـتا حاڵم زۆر لەمە خراپتر بوو. پێشـتر لـەم ئۆتێلـەدا خزمـەتکاری چێشـتخانە بـووم و ئەگـەری دەرکردنیشم گەلەك زۆر بوو، چونکە نەمدەتوانی کاری قورس راپەڕێنم. لێرە چـاوەڕێی ئیشـی زۆرت لیّ دەکەن. مانگێك لەمەوبەر کچێك کە لەناو چێشتخانە کاری دەکرد، لەژێر گوشـاری کاردا بووڕایەوە و چواردە رۆژ لە نەخۆشخانە خەواندیان. منیش زۆر بـەهێز نـیم، کـاتیّ کـە منداڵ بووم زۆربەی کات نەخۆش دەکەوتم، ئێستا کـە بەمشـێوەیە دەمبـینی هـەرگیز بـاوەڕ ناکەیت هەژدە ساڵ بم. بەلاّم ئێستا خەریکە وردە وردە گیانم وەبەر دێتەوە."

کارل گوتی:" دەبیّ کارکردن لێرە زۆر قورس بێت، لە خوارەوە کوڕەلەیەکی ژووربەرم بینی بەپێوە خەوی لێکەوتبوو."

کچە گوتی:" لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی ژووربـەرەکان زۆر باشـە، چـونکە پـارەی زۆریـان پێدەدەن، سەرەڕای ئەوەش هەرگیز بەقەد ئەو کچانەی کە لـە چێشـتخانە کاردەکـەن مانـدوو نابن. بەلاّم تەنیا جارێك لە ژیانمـدا بـەخت یـارم بـوو، چـونکە رۆژێکیـان سەرپەرشـتیار بـۆ میوانییەکی گەورە پێویستی بە کچێك بوو کە دەسڕی سەر سفرەکان رێکوپێـك بکـات، ئـەم کارە دەبوو یەکێك لە کچەکانی چێشتخانەکە ئەنجامی بدات. ئێسـتا نزیکـەی پـەنجا کـچ لـە چێشتخانەکەدا کار دەکەن و خۆشبەختانە بۆ ئەم کارە منی هەڵبـژارد. سەرپەشـتیار زۆر لـە کارکردنم رازی بوو، چونکە هەمیشە لە رێکوپێککردنی دەسـڕی سـەر سـفرەکاندا بـە باشـی

---

21- brechtole.

۲۲- pomerania:پێشتر شارێك بووە لە باکووری رۆژهەلاّتی ئەڵمانیا، بەلاّم ئێستا دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای نەمسا.

کارەکەم رادەپەڕاند. لەو رۆژەوە خانم منی لەلای خۆی هێشتووەتەوە و قۆناغ بە قۆناغ شتی فێر کردووم و تا دواجار بوومە سکرتێری. بەڵێ زۆر شتی فێرکردووم."

کارل پرسی:" کەوایە کاری نووسینت گەلەك زۆرە؟"

کچە گوتی:" ئۆی گەلەك. زۆر زیاتر لەوەی کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە، خۆت ئەمشەو بینیت تا کاتژمێر یازدە و نیو کارم دەکرد، بەزۆری ئەمە کاری هەموو رۆژێکمە. هەڵبەتە هەمیشە تایپ ناکەم، چونکە هەندێ جار بۆ ئەنجامدانی هەندێ کار دەمنێرن بۆ شار."

کارل پرسی:" ناوی ئەو شارە چییە؟"

کچە گوتی:" چما ناوی نازانی؟ ناوی رامسزە."

کارل گوتی:" گەورەیە؟"

کچە وەڵامی دایەوە:" زۆر گەورەیە، من حەز ناکەم زۆر بڕۆم بۆ ئەوێندەر. بەڵام ناتەوێت بخەویت؟"

کارل گوتی:" نا، نا، هێشتا پێت نەگوتم بۆ هاتووی بۆ لام؟"

"لەبەر ئەوەی هیچ کەسێك نییە قسەی لەتەك بکەم، گلەیی لەکەس ناکەم، بەڵام لە راستیدا لێرە کەسێك نییە دەردەدڵی لا بکەم. خۆشحاڵ دەبم دواجار کەسێك بدۆزمەوە رێگەم بدات قسەی لەتەك بکەم. ئەمڕۆ کە لە هۆڵەکەدا بینیمت، دەمویست بچم سەرپەرشتیار گاز بکەم، بەڵام دواتر بینیم تۆ بۆ هەمبار دەبات."

کارل گوتی:" ئەو هۆڵەتان شوێنێکی ترسناکە."

کچەکە گوتی:" من لەم رۆژانەدا تەنانەت هۆڵەکە نابینم، تەنیا دەمویست پێت بڵێم سەرپەرشتیار بەقەد دایکم لەگەڵم میهرەبانە. بەڵام جیاوازی پێگەی کارەکەمان ئەوەندە زۆرە کە رێگەم پێنادات ئازادانە لەگەڵی بدوێم. کاتێ لەناو چێشتخانە بووم، دۆستگەلێکی چاکم هەبوون، بەڵام ئەو هاوڕێیانەم ماوەیەکە ئێرەیان بەجێ هێشتووە و من کچە تازەهاتووەکان ناناسم. لە هەمان کاتدا زۆرجار بیرلە خۆم دەکەمەوە ئەم کارەی ئێستام لە کارەکەی پێشووم زیاتر گوشارم دەخاتە سەر، بەڕادەیەك کە ناتوانم ئەم کارەم وەك کارەکەی پێشووم بە باشی راپەڕێنم، سەرپەرشتیاریش تەنیا لە خێری خۆی لێرە گلی داومەتەوە. بەهەرحاڵ سکرتێری بڕوانامەی دەوێت و منیش نیمە. بەداخەوەم کە ئەمەم گوت، بەڵام زۆربەی کات هەست دەکەم خەریکە شێت بم." کچە ئێستا ئیدی ئارۆزیابوو هەژدەر هەژدەر قسەی دەکرد، لەبەرئەوەی کارل دەستەکانی لە ژێر چەرچەفەکەدا بوو، بەردەوام دەستی دەخستە سەرشانی. گوتی:" ئەم

قسانە بە سەرپەرشتیار نەڵێیت، ئەگینا بارودۆخم تێکدەچێت، سەرباری ئەوەی بە کارکردنەکەم نارەحەتی دەکەم، نامەوێت لەملاشەوە ئەزیەتی بدەم، بەرگەی ئەم هەموو ئەزیەتی و ئازارە ناگرێت."

کارل وەڵامی دایەوە:" دڵنیابە هیچی پێ ناڵێم."

کچەکە گوتی:" باشە، تۆ نابێت لێرە بڕۆیت، ئەگەر بتەوێت ببیتە هاوڕێم، خۆشحاڵ دەبم. هەرکە بینیمیت هەستم کرد دەتوانم متمانەت پێ بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا- دەبینیت چەندە دەروونم بەدگومانە- دەترسم سەرپەرشتیار تۆ لە جیاتی من بکاتە تایپیستی خۆی و دواتر من بکاتە دەرەوە. کاتێ لە خوارەوە لە نووسینگە بویت، من لە ژوورەکەی تەنیشتدا بە تەنیا دانیشتبووم و ماوەیەك خەریك بووم تاکو ئەم مەسەلەیە بە جۆرێك لە ناو مێشکی خۆمدا چارە بکەم، دواجار گەیشتمە ئەو ئەنجامەی ئەگەر تۆ لە جیاتی من ئەم کارە بکەیت گەلەك باش دەبێت. چونکە بەدڵنیاییەوە لە من باشتر دەتوانی سەری لێدەرکەیت. ئەگەر نەتویست کارەکانی ناو شار راپەڕێنیت، ئەوا من ئەنجامیان دەدەم. ئەگەر ئەوەش نەبێت لە ناو چێشتخانە دەتوانم زۆر بەباشی کار بکەم، بەتایبەتی چونکە ئێستا لە جاران بەهێزترم."

کارل گوتی:" ئێستا ئیدی هەموو شتێکم بۆ روون بووەتەوە، بڕیارە من ببمە ژووربەر و تۆش هەروەك جاران تایپیست بیت. بەڵام ئەگەر تەنیا یەك دانە لە پلانەکانت بە سەرپەرشتیار بڵێیت، ئەوەی کە ئەمشەو پێت گوتم، ئەگەرچی بە گوتنی نیگەران دەبم، هەمووی بۆ سەرپەرشتیار باس دەکەم."

شێوازی قسەکردنی کارل ئەوەندە ترێزی ترساند، لەسەر کورسییەکەی کەوتە خوارەوە و دەستی کرد بە گریان و بە چەرچەفەکەی کارل دەموچاوی شاردەوە.

کارل گوتی:" مەترسە، هیچی پێ ناڵێم، بەڵام نابێت تۆش هیچی پێ بڵێی."

کارل ئیدی چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی کەمێك لە ژێر چەرچەفەکەیەوە بێتە دەرەوە و بە هیواشی نەوازشی دەستەکانی کچە بکات، بەڵام لەو کاتەدا هیچ وشەیەکی شایستەی بە مێشکدا نەدەهات و تەنیا ئەوەی بە زەییندا هات، ئەم کچە چەندە بەدبەختە! دواجار ئەوەندە دڵی کچەی دایەوە کە شەرمەزار بوو لەوەی بگریت، بە چاوێکی منەتبارەوە نیگای لە کارل بڕی و ئامۆژگاری کارلی کرد کە بەیانی درەنگ لە خەو هەستێت، بەڵێنی دایە ئەگەر دەرفەتی هەبێت، کاتژمێر هەشت دێت لە خەو هەڵیدەستێنێ.

کارل گوتی:" تۆ زۆر بەجوانی مرۆ بێدار دەکەیتەوە!"

کچە گوتی:" بەڵێ، هەندێ کار بە باشی ئەنجام دەدەم." دەستی وەك نیشانەی ماڵئاوایی وردە وردە لەسەر چەرچەفەکە بردە دواوە و  بە بلەزی گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی.

بەیانی هەرچەندە سەرپەرشتیار بە کارلی گوت بڕوات بە شاردا بگەڕێت، بەڵام کارل پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد یەکسەر دەست بەکار بکات. بە سەرپەرشتیاری گوت دواتر دەرفەتی زۆرە کە بە ناو شاردا بگەڕێت. بەڵام لە ئێستادا گرنگترین شت بۆی ئەوەیە دەست بە کار بکات، چونکە پێشتر لە ئەوروپا هەر لە خۆڕا وازی لە کار  هێنابوو، ئێستا لە سەرەتاوە دەستی بەکار دەکردەوە. ئەویش کاری ژووربەری. کە ئەگەر هاوتەمەنەکانی کەسێکی پلەوپایەخواز بوونایە چاوەڕێی پێگەیەکی باڵاتریان دەکرد. پێویست بوو لە سەرەتاوە وەك ژووربەرێك دەست بە کار بکات، لە هەمان کاتدا پێویست بوو بە خێراییەکی لە رادەبەدەر پلەی کارکردنی بەرز بکاتەوە. لەم کاتەدا گەڕانێکی بێسوود بەناو شاری رامسزدا لەزەتی پێنەدەبەخشی. تەنانەت کاتێك تریز پێشنیاری ئەوەی کرد گەڕانێکی کورت بەناو شاردا بکەن، رازی نەبوو.

نەیدەتوانی لە شەڕی ئەو گومانە رزگاری بێت کە ئەگەر زۆر بەچاکی کار نەکات، رۆژێك دادێت ئەوەندە بێچارە دەبێت دوچاری چارەنووسی دلامارش و رابینسۆن دەبێت.

بەرگدووری ئۆتێلەکە قاتێکی فەرمی ژووربەری بە بەری تاقی کردەوە، تاکو بە پێی قەدوباڵی چاکی بکات. قۆپچە قەرەخ ئاڵتونییەکانی قاتە فەرمییەکە درەوشانەوەیەکی تایبەتیان بە قاتەکە بەخشیبوو، بەڵام کاتێ کارل لەبەری کرد کەمێك هەڵ لەرزی، چونکە بن باخەڵی قاتەکە ئارەقەی جەستەی ژووربەرەکانی پێشتری پێدا وشکبووەوە، بەم هۆیەوە قاتەکە ساردو زبر و لە رادەبەدەر تەڕ بوو.

بەرگدوورەکە دەبوو چاکەتی قاتەکە بە تایبەتی لای سنگییەوە بۆ کارل گەورە بکاتەوە، چونکە لەو دە چاکەتەی کە تاقی کردبووەوە تەنانەت یەکێکیان بۆ بەری نەدەبوو. بەڵام هەرچەندە قاتەکە تەقەڵ و دوورینەوەی تازەی پێویست بوو، هەرچەندە بەرگدوورەکە لە ئەندازەگیریدا سەختگیر بوو- دووجار پاش ئەوەی جلەکانی تەواو بوو، بۆ بەری رێك نەبوو- ئەندازەگیری قاتەکە کەمتر لە پێنج خولەکی خایاند. کاتێ کارل لە دوکانی بەرگدوورەکە هاتەدەرەوە پانتۆڵە تەسکەکانی لەبەرکردبوو و بەسەریشیدا چاکەتەکەی پۆشیبوو، بەڵام بە پێچەوانەی دڵنیایی یەکجارەکی بەرگدوورەکە قاتەکەی بۆ تەسك بوو. جلەکانی ڕاڕایان کردبوو

بەردەوام هەناسەی قووڵی هەڵدەکێشا تاکو ئەرخەیان بێت لەوەی بەم جلە تەسکانەوە هێشتا دەتوانێت هەناسە هەڵمژێت.

پاشان چوو خۆی بەو سەرکارە ناساند کە بڕیاربوو لە ژێر چاودێری ئەودا کار بکات. سەرکارەکە پیاوێکی باریکەلە و قەدوباڵاجوان و کەپو گەورە بوو، تەمەنی لە چل ساڵ بەرەوژوور بوو، ئەوەندە سەرقاڵ بوو تەنانەت کاتی نەبوو یەك قسە لەگەڵ کارل بکات، زەنگێکی لێدا تاکو ژووربەرێك گاز بکات. کاتێ ژووربەرەکە هات، بەڕێکەوت هەمان ئەو ژووربەرە بوو کە کارل دوێنێ لە ڕاڕەوەکەدا بینیبووی. سەرکار کرێکارەکەی بەناوە بچووکەکەیەوە بانگ کرد کە ناوی جیاکۆمۆ[23] بوو، ماوەیەکی پێچوو تا کارل بتوانێت ناوی ئەم کرێکارە فێر بێت، چونکە ناوەکەی بە ئینگلیزی بۆ کارل بەئاستەم گۆ دەکرا. سەرکارەکە فەرمانی بە ژووربەرەکە کرد، هەموو ئەرکەکانی ژووربەرێك بە کارل بناسێنێت، بەڵام ئەم کوڕەلەیە ئەوەندە شەرمن و بە پرتاو بوو، کە کارل لەو شتانەی کە نیشانی دەدا هیچی حاڵی نەدەبوو. بێگومان جیاکۆمۆش نیگەران بوو. چونکە دیار بوو لەبەر کارل لە سەر کارەکەی لایان بردووە، لە جێی ژووربەری کاری یارمەتیدانی پاککەرەوەکانی ژوورەکانیان پێدا بوو، بەڵام جیاکۆمۆ بە هۆی ئەزموونی کارکردنیەوە، ئەم ئیشەی بە بێ نرخ دەزانی و ئامادەش نەبوو ئەزموونەکانی خۆی بۆ کارل باس بکات. گەورەترین نیگەرانی کارل ئەوە بوو، کە تێگەیشت ژووربەر هیچ کارێك لە باری ئامێرەکانی ژووربەریدا ئەنجام نادات، جگە لەوەی کە پەنجە بنێت بە دوگمەیەکی ژووربەرەکەدا و وەڕێی بخات. لە هەمان کاتدا ئەگەر ئامێری ژووربەرەکەش بشکێت میکانیستەکانی ئۆتێلەکە چاکی دەکەنەوە. بۆ نموونە کرێکارێکی وەکی جیاکۆمۆ لەماوەی شەش مانگ کارکردنی لەسەر ئامێری ژووربەری، تەنانەت مۆلیدەی ژێرزەمینەکە و دوو دەزگای ناوەوەی ژووربەرەکەی هەرگیز نەبینیبوو، ئەمە لە کاتێکدا کە جیاکۆمۆ دەیگوت بینینی ئەم دەزگایانەی زۆر بەلاوە خۆشە. لەڕاستیدا کارێکی لەم چەشنە کە کەسێك دوازدە کاتژمێر بە شەو یان بە ڕۆژ کار بکات، ئەوەندە نارەحەت بوو، کە بە پێی قسەی جیاکۆمۆ ئەگەر ئەو کەسە هەندێجار بە پێوە نەخەوێت ناتوانێت بەرگەی ئەم هەموو کارکردنە بگرێت. کارل لەمبارەیەوە هیچ قسەیەکی نەکرد، بەڵام باش دەیزانی دەرکردنی جیاکۆمۆ لەسەرکارەکەی لەبەرێ، ئەوە بووە کە بە پێوە خەوتووە.

---

23- giacomo.

کارل گەلەك خۆشحاڵ بوو بەوەی ئەو ژووربــەرەی کــە بڕیــاربوو ئــەو کــاری تێــدا بکــات، تایبەت بوو بە نهۆمەکانی سەرەوە، ئەم ژووربەرە بەدوور بوو لە مشــتەرییە دەوڵەمەنــدەکان، مشتەرییەکان هەتا دەوڵەمەندتر بوونایە سەختگیرتر بوون. بەلاّم ئەم ژووربەرە بە پێچــەوانەی ژووربەرەکانی دیکەوە سادە بوو و کەسێکی تازەکــار بــەزوویی دەیتــوانی فێــری ببێــت، بــۆ کەسێکی تازەکار باش بوو.

لە دوای حەوتووی یەکەمەوە کارل راهات بەباشی کارەکەی راپەڕێنێت، بەشە ئاسنینەکەی ژووربەرەکەی کارل لە هەموو ژووربەرێکی دیکە پاکوخاوێنتر و درەوشاوەتر بوو، هیچــکام لــە سێ ژووربەرەکەی دیکە بە ژووربەرەکەی کارل بەراورد نەدەکران، ئەگەر ئەو کوڕەی کە لە سەر هەمان ژووربەر لەگەڵ کارلدا کاری دەکــرد، کەســێکی ســەرەڕۆ نەبووایــە و هاوبەشــی کــاری پاککرنەوەی ژووربەرەکەی بکردایە و پەیڕەوی لە ئاگادارکردنەوە راشکاوەکانی کارل بکردایــە، ئەوا ژووربەرەکەیان لەوەش پاکوخاوێنتر و درەوشاوەتر دەبوو. ئەم کوڕە ناوی رینێل[٢٤] بــوو و خەڵکی ئــەمریکا بــوو، مێردمنــداڵێکی لــە خــۆڕازی و چــاوڕەش و بێحــاڵ بــوو، گۆناکــانی تاڕادەیەك بە قوولاّییدا چووبوون. جلێکی جــوانی هــەبوو شــەوانی پشــوو لەبــەری دەکــردن و بۆنێکی خۆشی لە خۆی دەدا و بۆ شار وەڕێدەکەوت. هەنــدێجار داوای لــە کــارل دەکــرد لــە جیاتی ئەو کار بکات، دەیگوت گرفتی خێزانیم هەیە، بەلاّم کارل لەو دژیەتییەی کە لە نێوان خۆڕازاندنەوەی و بیانووەکەیدا دەیبینی گوێی نەدەدا. سەرباری هەموو ئەمانەش کارل خۆشــی لێدەهات. کاتێ بە جلە شــیکەکانیەوە شــەوی بەرلــە چــوونەدەرەوەی لــە لای ژووربەرەکــەدا رادەوەستا و دەستکێشەکانی لە دەست دەکــرد و هــەمان بیــانووی دەهێنایــەوە و پاشــان لــە رارەوەکە دەچووە دەرەوە، کارل خۆشحاڵ دەبوو. لای کارل شتێکی ئاسایی بوو کە لەســەرەتای کارکردنیەوە لەم رێگەیەوە یارمەتی هاوکارە بالاّدەســتەکەی بــدات، بــەلاّم نەیدەویســت ئــەم یارمەتیدانــە بــۆ بــارێکی هەمیشــەیی بگۆڕێــت، چــونکە بردنەســەرەوە و هێنانــەخوارەوەی ژووربەرەکە لە شەودا لە رادەبەدەر ماندووکەر بوو و کــارل تاڕادەیــەك هــیچ دەرفــەتێکی بــۆ پشوودان نەدەمایەوە.

لەپاش ماوەیەك کارل هەروەکو چۆن لە ژووربەرەکانی دیکە چاوەڕوان دەکرا، فێری ئەوەبوو سەری رێز بۆ مشتەرییەکان دانەوێنێت و لە چاوتروکاندنێکدا پاداش وەرگرێت. پارە وردەکانی

---

24- rennel .

لە گیرفانی هێلەکەکەیدا دەشاردەوە، هیچ کەسێکیش بە روخساریدا نەیدەزانی ئـەو پارەیـەی کە بەدەستی هێناوە چەندە؟ لەبەرئـەوەی ژنـان زۆر نیگـەرانی ئارایشـت و جـوانی و کـلاو و جلەکانیان بوون، بەناچارییەوە لە پیاوان کاتێکی زۆرتریان دەویست تاکو سـواری ژووربەرەکـە بن. کارل پێشوازی لە ژنان دەکرد و دەرگاکەی بۆ دەکردنەوە و پاش ئەوەی ئەوان سوار دەبوون لە دوایانەوە دەچووە ناو ژووربەرەکەوە. کارل لە کـاتی سـەرکەوتنی ژووربەرەکـەدا لـە نزیـك دەرگاکەوە رادەوەستا، چونکە ئەوە شوێنێك بوو بچوکترین وەڕەزی بۆ هـیچ کەسـێك دروسـت نەدەکرد، کاتێ دەچووە ناو ژووربەرەکەوە پشتی لەو کەسانە بوو کە لەناو ژووربەرەکەدا بوون. لهازی دەرگای ژووربەرەکەی بە جۆرێك بە دەستەوە دەگـرت، هەرکـە ژووربەرەکـە دەگەیشـتە نهۆمی مەبەست، بێ ئەوەی هیچ تەکانێك بخوات یەکسەر دەرگاکەی بۆ دەکرایەوە. لـە کـاتی وەڕێکەوتنی ژووربەرەکەدا بەدەگمەن رێدەکەوت کەسێك دەست بخاتە سەرشانی و پرسـیارێکی لێ بکات یان زانیارییەکی لێوەرگرێت، ئەگەر پرسیارێکیشی لێبکرایە، ئاوڕی دەدایـەوە، وەك بلێی چاوەڕێی هەمان پرسیاری کردبێت، هوشیارانە بە دەنگێکی بـەرز وەلامـی پرسـیارەکەی دەدایەوە. بەزۆری لە پاش هاتنەوەی خەڵکی لە شـانۆ یـان گەیشـتنی شـەمەندەفەری خێـرا، سەرەڕای زۆری ژووربەرەکان، وەهـا سـەرقاڵ دەبـوون، کـە کـارل هەرکـە ژمارەیـەك کەسـی دەگایاندە نهۆمی سەرەوە، ناچار بوو خێرا بگەڕێتەوە خـوارەوە تـاکو ئـەو کەسـانەی کـە لـە خوارەوە راوەستابوون سواری ژووربەرەکەیان بکات و بیانباتە سەرەوە. بە راکێشانی ئەو کێبڵە سیمیەی کە بە ناوەوەی ژووربەرەکەدا رەد ببوو، کـارل دەیتـوانی خێرایـی ژووربەرەکـە زیـاد بکات، هەڵبەتە بە پێی یاساکانی ئۆتێلەکە خێراکردنی ژووربەر یاساغ بوو، لە هـەمان کاتـدا دەشیانگوت مەترسیدارە. کاتێك ژووربەرەکە پڕ بووایە کارل هـەرگیز ئـەم کـارەی نـەدەکرد، بەلام هەرکە دەگەیشتە نهۆمی سەرەوە و رێبوارەکانی دادەنا، لە کاتی گەڕانەوەیدا بێ ئـەوەی گومان بکات، وەك مەلەوانێك بە خێرایەکی بەهێز و هاوئاهەنگ کێبڵەکـەی رادەکێشـا، لـە هەمان کاتدا دەیزانی هەموو ژووربەرەکانی دیکەش ژووربـەرەکانیان خێـرا دەکـەن، کـارلیش نەیدەویست رێبوارەکان ژووربەرەکانی دیکە بیانبەنـە سـەرەوە. هەنـدێك لـە میوانـەکان کـە ماوەیەك دەبوو لە ئۆتێلەکەدا نیشتەجێبوون- کە نموونەیان زۆر بوو- کـاتێ کارلیـان دەبـینی هەندێجار بە بزەیەك تێیان دەگەیاند کە ئەو بە ژووربەری خۆیان دەزانن. کارل ئـەم دڵسـۆزی نواندنەی بە ویقارەوە بەلام بە هەستێکی خۆبەزلزانییەوە پەسەند دەکرد.

هەندێ جاریش ئەگەر بە پێچەوانەی دۆخی ئاساییەوە پەلەی نەبووایە، ئەگەر کارێکیان پێ بسپاردایە رایدەپەڕاند، بۆ نموونە ئەگەر یەکێك لە مشتەرییەکانی ئۆتێلەکە شتێکی لە ژوورەکەیدا بەجێ بهێشتایە و تاقەتی نەبووایە بڕوا بیهێنێت، کارل بۆی دەهێنا. بە تەنیا وەك بلێیی ژووربەرەکە تایبەت بێت بەوەوە سەری بە ژوورەکەدا دەکرد و دەچووە ژووری ئەو مشتەرییەی کە بۆ شتەکەی ناردبوو، لە ژوورەکەدا شتگەلی وەها سەیروسەمەری دەبینی کە تا ئەو کاتە هەرگیز نەیبینیبوون، شتەکان بەملاوبەولادا پەرشوبلاو ببوونەوە یان بە عەلاگەی جلەکاندا هەلواسرابوون. لەژوورەکەدا بۆنی سابوونی تایبەت و عەتر و مەعجونی نەناسراوی ددانی هەلدەمژی، هەرچەندە مشتەرییەکان ناونیشانێکی دیاری شتەکانیان پێدەدا و ئەویش بێ ئەوەی ساتێك دوابکەوێت، شتەکانی دەدۆزییەوە و دەگەڕایەوە. زۆرجار لەوەی کە کارێکی دەرەوەی ئۆتێلەکەیان پێرانەدەسپارد نیگەران دەبوو، چونکە ئەم جۆرە کارانە خزمەتگوزاری تایبەت یان پەیکی تایبەتیان هەبوو کە پەیامیان پێ دەناردن، ئەم کەسانە پاسکیل یان ماتۆرسکێلیان هەبوو. گرنگترین ئەرکێکی قورس کە کارل دەیتوانی رایپەڕێنێت، هەندێجار ئەرکی گەیاندنی پەیامێك بۆ هۆلی قومارخانەکە یان نانخواردن بوو. لە پاش شیفتێك کارکردن کە دوازدە کاتژمێر بوو، سێ رۆژ لە کاتژمێر شەشی پاشنیوەڕۆوە و سێ رۆژیش لە دوای شەشی بەیانییەوە کاری دەکرد، ئەوەندە ماندوو دەبوو، بێ گرنگیدان بە هیچ کەسێك یەکڕاست دەچووە ژووری نووستن و لێی دەخەوت. لەو ژوورەدا دەنووست کە تایبەت بوو بە ژووربەرەکانەوە. بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی پێشوویەوە بۆی دەرکەوت بەرێوەبەری چێشتخانە ئەوەندە دەستڕۆیشتوو نییە. هەولی دابوو ژوورێکی تایبەتی بۆ بگرێت، ئەگەریشی هەبوو لەم کارەدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، بەلام کاتێ کارل تێگەیشت ئەم کارە چ کێشەیەکی بەدواوەیە و بەڕێوەبەری چێشتخانە ناچارە بۆ هەمیشە لەبەر کارل تەلەفۆن بۆ سەرکارەکە بکات، کە زۆر سەرقال بوو، بۆیە بە پەسەندکردنی ئەم ژوورە تایبەتە ملی نەداو بۆ ئەم مەبەستە سەرپەرشتیاری چێشتخانەی رازی کرد، بە سەرپەرشتیاری گوت نایەوێت ژووربەرەکانی دیکە بەم هۆیەوە ئیرەیی پێ ببەن.

شوقەی ژووربەرەکان بۆ شوێنی خەوتن بە هیچ شێوەیەك شیاو نەبوو، چونکە هەر ژووربەرێك لەماوەی دوازدە کاتژمێر پشوودا، کاتێکی تایبەتی بۆ خواردن و خەوتن و سەرگەرمی و رابواردن و کارگەلی دیکە هەبوو، بەم هۆیەوە شوقەکەیان هەمیشە پڕ بوو لە هاتوهاوار و شێواوی. هەندێك لە ژووربەرەکان ناچار بوون بەتانیەکەیان بەسەریاندا بدەن تاکو

گوێیان بشارنەوە و هاتوهاواری ناو شوقەکە نەبیستن، ئەگەر کەسێك لەمانە راچڵەکیایە وەها هاتوهاواری دەنایەوە کە هەرچەندە ئەوانی دیکە لە خەوێکی قوڵدابوونایە رایدەچڵەکاندن. زۆربەی ژووربەرەکان پیپپاین هەبوو کە وەك جۆرێك حەز بە کەلوپەلی جوان بەکاریان دەهێنا، کارلیش بۆ خۆی پایپێکی پەیدا کرد و بەخێرایی حەزی لێکرد و هۆگری بوو. هەڵبەتە بەکاربردنی جگەرە هەر دووکەڵکەرێك لە کاتی کارکردندا قەدەغە بوو و ئەوەی لێکەوتبووەوە هەر کەسێك لە شوقەدا بێدار ببوایەتەوە پایپی دەکێشا. هەریەك لە کوڕەکان خەرمانەیەك دووکەڵ دەوری دەدا و هەموو ژوورەکە هەورێك لە دووکەڵ دایدەپۆشی. ئەگەرچی زۆرینەی کوڕەکان لەسەر ئەوە رێککەوتبوون، شەوان تەنها لە سووچێکی ژوورەکەدا گڵۆپ داگیرسێنن، بەلاّم بە کردەیی پەیڕەویان لیّ نەدەکرد، چونکە ئەگەر پەیڕەویان لێبکردایە، ئەوانەی کە دەیانویست لە بەشە تاریکەکەی ژوورەکەدا بخەون، دەیانتوانی بە ئارامی لێی بخەون- هەڵبەتە ئەم ژوورە گەورەیە چل چرپای تێدا بوو- لە هەمان کاتدا ئەوانەی کە لە بەشە رووناکەکەی ژوورەکەدا بوون، دەیان توانی یاری وەرق یان زارێن بکەن، یاخود هەرکارێك کە دەیان ویست لە رووناکیدا ئەنجامی بدەن، ئەگەر ژووربەرێك لە بەشی رووناکی ژوورەکەدا بووایە و بیویستایە بخەوێت، دەیتوانی لە یەکێك لە چرپا خاڵیەکانی بەشە تاریکەکەدا بخەوێت، چونکە هەمیشە بە ئەندازەی پێویست چرپای خاڵی لە بەشە تاریکەکەدا وەدەست دەکەوت و هیچ ژووربەرێکیش رێگری لە خەوتنی کەسێکی دیکە لەسەر چرپاکەی نەدەکرد، بەلاّم تەنانەت بۆ تاقە شەوێکیش نەدەلوا ئەم یاسایە پەیڕەوی لیّ بکرێت. بۆ نموونە چەند کوڕێك کە هەمیشە سوودیان لە بەشە تاریکەکەی ژوورەکە وەردەگرت تاکو وەنەوزیّ بدەن، دواتر ئارەزووی قومار لەسەری دەدان، هەر ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی لەسەر ئەو چرپایەی کە دەکەوتە نێوانیانەوە دەست بە قومار بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش دەستیان دەنا بە پلاکەکەی پەنا دەستیاندا و گڵۆپەکەیان هەڵدەکرد و بەمەش ئەو کوڕانەی کە دەموچاویان رووی لە گڵۆپەکە بوو بێدار دەبوونەوە. هەڵبەتە ماوەیەك ئەم شان و ئەو شانیان دەکرد و رێگەیان لە شەوقی گڵۆپەکە دەگرت کە دەیدا لە ناوچاویان. بەلاّم دواتر تەنیا کارێك کە لە دەستیان دەهات، ئەوە بوو لەگەڵ ئەو کەسەی کە پێشتر لە تەنیشتیانەوە خەوی زڕا بوو دەست بە قومار بکەن، بەمشێوەیە دەبوو گڵۆپێکی دیکەش هەڵکەن، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی لە هەموو شوێنێکەوە کوڕەکان پایپەکانیان داگیرسێنن و کەسانێك کە لەو دەوربەرەدا دەیانویست بخەون- کە بە زۆری یەکێکیان کارل بوو- لە جیاتی ئەوەی سەر بخەنە بان سەرینەکانیان، بە

ناچارییەوە دەبوو سەریان لە ژێر سەرینەکانیاندا بشارنەوە. کاتێکیش یەکێك لە کوڕەکان کە نیوەشەو لەسەر چرپاکەی رادەبوو، تاکو بەر لە چوونی بۆ سەر کارەکەی چەند کاتژمێر بەناو شاردا بگەڕێت، چۆن دەکرا کەسێك خەوی لێبکەوێت؟ چونکە لە کاتی دەموچاوشۆردنیدا دەستی دەکرد بە دەنگەدەنگ، لە کاتێکدا دەگەڕایەوە سەر چرپاکەی ئاوی بۆ ئەمبەر و ئەوبەر دەپژاند، لە کاتی پێلاو لەپێکردنیشدا نەك تەنها زرم و بەکوتی دەنایەوە، بەڵکو بە توند پێیەکانی دەکوتا بە زەویدا تاکو پێیەکانی بە تەواوی بچێتە نێو پێلاوەکانیەوە- هەرچەندە پێلاوی ئەمریکی بەزۆری گەورە بوون، بەلاّم کوڕەکان پێلاوەکانیان گەلەك بۆ تەسك بوو- ئەگەر دواجار بۆ خۆڕازاندنەوەیان کەرەستەی پێویستیان دەست نەکەوتایە، سەرینی دەموچاوی کەسێکیان بەرز دەکردەوە، کە دەمێك بوو لە خەوڕاچڵەکیبوو و دەیویست سەرینەکەی بۆ شوێنێك فڕێ بدات. ئەم گەنجانە عاشقی وەرزش بوون، چونکە زۆربەیان تەمەنیان کەم بوو حەزیان بە جەستەی جوان دەکرد، لە هەموو دەرفەتێك بۆ جوانکردنی جەستەیان سوودیان وەردەگرت. ئەگەر کەسێك بەهۆی دەنگەدەنگەوە راچڵەکیبایە، پێدەچوو لە ناکاو لە تەنیشت چرپاکەیەوە چاوی لە شەڕە بۆکسێن بووایە، تەماشاکەران بە کراس و شۆرتەوە لەسەر چرپاکانی دەوروبەری شەڕەکە رادەوەستان و هەموو گلۆپەکانیان هەڵدەکرد. لە یەکێك لەم شەڕە بۆکسێنانەی نیوەشەودا، یەکێك لە شەڕکەرەکان کەوت بەمل کارلدا و لە خەو رایپەڕاند. هەرکە کارل چاوی کردەوە بینی کەپووی کوڕە خوێناوییە، بەر لەوەی بتوانێت کارێك بکات، خوێنی کەپووی کوڕە هەموو دۆشەك و چەرچەفەکەی خوێناوی کرد. کارل لە ماوەی دوازدە کاتژمێرە پشووکەیدا، هەوڵی دەدا بە هەر جۆرێك بووە، چەند کاتژمێرێك بخەوێت، هەڵبەتە زۆر حەزی دەکرد لەگەڵ کوڕەکاندا بەشداری لە بەزم و کەیفەکانیاندا بکات، بەلاّم هەمیشە بیری دەکردەوە ئەوان پێشکەوتووترن و پێویستە ئەم بە زۆر کارکردن و چاوپۆشیکردن لە هەندێ شت، قەرەبووی رابردووی بکاتەوە. بەم شێوەیە حەزی دەکرد بەئەندازەی پێویست بخەوێت، تاکو لە راپەڕاندنی کارەکەیدا دوا نەکەوێت. سەبارەت بە بارودۆخی ژوورەکە هیچی بۆ سەرپەرشتیاری خواردنگە و ترێز باس نەدەکرد، چونکە کوڕەکانی دیکەش لەهەمان بارودۆخدا ئازاریان دەچەشت و سکالاّیشیان نەدەکرد، لە هەمان کاتدا ئەو ناڕەحەتییانەی کە کارل بەهۆی نیشتەجێبوونیەوە لەو ژوورەدا دەیچەشت، بە بەشێك لەو کارە دەژمێرا کە کارل بەدڵ و بەگیان لە سەرپەرشتیاری چێشتخانەی قبوڵ کردبوو.

کارل حەوتووی یەکجار لە کاتی گۆڕینی شیفتی کارەکەیدا لـە رۆژەوە بـۆ شـەو بیسـت و چوار کاتژمێر پشووی هەبوو، لە کاتی ئەم پشووەیدا یەك دووجـار سـەردانی سەرپەرشـتیاری چێشتخانەی دەکرد و ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسایە لە سوچێکدا یان لە ڕاڕەوەکەدا ترێزی دەبینی و پێکەوە قسەیان دەکرد، بەڵام بەدەگمەن بۆ ژوورەکەی ترێز دەچوو. هەندێ جاریش کاتێ ترێز بۆ راپەڕاندنی کارێك بۆ شار دەچـوو کـارلی لەگـەڵ خـۆی دەبـرد، هەڵبەتـە بـە خێراییـەکی لەڕادەبەدەر دەچوونە شار و دەهاتنەوە. کـارل سـەوەتەکەی هەڵـدەگرت و لەتـەك ترێـزدا بـۆ نزیکترین وێستگەی میترۆ بەڕێدەکەوت، لە چوونیاندا بۆ شار هێندەی هەورەبروسکەیەك خێرا بوون و ئەوەندەیان پێ نەدەچوو، شەمەندەفەرەکە هێند خێرا بوو دەتگوت بە بۆشایدا دەچوو. هێشتا شەمەندەفەرەکە بە تەواوی رانەدەوەسـتا، ترێـز و کـارل دەهاتنـەخوارەوە بـێ ئـەوەی چاوەڕێی ژووربەر بکەن، لە چاوتروکاندنێکدا بـە قادرمەکانـدا سـەردەکەوتن، چـونکە وایـان هەست دەکرد ژووربەرەکە لە هەنگاوە خێراکانی ئەمان زۆر خـاوترە. پـاش سـەرکەوتنیان لـە مەیدانە گەورەکەوە سەریان دەردەهێنا، شەقامەکان لە هەردوو لاوە وەك تیشکی ئەسـتێرەکان دەدرەوشـانەوە و قـەرەباڵغی زۆری ئۆتۆمبێلـەکان هـەروەکو سـێلاوێکی بـەردەوام بـەنێو شەقامەکاندا تێدەپەڕین. کارل و ترێز بەتەنیشـت یەکدییـەوە بەڕێـدا دەچـوون و سـەریان لـە فەرمانگەکان و شۆرگە[٢٥] و هـەمبار و فرۆشـگاکان دەدا، تـاکو ئـەو کارانـە راپـەڕێنن کـە نەدەکرا بە تەلەفۆن ئەنجامیان بدەن، ئەو کارانەش بەزۆری کڕینی شتگەلێکی بێبەها بوو، یان رەواندنەوەی گلەیی چکۆلە بوون. ترێز پـاش ماوەیـەك تێگەیشـت هاوکـاریی کـارل بـۆ ئـەو شتێکی گرنگە، چونکە لە هەندێ رووەوە راپەڕاندنی کارەکانی بۆ خێراتر دەکرد.

کاتێك لەگەڵ کارل پێکەوە بوون، ئیدی ناچار نەدەبوو وەك کاتەکانی دیکە چـاوەڕێی ئـەو دوکاندارانە بکات کە سەریان قاڵ بوو و بەهانایەوە نەدەهاتن، کارل دەچووە بەردەم مێزەکەیان و پلتۆکێکی لەسەر مێزەکە دەدا تاکو کەسێك بە پیرییەوە بێت. بە ئینگلیزییەك کە تازە فێر ببوو و هێشتا تاڕادەیەك پەیڕەوی لە کتێبی ریزمان دەکرد و شێوازی قسەکردنی لە ناو سەدان کەسدا جیا دەکرایەوە، لەناو قەرەباڵغی خەڵکیـدا هـاواری دەکـرد. ئەگـەر دوکانـدارەکانیش کەسـانێکی خۆبـەزالزان بوونایـە، لـە هـەمباری نهـێنی و گـەورەی شـتومەك لـە پشـتەوە دانیشتبوونایە، کارل بێ ئەوەی هیچ گومان بکـات بـۆ لایـان دەچـوو. ئـەم کارانـەی نـە لـە

---

٢٥- شۆرگە: غەسلێ.

سۆنگەی بێ شەرمییەوە دەکرد نە لە سۆنگەی بەکەمزانینی ئـەرکی کەسـانی دیکـە، بـەڵکو لەبەر ئەوە بوو خۆی لە پێگەیەکی بالاّدا دەبینییەوە، ئەم پێگەیەش ئەوە بوو کە ئەو کرێکاری ئۆتێلی ئۆکسیدنتاڵە و خاوەنی مافێکی تایبەتە، چـونکە نـەدەکرا ئـۆتیلی ئۆکسـیدنتاڵ وەك مشتەرییەکی کەمبەها تەماشا بکرێت، بە هەر جۆرێك بێت ترێز سـەرەڕای زۆری ئـەزموونی کارکردنی، زۆر پێویستی بە کارل بوو.

کاتێك بە سەرکەوتووی دەگەڕانەوە، ترێز لە خۆشیاندا پێدەکـەنی و بـەزۆری دەیگـوت:" کارل تۆ دەبێت هەمیشە لەگەڵمدا بیت."

لەماوەی مانگ و نیوێکدا کە کارل لـە رامسـز نیشـتەجێ ببـوو، تـەنها سـێ جـار بـۆ ماوەیەکی چەند کاتژمێرێ لە ژوورەکەی ترێزدا مابووەوە. دیارە ژوورەکەی ترێز لە ژوورەکانی سەرپەرشتیاری چێشتخانە بچووکتر بوو، هەرچییەکی هەبوو لە نزیـك پەنجـەرەی ژوورەکەیـدا کەڵەکەی کردبوو، کارل لە پاش مانەوەی لە ژووری ژووربەرەکان نرخـی ژوورێکـی تایبـەت و ئارامی لەو جۆرەی دەزانی، هەرچـەندە هـەرگیز ئەمـەی بـۆ ترێـز دەرنـەدەبڕی. بـەلاّم ترێـز تێگەیشت کە کـارل زۆر حـەز دەکـات لـە ژوورەکـەی ئـەودا بێـت. ترێـز هیچـی لـە کـارل نەدەشاردەوە و لە راستیدا لە پاش ئەو شەوەی کە سەردانی ژوورەکەی کارلی کردبوو ئیدی بـە لایەوە گرنگ نەبوو کە نهێنییەکانی لە کارل بشـارێتەوە. ترێـز منـداڵێکی زۆڵ بـوو، بـاوکی وەستای بەنابوو، داوای لە دایکی کردبوو لەگەڵ ترێزدا بێن بۆ لای بـۆ پامۆرنیـا، بـەلاّم وەك بڵێی باوکی تەنیا ئەوەی بە ئەرکی خۆی دەزانی، کە داوای لە دایکی بکات بێـت بـۆ لای بـۆ پامۆرنیا، وەك بڵێی ژنـەی دامـاو و کچـە نەخۆشـەکەی، لـە پـاش بینـینی مێردەکـەی لـە لەنگەرگەی کەشتیی دەریادا، ئیدی زانیبووی چاوەڕوانییەکانی شـتێکیان لـێ سـەوز نابێـت، چونکە باوکی دوای ماوەیەکی کورت لە هاتنیان، بـێ ئـەوەی هـیچ شـتێك بـۆ دایکـی روون بکاتەوە، تێی تەقاندبوو چووبوو بۆ کەنەدا، ئیـدی نـە نامەیـەك و نـە هـەواڵێکی خـۆی بـۆ نەناردبوون، ئەمەش زۆر جێگەی سەرسوڕمان نەبوو، چـونکە ئـەوان بـە جـۆرێ لـە بالاّخانـە کرێنشینەکانی کۆتایی رۆژهەلاّتی نیۆیۆرکدا ون ببوون کە دۆزینەوەیان مەحاڵ بوو.

جارێکیان ترێز باسی مردنی دایکـی بـۆ کـارل کـرد، لـە کـاتی باسـکردنەکەیدا لـە لای پەنجەرەکە لە نزیکییەوە راوەستابوو و تەماشای شەقامەکەی دەکرد. باسی ئەوەی بۆ کرد کـە چۆن لە شەوێکی زستاندا- دەبێت ئەوکاتە ترێز پێنج سالاّن بووبێت- لە کاتێکدا هەریەکەیان زەمبیلەیەکی بەدەستەوە بووە، بە خێرایی بە شەقامەکاندا ئەم دەرگاو ئەو دەرگایـان کـردووە

تاکو بۆ ئەو شەوەیان پەناگایەك بدۆزنەوە، ئەو شەوەیان بەم شێوەیە لێ گوزەرابوو، هەوایەکی سارد گڤەگڤی دەکرد و بەفر کلوکلو دەباری، دۆزینەوەی پەناگەیەك لە دۆخێکی وادا هاسان نەبوو، یەکەم جار دایکی دەستی تریز دەگرێت، بەڵام دواتر بە هۆی سەرماوە دایکی دەستی لە گۆ دەکەوێ و دەستی تریز بەرەڵا دەکات، ئیدی نازانێت تریز چ بەڵایەکی بەسەردا هاتووە، تریز زۆر هەوڵ دەدا بە تەنیا ڕێگەیەك بدۆزێتەوە، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدا دەستی بە داوێنی دایکییەوە بەرنەبێت. زۆرجار سەرسم دەدا و تەنانەت هەندێ جار دەکەوێت بە زەویدا، بەڵام دایکی ئاگای لە خۆی نەمابوو و بێ ئەوەی بوەستێت، بەردەوام بە ڕێدا دەچوو. ئاخۆ کەس دەزانێ لە شەقامە دوورودرێژ و بێکۆتاکانی نیۆیۆرکدا کڕێوە یانی چی؟ کارل ئەزموونی زستانی نیۆیۆرکی نەبوو. ئەگەر کەسێك بە پێچەوانەی ڕەشاباوە کە بەردەوام گڤەی دەهات، بەڕێدا بچوایە، هەرگیز نەیدەتوانی خولەکێك چاوی بکاتەوە، ڕەشابا بەردەوام بەفرەکەی وەك شەلاق بە دەموچاویدا دەکێشا، هەرچەندە بەڕێدا بڕۆشتایە بە شوێنێك نەدەگەیشت و هەر ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو کەسە نائومێد بێت. منداڵ بە بەراورد لەگەڵ کەسانی گەورە باشتر بەرگەی ئەم دۆخەی دەگرت، دەیتوانی لە بەرامبەر ڕەشەباکەوە سەری بچەمێنێتەوە و تەنانەت لە شەڕکردن لەگەڵ کڕیوەکەدا کەمێك لەزەت ببات، تریز ئەو شەوە هەستی بە حاڵی دایکی نەکردبوو، بەڵام ئێستا گەیشتبووە ئەو باوەڕەی ئەگەر ئەو شەوە ڕێگەیەکی عاقڵانەی بۆ دایکی بگردایەتە بەر، ڕەنگ بوو دایکی بەو بەدبەختییە نەمردایە، هەڵبەتە نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە ئەوکات تریز کچێکی چکۆلە بوو. پێشتر دوو ڕۆژ دایکی کاری نەدۆزیبووەوە و دواهەمین دیناریان خەرج کردبوو، بە درێژایی ئەو ڕۆژە لە شەقامەکاندا پاروویەك نانیان دەست نەکەوتبوو ناو سەبەتەکانیشیان جگە لە خرتەڵەو پرتەڵە هیچی دیکەی تێدا نەبوو، بە هۆی باوەڕی خورافی نەیاندەوێرا بوخچەکانیان فڕێ بدەن، لایان وابوو ئەگەر بوخچەکانیان فڕێ نەدەن، پێدەچێ بەیانی لە باڵاخانەیەکی تازەدا دایکی کارێك چنگ بخات، بەڵام دایکی ترسابوو و ئەم مەسەلەیەشی بۆ تریز روون کردبووەوە، کە ڕەنگە بەیانی نەتوانێت کارێك بدۆزێتەوە، چونکە شەکەت و ماندووەوە و سەرلەبەیانییەکەیشی لە بەرچاوی ڕێبوارگەلێکی زۆرەوە خوێنی هەڵهێنابووەوە، لەو شەوەدا تاقە ئارەزووی دایکی ئەوە بوو خۆی بگەیێنێتە پەناگەیەکی گەرم و بکەوێت و پشوو بدات، بەڵام بە درێژایی شەو تەنانەت نەیتوانی پەنایەکی بچووکیش بدۆزێتەوە. تەنانەت هەندێ لە دەرگاوانەکان ڕێگەیان پێنەدان بڕۆنە ناو ڕاڕەوی ئەو باڵەخانانەوە کە ئەوان پاسەوانییان دەکرد، تاکو بەلایکەمییەوە کەمێك لە کڕێوە بەدوور بن،

ئەگەر دەرگاوانێکیش ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان پێدابان، تریز و دایکی بەناو ڕارەوە سارد و تاریکەکاندا تێدەپەڕین و لە قادرمەگەلێکی زۆرەوە سەردەکەوتن و لە باڵکۆنە تەسکەکانەوە کە بەسەر حەوشەکاندا دەیانڕوانی پێچیان دەکردەوە. لە دەرگاکانیان دەدا، هەندێجار تەنانەت ئەوەندە بوێر نەبوون یەك وشە لە زاریانەوە بێتە دەرەوە، کاتێکیش لە هەر کەسێك دەپاڕانەوە، دایکی بۆ ساتێك هەناسەی لێدەبڕا و لە قادرمە بێدەنگ و وەلاخراوەکاندا دادەنیشت، تریزی کە تاڕادەیەك قەڵس بوو بە ماچکردنی دایکی، ئەو شەوە لە ئامێز دەگرت و ماچی دەکرد. بەم دواییانە تێگەیشتبوو کە ئەوە دواهەمین ماچی دایکی بوو، نەیدەتوانی سەر لەوە دەربکات کە هەرچەندە لەوکاتەدا منداڵ بووە، بۆچی لە تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیەدا ئەوەندە زەین کوێر بووە؟ دەرگای هەندێ لەو ماڵانەی کە بەلایاندا تێدەپەڕین والاً بوون، تاکو دووکەڵ و بۆنە ناخۆشەکانیان بڕواتە دەرەوە، لەناو ئەو دووکەڵ و هالاًوەدا کە ژوورەکانی پڕ کردبوو- بەجۆرێك کە دەتگوت ئەم ژوورانە ئاگریان تێبەر بووە- جگە لە تارمایی کەسێك شتێکی دیکە نەدەبینرا، کە لە بەردەرگاکەدا ڕاوەستابوو و بەبێدەنگییەکی بێڕەحمانە و بە جنێوگەلێکی بێشەرمانە لەبەر دەرگاکەی دەری دەکردن و پێی دەگوتن هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەکەن، شوێنێکی ئارام و گەرم بدۆزنەوە. کاتێ تریز بیری لە ڕابردوو دەکردەوە، لای وابوو دایکی تەنیا لە ماوەی چەند کاتژمێری سەرەتادا بە دوای پەناگایەکدا گەڕاوە، چونکە لە پاش کاتژمێر دوازدە، ئەگەرچی بە ئاستەم تاکو بەیانی خۆی بەسەر پێوە ڕاگرتبوو، ئەگەرچی خاوەن ماڵەکان تاکو بەیانی دەرگای ماڵەکانیان والاً کردبوو و خەڵکی لە هاتوچۆدا بوون، هەرچەندە دایکی نەیدەتوانی خۆی لە بینینیان بپارێزێت، بەلاًم ئیدی لەگەڵ کەس قسەی نەکرد، هەڵبەتە خەڵکەکە نەك تەنیا بلەزی هاتوچۆیان دەکرد، بەڵکو بە جۆرێ بە خێرایی دەچوون بە ڕێگەدا، کە تەواوی هێزیان خستبووەگەڕ و بە جۆرێکی پەشێو و هەناسەبڕکێ لە هاتوچۆدا بوون. تریز نەیدەزانی ئایا لە کاتژمێر دوازدەوە بۆ پێنجی بەیانی سەریان بە بیست یان دووان یان یەك ماڵدا کردووە؟ ڕاڕەوی ماڵەکان شارەزایانە دروست کرابوون تاکو شوێنێکی زۆر داگیر نەکەن، بەلاًم دۆزینەوەی پەناگایەك لەم ڕاڕەوانەدا ئاستەم بوو، ڕەنگە چەندین جار لە ڕاڕەوێکەوە تێپەڕ ببوون، تریز بە جۆرێکی تەمومژاوی بیری دەهاتەوە، کە لە ماڵێکەوە هاتبوونە دەرەوە و چەندین جار بەناو ڕاڕەوەکەیاندا تێپەڕببوون، بەلاًم پاش ئەوەی گەیشتنە شەقامەکە، یان بە جۆرێ دەهاتە پێش چاویان کە گەیشتوونەتە شەقامەکە، گەڕانەوە و چوونەوە ناو هەمان ئەو ماڵەی کە لێیەوە هاتبوونە دەرەوە.

بۆ منداڵێکی وەك ترێز لەو کاتەدا ئەم هەموو ئەشکەنجە و سـەرگەردانییە لـە تێگەیشـتن بەدەر بوو، هەندێ جار دەستی یان داوێنی دایکی دەگرت، بەڵام دایکی بچووکترین دڵدانەوەی نەدەدایەوە و لـەو بارودۆخـە سـەرگەردان و سەرسـامکەرەدا، تـەنیا روونکردنـەوە کـە ترێـز دەیتوانی بەدەستی بهێنێت، ئەوە بوو کە دایکی دەیەوێت لـە دەسـتی رزگـاریی ببێـت. بـەم هۆیەوە ترێز لەبەر پاراستنی گیانی خۆی تەنانەت لە کاتێکدا کە دایکی دەستێکی گرتبوو، بە دەستەکەی دیکەی بە توندی داوێنی دایکی گرتبوو و جارناجارێکیش دەگریا.

ترێز نەیدەویست بەناو ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا بەدوای دایکییەوە رێ بکات، کە بە هەنگاوی خێرا لە قادرمەکانەوە سەردەکەوتن یان بەشێوەیەکی نادیار لە پیگۆرە٢٦ کەی پشتەوە بەرەو خوار دەچوون یان ئەوانەی کە لە ناو رارەوەکەدا لەبەردەم دەرگایەکـدا بەشـەڕ هـاتبوون و لـە دەرگاکەوە بۆ ژوورەوە بە نۆرە پاڵیان بەیەکدییەوە دەنا.

پیاوانی مەست پیاسەیان دەکرد و گۆرانی غەمگینیان دەگوتەوە، دایکی ترێز سەرکەوتوو بوو لەوەی ترێز بەناو دەستی پیاوە مەستەکاندا تێپەرێنێ، کە تاڕادەیەك رێگەکەیان گرتبـوو. بەو نیوە شەوەدا کە کەس گوێی بە کەس نەدەدا و هیچ کەسـێکیش رەچـاوی مـافی کەسـانی دیکـەی نـەدەکرد، بەدڵنیاییـەوە دەکـرا لـە یـەکێك لـەو ئۆتێلـە پەرپووتانـەی کـە خـاوەن سەرمایەدارەکان بەڕێوەیان دەبرد، کە دایکی و ترێز بەلای هەندێکیاندا تێپەڕبوون، پەناگەیەك بۆ خۆیان بدۆزنەوە. بەڵام ترێز سەری لەم مەسـەلەیە دەرنـەدەکرد و دایکیشـی دەسـتی لـەوە شۆردبووەوە کە پەناگایەك بۆ خەوتنیان بدۆزێتەوە. بەیانی کە رۆژ هەڵات، بەیانییەکی خۆشی زستانی بوو، بینییان پاڵیان داوەتەوە بە دیواری ماڵێکەوە، رەنگە ماوەیـەکی کـورت لەوێـدا بەسەر پێوە خەوتبن، یان رەنگە هەر بەپێوە تەنیا تەماشای دەوروبـەری خۆیـان کردبـێ. ترێـز بوخچەکەی ون کردبوو، دایکی بە هۆی ئەو خەمساردییەی تێی سرەواند، بەڵام ترێز نە هەستی بە ئازار دەکرد و نە تەنانـەت دەنگـی لێدانەکـەی دایکـی دەبیسـت. پاشـان دووبـارە بـەناو شەقامەکاندا کەوتنە رێ، کە خەریك بوو بە گەرمی خۆر گیانیان وەبەر دەهاتەوە. دایکی بـە تەنیشت دیوارەکەوە رێی دەکرد، بەسەر پردێکدا تێپەر بوون، لە کـاتی تێپەڕینیانـدا دایکـی دەستی لە لێوانەی پردەکە دەدا و شەونمی بەستووی سەرلێوانەکەی دەخستە خوارەوە، دواجار- لەو کاتەدا هەرچییەك دەهاتە پێشەوە قبووڵی دەکرد، بەڵام لە ئێستا سـەری لـەو مەسـەلانە

٢٦- پیگۆرە:، سەحنی قادرمە،ئەو شوێنەی کە دوو ئاڕاستەی جیاوازی قادرمەیەك بەیەکەوە دەبەستێت.

دەرنەدەکرد- لە هەمان ئەو باڵەخانەیەدا خۆیان بینییــەوە کــە بڕیــار بــوو دایکــی خــۆی بــە خاوەنکارەکە بناسێنێ، دایکی بە ترێزی نەگوتبوو لەوێدا چاوەڕێی بکات یان دوور کەوێتــەوە، ترێزیش لەبەر خۆیەوە لای وابوو دایکی پێی گوتــووە چــاوەڕێی بکــات هــەر بۆیــە لەوێنــدەر چاوەڕێی کرد، چونکەخۆیشی هەر ئەمەی بــەباش دەزانــی. لەســەر تەپۆڵکەیــەکی کــەرپووچ دانیشــت و تەماشــای دایکــی دەکــرد، دایکــی بوخچــەکەی کــردەوە و لــە نــاو بوخچــەکەدا پارچەیەکی جوانی دەرهێنا و بەدەوری سەریدا بەستی، کە بەدرێژایی شەویش ئــەو پارچــەیەی بەهەمان شێوە بە دەوری سەریدا بەستبووی. ترێز لەوە ماندووتر بوو بتوانێت یارمەتی دایکی بدات، دایکی بێ ئەوەی گرنگی بەرێوڕەسم و ئەوجۆرە شتانە بــدات و نــاوی بــە نووســینگەی تۆمارکردن بدات و لە کەسێك پرسیار بکات، دەستی کرد بەسەرکەوتن بەسەر پەیژەکەدا، وەك بڵێی پێشتر خۆی دەیزانی ئیشی چییە؟ ترێز لەم کارەی دایکی سەرسام بوو، چونکە کرێکارانی ژن بەگشتی لە باڵەخانەکاندا لە نهۆمی یەکەمدا کاریان دەکرد، ژنان لە نهۆمی یەکەمدا یــان لمیان لە بێژن دەدا و کەرپووچیان بۆ ئەمبەر و ئەوبەر دەبرد، یــان کارگــەلی ســادەی دیکــەیان ئەنجام دەدا، ترێز وایدەزانی ئەمڕۆ دایکــی کــارێکی پــڕ داهــات لــەم باڵەخانەیــەدا وەدەســت دەهێنێت، دایکی هەرچەندە خەواڵوو بوو، بزەیەکی بۆ ترێز کرد. باڵەخانەکە بە تــەواوی بــەرز نەکرابووەوە و هێشتا نهۆمی یەکەمیشی بە یەکجاری تەواو نەکرابوو، بەڵام تەختەبەسی بەرز کە هێشتا تەختەی ناوەوەیان دانەنرابوو، سەریان دابوو لە کەشکەڵانی فەلەك. کــاتێ دایکــی گەیشتە بەرزایی دیوارەکە کە هەندێ وەستا خێرا خێرا لەسەریەك کەرپوچیان کەڵەکە دەکــرد، بەهۆیەکی نادیار هیچ گرنگییەکیان بەدایکی نەدا و دایکیشی لێیان دوورکەوتەوە، بە پەنجەی پێیەکانی هێواش هێواش و وریایانە بەلای تیرەکێکی دارینەدا تێپــەڕی، کــە لــە جێــی پەیــژە سوودیان لێوەردەگرت، ترێز کە لە خوارەوە وەنەوزی دەدا و لەم هەمووە لێهاتوویی‌یەی دایکــی سەری سوڕما بوو، وایدەزانی دایکی لەسەرەوە نیگــای میهرەبانانــەی لێبڕیــووە. دایکــی کــە هەروا بۆ پێشەوە دەچوو گەیشت بەو تەپۆڵکە کەرپووچی کــە لــەولای تەپۆڵکەکــەوە کۆتــایی پەیژەی دیوارەکەبوو. ســەرباری ئــەوەش دایکــی لەوێــدا رانەوەســتا و راســتەوخۆ بــەرەو لای کەرپووچەکان وەڕێکەوت. بەڵام کاتێ گەیشتە لای کەرپووچەکان وەك بڵێی ئیدی لێوەشــاوەیی پێشتری لە دەستدابوو و پێیەکانی بەر کەرپووچەکان کــەوتوو و بەســەرا بــەربووەوە. لــە دوای بەربوونەوەی دایکی تێکڕای کەرپووچەکان بەسەریدا بــارین، پــاش چــەند ســاتێکیش تیرەکــە دارینە قورسەکە لە شوێن خۆی هەڵکەنرا و کەوت بەسەریدا. دواهەمین بیرەوەریی دایکی کــە

له زەینی ترێزدا مابووەوە، ئەوە بوو بەداوێنی قوماشە چوارگۆشەکەیەوە کە لە پامۆرنیاوە هێنابووی، تەختی زەوی ببوو و لاقەکانی کرابووەوە و تیرەکە قورسەکە بە تەواوی لاقەکانی داپۆشیبوو، لە هەمان کاتدا لە هەموو لایەکەوە خەڵکی رای دەکرد و کابرایەکش لەسەر دیوارەکە بە تووڕەییەوە هاواری دەکرد.

کاتێ ترێز چیرۆکەکەی تەواو کرد، کات درەنگ ببوو، چیرۆکەکەی وەها بەتێروتەسەلی گێرابووەوە، کە بۆ کارل نائاسایی بوو، بەتایبەتی لەو بەشانەیدا کە دەگەیشتە چەند شوێنێکی گرنگی وەك دیمەنی ئەو تەختەبەسانەی سەریان لە کەشکەڵانی فەلەك دابوو، ناچار بوو لەتاو گریانی بەکوڵی قسەکانی ببڕێت. ترێز بچووکترین رووداوی ئەو بەیانییەی پاش دە ساڵ هێشتا بەوردی لە بیردا مابووەوە. لەبەر ئەوەش کە دیمەنی کەوتنەخوارەوەی دایکی لە دیوارە تەواونەکراوەکەی بالاخانەکەوە دواهەمین بیرەوەری بوو، کە بەزیندوویی لە زەینیدا مابووەوە، دەیویست زۆر بە روونی بۆ دۆستەکەی بیگێڕێتەوە، لە پاش کۆتایی هاتنی چیرۆکەکە، هەوڵی دا دووبارە هەمان دیمەن بگێڕێتەوە، بەلام دووچاری زمانگیران بوو و روخساری خستە ناو دەستەکانیەوە و ئیدی هیچی پێ نەگوترا.

سەرباری ئەوەش کارل لە ژوورەکەی ترێزدا کاتێکی خۆشی بەسەر برد. یەکەمین جار کە کارل چووە ژوورەکەی ترێز، کتێبێکی بازرگانی لەوێندەر بینیبوو و داوای لێکرد کتێبەکەی بدات بەلایەوە. بەرنامەیەکیان رێکخست کە کارل مەشقەکانی کتێبەکە بنووسێتەوە بۆ ترێز، کە پێشتر کتێبەکەی خوێندبووەوە، تاکو هەڵەکانی بۆ کارل چاك بکاتەوە. بەم شێوەیە کارل هەموو شەوێك تاکو بەیانی لەسەر چرپاکەی لە ژووری ژووربەرەکان رادەکشا و پەمووی لە گوێی دەئاخنی و ئەمدیوئەودیوی دەکرد، تاکو بتوانێت لە ئارامیدا کتێبەکە بخوێنێتەوە و وانەکان بە قەڵەمێك لە دەفتەرەکەیدا بنووسێتەوە، کە ئەم قەڵەمە سەرپەرشتیاری چێشتخانە ، لە بەرامبەر ئامادەکردنی پێڕستێکی درێژی شتومەك پێشکەشی کردبوو. هەوڵی دەدا بە پرسیارکردنی بەردەوامی لەبارەی خاڵە وردەکانی زمانی ئینگلیزی، لەو وەڕەزییەی کە کوڕەکانی دیکە لە کاتی خوێندنەوەدا بۆیان دروست دەکرد، کاتەکەی بە سوودی خۆی بەکار بەرێت، تاکو ئەوەی کوڕەکان ماندوو دەبوون و وازیان لێدەهێنا. سەری سوڕدەما کوڕەکانی دیکە بە دۆخی ئێستایان رازین و لەگەڵیدا گونجاون و هەرگیز بیر لە کاری داهاتوویان ناکەنەوە. هەرچەندە دەیانبینی کارل دەخوێنێتەوە، بەلام ئەوان جگە لە کتێبی دراو و خراپی پۆلیسی کە لە نێوانیاندا دەستاو دەستی دەکرد، هیچ کتێبکی دیکەیان نەدەخوێندەوە.

کاتێك کارل و ترێز بەیەك دەگەیشتن، ترێز بە وردییەکی لەڕادەبەدەر پێداچوونەوەی بۆ مەشقەکانی کارل دەکرد. هەندێ جار بیروڕاریان لە یەکدی جیاواز بوو. کارل بۆ قسەکانی بەڵگەی لە مامۆستا گەورەکەی نیۆیۆرکی بۆ دەهێنایەوە، بەڵام ترێز تیۆرە ڕێزمانییەکانی ئەو مامۆستایەی بە راست نەدەزانی و ئەم رایانەی بە بیروڕای ژووربەرەکان دەزانی، قەڵەمەکەی لە دەستی کارل وەردەگرت و ئەو شتانەی کە بە هەڵەی دەزانین خەتی بە ژێریاندا دەهێنا. بەڵام کارل لەو شتانەی کە بەگومان بوو، ئەگەرچی نەدەکرا راوێژ بە سەرچاوەیەکی باشتر لە ترێز بکات، لەبەر ئەوەی ترێز لە هەڵەگیریدا وردبین بوو، بۆیە کارلیش بۆچوونەکانی ترێزی بە دروست دەزانی. هەندێ جار سەرپەرشتیاری چێشتخانە دەردەکەوت و لایەنگری لە ترێز دەکرد، بەڵام هەموو کاتێك نا، چونکە هەرچیەك بوو ترێز تایپێستی ئەو بوو. بەڵام لە هەمان کاتدا سەرپەرشتیاری چێشتخانە دواجار ناوبژیوانی دەکردن، فەرمانی دەدا چایی و شیرینی بهێنن و بە پێداگرییەوە داوای لە کارل دەکرد بەسەرهاتی ئەوروپایان بۆ بگێڕێتەوە، لە کاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا، سەرپەرشتیار بە پرسیارکردن و قسەکانی بەسەرهاتەکەی کارلی دەبڕی. کارل لەوە تێدەگەیشت لەم ماوە کورتەدا چ گۆڕانێکی ریشەیی لە ئەوروپادا روویداوە و لە کاتی هاتنیەوە بۆ ئەمریکا دەبێ چ گۆڕانکاریگەلێك روویان دابێت و لە داهاتووشدا دەبێت چ گوڕانکاریگەلێکی دیکە رووبدات؟

نزیکەی مانگێك بەسەر مانەوەی کارلدا تێنەپەڕیبوو، کە شەوێکیان رینێل بەدەم رێڕۆیشتنەوە پێی گوت، کوڕێك بەناوی دلامارش لە بەردەم ئۆتێلەکەدا سەرەڕێی لێ گرتووە و سەبارەت بە کارل پرسیاری لێ کردووە.

ڕینێل هیچ پاساوێکی بەدەستەوە نەبوو ئەو راستییە لە دلامارش بشارێتەوە، کە پێی بڵێت کارل ئێستا کاری ژووربەری دەکات و ئەگەریشی هەیە بە هۆی گرنگیدانی تایبەتی سەرپەرشتیاری چێشتخانەوە، پۆستی باشتریش وەرگرێت. کارل بەم هەواڵە یەکسەر تێگەیشت دلامارش ویستوویەتی بە فێڵ لە رینێل زانیاری وەرگرێت، چونکە ئێوارەی ئەو شەوە میوانداریی رینێلی کردبوو.

کارل بە رینێلی گوت:" ئیدی من کارم بەسەر دلامارشەوە نییە و باشتر وایە تۆش ئاگات لە خۆت بێت، تاکو زیانت پێنەگەیێنێت."

ڕینێل لەکاتێکدا کە باوێشکی دەدا و دەیویست بڕوات، گوتی: "من؟"

ڕینێل لە بەژنوبالاّدا جوانترین جحێڵی ئۆتێلەکە بوو، ئەگەرچی دیار نەبوو ئەو چیرۆکە کێ بۆی دروست کردووە، بەلاّم کوڕەکان دەیانگوت خانمێکی جوانپۆش کە ماوەیەکە لە ئۆتێلەکەدا نیشتەجێیە، ڕینێلی لەناو ژووربەرەکەدا ماچ کردووە. ئەو کەسانەی کە دەنگۆکەیان بیستبوو، هەرکات ئەو خانمە بەئارامی و هەنگاوی لەسەرخۆ و دەسڕە ناسکەکەی دەموچاوی و جەستەی سپی و سۆڵییەوە بە بەردەمیاندا تێدەپەڕی، ئەم دەنگۆیەیان بە ناڕاست دەزانی، چونکە لە ڕواڵەتی ئەم ژنەوە دیار بوو بە هیچ جۆرێك کارێکی وەهای لێناوەشێتەوە. ئەم خانمە لە نهۆمی یەکەمدا نیشتەجێ بوو و بەم پێیە سوودی لە ژووربەرەکەی ڕینێل وەرنەدەگرت، بەلاّم هەڵبەتە ئەگەر ژووربەری تایبەتی مشتەرییەکان پڕ بووایە، نەدەکرا ڕێگە لە چوونە ژوورەوەی مشتەرییەکان بۆ ژووربەرێکی دیکە بگیرێت. بەم پێیە ئەم خانمە هەندێ جار سوودی لە ژووربەرەکەی ڕینێل و کارل وەردەگرت، بەلاّم کارێکی لەم جۆرە لە کاتێکدا ڕوودەدا کە ڕینێل لەسەر کارەکەی بووبێت. ڕەنگە ئەم مەسەلەیە بە ڕێکەوت بووبێت، بەلاّم هیچ کەس باوەڕی بەمە نەدەکرد، چونکە ئەگەر لە کاتی چوونەسەرەوەی ئەو دووانەدا هیچ کەسێکی دیکە لەناو ژووربەرەکەدا نەبووبێت، ژووربەرەکانی دیکە دەوروژان، بەڕادەیەك کە جارێکیان سەرکارەکەیان ناچاربوو خۆی هەڵقورتێنێت. ئێستا ئەگەر خەتای خانمەکە بێت، یان ئەو دەنگۆیەی کە ئەم دۆخەی بۆ ڕینێل دروست کردبوو، هەرکامیان بێت بۆ ڕینێل جیاوازی نەبوو، چونکە ڕینێل متمانەی بە خۆی زیاد بوو و پاککردنەوەی ژووربەرەکەشی بە کارل سپاردبوو، کارلیش بۆ هەلێك دەگەڕا سەبارەت بەم دەنگۆیە ڕوونکردنەوەیەکی تێروتەسەل بەدەست بهێنێت، بەلاّم ڕینێل لە ژووری ژووربەرەکاندا دەرنەدەکەوت و هیچ کوڕێکی دیکە بە ئەندازەی ڕینێل دووری لە کۆمەڵی کرێکارانی ژووربەر نەگرتبوو، چونکە بەلانیکەمەوە لە مەسەلەی پەیوەست بە کارەکەیان پارێزگارییان لەیەکدی دەکرد و بۆ خۆیان دەستەیەکیان پێك هێنابوو کە بەڕێوەبەریی ئۆتێلەکەش بە فەرمی دەیناساند. کارل هەموو ئەم مەسەلانە و بیرکردنەوەی سەبارەت بە دلامارش بە مێشکیدا تێپەڕین، بەلاّم بە شێوەیەکی ئاسایی لەسەر کارەکەی بەردەوام بوو، زۆربەی جار ترێز دەوروبەری کاتژمێر دوازدە دیارییەکی بچووکی بۆ کارل دەهێنا، ئەمجارەشیان بەهەمان شێوە سێوێکی گەورە و بەستەیەك چکلێتی بۆ هێنا و خەیاڵی ئەرخەیان کرد. ماوەیەك قسەیان لەگەڵ یەکدی کرد، کە جاروبار هاتنەخوارەوە و چوونەسەرەوەی ژووربەرەکە ڕشتەی قسەکانی دەپچڕاندن. باسی دلامارش هاتەگۆڕێ و کارل کەوتە ژێر کاریگەریی قسەکانی ترێزەوە، بەو ئەنجامە گەیشت کە دلامارش کەسێکی

مەترسیدارە. چونکە ئەو شتانەی کە لەبارەی دلامارشەوە پێی گوتبوو، بووە هۆی ئەوەی ترێز بە کەسێکی مەترسیداری بزانێت، کارل لای خۆیەوە دلامارشی بە کەسێکی دەستەپاچە لە قەڵەم دەدا، کە بەدبەختی دوچاری داماوی و لاوازی کردووە، مرۆ دەتوانێت بە ئاسانی خۆی لە دەستی کەسێکی وەها رزگار بکات، بەلاّم ترێز بە توندی بەرپەرچی ئەم قسەیەی کارلی دابووەوە، پاش دەمەقاڵەیەکی درێژ،  بە پێداگرییەوە داوای لە کارل کرد کە بەڵێنی پێبدات هەرگیز جارێکی دیکە قسە لەگەڵ دلامارش ناکات، کارل لە جیاتی ئەوەی بەڵێن بە ترێز بدات، بەردەوام پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە بڕوات بخەوێت، چونکە دەمێك بوو کاتژمێر لە دوازدە تێپەڕیبوو، کاتێ ترێز گوتی جارێ ناڕوات، کارل گوتی ژووربەرەکە بەجێدەهێڵێت و ئەویش دەباتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. دواجار کاتێ ترێز کەوتەڕێ بڕوات، کارل گوتی:" ترێز بۆچی لە خۆڕا خۆت ماندوو و نیگەران دەکەی؟ ئەگەر بەڵێندانی من دەبێتە هۆی ئەوەی بێخەم بخەویت، بەڵێنت پێدەدەم قسە لەگەڵ دلامارشدا ناکەم، مەگەر ئەوەی کە ناچار بم" پاشان کۆمەڵێك لە رێبواران هاتنە ژوورەوە، چونکە ئەو کوڕەی کە لە ژووربەرەکەی تەنیشتیدا کاری دەکرد، ناردبوویان بۆ شوێنێکی دیکە، کارل ناچار بوو فریای هەردوو ژووربەرەکە بکەوێت. هەندێك لە مشتەرییەکانی ئۆتێلەکە لەم دۆخە ناڕازی بوون و بۆڵەبۆڵیان دەکرد، کابرایەك کە خانمێکی بەڕێ دەکرد، بەهێواشی گاڵۆکەکەی کێشا بە پشتی کارلدا تاکو پەلە بکات، هەرچەندە پێویستی بەم ئاگادارکردنەوەیە نەدەکرد. مشتەرییەکان کاتێ دەیانبینی ژووربەرێك بێ کرێکارە، بەرەو لای ژووربەرەکەی کارل نەدەچوون و لە جیاتی ئەمە بەرەو ژووربەرەکەی دواتر وەرێ دەکەوتن، دەچوونە ناو ژووربەرەکەوە و لەوێدا رادەوەستان و دەستگیرەکەیان وەردەچەرخاند، یان دەچوونە ناو ژووربەرێکی دیکەوە، بەمەش بارودۆخ خراپ دەبوو، هەڵبەتە رێساکانی ئۆتێلی ئۆکسیدنتاڵ بەهیچ جۆرێك رێگەی بە هیچ ژووربەرێك نەدەدا کە ببێتە هۆی وەدیهێنانی رووداوێکی بەم شێوەیە. بەم جۆرە کارل ئەوەندە دەهاتە سەرەوە و خوارەوە بە تەواوی ماندوو دەبوو، بێ ئەوەی ژووربەرەکانی دیکە لەوە ئاگادار بکاتەوە کە سەرەڕای ماندوویەتی دەتوانێت ئەرکەکانی ئەوانیش بەباشی ئەنجام بدات، لە هەمووشی خراپتر ئەوەبوو، لە دەوروبەری سێی نیوەشەودا حەماڵێکی پیر کە ببووە برادەری داوای جۆرە یارمەتییەکی لێدەکرد، کە کارل نەیدەتوانی ئەنجامی بدات، چونکە لە بەردەم هەردوو ژووربەرەکەدا مشتەریگەلێك راوەستابوون و کارل دەبوو وشیار بێت تاکو بتوانێت بڕیار بدات کە کام دەستەیان یەکەمجار سەر بخات. کاتێك کوڕە ژووربەرەکەی دیکە گەڕایەوە،

کارل خەڵکەکەی سەرخستبوو حەسا بووەوە، ئەگەرچی کوڕە بێخەتا بوو، بەلاّم کارل نەیدەتوانی سەرزەنشتی نەکات، چونکە گەلەك دواکەوتبوو.

پاش کاتژمێر چواری بەیانی، بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشا، کارل زۆر پێویستی بەم بێدەنگییە بوو. لەبەر ماندوویەتی پاڵی بە لێوانەی قەراغ ژووربەرەکە دایەوە و لەسەرخۆ قەپێکی لە سێوەکە گرت، یەکەمین قەپێك کە لە سێوەکەی گرت بۆنێکی خۆشی لێ بەرزبووەوە. سەرنجی بڕییە ئەو تیشکە رووناکییانەی کە دەوری پەنجەرە گەورەکەی هەمبارەکەیان دابوو، لە پشت پەنجەرەکەوە لقە شۆڕەکانی مۆز لە تاریکیدا دەدرەوشانەوە.

## (٦)

# كێشەی رابینسۆن

لەو کاتەدا کەسێك دەستی خستە سەرشانی کارل. لای وابوو یەکێك لە مشتەرییەکانی ئۆتێلەکەیە و ئیشی پێیەتی، بە پەلە سێوەکەی خستە گیرفانی و بێ ئەوەی ئاوڕ لە کابرا بداتەوە، یەکسەر بەرەو لای ژووربەرەکە کەوتە ڕێ.

کابرا گوتی:" سلاو، بەریز راسمان، منم، رابینسۆن."

کارل سەرێکی بۆ لەقاند و گوتی:" بەلام تۆ زۆر گۆڕاویت."

ڕابینسۆن وەلامی دایەوە:" بەڵێ، گوزەرانم زۆر باشە." تەماشای جلەکانی کرد و بیری کردەوە هەر پارچەیەکیان بە تەنیا جوانە، بەلام بە گشتی ئەوەندە لەگەڵ یەکدی ناتەبا بوون وەك جلێکی کۆنە دەهاتنە پێش چاو، ئەو پارچەیان کە زۆر جوان دەکەوتە پێش چاو هێلەکە سپیەکەی بوو، کە وەك بڵێی یەکەم جار بوو لەبەر بکرێت، هێلەکەکە چوار گیرفانی بچووکی قەراغ رەشی هەبوو، رابینسۆن سنگی دەرپەڕاندبوو و هەوڵی دەدا سەرنجی کەسانی دیکە بۆ هێلەکەکە راکێشێت.

کارل گوتی:" جلەکانت گەلەك گرانبەهان." پاشان بیری کەوتەوە ئەگەر دوو هاوڕێ ناکەسەکەی کە رابینسۆن و دلامارش بوون، چاکەتوپانتۆڵە سادەکەیان پێ نەفرۆشتایە، ئێستا دەیتوانی لە پێش چاوی رینێل لەبەری بکات و رکەبەری ئەوی پێ بکات.

ڕابینسۆن گوتی:" بەڵێ، تاڕادەیەك هەموو رۆژێك شتێك بۆ خۆم دەکڕم. ئەم هێلەکەت پێ چۆنە؟ حەزت لێیەتی؟"

کارل گوتی:" بەڵێ زۆرم حەز لێیە."

ڕابینسۆن کە دەستی کارلی گرتبوو، گوتی:" خۆ ئەمانە گیرفانی راستەقینە نین، بەلام بە جۆرێ دروستیان کردوون کە وەك گیرفانی راستەقینە دەرکەون." وەك بڵێی بە گوتنی ئەم قسانە خەریکە شتێك دەسەلمێنێ. بەلام کارل لەبەر ئەوەی بۆنی ناخۆش و تەحەمولنەکراوی کونیاك لە زاری رابینسۆنەوە بەسەردا دەهات، یەکسەر سەری هێنایە دواوە.

کارل لە کاتێکدا بەرەو لای لێوانەکە دەچوو، گوتی:" دووبارە دەستت کردەوە بە مەی خواردنەوە؟"

ڕابینسۆن گوتی:" نا، زۆر نا." پاشان لە کاتێکدا دژی قسەکەی یەکەمجاری خۆی دوا گوتی:" مرۆ لەم دونیایەدا دەتوانێت چ کارێکی دیکە بکات؟" کارل قسەکانی بڕی، چونکە ناچار بوو چەند مشتەرییەکی ئۆتێل بە ژووربەرەکە سەربخات، هێشتا ژووربەرەکە نەهاتبووە خوارەوە بە تەلەفۆن پێیان ڕاگەیاند دکتۆری ئۆتێلەکە ئاگادار بکاتەوە، کە لە نهۆمی هەشتەم خانمێك بوراوەتەوە، لەکاتی تەلەفۆن کردنەکەیدا، بەهیوا بوو تاکو دەگەڕێتەوە رابینسۆن ڕۆشتبێت، چونکە حەزی نەدەکرد کەسانی ناو ئۆتێلەکە لەتەك رابینسۆندا ببینن، لە هەمان کاتدا قسەکانی ترێزی هاتەوە بیر، بۆیە نەیدەویست شتێك لەبارەی دلامارشەوە ببیستێت. بەلاّم رایبنسۆن بە ئارامییەکی لە رادەبەدەری مەستانەوە هێشتا چاوەڕوانی دەکرد، لەو دەمەدا کارمەندێکی پایەبەرزی ئۆتێلەکە کە چاکەتێکی فەرمی پۆشیبوو و کلاّوێکی شاپۆی لەسەر کردبوو بەلایدا تێپەڕی، بەلاّم خۆشبەختانە گرنگی بە رابینسۆنی وەڕزکەر نەدا.

ڕابینسۆن کە بە نیگایەکی فریودەرانە تەماشای کارلی دەکرد، گوتی:" راسمان حەز ناکەیت سەرمان لێ بدەیت و بمانبینی؟ ئێستا حالّمان زۆر باشە."

کارل پرسی:" تۆ میواندارییم دەکەی یان دلامارش؟"

ڕابینسۆن وەلاّمی دایەوە:" هەردووکمان، هەم من و هەم دلامارش."

" کەوایە گوێگرە با پێت بلّێم، ئەم پەیامە بە دلامارش بگەیێنە: رەنگە ئەوکات ئێوە تێ نەگەیشتبن، بەلاّم ئەوە بزانن پچڕانی پەیوەندیی من و ئێوە هەتاهەتایی بووە، ئێوە لە هەر کەسێکی دیکەی ئەم دونیایە زیاتر زیانتان بە من گەیاندووە. ئێستاش دەتانەوێت وازم لێ نەهێنن؟"

ڕابینسۆن کە فرمێسکی هەستەکی نەفرەتاوی لە چاوانیدا ئەلّقەی بەستبوو، گوتی:" بەلاّم ئێمە دۆستی تۆین، دلامارش داوای لێکردوم پێت بلّێم دەیەوێت قەرەبووی رابردووت بۆ بکاتەوە. ئێستا ئێمە لەگەلّ گورانیبێژێکی ناوداردا دەژین کە ناوی برۆنیلدایە." کاتێ ناوی برۆنیلدای هێنا بە دەنگێکی بەرز و لەرزیوەکەی دەستی کرد بە گۆرانی گوتن، بەلاّم کارل دەستبەجێ بێدەنگی کرد:" دەمت داخە، مەگەر نازانی لە کوێدای؟"

ڕابینسۆن که لەبەر گۆرانی گوتنەکەی خۆی ترسی لێ نیشتبوو، گوتی:" راسمان من هاوڕێتم، هاوڕێت، هەرچیەك دەڵێی بیلێ، تۆ کە لێرە کارێکی باشت بەدەست هێناوە دەتوانی کەمێك پارەم بە قەرز بدەیتێ؟"
کارل گوتی:" هەرچییەکت بدەمێ بە مەی دەدەیت، هەر ئێستا بتلێك کونیاك لە گیرفانتدا دەبینم، ئەو چەند ساتەی کە لێرە نەبووم بە دڵنیاییەوە لێت خواردووەتەوە، چونکە سەرەتا کە هاتی وەك ئێستە نەبوویت و تاڕادەیەك هۆشت لەسەرخۆت بوو."
ڕابینسۆن بە داوای لێبوردنەوە گوتی:" کاتێ دێمە دەرەوە مەی دەخۆمەوە تاکو خۆشحاڵ بم."
کارل گوتی:" باشە، ئیدی من کارێکم پێت نییە."
ڕابینسۆن کە چاوی پەڕیبووە تەوقی سەری، گوتی:" ئەی پارەکە؟"
" وابزانم دلامارش داوای لێکردوویت کە گەڕایتەوە پارەت پێ بێت، زۆر باشە، کەمێك پارەت دەدەمێ، بەڵام بەو مەرجەی کە ئیدی یەکسەر بڕۆیت و ئیدی لێرە سەروچاوت نەبینم. ئەگەر کاریشت پێم بوو دەتوانی بۆ ئەم ناونیشانە نامەم بۆ بنووسی: کارل راسمان، ژووربەری ئۆتێلی ئۆکسیدنتاڵ. دڵنیابە نامەکەت پێم دەگات. بەڵام دووبارە پێت دەڵێم، ئیدی نابێت لێرە سەروچاوت ببینم. من کە لەم ئۆتێلەدا کار دەکەم بۆ بینینی هیچ کەسێك کاتم نییە. ئێستا ئامادەیت بەم مەرجە پارەم لێ وەرگریت؟" لەم کاتەدا دەستی کرد بەناو گیرفانی هێلەکەکەیدا، چونکە بڕیاری دا ئەو پاداشتەی کە ئەو شەو دەستی کەوتبوو، بیدات بە رابینسۆن. رابینسۆن کە هەناسەبڕکێی بوو، لەجیاتی وەڵامدانەوە سەری بۆ لەقاند. کارل کە لە مەبەستی سەرلەقاندنەکەی تێنەدەگەیشت، دووبارە پرسی:" بەڵێ یان نا؟"
لەو کاتەدا رابینسۆن گنگڵی دەخوارد و دیار بوو کە مەیەکە دووچاری حاڵ خراپی کردەوە، ئاماژەی بە کارل کرد بێتە نزیکترەوە و بە هێواشی گوتی:" راسمان حاڵم زۆر خراپە."
کارل هاواری کرد:" بەجەهەنم!" و بە دەستەکانی رایکێشایە قەراغ لێوانەی قادرمەکانەوە.
رابینسۆن بەسەر قادرمەکاندا رشایەوە، لەکاتی رشانەوەیدا بە پەلەکوتێ و داماوییەوە بە دەستەکانی بەدوی کارلدا دەگەڕا.
ڕابینسۆن دەیگوت:" تۆ کەسێکی باشیت." یان دەیگوت:" ئێستا حاڵم باشترە." بەڵام وانەبوو. یان دەیگوت:" بەرازینە، ئەمە چییە بە منتان داوە." کارل بەهۆی ئارۆزیان و

بێزهاتنەوەی، ئیدی تاقەتی نەدەبرد لە لای رابینسۆن راوەستێت، دەستی کرد بە هاتوچۆ. پێدەچوو لە سوچی تەنیشت ژووربەرەکەدا کەس رابینسۆن نەبینیبێت، بەلاّم ئەگەر کەسێك بیزانیایە ئاخۆ چی روویدەدا؟ بۆ نمونە ئەگەر یەکێك لە مشتەرییە پارەدار و خۆبەزلزان و رەخنەگرەکان بیبینیایە، هەرکات بەرپرسی ئۆتێلەکەی بدیبایە، یەکسەر گرێی نارەزایی دڵی خۆی بۆ دەکردەوە، بەرپرسی یەکەمی ئۆتێلەکەش بە هۆی سکالاّی کابرای پارەدارەوە بەسەر هەموو کارمەندانی ئۆتێلەکەدا دەینەراند و هەرای دەنایەوە، یان ئەگەر چاودێرێکی نهێنی ئۆتێلەکە بیانبینیایە ئاخۆ چی روویدەدا؟ چاودێرگەلێك کە هەمیشە دەگۆڕان و تەنیا بەرێوبەریی ئۆتێل دەیناسین، بە جۆرێك هەرکات کەسێك بەوردی سەرنجی لە شتێك بدایە، مرۆ پێی وابوو چاودێری نهێنییە، لە کاتێکدا پێدەچوو وردبوونەوەی ئەو کەسە بەهۆی ئەوەوە بووبێ کە چاوی نزیکبین بووبێ. یان ئەگەر یەکێك لە کرێکارەکانی نهۆمی خوارەوە ناچاربووایە سەری لە هەمبارەکە بدایە- چونکە ریستۆرانتی ئۆتێلەکە بەدرێژای شەو کراوە بوو- بە بینینی ئەو رشانەوە پیس و پۆخڵ و قێزەونەی کە لای ژووربەرەکەدا بوو، رادەچڵکی و تەلەفۆنی بۆ کارل دەکرد لێی دەپرسی ئەوە چییە لەوسەرەوە رووی داوە؟ ئاخۆ لەو کاتەدا کارل دەیتوانی مل بە ناسینی رابینسۆن نەدات؟ ئەگەر ملی بە ناسینی رابینسۆن نەدایە، ئاخۆ رابینسۆن کە بەتەواوی کەسێکی گەمژەبوو و هەموو کارێکی سەرشۆڕانەی لێدەوەشایەوە، ئەگەری نەبوو لەجێی پۆزش هێنانەوە زیاتر خۆی بەکارلەوە بنووسێنێنت؟ ئاخۆ یەکسەر کارلیان وەدەر نەدەنا؟ چونکە تاکو ئێستا کەس نەیبیستبوو ژووربەرێك کە نزمترین پێگەی هەیە لە زنجیرەی دوورودرێژی کارمەندانی ئۆتێلدا، رێگە بە دۆستێکی بدات ئۆتێلەکە پیس بکات و ببێتە هۆی لەدەستدانی مشتەرییەکانی ئۆتێل. ئاخۆ دەکرا ژووربەرێك کە دۆستێکی وەهای هەبوو لەم ئۆتێلەدا بمێنێتەوە؟ چونکە تەنانەت رێگەشی دەدا لە کاتی کارکردنیدا دۆستەکانی سەردانی بکەن. ئاخۆ خەڵکی گومانیان نەدەکرد ژووربەرێکی وەها خۆشی هەمیشە مەست بێت؟ لە هەموویشی خراپتر ئاخۆ ئاسایی نەبوو گومانی ئەوە بکەن لە خواردنی ئۆتێلەکە ئەوەندە بدا بە دۆستەکانی، تاکو وەك رابینسۆن ئۆتێلێك بەو پاکوخاوێنییە بە رشانەوەی پیس بکات ؟ ئاخۆ کارل کە دەرفەتگەلێکی بێشوماری بۆ دزیکردن هەبوو، لە کاتێکدا مشتەرییەکانی ئۆتێل گەلەك بێ باکبوون و دۆلاّبی جلەکانیان هەمیشە کراوەبوو و کەلوپەلە گرانبەهاکانیان لەسەر مێزەکانیان پەرشوبلاّو دەکرد و سندوقی ئاڵتونەکانیان

کرابووەوە و کلیلەکانیان لە هەموو شوێنێك دادەنا، تەنیا خواردن و خواردنـەوەی ئۆتێلەکـەی دزی بێت؟

لەم کاتەدا کارل ژمارەیەك لە مشتەرییەکانی ئۆتیلی بینی، کە لە هـۆڵی ژێـرزەمینی مەیخواردنی ئۆتیلەکەدا هاتنە سەرەوە، کە تازە شانۆی ڤارتییە تەواو ببوو. کارل لە تەنیشـت ژووربەرەکە راوەستابوو، لـە ترسـی ئـەوەی نـەبا چـاویان بـە رشـانەوەکە بکـەوێت تەنانـەت جەسارەتی ئەوەشی نەدەکرد تەماشای رابینسۆن بکات. لە ترسی ئـەوەی هاکـا ناڵەیـەك یـان دەنگێك بەرز بووەوە حەجمینی لێ بڕابوو. مشتەرییەکانی ناو ژووربەرەکـەی سـەر دەخسـت و لەگەڵیان سەروخواری کرد، بەڵام نەیدەتوانی بەتەواوی بیرپەشێوی خۆی بشارێتەوە و هـەرکات بە ژووربەرەکە دەهاتە خوارەوە چاوەڕێی دەکرد رووداوێکی ترسناك رووی دابێت.

دواجار کارل هەلی بۆ رەخسا بچێت بە هانای رابینسۆنەوە، کـە داماوانـە لـە سوچـێکدا دەستەوئەژنۆ دانیشتبوو سەری خستبووە سەر ئـەژنۆکانی و کـڵاوە خڕەکـەی لەسـەر تـەوێڵی بەتەواوی خستبوو بەدوادا.

کارل بەنەرمونیانی بەڵام بەجۆرێکی جدی پێی گوت:"ئێستا دەبێت بڕۆیـت، هـا ئـەوەش پارە. ئەگەر پەلە بکەیت دەرفەتی ئەوەم دەبێت رێگەت پێ نیشان دەم."

ڕابینسۆن کە بە دەسڕە بچووکەکەی نێوچاوانی دەسـڕی، گـوتی:" نـاتوانم بجـوولێم، لێـرە دەمێنمەوە تاکو دەمرم. نازانی چەندە حاڵم خراپە. دلامارش بۆ مەیخانە گرانبەهاکانم دەبات و بەرگەی ئەم مەیە قەڵبە ناگرم کە لێرە هەیە، هەموو رۆژێك ئەمە بە دلامارش دەڵێم."

کارل گوتی:" راست دەکەیت، بەڵام ناتوانی لێرە بمێنیتەوە، لەبیرت بێت لە کوێدای؟ ئەگەر ئێستا بزانن لێرەیت، هەم تۆ دوچاری دەردەسەری دەکەن هەم من لەکارەکەم دەرم دەکەن. حەز دەکەیت ئەمە رووبدات؟"

ڕابینسۆن وەڵامی دایەوە:" ناتوانم لە جێی خۆم هەستم، پـێم باشـە لێـرەوە خـۆم بخەمـە خوارەوە." پاشان بەدەم گوتنی ئەم قسانەوە ئاماژەی بۆ ئەو هەواکێشە کرد کە لەلای لێوانەی قادرمەکەوە بوو و گوتی: " هەتا لێرە بەم جۆرە دانیشم، حاڵم باشترە و دەتوانم بەرگـەی ئـەم دۆخە بگرم، بەڵام ناتوانم لـە جێـی خـۆم هەسـتمەوە، کـە لێـرە نـەبوویت جارێـك هـەوڵم دا هەستمەوە بەڵام نەمتوانی."

کارل کەمێك لاقەکانی رابینسۆنی راوەشاند، چونکە هەر سات ئەگەری ئـەوە هـەبوو لـە هۆش خۆی بچێت، گوتی:" باشە، ئێستا تاکسییەك بانگ دەکەم بتبات بۆ نەخۆشخانە."

بەلاّم رابینسۆن هەرکە ناوی نەخۆشخانەی بیست، وەك بلّێی ترسێکی گـەورە لـە زەینیـدا دروست بووبێت، بە دەنگی بەرز دەستی کرد بـە گریـان و دەسـتی بـۆ لای کـارل درێـژکرد و دەستی بە پاڕانەوە کرد.

کارل گوتی:" بێدەنگ بە." و دەستەکانی رابینسـۆنی داگـرت و رایکـرد بـەرەولای ئـەو ژووربەرەی کە ئەو شەوە لەجێیدا کاری دەکرد، داوای لێکرد لە بەرامبەر ئـەو خزمەتـەی کـە پێی کردووە، لە جێی ئەودا کەمێك کـار بکـات. پاشـان دووبـارە بەپەلـە گەڕایـەوە بـۆ لای رابینسۆن کە هێشتا دەگریا. بەتوندی رایوەشاند و چپاندی بە گوێیدا:" رابینسۆن ئەگەر حەز دەکەی یارمەتیت بدەم، دەبێت خۆت بەسەر پێوە راگریت و لەتەکمدا کەمێك بە رێدا بڕۆیـت. دەمەوێت بتبەم بۆ چرپاکەی خۆم و لەوێ بخـەویت، تـاکو بێیتـەوە سـەرخۆت. سـەرت لـەوە سورِدەمێنیّ لەویّ چەندە زوو دێیتەوە سەرخۆت. بـەلاّم دەبێـت ئێسـتا عـاقلاّنـە بجولّێیتـەوە، چونکە خەلّکی هەمەجۆر لە رارەوەکەدان. چرپاکەم لە ژوورە گەورەکەدایە. ئەگـەر بـەجۆرێك بجولّێیتەوە بچووکترین سەرنجیان راکێشـی، ئیـدی مـن نـاتوانم هیچـت بـۆ بکـەم. پێویسـتە چاوەکانت بەباشی بکەیتەوە، ئەگەر وەها بنوێنیت خەریکە گیانت دەردەچێت، نـاتوانم لەتـەك خۆمدا بتبەم."

ڕابینسۆن گوتی:" هەرچیەك دەلّێیت بەگوێت دەکەم، بەلاّم تەنیا تۆ ناتوانیت بەسەر پێـوە رامگریت. دەکریّ رینێلیش بانگ بکەیت؟"

کارل گوتی:" رینێل لێرە نییە."

ڕابینسۆن گوتی:" ئەها، راستە ، بیرم هاتەوە رینێل لەگەلّ دلامارشـدایە، ئـەوان منیـان ناردووە بۆ لای تۆ. هەرچیەك لە مێشکمدایە تێکەلّ و پێکەلّ بووە." کارل لە قسە هەلّیت و پەلّیتەکانی رابینسۆن سوودی وەرگرت و پالّی پێوەنا، بیّ ئەوەی ڕووداوێکی خـراپ بقـەومێت بردی بەرەو سووچێك کە لەوێوە راڕەوێکی نیوە تاریك دەیبردنـەوە سـەر ژووری ژووربـەرەکان. لەو کاتەدا ژووربەرێك بەرەولایان رای کرد و بەلایانـدا تێپـەڕی. تـا ئـەو کاتـە کـەس وەڕزی نەکردبوون، دەوروبەری کاتژمێر چوار و پێنجی بەیانی بوو ئۆتێلەکە لە هەموو کاتێکی دیکـە چۆلّتر بوو، کارل دەیزانی ئەگەر ئێستا لە دەست رابینسۆن رزگاری نـەبێت، بـەیانی کـە کـار دەست پێدەکات، رزگاربوونی مەحالّە.

لەکۆتایی ژووری ژووربەرەکاندا یان شەڕ رووی دابوو یان کوڕەکـان خـەریکی بـەزم و ڕەزم بوون، کارل گوێی لە دەنگی هاوئاهەنگی چەپەلّەو تەقەی پێکوتان و هاواری هاندان بـوو، لـە

بەشی نزیك دەرگاكەوە چەند كەسێك بە جلـی نوسـتنەوە لـە خـەوێكی قوولّـدا رۆچـووبوون، زۆربەی ژووربەرەكان راكشابوون و تەماشـای سـەقفەكەیان دەكـرد، لـە هـەموو سووچـەكانی ژوورەكەوە كوڕگەلێك بە رووتی یان جلەوە لەبان چرپاكەیەوە سەریان بەرز دەكردەوە تاكو بزانن لەوسەری ژوورەكەدا چی رووی داوە؟

ڕابینسۆن كە ئێستا تاڕادەیەك بە رێدا دەڕۆیشت، كارل توانی بێ ئـەوەی سـەرنجی كـەس رابكێشێت، تاكو چرپاكەی رینێل بیبـات، چـونكە چـرپاكەی رینێـل هـەم خـالّی بـوو هـەم نزیكتریش بوو، لە دوورەوە كوڕێكی بینی كە نەیدەناسی. كـوڕە بـەئارامی لەسـەر چـرپاكەی خەوتبوو. هەركە رابینسۆن چووە سەر چرپاكە خەوی لێكەوت و لاقەكانی بـە چـرپاكەدا شـۆڕ بوونەوە.

كارل بەتانییەكی دا بەسەریدا و بیری كردەوە ئێستا ئیدی پێویست ناكات نیگـەران بێـت، چونكە رەنگە رابینسۆن تاكو بەر لە شەشی بەیانی لەخەو هەڵنەسێت، تا ئەو دەمـەش خـۆی سەری لێدەدا و رەنگە بە یارمەتی رێنێل بتوانێت بە قاچـاغی لـە ئۆتێلەكـە بیباتـە دەرەوە. بەرپرسی پایەبەرزی ئۆتێل مەگەر لە حـالّی ناچـاریدا ئـەگینا هـەرگیز ژووری ژووربـەرەكانی نەدەپشكنی، چەند سالّ لەمەوبەر ژووربەرەكان توانیبوویـان پشـكنینی رۆژانـەی ژوورەكـەیان هەڵبوەشێننەوە، كەوایە لەم رووەوە نیگەران نەبوو و ئەرخەیان بوو.

كاتێ كارل گەڕایەوە سەر كارەكەی، بینی ژووربەرەكەی خۆی و ژووربەرەكەی تەنیشتیشـی بۆ سەرەوە دەچن. بەترسەوە چاوەڕێی كرد تاكو مەسەلەكە خۆبەخۆ روون بێتەوە. یەكـەم جـار ژووربەرەكەی خۆی هاتە خـوارەوە، هـەمان ئـەو كـوڕەی كـە چـەند خولـەكێكی پێشـتر لـە رارەوەكەدا رای دەكرد هاتە دەرەوە.

پرسی:" راسمان تـا ئێسـتا لـە كـوێ بوویـت؟ بۆچـی كارەكـەت بـەجێ هێشـت؟ بۆچـی ئامادەنەبوونی خۆت رانەگەیاند؟"

كارل ئاماژەی بۆ ژووربەرەكەی تەنیشتی كرد كە تازە دەهاتە خوارەوە، گوتی:" بەلاّم مـن داوام لەو كرد لە جێی مندا خولەكێك كاربكات، خۆ كاتێ قەرەباڵغی لەڕادەبـەدەر بـوو، مـن لەجێی ئەودا دوو كاتژمێری تەواو كارم بۆ كرد."

كوڕەكە گوتی:" كارێكی باشت كردووە، بەلاّم تـەنیا ئەمـە بـەس نییـە. مەگـەر نـازانی تەنانەت لە كورتترین ماوەی بەجێ هێشـتنی كارەكەتـدا، دەبێـت تەلـەفۆن بـۆ نووسـینگەی سەركار بكەیت؟ تەلەفۆنیان هەر بۆ ئەم مەبەستە لەوێ داناوە. من ئامادە بووم لە جێی تـۆدا

کارەکەت بۆ راپەڕێنم، بەلاّم خۆت دەزانیت هەر بەو ئاسانییە نییە. شـەمەندەفەری کاتـژمێر چوار ونیو ریێبوارگەلێکی زۆری دابەزاند و هەموویان لە بەردەم ئەم دوو ژووربەرەدا کۆبوونـەوە و نەمـدەتوانی یەکـەم جـار مشـتـەرییەکانی بـەردەم ژووربەرەکـەی تـۆ ببەمـە سـەرەوە و مشتەرییەکانی خۆم لە چاوەڕوانیدا بن، بۆیە ناچار بووم یەکـەم جـار مشـتـەرییەکانی بـەردەم ژووربەرەکەی خۆم ببەمە سەرەوە."

لەودەمەدا هەردووکیان بێدەنگ بوون کارل بەتووڕەییەوە گوتی:" چی تر؟"

ژووربەرەکەی دیکە گوتی:" لەوکاتەشدا سەرکار هات، کاتیّ بینی خەلّکێکی زۆر لەبەردەم ژووربەرەکەی تۆدا کۆ بوونەتەوە و کەسیش نییە بیانباتە سەرەوە، زۆر تووڕە بوو، چونکە من دەستبەجیّ هاتبوومە سەر ئیشەکەم، بەسەرمدا خوڕی و لیّی پرسیم لە کوێیە؟ هەڵبەتـە مـن نەمدەزانی لە کوێی، چونکە تەنانەت پێت نەگوتم بـۆ کـویّ دەڕۆی، بۆیـە سـەرکار یەکسـەر تەلەفۆنی بۆ ژووری ژووربەرەکان کردبوو کوڕێکی دیکە لە جیاتی تۆ بنێرن."

ئەو کوڕەی کە تازە خرابووە جێی کارل پرسی:" من تۆم لە ڕاڕەوەکەدا بـینی، وانـەبوو؟" کارل سەری بۆ لەقاند.

ژووربەرەکەی تەنیشتی بۆ دڵنیاکردنەوەی کارل گوتی:" هەڵبەتە من یەکسـەر بەسـەرکارم گوت، داوای لێکردووم لەبری کار بکەم، بەلاّم چما ئـەو گـویّ بـۆ ئـەم پاسـاوانە دەگرێـت؟ پێموانییە هێشتا بە باشی ئەوت ناسیبێت. بڕیار بوو پێت بڵێن بڕۆیت بۆ نووسینگەی ئۆتێل، ئێستا ئیدی کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە و بڕۆ بۆ لای. ڕەنگە تـەمێت نـەکات، لـە دووخولـەك زیاتر دوانەکەوتوویت، تەنها بە سەرکار بڵیّ کە داوات لێکردووم لەبری تۆ کار بکەم. پێموایـە باشترە نەڵێیت بۆ ماوەیەکی زۆر لە جێی من کارت کـردووە، نـاتوانن هـیچ لـە مـن بکـەن، چونکە ئیزنی بیّ مووچەم وەرگرتبوو، گوتنی ئەم قسانە و تێکەڵکردنی دوو مەسەلە بەیەکدی بێسوودە، چونکە پەیوەندییان بەیەکەوە نییە."

کارل گوتی:" ئەمە یەکەم جارمە ئیشەکەم بەجیّ بهێڵم!"

چونکە هەندیّ کەس چاوەڕێی ژووربەرەکە بوون، کوڕە لە کاتێکدا بـەرەو لای ژووربەرەکـە رای دەکرد گوتی:" هەمیشە هەروا بووە، بەلاّم کەس باوەڕ بەم قسانە ناکات."

جێگرەکەی کە دیاربوو نزیك بە چواردە ساڵە، دڵی بۆ کارل دەسووتا، گوتی:" بەزۆری لەم جۆرە خەتایانە چاوپۆشی دەکات، زۆرجار لە جیاتی کارەکەی پێشوو کارێکی دیکە بەو کەسە دەدات. ئەوەندەی کە من ئاگادار بم، بە هۆی بەجێهێشتنی کارەوە تەنها یـەکجار کرێکاریـان

دەرکردووە. پێویستە بەدوای پاساوێکی باشدا بگەڕێیت، بەڵاّم خۆت لـەوە بـەدوور بگـرە کـە بڵێیت لەناکاو نەخۆش کەوتووم. بەم قسانە پێدەکەنێت، باشتر وایـە بڵێیـت مشـتەرییەك بـۆ کارێکی بەپەلە ناردومی بۆ لای مشتەرییەکی دیکە، بەڵاّم دەبێت ئـەوەش بڵێیـت مشـتەری یەکەمم لە بیر نایەتەوە و نەشمتوانی مشتەری دووەم بدۆزمەوە."

کارل گوتی:" باشە، ئەمە پاساوێکی خراپ نییە." پاش هەموو ئـەو قسـانەی نێوانیـان، نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بکات، ئەم مەسەلەیە ئەنجامەکەی بە باشی کۆتایی پێ دێت، تەنانـەت ئەگـەر ئـەم کەمتەرخەمییەشـی چاوپۆشـی لێبکرێـت، رابینسـۆن کـە ئێسـتا لـە ژووری ژووربەرەکاندا نووستبوو، بەڵگەیەکی زیندوو دەبوو بـۆ خەتاکـەی و ئەگـەری ئـەوەش هـەبوو سەرکاری رق ئەستوور بە لێکۆڵینەوەیەکی رووکەش رازی نـەبێت و دواجـار هەڵکوتێتـە بـان سەری رابینسۆن. لە رواڵەتدا هێنانی بێگانەیەك بۆ ژووری ژووربەرەکان یاسـاغ نـەبوو، بـەڵاّم یاساغ نەبووی پەتی لە گۆڕێ نەبوو ئاماژەدان بـە بابـەتێکی پێشـبینی نـەکراویش پێویسـت نەبوو.

کاتێ کارل چووە نووسینگەی ئۆتێلەکە، سەرکار دانیشتبوو و سات ناساتێك قومێکی لـە قاوەکەی فڕ دەکرد و تەماشای لیستێکی دەکرد کە دیار بوو سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان بۆی هێنابوو، سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان خۆیشی لـەوێ دانیشـتبوو. سەرپەرشـتیار کابرایـەکی باڵابـەرز و زنتـۆڵ بـوو، پۆشـاکە فـەرمی و پـڕ زاقوبریقـەکانی- تەنانـەت بـە سەرشـان و قۆڵەکانیشیدا زنجیر و قەیتانی رتووشکراوی ئاڵتونی شۆڕببوونەوە- دەرگاوانەکەی چوارشـانەتر نیشان دەدا لەوەی کە هـەبوو. سمێڵـە رەش و بریقـەدارەکانی وەك سمێڵـی هەنگارییـەکان لـە هەردوو لای روخسارییەوە گۆشە تیژەکانی دەرچووبوو، کە تەنانەت بە خێراتـرین جووڵاّنـەوەی سەری نەدەبزوان، بەهۆی پۆشاکە رەق ورەپەکەیەوە بە ئاستەم دەیتوانی بجوڵێتەوە، هەمیشە لە کاتی راوەستاندا لاقەکانی دەکردنەوە تاکو کێشـی خـۆی بـە شـێوەیەکی هاوسـەنگ بەسـەر هەردوو لاقیدا دابەش بکات.

کارل وەك جاران بێشەرمانە خۆی کرد بە ژووردا، چـونکە ئـەو هەڵسـوکەوتانەی کـە بـۆ کەسانی دیکە بە بەشێك لە ئەدەب و ئاکارچاکی دەزانرا، بۆ ژووربەرەکان جگـە لـە تەمـەڵی شتێکی دیکە نەبوو. لە هەمان کاتدا، لە دەمی چوونە ژوورەوەیدا نەدەبوو وانیشان بدات کـە خەتایەکی کردووە. کاتێك دەرگاکە کرایەوە سەرکارەکە نیگایەکی خێرای لە کارل بڕی، بـەڵاّم بێ ئەوەی گوێی پێ بـدات، یەکسـەر گەڕایـەوە سـەر فڕکردنـی قاوەکـەی و مـژوول بـوو بـە

خواردنەوەی. بەلاَم وا دەهاتە پـێش چـاو سەرپەرشـتیاری دەرگاوانـەکان بـەهاتنی کـارل بـۆ ئەوێندەر نیگەران بوو، رەنگە دەیویست زانیارییەکی نهێنی بەسەرکار بـدات، یـان داوایـەکی نهێنی لێ بکات، بە هەر جورێك بوو، هەر چەند خولەکێك جارێ سـەری لار دەکـردەوە و بـە توورەییەوە تەماشای کارلی دەکرد. دەبێ ئەوە بگوترێت هەرکە چاوی دەکەوتـە سـەر کـارل، یەکسەر سەری بەرەو لای سەرکار وەردەگێڕا.

سەرباری ئەمەش، کارل بیری کردەوە ئێستا کە هاتووە بۆ نووسینگەی سەرکار، تاکو ئـەو راشکاوانە فەرمانی پێ نەکات، باش نییە بڕواتە دەرەوە. بەلاَم سەرکار هێشتا هەر خـەریکی لیسـتەکەی بـەردەمی بـوو و دەیخوێنـدەوە، لـە کـاتی خوێندنەوەیـدا کێکـی دەخـوارد و جارناجارێکیش کێکەکەی رادەوەشاند تاکو شەکرەکەی بکەوێتە خوارەوە، لە هەمان کاتدا لـە خوێندنەوەی لیستەکە بەردەوام بوو. لاپەڕەیەك لە لیستەکە کەوتە خوارەوە، دەرگاوانەکـە بـۆ هەلّگرتنەوەی لاپەڕەکە جوولّەی نەکرد، چونکە دەیزانی نابێت بجوولّێت، لە هـەمان کاتیشـدا پێویستی نەدەکرد بجوولّێت، چونکە لە ناکـاو کـارل لاپەڕەکـەی هەلّگرتـەوە و دای بەدەسـت سەرکارەکە و ئەویش بە جوولّەی سستی دەستی کە دەتگوت کاغەزەکە خۆی لە عەردەکە بەرز بووەتەوە، لەکارلی وەرگرت. ئەم خزمەتە بچووکەش یارمەتی کـارلی نـەدا، چـونکە هێشـتا دەرگاوانەکە بەلاچاو سەیری دەکرد.

لەگەلّ هەموو ئەمانەشدا کارل هەستی بـە ئـارامی دەکـرد. هـەر ئـەوەی کـە خەتاکـەی لەڕوانگەی سەرکارەوە گرنگییەکی زۆری نەبوو، نیشانەیەکی بـاش بـوو. دواجـار مەسـەلەکە شیاوی تێگەیشتن بوو. ژووربەرێك بۆ ئەوان گـرنگ نـەبوو، بـەم پێیـە نـەدەبوو هەرچـی کـە دەیەوێت بیکات، بەلاَم چونکە مەسەلەکە گرنگ نەبوو، خەتاکەیان زۆر هەند وەرنەدەگرت.

سەرکار خۆیشی یەکەم جار ژووربەر ببوو- لە راسـتیدا بـۆ ژووربـەرەکانی نـەوەی ئێسـتا جێگەی شانازییەکی گەورەبوو- سەرکار یەکەمین کەس بوو کـە ژووربـەرەکانی رێکخسـتبوو، بەدلّنیاییەوە هەندێجار ئەویش بێ ئیزن کارەکەی بەجێ هێشـتووە، هەرچـەندە نـەدەبوو ئـەم رووداوانەی بیر بهێنرێتەوە، نابێت ئەوەش لـە بـیر بکرێـت، کـە پێشـینەی کـاری ژووربـەری سەرکار، دەبێتە هۆی ئەوەی لە پاراستنی سیستەم و نۆرمی کرێکارانی ژووربەردا جدیتر و بێ پەرواتر بێت. کارل بەتێپەڕبوونی کات هیوای زیاتر دەبوو. کاتژمێری ناو نووسینگەکە لە پێنج و چارەك لای دابوو، ئەگەری هەبوو رینێل ئێستا بگەڕێتەوە، رەنگە لەبـەر ئـەوەی کـە تـاکو ئێستا رابینسۆن نەگەڕابووەوە، ئێستا رێنێـل گەڕابێتـەوە. بـە هـەر جۆرێـك بـوو پێدەچـوو

دلامارش و ڕێنێل لە ئۆتێلەکەوە زۆر دوور نەبن. ئەگینا رابینسۆن بەو حاڵەخراپەیەوە هەرگیز نەیدەتوانی خۆی بگەیێنێتە ئۆتێلەکە. ئێستا ئەگەر ڕێنێل رابینسۆن لەسەر چرپاکەی خۆی ببینێت، کە بێگومان دەیبینێت، بارودۆخ بەرەو باشی دەچێت. بە سەرنجدان لەوەی کاتێ ڕێنێل بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی لەئارادابێت، یەکسەر رابینسۆن لە ئۆتێلەکە دەباتە دەرەوە، ئەم کارەشی بە ئاسانی بۆ ئەنجام دەدرێ، چونکە تا ئێستا دەبێت رابینسۆن هاتبێتەوە سەرخۆی. پێدەچوو دلامارش ئێستا لە دەرەوەی ئۆتێلەکە چاوەڕوان بێت، تاکو رابینسۆن دەچێتە دەرەوە. هەرکە رابینسۆن لە ئۆتێلەکە دەرپەڕێندرێت، ئیدی کارل دەتوانێ بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە لەگەڵ سەرکار ڕێککەوێت، بۆ ئەم جارە تەنیا بە سزایەك، ئەگەرچی سزایەکی توندیش بێت لە کێشەکە رزگاری دەبێت. پاشان دەیتوانی راوێژ بە تریز بکات، ڕووداوەکە بە سەرپەرشتیاری چێشتخانە بڵێت یان نا؟- بەبڕوای کارل ئەم کارەی ڕێگەی لێنەدەگیرا- ئەگەر راوێژی بە تریز بکردایە، ئیدی بەیەکجاری و بێدەردیسەری لە کێشەکە رزگاری دەبوو.

بەم بیرکردنەوانە تاڕادەیەك کارل ورەی هاتەوە بەبەرداو بێ ئەوەی بە رووی خۆیدا بیهێنێت، خەریك بوو ئەو پارانەی دەژمارد کە ئەو شەوە وەریگرتبوون-چونکە هەستی دەکرد گیرفانی لە جاران قورسترە- سەرکار لیستەکەی لەسەر مێزەکە دانا و گوتی:" فیۆدۆر، بێزەحمەت خولەکێك چاوەڕوان بە." لەناکاو هەستایە سەرپێ و وەها خوڕی بەسەر کارلدا، کە کوڕەی داماو تەنیا توانی بە ترسەوە سەرنج بداتە ئەشکەوتی تاریکی زاری.

" تۆ بێ ئیزن کارەکەت بەجێ هێشتووە. ئەزانی ئەمە مانای چییە؟ مانای ئەوەیە دەردەکرێیت. ئەوە بزانە من گوێ بۆ هیچ پاساوێك ناگرم، دەتوانی پاساوە درۆزنەکانت بۆ خۆت هەڵگریت، هەر ئەوەندەی کە کارەکەت بەجێ هێشتووە بۆ من بەسە. ئەگەر ئەمجارە لێت ببوورم و وازت لێ بهێنم، هەر چل ژووربەرەکەی دیکەش فێر دەبن کە لە کاتی ئیشدا خۆیان بدزنەوە، ئەوجا دەبێت خۆم پێنج هەزار مشتەری بە کۆڵ هەڵگرم و لە قادرمەکانەوە بیانبەمە سەرەوە."

کارل هیچی نەگوت. دەرگاوانەکە لە کارل نزیك بووەوە و یەخەی چاکەتەکەی کە ئوتوەکەی تێکچبوو راکێشا. بێگومان مەبەستی لە یەخەراکێشانی کارل ئەوەبوو کە سەرنجی سەرکار بۆ جلە فەرمییەکانی ئۆتێل راکێشت، کە کەمێك تێك چووبوو.

سەرکار فزوڵانە پرسی:"ڕەنگە لەناکاو نەخۆش کەوتبیت؟"

کارل بە تەماشایەك سەرکاری قەبلاند و گوتی:" نەخێر."

سەرکار لە کاتێکدا کە دەنگی بەرز کردبووەوە، هاواری کرد:" کەوایە تەنانەت نەخۆشیش نەبوویت؟ دەبێت درۆیەکی تازەی سەرنجڕاکێشت دروست کردبێت. ئێستا پاساوت چییە؟ دەی پێم بڵێ."

" نەمدەزانی دەبێت تەلەفۆن بکەم و ئیزن وەربگرم."

سەرکار گوتی:" ئافەرین، ئافەرین." پاشان یەخەی کارلی گرت و بەرەو لای سوچی ژوورەکە رایکێشا، تاکو گەیاندییە بەردەم ئەو رێسایانەی کە بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو و پەیوەست بوو بە ژووربەرەکانەوە، دەرگاوانەکەش بەدوویاندا هات. سەرکار لە کاتێکدا ئاماژەی بۆ یەکێك لە دەقەکانی رێساکە کرد، گوتی:" ئەوەتا! بیخوێنەوە." کارل پێی وابوو دەبێت لە دڵی خۆیدا بیخوێنێتەوە. بەڵام سەرکار هاواری کرد:" بە دەنگی بەرز!"

کارل لە جێی خوێندنەوەی رێساکە، لە کاتێکدا بەهیوابوو بە کردنی ئەم قسەیە تووڕەیی سەرکار دامرکێنێتەوە، گوتی:" دەقەکە دەزانم، چونکە کۆپییەکم لێ وەرگرتووە و بە وردی خوێندوومەتەوە. بەڵام ئەو رێسایانەی کە پێویست نین، مرۆ زوو لە بیریان دەکات. دوو مانگە لێرە کار دەکەم و تا ئێستا هەرگیز شوێنی کارەکەم بەجێ نەهێشتووە."

سەرکار گوتی:" باشە، ئێستا بەجێی دەهێڵیت." و بەرەو لای مێزەکەی چوو، دووبارە لیستەکەی هەڵگرت و وای دەنواند دەیخوێنێتەوە، بەڵام وەك ئەوەی بڵێی شتێکی بێبەهایە دای بەسەر مێزەکەدا، لە کاتێکدا کە رووی سوور هەڵگەڕابوو، دەستی کرد بەهاتوچۆ و چەند جارێك هاواری کرد:" هەموو ئەم نیگەرانییە بەهۆی کوڕێکی گەلحۆوەیە! هەموو ئەم نیگەرانییە، ئەویش لە کاتی راپەراندنی کاری شەواندا!" پاشان رووی کردە دەرگاوانەکە و گوتی:" دەزانی کاتێ ئەم کوڕە ژووربەرەکەی بەجێ هێشتبوو، چ کەسێك لە خوارەوە چاوەڕێی بووە؟" ناوی کەسەکەی پێ گوت، دەرگاوانەکە هەروەکو هەموو مشتەرییەکانی ئۆتێلەکە دەیناسی و لە پێگەی کۆمەڵایەتی ئاگادار بوو، بە جۆرێ حەپەسا بە چاوێکی ئەبڵەقەوە نیگای لە کارل بڕی، تاکو باوەڕ بەخۆی بهێنێت، کارل کە ئەو کەسەی لەلای ژووربەرەکەوە خستووەتە چاوەڕوانییەوە هێشتا زیندووە!

دەرگاوانەکە سەرسامانە سەری بۆ کارل لەقاند و گوتی:" بەڕاستی ترسناکە!" کارل سەرکزانە سەیری دەرگاوانی دەکرد، بیری کردەوە دەبێ باجی بێئەقڵی و سەرسامی ئەم کابرایەش بدات. دەرگاوان لە کاتێکدا پەنجەی ئەستووری دۆشاومژەی روو لە کارل کردبوو،

گوتی:" سەرەڕای ئەمەش دەتناسم، تۆ تاقە کرێکارێکی ناو ئەم ئۆتێلەی کە هەرگیز سەلامم بۆ ناکەیت. تۆ وادەزانی کێیت؟ هەر کوڕێك کە بە بەردەم دەرگای نووسینگەی دەرگاواندا تێپەڕێت، دەبێت سەلامم بۆ بکات، لەگەڵ دەرگاوانەکانی دیکەدا بەهەرجۆرێك پێت خۆشە، وا هەڵسوکەوت بکە، بەلاّم من گرنگی بە سەلام کردن دەدەم. هەندێجار سەلام نەکردنت بە رووی پیرۆزی خۆمدا ناهێنم، بەلاّم باش دەزانم کێ سەلامم لێ دەکات و چ کەسێکیش وەك تۆی لات سەلامم لێ ناکات!" پاشان رووی وەرگێڕاو لەسەرخۆ بەرەو لای سەرکار چوو، کە لە جیاتی ئەوەی قسەیەك بۆ ئەم تۆمەتە تازەیە زیاد بکات، لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو و قاوڵتی دەخوارد، لە هەمان کاتدا تەماشای رۆژنامەی بەیانیانی ئەو رۆژەی دەکرد، کە خزمەتکارێك بۆی هێنابوو.

کارل بیری کردەوە لە ئێستادا سەرکار گوێی پێنادات و باشتر وایە بەلانیکەمەوە پەیوەندیی خۆی لەتەك سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان رێك بخاتەوە. چونکە دەیزانی سەرزەنشتەکانی دەرگاوان وەك دوژمنێك ناتوانێ زیانی پێ بگەیێنێت. بۆیە گوتی:" بەریز، من دڵنیام تاکو ئێستا بە بێ سەلام هەرگیز بە بەردەمتدا تێنەپەڕیوم. من ماوەیەکی زۆر نییە لە ئەمریکام و تازە لە ئەوروپاوە هاتووم. باشیش دەزانی لە ئەوروپا خەڵکی زۆر سەلام لەیەکدی دەکەن. هەڵبەتە هێشتا من وەك ئەوروپییەك نەمتوانیووە ئەم خووە تەرك بکەم، بۆ نموونە دوو مانگ لەمەوپێش لە نیویۆرك لە لای چەند کەسێکی بەریز بووم، هەمیشە پێیان دەگوتم زۆر ئەحواڵپرسی و سەلام دەکەم. کەچی ئێستا تۆ دەڵێیت رێزی تۆم نەگرتووە؟ لە رۆژێکدا هەمیشە چەند جارێك سەلامم بۆ کردوویت. بەلاّم هەر جارێك کە تۆم بینیبێت سەلامم بۆ نەکردووی، چونکە رۆژی سەدجار بەبەردەمتدا تێدەپەڕم."

" هەرجارێك کە دەمبینی پێویستە سەلامم بۆ بکەیت، لەمبارەیەوە هیچ قسەیەك مەکە، هەر کاتێکیش کە قسەم لەتەك دەکەی، پێویستە قنجوقیت راوەستیت و کلاّوەکەت بگری بەدەستتەوە، لەجیاتی ئەوەی پێم بڵێی(ئێوە) دەبێت پێم بڵێی(قوربان)، پێویستە هەموو جارێك بەمشێوەیە رەفتارم لەگەڵ بکەیت، هەموو جارێك."

کارل بە هێمنی لێی پرسی:" هەموو جارێك؟" و پاشان بیری هاتەوە لە سەرەتای دەست بەکاربوونیەوە لە ئۆتێل و تەنانەت لە هەوەڵین رۆژێ کە تازە دەستی بە کار کردبوو بەو واتایەی تازەکاربوو، سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان هەمیشە بە چاوێکی سەرزەنشتکارانەوە تەماشای کردووە. جارێکیان بێ ئەوەی ئاگای لەم رقەی سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان بێت،

چووبوو بۆ نووسینگەکەی و بەپێداگرییەوە لێی پرسی بوو دوو کەس نەهاتوون بۆ لام وێنەیەکم بۆ بهێنن؟"

سەرکار هێشتا خەریکی رۆژنامە خوێندنەوە بوو. سەرپەرشتیاری دەرگاوانان لە کارل نزیك بووەوە و وەها ئاماژەی بۆ سەرکار دەکرد، دەتگوت ئامرازی بەتاڵ کردنەوەی رقەکانیەتی، گوتی:" ئێستا تێدەگەیت ئەم جۆرە کارانە چیت بەسەر دێنن؟ لە داهاتوودا لە بیرت دەبێ چۆن رێز لە سەرپەرشتیاری دەرگاوانان بگریت، ئەگەر تەنانەت لە مەیخانەیەکی پیس و پۆخڵیشدا بیت."

کارل بەم قسانە تێگەیشت ئیدی بەڕاستی کارەکەی لە دەست داوە، چونکە پێشتر کە سەرکار دەستی لێ شتبوو، ئێستاش سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان بە جۆرێك ئەم مەسەلەیەی باس دەکرد، وەك بڵێی بەتەواوی بڕیاری لەسەرکارلابردنی درابێت. پێدەچوو مەسەلەی دەرکردنی ژووربەرەکان پێویستی بە بڕیاری بەڕێوەبەریی ئۆتێل نەبێت. بەلاّم لەسەرکار لابردنی کارل وەها خێرا رووی دابوو کە کارل هەرگیز چاوەڕێی نەدەکرد بەم جۆرە بێت، چونکە هەرچییەك بێت، دوو مانگ بە باشترین شێوە لەم ئۆتێلەدا کاری کردبوو، بە دڵنیاییەوە لە ژووربەرەکانی دیکەش باشتر کاری کردبوو, بەلاّم دیار بوو لە هیچ شوێنێکی دونیادا، تەنانەت لە ئەورووپاش رەچاوی ئەم مەسەلەیە نەدەکرا، ئەمریکا پێگەیەکی تایبەتی هەبوو، دادوەر بە توورەییەوە و لە یەکەمین قسەیدا فەرمانی دەرکردبوو. رەنگە باشتر وابێت ئیزن وەربگرێت و هەرچی زووترە لەم ئۆتێلە بڕوات، رەنگە هێشتا سەرپەرشتیاری چێشتخانە و ترێز نووستبن، باشتر وایە لە رێگەی نامەوە ماڵئاواییان لێ بکات، بەلانیکەمەوە رەنگە لەم رێگەیەوە بەر بەو غەمبارییە بگرێت، کە ئەگەری هەبوو لە کاتی ماڵئاوایی لە نزیکەوە بۆی دروست بکەن. ئێستا دەیتوانی جانتاکەی هەڵگرێت و بێ قرەومەشە بڕوات. ئەگەر رۆژێك زیاتر بمێنێتەوە- بەدڵنیاییەوە ئەگەر کەمێك بخەوێت ئەمە روودەدات- ئەگەری هەبوو رووداوەکە گەورەتر بێت و دوچاری ریسوایی بێت، یان هەمووان سەرزەنشتی بکەن. ئەوسا ئیدی رووبەرووی دیمەنی بەرگەنەگرتووی چاوانی پڕ لەگریانی ترێز و رەنگە سەرپەرشتیاری چێشتاخانەش بێتەوە. سەرەڕای ئەمەش رەنگە تەمێی بکەن. لەلایەکی دیکەوە رووبەرووبوونەوەی دوو دوژمن کە هەردووکیان تەشەریان لێ دەدا و بە هەڵە راڤەیان بۆ قسەکانی دەکرد، گێژی کردبوو. بۆیە ئێستا بێدەنگ ببوو لە ئارامی ژوورەکە لەزەتی دەبرد. چونکە سەرکار هێشتا خەریکی رۆژنامەخوێندنەوە بوو و سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکانیش لە تەنیشت مێزەکەوە راوەستابوو و

لاپەڕە پەرشوبلاوەکانی لیستەکەی بە پێی لاپەڕەکانیان ڕێك دەکرد، دیار بوو چاوی نزیکبینە و ڕێککردنی لاپەڕەکان بۆی کێشەیە.

دواجار سەرکار باوێشکێکی دا و ڕۆژنامەکەی خستە لاوە، بە تەماشاکردنی کارل دڵنیابوو هێشتا لەوێندەرە، بەتەلەفۆنی سەرمێزەکە زەنگێکی لێدا. چەند جارێك گوتی:" ئەلۆ، ئەلۆ..." بەلاّم کەس وەلاّمی نەدایەوە. بە سەرپەرشتیاری دەرگاوانی گوت:"وەلاّم ناداتەوە" سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان کە لە پێش چاوی کارل زۆر گرنگی بەم تەلەفۆنە دەدا، گوتی:" چارەکی دەوێت بۆ شەش، دەبێ بێدار بێت. دووبارە تەلەفۆنی بۆ بکەرەوە." بەلاّم لە ناکاو زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا. سەرکار گوتی:" من ئیسبارم[٢٧] بەیانیت باش. هیوادارم لەخەو رامنەچڵەکاند بیت! زۆر بەداخەوەم. بەڵێ، بەڵێ، چارەکی دەوێت بۆ شەش، لەوەی کە لە خەوم کردی بەڕاستی بەداخەوەم. کاتێ دەخەوی باشترە وایەری تەلەفۆنەکەت دەربهێنیت. نا، نا، هیچ بیانوویەکم نییە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی دەمەوێت لەبارەی شتێکی بێبەهاوە قسەت لەگەڵ بکەم. بەلاّم هەڵبەتە کاتم زۆرە و چاوەڕێت دەکەم، ئەگەر بخوازن تەلەفۆنەکە رادەگرم."

سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان بە سەرنجدانێکی تایبەتەوە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا چەمابووەوە بەسەر سەرکاردا، تاکو گوێ لە گفتۆگۆ تەلەفۆنییەکە بگرێت، سەرکار بەبزەوە پێی گوت:" بەدڵنیاییەوە بەجلی خەوەوە هەستابوو و تەلەفۆنەکەی هەڵگرتبوو. بەڕاستی وەڕزم کرد، چونکە بەزۆری کچە تایپیستەکە لەخەو هەڵی دەستێنێ، بەلاّم دەبێت ئەمڕۆ لەبیری چووبێت لە خەو هەڵیسێنێت. ئەگەر بە تەلەفۆنەکەی من راچڵەکیبێت، زۆر بەداخەوەم، ئەو لەکاتی ئاساییشدا هەر لەخۆوە تووڕەیە."

" بۆچی تەلەفۆنەکەی بەجێ هێشت و ڕۆیشت؟"

" بۆ ئەوەی بزانێت ئەو کچە چی بەسەرهاتووە." سەرکار ئەم قسانەی کرد و تەلەفۆنەکە دووبارە لێیدایەوە و هەڵیگرت و گوتی:" دواجار هات بۆ لات؟ تۆ نابێت هەر کێشەیەکی بچووك و سادە لەم جۆرە ئەوەندە نیگەرانت بکات. لە ڕاستیدا ئێوە پێویستتان بە پشوویەکی باش هەیە. باشە، ئێستا بگەڕێینەوە سەر مەسەلەکەی خۆمان، کوڕێکی ژووربەر لێرەیە و ناوی"- ئاوڕی دایەوە و نیگایەکی پرسیارکەرانەی لە کارل بڕی، بە سەرنجەوە گوێی لەکارل راگرتبوو کارلیش ناوی خۆی پێگوت- " کارل راسمانە. ئەگەر هەڵەم نەکردبێت، ئێوە کەمێك

---

27- isbary .

گرنگیتان پێدەدا، بەداخم کە ئەمە دەڵێم، بەلاّم ئەو نەیتوانی پاداشتی میهرەبانیتان بداتـەوە، بێ ئیزن کارەکەی بەجێ هێشتووە و منی دووچاری کێشە کردووە، تەنانەت ناتوانم ئەوەشـتان پێ بڵێم دواجار چی بەسەر دێت؟ لەبەر ئەوە دەرم کرد، هیوادارم نیگەران نەبن. چیتان گوت؟ دەرکردن، بەڵێ، دەرم کرد. بەلاّم ئێستا پێم گوتی ئیشەکەی بەجێ هێشتووە. نا، خانمی ئازیز، لەم رووەوە ناتوانم هاوڕاتان بم. ئەمە مەسەلەی بەرپرسیاریەتییە و زۆر مەترسیدارە، کـوڕێکی وا هەموو کوڕەکانی دیکە خراپ دەکات. مرۆ پێویستە بەتایبەتی لەتەك کرێکارانی ژووربەردا گەلەك بە جدی و یاسایی بجولێتەوە. نا، نا، هەرچەندە زۆر حەز دەکەم دڵی ئێوە لە خۆم رازی بکەم، بەلاّم لەم رووەوە ناتوانم رازیتان بکەم. ئەگەر سەرباری هەموو ئەو شتانە رێگەی پێبدەم لێرە بمێنێتەوە، ئەگەر بتانەوێت تەنانەت رێگە لە تووڕەبوونی منیش بگرن، بۆتان باش نییـە، بەڵێ، بۆ ئێوەش مانەوەی باش نییە، ئەم کەسە شیاوی ئەو گرنگیپێدانە نییە کـە ئێـوە پێـی دەدەن، من ئەو دەناسم و ئێوەش دەناسم، دڵنیابە جگە لە نیگەرانی شتێکی دیکـە بـە ئێـوە نابەخشێت، بەهەر نرخێك بووە، پێویستە رێگە لەم رووداوانە بگرین. ئێستا کە مـن قسـەتان لەگەڵ دەکەم، ئەو کوڕە لەبەردەممدایـە، هـەنگاوێك لەولاترمەوەیـە و بێشـەرمانە گـوێم لـێ دەگرێت. دەبێت دەربکرێت، نا، نا، بۆ هەمیشە دەربکرێت، نا، نا، ناکرێت ئیشێکی دیکـەی پێ بدرێت، من هەرگیز پێویستم پێی نییە. لە هەمان کاتدا کەسانی دیکەیش لێـی نـاڕازین، بۆ نموونە سەرپەرشتیاری دەرگاوانـەکان، بـەڵێ فیـۆدۆر، بێگومـان، فیـۆدۆر، لەبێشـەرمی و بێئەدەبی ئـەم کـوڕە ناڕازییـە، چـیتان گـوت؟ نـا تـەنیا ئەمـە بـەس نییـە. خـانمی ئـازیز بەرگریکردنتان لەم کوڕە، پێچەوانەی کەسایەتیی ئێوەیە. نا، نابێت، بەمشێوەیە مەخەرە ژێر گوشارەوە."

لەم ساتەدا سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان چەمایەوە و قسەیەکی چپاند بە گوێی سەرکاردا. ئەویش بەسەرسامییەوە تەماشایەکی کرد، پاشان وەها بە خێرایی قسەکانی سەرپەرشـتیاری دەرگاوانی بۆ تەلەفۆنەکە گواستەوە، کە کارل سەرەتا نەیتوانی لەوە تێبگات چی دەڵێت؟ کارل ناچار بە لۆژە لۆژ لێی نزیك بووەوە.

سەرکار گوتی:" خانمی بەڕێوەبەریی ئازیز، راستت دەوێت بـاوەڕ ناکـەم هەڵسـەنگاندنتان سەبارەت بە کردار و رەفتاری کەسەکان ئەوەندە خراپ بێت! ئێستا سەبارەت بەو کـوڕەی کـە ئێوە بە فریشتەی دەزانن، شتێکتان پێدەڵێم، کە دەبێتە هـۆی ئـەوەی بـە تـەواوی بیروڕاتـان لەبارەیەوە بگۆڕێت، بەداخەوەم ئەم قسانە لە زمانی منەوە دەبیستن، ئـەم ئازیزەتـان کـە بـە

نموونەی فەزیلەت و خۆپارێزی دەزانن، هەموو شەوانێکی پشووی تێدەتــەقێنێت و دەڕوات بـۆ شار و تا بەیانی ناگەڕێتەوە. بەڵی، بەڵێ، من بەڵگەم لایە، بەڵێ، بەڵگەیەکی دڵنیا. ئێســتا دەتوانن پێم بڵێن ئەو شەوانە کە دەچێتە شار بۆ گەڕان لە کوێ پــارە دەهێنێــت؟ یــان کــاتێ دەچێتە دەرەوە چۆن دەتوانێت ئەرکەکانی بە باشی راپەڕێنێ؟ ئەکرێ بە وردی پێم بڵێن لە شار چی دەکات؟ کوڕێکی سەربەگۆبەندی ئەوها دەبێت زوو خۆمانی لێ رزگار بکەین. تکا ئەکــەم ئەمەم وەك هۆشدارییەك لێ وەربگرن، کە ئاگات لەم جۆرە کەسانە بێت، کە کەس نازانێت لە پشت چ کێوێکەوە هاتوون."

کارل بە هۆی ئەو هەڵەتێگەیشتنەی کە رووی دابوو بەتەواوی خۆشحاڵ بوو، چــونکە پێــی وابوو لە چاککردنی ئەو بارودۆخەی کە بەسەریدا هاتبوو رۆڵێکی کاریگەری دەبێت، گــوتی:" بەڵام قوربان پێمواببێت بە هەڵەتێگەیشتنێك روویداوە، وابــزانم سەرپەرشــتیاری دەرگاوانــەکان پێی گوتی کە من هەموو شەوێك دەڕۆمە دەرەوە، بەڵام ئەمە راست نییە و هەموو شەوێك لە ژووری ژووربەرەکانم، هەموو کوڕەکان ئەمە دەزانن، کاتێکیش خەوم نەیەت کتێبی بازرگــانی دەخوێنمەوە، تەنانەت بۆ شەوێکیش لە ژوورەکە نەچوومەتە دەرەوە، سەلماندنی ئەمەش گەلەك ئاسانە. بەدڵنیاییەوە سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان من بە کەسێکی دیکە تێگەشتووە ، ئێستا تێدەگەم بۆچی گوتی بەبێ سەلام بە بەردەممدا تێدەپەڕێ."

لەم کاتەدا سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان مســتەکۆڵی لــە کــارل رادەوەشــاند، کــە ئەگــەر کەسێکی دیکە بووایە تەنیا پەنجەی رادەوەشاند، هاواری دەکرد:" دەمت بگرە، کەوایە دەڵێیت من بە کەسێکی دیکە لێت تێگەیشتووم، وانییە؟ بەریز ئیسباری من لــەتۆ دەپرســم، ئەگــەر وابێت کە من کەسەکانم لێ بگۆڕێ، چۆن دەمتوانی لێرە ببمە سەرپەرشتیاری دەرگاوانــەکان؟ بەدرێژای ئەو سی ساڵەی کە خزمەت دەکەم کەسم لێ نەگۆڕاوە. بەســەدان کرێکــار کــە لێــرە کاریان کردووە شایەتی ئەمەم بۆ دەدەن، ئێستا دەڵێــی کــوڕێکی بەدبــەختی وەکــو تــۆم لــێ گوراوە؟ بەم دەموچاوە بێ ردێنەتەوە چاوەڕێ دەکەی کەسێك تۆی لێی بگۆڕێت؟ دواتر ئەمە چ پەیوەندییەکی بە لێ گۆڕانەوە هەیە. تۆ دەتوانی هەموو شەوێك لەپشت سەرمەوە بەدزییــەوە بچــیت بــۆ شــار، هــەموو کەســێك بەســەرنجدانێك لــە دەموچــاوت دەزانــێ تــۆ چ ســووك و سەلیمێکیت."

پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ســەرکار لەتــەك بەڕێوەبــەریی چێشــتخانەدا لــەناکاو پچــڕا و گــوتی:" بەســە فیــۆدۆر، کێشــەکە زۆر ســادەیە، بــۆ ئێمــە گــرنگ نییــە شــەوەکانی چــۆن

دەگوزەرێنیێ. بێگومان ئەو دەیەوێت بەر لەوەی لێرە بڕوات، سەبارەت بە ژیانی شەوانەی بە فەرمی لێکۆڵینەوەی لیێ بکرێت، لاموابێت ئەوە دەکەم ئەمەی زۆر پێخۆشە. حەز دەکات هەریەك لە چل ژووربەرەکە بهێنێتە ئێرە و شایەتی بۆ بدەن، رەنگە ئەوانیش بە کەسێکی دیکە لێی تێگەیشتبن، وردە وردە دەبێت هەموو کارمەندەکان گاز بکەین و شایەتی بدەن، پاشان دەبینیت دەبێت ئۆتێلەکە بۆ ماوەیەك دابخەین، ئەگەرچی دواجار هەر بە شەق لێرە دەیکەینە دەرەوە، بەلاّم ئەو دەیەوێت بەر لە کردنە دەرەوەی پێمان رابوێرێت. کەوایە گویێ بە مەسەلەی چوونەدەرەوەی شەوانەی نادەین. تا ئێستا توانیویەتی سوار سەری ئەو ژنە دلّپاکە کە بەڕێوەبەریی چێشتخانەیە ببێت، بەلاّم ئیدی بەسە. من ئامادە نیم تەنانەت گویێ لەیەك وشەش بگرم، تۆ بە هۆی کەموکوڕیتەوە لە راپەڕاندنی کارەکەتدا لەم ساتەوە کراویتە دەرەوە. نامەیەکت پێدەدەم بیدە بە دەخلّدار و ئەویش پارەی تاکو ئەمڕۆت دەداتیێ. دەبیێ ئەوەشت پیێ بلّێم بەهۆی ئەو رەفتارانەی کە کردووتە، لەبەر خێری خۆمان مووچەی کارەکەت دەدەینیێ، ئەمەش تەنیا بۆ لەبەرچاوگرتنی حالّی سەرپەرشتیاری چێشتخانەیە."

بەر لەوەی سەرکار نامەکە واژۆ بکات، دیسانەوە تەلەفۆنەکە لێی دایەوە، پاش ئەوەی ماوەیەکی کورتخایەن گوێی بۆ کەسی بەرامبەر راگرت، هاواری کرد:" ئەم ژووربەرانە جگە لە دەردیسەری هیچ سوودێکیان نییە!" دوای ساتێك دیسانەوە هاواری کرد:" لەڕاستیدا شتێکی چاوەڕواننەکراوە!" رووی وەرگێڕاو بە سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکانی گوت:" فیۆدۆر، تکا ئەکەم مەهێلّە ئەو کوڕە بڕوات، چونکە هێشتا ئیشم پێیەتی." پاشان بە تەلەفۆنەکەدا قیڕاندی:" خێرا وەرە."

سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان دەیویست داخی دلّی بڕێژێت، چونکە تاکو ئێستا بەتەواوی نەیتوانیبوو تووڕەیی خۆی خالّی بکاتەوە. چووە لای کارل و بەتوندی بازووی گرت، بەلاّم بە بەردەوامی بەتوندی بازووی نەدەگرت، بەلّکو هەندێجار دەستی شل دەکرد، پاشان بێرەحمانە وردەوردە گوشارەکەی زیاد دەکرد، ئەوەندە گوشارەکەی بەهێز بوو، کارل پێی وابوو هەرگیز نایەوێت بازووی بەربدات، ئەوەندە ئازارەکەی سەخت بوو دونیا لەبەرچاوی کارلدا رەش دەبوو. نەك هەر بەتوندی قۆلّی گرتبوو، بەلّکو وەك ئەوە وابوو، فەرمانیان پێکردبێت بیکوژێت و بەدوای خۆیدا رایکێشێت.

هەندیێ جار لە زەوی هەلّی دەبڕی و بە جۆرێکی پرسیارکەرانە بە سەرکاری دەگوت:" رەنگە من بە کەسێکی دیکە لێی تێگەیشت بم؟ بەلّیێ، رەنگە بە کەسێکی دیکە لێی تێگەیشتبم.؟"

کاتێ سەرپەرشتیاری ژووربەرەکان بەهەناسەبڕکێ خۆی کرد بە ژووردا، کە کوڕێکی قەڵەو بوو ناوی (بێست) بوو، سەرنجی سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکانی بۆ ماوەیەك لەسەر کارل دوور خستەوە،بەمەش کارل هەستی بە ئاسوودەیی کرد. ئەوەندە ماندوو بوو، کاتێ بە چاوە سەرسامەکانی ترێزی وەك مردووی رەنگ پەڕیوو بە جلی نارێکوپێك و قژی تێکئالۆسکاویەوە لە پشت بێستەوە بینی، تەنانەت نەیتوانی بزەیەکیشی بۆ بکات. ترێز یەکسەر لێی نزیك کەوتەوە و چپەیەکی بۆ کرد:" سەرپەرشتیاری چێشتخانە زانیویەتی؟"

کارل گوتی:" سەرکار بە تەلەفۆن پێی گوت."

ترێز لە کاتێکدا چاوی بروسکەی دەدایەوە یەکسەر گوتی:" باشە، باشە."

کارل گوتی:" نا، تۆ نازانی ئەمانە چیان بۆ من هەڵبەستووە. دەبێت من لێرە بڕۆم، سەرپەرشتیاری چێشتخانە باوەڕی کردووە، تکا دەکەم لێرە مەمێنەوە، بڕۆ سەرەوە، دواتر دێم ماڵئاوایت لێ دەکەم."

" بەڵام راسمان تۆ بیر لەچی دەکەیتەوە؟ هەرچەند بخوازیت دەتوانی لای من بمێنیتەوە، هەرچییەك سەرپەرشتیاری چێشتخانە بیڵێت سەرکار بە قسەی دەکات، عاشقیەتی، لەم دواییانەدا ئەمەم بۆ دەرکەوت، کەوایە نیگەران مەبە."

" ترێز تکا دەکەم لێرە برۆ. ئەگەر تۆ لێرە بیت، ناتوانم بە باشی بەرگری لە خۆم بکەم، پێویستە بە باشی بەرگری لە خۆم بکەم، چونکە درۆی زۆریان داوەتە پاڵم. هەرچی زیاتر بتوانم باوەڕیان پێبهێنم و بەرگری لە خۆم بکەم، چانسی مانەوەم زیاتر دەبێت. کەوایە ترێز-" بەڵام بۆ بەدبەختی لەناکاو هەستی بەئازارێکی سەخت کرد و بەهیواشی گوتی:" خۆزگە ئەم سەرپەرشتیاری دەرگاوانانە بەرەڵای دەکردم! نەمدەزانی دوژمنمە. خۆ خەریکە وردم دەکات، ئەوەتا دەستم با دەدا." لە هەمان کاتدا بیری کردەوە: "ئاخر بۆچی ئەم قسانەم کرد؟ هەر ژنێك ئەم قسانە ببیستێت نیگەران دەبێت." بەر لەوەی بتوانێت ترێز بە دەستە ئازاراوییەکەی بگەڕێنێتەوە، بەرەو لای سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان هات و گوتی:" بەریز، تکا دەکەم واز لە راسمان بهێنن، ئازاری مەدەن، سەرپەرشتیاری چێشتخانە پاش خولەکێکی دیکە دەگاتە ئێرە، ئەوجا دەزانن چ هەڵەیەك روویداوە. وازی لێ بهێنن لە ئەشکەنجەدانی چ چێژێك وەردەگرن؟" پاشان دەستی سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکانی راکێشا. لە کاتێکدا سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان بەدەستێکی ترێزی بەرەو لای خۆی رادەکێشا، بەدەستەکەی دیکەی بە توندی چرنوقی لە بازووی کارل دەگرت، نەك تەنها

دەیویست ئازاری کارل بدات، بەڵکو دەتگوت پیلانێکی پێشوەختی بۆ دارِشتووە کە تا ئـەو کاتـە ئەنجامی نەدابوو، گوتی:" کیژۆڵە جوانەکە ئەمە فەرمانە، فەرمان."

ماوەیەکی پێچوو تاکو تریز خۆی لە دەستی سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان رزگار کـرد، بـۆ ئـەم مەبەستە دەیویست داوا لە سەرکار بکات، کە تا ئێستاش گوێی بۆ قسە لەسەرخۆ و هێواشـەکانی بێست دەگرت. لە ناکاو سەرپەرشتیاری چێشتخانە بەپەلە خۆی کرد بە ژووردا.

تریز بەدەنگێکی بەرز گوتی:" خودا شوکر." بـۆ چـەند سـاتێك جگـە لـە دەنگـی تریـز، لـە ژوورەکەدا دەنگێکی دیکە نەدەبیسترا. سەرکار دەستبەجێ لە جێگای خۆی هەسـتایەوە و بێسـتی خستە ئەولاوە.

" خانمی ئازیز، دواجار هاتیت؟ ئەویش لەبـەر ئـەم کێشـە بێبەهایـە؟ پـاش تەلەفۆنەکـەمان دەترسام بێیت، بەلاّم راستت دەوێت باوەڕم نەدەکرد بێیت بۆ ئێـرە. لـەو کاتـەوە تـا ئێسـتا حـاڵی ئازیزەکەتان خراپ و خراپتر بووە، پێموایە نەك تەنیا ناچارم بیکەمە دەرەوە، بەڵکو دەبێـت بینێـرم بۆ زیندان. پێویستە خۆتان بەسەرهاتەکە ببیستن." و ئاماژەی بە بێست کرد.

سەرپەرشتیاری چێشتخانە لەو کاتـەدا لەسـەر ئـەو کورسـییەی کـە سـەرکار بـۆی ئامـادەو پاکوخـاوێن دەکـرد، دادەنیشـت، گوتی:"یەکـەمجار دەمـەوێت چـەند قسـەیەك لەتـەك راسمانـدا بکەم."پاشان گوتی:" کارل تکا دەکەم کەمێك وەرە پێشترەوە." کارل بە قسەی کـرد، یـان باشـتر وایە بگوترێ سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان پاڵی پێوەنا. سەرپەرشتیاری چێشـتخانە بـە تووڕەییـەوە گوتی:" وازی لێبێنە. خۆ تاوانی نەکردووە!" سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان بە تەواوی بەرەڵای کرد، بەلاّم بەر لەوەی بەرەڵای بکات، وەها بێرەحمانە چرِنوقی لە کارل گرت، کە لەبـەر بـەهێزی چـاوانی پرِبوون لە ئاو.

سەرپەرشتیاری چێشتخانە لە کاتێکدا بە ئارامی دەستی لەسەر داوێنی دانابوو لـەژێر چـاوەوە سەیری کارلی دەکرد- هەڵبەتە تەماشاکردنی بەمەبەستی لێکۆڵینـەوە نـەبوو- گـوتی: " کـارل، سەرەتا دەمەوێت پێت بڵێم هێشتا متمانەی تەواوم پێت هەیە. لە هەمان کاتدا دەبێ ئـەوەش بڵـێم سەرکار کەسێکی دادپەروەرە، دڵنیات دەکەمـەوە، ئەگـەر کـارێکی وابکـەیت کـە بتوانیـت لێـرە بمێنیتەوە، ئێمە هەردووکمان لە ناخی دڵەوە خۆشحاڵ دەبین."- لەم کاتـەدا نیگایـەکی کـورتی لـە سەرکار بری، دەتگوت بەم نیگایە لێی دەپارِایەوە خۆی هەڵنـەقورتێنێت، هەڵبەتـە ئـەویش خـۆی هەڵنەقورتاند- " کەوایە تا ئێستا هەرچیت پێ گوتراوە لەبیری بکە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە نابێـت قسەکانی سەرپەرشتیاری دەرگاوانـەکان زۆر بـە هەنـد وەربگریـت. چـونکە کەسـێکی تووڕەیـە و

کارەکەشی واپێویست دەکات تووڕە بێت، بەڵام ئەویش ژن و منداڵی هەیە و دەزانێت کوڕێکی وەك تۆ کە پێویستە ژیانی خۆی دابین بکات، نابێت لەوە زیاتر ئەشکەنجە بدرێت، چونکە ئەویش بەشە ئەشکەنجەی خۆی لە خەڵکانی دیکەی دونیا وەردەگرێت."

تاڕادەیەك ئارامی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا، سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان نیگایەکی لە سەرکار بڕی، وەك بڵێی چاوەڕێی ئەوە بوو قسەیەك لە قازانجی ئەو بکات، سەرکار تەماشای سەرپەرشتیاری چێشتخانەی کرد و سەرێکی بۆ لەقاند. بێستی ژووربەریش لە پشت سەرکارەوە بزەیەکی گەلحۆیانەی کرد. ترێزیش لە تاو ئاوێتەیەك لە خۆشی و خەمدا، بەئارامی دەگریا و هەوڵی دەدا ئەوانی دیکە سەرنجی لێ نەدەن.

سەرباری ئەوەش، ئەگەرچی دەکرێت ئەم کارەی کارل بە هەڵە راڤەی بۆ بکرێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەك تەماشای سەرپەرشتیاری چێشتخانەی نەکرد و چاوانی لە عەردی ژوورەکە بڕیبوو، ئەگەرچی گەلێك حەزی دەکرد تەماشای بکات. کارل هێشتا ئازاری دەستی گەلەك زیاد بوو، قۆڵی کراسەکەی بە شوێنە رنراوەکانی دەستیەوە دەنووساند. دەبوو چاکەتەکەی داکەنێت تاکو تەماشای برینەکانی بکات. هەڵبەتە سەرپەرشتیاری چێشتخانە قسەکانی لە دڵسۆزییەوە بوون، بەڵام سەرباری ئەوەش وا دەهاتە پێش چاو شێوەی رەفتارەکانی بە جۆرێکە، ئەوانی دیکەی خستبووە گومانەوە، میهرەبانی سەرپەرشتیاری چێشتخانە لە بەرامبەر کارلەوە گەمژانەیە و دۆستایەتییەکەشی لەماوەی ئەم دوو مانگەدا ساختە بووە، حەقی وایە بدرێتە دەست سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان.

سەرپەرشتیاری چێشتخانە درێژەی بە قسەکانی دا:" ئەمەم بۆیە پێ گوتی تاکو وەڵامێکی رێك و رەوانم بدەیتەوە، چونکە ئەگەر بەباشی تۆم ناسیبێت، دەزانم بە رێك و رەوانی وەڵامم دەدەیتەوە."

بێست، لەناکاو زۆر بەئەدەبەوە بەڵام گەلەك دەستەپاچانە گوتی:" تکا دەکەم رێگەم بدەن، بڕۆم دکتۆر گاز بکەم، چونکە پێدەچێت ئەو پیاوە لەتاو خوێن بەربوونی بمرێت."

سەرکار بە بێستی گوت: " بڕۆ." و یەکسەر چوو. پاشان بە سەرپەرشتیاری چێشتخانە گوتی:"بەسەرهاتەکە ئەمەیە. سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان بە گاڵتە ئەو کوڕەی نەگرتووە. لەخوارەوە لە ژووری ژووربەرەکان، کەسێکی بەتەواوی مەست و نامۆیان دۆزیوەتەوە، کە زۆر بە وردبینی چەرچەفیان بەسەردا داوە و لەسەر یەکێك لە چرپاکان خەواندوویانە. کوڕەکان لەخەو هەڵیانساندبوو ویستبوویان بیکەنە دەرەوە، بەڵام کەسەکە دەستی کردووە بە هاتوهاوار و

گوتوویەتی، ئەمە ژووری کارل راسمانە و من میوانی ئەوم و ئەو هێناومی بۆ ئێرە، هەرکەسێك دەستم بۆ بەرێت پێستی سەری لێ دەکەمەوە. لە هەمان کاتدا گوتوویەتی، دەبێت لەوێ بمێنێتەوە تاکو کارل راسمان دەگەڕێتەوە، چونکە راسمان بەڵێنی پێداوە پارەی بداتێ و رۆیشتووە پارەی بۆ بهێنێت. خانمی ئازیز تکا ئەکەم سەرنج لەم قسانە بدەن: " بەڵێنی پارەی پێداوە و چووە پارە بهێنێت." کارل کە تەماشای ترێزی دەکرد گوتی:" راسمان باش گوێم لێبگرە بزانە چی دەڵێم." ترێز بە جۆرێ سەرنجی لە کارل بڕیبوو، دەتگوت جادووی لێکراوە، بەردەوام تەڵەقژێکی سەرتەوێڵی لادەدا، یان نەویستانە دەستی بە تەوێڵیدا دەهێنا.

سەرکار درێژەی دایە:" رەنگە پێویست بێت هەندێك لە ئەرکەکانی خۆت وەبیر بهێنمەوە، چونکە ئەو پیاوەی کە لە خوارەوە چاوەڕێتە، گوتوویەتی کە گەڕایتەوە بۆ لای، شەو لەگەڵ گۆرانیبێژێکی ژندا بەسەر دەبەن، کە کەس ناوی نازانێت. چونکە ئەو کابرایە هەرکات ناوی گۆرانیبێژەکەی هێناوە، دەستی کردەوە بە گۆرانی گوتن." لێرەدا سەرکار لە قسەکردن راوەستا، چونکە سەرپەرشتیاری چێشتخانە کە ئێستا بەتەواوی رەنگی پەڕیبوو، کورسییەکەی کەمێك کێشایە دواوە و هەستایەوە.

سەرکار گوتی:" ئەوەی دیکە بۆ دوایی؟"

سەرپەرشتیاری چێشتخانە قۆڵی گرت و گوتی:" نا، تکا ئەکەم، نا، تکا ئەکەم بەردەوام بە. پێویستە لەم بارەیەوە هەموو شتێك بزانم، هەر لەبەر ئەمەیە هاتووم بۆ ئێرە."

سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان هەنگاوێك هاتەپێشەوە و دای بەسەر سنگی خۆیدا، تاکو ئەوە نیشان بدات، کە یەکەم کەس ئەو بووە لەهەموو شتێك تێگەیشتووە. سەرکار بە گوتنی:" بەڵێ، فیۆدۆر، تۆ راست دەکەی" هەم هێوری کردەوە و هەم لەجێگای خۆی داینیشاند.

سەرکار درێژەی دایە و گوتی:" قسەیەکی دیکەم نییە، کوڕەکان خۆتان دەزانن چۆنن، یەکەمجار بە بینینی کابرا پێکەنیبوون، پاشان لەگەڵی بەشەڕ هاتبوون، چونکە بۆکسوەشێنی باشیان تێدایە، ئەوەندەیان تێهەڵدابوو لە پێیان خستبوو، تا ئێستا نەموێراوە لێیان بپرسم کوێی خوێناوی بووە و چەند شوێنی لەشی بریندارە؟ چونکە کوڕەکان حەزیان لە بۆکسێنە، مەستێکی ئاوهاش دەستئاوێژ۲۸ێکی باشە بۆ کیکبۆکسێن."

---

۲۸ دەستئاوێژ: وەسیلە. فەرهەنگی کوردستان. م. هەژار موکریانی

سەرپەرشتیاری چێشتخانە دەستێکی خستە سەر دەسکی کورسییەکە و تەماشایەکی کورسییەکەی کرد کە تازە لەسەری هەستابوو، گوتی:" راسمان تکا دەکەم قسەیەك بکە!" تریز بە پەلە خۆی گەیاندە سەرپەرشتیاری چێشتخانە و دەستەو داوێنی بوو، ئەمە شتێك بوو کە کارل تا ئەو کاتە نەیبینیبوو. سەرکار کە لە پشت سەرپەرشتیاری چێشتخانەوە راوەستابوو، لەسەرخۆ یەخە بچووك و جوانەکەی کە کەمێك نووشتابووەوە چاك دەکرد. سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان کە لە نزیك کارلەوە راوەستابوو، گوتی:" قسە نەکەی!" بەلاّم ئەم قسەیەی تەنیا لەبەر ئەوە کرد، تاکو ئەو مستەکۆڵەی کە کێشای بە پشتی کارلدا بیشارێتەوە. کارل کە بەم مستەکۆڵە ئیرادەی لاواز ببوو، گوتی:" راستە، من ئەو کابرایەم هێناوەتە ژوورەوە."

سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان کە وەك بڵێی لە جیاتی هەموو ئامادەبووان قسە دەکات، گوتی: "ئێمە تەنیا دەمانویست ئەمە بزانین." سەرپەرشتیاری چێشتخانە بە پەشۆکاوی بەرەو لای تریز و سەرکار گەڕایەوە.

کارل درێژەی دا بە قسەکانی:" بەدەست خۆم نەبوو، ئەم کابرایە کەسێکە کە پێشتر ئاشنام بووە، پاش دوو مانگ لەیەکدی ناسینمان هاتووە ببینێت، بەلاّم ئەوەندە مەست بوو، نەیدەتوانی خۆی بەپێوە راگرێت و لێرە بڕواتە دەرەوە."

سەرکار کە لە تەنیشت سەرپەرشتیاری چێشتخانەوە راوەستابوو، وەك بڵێی لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات، گوتی:" کەوایە بۆ سەردانت هاتبوو، پاشان ئەوەندە مەست بوو نەیدەتوانی بڕواتە دەرەوە." سەرپەرشتیاری چێشتخانە قسەیەکی چپاند بە گوێی سەرکاردا، یەکەمجار ناڕازی بوو پاشان بەجۆرێك پێکەنی، کە دیار بوو پەیوەندی بەکارلەوە نییە. تریز- کە کارل سەرنجی لێ بڕیبوو- بە نائومێدییەکی تەواوەوە روخساری بە روخساری سەرپەرشتیاری چێشتخانەوە نووساندبوو و تەماشای هیچی نەدەکرد. تەنیا کەسێك کە لە قسەکانی کارل بەتەواوی رازی بوو سەرپەرشتیاری چێشتخانە بوو، چەند جارێك ئەم قسانەی دووبارە کردەوە:" بەتەواوی راستە، کاتێ کەسێك هاوڕێکەی مەست بێت، پێویستە ئاگای لە هاوڕێکەی بێت." پاشان تەماشای ئەوانی دیکەی دەکرد و دەستی بە حەواوە رادەوەشاند، هەوڵی دەدا ئەوانیش پشگیری لە قسەکانی بکەن.

کارل گوتی:" کەوایە خەتای منە." و پاشان راوەستا، وەك بڵێی لە دادوەرەکانی چاوەڕێی بیستنی قسەگەلێکی میهرەبانانە بوو، کە قسەکانیان بوێری پێ ببەخشن، تاکو لەسەر بەرگریگردنی خۆی بەردەوام بێت، بەلاّم ئەوان هیچ قسەیەکیان نەکرد. " کەوایە خەتای من بووە،

چونکە بردوومەتە ژووری ژووربەرەکانەوە. ناوی رابینسۆنە و خەڵکی ئێرلەندایە. هەرچییەکی گوتووە لەبەر ئەوە بوو مەست بووە و ئەسڵی نییە."

سەرکار گوتی:" کەوایە تۆ بەڵێنی پارەت پێنەداوە؟"

کارل گوتی:" بەڵێ." لەوەی کە ئەمەی لەبیر چووبوو بیڵێت بەداخ بوو، چونکە دەستەپاچە و پەشۆکاو بوو، کاتێ بێتاوانی خۆی دەربڕیبوو، زیاد لە پێوست و لێبڕاوانە قسەی کردبوو. "بەڵێنی پارەم پێدابوو، چونکە داوای لێکردبووم. بەلاّم بەنیاز نەبووم بۆی بەرم، تەنها دەمویست ئەو پارە وردەی کە ئەمڕۆ بەپاداش پێیان دابووم بیدەمێ." بۆ سەلماندنی قسەکانی پارەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و چەند سکەیەکی وردەی نیشان دان.

سەرکار گوتی:" تۆ خەریکە کێشەکە ئاڵۆزتر دەکەیت، ئەگەر باوەڕ بەم قسانەت بکەین، دەبێ قسەکانی پێشترت لەبیر بکەین، یەکەم جار ئەم کابرایەت بردە ژوورەوە- تەنانەت من باوەڕ ناکەم ناوی رابینسۆن بێت، چونکە لەوەتەی من ئێرلەندییەکان دەناسم، هیچ ئێرلەندییەکم نەبینیوە ناوی رابینسۆن بێ- یەکەم جار بردتە ژوورەوە- دەبێ ئەوەت پێ بڵێم هەر هێنانە ژوورەوەی بەسە بۆ ئەوەی لە سێدارەت بدەم- بەلاّم بەڵێنی پارەت پێ نەداوە، لە هەمان کاتدا، کاتێ پرسیارت لێ دەکەین، وادێتە پێش چاو بەڵێنی پارەت پێداوە. ئێرە خۆ منداڵ بازاڕی نییە، پێویستە پێت بڵێم پێویستە کارەکانتمان بۆ روون بکەیتەوە. یەکەم جار بەنیاز نەبووی پارەی بۆ بهێنی، تەنیا دەتویست ئەو وردەپارانەی بدەیتێ کە ئەم شەو وەرتگرتووە، کەچی هێشتا ئەو پارانەت لە گیرفاندایە، کەوایە بەنیاز بووی پارەی زیاتری بۆ ئامادە بکەی، ئامادەنەبوونی درێژخایەنیشت ئەمە دەسەلمێنێ. بەم پێیە سەیر نییە، ئەگەر گومانی بکەین دەتویست لە جانتاکەتدا پارەی بۆ بهێنیت، بەلاّم سەیر ئەوەیە بێشەرمانە نکۆڵی لەم کارە دەکەیت و ناتەوێت دان بەوەشدا بنێیت، کە لەناو ئەم ئۆتێلەدا ئەوت مەست کردووە، هەڵبەتە بێگومان ئەم کارەت ئەنجام داوە، چونکە خۆت دانت بەوەدا نا، بەپێی خۆی هاتووە بۆ ئێرە، بەلاّم نەیتوانیوە بە پێی خۆی بڕواتە دەرەوە. لە ژووری ژووربەرەکانیش بە هەمووانی گوتووە میوانی تۆیە. کەوایە ئێستا دوو شت شاراوەیە و ئەگەر دەتەوێت دووچاری دەردیسەری نەبیت خۆت دەتوانیت ئەو دوو شتەمان پێ بڵێی، هەڵبەتە بێ ئەوەی پێت بڵێم، دەکرێت بە تەواوی بۆمان بسەلمێنی: یەکەم چۆن توانیت بڕۆیت بۆ هەمبارەکە، دووەم ئەم هەموو پارەیەت لە کوێ هێنا کە بە کەسێکی دیکەی بدەیت؟"

کارل بە خۆی گوت:" کاتێك نیاز پاکی لە ئارادا نەبێت، مەحاڵە کەسێك بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات." ئەگەرچی بێدەنگی ترێز ئازاری دەدا، بەلاّم وەلاّمی سەرکاری نەدایەوە. دەیزانی

هەرچییەك بڵێت باوەڕی پێناکەن، راڤەی کردەوەکانی بەخراپ و بەچاك پەیوەنـدیی بـەو کەسـانەوە هەبوو کە دادوەرییان دەکرد.

سەرپەرشتیاری چێشتخانە گوتی:" وەڵاّم ناداتەوە."

سەرکار گوتی:" باشترین کارێك کە دەتوانێت بیکات هەر بێدەنگییە."

سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان ئەو دەستەی کە پێشتر بەتووڕەییەوە رایدەوەشـاند، ئێسـتا ئـارام ببووە، هێنایی بەرپیشدا و گوتی:" بەم زووانە شتێکی وەبیر دێتەوە."

سەرپەرشتیاری چێشتخانە کە ترێز لە تەنیشتییەوە دەگریا، پێی گوت:"  ئـارام بـە، دەبینیـت وەڵاّمێکی پێ نییە بمانداتێ، کەوایە من دەتوانم چی بۆ بکەم؟ سەرباری ئەوەیش مـن لەبـەر چـاوی سەرکار خراپ بووم. ترێز پێم بڵێ بە بڕوای تـۆ لـە بەرامبەرییـەوە خەمسـارد بـووم؟" ترێـز چـۆن دەیتوانی وەڵاّمی بداتەوە؟ تازە ئاشکراکردنی رازێکی وەها لە بەردەم ئەم دوو پیاوەدا چ سـوودێکی هەبوو؟

کارل ئێستا کە دووبارە توانیبووی بەسەر خۆیدا زاڵ بێت، تەنیا لەبەر ئەوەی ترێز لە نیگـەرانی وەڵاّمنەدانەوەی رزگار بکات، گوتی:" خانم، پێم وانییە بووبێتمە هۆی ناوزڕاندنی ئێوە، ئەگەر ئـەم لێکۆڵینەوەیە بە رێکی ئەنجام بدرێت، هەموو کەسێك پشتگیری لە من دەکات."

سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان لە کاتێکدا بە پەنجە ئاماژەی بۆ سـەرکار دەکـرد، گـوتی:" هـەر کەسێك، مەبەستی لە ئێوەیە بەریز ئیسباری."

بەریز ئیسباری گوتی:" خانم، ئێستا کاتژمێر شەش و نیوە و بە رادەی پێویست سـەبارەت بـەم بابەتە قسەوباسمان کرد. پێم باشە سەبارەت بەم مەسەلەیە دوا قسەتان بکەن، چونکە تـاکو ئێسـتا لەمبارەیەوە بە پشوودرێژییەکی لەرادەبەدەرەوە قسەمان کردووە."

جیاکۆمۆی بچووك هاتە ژوورەوە، ویستی بەرەو لای کارل بڕوات، بەڵاّم لەبەر ئەو بێدەنگییـەی کە باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو، ترسا و خۆی کۆ کردەوە.

لەو کاتەوەی کارل دواهەمین قسەی خۆی کردبـوو، سەرپەرشـتیاری چێشـتخانە چـاوی لەسـەر هەڵنەدەگرت، واش دەرنەدەکەوت کە گوێی لەقسەکانی سەرکار گرتبێت. چاوەکانی رێك لـە کـارل بڕیبوو، چاوە درشت و سەوزەکانی کە بەهۆی چوونە تەمەن و کێشە زۆرەکانیەوە کـەمێك بـێ هێـز ببوون. هەر بەو جۆرەی کـە لەوێـدا راوەسـتابوو بەهێواشـی کورسـییەکەی بـەردەمی دەجووڵانـد، وادەهاتە پێش چاو هەموو ساتێك دەیـەوێت بڵێـت:" باشـە، کـارل، پـاش ئـەوەی بـیرم کـردەوە، مەسەلەکەم هێشتا بەلاوە روون نییە، هەر بەو جۆرەی کە گوتـت، پێویسـتی بـە لێکۆڵینەوەیـەکی

وردتــره. ئێســتا ئێمــه دەمانــەوێت لێکۆڵینەوەیــەکی ورد بکــەین، گرنگــی بــەوە نــادەین کــێ سەردەکەوێت و کێ دەدۆڕێت، چونکە پێویستە دادپەروەری پیادە بکرێت."

بەڵام لەجیاتی چاوەڕوانییەکەی کارل، سەرپەرشتیاری چێشتخانە لە پاش بێدەنگییەکی کـورت، کە هیچ کەس نەیدەوێرا بیشـکێنێت- هەڵبەتـە جگـە لـە کاتـژمێری دیوارەکـە کـە بـە لێـدانی زەنگەکانی قسەکانی سەرکاری پشتڕاسـت کـردەوە، هـەموو کاتـژمێرەکانی دیکـەی سەرانسـەری ئۆتێلەکە بە زەنگە بێ فەرەکانیان، کە وەك دەنگێکی بەرزی بێ ئۆقرەییەکی مـەزن، دەسـتیان بـە لێدان کرد- گوتی:" نا، کارل، نا، نا! ئیدی ئێمە گوێ بۆ ئەم قسانە راناگرین. کـاتێ کردەوەکـانی کەسێك دروست بن، بە دروستی دەردەکەون، دەبێت دان بەوەدا بنێم، کە کردەوەکانت بـە دروسـتی ناکەونە پێش چاو. حەق بە خۆم دەدەم کە ئەم قسانەت بەرامبەر بکەم، ناچـارم ئـەم قسـانەت پـێ بڵێم و ئەرکی سەرشانمە کە پێتی بڵێم، چونکە هاتم بۆ ئێرە تاکو بە دڵ و بەگیان بەرگریت لێ بکەم. دەبینیت ترێزیش بێدەنگ بووە."

(بەڵام ترێز بێدەنگ نەبوو، بەڵکو دەگریا.)

سەرپەرشتیار قسەکانی پێ بڕی، وەك بڵێی لـەناکاو بڕیـاری دا، پاشـان گـوتی:" کـارل، وەرە ئێرە." کاتێ کارل چووە لای سەرپەرشتیارەوە- سەرکار و سەرپەرشـتیاری دەرگاوانـەکان یەکسـەر بەدوایدا بە ئارۆزیانەوە دەستیان کرد بەقسەکردن- سەرپەرشتیاری چێشتخانە دەستی چـەپی کـردە ملی کارل و لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەوسەری ژوورەکەی برد، ترێزیش نەویستانە تاکو ئەوسـەری ژوورەکـە بەدوایاندا چوو، پاشان لەگەڵیاندا بەناو ژوورەکەدا دەستی کرد بە هاتوچۆ.

سەرپەرشتیاری چێشتخانە گوتی:" کـارل ئـەم رووداوانـە رێیـان تێدەچـێت، وەك بڵێـی تـۆش پەسەندیان دەکەی و بێدەنگی، ئەگینا لـە راسـتیدا مـن نـازانم چیت لەگـەڵ بکـەم، نـازانم ئایـا لێکۆڵینەوە دەتوانێت ئەو کارانەی کە کردووتە یەك یەك پاساویان بۆ بهێنێتەوە. بۆچـی پاسـاو بـۆ کارەکانت ناهێنیتەوە؟ڕەنگە سڵاوت لە سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان کردبێت، من دڵنیام کردووتە، هەڵبەتە منیش سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان باش دەناسم، دەبینی هێشتا من بەتـەواوی لەگەڵتـدا ڕووڕاستم. بەڵام ئەو پاساوگەلە بچووکەی کە هێناتەوە یارمـەتیت نـادەن. سـەرکار زانیارییـەکانی سەبارەت بە خەڵکی، بەدرێژایی ئەم ساڵانە بە بـەها بـووە و لـە هـەموو کەسـێکی دیکـە زیـاتر متمانەم پێی هەیە. سەرکار بە روونی خەتاکانتی خستە روو، دەبێ ئـەوەش بڵـێم کـە تاوانـەکانت پێویستیان بە لێکۆڵینەوە نییە. ڕەنگە تۆ بێ بیرکردنەوە ئەم خەتایانەت کردبێت، بەڵام ڕەنگـە تـۆ ئەو کوڕە نەبیت کە من بیرم لێ دەکردەوە." لەگەڵ گوتنی ئەم قسانەدا، قسەکانی بڕی و نیگایەکی

توندی له سەرکار و سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان بڕی و گوتی:" هێشتا لاموایە تۆ لە ناخەوە کوڕێکی باشیت."

سەرکار که ئاگای له نیگاکەی بەڕێوەبەر بوو، وەك هۆشدارییەك گوتی:" خانم! خانم!"

سەرپەرشتیاری چێشتخانه گوتی:" کارەکەمان له ماوەی خولەکێکدا تەواو دەکەین." و بەپەلە دەستی کرد بە ئامۆژگاری و سەرزەنشکردنی کارل: " ئەوەندەی کە تا ئێستا لە مەسەلەکە تێگەیشتبم، دەتوانم بڵێم خۆشحاڵم بەوەی که سەرکار نایەوێت لێکۆڵینەوەکە دەست پێ بکات، چونکه ئەگەر لێکۆڵینەوەت لێبکات، لەبەر تۆش بێت، پێویسته رێگەی لێ بگرم. نابێت کەس بزانێت چۆن و لەکوێ ئەم پیاوه مەیخۆرەت تووش بووه، پیاوێك که ناکرێت به یەکێك له هاوڕێکانی پێشووت بژمێرێت، چونکه هەروەکو خۆت گوتت، کاتێك لەگەڵیاندا جیابوویتەوه شەڕێکی توندت لەگەڵ کردبوون، کەوایه چ پێویست دەکات ئێستا لەگەڵ یەکێکیاندا هاوڕێ بیت؟ کەوایە دەبێت ئەم کەسه یەکێك بێت لەو کەسانەی که شەوێك له شەوان له مەیخانەیەکی شاردا ناسیبێتت. کارل چۆن توانیت ئەم شتانه له من بشاریتەوە؟ ئەگەر بەڕاستی نەتدەتوانی لە ژووری ژووربەرەکاندا بمێنیتەوه و ناچاربووی بێ هیچ هۆیەك شەوان پیاسه بکەیت، بۆچی لەمبارەیەوه هیچت پێ نەگوتم؟ خۆت دەزانی من دەمویست ژوورێکی تایبەتت پێ بدەم، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆت نەتویست چاوپۆشیم لێ کرد. دیاره ژووری نووستنی گشتیت پێ باشتر بوو، چونکه هەستت دەکرد لەوێندەر ئازادتری. هەمیشه پارەکانت لەناو سندووقەکەی مندا دادەنا، ئەو پارەیەی کە هەفتانە وەرت دەگرت بۆ منت دەهێنا، کەوایه تو خودا پێم بڵێ له کوێ پارەت بۆ گەڕانت دەهێنا؟ دەتویست لە کوێ پاره بۆ هاوڕێکەت بهێنی؟ هەڵبەته ئەمانه شتگەلێکن ئێستا من ناتوانم به سەرکاریان بڵێم، چونکه ئەگەر پێی بڵێم لێکۆڵینەوەت لێ دەکات. کەوایه پێویسته لەم ئۆتێله بڕۆیته دەرەوە، هەتا زووتریش بڕۆیت باشتره. راستەوخۆ بڕۆ بۆ ئۆتێلەکەی برێنەر[٢٩] - پێشتر چەند جارێك لەگەڵ ترێز بۆ ئەوێندەر چوویت-ئەگەر ئەمەیان نیشان بدەیت، بەخۆڕایی جێگەت دەکەنەوه." بێ ئەوەی قسەکانی ببڕێت، قەڵەمێکی رەنگ ئاڵتونی لەناو بلوزەکەی دەرهێنا و چەند دێڕێکی لەسەر کارتێك نووسی" لەپاش گەیشتنت، یەکسەر جانتاکەت بۆ دەنێرم. ترێز بڕۆ بۆ ژووری خۆگۆڕینی ژووربەرەکان و جانتاکەی بۆ بهێنه!" بەڵام ترێز له شوێن خۆی نەجوولا، چونکه دەیویست هەر بەو

29- Brenner.

جۆرەی کە تاکو ئێستا بەرگەی ئەو هەموو ئێش و ئازارەی گرتووە، لە ئێستایشدا هاوبەشی بارودۆخی باشی کارل بکات، کە بە هەوڵی دڵسۆزانەی سەرپەرشتیاری چێشتخانە دەهاتە دی.

کەسێك بێ ئەوەی خۆی نیشان بدات، دەرگاکەی لاترەك[٣٠] کرد و یەکسەر دایخستەوە، رەنگە ئەم دەرگا کردنەوەیە بۆ جیاکۆمۆ جۆرێك بێت لەبیرهێنانەوە، چونکە جیاکۆمۆ یەکسەر هاتەپێشەوە و گوتی:" راسمان پێویستە قسەت لەگەڵ بکەم."

کارل لە کاتێکدا سەرکزانە راوەستابوو، گوێی دەگرت، بەڕێوەبەری چێشتخانە کارتەکەی خستە گیرفانی و گوتی:" دەقەیەك سەبر بکە، پارەکەت بۆ هەڵدەگرم، خۆت دەزانیت ئەگەر پارەکەت لای من بێت، لە شوێنێکی ئەمیندایە. ئەمڕۆ لە ژوورەکەتدا بمێنەوە و بیر لە بارودۆخی خۆت بکەوە، بەیانی- ئەمڕۆ کاتم نییە، هەر ئێستاکەش کاتێکی زۆرم لەکیس چووە- دەڕۆم بۆ لای برێنەر، بزانم دەتوانم چیت بۆ بکەم. دەبێ تا ئێستا لەمە تێگەیشتبیت، کە من هەروا بەرەڵات ناکەم. پێویست ناکا نیگەرانی داهاتووت بیت، تەنیا ئەوەندە هەیە، لەبیری ئەم چەند حەوتووەی داهاتوودا بە."
دەستی هێنا بەسەر شانی کارلدا و پاشان بەرەو لای سەرکار چوو. کارل سەری بەرز کردەوە و تەماشای سەرپەرشتیاری چێشتخانەی دەکرد. سەرپەرشتیاری چێشتخانە بە شەقاوێکی خێرا بەلاّم بە ویقارێکی تەواوەوە دوور کەوتەوە.

ترێز کە لە تەنیشت کارلەوە راوەستابوو، گوتی:" زۆر باشە، خۆشحاڵ نیت بەوەی هەموو شتێك بە سوودی تۆ تەواو بووە؟"

کارل گوتی:" ئۆ، بەڵێ." و بزەیەکی بۆ ترێز کرد، بەلاّم نەیدەزانی لە کاتێکدا کە بەتاوانی دزی کردوویانەتە دەرەوە، بۆ خۆشحاڵ بێت؟ چاوانی ترێز لە خۆشحاڵیاندا بریسکەیان دەدایەوە، وەك بڵێی بۆی گرنگ نەبوو، ئاخۆ کارل کارێکی خراپی کردووە یان نا؟ ئایا مەحکوومکردنی دادپەروەرانەیە یان نا؟ بۆ ترێز هەر ئەوە بەس بوو، کە رێگە بە کارل بدەن هەڵبێت، ئیدی بۆی گرنگ نەبوو بە شێوەیەکی رێزدارانەیە یان شەرمەزارانە. ئیدی ترێز بەم شێوەیە بیری دەکردەوە، ترێزێك کە لەبارەی ئەو شتانەوەی کە بە خۆیەوە پەیوەست بوون هێند ورد بوو، کە هەموو قسەیەکی سەرپەرشتیاری چێشتخانەی بە گومانەوە سەیر دەکرد و لە مێشکیدا حەوتوویەك لێی دەکۆڵییەوە.

---

٣- لاترەك: کرانەوەی دەرگاییە کە تەنها کەمێکی کرابێتەوە.

کارل له پاش بیرکردنەوە گوتی:" دەکرێ ئەو تکایەت لێ بکەم، کە جانتاکەم بۆ کۆکەیتەوە و یەکسەر بۆم بێنیتە خوارەوە؟" تریز نەویستانە بەسەرسامییەوە سەری بۆ لەقاند و یەکسەر تێگەیشت چی لە ئارادایە، چونکە جانتاکەی کارل شتگەلێکی تێدابوو، کە نەدەبوو کەس بیانبینێت. تریز تەنانەت دەرفەتی نەبوو تەماشایەکی کارل بکات، یان تەوقەی لەتەك بکات، تەنیا توانی ئەم قسانە بە گوێیدا بچپێنێت:" بەدڵنیاییەوە کارل، لەماوەی خولەکێکدا جانتاکەت بۆ کۆ دەکەمەوە." ئەمەی گوت و رۆیشت.

بەڵام ئیدی جیاکۆمۆ نەیدەتوانی رێگە لە خۆی بگرێت، لەوە زیاتر چاوەڕوان بێت، هەر بۆیە ئۆقرەی لێ بڕابوو و هاواری کرد:" راسمان، ئەو کابرایە لە راڕەوەکەدا کردوویەتی بە هاتوهاوار و ناڕوات. دەیانەوێت بینێرن بۆ نەخۆشخانە و ناڕوات، دەڵێت کارل هەرگیز رێگە نادات من بنێرن بۆ نەخۆشخانە، دەبێت تاکسیم بۆ بگرن و بمنێرنەوە بۆ ماڵەوە، دەبێت کارل پارەی تەکسییەکەم بۆ بدات. کارل تۆ ئامادەی پارەی بۆ بدەیت؟"

سەرکار گوتی:" کابرا زۆر پشتی پێ دەبەستێت" کارل شانی هەڵتەکاند و پارە وردەکەی خستە دەستی جیاکۆمۆوە و گوتی:" هەرچییەکم هەیە، هەر ئەمەیە."

جیاکۆمۆ لە کاتێکدا یاری بە پارە وردەکە دەکرد و زرەی دەهات، گوتی:" دەمەوێت لێت بپرسم، حەز دەکەیت بە تاکسیەکە لەگەڵی بڕۆی؟"

سەرپەرشتیاری چێشتخانە گوتی:" نا، نایەوێت بڕوات."

سەرکار بێ ئەوەی چاوەڕێ بکات جیاکۆمۆ بڕواتە دەرەوە، گوتی:" باشە، راسمان ئیدی تۆ دەرکراویت." سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان چەند جارێك سەری لەقاند، وەك بڵێی قسەکانی سەرکار هەمان ئەو قسانە بوون، کە ئەو دەیویست بیانڵێت، یان بە دەستەواژەیەکی دیکە سەرکار بووە وتەبێژی سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان. " ناتوانم هۆکاری دەرکردنەکەت لەناو ئەم کەسانەدا پێ بڵێم، چونکە ئەگەر پێتی بڵێم، ناچارم بتنێرم بۆ بەندیخانە." سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان نیگایەکی خێرای لە سەرپەرشتیاری چێشتخانە بڕی، چونکە زۆر باش دەیزانی لەبەر سەرپەرشتیاری چێشتخانەیە، کە بەو رادەیە بەجوانی لەگەڵ کارل مامەڵە کراوە.

" ئێستا بڕۆ بۆ لای بێست، جلەکانت بگۆڕە، جلە فەرمییەکانت بدە بە بێست و یەکسەر لە ئۆتێل بڕۆ دەرەوە، یەکسەر."

سەرپەرشتیاری چێشتخانە چاوەکانی داخست، بەم کارەی دەیویست کارل ئەرخەیان بکات. کاتێك کارل لە دەمی چوونەدەرەوەیدا سەری رێزی بۆ سەرپەرشتیاری چێشتخانە دانەواند، بینی

سـەركار بـە دزییـەوە دەسـتی سەرپەرشـتیاری چێشـتخانەی گرتـووە و گەمـەی پـێ دەكـات. سەرپەرشتیاری دەرگاوانەكان بە هەنگاوە گەورەكانی تا نزیك دەرگاكەی كارلی رایی كـرد، رێگـەی پێنەدا دەرگاكە داڃات و بەدەستی دەرگاكەی بە والاّیی هێشتەوە، تاكو بەدوایدا هاوار بكات :" تەنها چارەكێك مۆڵەتت هەیە كە لە نووسینگە سەرەكییەكەمەوە تێپەڕیت، پاشان لە دەرگا سەرەكییەكەوە بڕۆیتە دەرەوە. تێگەیشتی؟"

كارل بەوپەڕی بلەزییەوە، لەكاتێكدا هەوڵیـدەدا كـەس بێـزار نـەكات، لـە دەرگاكـەوە چـووە دەرەوە، بارودۆخی دەرەوە بە پێچەوانەی پێشبینی كارلەوە گەلەك ئارام بوو. دەسـتبەجێ نـەیتوانی بێست بدۆزێتەوە، لەم كاتەدا كە كاتی قاوەڵتی بوو، خەڵكێكی زۆر لەوێدا دەبینـران، پاشـان كـارل بۆی دەركەوت یەكێك لە كوڕەكان پانتۆڵە كۆنەكەی لەبەر كردووە، كارل ناچار بوو، بەناو عەلاگـەی تەنیشت چرپاكەیدا بەدوای پانتۆڵەكانیـدا بگـەڕێت، بەلانیكەمـەوە پێـنج خولـەكی پێچـوو تـاكو گەیشتە لای دەرگا سەرەكییەكە. لە پێش خانمێكـەوە كـە چـوار پیـاوی لەتـەك بـوو، بـەرەو لای ئۆتۆمبێلێكی گەورە كە چـاوەڕێی دەكـردن چـووە دەرەوە، خزمـەتكارێك بـە دەسـتێكی دەرگـای ئۆتۆمبێلەكەی كردبووەوە، بە دەستەكەی دیكەی فەرمووی لـە خانمەكـە و چـوار پیاوەكـە دەكـرد. بەلاّم كارل بێهیوا بوو لەوەی بتوانێت لەپشت ئەو خانم و پیاوە جوانپۆشـانەوە، بـێ ئـەوەی بیبینـن لەوێ دووركەوێتەوە. سەرپەرشتیاری دەرگاوانەكان دەستی گـرت و پـاڵی پێوەنـا بـۆ لای ئـەو دوو كابرایە، پاشان داوای لێبووردنی لە دوو كابراكە كرد.

لە كاتێكدا بە لاچاو سەیری كارلی دەكرد، بەجۆرێك وەك بڵێی تەماشـای كاتـژمێرێك دەكـات كە بە باشی ئیش ناكات، گوتی:" بەمە دەڵێن چارەكێك." پاشان بەرەو لای نووسینگە گەورەكـەی دەرگاوانانی ئۆتێل وەڕێی خست، ئەو نووسینگەیەی كە زەمانێك كارل زۆر تامـەزرۆ بـوو نـاوەوەی ببینێت، بەلاّم ئێستا كە پاڵیان پێوەنابوو بۆ ژوورەوە، بە بەدگومانییەوە تەماشـای نووسـینگەكەی دەكرد، سەرپەرشتیاری دەرگاوانەكان گوتی:" بڕۆ ژوورەوە."

كاتێك كە لە دەرگاكەوە وەژوور دەكەوت، دەستی كرد بە خۆ راوەشاندن و پێچ خواردن، هـەوڵی دا سەرپەرشتیاری دەرگاوانەكان لە خۆی دوور بخاتەوە و هەڵبێت.

سەرپەرشتیاری دەرگاوانەكان كارلی بەدەوری خۆیدا سووڕاندەوە و گوتی:" نا، نا، لەم لاوە."

كارل بەو مەبەستەی كە ئیدی هیچ یەكێك لە ئەندامانی ئۆتێلەكە مافی ئەوەیان نییە فـەرمانی بەسەردا بسەپێنن، گوتی:" بەلاّم خۆ منتان كردووەتە دەرەوە."

سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان وەڵامی دایەوە:" تا ئەو کاتەی کە لەبەردەم منـدا بیـت، هێشـتا وەدەریان نەناوی" هەڵبەتە راستیشی دەکرد.

لە هـەمان کاتـدا کـارل هـیچ هۆیـەکی نـەدەبینی، بـۆ ئـەوەی رووبـەرووی سەرپەرشـتیاری دەرگاوانەکان نەبێتەوە. دواجار چ رووداوێك لەوە خراپتر دەقەوما کە بەسەریدا هاتبوو؟ دیوارەکـانی نووسینگەکە لە شووشەی گەورە دروست کرابـوون، لەودیویـەوە دەکـرا هاتوچـۆی مشـتەرییەکانی رارەوەکە بە باشی ببینرێت، هەروەك ئەوە وابوو لە ناو مشتەرییەکاندا بیت. بەڵێ، هـیچ شـوێنێك لە نووسینگەی دەرگاواناندا نەبوو، کە مرۆ بتوانێت خـۆی لەبەرچـاوی ئـەوانی دیکـە بشـارێتەوە. هەرچەندە خەڵکی پەلەشیان بووایە، بۆ نموونە ئەگەرچی بە بلەزی دەستیان رادەوەشاند، یان سـەریان روو لە خوار بوو تەماشای بەر پێیان دەکرد، یان جانتاکانیـان بەدەسـتەوە گرتبـوو و درێـژەیان بـە رێڕۆشتن دەدا، بەڵام مەحاڵ بوو، کە بتوانن تەماشایەکی نووسـینگەی دەرگاوانـان نەکـەن، چـونکە بەمدیو شووشەکانیەوە چەندین هەواڵ و پڕوپاگەندەیان پێوە نووساندبوو، کە خوێندنەوەیان هەم بـۆ مشتەرییەکان و هەم بۆ کارمەنـدانی ئۆتێـل پێویسـت بـوو، نووسـینگەی دەرگاوانـەکان و ڕاڕەوی ئۆتێلەکە بـە تـەواوی بـە یەکـەوە پەیوەسـت بـوون، چـونکە لـە پشـت دوو پەنجـەرە بزۆکەکـەی نووسینگەکەوە دوو دەرگـاوان دانیشـتبوون، سـەبارەت بـە کاروبـارە جیاوازەکـان بـە بـەردەوامی زانیارییان بە مشتەرییەکان دەدا. لە راستیدا ئەم دوو دەرگاوانە گەلەك ماندوو دەبـوون، کـارل بـەو زانیارییەی کە سەبارەت بە سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکانەوە هەیبوو، یەکسەر مەزندەی ئەوەی کرد، کە لەماوەی بەرزبوونەوەی پێگەکەیدا بە فێڵبازی ئەم قۆناغـەی بڕیـوە- لـە راسـتیدا نـەدەکرا لـە دەرەوە وێنای ئەوە بکەیت کە لە ژوورەوە چی دەگوزەرێت و لـە چـی دەچـێت- چـونکە هەمیشـە بەلای کەمیەوە دە کەس بە روخساری پەیجۆرەوە لە بەردەم دەلاقە والاکەی پەنجەرەی نووسینگەکەدا راوەستابوون. لەناو ئەم دە کەسەدا کە هەمیشە گۆڕانیان بەسەردا دەهات، هـەموو جـۆرە زمانێـك دەبیسترا، دەتگوت هەریەك لەم کەسانە نوێنـەری وڵاتێکـی جیـاواز بـوون، هەنـدێکیان پێکـەوە قسەیان دەکـرد، هەمیشـە چـەند کەسـێکی دیکـەیان پرسـیاریان لـە یەکـدی دەکـرد، زۆربـەیان دەیانویست شتێك لە نووسینگەی دەرگاوانان دابنێن، یان شتێك وەربگرنـەوە، بـەم هۆیـەوە دەکـرا دەستی چەند کەسێك ببنیت، کە بەدەم قسـەکردنی وەحشـیانەوە لـەبان سـەری خەڵکییـەوە بـەرز کرابوویەوە و رادەوەشێنرا. یان کابرایەك بێسەبرانە دەیویست تەماشای رۆژنامە بکـات، لـە ناکـاو رۆژنامەکەی بڵاو دەکردەوە و بۆ ساتێك بەرچاوی ئەوانی دیکەی دەگرت . ئیشـی دوو دەرگاوانەکـە رایی کردنی ئەم کەسانە بوو، دەرگاوانەکان هەر بەتـەنها قسـەیان نـەدەکرد بـەڵکو چەنەبازیشـیان

دەکرد، یـەکێك لـەم دوو دەرگاوانـە پیـاوێکی لاواز بـوو، ردێنـە رەشـەکەی هـەموو رووخسـاری داپۆشیبوو، بێ ئەوەی وچان بدات، بەردەوام زانیاری بە مشتەرییەکان دەدا. نـە تەماشـای بـەردەم پێشخوانەکەی دەکرد کە بەردەوام لەوێوە کەلوپەلی بـۆ دەهێنـان، نـە تەماشـای رووخسـاری ئـەو کەسانەی دەکرد، کە پرسیاریان لێ دەکـرد، بـۆ ئـەوەی هێـزی خـۆی بـەفیڕۆ نـەدات، راسـتەوخۆ تەماشای پێشەوەی دەکرد. ردێنی تا ئەندازەیەك ببووە رێگر بۆ ئەوەی کەسەکان لـە قسـەکانی بـە باشی تێ بگەن. هەرچەندە سەرەڕای زمانی ئینگلیزی، ئەگەری هەبوو کابرا لەو سـاتەدا پێویسـتی بە زمانێکی دەرەکی بێت بۆ ئـەوەی پێـی بـدوێت، بـەڵام لـەو مـاوە کورتـەدا کـە کـارل لەوێـدا راوەستابوو، تەنیا لە بڕێکی کەمی ئەو قسانە تێگەیشت کە کابرا دەیکردن. ئەوەی کە وای دەکـرد کارل کەمتر لەزمانی کابرا تێبگات و ئاڵۆزی زمانی پتر بکات، ئەوەبوو وەڵامەکانی یـەك لـەدوای یەك وەها بەخێرایی دەدایەوە، کە نەدەکرا لێك جیا بکرێنەوە، تا ئەو رادەیەی ئەو کەسەی پرسیاری کردبوو، گوێی راگرتبوو و چاوەڕێی دەکرد ئێستا وەڵامی بدەنـەوە، کـابرا ئەوەنـدە خێـرا وەڵامـی دەدایەوە، تەنانەت ئەو کەسەش نەیدەزانی نۆرەی گەیشتووە و وەڵامیـان داوەتـەوە و کـار لـە کـار ترازاوە. دەبوو مرۆ بەوە رابێت کە دەرگاوانە سادەکە، هەرگیز نایەوێت کەس پرسـیارەکەی دووبـارە بکاتـەوە، تەنانـەت ئەگـەر پرسـیارەکەی لـە رووی رسـتەبەندییەوە ئـاڵۆزیش بووایـە دووبـارەی بکردایەتەوە، دەرگاوانەکە بەجۆرێکی نادیار سەری بۆ دەلەقانـد، وەك ئاماژەیـەك بـۆ ئـەوەی کـە نایەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، ئەرکی کەسی پرسیارکەر بوو، کە هەڵەکانی دیاری بکـات و پرسیارەکەی بە شێوەیەکی راستتر بخاتە روو. بەم هۆیەوە بـۆ ماوەیـەکی درێـژ کەسـانێکی زۆر لـە بەردەم پێشخوانەکەدا چاوەڕێیان دەکرد. هەر دەرگاوانێکی سادە بەردەستێکی هەبوو، کە دەبوو بـە پەلە بۆ لای دۆلاب و جەکمەجەکان بڕوات و ئـەو شـتانەی کـە ئەگـەری هـەبوو دەرگـاوانی سـادە پێویستی پێ بێت، بۆی بهێنێت. ئەم کارە پڕ داهاتترین و لە هەمان کاتدا پڕ کێشەترین کـار بـوو، کە کوڕە لاوەکان دەیانتوانی بەدەستی بهێنن، بـە واتایـەکی دیکـە کـاری ئـەم کوڕانـە لـە کـاری دەرگاوانەکان گەلەك قورستر بوو، چونکە دەرگاوانە پلە نزمەکان دەبوو تەنیا بـیر بکەنـەوە و قسـە بکەن، لە کاتێکدا ئەم کوڕانە سەرەڕای بیرکردنەوە، دەبوو بە شـوێن شتەکانیشـدا رابکـەن، ئەگـەر شتێکیان بە هەڵە بهێنایە، دەرگاوانی پلەنزم کە کاتی ئامۆژگاری و نەسیحەتی نەبوو، ئـەو شـتەی کە کوڕەکان لەسەر پێشخوانەکە دایان دەنا، بەدەستێکی دەیخستە خوارەوە. گـۆڕانی دەرگاوانـەکان کە لە دوای هاتنەژوورەوەی کارلدا رووی دابوو، بۆ کـارل گەلـەك سـەرنجڕاکێش بـوو. ئـەم گۆڕانـە هەمیشە و بەتایبەتی لە رۆژدا رووی دەدا، چونکە بە رۆژدا هیچ کەسێك نەیدەتوانی لە کاتژمێرێك

زیاتر حەوسەڵەی کارکردنی لە پشت پێشخوانەوە هەبێت. لە کاتی سەرەگۆڕینەکەدا چەند زەنگێـك وەدەنگ دەهاتن، بەپەلە دوو دەرگاوانی سادە کە نۆرەیان هاتبوو، لە دەرگـای تەنیشـتەوە دەهاتنـە ژوورەوە. بەدوای هەریەکە لەم دەرگاوانانەدا بەردەستێکیش دەهاتە ژوورەوە. ماوەیەك بە بەتاڵی لـە لای پەنجەرەکەوە رادەوەستان، ئەو خەڵکەی کە لـە دەرەوە چـاوەڕێیان بـوون، تەماشـایان دەکـردن، تاکو تێبگەن چ پرسیارێکیان لێ بکەن. لەو دەمەدا ئەو دەرگاوانـەی کـە تـازە هـاتبووە ژوورەوە، دەستی دەخستە سەرشانی هاوکارەکەی کە دەبوو دەست لە کارەکەی هەڵگرێت، ئـەو دەرگاوانـەش کە تا ئێستا بە هاتنی دەرگاوانی پشتەوەی نەزانی بوو، تێدەگەیشـت پێویسـتە هەسـتێت بـڕوات. هەموو ئەم کارانە زۆر بەخێرای روویان دەدا، ئەو کەسـانەی کـە لـە دەرەوە چـاوەڕێ بـوون، کـاتێ سیمای دەرگاوانی تازەیان دەبینی، زۆرجار رادەچڵەکینی و لێی ورد دەبوونەوە. ئەو دوو دەرگاوانـەی کە ئێستا کاتی پشوویان بوو، بەمەبەستی ئـارام کردنـەوەی مێشـکیان، دەچـوون بـۆ دەستشـۆری ئەوسەری نووسینگەکە و ئاویان بە مێشکە گەرم داهاتووەکەیان دەکرد، بەڵام بەردەسـتەکانیان بـەم زووانە نەیاندەتوانی پشوو بدەن، چونکە هێشتا خەریکی کۆکردنەوەی ئـەو کەلوپەلـە جۆربەجۆرانـە بوون، کە لە کاتی جێگۆڕکێیاندا کەوتبوونە سەر زەوی.

کارل بۆ چەند خولەکێك بەسەرنجدانێکی زۆرەوە تەماشای ئەم شتانەی کرد، پاشان بـە سـووکە سەرئێشەیەکەوە بە کاوەخۆ لەدوای سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکاندا کەوتەڕێ، کە بۆ پێشەوە رێنمای دەکرد. دیار بوو ئەو کاریگەرییە قووڵەی کە ئەم شێوازی کارکردنە لەسەر کارل دروسـتی کردبـوو، سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان پێی زانیبوو، چونکە لە ناکاو دەستی راوەشاند و گوتی:" خۆ دەبـینی ئێمە چۆن لێرە کار دەکەین!" هەرچەندە کارل لە ئۆتێلەکەدا بێکار نەبوو، بەڵام وێنای ئـەم هـەموو کارەی نەدەکرد کە لێرە ئەنجام بدرێن، بەم پێیە لە کاتێکـدا لـەبیری چـووبوو، کـە سەرپەرشـتیاری دەرگاوانەکان دوژمنی خوێنخۆریـەتی، تەماشـایەکی کـرد و بـە هەسـتێکی ئەمەکناسـانە و بـە بێدەنگی سەری بۆ لەقاند. بەڵام وادیار بوو، سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان، سەرلەقاندنەکەی کـارلی بە ستایشـی لەڕادەبـەدەری بـۆ دەرگاوانـە پلەنزمـەکان لێکدەدایـەوە، یـان سـەرلەقاندنەکەی بـە سووکایەتی بەرامبەر بەخۆی دەزانی. چونکە بێ ئەوەی گرنگی بەوە بدات، کە هەمووان گوێیان لـە دەنگیەتی، وەك گاڵتەکردنێك بە کارل هاواری کـرد:" هەڵبەتـە ئەمـە گەلحۆیانـەترین ئیشـی نـاو ئۆتێلە، تەنیا ئەوەندە بەسە، کەسێك تەنها بۆ کاتژمێرێك گـوێ لـەو پرسـیارانە بگرێـت کـە ئـەو خەڵکە دەیکەن، تاکو بزانێت چی دەڵێن، ئیدی پێویست ناکـات وەڵامـی پرسـیارەکانیان بداتـەوە. ئەگەر تۆ ئەوەندە بێشەرم و بێئەدەب نەبوویتایە، ئەگـەر درۆت نەکردایـە، تەمـەڵ و مـەیخۆر و دز

نەبوویتایە، رەنگە ئەم کارەم پێ بسپاردیتایە، چونکە ئەم کارە بۆ کەسانی گەلحۆ باشە." کارل ئەو سووکایەتییەی کە پێی کرابوو گوێی پێنەدا، چونکە زۆر توورەبوو لەوەی سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان، لە جێی ئەوەی رێز لە کاری پڕ لە کێشە و شەریفانەی دەرگاوانە پلە نزمەکان بگرێت، گاڵتەی پێ دەکردن، ئەویش کەسێك کە ئەگەر خۆی لە پشت یەکێك لەم پەنجەرانەوە دانیشێت، لەماوەی چەند خولەکێکدا لە پێ دەکەوت و دەبوو کارەکە بەجێ بهێڵێت.

کارل کە ئێستا حەزی پەیجۆرانەی لە بەرامبەر نووسینگەی دەرگاوانانی ئۆتێلەوە تێر ببوو گوتی:" لێمگەڕێ بڕۆم. ئیدی نامەوێت سەروکاریم لەگەڵ تۆدا هەبێت."

سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان لە کاتێکدا بە هێزێکی توندتر بازووی کارلی بادەدا، بەجۆرێك کە بازووی بێ هەست ببوو، بەرەو کۆتایی نووسینگەکە رایکێشا و گوتی:" ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی لێتگەڕێم بڕۆیت." ئاخۆ ئەو کەسانەی کە لە دەرەوە راوەستابوون، نەیاندەبینی سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان ملهوڕی بەسەر کارلدا دەکات؟ یان ئەگەر دەیانبینی چۆن بیریان دەکردەوە؟ چونکە هیچکامیان نارەزایی دەرنەبڕی، یان تەنانەت کەسێك بە شووشەکەیدا نەکێشا، تاکو سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان بزانێت، ئەو ملهوڕییەی کە بەسەر کارلدا دەیکات دەبینرێت و نابێت بە هەر جۆرێك کە خۆی دەخوازێت، بەو جۆرە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات.

بەڵام کارل لە وەرگرتنی یارمەتی لە خەڵکی ناو راڕەوەکە، دەمودەس بێئومێد بوو، چونکە سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان پەتێکی راکێشا و لە چاوتروکانێکدا پەردەگەلێکی رەش شووشەی نووسینگەکەیان لە سەقفەوە بۆ عەرد داپۆشی، لە بەشەکەی دیکەی نووسینگەدا چەند کەسێکی تێدا بوو، بەڵام هەموویان بە پەلە سەرقاڵی کارکردن بوون، گرنگییان بە شتێك نەدەدا کە پەیوەندی بە کارەکەی ئەوانەوە نەبوو. لە هەمان کاتدا هەموویان پشتگیری سەرپەرشتیاری دەرگاوانیان دەکرد، لەجێی ئەوەی هاوکاری کارل بکەن، بە باشیان دەزانی هەرکارێك کە سەرپەرشتیارەکەیان دەیخوازێت بە نهێنی بمێنێتەوە. بۆ نموونە شەش دەرگاوانیان لە بەردەم شەش تەلەفۆندا دانیشتبوون و وەڵامی پرسیاریان دەدایەوە. بە یەکەمین نیگا شێوازی کارکردنەکەیان دەردەکەوت، ئاشکرابوو لە هەر دوو کەسێکیاندا، یەکێکیان جگە لە نووسینی پەیوەندییەکە و رەوانەکردنی بۆ هاوکارەکەی تەنیشتی، کارێکی دیکەی نەدەکرد، هاوکارەکەی تەنیشتیشی بە تەلەفۆن پەیامەکەی بە بەرامبەر دەگەیاند. ئامێری تەلەفۆنەکانیان گەلەك مۆدێرن بوون، بەجۆرێك کە پێویستی بە سندووقی تەلەفۆن نەبوو. زەنگی تەلەفۆنەکەش لە جریوەی باڵندە بەرزتر نەبوو، تەنها ئەوەندەش بەس بوو کەسێك بە دەنگێکی نزم شتێك بڵێت، چونکە بەهۆی دەزگای ئەلیکترۆنی تەلەفۆنەکەوە، بەرلەوەی

دەنگی بگات بە بەرامبەر، چەند بەرابەر دەبووەوە و لە بەرزیدا دەنگەکە وەك هەورە بروسکەی لێدەهات. بۆیە ئەو سێ پیاوەی کە بەم تەلەفۆنانە قسەیان دەکرد، بە ئاستەم دەنگیان دەبیسترا، مرۆ لای وابوو، بەهۆی خراپبوونی بیستۆکەی تەلەفۆنەکەوە لە ژێر لێوەوە قسە دەکەن، بەلاّم سێ کەسەکەی دیکەیان، ئەگەرچی کەس ئەو دەنگەی نەدەبیست، بەلاّم دەتگوت بەهۆی ئەو دەنگە بەسامەی کە لە کەسی بەرامبەرەوە دەهات کەڕ ببوون، ئەم سێ کەسە بەسەر ئەو لاپەڕانەی کە دەبوو لەسەریان بنووسن سەریان شۆڕ کردبووەوە. لێرەشدا لە پەنا هەریەك لەو کەسانەدا کە تەلەفۆنیان دەکرد، فەرمانبەرێك راوەستابوو، ئەم سێ فەرمانبەرە کارێکیان نەدەکرد، جگە لەوەی بە نۆرە سەریان شۆڕ بکەنەوە تاکو گوێ لە قسەی بەڕێوەبەرەکەیان بگرن، پاشان یەکسەر لە دەفتەرە گەورە و زەردەکاندا بەدوای ژمارەی تەلەفۆندا بگەڕێن. لە هەمان کاتدا دەنگی خشەخشی لاپەڕەی ئەم دەفتەرانە نەیاندەهێشت دەنگی تەلەفۆنکەران ببیسترێ.

ئەگەرچی سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، لە ناکاو دەستی کارلی راکێشا، بە جۆرێك کە کەوتە باوەشیەوە، بەلاّم کارل نەیدەتوانی چاوی لە دیمەنی بەرامبەری هەڵگرێت.

سەرپەرشتیار کارلی راوەشاند تاکو ناچاری بکات ئاوڕی لێ بداتەوە، گوتی: (ئەمە ئەرکی منە، ئەمە ئەرکی منە، تاکو ئەوەی کە سەرکار دەبوو ئەنجامی بدات و نەیکرد، من وەك سەرۆکایەتی ئۆتێل بەباشترین شێوە ئەنجامی بدەم و هەر کارێك کە پێویستە بیکەم. ئێمە لێرە هەمیشە هەوڵ دەدەین یارمەتی یەکدی بدەین. ئەگەر ئەم گیانی هاوکارییە نەبوایە، رێکخستنێکی وەها گەورەمان پێ بەڕێوە نەدەبرا. رەنگە تۆ بڵێیت من بەرپرسی یەکەمت نیم، زۆر باشە، بەلاّم مافی خۆمە ئەو کارەی کە لە ئەنجامدانی کەمتەرخەمییان کردووە، من ئەنجامی بدەم، لە هەمان کاتدا پێگەی سەرپەرشتیاری دەرگاوان لەڕاستیدا لە هەر کەسێکی دیکە بالاّترە، چونکە من بەرپرسی هەموو دەرگاکانی ئۆتێلەکەم، یانی دەرگای سەرەکی و سێ دەرگای ناوەڕاست و دە دەرگاکەی دواوەش، بێجگە لەمانەش، دەرگا بچووکەکان و ئەو رێگایانەی کە دەچنە دەرەوە و دەرگایان نییە، حسابیان ناکەم. دیارە ئەو کرێکارانەی کە سەروکاریان لەتەك مندا هەیە، دەبێت بەتەواوی پەیڕەویم لێ بکەن. هەڵبەتە لە بەرامبەر ئەم ئەرکە پڕ شانازییەدا، منیش لە بەڕێوەبردنی ئۆتێلەکە بەرپرسیارم، کەسێك کە بچووکترین بەدگومانی لەسەر بێت، رێگەی نادەم بچێتە دەرەوە. تۆش هەمان ئەو کەسەی کە لە پێش چاوی مندا گوماناوی دەنوێنی."

سەرپەرشتیاری دەرگاوانان، ئەوەندە لەخۆڕازییانە دەستەکانی بەرز کردەوە و کێشای بە یەکدا، ئازاری پێگەیشت. پاشان بە لووتبەرزییەوە گوتی:" ئەگەری هەبوو لە دەرگایەکی دیکەوە هەڵێیت، ئەڵبەتە ئیدی پێویست ناکات، فەرمانێکی تایبەت لەبارەی تۆوە بدەم. لە هەمان کاتدا بێگومان بووم، کە یەکتربینینمان لەم بەردەرگا هەرگیز لەیاد ناکەیت، چونکە ئەوە یاسایەکی گشتییە، کە کەسانی بێشەرم و سەرپێچیکار کاتێك بڕیار دەدەن، خۆیان وا نیشان بدەن کە کەسێکی باشن، کە پێدەچێت لە ئەنجامدانی ئەو کارە خراپانەی کە کردوویانە ئازار بکێشن. بەدڵنیاییەوە تۆ دەتوانیت لەو ئەزموونانەی کە کردووتن لەمە تێبگەیت."

ئەو بۆنە خنکێنەرەی کە لە جەستەی سەرپەرشتیارەوە دەهات، بە کەپووی کارلدا بڵاو بووەوە.هەرچەندە کارل ماوەیەکی درێژە لەنزیکییەوە راوەستابوو، بەڵام پێشتر بە کەپوویدا نەگەیشتبوو. کارل گوتی:" وانەزانی، وانەزانی، من بە تەواوی لەژێر دەستی تۆدام، چونکە دەتوانم هاوار بکەم."

سەرپەرشتیاری دەرگاوانەکان کە پێدەچوو لە کاتی پێویستدا بە هەمان ئارامی و خێرایی هەڵسوکەوت بکات و دەمی کارل بگرێ، گوتی:" منیش دەمت دەگرم، بەڕاست تۆ وادەزانی کەسێك بهێنیتە ئێرە ئامادەیە باوەڕ بەقسەکانی تۆ بکات و باوەڕ بە قسەکانی من نەکات؟ ئێستا تێدەگەیت ئومێدەکانت چەندە گەلحۆیانەن. لێگەڕێ ئەوەت پێ بڵێم، کاتێ جلە فەرمییەکانت لەبەردابوو، بە کەسێکی بەریز دەهاتیتە پێش چاوم، بەڵام بەم چاکەت و پانتۆڵە ئەوروپییەتەوە-!) دەستی کرد بە راکێشانی جلەکانی کارل. هەڵبەتە جلەکانی پێنج مانگ لەمەوپێش تاڕادەیەك تازە بوون، بەڵام ئێستا کۆنە و چڵکن و پڵکن و لە هەمووشی خراپتر پڕ پەڵە بوون، چونکە کوڕە ژووربەرەکان کە بە پێی رێساکان بڕیاربوو ژوورکەیان پاك و خاوێن بێت و تۆزەکەی رابماڵن، بەهۆی تەمەڵی و کەمتەرخەمییانەوە لەجیاتی ئەوەی بە پاکی رایبگرن، هەموو رۆژێك بڕێك رۆن یان شتێکی چەوریان بە ژوورەکەدا دەڕشت و ئەو جلانەی کە بە عەلاگەکانەوە بوون پیسیان دەکردن. ژووربەرەکان دەیانتوانی لەهەر شوێنێك کە پێیان خۆشە جلەکانیان دانێن، هەمیشە کوڕەکان لە دۆزینەوەی جلەکانی خۆیاندا دووچاری کێشە دەبوون، بەڵام دۆزینەوەی جلەکانی ئەوانی دیکەیان بۆ ئاسان بوو، یەکسەر جلی کەسێکی دیکەیان هەڵدەگرت و لەبەریان دەکرد. زۆربەی جار ئەو کوڕەی کە نۆرەی بوو ژوورەکە پاك بکاتەوە، هەمیشە وەهای دەکرد، لەئەنجامدا ئەو جلانەی کە لەبەری دەکردن، نەك تەنیا پیس دەبوون، بەڵکو دڵۆپە رۆن بەر هەموو جلەکە دەکەوت. تەنیا کوڕێك کە توانیبووی حەشارگەیەك بۆ جلە گرانبەهاکانی بدۆزێتەوە، رێنێل بوو. بە ئاسانی جلەکانی

نەدەدۆزرانەوە. ئەوەی کە ببووە هۆی ئەوەی کوڕەکان جلەکانی یەکدی لەبەر بکەن، نیاز خراپی و دوژمنایەتی نەبوو، بەڵکو هۆکاری سەرەکی ئەم کارە بلەزی و ناوردبینی بوو، لە هەر شوێنێك دەستیان بە جلێك رابگەشتایە لەبەریان دەکرد. بەلاّم تەنانەت پشتەوەی چاکەت و پانتۆڵەکەی رێنێلیش، پەڵەیەکی خڕی سووری چەوری پێوە بوو، کە ئەگەر کەسێکی شارەزا ئەم کوڕە جوانپۆشەی ببینیایە، بەم پەڵەدا دەیزانی ژووربەرە.

کارل کاتێ ئەمانەی وەبیر هاتەوە، بەخۆی دەگوت، ئەگەرچی وەك ژووربەرێك بە ئەندازەی پێویست رەنجی کێشاوە، بەلاّم هەموو ئەم ماندووبوونەی بەفیرۆ چووە، چونکە بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەوە ئەم ماندووبوونەی پێگەی بەرزتر نەکردبووەوە، بەڵکو ببووە هۆی دابەزین و روخانیشی، تەنانەت ئەوەندەشی نەمابوو بیخەنە بەندیخانەوە. لە هەموویشی خراپتر ئەوە بوو، هێشتا لەچنگی سەرپەرشتیاری دەرگاواناندا بوو، کە بێگومان بە دووی بیانوویەکدا دەگەڕا کە کارل رسواتر بکات. کارل کە لەبیری چووبوو سەرپەرشتیاری دەرگاوانان کەسێکە گوێ بۆ قسەی لۆژیکی ناگرێت، بەدەستە ئازادەکەی چەند جارێك کێشای بەهەنیەیدا و بە دەنگێکی بەرز گوتی:" ئاخر ئەگەر ئەوەش راست بێت، کە بێ سلاّو کردن بە بەردەمتدا تێپەڕی بم، کەسێکی گەورە چۆن دەتوانێ لە بێئاگاییەکی ئەوەندە بچووك، ئەوەندە رەق لە دڵ بگرێت؟)

سەرپەرشتیاری دەرگاوانان گوتی:" من رقم لە دڵ نەگرتووە، تەنیا دەمەوێت بە گیرفانەکانتدا بگەڕێم، کە دڵنیام هیچیان تێدا نادۆزمەوە، چونکە بەدڵنیاییەوە مێشکت لەسەرخۆی بووە و هەرچییەکت ویستووە، بەرەبەرە و کەم کەم بە نهێنی داوتە بە دۆستەکەت، بەلاّم بێگومان دەبێ گیرفانەکانت بگەڕێم." پاشان وەها بەتوندی دەستی بە گیرفانێکی چاکەتەکەی کارلدا رۆبرد، کە تەقەڵەکانی دەوری گیرفانەکەی هەڵتەقاند. گیرفانی کارل ئەم شتانەی تێدابوو، رۆژمێرێکی ئۆتێلەکە، لاپەڕەیەك کە مەشقی بازرگانی بەسەرەوە نووسیبوو، چەند قۆپچەیەکی پانتۆڵ، کارتەکەی بەڕێوەبەری چێشتخانە، نینۆککەرێك کە یەکێك لە مشتەرییەکان لەکاتی داخستنی جانتاکەیدا بۆی هەڵدابوو، ئاوێنەیەك کە رێنێل لەجێی دە خولەك کارکردن بە پاداشت پێی دابوو، سەرپەرشتیاری دەرگاوانان لە کاتێکدا ئەم شتانە و چەند شتێکی دیکەی بەدەستەوە بوو و ئەمدی و ئەودیوی پێدەکردن، گوتی:" ئەم گیرفانەت هیچی تێدا نەبوو." و هەموو شتەکانی ناو گیرفانی کارلی بەژێر کورسییەکەدا بلاّو کردەوە، وەك بڵێی شوێنی شیاوی ئەو شتانەی کە لە گیرفانی کارل دەریهێنابوون و بە دزراوی نەدەزانین، ژێر کورسییەکە بوو. دووبارە گوتی:" ئەم گیرفانەت هیچی تێدا نییە."

کارل کە رووخساری وەك ئاگر سوور هەڵگەڕابوو، گوتی:" ئیدی بەسە."

لە هەمان کاتدا سەرپەرشتیاری دەرگاوانان کە لەتاو تەماحیدا خۆی نەدەپاراست، گیرفانەکەی دیکەی کارلی سەروژێر کرد. کارل بەجووڵەیەکی خێرا قۆڵەکانی هەڵکرد، لە یەکەمین دەست وەشاندنی کوێرانەیدا، کێشای بە دەرگاوانێکی سادەدا، بە جۆرێك کە کابرای دەرگاوان بەتوندی کەوت بەسەر تەلەفۆنەکەدا. پاشان کارل بەرەو دەرگای ژوورە خنکێنەرەکە رایکرد، بەرلەوەی سەرپەرشتیاری دەرگاوانان لەبەر ئەو پاڵتۆ گەورەی کە لەبەریدا بوو بتوانێت جووڵە بکات، کارل لە دەرگاکەوە چووە دەرەوە. دواجار رێکخستنی ئۆتێلەکە نەیدەتوانی ئەوەندە تۆکمە بێت، چونکە تەنیا هەندێك لە زەنگەکان زرنگانەوە، بەڵام خودا دەیزانی چی بە شوێن ئەم وەزەنگهاتنەوە بوو؟! هەندێك لە کارمەندان لەودیو دەرگای چوونەژوورەوەدا بۆ ئەمبەرو ئەوبەر راکەڕاکیان بوو، ژمارەیان ئەوەندە زۆر بوو، مرۆ وابیری دەکردەوە رەنگە ئەمانە بیانەوێت رێگە لە چوونەدەرەوەی کەسانی ناو ئۆتێلەکە بگرن، بە هۆی ئەوەی تێگەیشتن لە هاتوچۆی کەسەکان مەحاڵ بوو، بە هەرجۆر و شێوەیەك بێت، کارل خۆی گەیاندە دەرەوە، بەڵام دەبوو لە تەنیشت دەرگای چوونە ژوورەوەدا بمێنێتەوە، چونکە ئۆتۆمبێلەکان زنجیرئاسا لەبەردەم دەرگاکەدا بەرێدا دەچوون، کارل نەیدەتوانی خۆی بە جادەکە بگەیێنێت. شۆفێرەکان کە پەلەیان بوو تا هەرچی زووترە ئۆتۆمبێلەکان بدەنەوە دەست خاوەنەکانیان، بەدەم تێپەڕینەوە وەها نووسابوون بەیەکەوە، ئەگەر دەرزیت هەڵبدایە نەدەکەوتە خوارەوە. هەندێ جار کە رێبوارێك پەلەی بوو لە جادەکەوە تێپەڕێت، خۆی دەکرد بەناو ئوتۆمبێلەکاندا دەتگوت بەناو راڕەوێکی گشتیدا تێدەپەڕی، لە دەرگاکەی ئەودیوی ئۆتۆمبێلەکەوە دەهاتە دەرەوە، ، ئەسڵەن بۆ ئەو کەسە گرنگ نەبوو، لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا شوفێرەکە و چ جۆرە کەسانێك دانیشتوون. بەڵام کارل ئەم رەفتارەی گەلەك بە خۆپەرستی دەبینی، بیری دەکردەوە دەبێ ئەو کەسە گەلەك لەخۆی دڵنیا بێت، تاکو رێگە بەخۆی بدات کارێکی وەها بکات، چونکە رێی تێدەچێت کەسەکانی ناو ئۆتۆمبیلەکە تووڕە بن و بە قاڵەقاڵ لە ئۆتۆمبێلەکەوە تووڕی هەڵدەنە خوارەوە.کارل لەئەنجامدانی کارێك وەها زۆر دەترسا، چونکە ئەو ژووربەرێك بوو کە تەنیا بە کراسێکەوە هەڵهاتبوو و گومانی لەسەر بوو. بەڵام رێڕۆیشتنی زنجیرئاسای ئۆتۆمبێلەکان نەدەکرا بۆ هەمیشە بەم جۆرە بەردەوام بێت، لە لایەکی دیکەوە تا ئەو کاتەی لە دەوری ئۆتۆمبێلەکاندا بێت، ئەگەری گومانلێکرانی کەمتربوو. دواجار زنجیری ئۆتۆمبێلەکان بە هێواشی وەڕێکەوتن و بەرەو یەکێك لەشەقامەکان سەرەوژێر بوونەوە، لەوێدا هەرچەندە ئۆتۆمبێلەکان بەدووی یەکەوە بوون، بەڵام مەودای نێوانیان کەمێك زیاتر بوو.

کارل تازە خەریك بوو بەنێوان ئۆتۆمبێلەکاندا تێدەپەڕی، تاکو خۆی لەناو قەرەباڵغی ئەو کەسانەدا ون بکات، کە لەو گوماناویتر دەکەوتنە پێش چاو. گوێی لێبوو کەسێك لە نزیکییەوە بانگی دەکات. ئاوڕی دایەوە و بینی لە بەردەم دەرگایەکی بچووکدا کە لە ڕاڕەوێکی ژێرزەمینی دەچوو، دوو ژووربەر کە پێشتر باش دەیناسین، خەریکن بە نارەحەتی نەقالەیەك رادەکێشن، رابینسۆن بەسەر نەقالەکەوە راکشابوو، سەروگوێلاکی و دەستەکانی لەچەند شوێنێکەوە بە باندوچ بەسترابوو. بینینی دیمەنی رابینسۆن بۆ کارل ترسناك بوو، چونکە رابینسۆن بەو دەستەی کە بە باندوچ بەسترابوو، خەریکبوو فرمێسکی چاوەکانی دەسڕی، کە لەوانە بوو فرمێسکی غەم و پەژارە بێت، یان لەوانە بوو فرمێسکی شادی بینینەوەی کارل بێت.

رابینسۆن بە شێوازێکی سەرکۆنەکەرانە هاواری کرد:" راسمان، بۆچی ئەوەندە بە تەنیایی بەجێت هێشتم؟ سەعاتێك هەوڵم دا تاکو بەر لەهاتنەوەت نەمبەنە دەرەوە، خۆ ئەمانە-" پاشان مستەکۆڵێکی کێشا بەسەری یەکێك لە کوڕەکاندا، وەك بڵێی چونکە دەستەکانی بە باندوچ بەسترابوون ئازاری پێنەگەیاند- " کەسانێکی زۆر خراپن، ئای راسمان، بینینت زۆر گران لەسەرم کەوت."

کارل لەو نەقالەیە نزیك بووەوە کە ژووربەرەکان بە پێکەنینەوە بۆ دەرکردنی ماندوویەتیان لەسەر عەردەکە دایاننابوو، گوتی:" بۆچی چما ئەمانە چیان لێکردووی؟"

ڕابینسۆن بە ناڵینەوە گوتی:" خۆت دەبینی لە چ حاڵێکدام، کەچی لێم دەپرسی؟ کارێکیان پێکردووم با بە دەواری شڕی نەکردبێ. لێرەوە بۆ ئێرەم گەلەك ئازاری دیت" - یەکەمجار ئاماژەی بە سەری کرد و پاشان بە نوکی پێی- " خۆزگە دەتبینی چەندە خوێن لەسەرم چوو، هێلەکەم شندرِ شندرِ بووە، بە جۆرێك ئیدی لەبەر ناکرێ، ئەوە پانتۆڵەکەم هەر مەپرسە، ئێستا تەنها شۆرتێکم لەبەردایە"- بەتانییەکەی کەمێك لادا، تاکو کارل بیبینێ- " نازانم ئاخریەکەی چیم بەسەر دێت؟ بەلانیکەمەوە دەبێت چەند مانگێك لە جێگەدا بم، پێویستە هەر ئێستا ئەوەشت پێ بڵێم، جگە لەتۆ کەسێکی دیکەم نییە پەرستارم بێت، دلامارش کەسێك نییە پەرستاریم بکات، چونکە زۆر بێ حەوسەڵەیە. راسمان بە تەنها جێم مەهێڵە!" و دەستێکی بەرەو لای کارل درێژەوە کرد، کە لە بەرامبەرییەوە بە نابەدڵی وەستابوو، رابینسۆن دەیویست بە نەوازش کردنی کارل دڵی بەرەولای خۆی رابکێشێت، چەند جارێك گوتی:" ئاخر بۆچی سەردانم کردیت؟" تاکو ئەوە وەبیر کارل بخاتەوە کە لەسەرێکەوە ئەو بەرپرسیارە لە هەموو ئەم نەهاماتییانە.

ئەوەندەی پێنەچوو کارل تێگەیشت، شین و گریانی رابینسۆن، لە بەر زامەکانی نییە، بەڵکو بە هۆی مەستبوونیەتی، چونکە پاش ئەوەی بە خەوێکی سەرمەستی قووڵدا رۆچووبوو بێداریان کردبووەوە، بە پێچەوانەی سەرسامییەوە ئەوەندە دڕندانە لێیان دابوو، تاکو ئێستا بێهۆش بوو. برینەکانی بە جۆرێك بوون، دەکرا لە بینینی ئەو پارچە کۆنانەی که کوڕە ژووربەرەکان بە گاڵتەوە لە برینەکانیان پێچابوو، لە رووکەشی و بچوکی برینەکانی تێبگەیت. کوڕە ژووربەرەکان کە هەریەکەیان لایەکی نەقالەکەی گرتبوو، سات نا ساتێك قاقا پێدەکەنین. کارل لەم شوێنەدا نەدەکرا رابینسۆن بهێنێتەوە هۆش خۆی، چونکە جگە لەو کەسانەی کە دەوری نەقالەکەیان دابوو، کۆمەڵێك خەڵك بەوێدا رەد دەبوون، کە بەزۆری ناچاربوون، بۆ رەدبوونیان بەسەر نەقالەکەدا تێپەڕن، شۆفێری ئەو تاکسییەی کە کارل گرتبووی، بەردەوام هاواری دەکرد:" بڕۆنە پێشەوە، بڕۆنە پێشەوە." کوڕە ژووربەرەکان هەموو هێزی خۆیان خستەگەڕ تاکو نەقالەکە بەرز بکەنەوە، رابینسۆن دەستی کارلی گرت و زمان لووسانە گوتی:"تکا ئەکەم لەگەڵم وەرە." ئایا ئێستا کارل لە تاریکی ناو تاکسیەکەدا لەچاو تاریکی ناو ژووربەرەکە دڵنیاتر نەبوو؟ کارل لە تەنیشت رابینسۆنەوە دانیشت، رابینسۆن سەری خستە سەرشانی. هەر دوو کوڕە ژووربەرەکە لە جامی تەکسییەکەوە بە گەرموگوڕی تەوقەیان لەتەك کارل کرد وماڵئاوایان لە هاوکارەکەی پێشوویان کرد.

تەکسییەکە بەتیژی بەرەو شەقامە سەرەکییەکە پێچی کردەوە. هەموو ساتێك وادەهاتە پێش چاو ئەگەری هەیە دەعم بکات، بەڵام رەوتی ترافیکەکە توانی هەموو شتێك هێواش بکاتەوە، تەنانەت تەکسییە تیژرەوەکەی ئەمانیشی ئارام کرد.

## (٧)

# پەناگا

تەکسییەکە لە شوێنێکدا راوەستا، وا دەهاتە پێش چاو دەوروبەری شار بێت، چونکە شوێنکی بێدەنگ بوو و منداڵەکان لەسەر شۆستەکان دانیشتبوون و یارییان دەکرد. کابرایەك کۆڵێ جلەکۆنەی بەسەرشانەوە بوو، لەکاتی هاوارکردنیدا سەری هەڵدەبڕی و بەوردی تەماشای پەنجەرەی ماڵەکانی دەکرد.

کارل ئەوەندە ماندوو بوو، هەرکە لەتەکسییەکە دابەزی و پێی خستە سەر قیری شەقامەکە، هەستی بە بێزاری دەکرد، قیری شەقامەکە بەهۆی تیشکی خۆری دەمەوبەیانەوە گەرم داهاتبوو.

سەری لەجامی تەکسییەکەوە بردە ژوورەوە و بە رابینسۆنی گوت:" بەڕاست تۆ لێرە دەژی؟"

ڕابینسۆن کە بە درێژایی رێگە بە ئارامی خەوی لێ کەوتبوو، لە کاتێکدا بۆڵە بۆڵی دەکرد، بەجۆرێکی ناڕوون بەڵێی بۆ کارل کرد، دیار بوو چاوەڕێی کارل دەکات، تاکو یارمەتی بدات و لە تەکسییەکە دابەزێت.

کارل گوتی:" وەك بڵێی ئیدی پێویستت بە من نییە. کەوایە خودات لەگەڵ." بەشەقامە سەرەولێژەکەدا بۆ خوارەوە کەوتە رێ.

ڕابینسۆن هاواری کرد:" بەڵام کارل چ بیرێکت کردووەتەوە؟" و لە تاو نارەحەتیدا لە ناو تەکسییەکەدا لە جێگەی خۆی دانیشت، بەڵام ئەژنۆکانی کەمێك دەلەرزین.

کارل کە بینی ئێستا رابینسۆن تەندروستی باشە، گوتی:" ئیدی دەبێت بڕۆم."

رابینسۆن گوتی:" ئاخر تۆ تەنیا کراسێکت لەبەردایە."

کارل گوتی:" بەم زوانە چاکەتێك پەیدا دەکەم." پاشان بە متمانە بەخۆبوونەوە سەرێکی بۆ رابینسۆن لەقاند، دەستی وەك نیشانەی ماڵئاوایی بۆ بەرز کردەوە، ئەگەر شۆفێری تەکسییەکە نەیگوتایە:" بەریزە، دەقەیەك راوەستە." کارل دەچوو.

چونکە شۆفێری تەکسییەکە ماوەیەك لە بەردەم ئۆتێلەکەدا راوەستابوو، بەدبەختانە داوای پارەی زیاتری دەکرد.

ڕابینسۆن لەناو تەکسییەکەوە هاواری کرد:" ڕاست دەکات."  پاشان بۆ پشتڕاست کردنەوەی قسەی شۆفێرەکە رابینسۆن گوتی:" تۆ لەوێ ئەو هەموو کاتە منت خستە چاوەڕوانییەوە، دەبێت پارەی زیاتری بدەیتێ."

شۆفێری تەکسییەکە گوتی:" بەڵێ، راست دەکات."

کارل ئەگەرچی دەیزانی ئەم کارە سوودێکی نییە، دەستی کرد بە گەڕان بەناو گیرفانی پانتۆڵەکانیدا و پاشان گوتی:" بەڵێ، ئەگەر شتێکم پێبوایە پێم دەدای."

شوفێری تەکسییەکە کە ئێستا ڕووبەڕووی کارل ببووەوە، گوتی:" من تەنیا تۆ دەناسم، ناتوانم داوای هیچ شتێك لە کەسێکی نەخۆش بکەم."

گەنجێك کە نیوەی کەپووی خورابوو، لە دەرگایەکەوە هاتە دەرەوە و کەمێك لێیان هاتە پێشەوە و لە دووری چەند هەنگاوێکەوە گوێی لە مشتومڕەکەیان گرت. پولیسێك کە تازە گەڕانەکانی بە ناو شەقامەکاندا دەست پێکردبوو، سەری دانەواند و سەرنجێکی وردی لە کارل بڕی، کە بینی تەنها کراسێکی لەبەردایە ڕاوەستا.

رابینسۆن کە پۆلیسەکەی بینی هەڵەی کرد و لە جامەکەی دیکەی تەکسییەکەوە هاواری لێکرد: "هیچ نییە، هیچ نییە."  وایدەزانی بەم کارەی دەتوانێت پۆلیسەکە وەك مێشێك لەوێندەر دەربکات. منداڵەکان  تەماشای پۆلیسەکەیان دەکرد و دەیانبینی لەوێدا ڕاوەستاوە، بەلاّم لەبەر ئەوەی کارل و شۆفێری تەکسییەکە سەرنجیان ڕاکێشان، هەموویان یەکسەر خۆیان گەیاندە لایان، ژنێکی بەساڵاچوو لەوبەری شەقامەکەوە و لەتەنیشت دەرگای ماڵێکدا ڕاوەستابوو، تەماشای ئەم دیمەنە سەرنجڕاکێشەی دەکرد.

دەنگێك لە بان سەریانەوە گوتی:" ڕاسمان!" دەنگی دلامارش بوو، کە لە نهۆمی سەرەوە لە باڵکۆنێکدا ڕاوەستابوو. کە لە بستێنی شینایی کەمڕەنگی ئاسماندا نەدەکرا بە جوانی ببینرێت. بەلاّم دیار بوو ڕۆبێکی لەبەردابوو و بە دووربینێکی بچووك سەیری شەقامەکەی دەکرد. لە تەنیشتییەوە چەترێکی گەورە و سووری خۆری هەڵدرابوو، کە ژنێك لەژێر چەترەکەدا دانیشتبوو. دلامارش بۆ ئەوەی دەنگی ببیسترێت بە دەنگێکی بەرزتر هاواری کرد:" هێی، رابینسۆنیش لەوێیە؟"

کارل گوتی:" بەڵێ." رابینسۆن لەناو تەکسییەکەوە بەدەنگێکی بەرزتر بە گوتنی(بەڵێ) وەلاّمەکەی کارلی پشتڕاست کردەوە. دلامارش دووبارە هاواری کرد:" هەر ئێستا دێمە خوارەوە."

ڕابینسۆن سـەری لـە تەکسـییەکەوە دەرهێنـا و گـوتی:" ئەوەیـە پیـاو." پیاهەڵدانەکـەی ڕابینسۆن سەبارەت بە دلامارش، ڕاستەوخۆ ڕووی لە کارل و شـۆفێری تەکسـییەکە و پـۆلیس و هەرکەسێکی دیکە بووەوە، کە ئەم قسەیەی بیست. هەرچەندە دلامارش لە باڵکۆنەکە هـاتبووە خوارەوە، بەڵام هێشتا تەماشای باڵکۆنەکەیان دەکرد. جەستەیەکی کەڵەگەت کـە دواتـر زانیـان ژنە، بە جلێکی درێژی فشی سوورەوە لە ژێر چەترەکەدا هەستایەوە، ژنە دووربینـە بچـووکەکەی لەسەر لێواری دیواری باڵکۆنەکە هەڵگرت و تەماشای ئەو خەڵکـەی دەکـرد، کـە لـە خـوارەوە ڕاوەستابوون. خەڵکەکە لەسەرخۆ ڕوویان وەرگێڕا.

کارل تەماشای ئەو دەرگایەی دەکرد کە دەبوو دلامارش لێی بێتـە دەرەوە، پاشـان سـەیری حەوشەکەی کرد، کرێکارێکی زۆر لەوێندەر خەریکی هاتوچـۆ بـوون، هەریەکـەیان سـندووقێکی بچووکیان بەسەرشانەوە بوو، کە دیاربوو سندوقەکانی سەرشانیان گەلێك قـورس بـوو. شـۆفێری تەکسییەکە هەلی قۆستبووەوە و خەریکبوو بە پارچەیەکی کۆنە لایتی پێشـەوەی تەکسـییەکەی پاك دەکردەوە. ڕابینسۆن دەستی لە ئەندامەکانی جەسـتەی دەدا، کاتێـك بـەوردی دەسـتی لـە هەموو ئەندامەکانی جەستەی داو پشکنی، لەوەی کە تەنیا هەنـدێ شـوێنی ئـازارێکی کـەمی هەبوو سەری سوڕدەما، پاشان بەخۆپارێزییـەوە چـەمایەوە و دەسـتی کـرد بەکردنـەوەی لافـافی یەکێك لە برینی لاقەکانی. پۆلیسەکە گۆپاڵە ڕەشەکەی گرتبوو بەدەستییەوە و بـە ئارامییـەکی لەڕادەبەدەر کە پێویستە پۆلیس هەیبێت، جا ئەگەر لەدەمی ئێشکگرتندا بێت، یان لە دەرەوەی ئیشەکەیەوە بێت، بە خۆێنساردییەوە چاوەڕێی دەکرد. ئەو گەنجەی کە نیوەی کەپووی خورابـوو، لەسەر قادرمەیەك دانیشتبوو و لاقەکانی درێژ کردبـوو. منداڵـەکان وردە وردە لـە کـارل نزیـك بوونەوە، هەرچەندە کارل گوێی پێنەدەدان، بەڵام لەبەر کراسە شینەکەی بەلایانەوە لەکەسـەکانی دیکە گرنگتر دەهاتە پێش چاویان.

کارل تا هاتنە خوارەوەی دلامارشیش دەرفەتی هەبوو تەماشای بەرزیی باڵەخانەکـە بکـات. دواجار دلامارش بەپەلە هاتـەخوارەوە، تـەنیا کـەمێك ڕاوەسـتا تـاکو پـەتی دەوری کەمـەری ڕۆبەکەی گرێ بدات. بەجۆرێکی خۆشحاڵانە، بەڵام کەمێك بەجدییـەوە هـاواری کـرد:" دواجـار هاتی؟" لەگەڵ هەر شـەقاوێکیدا بیژامـە ڕەنـگ جوانەکـەی دەردەکـەوت. کـارل سـەری لـەوە سوڕدەما، کە چۆن دلامارش دەتوانێت بە بیژامە و ڕۆبەوە، لە دەرەوەی ماڵ و بە ناو شاردا و لە بەردەم ئەم باڵەخانە گەورەیەدا و لە شەقامێکی لەم چەشنەدا، وەها بێباکانە خۆی دەربخات، کـە بە جۆرێك بەرێدا دەچـوو، وەك بڵێـی لـە نـاو ڤـێلا تایبەتەکـەی خۆیـدا بەرێگـەدا دەڕوات. چ

دلامارش و چ رابینسۆن زۆر گۆڕا بوون. دلامارش روخساره پاکوخاوێن و قەڵە و رازاوەکەی پڕ لە غرور بوو و بینەری ناچار دەکرد رێزی لێ بگرێت. هەرچەندە بە تەواوی هێشتا چاوی نەکردبووەوە، بەلاّم چاوانی وەها دەدرەوشانەوە سەرسامی دەکردی، رۆبە وەنەوشەکەی، پیس و کۆن و بۆی گەورە بوو، لە ناو رۆبە چڵکنەکەیەوە، ملپێچێکی ئاوریشمی رەش و گەورە و ئەستوور هاتبووە دەرەوە.

لەو کاتەدا کە رووی کردە هەمووان و گوتی:" ئەوە چییە؟" پۆلیسەکە هەنگاوێك هاتەپێشەوە و پاڵی دا بە تەکسییەکەوە. کارل کەمێك مەسەلەکەی بۆ روون کردەوە و گوتی:" رابینسۆن کەمێك سەرخۆشە، بەلاّم ئەگەر بیەوێت بەئاسانی دەتوانێت لە قادرمەکانەوە سەرکەوێت، ئەم شۆفێرەش کە لێرە راوەستاوە کرێی خۆی وەرگرتووە، بەلاّم داوای پارەی زیاتر دەکات. ئێستاش من دەمەوێت بڕۆم و لای ئێوە خۆش.)

دلامارش گوتی:" نابێت بڕۆیت."

رابینسۆن لەناو تەکسییەکەوە گوتی:" منیش ئەمەم پێگوتووە."

کارل کە چەند هەنگاوێکی هەڵنابوو، گوتی:" بەلاّم من بڕیارم داوە بڕۆم." بەلاّم دلامارش خۆی پێ گەیاند و بەزۆر رایوەستاند.

بەدەنگێکی بەرز پێی گوت:" پێم گوتی دەبێ نەڕۆیت."

کارل گوتی:" لێم گەڕێ بڕۆم." هەرچەندە ئەوەشی دەزانی دەرەقەتی کەسێکی وەك دلامارش نایەت، مستەکۆڵی خڕ کردبوو تاکو لەکاتی پێویستدا پیایدا بکێشێت و بتوانێت خۆی لەدەستی رزگار بکات.

هێشتا پۆلیس و شۆفێری تەکسییەکەش لەوێدا راوەستابوون و شەقامەکەش بە تەواوی چۆڵ و ئارام نەبوو، بەلاّم ئاخۆ ئەو کرێکارانەی کە تاوناتاوێك بەوێدا هاتوچۆیان دەکرد، ئەگەر دلامارش ئازاری کارلی بدایە بەهانایەوە دەهاتن؟ کارل کە حەزی نەدەکرد لە تەنیا ژوورێکدا لەگەڵ دلامارشدا بژی، بەلاّم بۆ لێرە حەزی نەدەکرد و چ کێشەیەك هەبوو؟ دلامارش بێقڕەومشە پارە زیادەکەی بە شۆفێری تەکسییەکە دا، ئەویش خستییە گیرفانی و چەندجارێك سەری رێزی بۆ دانەواند، بۆ قەرەبووی ئەم دڵسۆزییەی کە بەرامبەری کرابوو، چوو بەرەولای رابینسۆن و سەبارەت بەدابەزینی قسەی لەتەك کرد. کارل کە دەیزانی ئێستا کەس گرنگی پێنادات و کاتی هەڵهاتنیەتی و پێویستە کارەێك بکات کە تووشی شەڕ نەبێت، یەکسەر بەرەو جادەکە

وەڕێکەوت. منداڵەکان یەکسەر بانگیان لە دلامارش کرد، وا خەریکە هەڵدێت، بەلاّم پێویستی بە دلامارش نەدەکرد، چونکە پۆلیسەکە گۆپاڵەکەی بەرز کردەوە و گوتی:" راوەستە."

پولیسەکە لە کاتێکدا گۆپاڵەکەی خستە ژێربالّی و دەفتەری یاداشتەکانی لەسەرخۆ لە گیرفانی دەرهێنا، پرسی:" ناوت چییە؟" کارل بۆ یەکەمین جار تەماشایەکی وردی پولیسەکەی کرد، کابرایەکی زنتۆڵ و مووی سەری تاڕادەیەك سپی ببوو.

کارل وەلاّمی دایەوە:" کارل راسمان."

بێگومان پۆلیسەکە کەسێکی ئەرکناس و ئارام بوو، پرسییەوە:" راسمان؟" کارل کە بۆ یەکەمین جار رووبەرووی پۆلیسێکی ئەمریکی ببووەوە، لای وابوو پۆلیسەکە بەهۆی بێ متمانەیی ناوەکەی دووبارە کردەوەتەوە.

پێدەچوو بارودۆخ گەلەك نالەبار بێت، چونکە تەناتەت رابینسۆنیش کە گرفتاری دەردی خۆی بوو، لە ناو تەکسییەکەوە بە پاڕانەوەوە ئاماژەی بۆ دلامارش دەکرد و داوای لێدەکرد یارمەتی کارل بدات. بەلاّم دلامارش سەری بە توندی راوەشاند و گوتی نەخێر، بێ ئەوەی هەنگاوێك بڕواتە پێشەوە، هەر بەو جۆرەی کە دەستەکانی لەناو گیرفانیدا بوو، تەماشای دەکردن.

ئەو گەنجەی کە لەسەر قادرمەکاندا دانیشتبوو، بەسەرهاتەکەی لەسەرەتاوە تا کۆتایی بۆ ئەو ژنە دەگێڕایەوە، کە تازە لەماڵەوە هاتبووە دەرەوە. منداڵەکان دەوری کارلیان دابوو و بێ ئەوەی شتێك بڵێن، تەماشای پۆلیسەکەیان دەکرد.

پۆلیسەکە گوتی:" ناسنامەکەتم بدەرێ." ئەمە پرسیارێکی یاسایی رووت بوو، چونکە کاتێ کە کەسێك چاکەتی لەبەردا نەبێت، چۆن دەتوانێ ناسنامەی پێ بێت؟ کارل ناچار بوو بێدەنگ بێ، بڕیاری دا پرسیاری دواتری پۆلیسەکە بەشێوەیەکی تێروتەسەل وەلاّم بداتەوە، تاکو لەم رێگەیەوە بتوانێت نەبوونی ناسنامەکەی پەردەپۆش بکات.

بەلاّم پۆلیسەکە دووبارە پرسی:" کەوایە ناسنامەت پێ نییە؟" کارل بە ناچارییەوە گوتی:" نا، پێم نییە."

پۆلیسەکە لە کاتێکدا بەدەم بیرکردنەوەوە تەماشای دەوروبەری دەکرد و بە دوو پەنجەی دەیکێشا بە دەفتەری یاداشتەکانیدا، گوتی:" ئەمە زۆر خراپە." دواتر پرسی:" ئیشت چییە؟"

کارل گوتی: " ئیشی ژووربەریم دەکرد."

"ئیشی ژووربەریت دەکرد و ئێستا کار ناکەیت، کەوایە ئێستا چۆن بژێوی ژیانت دەردێنی؟"

" بەدوای ئیشێکی دیکەدا دەگەڕێم."

" تێگەیشتم، کەوایە تازە دەرکراویت؟"

" بەڵێ، کاتژمێرێك لەمەوبەر."

" لە ناکاو؟"

کارل دەستی بە نیشانەی لێبوردن خواستن بەرز کردەوە و گوتی:" بەڵێ."

کارل نەیدەتوانی هەموو کێشەکانی لێرەدا باس بکات، تەنانەت ئەگەر باسیشی بکردایە، دیسانەوە نەیدەتوانی رێگە لەو نیگەرانییانەی پێشووی بگرێت، کە بەهۆی ئەو مەسەلەیەوە دووچاری ببوو. لە کاتێکدا سەرەڕای میهرەبانی سەرپەرشتیاری چێشتخانە، نەیتوانیبوو حەقی خۆی لە سەرکار وەرگرێت، بەدڵنیاییەوە لەم کەسانەشی کە لەم شەقامەدا کۆببوونەوە نەیدەتوانی حەقی خۆی وەرگرێت.

پۆلیسەکە گوتی:" دەریان کردیت بێئەوەی بهێڵن چاکەتەکەت لەبەر کەیت؟"

کارل گوتی:" بەڵێ." کەوابوو لە ئەمریکایشدا پۆلیسەکانی دەوڵەت بەوە راهاتوون کە پرسیارێ بکەن کە خۆیان وەلامەکەی دەزانن. (باوکی لەکاتی وەرگرتنی پاسپۆرتەکەی کارلدا، لە پرسیاری بێسەرەوبەری پۆلیس زۆر تووڕە ببوو) کارل حەزی دەکرد بڕوات خۆی لە شوێنێکدا بشارێتەوە، تاکو وەلامی ئەم جۆرە پرسیارانە نەداتەوە. پۆلیسەکە هەمان ئەو پرسیارەی لێکرد کە کارل لە هەموو پرسیارێکی دیکە زیاتر لێی دەترسا، بەهۆی خۆپاریزی و دوڕدۆنگی لەڕادەبەدەریشیەوە دووچاری هەمان ئەو هەڵەیە بوو کە لێی دەترسا.

" لە چ ئۆتێلێك ئیشت دەکرد؟"

کارل سەری داخست و وەلامی نەدایەوە، ئەمە دواهەمین پرسیارێك بوو کە ئامادە بوو وەلامی بداتەوە. نەدەبوو کارێك بکات پۆلیسەکە دووبارە بیباتەوە بۆ ئۆتێلی ئۆکسیدنتاڵ، چونکە لەوێ لێکۆڵینەوەیان لێ دەکرد، کە دۆست و دوژمنی تێیدا بەشدار بوون، سەرپەرشتیاری چێشتخانە کە ئێستا پێیوابوو، کارل لە پانسیۆنی برێنەردا دەژی، ئەگەر ئێستا بە کراسێکەوە و لەژێرچاودێری پۆلیسدا، بێ ئەو کارتەی کە سەرپەرشتیاری چێشتخانە پێی دابوو، بۆ هۆتێلی ئۆکسیدنتاڵ بچووبایە، سەرپەرشتیاری چێشتخانە کە پێشتر لێی کەوتبووە گومانەوە ، ئێستا بەتەواوی متمانەی پێی نەدەما. پێدەچوو لەو کاتەدا سەرکاریش بە جۆرێکی پڕ لە مانا سەری

راوەشێنێت، بەدڵنیاییەوە سەرپەرشتیاری دەرگاوانانیش دەیگوت، ئەوە رەزای خودایە کە دواجار کەسێکی خراپەکاریان دەسگیر کردووە.

دلامارش لە پۆلیسەکە نزیك بووەوە و گوتی" لە ئۆتێلی ئۆکسیدنتاڵ ئیشی دەکرد."

کارل پێی کوتا بە زەویدا و گوتی" نا، ئەمە راست نییە." لە کاتێکدا دلامارش لێوەکانی وەك گاڵتەپێکردن خڕ کردبووەوە، سەرنجێکی لێدا، وەك بڵێی زۆر شتی بۆ ئاشکراکردن لایە. پەرێشانی چاوەڕواننەکراوی کارل، ئارۆزیانێکی زۆری لەناو منداڵەکاندا دروست کرد، لەنزیك دلامارشەوە ریز بوون تاکو بتوانن بە جوانی سەیری کارل بکەن. رابینسۆن بەتەواوی سەری لە جامی تەکسییەکەوە دەرهێنا، بەجۆرێك لە بارودۆخەکە ورد ببووەوە، کە جگە لە چاوتروکاندن هیچ کردەیەکی دیکەی لێنەدەوەشایەوە. ئەو کوڕەی کە لەسەر قادرمەکان دانیشتبوو لە تاو خۆشحاڵیدا دەستی کرد بە چەپڵەلێدان، ئەو ژنەش کە لە تەنیشتییەوە راوەستابوو، بە ئانیشکی سیخورمەی لێدەدا تاکو هێوری بکاتەوە. حەماڵەکانی ناو حەوشەکە دەیانویست قاوەڵتی بخۆن، بە کوپی قاوەکانیانەوە، کە بەردەوام نانە درێژەکانیان لە کوپەکانیان وەردەدا، دەستە دەستە هاتن بۆ تەماشاکردن، هەندێکیان لە لێواری شۆستەکان دانیشتن و بەلوشەلوشێکی زۆرەوە قاوەکانیان فڕکرد.

پۆلیسەکە لە دلامارشی پرسی: " تۆ ئەم گەنجە دەناسی؟"

دلامارش گوتی: "زۆر باش دەیناسم، زەمانێك زۆر دڵسۆزیم بەرامبەری نواند، بەلاّم لەپاش ئەم بەریەککەوتنە کورتەمان لەگەڵیدا، رەنگە بتوانیت وێنای ئەوە بکەیت، لەبەرامبەر دڵسۆزیمەوە، نمەك نەناس بووە."

پۆلیسەکە گوتی" بەڵێ، وادەردەکەوێت گەنجێکی گەلەك فێڵباز بێت."

دلامارش گوتی" راست دەکەیت، بەلاّم عەیب و عاری هەر ئەم نییە!"

پۆلیسەکە گوتی" بەڕاست؟"

دلامارش ئێستا کە زمانی درێژ ببوو، دەستەکانی لەناو گیرفانی رۆبەکەیدا راوەشاند و گوتی"بەڵێ، سەرت سوڕ دەمێنێ کە چەندە کەسێکی باشە! من و هاوڕێکەم کە ئێستا لە ناو تەکسییەکەدا دانیشتووە، کاتێ بەم پیاوە گەیشتین سەرگەردان و وێڵ بوو، سەبارەت بە بارودۆخی ئەمریکا هیچی نەدەزانی، تازە لە ئەوروپا هاتبوو لەوێش کەس تووری پێ پاك نەکردبوو. بەهەرشێوەیەك بێت پەنامان دا، لەگەڵ ئێمەدا بژی، زۆر شتمان نیشان دا و هەوڵماندا کارێکی بۆ بدۆزینەوە، ئێمە واماندەزانی بەم کارانە دەبێت بە ئینسان، بەلاّم دواجار بەجێی

هێشتین و ئیدی  هەواڵیمان نەزانی، لەو دەمەدا لە بارودۆخێکدا بەجێی هێشتین کە بۆ باسکردن ناشێت." پاش کۆتایی قسەکانی، لە کاتێکدا سەرقۆڵی کارلی رادەکێشا گوتی:" راست دەکەم یان نا؟"

منداڵەکان کە هوروژمیان هێنابووە پێشەوە و کەمێکی مابوو دلامارش بکەوێت بەسەر یەکێکیاندا، پۆلیسەکە خوڕی بەسەریاندا و گوتی" منداڵەکان، بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان."

لەم ساتەدا حەماڵەکان بۆیان دەرکەوت، گوێگرتن لەم لێکۆڵینەوەیە زۆر سەرنجڕاکێشترە لەوەی کە پێشتر گومانیان کردبوو، لە پشت کارل خڕ ببوونەوە و تەماشایان دەکرد، بەجۆرێك کە کارل تەنانەت نەیدەتوانی هەنگاوێك بگەڕێتەوە دواوە، بەکورتی کارل لەوێدا گیری خواردبوو و گوێی لە دەنگی زۆربڵێی حەماڵەکان بوو، کە بەزمانێکی بازاڕی تایبەت قسەیان بۆ یەکدی دەکرد، زمانەکەیان ئینگلیزییەکی دەستوپێ شکاوی تێکەڵ بە زمانی سلۆڤاکی بوو.

پۆلیسەکە سلاوێکی سەربازی لە دلامارش کرد و گوتی" سوپاس بۆ زانیارییەکانت، بە هەر جۆرێك بێت، لەتەك خۆم دەیبەم و دەیدەمە دەست ئۆتێلی ئۆکسیدنتاڵ."

بەلاّم دلامارش گوتی" دەکرێ ئەو تکایەت لێ بکەم ئێستا لای من بێت، من ئیشم پێیەتی. بەڵێنتان پێدەدەم دوایی خۆم دەیبەم بۆ ئۆتێلەکە."

پۆلیسەکە گوتی" من ناتوانم ئیزنی ئەمەت پێبدەم."

دلامارش گوتی" فەرموون، ئەمەش ناسنامەکەم" و ناسنامەکەی دا بە پۆلیسەکە.

پۆلیسەکە بە چاوێکی رێزدارانەوە تەماشایەکی ناسنامەکەی کرد و بە بزەیەکی رێزدارانەوە گوتی" نا، ناتوانم لای تۆ بەجێی بهێڵم."

کارل کە تا ئێستا ئاگای لە خۆی ببوو کە لەلایەن دلامارشەوە رووبەڕوی مەترسی نەبێتەوە، لە ئێستادا هەستی دەکرد، تەنیا رێگەی رزگاربوونی لە دەست ئەودایە، بەجۆرێك کە قسەکردنی دلامارش و پۆلیسەکەی بە گوماناوی دەهاتە پێش چاو. بەلاّم بە هەر جۆرێك بێت، لەچاو پۆلیسەکەدا دلامارشی زووتر بۆ رازی دەکرا کە نەیگەڕێنێتەوە بۆ ئۆتێلەکە. هەڵبەتە لە ئێستادا نابێ لێگەڕێت کەس لەوە تێبگات، کە کارل بەڕاستی نایەوێت لای دلامارش بمێنێتەوە، ئەگەر نا ئامانجی خۆی ناپێکێت. بەنیگەرانییەوە تەماشای دەستی پۆلیسەکەی دەکرد کە هەر ساتێك ئەگەر هەبوو بۆ دەستگیرکردنی بەرزی بکاتەوە.

دواجار پۆلیسەکە گوتی:" خۆ بەلانیکەمەوە دەبێ بزانم بۆچی لەناکاو وەدەریان ناوە."
دلامارش لەم قسانەی پۆلیسەکە ئەوەندە نیگەران بوو، کە رووی وەرگێڕاو کارتی نێوان پەنجەکانی ملۆچە کرد.

ڕابینسۆن لە کاتێکدا دەستێکی خستبووە سەر شانی شۆفێرەکە و سەری تا ئەو رادەیەی کە دەکرا لە تەکسییەکە هێنابووە دەرەوە، لە بەرامبەر چاوە سەرسامەکانی ئەواندا هاواری کرد" بەلاّم بە هیچ جۆرێك نەیان کردووەتە دەرەوە، بە پێچەوانەوە هێشتا لەسەر ئیشێکی ئابڕومەندانەیە. سەرپەرشتیاری ژووری ژووربەرەکانە، هەرکەسێك کە بیەوێت دەتوانێت بیباتە ژوورەوە. بەلاّم زۆر سەرقاڵە، ئەگەر کەسێك بیەوێت پرسیاری لێ بکات، دەبێت زۆر چاوەڕێی بکات، تاکو وەلاّم بداتەوە. هەمیشە لەتەك سەرکار و سەرپەرشتیاری چێشتخانەدا گفتۆگۆ دەکات، کارەکەی زۆر هەستیارە و خۆشی زۆر جێگەی متمانەیە. لە راستیدا نەکراوەتە دەرەوە و نازانم بۆچی ئەم قسانە دەکات، کێ دەتوانێت بیکاتە دەرەوە؟ لە ئۆتێلەکە زۆریان لە من دا و فەرمانیان پێکرد من بگەیێنێتە ماڵەوە، لەو کاتەشدا هیچی لەبەر دانەبوو هەروا بەم کراسەیەوە لەگەڵ من هات، چونکە من نەمدەتوانی راوەستم، تاکو بڕوات چاکەتەکەی لەبەر بکات."

دلامارش لە کاتێکدا کە دەستی درێژ کردبوو تاکو پۆلیسەکە بەهۆی نەناسینی کارلەوە سەرزەنشتی بکات، گوتی: " ئێستا تێگەیشتی؟" قسەکردنی دلامارش بووە هۆی ئەوەی ئەو قسانەی کە رابینسۆن کردبوونی بۆ پۆلیسەکە روون بێتەوە.

پۆلیسەکە کە کەوتبووە ژێر کاریگەریی قسەکانەوە، گوتی: " کەوایە ئەمە راستە؟ ئەگەر وایە بۆچی دەڵێت کردویانەتە دەرەوە؟"

دلامارش گوتی: " باشتروایە لە خۆی بپرسی."

کارل تەماشایەکی پۆلیسەکەی کرد، ئەرکی پۆلیس ئەوە بوو لەنێوان ئەم کەسە نامۆیانەدا کە تەنیا بیریان لە سوودی خۆیان دەکردەوە بڕیارێك بدات، لەلایەکی دیکەوە دەیزانی پۆلیسەکە چ کێشەیەکی هەیە. کارل لەبەرئەوەی نەیدەویست درۆ بکات، دەستەکانی لە پشتەوە کلۆم کرد. تەماشاکارێك لە بەردەگای ماڵەکەوە دەرکەوت، چەپڵەیەکی لێدا تاکو حەماڵەکان بگەڕێنەوە سەرکارەکەیان. کرێکارەکان پاشماوەی قاوەکانیان رژاندە سەر زەویەکە و بەبێدەنگی و بە نابەدڵیەوە چوونە ژوورەوە.

پۆلیسەکە گوتی: " بەمجۆرە بەئەنجام ناگەین." و ویستی دەستی کارل بگرێت. کارل نەویستانە کەمێك چووە دواوە و دەیزانی بە چوونی حەماڵەکان ئێستا پشتەوەی چۆڵ بووە.

وەرسوڕاو قەڵەمبازێکی گەورەی داو بەوپەڕی خێراییەوە دەستی بەهەڵهاتن کرد، لە ناکاو منداڵەکانیش هاواریان کرد و چەند هەنگاوێك لەتەکیدا رایان کرد.

پۆلیسەکە رووە و شەقامە درێژ و تاڕادەیەك چۆڵەکە هاواری کرد: " رێگەی لێبگرن." لەکاتێکدا هەر جارەو لە مەودایەکی زەمەنی دیاریکراودا هاواری دەکرد، دەستی کرد بەڕاکردن بەدوای کارلدا، دیاربوو لە راکردن بەدوای کەسێکدا شارەزایە و توانایەکی زۆری هەیە. کارل بەخت یاری بوو، پۆلیسەکە لە گەڕەکی کرێکارنشینناندا دوای کەوتبوو، چونکە کرێکاران حەزیان بە چارەی پۆلیسی دەوڵەت نەدەکرد. کارل بە ناوەڕاستی شەقامەکەدا رایدەکرد، چونکە لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا هیچ کۆسپێکی نەدەهاتە رێ، هەندێ جار چاوی بە هەندێك کرێکار دەکەوت کە بە ئارامییەکی زۆرەوە لەسەر شۆستەکان راوەستابوون، تاکو ئەوکاتەی کە پۆلیسەکە هاواربکات" بەردەمی بگرن." و تەماشای بکەن. پۆلیسەکە هەروا کە بەشوێن کارلدا رایدەکرد، گۆپاڵەکەی روەو کارل گرتبوو بەردەوام چالاکانە بەسەر شۆستەکاندا رای دەکرد. کارل بێ ئومێد ببوو، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە گەیشتە چوارڕیانەکە، کە بەدڵنیاییەوە پۆلیسی هاتوچۆ لەوێندەر راوەستابوو. بەخێراییەکی هەرچی زیاتر بە شەقامەکەدا رایدەکرد، سەرەولێژی شەقامەکە تا دەهات زیاتر و زیاتر دەبوو. بەڵام چونکە شەوی پێشوو نەخەوتبوو، پێی هەڵدەنووتا و بەمەش کاتی گرانبەهای بەفیڕۆ دەچوو. بەڵام پۆلیسەکە چاوی لە کارل هەڵنەدەگرت و پێویستی بە بیرکردنەوە نەبوو، ئەمە لە کاتێکدا کە دەبوو کارل یەکەمجار بیر بکاتەوە و پاشان ئەگەرەکان هەڵسەنگێنێت و ئەوجا بڕیار بدات بەرەو کام رێگەیان بڕوات. پلانەکەی(کە تاڕادەیەك نائومێدکەر بوو) ئەوە بوو کە ئێستا لەم شەقامەوە رەد نەبێت، چونکە نەیدەزانی لەم شەقامەدا ئەگەری قەومانی چ رووداوێك هەیە، رەنگە ئەم شەقامە لەبنکەیەکی پۆلیسەوە سەر دەربکات. دەیویست تا دەکرێت بەدرێژایی شەقامەکە رابکات، دەیتوانی کۆتایی شەقامەکە ببینێت، چونکە زۆری مابوو بۆ کۆتایی شەقامەکە کە بە پردێك کۆتایی دەهات کە لە ناکاو لەنێو تەمومژ و تیشکی خۆردا دیار نەدەما. کاتێ ویستی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات لە ناکاو هەنگاوەکانی توندتر کرد، تاکو هەرچی زووترە لە یەکەمین شەقامی لاوەکییەوە تێپەڕێت. بەڵام لە بەرامبەر خۆیەوە لە مەودایەکی نزیکەوە پۆلیسێکی بینی، کە لە ژێر سێبەری دیوارێکی رەشدا کەمینی دانابوو و چاودێری بارودۆخی دەکرد، لەهەموو ساتێکدا ئەگەری هەبوو بەرەو لای کارل رابکات.

کارل چاری نەبوو جگە لەوەی بە شەقامە لاوەکییەکەدا رابکات، کاتێك لەهەمان شەقامەوە کەسێك بەهێواشی بانگی کرد- یەکەمجار وایزانی وەهمە، چونکە هەمیشە لەناو گوێیدا دەنگی زەنگێکی دەبیست- ئیدی بێ دوو دڵی یەکسەر پێچی کردەوە، بۆ ئەوەی تا ئەو رادەیەی کە دەکرێت پۆلیسەکە غافڵگیر بکات، پێی بەرەو لای راست وەرچەرخاند و بەرەو شەقامە لاوەکییەکە کەوتەڕێ.

کارل لەبیری چووبوو کە کەسێك بانگی کردووە، دوو هەنگاوی نەنابوو کە پۆلیسی دووەمیش دەستی کرد بە فیکە لێدان، ئەم پۆلیسەیان بەدڵنیاییەوە بەگوڕتر بوو و ئامادەی راکردن بوو، ئەو رێبوارانەی کە لە پێشیەوە بۆ شەقامە لاوەکییەکە دەچوون، وەك بڵێی هەنگاوەکانیان خێراتر کردبوو. لەم کاتەدا لە دەرگایەکی چکۆلەوە دەستێك هاتە دەرەوە و یەخەی کارلی گرت و بەرەو دالانێکی تاریك رایکێشا، کابرای خاوەن دەست گوتی: " نەجولێیت." کابرا دلامارش بوو، کە ئەوەندە رای کردبوو هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو و روخساری سوور هەڵگەڕابوو، بە هۆی ئارەقەکردنەوە قژی بەسەرییەوە نووسابوو و تەنیا کراس و بیژامەیەکی لەبەردابوو و رۆبەکەی خستبووە ژێر باڵییەوە. ئەم دەرگایە، دەرگایەکی سەرەکی نەبوو، بەڵکو دەرگایەکی بچکۆلە بوو، دلامارش یەکسەر دەرگاکەی داخست و قفڵی دا.

دلامارش لە کاتێکدا پاڵی دابوو بە دیوارەکەوە و سەری بردبووە دواوە و هەناسەبڕکێی بوو، گوتی:" دەقیقەیەك راوەستە." کارل تارادەیەك کەوتبووە ئامێزی دلامارش و نەیدەزانی چی بکات و سەری نابووە سەرسنگی دلامارش.

دلامارش لە کاتێکدا بەوردی گوێی رادەگرت، بە پەنجەی ئاماژەی بۆ دەرگاکە کرد و گوتی: "وا خەریکە تێدەپەڕن." دوو پۆلیسەکە کاتێ بە گەڕەکەکەدا تێپەڕین، دەنگی پێیان وەك بەرکەوتنی پۆلا و ئاسن لە گەڕەکە چۆڵەکەدا دەنگی دەدایەوە.

کارل کە هێشتا هەناسەبڕکێی بوو تەنانەت نەیدەتوانی یەك قسە بکات، دلامارش گوتی: " مەترسیت لەسەر لاچوو." دلامارش بە وریاییەوە کارلی لەسەر عەردەکە راکشاند و لەتەنیشتییەوە بە ئەژنۆدا هات و چەند جارێك دەستی لە تەوێڵی دا و تەماشای کرد.

کارل کە بە زەحمەت لەجێگای خۆیدا هەڵدەستایەوە، گوتی: " حاڵم باشە."

دلامارش رۆبەکەی لەبەر کردەوە و پاڵی بەکارلەوە نا بۆ پێشەوە، کە هێشتا لە تاو ئازاردا سەری شۆڕ کردبووەوە، تاوناتاوێك سەری رادەوەشاند تاکو بێتەوە هۆش خۆی و گوتی: " وەرە لێرەوە بڕۆین."

" دەڵێی ماندووی؟ راستە بەو شەقامە دوورودرێژەدا رات کردووە، بەڵام منـیش ناچـاربووم بەناو ئەو هەموو حەوشە و ڕاڕەوە نەفرەتییانەدا بەدوای تۆدا رابکـەم. باشـە راکـەرێکی خـراپ نین." بە لووتبەرزییەوە ئەم قسانەی کرد و مستەکۆڵێکی توندی کێشا بە پشتی کارلدا و گوتی: " ئەم جۆرە هەڵهاتنانە لەدەستی پۆلیس هەندێ جار وەرزشێکی باشە."

کارل گوتی: " پێش ئەوەش رابکەم، زۆر ماندووبووم."

دلامارش گوتی: " بیانوویەك بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی مرۆ لەمەترسی هەڵنەییێت. ئەگـەر من نەبوومایە ئێستا دەسگیریان کردبووی."

کارل گوتی: " لاموایە راست دەکەی، لەم رووەوە زۆر قەرزارتم."

دلامارش گوتی: " بێگومان."

بە رارەوێکی درێژ و تاریکدا کە بەردرێژییەکی رەش و هەمواری بـۆ کرابـوو تێپـەڕین. لـە دەستی چەپ و راستیاندا هەندێجار قادرمەیەك یان رارەوێکیـان دەبـینی، کـە دەچـووەوە سـەر رارەوێکی گەورەتر. کەسانی تەمەن گەورە بە دەگمەن لەو ناوەدا دەبینران، بەڵام منداڵان لەسـەر قادرمە چۆڵەکان گەمەیان دەکرد. لەتەنیشت لێوانەی قادرمەیەکیانەوە کچـۆڵەیەك راوەسـتابوو، ئەوەندە بەکوڵ دەگریا، هەموو دەموچاوی بـە فرمێسـك تـەڕ کردبـوو. ئـەم کچـۆڵەیە هەرکـە دلامارشی بینی، یەکسەر لەقادرمەکانەوە چووە سەرەوە، لە کـاتی چـوونە سـەرەوەیدا هەناسـە بڕکێی پێکەوت، پاشان هەر تاوناتاوێك جارێك ئاوڕی دەدایەوە، تاکو لەوە دڵنیابێت کە کەسـی بەدواوە نییە، ئەوەندە رای کردە سەرەوە تاکو ئەرخەیان بێت کە جێگەکەی بێ مەترسییە.

دلامارش بەدەم پێکەنینەوە گوتی: " ساتێك لەمەوبەر بەری کـەوتم و کـەوت بـە عـەردا." پاشان دەستی بۆ کچە راوەشاند، بەم کارەی کچەکە بەهاوارەوە لە قادرمەکاندا چووە سەرترەوە.

بە چەند حەوشێکدا تێپەڕین، کە تاڕادەیەك بەتەواوی لەبیر کرابـوون. هەنـدێجار حـەماڵێك بەلایاندا رەد دەبوو، کە عەرەبانەی دەستی لێدەخوڕی، ژنێك خەریك بوو بە ترۆمپا سەتڵەکەی پڕ لە ئاو دەکرد، پۆستەچییەکان سـەردانی ماڵانیـان دەکـرد و نامـەیان دەگەیانـد، پیرەمێردێـك لەبـەردەم دەرگایـەکی شووشـەدا دانیشـتبوو و قاچـی خسـتبووە سـەرقاچ و پـایپی دەکێشـا، حەماڵەکان سندوقەکانیان لەبەردەم بنکەیەکی بارکردن و گواستنندا خاڵی دەکرد، ئەسپگەلێك کە لەو ناوەدابوون بێ باکانە و بـەئارامی سـەریان بـادەدا، پیاوێـك کـە جلـی ئیشـی لەبـەردابوو، کاغەزێکی گرتبوو بەدەستیەوە و تەماشای حەماڵەکانی دەکـرد. لـەودیو پەنجەرەیـەکی کـراوەی

فەرمانگەیەکەوە، کارمەندێك لەپشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو و سەری بەرز کردبووەوە، کاتێ کارل و دلامارش لە بەرامبەر پەنجەرەکەوە ڕەد بوون، بە دەم بیرکردنەوەوە تەماشای دەکردن.

دلامارش گوتی: " تا حەز بکەیت ئێرە ئارامە، تەنیا لە ئێوارانـدا یەك دوو کاتژمێر قەرەباڵغە، ئەگینا بە شەو و بە ڕۆژیشدا زۆر ئارامە." کارل سەری بۆ دلامارش لەقاند، شوێنەکە لە پێش چاویدا گەلەك ئارام بوو.

دلامارش گوتی: " شوێنێکی لەم باشتر بۆ ژیان نادۆزرێتەوە، چونکە برۆنیلدا هەرگیز حەزی لە ژاوەژاو و قەرەباڵغی نییە. برۆنیلدا دەناسی؟ زۆر باشە، بەم زوانە دەیناسی. ئێستا گوێ لە قسەکانم بگرە و تا دەتوانی بێدەنگ بە"

کاتێ گەیشتنە قادرمەی ئەو باڵەخانەیەی که دلامارشی لێ بوو، تەکسییەکە چووبوو ئەو کوڕەش کە نیوەی کەپوی چووبوو، بێئەوەی لە بینینەوە کارل سەری سوور بمێنێ، گوتی رابینسۆنم بردوەتە نهۆمی سەرەوە.

دلامارش بەجۆرێك سەری بۆ لەقاند، دەتگوت نۆکەریەتی و ئەرکێکی پێراسپێراوی ئەنجام داوە. پاشان تەماشایەکی شەقامەکەی کرد، کە تیشکی خۆر ڕووناکی کردبووەوە، ئەوجا کارلی لەتەك خۆیدا بردە سەرەوە، کە چەند ساتێك دواکەوتبوو ، لەکاتی چوونەسەرەوەیاندا، دلامارش چەندین جار گوتی: " هەر ئێستا دەگەین" بەڵام قسەکەی ڕاست نەبوو، چونکە هەر قادرمەکاندا دەچوونە سەرەوە و هەر نەدەگەیشتن. کارل ناچار بوو جارێك راوەستا، هەڵبەتە نەك لەبەر ماندووبوونی، بەڵام بەهۆی کۆتایی نەهاتنی قادرمەکان هەستی بە بێچارەیی دەکرد. هەروا کە سەردەکەوتن دلامارش گوتی: " شوقەکەمان زۆر لەسەرەوەیە، بەڵام ئەو بەرزییەش سوودی خۆی هەیە. بۆ نموونە دوچاری ئەو دردۆنگییە نابین کە زۆر بچینە دەرەوە، بەدرێژایی ڕۆژ ڕۆبەکانمان لەبەر دەکەین و پشوو دەدەین، شوێنێکی زۆر خۆشە. هەڵبەتە هیچ کەسێکیش تاقەتی ئەوەی نییە بەم هەموو قادرمانەدا بێتە سەرەوە و سەردانمان بکات."

کارل لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: " چما کەس سەردانیان دەکات؟"

دواجار گەیشتنە پێگۆڕکێیەك، کە دەکرا لەوێوە رابینسۆن لە بەردەم دەرگایەکی داخراوەوە ببینن. ئێستا دەکرا بگوترێ بەشوێنی مەبەست گەیشتوون، بەڵام سەرباری ئەوەش قادرمەکان هێشتا تەواو نەببوون، بەڵکو ئەوەندە درێژ دەبوونەوە کە لە نیمچە تاریکییەکدا ون دەبوون، بەجۆرێك کە کۆتاییەکەیان بەهیچ شێوەیەك دیار نەبوو.

رابینسۆن بەدەنگێکی کز، کە وەك بڵێی هێشتا ئازار دەکێشێت، گـوتی: " هـەر دەمزانـی دواجار دلامارش لەگەڵ خۆی دەتهێنێت! راسمان ئەگەر دلامـارش نەبوایـە، ئـاخۆ چـیت بەسـەر دەهات؟" رابینسۆن تەنها جلی ژێرەوەی لەبەردابوو، ئەو بەتانیـە بچـکۆلەیەی کـە لـە ئـۆتێلی ئۆکسیدنتاڵ پێیان دابوو بەزەحمەت جەستەی دادەپۆشی، لەخۆی ئالاندبوو، هیچ هۆیەك نەبوو بـۆ ئەوەی لەجیاتی ئەوەی لێرەدا راوەستێت و ببێتە گاڵتەچی رێبوارانی تێپەڕبوو، بڕواتە ژوورەوە.

دلامارش گوتی: " نووستووە؟"

رابینسۆن گوتی: " باوەڕ ناکەم، بـەلام بـیرم کـردەوە باشـتروایە چـاوەڕوانی تـۆ بکـەم تـا دێیتەوە." دلامارش کە چەمابووەوە تاکو لە کونی کلیلەکەوە تەماشای ژوورەوە بکات، گـوتی: " سەرەتا دەبێت بزانم خەوتووە یان نا.؟" پـاش ئـەوەی لـە کـونی کلیلەکـەوە تەماشـای کـرد، لەکاتێکدا سەری بۆ ئەملاوئەولا بـادەدا، راسـت بـووەوە و گـوتی: " نـاتوانم بەباشـی بیبیـنم، پەردەکەی داداوەتەوە. لەسەر چرپاکەی دانیشتووە، بەلام دەکرێت بەدانیشتنەوە خەوتبێت"

لەبەر ئەوەی دلامارش لە شوێنی خۆیدا وشك ببوو، کارل پرسی: " بۆچی، چما نەخۆشە؟"

بەلام دلامارش لە وەڵامیدا کە بەئەندازەی پێویست بەرز بوو، گوتی: "نەخۆش؟"

رابینسۆن بۆ ئەوەی بابەتەکە بچووك نیشان بدات، گوتی:" ئەم برۆنیلدا ناناسێت."

لە چەند دەرگایەك لەولاترەوە دوو ژن هاتنە راڕەوەکەوە و دەسـتەکانیان بـە بەروانکـەکانیان پاك کردەوە. چاویان لە دلامارش و رابینسۆن بڕی، دیار بوو لە نێوان خۆیانـدا سـەبارەت بـەوان قسە دەکەن. کچۆڵەیەکی قژکاڵ لە هەمان دەرگاوە هاتە دەرەوە و بە هەر جۆرێـك بـوو لـەنێوان ئەواندا جێی بۆ خۆی کردەوە و هاوشانی ژنەکان راوەستا.

دلامارش کە هەوڵی دەدا بە هێواشی بدوێت و دیاربوو نایەوێت برۆنیلدا لە خەو راچڵەکێت، گوتی: "ژنانێکی نەفرەتاوین. بەلام زوو یان درەنگ پۆلیسـیان لـێ ئاگـادار دەکەمـەوە، ئـەوجا ساڵهای ساڵ لەدەستیان رزگارم دەبێت." پاشان خوڕی بەسەری کارلدا: " سەیریان مەکە."

بەلام کارل هیچ عـەیبێکی لە سەیرکردنی ئەواندا نەدەبینییەوە، چونکە بەهەر شێوەیەك بوو، دەبوو لە راڕەوەکەدا چـاوەڕێ بکـەن تـاکو برونیلـدا لـە خـەو هەڵسـێت. بەتووڕەییـەوە سـەری راوەشاند، چونکە حەزی نەدەکرد دلامارش ئامۆژگاری بکات، ویستی بەرەو لای ژنەکان بـڕوات، تاکو لە مەبەستی خۆی تێیان بگـەیێنێت، بـەلام رابینسـۆن قـۆڵی گـرت و گـوتی: " راسمـان، ئاگاداربە." دلامارش کە پێشتر تووڕەبوو، بەهۆی قاقای پێکەنینی کچۆڵەکە زیاتر تووڕەبوو، بە دەست راوەشاندن بەرەو لای ژنەکان کەوتە رێ، ئەوانیش لەترساندا خۆیان کردەوە بە ژووردا.

دلامارش لەو کاتەدا کە دەگەڕایەوە بۆ شوێنی پێشووی خۆی، گـوتی: " بـەڵێ، ئاوهـا لـە ڕاڕەوەکەدا وەدەریان دەنێم." پاشان کە بیری هاتەوە کارل سەرەڕۆیی کردووە، گـوتی:" چـاوەڕێی ڕەفتاری وەها لـەتۆ ناکـەم، ئەگـەر لەسـەر ئـەم کردەوانـەت بـەردەوام بیـت، ڕووبـەڕووی مـن دەبیتەوە."

پاشان لە ژوورەوە دەنگێکی ناسك هات، بە جۆرێکی ماندووانە پرسی:" دلامارش تۆیت؟"

دلامارش کە بە میهرەبانییەوە چاوی لە دەرگاکە بڕیبوو، گوتی: " بەڵێ منم، دەتوانم بێمـە ژوورەوە؟"

لەژوورەوە وەلاّم درایەوە:" ئۆ، بەڵێ." دلامارش لەپاش سەیرکردنی رابینسۆن و کارل، کـە لەپشتییەوە راوەستابوون، لەسەرخۆ دەرگاکەی کردەوە.

چوونە ژوورەوە، ژوورەکە بەتـەواوی تاریـك بـوو. پـەردەی دەرگـای باڵکۆنەکـە بەتـەواوی دادرابووەوە- ژوورەکە پەنجەرەی نەبوو- رووناکییەکی کز دەهاتە ژوورەوە، بەلاّم چونکە ژوورەکـە پڕ بوو لە کەلوپەل و لە هەموو شوێنێکدا هەڵواسرابوو تاریکی ژوورەکەی زیاتر دەکـرد. هـەوای ژوورەکە بۆنێکی ناسروشتی لێدەهات، هەروەها بۆنی ئەو تەپوتۆزەی کە لە سووچی بنمیچەکاندا کۆ ببووەوە، کە دیار بوو دەستی کەسی پێ نەدەگەیشـت پـاکی بکاتـەوە. هەرکـە کـارل چـووە ژوورەوە یەکـەمین شـتێك کـە سـەرنجی راکێشـا، ئـەو سـێ جانتایـە بـوو کـە لەسـەر یەکـدی هەڵچنرابوون.

هەمان ئەو ژنە لەسەر چرپاکە راکشابوو، کە پێشتر لە باڵکۆنەکـەوە تەماشـای خـوارەوەی دەکرد. جلی سووری خەوەکانی کە کەمێك لـۆچ ببـوو، لـە چـرپاکەوە شـۆڕببووەوە و لاقـەکانی تاڕادەیەك تاکو ئەژنۆی دیار بوون، گۆرەویەکی سپی درێژ و خوری لە پێدا بوو، بەلاّم پێلاّوی لـە پێدا نەبوو.

رووی بەرەو لای دیوارەکە وەرگێڕاو بە هێواشی دەستی بـەرەو لای دلامـارش درێـژ کـرد و گوتی:"دلامارش، ئێرە چەندە گەرمە." دلامارش دەسـتی مـاچ کـرد. کـارل تـەنها دەیتـوانی غەبغەبەی ژنە ببینێت، کە بەهۆی جوولەی سەرییەوە وەجوولە کەوتبوو.

دلامارش گوتی: " حەز دەکەی پەردەکە لا بدەم."

ژنە لە کاتێکدا چاوەکانی دادەخست و نائومێدانە گوتی: " ئۆ، نا، ئەم کارە مەکـە، حـاڵم خراپتر دەبێت."

کارل تاکو بەردەم چەرپاکە چوو، تاکو باشتر ژنەکە ببینێت، سەرسام بوو بەوەی کە ژنەکە نارەحەتە، چونکە هەوای ناو ژوورەکە ئاسایی بوو و گەرم نەبوو.

دلامارش بەنیگەرانییەوە گوتی: " ئارام بگرە، ئێستا کارێك دەکەم کەمێك ئارام بیتەوە."

چەند قۆپچەیەکی سەر سنگی کردەوە، بەشێك لە مەمکەکانی هاتنە دەرەوە و قەراغی ستیانە نەرم و تۆڕی و ڕەنگ زەردەکەی دەرکەوت .

ژنە لە کاتێکدا بە پەنجە ئاماژەی بۆ کارل دەکرد، لەناکاو گوتی:" ئەمە کێیە؟ بۆچی ئەوەندە سەیرم دەکات؟"

دلامارش کارلی خستە لاوە و گوتی: " تۆ یارمەتییەکی زۆری ئێمەت داوە، وانییە؟"

پاشان بەم قسانە دڵنەوایی ژنەی دایەوە: " ئەم کوڕەم لەگەڵ خۆم هێناوە، تاکو خزمەتت بکات."

ژنە هاواری کرد: " بەڵام من کەسم ناوێت خزمەتم بکات، بۆچی کەسانی نامۆ دەهێنیتە ماڵەوە؟"

هەرچەندە چرپاکە فراوان بوو بەڵام شوێنێك بۆ دانیشتن لە لای برۆنیلدا نەمابووەوە، دلامارش لەسەر زەوییەکە کەوتە سەرئەژنۆ و گوتی: " بەڵام تۆ هەمیشە پێداگریت لەسەر ئەوە دەکرد کەسێك بدۆزمەوە کارەکانت ئەنجام بدات."

ژنە گوتی: " ئای دلامارش تۆ لە مەبەستی من تێناگەیت، ئەسڵەن تۆ لەوەی کە من دەیلێم، تێناگەی."

دلامارش کە رووخساری خستبووە ناو دەستەکانی گوتی: " زۆر باشە، من لە مەبەستی تۆ تێناگەم، گرنگ نییە، ئەگەر تۆ حەز بکەیت ئەو یەکسەر دەڕوات."

ژنە گوتی: " ئێستا کە لێرەیە، لێگەڕێ با بمێنێتەوە." ئەگەرچی کارل دەیزانی ژنە ئەم قسانەی لە سۆنگەی دڵسۆزییەوە نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ماندوو بوو، چوونە خوارەوەی بەو هەموو قادرمانەدا بۆ گران بوو، ئەم قسانە خۆشحاڵیان کرد. چووە نزیك رابینسۆن کە بەئارامی لەسەر بەتانییەکەی خەوتبوو. هەرچەندە دلامارش بە تووڕەییەوە سەرو دەستی رادەوەشاند، بەڵام کارل گوتی:" بەهەرحاڵ، سوپاستان دەکەم کە ڕێگەتان پێدام کەمێك لێرە بمێنمەوە. بیست و چوار کاتژمێرە نەخەوتووم و گەلەك کارم کردەوە و کەمێکیش بێزارم. زۆر ماندووم و ئەسڵەن نازانم لە کوێدام. بەڵام دوای ئەوەی یەك دوو کاتژمێر خەوتم، هەرکە گوتتان لێرە بڕۆم، بەوپەڕی ڕەزامەندییەوە یەکسەر دەڕۆم."

ژنه گـوتی: " هەرچـەندە حـەز بکـەیت دەتوانیـت لێـرە بمێنیتـەوە." پاشـان بەئاوایـەکی تەشەرئامێز گوتی: " هەروەك دەبینی، ئێمە بە ئەندازەی پێویست شوێنمان هەیە."

دلامارش گوتی: " باشتر وایە بڕۆیت، چونکە ئیدی کارمان پێت نییە."

ژنە بە شێوەیەکی جدی گوتی: " نا، لێگەڕێ لێرە بمێنێتەوە."

دلامارش وەك پەیڕەوی کردن لـە قسـەکانی ژنەکـە بـە کـارلی گـوت: " کەوایـە بـڕۆ لـە شوێنێکدا بخەوە."

" دەتوانێت لەسەر پەردەکان بخەوێت، بەلاّم بۆ ئەوەی نەدڕێن، دەبێ پێلاوەکانی داکەنێت."

دلامارش ئەو شوێنەی کە ژنەکە بۆی دیاری کردبوو بە کارلی نیشان دا، شـوێنەکە لـەنێوان دەرگاکە و سێ جانتا و چەندین جۆر پەردەی جیـاوازی بەسـەریەکەوە هەلّچـنراودا بـوو، ئەگـەر کەسێك پەردەکانی بەجۆرێك دەق بکردنایە کە قورسەکانی لـەژێرەوە و سـووکەکانی لەسـەرەوە دابنایە، ئەگەر سکەی دارینی پەردەکان و ئەو ئەلّقانەی کە بە پەردەکانەوە بـوو لایبردنایـە،کارل دەکرا لەو شوێنەدا بخەوێت، بەلاّم لە دۆخی ئێستادا شوێنەکە گەلەك ناهـەموار و نالـەبار بـوو، ئەوەندەش ماندووبوو نەیدەتوانی رێکوپێکیان بکات، لە هەمان کاتیشدا نەیدەویست لەبەرامبەر خانەخوێیەکەیەوە، خۆی بە کەسێکی بەفیز نیشان بدات، بۆیە یەکسەر لەسەر پەردەکان خەوت.

خەریکبوو خەوی لێدەکەوت کە هاوارێکی بەرزی بیست، کاتێ هەسـتایەوە بـینی برۆنیلـدا لەسەر چرپاکەی راکشاوە و بازووەکانی خستووەتە دەور گەردنی دلامارش، کە لە بەرامبەرییـەوە بە ئەژنۆدا کەوتبوو. کارل کە ئەم دیمەنەی بینی راچلّەکی و لەسەر پـەردەکان راکشـایەوە، تـاکو خەوی لێکەوێت. زۆر بە باشی دیاربوو، تەنانەت ناتوانێت بۆ دوو رۆژیش لێرە بمێنێتـەوە، بـەلاّم ئێستا زۆر پێویستی بە خەوتن بـوو، تـاکو لـەدوای خەوتنەکەیـەوە بەکـەیف و دەمـاغ بێـت و بتوانێت لەبارەی رەوتی دروستی کارەکانیەوە کە پێویستە بیانکات، بە خێرایی بڕیار بدات.

بەلاّم برۆنیلدا ئاگای لە چاوانی کارل بوو، کە ماندوویەتی مەستی کردبوون و پێشتر جارێـك برۆنیلدای سەرسام کردبـوو، برۆنیلـدا بـەدەنگێکی بـەرز گـوتی: " دلامـارش مـن لـەناو ئـەم گەرمایەدا تاقەت نابەم، خەریکە ئەسووتێم، دەبێت جلەکانم داکەنم و خۆم بشۆم، ئەو دووانە لـەم ژووره بکەرە دەرەوە، گرنگ نییە بۆ کوێیان دەنێری، بۆ هەر شوێنێك کە حەز دەکـەی بیـاننێرە. بیاننێرە بۆ ناو راڕەوەکە یان بالّکۆنەکە، نامەوێت سەروسەکوتیان ببیـنم. لـە مـالّی خۆمـدام و کەچی ئارامیشم نییە. دلامارش، خۆزگە لەگەلّ تۆدا تەنیا دەبووم. ئـای خـودای مـن، هێشـتا ئەوان لێرەن! سەیری رابینسۆنی چەرداوەڕوو بکـە، لەبـەردەم خـانمێکی وەك منـدا بـە شـۆڕت و

کراسی عەلاگەوە خەوتووە. تەماشای ئەو کوڕە بکە، ئەو کوڕە غەریبەیە خەریکە دڕندانە سەیرم دەکات، بەلاَم خۆی وادەنوێنێت خەوتووە، دلامارش وەڕزیان کردووم، لەسەر سنگم هەست بە قورساییان دەکەم، ئەگەر بمرم داخی ئەم دووانە دەمکوژێ."

دلامارش چوو بەرەو لای رابینسۆن و پێیەکی خستە سەر سنگی و بێداری کردەوە و گوتی: " خێرا هەستە و لێرە بڕۆ دەرەوە، زووکە." پاشان خوڕی بەسەر کارلدا: " راسمان، هەستە، هەردووکتان بڕۆنە بالکۆنەکەوە. تا خۆم بانگتان نەکەم، بێنە ئێرە دەتان کوژم، زووکەن. رابینسۆن-" بەکردنی ئەم قسەیە لەقەیەکی توندی کێشا بە رابینسۆندا"- تۆش راسمان، ئاگات لە خۆت بێت، ئەگینا دێم بۆ گیانی تۆیش." و چەپلەیەکی توندی لێدا.

برۆنیلدا لەسەر قەنەفەکەوە هاواری کرد: " چەندە درێژەی پێدەدەی!" لەو شوێنەی کە دانیشتبوو لاقەکانی والاَ کردبوو، تاکو جێگە بۆ جەستە قەلەو و زلحۆرتەکەی بکاتەوە. بەزەحمەتێکی زۆر و هەناسەبڕکێ و لە کاتێکدا هەمیشە رادەوەستا تاکو هەناسە بدات، بۆ پێشەوە چەمایەوە و بەشی سەرەوەی گۆرەوییەکانی گرت و کەمێك هێنایە خوارەوە، برۆنیلدا خۆی بەتەنیا هەرگیز نەیدەتوانی جلەکانی داکەنێت، دەبوو دلامارش جلەکانی بۆ داکەنێت، ئێستا چاوەڕێی دلامارشی دەکرد، تاکو جلەکانی بۆ داکەنێت.

کارل کە لەتاو ماندوویەتیدا گێژ ببوو، لەسەر پەردەکان هاتە خوارەوە و بەکاوەخۆ بەرەو لای دەرگای بالکۆنەکە وەڕێکەوت، بەشێك لە پەردەکان لە پێی ئالاَبوون و کارلیش هەروا بێ گوێدان بەدوای خۆیدا رایدەکێشان. کاتێ بەلای برۆنیلدا تێپەڕی، بە هەمان حالی گێژییەوە گوتی: " شەوێکی خۆش." پاشان بەلای دلامارشدا کە ئێستا خەریکبوو پەردەی دەرگای بالکۆنەکەی دادەدایەوە تێپەڕی و چووە بالکۆنەکەوە. دەستبەجێ رابینسۆنیش کە ئەویش خەوالوو بوو بۆ بالکۆنەکە وەڕێکەوت. لەژێر لێوەوە بەخۆی دەگوت: " هەمووومان بەرامبەر یەکدی بەدڕەفتارین. ئەگەر برۆنیلداش نەیەت، منیش لە بالکۆنەکە ناخەوم." بەلاَم هەرچەندە ئەم قسەیەی کرد، ملی شۆڕ کرد و چووە بالکۆنەکەوە، کاتێ گەیشتە ئەوێندەر، بینی وا کارل لەسەر کورسییە درێژەکە راکشاوە و خەوی لێکەوتووە، بە ناچارییەوە یەکسەر لەسەر عەردی بالکۆنەکە راکشا.

کاتێ کارل لەخەو رابوو، ئێوارە بوو، ئەستێران دەرکەوتبوون و مانگ لەودیو مالەبەرزەکانی ئەوبەرەوە خەریك بوو دەردەکەوت، پاش ئەوەی سەیرێکی دەوروبەری کرد و هەناسەیەکی قولی هەلکێشا و هەوای فێنك و وزەبەخشی هەلمژی، ئێستا دەیزانی لە کوێدایە. چەندە هەلەشەی

کردبوو، گوێی بە هیچکام لە ئامۆژگارییەکانی سەرپەرشتیاری چێشتخانە و هۆشدارییەکانی ترێز و تەنانەت ترسەکانی خۆشی نەدابوو، ئێستا لێرە بە ئارامی لەناو باڵکۆنەکەی دلامارشدا کە شەوێك تێیدا نووستبوو دانیشتبوو، وەك بڵێی دوژمنە خوێنخۆرەکەی کە دلامارش بوو لەودیو پەردەکەوە نییە.

رابینسۆن ئەو کابرا تەمەڵ و نەشیاوە، کە لەسەر عەردەکە راکشابوو، پێی کارلی رادەکێشا، بەمشێوەیە کارلی لەخەو هەڵساند، پێی گوت: " راسمان چەندە دەخەویت! مرۆ مەگەر گەنج و بێعار بێت، ئەوجا دەتوانێت ئەوەندە بخەوێت. دەتەوێت تا کەی بخەویت؟ خۆ دەمتوانی لێگەڕێم بخەوی، بەلاّم بەهۆی ئەوەی دەمێکە لەسەر ئەم عەردە رەقە راکشاوم و ماندوو بووم زۆرم برسییە. ئیدی بێتاقەت بووم. یاڵلا دەقیقەیەك هەستە، من شتێك خواردنم لە ژێر کورسییەکەدا شاردووەتەوە و دەمەوێت دەریبهێنم، کەمێکیش بەشی تۆ دەدەم." کارل هەستایەوە و تەماشای رابینسۆنی دەکرد، تلی خوارد و خۆی گەیاندە ژێرکورسییەکە تاکو سینییە زیوینەکەی لە ژێر کورسییەکەدا دەربهێنێت. سینییەکە لەوانەبوو کە بۆ هەڵگرتنی کارتی بازرگانی سوودی لێوەردەگیرا. لەسەر سینییەکە ئەم شتانەی تێدابوو، نیو پارچە سوسیسی رەش و چەند جگەرەیەك و قتوویەك ماسی کە هێشتا تارادەیەك رۆنی لێدەچۆڕا، چەند پارچە شیرینییەك کە زۆربەیان شکا بوون، هەروەها پارچەیەکی گەورە نان و شووشەیەك عەتر کە دیاربوو شتێکی دیکەیان تێکردووە، رابینسۆن کە تەماشای کارلی دەکرد و لێوەکانی دەلێسایەوە بەخۆشحاڵییەکی لەڕادەبەدەرەوە ئەم شتانەی نیشانی کارل دا.

رابینسۆن لە کاتێکدا یەك لەدوای یەك ماسییەکانی دەخوارد، تاوناتاوێك بە ملپێچێکی خووری کە وا دیاربوو برۆنیلدا لە باڵکۆنەکەدا بەجێی هێشتبوو، چەوری دەستەکانی دەسڕی، گوتی: " راسمان ئەوە بزانە ئەگەر ناتەوێت لە برسان بمریت، دەبێ وەك من بکەی. من بە مرۆڤ نازانن، ئەگەر هەمیشە لەتەك مرۆڤدا وەك سەگ مامەڵە بکرێت، مرۆڤ خۆیشی وادەزانێ بەڕاستی سەگە. راسمان، زۆر باشە کە ئێستا تۆ لێرەیت، دواجار کەسێکم دۆزییەوە کە لەگەڵم قسە بکات. هیچکامیان لەتەکم قسە ناکەن. هەردووکیان لێم بێزارن و هەموویشی خەتای برۆنیلدایە. هەڵبەتە ژنێکی باشە. دەڵێم،"- ئاماژەی بەکارل کرد بچەمێتەوە، تاکو قسەکە بچرپێنێت بەگوێیدا- " جارێکیان بەڕووتی بینیم. ئۆف" بەیادی ئەم بیرەوەرییە خۆشەوە دەستی کرد بە قورنچ گرتن و لێدان لە پێی کارل، تا ئەو ساتەی کە کارل هاواری کرد: " رابینسۆن تۆ شێت بوویت!" و دەستی رابینسۆنی بردە دواوە.

رابینسۆن گوتی: " راسمان تۆ هێشتا منداڵیت." و لەژێر کراسەکەیەوە خەنجەرێکی دەرهێنا کە بە پەتێك بە ملیدا شۆڕی کردبووەوە، خەنجەرەکەی لە کەلانەکەی دەرهێنا و دەستی کـرد بـە پارچەپارچە کردنی سوسیسە رەقەکە. پاشان بەم شێوەیە درێژەی دا بەقسـەکانی: " هێشـتا زۆر شت ماوە بیزانیت. بەلاّم بۆ شوێنێکی باش هاتوویت کە فێری ئەم شتانە بیت. دانیشە. ناتەوێت شتێك بخۆیت؟ باشە، رەنگە تەنانەت بە سەیرکردنم ئیشتیات بکرێتەوە. ئەی شتێك ناخۆیتـەوە؟ کەوایە هیچت ناوێت. حەزیش ناکەی قسە بکەیت. بۆ من گرنگ نییە کێ لەناو ئـەم باڵکۆنـەدا لەتەکم دانیشتووە، هەر تاقە کەسێك هەبێت، بۆ من بەسە. چونکە زۆربەی کات بە تەنیا لـەناو ئەم باڵکۆنەدام. برۆنیلدا ئەمەی زۆر پێخۆشە. هەرئەوەندە بەسە کە برۆنیلدا سەرما یان گەرمای بێت، یان حەز بکات بخەوێت یان قژی دابهێنێت یان زگهەڵبەسـەکەی شـل بکـات یـان لەبـەری بکات، یەکسەر من دەنێرێت بۆ ئـەم باڵکۆنـە. هەنـدێجار ئـەوەی کـە دەیلێـت بـە کـردەوەش جێبەجێی دەکات، بەلاّم زۆربـەی کـات هـەروا لەسـەر چـرپاکەی رادەکشـێ و جووڵـە ناکـات. هەندێجار پەردەکە رادەکێشم و بەدزییەوە سەیری دەکەم، بەلاّم جارێکیان دلامارش- زۆر دڵنیام نەیدەویست ئەو کار بکات، ئەگەرچی ئەم کارەی کرد تەنیا لەبەرئەوە بوو برۆنیلدا پێی گوتبـوو- جارێکیان دلامارش لەو کاتەدا کە خەریکبووم سەیری برۆنیلدام دەکرد، چەند قامچییەکی کێشا بەسەروچاومدا-خۆ شوێنی قامچییەکە دەبینی؟- ئیدی لەو کاتەوە تاکو ئێستا ناوێرم تەماشـای بکەم. بۆیە ناچارم لە باڵکۆنەکەدا رابکشێم و لەبێ ئیشیدا بەردەوام خواردن بخۆم. پێرێ شەو کـە بەدرێژایی شەو لێرەدا راکشابووم، ئەو جلە جوانانەم لەبەر دابوو کە بۆ بەدبەختی لە ئۆتێلەکـەدا بەجێم هێشتن- ئەو بەرازە بۆگەنە جلە گرانبەهاکانی پارچەپارچە کردم- کاتێ بە تەنیا راکشابووم و لە بەینی لێوانەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، ئەوەندە دڵم بۆ خۆم دامـا دەسـتم کـرد بـەگریان. بەلاّم بێ ئەوەی ئاگام لێ بێت، برۆنیلدا بە رۆبە سوورەکەیەوە هاتبووە بالکۆنەکـەوە- ئـەم رۆبـە سوورەی گەلەك لێ دێت- کەمێك سەیری کردم و گوتی: "رابینسۆن بۆچی دەگری؟" و پاشان بـە لێواری داوێنەکەی فرمێسکەکانی سڕی. ئەگەر دلامارش گازی نەکردایە، ناچار نەدەبوو یەکسەر بگەڕێتەوە ژوورەوە، لە پشت پەردەکەوە پێم گوت، دەتوانم بێمە ژوورەوە. دەزانـی برۆنیلـدا چـی گوت؟ گوتی: " نا! بیر لەچی دەکەیتەوە؟"

کارل پرسـی: " ئەگـەر بـەم شـێوەیە هەڵسـوکەوتت لەتـەك دەکـەن، ئـەی بۆچـی لـەلایان دەمێنیتەوە؟"

رابینسۆن وەڵامی دایەوە: " راستمان، بمبوورە، بەڵام ئەم پرسیارەت زۆر گەلحۆیانەیە. چونکە ئەگەر لە منیش خراپتر هەڵسوکەوت لەگەڵ تۆدا بکەن، هەر لێرە دەمێنیتەوە. لە هەمان کاتدا یەکجار بەو جۆرە خراپەش هەڵسوکەوتم لەتەك ناکەن."

کارل گوتی: " بەڵێ، من بڕیاری خۆم داوە، ئەگەر بۆم بکرێت ئەمشەو دەڕۆم. نامەوێت لای تۆ بمێنمەوە."

رابینسۆن کە هەویری ناوەوەی سەمونەکەی لێدەکردەوە و بە وردبینییەوە بەناو رۆنی قوتووی ماسییەکەدا رۆی دەبرد، پرسی: " پێم بڵێ چۆن ئەمشەو دەتوانی لێرە بڕۆیت؟ لە کاتێکدا کە رێگەت پێنادەن بڕۆیتە ژوورەوە، چۆن دەتوانیت لێرە بڕۆیتە ژوورەوە؟"

" بۆچی ناتوانم بڕۆمە ژوورەوە؟"

رابینسۆن لە کاتێکدا تا ئەو رادەیەی کە دەکرا زاری کردبووە و نانی رۆناوی گل دەدا، بەدەستەکەی دیکە پاشماوەی نانەکەی گرتبوو، تاکو ئەو دڵۆپە رۆنانەی کە دەکەونە خوارەوە بکەوێتەسەر نانەکە، گوتی: " لەبەر ئەوەی تاکو زەنگ لێنەدەن، ئێمە بۆمان نییە بچینە ژوورەوە. بەمدوایانە زۆر سەختگیر بوون. سەرەتا تەنیا پەردەیەکی تەنك بە پەنجەرەکەوە بوو و نەدەکرا ئەودیو ببینی، بەڵام دەمەو خۆرئاوابوون سێبەرەکانیانم لەودیو پەردەکەوە دەبینی. بەڵام برۆنیلدا ئەمەی پێخۆش نەبوو، ناچاریان کردم لە یەکێك لە جلەکانی نووستنی برۆنیلدا پەردەیەك دروست بکەم و لە جیاتی پەردەی یەکەم هەڵیواسم. ئێستا ئیدی هیچ نابینم. پێشتر لەم دیوەوە دەمتوانی هەمووکات پرسیاریان لێ بکەم، دەمتوانی بڵێم بێمە ژوورەوە یان نا؟ ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان دەیانگوت بەڵێ یان نا، بەڵام لاموایە کەڵکئاوەژووی(٣١) زۆرم لەم دۆخە وەرگرت، زۆر داوام لێدەکردن بڕۆمە ژوورەوە. ئیدی برۆنیلدا تاقەتی بەسەرچوو- ئەگەرچی لە رواڵەتدا قەڵەوە، بەڵام ناخی زۆر ناسکە، زۆرجار سەرئێشە و ژانەپێی لەگەڵدایە- پاشان ئیدی بڕیاریان دا نەهێڵن بڕۆمە ژوورەوە، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە زەنگی سەر مێزەکە لێدەدەن. ئەم زەنگە ئەوەندە دەنگی بەرزە، تەنانەت لە شیرین خەودا رامدەچڵەکێنێ- ماوەیەك بۆ سەرقاڵی پیشلەیەکم هەبوو، بەڵام پشیلەکە ئەوەندە لە دەنگی زەنگەکە دەترسا، هەڵهاتوو و ئیدی هەرگیز نەگەڕایەوە. دەبینیت ئەمڕۆ زەنگیان لێنەداوە، بەڵام کاتێ لێی بدەن، نەك تەنیا دەبێت بڕۆمە

---

٣٣- کەڵکئاوەژوو: واتە سو ایسفادە.

ژوورەوە، بەڵکو ناچارم بڕۆم، کاتێکیش بۆ ماوەیەك دەنگی زەنگەکە نایەت، دەبێ ئـەوە بزانیـت تا کاتی دووبارەبوونەوە، هێشتا کەمێکی ماوە."

کارل گوتی: " راستە، بەڵام ئەمە بۆ تۆ راستە، ئەمە ناکاتە ئەوەی کە بـۆ منـیش راسـت بێت، ئەم جۆرە شتانە تەنیا بۆ کەسانێك راستە، کە بتوانن بەرگەی ئەم بارودۆخە بگرن."

رابینسۆن بە دەنگێکی بەرز گوتی: " بەڵام بۆ نابێت بۆ تۆش راست بێت؟ هەڵبەتە بۆ تۆش راستە. باشتر وایە لێرە لای من بە بێدەنگی بمێنیتەوە تاکو زەنگەکە لێـدەدەن. ئـەوجا هەڵبەتـە بەلانیکەمەوە دەتوانی هەولبدەیت لێرە بڕۆیت."

" تۆ بۆچی لێرە دەمێنیتەوە؟ لەبەرئەوەی دلامارش هاوڕێتە، یان باشتر وایە بڵـێم هاوڕێـت بوو، بەمە دەڵێن ژیان؟ باشتر نییە بڕۆیت بۆ بـاترفۆرد، ئـەو شـوێنەی کـە یەکـەمجار دەتویسـت بڕۆیت، یان تەنانەت بڕۆیت بۆ کالیفۆڕنیا، کە هاوڕێ و دۆستەکانتی لێیە؟"

رابینسۆن گوتی: " راست دەکەیت، بەڵام هیچ کەس پێشـبینی ئـەوەی نـەدەکرد، کـە ئـەم رووداوە بقەومێت." بەر لەوەی درێژە بە قسەکانی بدات، گوتی: " بەسەلامەتی راسمانی ئازیزم" پاشان بە گوتنی ئەم قسەیە شووشەی عەترەکەی نا بەسەریەوە و درێژەی دا بەقسەکانی: " کاتێ تۆ دلڕەقانە بەجێت هێشتین، حاڵمان زۆر خراپ بوو. لە رۆژانی یەکەم و دووەمدا ئیشمان دەسـت نەکەوت، سەرباری ئەوەش دلامارش نەیدەویست ئیش بکات، ئەگەر بیویستایە زۆر بـە ئاسـانی دەیتوانی ئیش بدۆزێتەوە. بەڵام هەمیشە منی دەنارد بـەدوای ئیشـدا بگـەڕێم و دەشـزانی مـن چەندە بەدبەختم. دلامارش تەنیا بەم دەوروبەرەدا دەگەڕا، بەڵام دەمەو ئێوارە کە هاتەوە، تـەنیا شتێك کە لەگەڵ خۆی هێنابووی کیفێکی ژنانە بوو، کیفێکـی نایـاب بـوو، لـەمرواری دروسـت کرابوو، دواتر دای بە برۆنیلدا، بەڵام هیچی لەناودا نەبوو. پاشان گوتی، باشتر وایە بڕۆین لەبـەر دەرگای ماڵاندا سواڵ بکەین، بەو جۆرە دەکرێت شتێك بە دەست بهێنین، رۆیشتین بۆ سـواڵکردن و من لە بەردەم ماڵاندا گۆرانیم دەچڕی، تاکو سەرنجی خەڵکی راکێشم. لـە بـەختی دلامارشـدا هێشتا یەك دوو دەقیقە لە بەردەم دەرگای ماڵی دووەمـدا کـە نهـۆمی یەکـەمی ئاپارتمـانێکی گەورەبوو رانەوەستابووین، چەند گۆرانییـەکمان بـۆ خزمـەتکار و چێشـتکەرەکەیان نـەگوتبوو، خاوەن ئاپارتمانەکە کە هەمان برۆنیلدایە لەسەر قادرمەی بـەردەم دەرگاکـە دەرکـەوت. جلێکـی تەسکی لەبەر دابوو، بە هەر جۆرێك بێت نەیدەتوانی بەسـەر قادرمەکانـدا سـەرکەوێت. راسمـان نازانی چەندە جوان بوو! جلێکی سپی پۆشـیبوو و چـەترێکی سـووری خـۆری بەدەسـتەوە بـوو. ئەوەندە جوان بوو، پیاو دەیویست بیخوات و قووتی بدات. نازانی چەندە جوان بوو. چ ژنێك! پێم

بلێی چۆن دەکرێت ژنێك تا ئەو رادەیە جوان بێت؟ هەڵبەتە چێشتکەر و خزمەتکارەکە یەکسەر بە پیرییەوە چوون، چوونە ژێر باڵی و تاڕادەیەك لە زەوییان بڕی. ئێمە لە دوولای دەرگاکەوە راوەستابووین و بە نەریتی ئێرە کڵاوەکانمان لەسەرمان بەرز کردەوە.

برۆنیلدا کەمێك راوەستا، تاکو بێتەوە سەرخۆی، نازانم ئەم رووداوە چۆن رووی دا! ئەوەندە برسیم بوو، نەمدەزانی چی بکەم. کاتێ هاتە پێشترەوە جوانییەکەی زیاتر دەرکەوت، زگهەڵبەسێکی تایبەتی بەستبوو و جەستەی جوانتر نیشان دەدا- لەناو جانتاکەیدایە و دەتوانم نیشانت بدەم- نەمتوانی بەر بەخۆم بگرم، بێئاگا دەستێکم دا لە سمتی، بەڵام زۆر بەهێواشی و تەنیا یەکجار. هەڵبەتە ئەگەر سواڵکەرێك دەست بۆ خانمێکی پارەدار بەرێت، زۆر سەیرە. من تەنیا دەستێکم پیاهێنا، بەڵام بە هەر جۆرێك بوو دەستم بەرێکەوت. ئەگەر دلامارش گوێی رانەکێشامایە خودا دەیزانی چی دیکەم دەکرد، بەجۆرێك گوێی راکێشام کە نەویستانە دەستەکانم بەرەو رووخسارم بەرزبوونەوە."

کارل کە چیرۆکەکەی رابینسۆن بەتەواوی سەرنجی راکێشابوو، گوتی: " چ کارگەلێك!" لەسەر زەوییەکە دانیشت و گوتی: " کەوایە ئەمە هەمان برۆنیلدایە؟"

رابینسۆن وەڵامی دایەوە: " بەڵێ، خۆیەتی."

کارل گوتی: " وابزانم جارێکیان گوتت گۆرانیبێژە."

رابینسۆن کە پارچەیەك شیرینی مرەبای دەلێسایەوە، تاوناتاوێك بە پەنجەی بەشێك لە شیرینییەکەی، کە لە دەمی هاتبووە دەرەوە دەیبردە ناوەوە، گوتی: " بێگۆمان گۆرانیبێژە، گۆرانیبێژێکی بەناوبانگیشە، هەڵبەتە ئێمە ئەوکات نەماندەزانی کە گۆرانیبێژە، تەنیا ئەوەمان دەبینی کە ژنێکی جوان و مزگینە. بەجۆرێك هەڵسوکەوتی دەکرد، وەك بڵێی هیچ رووی نەداوە، رەنگە هەستیشی بە هیچ نەکردبێت، چونکە من تەنیا نووکی پەنجەم لە سمتی دابوو. بەڵام هەر تەماشای دلامارشی دەکرد، دلامارشیش چاوی لە چاوی بڕیبوو، خۆت دەزانی ئەمە خووی دلامارشە. پاشان برۆنیلدا پێی گوت: " کەمێك وەرە ژوورەوە." و بە چەترە خۆرییەکەی ماڵەکەی نیشان دا، یەکەمجار دلامارش چووە ژوورەوە، پاشان ئەویش چووە ژوورەوە و خزمەتکارەکان دەرگاکەیان داخست، بەڵام منیان بە تەنیا لە دەرەوە جێ هێشت، لام وابوو زۆریان پێناچێت، بۆیە لەسەر قادرمەکان دانیشتم و چاوەڕێی دلامارشم کرد. بەڵام لە جیاتی دلامارش خزمەتکارەکە هاتەدەرەوە و قاپێك سوپی بۆ هێنام. بەخۆم گوت: "ئەمەش لە خێری دلامارش بووە." کاتێ خەریکی خواردنی سوپەکە بووم، خزمەتکارەکە کەمێك لەلام راوەستا و

چەند شتێکی سەبارەت بە برۆنیلدا پێ گوتم، پاشان تێگەیشتم دەکرێ ئەم بینینەی برۆنیلدا بۆمان زۆر گرنگ بێت. چونکە برۆنیلدا لە مێردەکەی جیا ببووەوە و بەتەواوی سەربەخۆ بوو، گەلەك پارەداریش بوو. مێردەکەی پێشووی کارگەی کاکاوسازی هەبوو ، هێشتا عاشقی بوو، بەلاّم برۆنیلدا ئەسلّەن گوێی پێنەدەدا. مێردەکەی زۆرجار بۆ سەردانی دەهاتە ئێرە، هەرکات دەهات ئەوەندە خۆی جوان و شیکپۆش دەکرد، دەتگوت بۆ زەماوەند دەچێت- ئەمە راستە و تەنانەت یەك وشەم لێنەپەڕاندووە، مێردەکەیشی دەناسم- هەرچەندە کابرای مێردی پارەیەکی زۆری دەدا بە خزمەتکارەکە، بەلاّم خزمەتکارەکە هەرگیز نەیدەوێرا لە برۆنیلدا بپرسێ ئایا رێگە بە مێردەکەی دەدا بێتە مالّەوە سەردانی بکات یان نا؟ لەبەر ئەوەی خزمەتکارەکەی یەك دوو جار ئەمەی پێگوتبوو، بەلاّم لە هەر جارێکدا کە ئەم قسەیەی کردبوو، برۆنیلدا هەرچی لەبەردەستی دابوو هەلّیگرتبوو و کێشابووی بەسەریدا: جارێکیان بتلّێکی بیرەی دەبلّی بۆ فڕێ دابوو و یەکێك لەدانەکانی پێشەوەی شکاندبوو. بەلّێ راستمان، سەرت لەم قسانە سوڕنەمێنێت."

کارل پرسی: " تۆ مێردەکەی لە کوێ دەناسی؟"

رابینسۆن گوتی: " زۆرجار دێت بۆ ئێرە."

کارل کە سەری سوڕدەما بەهێواشی دەستی کێشا بە زەویەکەدا و گوتی: " ئێرە؟"

رابینسۆن وەلاّمی دایەوە: " دەکرێت تۆش سەرت سوڕ بمێنێ، کاتێ خزمەتکارەکە راوەستابوو ئەم قسانەی بۆ دەکردم منیش سەرم سوڕدەما. بە باشی بیر لەمە بکەرەوە، هەرکات برۆنیلدا دەچووە دەرەوە، مێردەکەی داوای لە خزمەتکارەکە دەکرد بیباتە ژوورەکەیەوە، هەمیشە وەك یادگاری بۆ خۆی شتێکی لە ژوورەکەیدا دەبرد و شتێکی گرانبەهای لە جێیدا دادەنا، کابرای مێردی بەخزمەتکارەکەی دەگوت، هەرگیز نەلّێیت کێ ئەم شتەی داناوە. بەلاّم جارێکیان- خزمەتکارەکە سوێندی خوارد، من باوەڕی پێ دەکەم- کاتێك دەفرێکی چینی زۆر گرانبەهای لە ژوورەکەیدا دانابوو، وەك بلّێی برۆنیلدا تێگەیشتبوو مەسەلە چییە؟ چونکە یەکسەر دەفرە چینییەکەی فرێدابووە سەر زەویەکەو بە پێ هاتبوو پیایدا، تفی لێکردبوو و چەندین شتی دیکەشی کردبوو، تا ئەوڕادەیە کە خزمەتکارەکەی لەتاو بێزاریدا نەیتوانیبوو بیباتە دەرەوە."

کارل پرسی: " چما مێردەکەی چی لەگەلّ کردبوو؟"

رابینسۆن گوتی: " راستی نازانم، بەلاّم وابزانم مەسەلەکە زۆر جدی نەبووە، خۆیشی نازانێت. من چەندین جار لەمبارەیەوە لەتەك مێردەکەی قسەم کردووە، هەموو رۆژێك لای ئەو

شەقامەوە دەیبینم، ئەگەر بتوانم بیبینم، هەمیشە دواهەمین هەواڵی پێڕادەگەیەنم، ئەگەر نەتوانم بڕۆم بۆ لای، نیو کاتژمێر چاوەڕێم دەکات و پاشان دەڕوات. سەرەتا لەم ڕێگەیەوە پارەیەکی زۆرم بەدەست هێنا، چونکە لەبەرامبەر ئەو زانیارییانەی کە پێم دەدا، پارەیەکی باشی دەدامێ، بەڵام کاتێ دلامارش بەمەی زانی، ناچاری کردم پارەکەی بدەم بەو، ئێستا ئیدی زۆر نایبینم."

کارل پرسی: " ئاخر ئەو کابرایە چی لەو ژنە دەوێت؟ ئەسڵەن خۆیشی دەزانێ بەدوای چییەوەیە؟ لەکاتێکدا بۆ خۆیشی لەوە دڵنیایە ئەو ژنە نایەوێت بیبینێت."

رابینسۆن ئاهێکی هەڵکێشا و جگەرەیەکی داگیرساند و لە کاتێکدا دووکەڵی جگەرەکەی لا دەدا، گوتی: " بەڵێ." پاشان وەك بڵێی رای گۆڕیووە، گوتی: " بە من چی؟ تەنیا ئەوەندە دەزانم، ئەو کابرایە بۆ ئەوەی وەك ئێمە لەم باڵکۆنەدا رابکشێ، ئامادەیە گەلەك پارە بدات."

کارل هەستایەوە و پاڵی دا بە لێوانەکەوە و تەماشای شەقامەکەی دەکرد.

مانگ دەرهاتبوو، بەڵام ڕووناکییەکە هێشتا بەتەواوی نەیدابوو لە شەقامەکان، شەقامەکان کە بە درێژایی ڕۆژ چۆڵ بوون، ئێستا لە خەڵك جمەیان دەهات، بەردەم ماڵەکانیان قەرەباڵغ کردبوو، هەموویان بەو دەورەدا پیاسەیان دەکرد، کراسی پیاوەکان و جلی ناسکی ژنەکان دەبینران، تێکڕای خەڵکەکە سەرقۆتین[٣٢] بوون. تێکڕای باڵکۆنەکان بە تەواوی قەرەباڵغ بوون، خێزانەکان لە ژێر ڕووناکی گڵۆپی باڵکۆنەکاندا دانیشتبوون، ئەگەر باڵکۆنەکەیان گەورە بووایە، مێزێکی بچووکیان دانابوو و بە دەوریدا دانیشتبوون، ئەگەر بچووکیش بووایە، لەسەر چەند کورسییەك دانیشتبوون، یان سەریان لە پەنجەرەی ژوورەکانیانەوە هێنابووە دەرەوە. پیاوەکان لاقیان درێژ کردبوو، لەسەر لێوانەکان بە مەستی دانیشتبوون و ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە، ڕۆژنامەکەی دەستیان ئەوەندە درێژ بوو، تاکو عەردی سەر باڵکۆنەکە دەگەیشت. یان دانیشتبوون وەرەقیان دەکرد، هەڵبەتە دیار بوو قسەیان نەدەکرد و بەتوندی دەیانکێشا بەسەر مێزەکەدا، داوێنی ژنەکان پڕ بوو لە جوانکاری چنین و تاوناتاوێك تەماشای دەوروبەری خۆیان یان شەقامەکەیان دەکرد. لە باڵکۆنەکەی تەنیشتدا ژنێکی بەژن جوان بەردەوام باوێشکی دەدا، ژنە تەماشای سەرەوەی دەکرد، ئەو ژێرجلەی کە خەریکی دوورینەوەی بوو لەکاتی باوێشکدانیدا بەردەم زاری پێ دەگرت. منداڵەکان تەنانەت لە بچووکترین باڵکۆنیشدا بەدووی یەکتردا رایان دەکرد و دایك و باوکیان وەڕز دەکرد. لە ژوورەکانەوە دەنگی مۆسیقایەکی ئۆرکێسترا یان

---

٣٢- سەرقۆتین: سەر رووت.

ئاوازێك دەهات کە بەگرامافۆن لێیاندەدا، هیچ کەس گرنگی بە دەنگی مۆسیقا نەدەدا، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت، کە پیاوی خێزان کەسێکی بەپەلە بناردایاتە ژوورەوە، تاکو قەوانێکی تازە بخاتە سەر گرامافۆنەکە. لەپشت هەندێك لە پەنجەرەی ژوورەکانەوە، عاشق و مەعشوقێك دیاربوون کە بێ جووڵە راوەستابوون، دووانیان لە پشت پەنجەرەی بەرامبەرەوە راوەستابوون، کوڕەکە دەستی هێنابوو بە دەوری کەمەری کچەکەدا و ئاوێزانی دەبوو.

رابینسۆن کە ئێستا هەستابووەوە، لەبەر سەرما ملپێچەکەی برۆنیلدا و بەتانییەکی بەدەوری خۆیدا ئاڵاندبوو، کارل لێی پرسی: " کەس لە هاوسێکانت دەناسی؟"

رابینسۆن گوتی: " بەدبەختانە هیچکامیان ناناسم." پاشان کارلی هێنایە ئەولاترەوە، چپاندی بە گوێیدا: " ئەگینا ئێستا ئەوەندە گلەیی و سکاڵام نەدەکرد. برۆنیلدا لەبەر دلامارش دارونەداری خۆی فرۆشتووە، بەو برە کەلوپەلە کەمەی کە بۆی ماوەتەوە، هاتووە بۆ ئەم باڵەخانەیە دەوروبەری شار، تاکو بێئەوەی کەس وەڕزی بکات، خۆی بۆ دلامارش تەرخان بکات، دلامارشیش هەر ئەمەی دەویست."

کارل گوتی: " نۆکەرەکانیشی کردە دەرەوە؟"

رابینسۆن گوتی: " بەڵێ، لەم باڵەخانەیەدا چۆن شوێنی نۆکەرەکان دەبووەوە؟ ئەو نۆکەرانە گەلەك لووتبەرزن. جارێکیان دلامارش لە باڵەخانەکەی پێشوودا یەکێك لەم زمان بەستراو و بەنازپەروەردانەی بە شەق کردە دەرەوە. هەڵبەتە هەموو نۆکەرەکان لایەنگرییان لێ کرد، لەبەر دەرگاکەدا کردیان بەهاتوهاوار، پاشان دلامارش چووە دەرەوە و(ئەوکات من نەك هەر تەنیا نۆکەریان نەبووم، بەڵکو بە دۆستی خێزانەکەیان ئەژمار دەکرام، بەلام سەرباری ئەوەش وەك نۆکەرەکان لە دەرەوە راوەستابووم) پرسی: " چیتان دەوێت؟" بەتەمەنترین نۆکەریان کە کابرایەك بوو بەناوی ئاسی دۆر(٣٣)، پێی گوت: " تۆ خۆت هەڵمەقورتێنە، ئێمە نۆکەری خانمین." لام وابێت دەتوانی مەزەندەی ئەوە بکەی، کە زۆر رێزیان لە برۆنیلدا دەگرت. بەلام برۆنیلدا گوێی پێنەدان و بەرەو لای دلامارش رایکرد- ئەوکات برۆنیلدا وەك ئێستا قەڵەو نەبوو- لەبەرچاوی هەموویاندا دلامارشی لە ئامێز گرت و ماچی کرد و پێی گوت: " دلامارشی ئازیزم." و پاشان گوتی: " هەر ئێستا ئەم گەمژانە وەدەرنێ." گەمژە، بەڵێ بە نۆکەرەکانی دەگوت گەمژە، خۆزگە لەوێ دەبوویت و بەژن و بالآیانت دەبینی. ئینجا برۆنیلدا دەستی دلامارشی گرت و

---

33- ISIDOR.

بردییە ناو جانتاکەیەوە  کە بە کەمەریەوە بەستبووی، دلامارشیش پارەی لەناو جانتاکەیدا دەرهێنا و حەقی نۆکەرەکانی لێدا، برۆنیلدا بە جانتاکەی دەوری کەمەرییەوە لەوێ راوەستابوو و هیچی نەدەگوت. دلامارش هەردەستی بە جانتاکەدا دەکرد و پارەی دەردەهێنا، هەڵبەتە بێ ئەوەی پارەکە بژمێرێت و پرسیاریان لێ بکات کە حەقیان چەندە؟ هەرچییەك دەهات بەدەستییەوە دەیدانێ. دواجار پێی گوتن: " بەهۆی ئەوەی کە نابێت من خۆم هەڵقورتێنم، تەنیا لە جیاتی برۆنیلدا پێتان دەڵێم، یەکسەر بڕۆن لەبەر چاوم ون بن." نۆکەرەکانی کردە دەرەوە، پاشان رێوشوێنە یاساییەکەی جێبەجێ کرا، دلامارش دەبوو جارێك بڕوات بۆ دادگا، بەلاّم ئیدی لەدوای ئەوەوە لەو بارەیەوە هیچ نازانم. بەلاّم دەزانم کاتێ نۆکەرەکان چوون، دلامارش بە برۆنیلدای گوت: " ئێستا ئیدی نۆکەرت نییە." برۆنیلدا گوتی: " بەلاّم رابینسۆنمان هەیە." ئەوجا دلامارش کێشای بەسەر شانمدا و گوتی: " زۆرباشە، لەمە بەدوا تۆ دەبییە نۆکەرمان." لەو کاتەدا برۆنیلدا دەستی هێنا بە روخسارمدا. راسمان ئەگەر دەرفەتت بۆ رەخسا، کارێك بکە کە دەستی بهێنێت بە رووخساری تۆشدا. نازانیت چەندە خۆشە."

کارل گوتی: " کەوایە دواجار بوویتە نۆکەری دلامارش."

رابینسۆن کە لە دەنگی کارلەوە هەستی بە دڵسۆزی دەکرد، گوتی: " دەشێ نۆکەر بم، بەلاّم هەموو کەسێك نازانێت، خۆشت لە سەرەتاوە نەتدەزانی. چما نەتبینی دوێنێ شەو لە ئوتێلەکە چ جلێکم لەبەردابوو؟ باشترین جلم لەبەردابوو. نۆکەر جلی لەو جۆرە لەبەر دەکات؟ تەنیا خراپییەکەی ئەوەیە هەرکاتێك بمەوێت، بەئارەزووی خۆم ناتوانم لێرە بڕۆمە دەرەوە، هەمیشە دەبێت لەبەردەستیاندا بم، هەمیشە لەم باڵەخانەیەدا کارگەلێك دروست دەبێت، کە بە تەنیا ناتوانم هەموویان راپەڕێنم. دەکرێ ئەوەت بینیبێ، کە زۆر شت لە ژوورەوە پەرشوبلاّو بووە، ئەوە ئەو شتانەن کە لە کاتی ماڵگواستنەوەدا نەمانتوانی بیانفرۆشین، لەگەڵ خۆمان هێنامانن بۆ ئێرە، هەڵبەتە دەکرێت فڕیان بدەین، بەلاّم برۆنیلدا هیچکام لەم شتانە فڕێ نادات. ئێستا تۆ دەزانیت هێنانە سەرەوەی ئەم هەموو کەلوپەلانە بەسەر ئەو قادرمانەدا چەندە نارەحەت بووە!"

کارل بەدەنگێکی بەرز گوتی: " رابینسۆن، بەتەنیا خۆت هەموویانت هێنایە سەرەوە؟"

رابینسۆن گوتی: " بەڵێ، چما کەسێکی دیکە هەبوو یارمەتیم بدات؟ داوام لە کەسێك کرد یارمەتیم بدات، بەلاّم ئەو زۆڵە گەلەك تەمەڵ بوو، زۆربەی ئەو کەلوپەلانە هەر بە تەنیا خۆم هێنامە سەرەوە. برۆنیلدا لەخوارەوە لای گەلاّبەکە راوەستابوو، دلامارشیش لەسەرەوە فەرمانی دەکرد کە لە کوێ دایاننێم، بەناچارییەوە بەردەوام بۆ سەرەوە و خوارەوە رام دەکرد. هێنانە

سەرەوەی کەلوپەلەکە دوو ڕۆژ درێژەی کێشا، زۆرە وانییە؟ نازانی لە ژوورەوە چەندە کەلوپەلی لێیە، هەموو جانتاکان پڕن و لە پشتیانەوە تاکو ژێر سەقفەکە کەلوپەل هەڵچنراوە. ئەگەر چەند حەماڵێکیان بگرتایە، گواستنەوەی کەلەپولەکان زوو تەواو دەبوو، بەلاّم برۆنیلدا جگە لە من متمانەی بە کەس نەبوو. هەڵبەتە ئەمە جێگای شانازی منە، بەلاّم لە پاش ئەو دوو ڕۆژە بۆ هەمیشە تەندروستی جەستەیم تێکچوو. چما جگە لە سەلامەتی چی بۆ مرۆڤ دەمێنێتەوە؟ هەرکات بمەوێت شتێکی بچووك بەرز بکەمەوە، هەموو جەستەم دەناڵێنێ. وادەزانی ئەگەر تەندروست بوومایە، ئەو کوڕانەی کە لە ئۆتێلەکە ئیش دەکەن، ئەو گەنجە سەماکەرانە- چونکە لە ڕاستیدا جگە لە سەما چیدی نازانن- دەیانتوانی لە من باشتر ئیش بکەن؟ بەلاّم ئەگەرچی لەپێ کەوتووم، لەمبارەیەوە هیچم بە دلامارش و برۆنیلدا نەگوتووە، تا دەتوانم ئیش دەکەم و کاتێکیش تاقەتم نەما، تەخت لێی دەکەوم و دەمرم، پاش مردنم کە زۆر درەنگ پێم دەزانن، ئینجا تازە دەزانن کەمن نەخۆش بووم، بەلاّم سەرباری نەخۆشیشم خزمەتم کردوون، تا ئەو کاتەی کە گیانم دەرچووە. ئۆ، ڕاسمان" لە کاتێکدا فرمێسکی چاوەکانی بە سەرقۆڵی کراسەکەی کارل دەسڕی، قسەکانی بڕی و پاش وەستانێکی کورت گوتی: " بەو کراسەوە سەرمات نابێت؟"

کارل گوتی: " ڕابینسۆن بەردەوام بە، تۆ هەر گریان و زاریتە، لاموانییە بەو ڕادەیە کە بانگەشە دەکەی نەخۆش بیت، بەڕادەی پێویست تەندروستی، بەلاّم بەهۆی ئەوەی هەمیشە لەم باڵکۆنەدا ڕادەکشێیت، بۆیە دووچاری ئەم بیرە مالیخۆلیاییانە بوویت. دەکرێ هەندێجار دڵت تەنگ بێت، منیش هەندێجار دڵتەنگ دەبم، هەموو کەسێك وایە. ئەگەر هەموو کەسێك وەك تۆ بە هۆی بابەتێکی لاوەکی لەم جۆرە ئەوەندە ئاهو ناڵە بکا، دەبوو ئێستا دەنگی گریە و زاری لە هەموو باڵکۆنەکانەوە بەرزبوایەتەوە."

ڕابینسۆن بە سووچێکی بەتانیەکەی فرمێسکەکانی سڕی و گوتی:" خۆشم باش دەزانم، خوێندکارێك کە چێشتمان بۆ دروست دەکات لە باڵەخانەکەی تەنیشتماندایە و لەتەك خاوەن ماڵەکەیدا دەژی، ماوەیەك لەمەوپێش کاتێ قاپوقاچەغەکەم بۆ بردەوە، پێی گوتم: " ڕابینسۆن بە ڕوخسارتدا وادیارە نەخۆشی؟ حاڵت باشە؟ من نابێت لەتەك ئەم جۆرە کەسانە بدوێم، بۆیە قاپوقاجاغەکەم لەسەر زەوییەکە دانا و کەوتمەڕێ بڕۆم. بەلاّم خوێندکارەکە هات بەرەو رووم و گوتی: " باش گوێ بگرە کابرا، تۆ نابێت گوشار بخەیتە سەرخۆت، تۆ نەخۆشی." لێم پرسی: " ئەگەر نەخۆش بم، دەبێ چی بکەم؟" گوتی: " ئەوەیان پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە." و ئەوجا

ڕۆیشت. ئەوانەی کە لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوون هەموویان پێکەنین، هەموویان دوژمنمن، بڕیارم دا قسەیان لەتەك نەکەم و بەجێم هێشتن."

" کەوایە هەرکەس بیەوێت فریوت بدات، باوەڕ بەقسەکانی دەکەی و ئەوەش کە بیەوێت قسەی خێرت بۆ بکات، باوەڕ بە قسەکانی ناکەیت."

رابینسۆن کە تۆزێکی مابوو دەست بکاتەوە بەگریان، بە تووڕەییەوە گوتی: " پێویستە خۆم بزانم چیمە."

" تۆ نازانیت چیتە، تەنیا پێویستە لە جێی ئەوەی نۆکەری دلامارش بیت، کارێکی شیاو بۆ خۆت بدۆزیتەوە. بەپێی ئەوەی کە لە قسەکانتەوە تێدەگەم و ئەوەی کە خۆم بینیومە، تۆ لێرە ئیش ناکەیت، بەڵکو کۆیلەیت. هیچ کەس بەرگەی ئەمە ناگرێ، حەقتە. بەلاّم لەبەر ئەوەی هاوڕێی دلامارشی، لاتوایە نابێت بەجێی بهێڵی. ئەگەر ئەو لەوە تێناگات، کە تۆ لە چ بەدبەختییەکدا دەژی، ئیدی بێمانایە پێوەی پەیوەست بیت."

" راستمان، تۆ وادەزانی ئەگەر من لێرە ئیش نەکەم، تەندروستیم باش دەبێت؟"

کارل گوتی: " بەدڵنیاییەوە."

رابینسۆن لێی پرسی: " بەدڵنیاییەوە؟"

کارل بە بزەوە گوتی: " بەڵێ، بەدڵنیاییەوە."

رابینسۆن تەماشایەکی کارلی کردو گوتی: " دەتوانم دووبارە تەندروستیم باش بێتەوە."

کارل پرسی: " چۆن؟"

رابینسۆن وەلاّمی دایەوە: " چونکە دەبێت تۆ ئیشەکەی من بکەیت."

کارل پرسی: " ئەمە کێ پێی گوتی؟"

" ئۆ، ئەمە پلانێکی زۆر کۆنە. چەندین رۆژ قسەی لەسەر کراوە. ئەم مەسەلەیە لەوەوە سەری هەڵدا، بە هۆی ئەوەی من باڵەخانەکەم پاك نەکردبووەوە، برۆنیلدایش سەرزەنشتی دەکردم. هەڵبەتە بەڵێنم پێدا یەکسەر پاکی بکەمەوە. بەلاّم پاککردنەوەی کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە بەجەستەی ناتەندروستمەوە نەمدەتوانی هەموو درز و لاترەکەکانی ماڵەکە گسك بدەم، لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بە زەحمەت دەتوانی بجولێیت، چجا بگات بەوەی خۆت بگەیێنیت بەو کەلوپەلانەی کە لەپشتەوەن و لەسەریەك کەڵەکە کراون! من چۆن دەتوانم بەتەنیا ئەم کارە بکەم؟ لە هەمان کاتیشدا دەبوو لەکاتی ئیشکردندا تەقەوڕەقە نەکەم، تاکو برۆنیلدا بێزار نەبێت. برۆنیلداش زۆر بەکەمی دەڕواتە دەرەوە. بەڵێ بەڵێنم دا هەموو شتەکان پاك بکەمەوە، بەلاّم

راستییەکەی ئیشم نەکرد. کاتێ برۆنیلدا بەمەی زانی، بە دلامارشی گوت ئەم بارودۆخـە نابێـت بەم جۆرە بەردەوام بێت، پێویستە نۆکەرێك بگریت. برۆنیلدا گوتی: " دلامارش، نامەوێت لەبەر باش بەرێوەنەچوونی ماڵەکە سەرزەنشتم بکەیت. من ناتوانم خۆم بخەمە ژێر گوشارەوە، تۆ ئەمـە باش دەزانی، رابینسۆن بە تەنیا ناتوانێت هەموو کارەکان بکات، یەکـەمجار تـازە نەفـەس بـوو، دەیتوانی بەباشی کارەکانی ئەنجام بدا و ئاگای لەهـەموو شـتێك بـوو، بـەلاّم ئێسـتا هەمیشـە ماندووە و زۆربەی کات لە سووچێکدا کەوتووە. ژوورێکی وەك ئـەم ژوورەی ئێمـە کـە پـڕە لـە کەلوپەل، پێویستە رێکوپێك بکرێت." دلامارش پەیجۆری ئـەوە بـوو کەسـێك بدۆزێتـەوە تـاکو ماڵەکە پاکوخاوێن و رێکوپێك بکات، لەبەر ئەوەی هەموو کەس چاوی لەسەر ئێمەیە و ناکرێـت هەموو کەسێك بهێنرێتە ئەم ماڵەوە، ئەگەرچی ئەو کەسەش تاقی کرابێتەوە. لەبەر ئـەوەی تـۆ هاوڕێیەکی باشی من بوویت، لە رێنێلیشم بیستبوو، لە ئۆتێل زەحمەتی زۆر دەکێشی، باسی تۆم هێنایە گۆڕێ. هەرچەندە تۆ پێشتر لـە بەرامبـەر دلامارشـەوە زۆر بـێ ئـەدەب بوویـت، بـەلاّم یەکسەر قبووڵی کردی. هەڵبەتە بە هۆی ئەوەی کە توانیم ئەم چاکەیەت لەتەك بکەم، بۆخۆم زۆر خۆشحاڵ بووم. چونکە وەك بڵێی ئەم کارە بۆ تۆ زۆر گونجاوە، تۆ گەنج و زیـرەك و بـەهێزی، لـە کاتێکدا من کەڵکم بۆ هیچ کەس نییە. بەلاّم پێویستە ئەوەت پێبڵێم، کە برۆنیلدا لەمبارەیـەوە هێشتا قبووڵی نەکردووە، ئەگەر برۆنیلدا خۆشی لێـت نەیـەت، نـاتوانین هـیچ بکـەین. کەوایـە هەوڵبدە لەگەڵیدا باش و نەرمونیان بیت، ئەوەشی کە دەمێنێتەوە لەسەر من."

کارل پرسی: " ئەگەر من کارەکەی تۆ بکەم، ئەی تۆ چی دەکـەی؟" و ئێسـتا هەسـتی بـە ئازادی دەکرد. لەو قسانەی کە پێشتر رابینسۆن کردبوونی ئیـدی نەدەترسـا، کەوایـە دلامـارش بڕیاری دابوو بە نۆکەر قبـووڵی بکـات- ئەگـەر مەبەسـتی خراپتریشـی هـەبوو، بەدڵنیاییـەوە رابینسۆنی زۆربڵێ رازی کردبوو- بەلاّم ئەگەر بڕیارە ببێتە نۆکەر، پێویستە هەر ئەمشـەو لێـرە بڕوات. هیچ کەسێك نابێت بەناچارییەوە کارێك قبووڵ بکات. ئەگەرچی لە سـەرەتاوە نیگـەرانی ئەوەبوو، کردنەدەرەوەی لە ئۆتێل، رەنگە ببێتە هـۆی ئـەوەی کـە بەمزووانـە کـارێکی گونجـا و شەریفانە نەدۆزێتەوە، تاکو لە برساندا نەمرێت، بەلاّم هەر کارێك لە ئێستا دا بـە بـەراورد بـەو کارەی کە ئێستا بۆی پێشنیارکرابوو و لە زەوقی دەدا باشتر بوو، بە باشتری دەزانی کە گیرفـانی بەتاڵ و بێکار بێت، بەلاّم ئەم کارە قبووڵ نەکات. بەلاّم لەبەر ئـەوەی رابینسـۆن هەمیشـە لـەو بیرەدا بوو، کە کارەکەی خۆی بە کارل بسپێرێ، نەیویست مەسەلەکەی بۆ روون بکاتەوە.

رابینسۆن لە کاتێکدا ئانیشکی لەسەر لێوانەکە دانابوو بــە راوەشــاندی دەســتی دەیویســت قسەکانی باشتر بە کارل بگــەیێنێت، گــوتی: " ســەرەتا دەمــەوێت هــەموو شــتێکت بــۆ روون بکەمەوە، هەموو ئەو شتانەی کە لەماڵەوە هەمانە نیشانت بدەم. تۆ کەسێکی خوێنــدەواریت و دڵنیاشم خەتت زۆر جوانە، کەوایە هەر ئێستا کەلوپولەکان لەسەر پەڕەیــەك بنووســە. دەمێکــە برۆنیلدا دەیەوێت ئەم کارە ئەنجام بدرێت. ئەگەر بەیانی کەشوهەوا خۆش بێت، داوا لــە برۆنیلــدا دەکەم لە باڵکۆنەکە بۆ خۆی دانیشێت، بێئەوەی وەڕزی بکەین، لە ژوورەوە ئەتوانین بــە هــێمنی ناوی کەلوپەلەکان بنووسین. راسمان بەر لەهەر شتێك دەبێ سەرنج لەوە بــدەیت، نابێــت برۆنیلــدا بێزار بکەیت. گوێی زۆر تیژە، رەنگە هەستیاری گوێی بۆ ئەوە بگەڕێتــەوە کــە گۆرانیبێــژە. بــۆ نموونە لــەو کاتــەدا کــە دەتــەوێت ئــەو تەنەکــە شــەرابەی کــە لــە پشــت جانتاکانــەوە دانــراوە بیگوێزیتەوە، لەبەر ئەوەی کە قورســە و تەقەتــەق دەکــا، بــەهۆی پەرشــوبڵاوی شــتەکانی نــاو ژوورەکەشەوە ناتوانیت بە ئاسانی بەنێو ژوورەکەدا بیبەیتە دەرەوە، لەولاشەوە کــە برۆنیلــدا بــە ئارامی لەسەر چرپاکەی راکشاوە و دەیەوێت ئەو مێشانە بگرێت کە بێزاریان کردووە، رەنگە تــۆ وابزانی ئاگای لە تۆ نییە، تۆش هــەروا خــەریکی گواســتنەوەی تەنەکــە شــەرابەکەی و ئــەویش هێشتا بە ئارامی لەسەر چرپاکەی راکشاوە، دەستبەجێ بێئەوەی چــاوەڕوانی ئــەوە بکــەیت، لــە کاتێکدا تۆ هەوڵی ئەوە دەدەیت، کە بچووکترین تەقەوڕەقە نەگاتە گــوێی، بــەلاّم لــەناکاو ئــەو هەڵدەستێت و بە هەر دوو دەستی وەها بە توندی دەکێشێ بەسەر چرپاکەیدا، کە تــەپوتۆز بــەرز دەبێتەوە و ناتوانیت هیچ ببینیت- لەو رۆژەوەی کە هاتووین بۆ ئێــرە نــەمانتوانیوە تــەپوتۆزی سەر چرپاکەی پاك بکەینەوە، بەڕاستی نــەمانتوانیوە، چــونکە هەمیشــە لەســەری راکشــاوە- دڕندانە و هەروەکو پیاو دەست دەکات بە گوڕاندن و چەندین کاتــژمێر دەگــوڕێنێ. هاوســێکانمان ڕێگەی پێنادەن گۆرانی بڵێت، بەلاّم هیچ کەس ناتوانێت رێگە لە گوڕانــدنی بگرێــت، ناتوانێــت هاوار نەکات، هەڵبەتە چونکە من و دلامارش رەچاوی حاڵی دەکەین، ئێستا زۆر ناقیڕێنێت. ئەم قیڕاندنە بۆی خراپە. جارێکیان- کە دلامارش لــە مــاڵ نــەبوو- بوورایــەوە و مــن ناچــار بــووم خوێندکارەکەی هاوسێمان بــانگ بکــەم، خوێندکارەکــە هــات و بتلێکــی گــەورەی تــەراوی بــە سەروچاویدا پرژان ، ئەو تەراوە هەرچییەك بوو بە سوود بوو، بەلاّم بۆنی زۆر ناخۆش بوو، ئەگــەر ئێستاش کەپووت لە چرپاکەی نزیك بکەیتەوە بۆنەکەی دێت بــە کەپووتــدا. ئــەو خوێنــدکارەش هــەروەکو هــەموو دراوســێکانی دیکــەمان دوژمانمانــە و دەبــێ ئاگــات لــەخۆت بێــت، لەگــەڵ هیچکامیاندا سەروکاریت نەبێت.

کارل پرسی: " بەڵام رابینسۆن ئەمە کارێکی سەختە. لەبەرچی پێشنیارت کردووە، لەم کارە خراپەدا دامبمەزرێنن؟"

رابینسۆن چاوی داخست و سەرێکی بۆ لەقاند، وەك بڵێی دەیویست بەم هەڵسوکەوتەی کارل لەناو نیگەرانی دەربهێنێت. گوتی: " نیگەران مەبە. ئەم ئیشە سوودگەلێکی هەیە کە لە هیچ ئیشێکی دیکەدا دەستت ناکەوێت. خانمێکی وەك برۆنیلدا هەمیشە پارێزگاریت لێ دەکات، هەندێجار لەو ژوورە دەخەویت کە ئەو لێی دەخەوێت، هەر بەو جۆرەی کە دەتوانی وێنای بکەیت، ئەمە گەلەك چێژبەخشە. مووچەت زۆرە و پارەیەکی باش بەدەست دەهێنی، لەبەر ئەوەی من هاوڕێی دلامارش بووم، مووچەیان پێنەدەدام، هەڵبەتە هەرکات کە دەمویست بڕۆمە دەرەوە، برۆنیلدا هەمیشە بڕێك پارەی پێدەدام، بەڵام هەڵبەتە وەك نۆکەرێك پارە بە تۆ دەدەن. دواجار هەرچییەك بێت تۆ نۆکەری. بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە من دەتوانم کارەکانت بۆ ئاسانتر بکەم. هەڵبەتە سەرەتا من ئیش ناکەم، چونکە پێویستە چاوەڕێ بکەم تاکو حاڵم باشتر دەبێت. بەڵام هەرکە کەمێك باش بووم، منیش یارمەتیت دەدەم، بە هەر جۆرێك بێت، تا کاتێ دلامارش دەرفەتی نییە، من هەموو کارەکانی برۆنیلدا ئەنجام دەدەم، بە نموونە قژی دادەهێنم و یارمەتی دەدەم جلەکانی لەبەر بکات. تۆ تەنیا دەتوانی بە پاککردنەوەی ژوورەکە و شت کڕین و ئەنجامدانی کارە قورسەکانی ماڵەوە خۆت مژوول بکەیت."

کارل گوتی: " نا، رابینسۆن، من حەزم لەم کارە نییە."

رابینسۆن روخساری لە کارل نزیك کردەوە و گوتی: " راسمان، گەمژە مەبە، ئەم هەلە نایابە لە دەست خۆت مەدە. لەکوێ دەتوانی بەم زووانە کارێك بدۆزیتەوە؟ تۆ کێ دەناسی؟ کێ تۆ دەناسێ؟ هەردووکمان کەسێکی پێگەیشتووین و ئەزموون و شارەزایەکی زۆرمان لە گەڕان بەدوای کاردا هەیە، چەندین حەوتوو سەرگەردان بووین و کارێکمان دەست نەدەکەوت. دۆزینەوەی کار بەو ئاسانییە نییە و لە راستیشدا زۆر کێشەیە."

کارل کە سەری لەوە سوڕدەما، رابینسۆن چۆن دەتوانێت ئەوەندە لۆژیکی قسە بکات، سەرێکی بۆ لەقاند، سەرباری ئەوەش هیچ سوودێکی لە ئامۆژگارییەکانی رابینسۆندا نەدەبینییەوە، نەیدەتوانی لەوێندەر بمێنێتەوە. بەدڵنیاییەوە لەو شارە گەورەیەدا، دەبێت شوێنێك بۆ ئەو هەبێت، دەیزانی بەدرێژایی شەو هەموو ئۆتێلەکان پڕن لە مشتەری و مشتەرییەکانیش پێویستیان بە خزمەتکاری ئۆتێلە، خۆی لەمڕۆوە ئەزموونی هەبوو. ئەگەر حەزی لە ئیشێك نەکردایە، یەکسەر دەیتوانی ئیشێکی دیکە بدۆزێتەوە.

لەوبەر شەقامەکەوە ریستۆرانتێکی لە نهۆمی خوارەوە لێبوو، کە دەنگی مۆسیقای لێ بەرز دەبووەوە. دەرگای چوونەژوورەوەی تەنیا پەردەیەکی درێـژی رەنـگ زەرد بـوو، هەنـدێ جـاریش پەردەکە بەهۆی باوە بەرز دەبووەوە.

بە هەر جۆرێك بوو، بارودۆخی شەقامەکە ئارام دەهاتـە پـێش چـاو. زۆربـەی باڵکۆنـەکان تاریك داهاتبوون، تەنیا لەدوورەوە لێرەو لەوێ رووناکی گڵۆپێك دەبینرا، بەلاّم ئەگـەر تەماشـای رووناکییەکەت بکردایە، ئەو کەسانەی کە لە تەنیشت گڵۆپەکەوە دانیشـتبوون، دەسـتبەجێ لـە جێی خۆیاندا هەڵدەستانەوە و دەچوونە ژوورەوە، دواهەمین کەس کە دەمایەوە، دەستی دەبرد بـۆ گڵۆپەکە و پاش سەرنجدانێکی کورت لە شەقامەکە، گڵۆپەکەی دەکوژاندەوە.

کارل بە خۆی گوت: " وا شەو داهات، ئەگەر لەمە زیاتر لێرە بمێنمەوە، منیش دەبمە یەکێك لەوان." گەڕایەوە تاکو پەردەی باڵکۆنەکە لا بدات. رابینسۆن کە لە نێـوان کـارل و پەردەکـەدا راوەستا بوو، گوتی: " ئەوە چی دەکەی؟"

کارل گوتی: " دەمەوێت بڕۆم. لێم گەڕێ بڕۆم، لێم گەڕێ ."

رابینسۆن هاواری کرد: " تۆ نابێت بڕۆنیلدا وەڕز بکەیت، چ بیرێکت لە مێشکدایە؟"

دەستی خستە ملی کارل و بەوپەڕی هێزییەوە خۆی بەملیدا هەڵواسی و پاژقولی لـە قاچـی کارلدا، بەجۆرێك لە ماوەی ساتێکدا تـوانی بیـدات بـە زەویـدا. بـەلاّم کـارل کـە لـە جحێڵـە ژووربەرەکانەوە کـەمێك فێـری هونـەری شـەڕ ببـوو، تـوانی بۆکسـێك بکێشـێ بـە چـەناگەی رابینسۆندا، هەڵبەتە بە هەموو هێزییەوە بۆکسەکەی لێنەدا، نەبا زیانی گەورەی پێ بگەیێنێت. رابینسۆنیش یەکسەر بێ دوودڵی و بێئەوەی بە دەستەکانی چـەناگەی بگرێـت، بـە ئـەژنۆی بـە توندی کێشای بە زگی کارلدا، کارل وەها قیژاندی کە کابرای باڵکۆنی تەنیشتیان بـە تووڕییـەوە چەپڵەیەکی توندی لێداو هاواری کرد: " بێدەنگ بن!"

کارل بۆ چەند ساتێك جووڵەی نەکرد، تاکو ئەو ئازارەی کە بەهۆی لێدانـە ناجوامێرانەکـەی رابینسۆنەوە دووچاری ببوو نەمێنێت. تەنها ئاوڕێکی دایەوە تاکو سەیری پەردەکـە بکـات، کـە جووڵەی نەدەکرد و لە تاریکیدا رۆچووبوو. وادەهاتە پێش چـاو هـیچ کـەس لـە ژوورەوە نییـە، رەنگە دلامارش لەتەك برۆنیلدادا چووبنە دەرەوە، ئێستا رێ بەتەواوی والاّبوو. چونکە رابینسۆن کە وەك سەگی پاسەوانی بوو، لەدەستی رزگاری ببوو."

لەو کاتەدا لە کۆتایی شەقامەکەوە دەنگی تەپڵ و شەیپوور دەبیسترا. هاواری ئەو کەسانەی کە لە قەرەباڵغییەکەدا بوون، وردە وردە گۆڕا بۆ هاتوهاوارێکی بـە کۆمـەڵ. کـارل کـە ئـاوڕی

دایەوە، بینی هەموو باڵکۆنەکان پڕ بوونەتەوە لە خەڵکی. لەسەرخۆ هەستایەوە، بەڵام نـەیتوانی بە تەواوی راست بێتــەوە، ناچـار پـاڵی دایــەوە بــە لێوانەکــەوە. ئــەو کــوڕە گەنجانــەی کــە بــە شۆستەکاندا کەوتبوونە ڕێ، بەوپەڕی هێزییانەوە کڵاوەکانیان بە حەواوە رادەوەشاند و تەماشـای دواوەیان دەکرد. ناوەڕاسـتی شـەقامەکە هێشـتا چـۆڵ بـوو، هەنـدێ کـەس دارێکـی درێـژیان رادەوەشاند کە نوکەکەی چرایەکی پێوەبوو، لە چراکەوە دووکەڵێکی مەیلەو زەرد دەهاتە دەرەوە. ژمارەی تەپڵڵێدەر و شەیپورژەنەکان، کە ریزێکی دوورودرێژی پێـك هێنـابوو، بەئەندازەیــەك زۆر بوون کە کارلی سەرسام کردبـوو. لەپشـتەوە دەنگێکـی بیسـت، کـاتێ ئـاوڕی دایــەوە، بــینی دلامارش پەردە قورسەکە لادەدات. پاشان برۆنیلدا لەنێو تاریکی ژوورەکەیدا دەرکەوت، رۆبێکی سوور و ملپێچە تۆڕییەکەی بەسەر شانییەوە بوو. کڵاوێکی رەشی کردبــووە سـەری، تاڵەقــژ لــە کڵاوەکەیەوە هاتبووە دەرەوە، کە رەنگە بەهۆی دانەهێنانی قژیەوە بووبێت. باوەشێنێکی بچووك بە دەستیەوە بوو و کردبووەوە، بەڵام باوەشێنی خۆی پێنەدەکرد، بەڵکو بە سنگییەوە دەیگوشی. کارل چووە ئەو لاوە تاکو رێگــەیان بــۆ بکاتــەوە. بەدڵنیاییــەوە کــەس ناچـاری نــەکردبوو لێـرە بمێنێتەوە، ئەگەرچی دلامارشیش هەوڵی دەدا، کارل گل بداتەوە، بەڵام ئەگەر داوای لە برۆنیلـدا بکردایە، رێگەی بدات بڕوات، برۆنیلدا یەکسەر قبووڵی دەکرد. هەرچی بوو برۆنیلـدا حـەزی بـە چارەی کارل نەبوو، چاوەکانی کارل دەیترساند. بەڵام کاتێك هەنگاوی بەرەو دەرگاکە نا، برۆنیلـدا پێی زانی و پرسی: " کوڕە ئەوە بۆ کوێ دەچێت؟" دلامارش مۆڕەیەکی وەهای لە کارل کرد کـە یەکسەر لە شوێنی خۆیدا وشکی کرد، برۆنیلدا کارلی گاز کرد و گوتی: " ناتەوێت ئـەو خەڵکـە ببینیت کە لەخوارەوە وەڕێکەوتوون؟" پاش گوتنی ئەم قسـانە پـاڵێکی پێوەنـا و لـە پشـتیەوە گوتی: " دەزانی مەسەلە چییە؟" کارل نەویستانە چووە ئەولاوە، تـاکو جەسـتەی برۆنیلـدا بـەر جەستەی نەکەوێت، بەڵام هەر بەری کەوت. نیگایەکی غەمبارانـەی لـە شـەقامەکە بـڕی، وەك بڵێی بە بینینی دیمەنەکەی خوارەوە دڵتەنگ بوو.

دلامارش ماوەیەك دەست بەسینگەوە لە پشت برۆنیلداوە راوەستا، پاشـان چـووە ژوورەوە و دووربینە بچووکەکەی بۆ برۆنیلدا هێنا. لە ناو شەقامەکەدا کۆمەڵێك خەڵك دەبینـران، کــە لــە پشت مۆسیقاژەنەکانەوە جموجوڵیان دەهات. کابرایەکی بەریز بـە سـەر قەڵادۆشـکانی پیـاوێکی زەبەلاحەوە بوو، کە لەسەرەوە جگە لە بریسکانەوەی سەرە کەچەڵەکەی و بەردەوام بەرزکردنەوەی

کلاۆەکەی، شتێکی دیکەی نەدەبینرا. بەدەوریدا پلاکارد[٣٤] گـەلێکی بچـکۆلەی دروشـم بـەرز کرابوونەوە، کە لەسەرەوە نووسراوەکانی سەریان نەدەبینرا. لە رواڵەتدا ئەم پلاکاردانە دیـوارێکی قەڵایینیان بەدەوری کابرادا دروست کردبوو، کە هەڵگرانی پلاکاردەکـان بەتـەواوی پاڵیـان دابـوو بەیەکەوە. بەڵام چونکە ئەو کەسانەی کە پلاکاردەکانیان هەڵگرتبوو بەردەوام لە جووڵەدا بـوون، بەم هۆیەوە ئەو دیوارەی کە دروستیان دەکرد، بەردەوام خراپ دەبوو و خوبەخۆ دروست دەبووەوە، پانتایی هەموو شەقامەکە و بەشێك لە درێژییەکـەی، لایـەنگرانی ئـەم کـابرا بـەریزە داگیریـان کردبوو، بەجۆرێکی هاوئاهەنگ چەپڵەیان لێدەدا و بەیەك دەنگ سروودێکیان دەگوت، کـە دیـار بوو ناوی کابراکەی تێدا بوو، ناوەکەی زۆر کورت و ئاڵۆز بوو. هەندێك لـە لایـەنگرانی کـە بـە چاپووکی خۆیان گەیاندبووە ناوەڕاستی خەڵکەکە، دەستیان خستبووە بەر لایتی ئۆتۆمبێلـەکان و شەوقی لایتەکانیان رووەو بەشی سەرەوەو خوارەوەی هـەردوو لای شـەقامەکە ئاراسـتە دەکـرد. رووناکییەکە لەو شوێنە بەرزەوە چاوانی کارلیـان ئـازار نـەدەدا، بـەڵام ئـەو کەسـانەی کـە لـە باڵکۆنەکانی نهۆمی خوارەوەدا بوون، هەرکـە شـەوقی لایـتی ئۆتۆمبێلـەکان لـە چـاوی دەدان، یەکسەر دەستیان دەگرت بە چاویانەوە.

لەسـەر خواسـتی برۆنیلـدا، دلامـارش لـەو کەسـانەی کـە لـە باڵکۆنەکـەی تەنیشـتیاندا راوەستابوون، پرسی ئەم خۆپیشاندانە لەبەر چییە؟ کـارل دەیویسـت بزانێـت کەسـانی بـاڵکۆنی تەنیشتیان وەڵام دەدەنەوە یان نا، ئەگەر وەڵام دەدەنـەوە وەڵامیـان چـی دەبێـت؟ دلامـارش بـە جۆرێکی هەڕەشەکەرانە بەسەر لێوانەکەوە چەمابووەوە، ناچاربوو، سێ جار پرسیارەکەی دووبـارە بکاتەوە تاکو وەڵامی بدەنەوە. برۆنیلدا ئەوەندە لە هاوسێکانی تووڕە بوو پێی عەردی نەدەگرت، کارل هەستی بە جووڵەی ئەژنۆکانی دەکرد. دواجار کە وەڵامی دلامارشیان دایەوە، هەموو ئـەو کەسانەی کە لە باڵکۆنەکەی هاوسێکەیاندا کۆبوبوونەوە، پێکەوە قاقا پێدەکەنین.

دلامارش بۆ تۆڵەکردنەوە لەم گاڵتەپێکردنە، وەها گوڕاندی، کە ئەگەر شەقامەکە لەوساتەدا قەرەباڵغ نەبوایە، هەموو ئەو خەڵکەی کە لەو دەووروبەرەدا بوون بە بیستنی ئەم دەنگە سەرسـام دەبوون. بە هەرجۆرێك بێت، گوڕاندنەکەی دلامارش بـووە هـۆی ئـەوەی یەکسـەر لـە پێکـەنین بکەون.

---

٣٤- پلاکارد: وشەیەکی فەرەنسییە، بەو پارچە نووسراوانە دەگوترێ کە بە دارێکەوە هەڵواسراون و خۆپیشاندەران بەدەستیانەوە دەگرن.

دلامارش رووی لە برۆنیلدا کرد و بە هێمنی گوتی: " بڕیارە بەیانی دادوەرێك بۆ گەڕەکەکەمان هەڵبژێرن، ئەو کابرایەی کە لە خوارەوەیە یەکێکە لە کاندیدەکان." پاشان لە کاتێکدا دەستی بە شانی برۆنیلدا دەهێنا، درێژەی بەقسەکانی دا: " ئێمە ئاگامان لەوە نەماوە لەم دونیایەدا چی روو دەدات!"

برۆنیلدا لەکاتێکدا سەیری هاوسێکانی دەکرد، گوتی: " ئەگەر کێشە نەبوایە، چەندە پێم خۆش بوو لێرە بڕۆین، کەلوپەلەکانمان بگوازینەوە، بەلاّم بەداخەوە بەرگەی ئەمە ناگرم" ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و پەرێشان و نائارامانە کراسەکەی کارلی رادەکێشا. کارل بە ئەدەبەوە دەستە خرپن و بچووکەکانی بردە دواوە، برۆنیلدا لە بیری نەبوو هیچ بە کارل بڵێت، چونکە لە بیرێکی قووڵدا رۆچووبوو.

چونکە سەرنجی کارل بەتەواوی لەسەر ئەو خۆپیشاندانە بوو، کە لە شەقامەکەدا بەڕێوەدەچوو، ئیدی هەستی بە قورسایی بازووەکانی برۆنیلدا لەسەر شانی نەدەکرد. بە بڕیاری چەند کەسێکی گەڕەك کە لە پێش کاندیدەکەوە بەرەو پێشەوە دەچوون، خەڵکەکە لە ناکاو لەبەردەم رێستۆرانتێکی بچووکدا راوەستان. بە دڵنیاییەوە بیروڕای ئەم چەند کەسە گرنکییەکی تایبەتی هەبوو، چونکە هەموویان سەیری دەمی ئەوانیان دەکرد. یەکێك لە ئەندامی ئەم دەستە بە بڕشتە، دەستی بەرز کردەوە و ئاماژەیەکی کرد، کە هەموو لایەنگرانی کۆمەڵەکە و کاندیدەکەیشی دەگرتەوە. خەڵکەکە بێدەنگ بوون و کاندیدەکەش چەندین جار هەوڵی دا بەرز بێتەوە، بەلاّم هەر جارێك کە خۆی هەڵدەبڕی، دووبارە دەکەوتە سەرشانی ئەو کەسەی کە لە قەلاّدۆشکانی نابوو. لەکاتی خۆ بەرزکردنەوەیدا کلاّوەکەی بەوپەڕی خێراییەوە رادەوەشاند و گوتارێکی کورتی بۆ لایەنگرانی دەدا. لەبەر ئەوەی لە کاتی گوتارداندا شەوقی لایتی هەموو ئۆتۆمبێلەکان لە رووخساری دەدا، بەجۆرێك کە دەتگوت کۆمەڵێك ئەستێرە بەدەوریدا دەدرەوشێنەوە، بە روونی رووخساری دەبینرا.

ئێستا دەکرا لەوە تێبگەیت، بۆچی هەموو خەڵکی ئەم شەقامەکە بەم خۆپیشاندانەوە پەیوەستن. لایەنگرانی ئەم کاندیدە کە لە باڵکۆنەکاندا کۆببوونەوە، بە کۆمەڵ و بەیەك دەنگ ناوی کاندیدەکەیان دەگوتەوە، دەستیان لە لێوانەی باڵکۆنەکانیانەوە دەرهێنابوو، هەموویان بەیەك شێوە دەستیان رادەوەشاند. لەو باڵکۆنانەی کە نەیارەکانی ئەم کاندیدە راوەستابوون، کە لە راستیدا زۆربەیان لەگەڵ ئەماندا بوون، دەنگی نەیارەکانیان دەبیسترا. لەبەر ئەوەی لایەنگرانی کاندیدەکەی دیکە، کە لەناو هەمان باڵکۆندا بوون، ژمارەیان کەم بوو، دەنگیان زۆر کاریگەر

نەبوو. بەهەر جۆرێك بێت هەموو نەیارانی کاندیدی زۆرینە، پێکەوە فیکەیان لێدەدا، تەنانەت هەندێك لە باڵکۆنەکان گرامافۆنیان خستبووە سەر. کەسانێك کە باڵکۆنەکانیان بە تەنیشت یەکترەوە بوون، هێند بەدەنگێکی بەرز باسی سیاسەتیان دەکرد، کە لەو شەوە قەرەباڵغەدا دەنگیان بلاّو دەبووەوە. زۆربەی خەڵکی جلی خەویان لەبەر دابوو، بەسەر جلە خەوەکانیشیاندا پاڵتۆیان لەبەر کردبوو. ژنەکان پالاّپۆشی رەش و درێژیان لە خۆیان ئالاّندبوو، منداڵەکان بێ ئەوەی کەس ئاگای لێیان بێت، چووبوونە سەر لێوانەی باڵکۆنەکە، کە بێگومان ئەمە کارێکی مەترسیدار بوو، ئەو کەسانەی کە لە ژووورە تاریکەکاندا نووستبوون، دەستە دەستە دەهاتنە دەرەوە، سات لە دوای سات ژمارەی خەڵکی سەر باڵکۆنەکان زیادی دەکرد.هەندێك لە لایەنگران کە هەستیار و بزێو بوون، هەندێجار شتێك کە نەدەزانرا چییە، بەرەو لای نەیارەکانیان هەڵیان دەدا. هەڵبەتە هەندێجار ئامانجیان دەپێکا. بەلاّم زۆربەی جار دەکەوتە سەر شەقامەکە و ئەو خەڵکەی کە لەخوارەوە بوون تووڕە دەبوون. کاتێ هاتوهاوارەکە هێند زیادی کرد، کە کاندیدی کۆمەڵە خەڵکەکە نەیدەتوانی بەرگەی بگرێت، فەرمان کرا تەپەڵ لێبدەن و شەیپوور بژەنن. شەیپوورژەنەکان بە گوڕوتینێکی زۆرەوە فوویان بە شەیپوردا کرد و تەپەڵ بەدەستەکان، دەستیان کرد بە کوتانی تەپەڵەکانیان، بەجۆرێك کە تەنانەت دەنگ و هاواری ئەو کەسانەی کە لەسەر باڵکۆنەکان راوەستابوون لەناو چوو. پاشان لە ناکاو- بێئەوەی کەس ئاگادار بێت- مۆسیقاژەنەکان راوەستان، ئەوجا کەسانێك لەسەر شەقامەکە کە دیار بوو بۆ ئەم مەبەستە رێکخرابوون، بە سروودی تایبەتی حزبەکەیان بێدەنگییان شکاند- کە لەبەر رووناکی لایتی ئۆتۆمبێلەکاندا زاری کراوەیان دەبینرا- لە هەمان کاتدا نەیارەکانیان بە خۆیاندا هاتنەوە و لە باڵکۆن و پەنجەرەکانیانەوە دەنگی هاوارکردنیان کە دە قات زیادی کردبوو بەرز بووەوە. ئەو کۆمەڵەیەی کە لە خوارەوە بوون، لەپاش سەرکەوتنی کورتخایەنیان، بەلانیکەمەوە لەبەرچاو ئەو کەسانەی کە لەسەرەوە دەیانبینین، بەتەواوی بێدەنگ بوون.

برۆنیلدا کە بەردەوام لە پشت کارلەوە ئەملاو ئەولای دەکرد، بۆ ئەوەی بتوانێ بە دووربینەکەی تا ئەو رادەی کە دەکرێت، هەموو شتێك ببینێ، گوتی: " کوڕە چۆنە؟ پێت خۆشە؟" کارل تەنیا بەسەرلەقاند وەلاّمی دایەوە. بە لاچاو تەماشایەکی ئەولای کرد، بینی وا رابینسۆن قسە بۆ دلامارش دەکات، دیاربوو خەریکە مەبەستەکەی کارلی تێدەگەیێنێت، بەلاّم وا دەردەکەوت دلامارش ئەوەندە گوێ بەقسەکانی نادات، چونکە دەستی راستی هێنابوو

بەدەوری کەمەری برۆنیلدا داو بە دەستی چەپیشی رابینسۆنی لە خۆی دوور دەخستەوە. برۆنیلدا بە هێواشی کێشای بەسەر سنگی کارلدا و لێی پرسی: " ناتەوێت بە دووربین تەماشا بکەیت؟"

کارل وەڵامی دایەوە: " بەم جۆرە دەتوانم ببینم، پێویستم بە دووربین نییە."

برۆنیلدا گوتی: " وەرە بە دووربین تەماشا بکە، زۆر باشتر دەتوانی ببینی."

کارل گوتی: " چاوم باش دەبینێ، دەتوانم هەموو شتێك ببینم." کاتێ برۆنیلدا دووربینەکەی خستە بەرچاوی، بە جۆرێك تێکەڵ لە خاکەڕایی و هەڕەشەوە گوتی: " وەرە تەماشا بکە." کارل بەمە نەك تەنیا خۆشحاڵ نەبوو، بەڵکو بێتاقەت بوو. ئێستا دووربینەکە لەبەر چاویدا راگیرابوو، بەڵام هیچی نەدەبینی.

کارل گوتی: " هیچ نابینم." هەوڵیدا سەری بگێڕێتە دواوە، بەڵام برۆنیلدا بەتوندی دووربینەکەی لەبەر چاویدا راگرتبوو، سەری کە نووساندبوو بە سینگی برۆنیلداوە، نەیدەتوانی بەهیچ جۆرێك بیجوڵێنێت.

برۆنیلدا لە کاتێکدا پێچی دووربینەکەی رێك دەکرد، گوتی: " ئێستا دەتوانی ببینی؟"

کارل گوتی: " نا، هێشتا هیچ نابینم." بیری کردەوە بە هۆی ئەمەوە ئێستا رابینسۆن لە راپەڕاندنی ئەرکی سەرشانی بەخشراوە، لە جیاتی رابینسۆن ئێستا برۆنیلدا ئەم بۆ هەوەسەکانی خۆی بەکار دەبات.

برۆنیلدا گوتی: " کەوایە کەی دەتەوێت ببینی؟" دیسانەوە پێچی دووربینەکەی سووڕدا، کارل بۆنی پیسی دەمی برۆنیلدا هات بەسەریدا، لێی پرسی: " ئەی ئێستا؟"

سەرباری ئەوەی بە شێوەیەکی تەڵخ دەیتوانی هەموو شتێك جیا بکاتەوە، بەدەنگێکی بەرز گوتی:" نەخێر، نەخێر، نەخێر." بەڵام لەوساتەدا کە برۆنیلدا دەیویست شتێك بە دلامارش بڵێت، بێباکانە دووربینەکەی لەپێش چاوی کارلدا راگرتبوو، بێ ئەوەی برۆنیلدا بزانێت لەژێر دووربینەکەوە تەماشای شەقامەکەی دەکرد. پاش ئەوە ئیدی برۆنیلدا پێداگری لە کارل نەکرد و خۆی دووربینەکەی بەکارهێنا.

لە ریستۆرانەکەی نهۆمی خوارەوە شاگردێك هاتە دەرەوە. فەرمانی هێنانی خواردنەوەی لە رێبەرەکانەوە وەرگرت و بەپەلە لە دەرگای ریستۆرانتەکەوە لە هاتوچۆدابوو. لەسەر نووکی پێ بەرز دەبووەوە، تاکو لەبان سەری مشتەرییەکانەوە، هاوکارە شاگردەکانی بانگ بکات. کاندیدەکە بەدرێژایی ئەو ماوەیە، کە بەڕواڵەت مەیان بە خۆڕایی بە لایەنگرانی دەدا، بێ وەستان خەریکی قسەکردن بوو. ئەو کابرا زنتۆڵەی کە تایبەت بوو بە هەڵگرتنی کاندیدەکە، لە

پاش گوتنی هەر چەند رستەیەکەوە دەسووڕایەوە، تاکو هەموو خەڵکەکـە قسـەکانی کاندیدەکـە ببیستن. کاندیدەکە لەسەرشانی کابرا چـەمابووەوە و بـە بردنـە دواوەی دەسـتی و راوەشـاندنی کلاّوەکەی، هەوڵی دەدا پێداگری لە هێندێك لە قسەکانی جەخت بکاتەوە. بـەلاّم لەمەودایـەکی تاڕادەیەك دیاریکراوەوە، دەنگی کابرای کاندید بڕی نەدەکرد، بە دەستە والاّکانییەوە خـۆی بـەرز دەکردەوە، ئیدی تەنها قسەی بۆ دەستەیەکی تایبـەت نـەدەکرد، بـەڵکو بـۆ هـەموو خەڵکەکـە قسەی دەکرد. بۆ تێکڕای ئەو خەڵکانەی کە لە شەقامەکەوە تـاکو ئەوانـەی کـە لـە بـاڵکۆنی ماڵەکانیاندا کۆببوونەوە قسەی دەکرد، بەلاّم بە ئاشکرا دیاربوو کە تەنانەت ئەو کەسانەی کە لە نهۆمەکانی خوارەوەدا بوون دەنگیان نەدەبیست، ئەگەریش بیانبیستایە، هیچ کەس نەیدەویسـت گوێ لە قسەکانی بگرێت، چونکە لەهەر پەنجەرەیەکدا یان باڵکۆنێکدا لانیکەم گوتاربێژێکی فـرە قسەزان دەبینرا. هەر لەو کاتەدا لە رسـتۆرانتەکەوە چـەند شـاگردێك خـەریکبوون، مێزێکیـان دەهێنایە دەرەوە کە بەئەندازەی مێزی بلیارد گەورە بوو، بەسـەر مێزەکـەوە چـەند پـەرداخێکی لێوڕێژ لە مەی دانرا بوو. رابەرەکان مەییەکەیان دابەش دەکـرد، داواکـارانیش هـەروەکو ریـزی سوپا لەبەردەم ریستۆرانتەکەدا بەڕێدا دەچوون و مەییان وەردەگرت. ئەگەرچی پەرداخەکانی سەر مێزەکە بەردەوام پڕ دەکرانەوە، بەلاّم بـۆ ئـەو جـەماوەرە زۆر بـەس نـەبوو، دوو شـاگردی تـازە نەفەس، بەناو قەرەباڵغی خەڵکەکەدا لە هەردوو لای مێزەکەوە رێگەیان بۆ خۆیـان والاّ دەکـرد، تاکو ئەو مەیەی کە لە شاگردەکانی دیکە وەریان دەگـرت، بیگەیێنـە سـەر مێزەکـە. هەڵبەتـە ئێستا کاندیدەکە لە گوتاردان راوەستابوو و لەم دەرفەتە سوودی وەردەگـرت، تـاکو هەناسـەیەك بدات. ئەو کەسەی کە بەرپرسی لە قەلاّدۆشکان نابوو، لەسـەرخۆ بـۆ پێشـەوە و دواوەی دەبـرد، تاکو لە جەماوەر و شەوقی چاوبەری لایەنەکان بەدوور بێت، هەڵبەتە تەنها ژمارەیـەکی کـەم لـە نزیکترین پشتیوانانی دەیانتوانی بەدوایدا بچن و قسەی لەتەك بکەن.

برۆنیلدا گوتی: " تەماشای ئەو کوڕە بکە، وەها لە تەماشاکردندا رۆچووە، دەڵێـی لـەبیری چووەتەوە لە کوێدایە." لەناکاو بە هەر دوو دەستی رووی کارلی بەرەو لای خۆی وەرگێڕا و چاوی لە چاوی بڕی. بەلاّم پاش ساتێك کارل یەکسەر دەستەکانی لەسەر روومەتی لابرد، لەبەر ئـەوەی لێنەدەگەڕان بۆ ژووروە بڕوات، تاکو هەموو شتێك لە نزیکەوە ببینێ، بۆیە بە هەموو توانایـەوە هەوڵیدا خۆی لە دەستی برۆنیلدا رزگار بکات و گوتی: " تکا دەکەم لێمگەڕێن بڕۆم."

دلامارش بێئەوەی چاوی لە شەقامەکە هەڵگرێ، لە کاتێکدا کە دەستی درێژ کردبوو، تاکو نەهێڵێت کارل بڕوات، گوتی: " لای ئێمە دەمێنیتەوە."

برۆنیلـدا دەسـتی دلامارشـی بـردە دواوە و گـوتی: " لێیگـەڕێ، بـێ قرەومشـە لامـان دەمێنێتەوە."

پاشان توندتر کارلی بە لێوانەکەوە نووساند، بەجۆرێك کـە کـارل بەناچـارییەوە هـەوڵی دەدا خۆی لە دەستی رزگار بکـات. بـەڵام ئەگـەر خۆیشـی رزگـار بکردایـە، چ سـوودێکی هـەبوو؟ دلامارش لەلای راستییەوە راوەستابوو و رابینسۆن لای چەپییەوە، بەتەواوی زیندانیان کردبوو.

دلامارش گوتی: " نایکەنە دەرەوە؟ مرۆ ئەگەر دزێکـی هـەڵهاتوو نەکاتـە دەرەوە، دەیـدا بەدەست پۆلیسەوە. ئەگەر زمانی خۆی نەگرێ بەیانی زوو دەیدەم بەدەست پۆلیسەوە."

لەوساتە بەدواوە کارل ئیدی لە بینینی خەڵکەکـەی خـوارەوە لـەزەتی نـەدەبرد. لەلایـەکی دیکەوە برۆنیلدا گوشاری بۆ دەهێنا و نەیدەهێشت بە رێکـی بوەسـتێت. بەناچـارییەوە کـەمێك خۆی بەسەر لێوانەکەوە بۆ پێشەوە چەماندبووەوە. بەدڵتەنگیەوە لە خەڵکەکە رامـابوو، کـە لـە خـوارەوە کۆمـەڵـە خـەڵکێك کـە نزیکـەی بیسـت کـەس دەبـوون، بـەرەو لای مێـزی بـەردەم ریسـتۆرانتەکە دەچـوون، پـەرداخی پـڕ لـە مـەییان هەڵـدەگرت و دەگەڕانـەوە. لەبەرامبـەر کاندیدەکەیانەوە کە پشووی دەدا پێکەکانیان هەڵدەبڕی و دروشمی حزبەکەی خۆیان دەگوتەوە، بـە هەراوهوریایەکـەوە کـە کەسـانی سـەر باڵکۆنـەکان نەیاندەبیسـت، پێکـەکانیان دەنۆشـی و پەرداخەکانیان لەسەر مێزەکە دادەنایەوە، تاکو رێگە بۆ دەستەی دواتریـان واڵا بکـەن، کـە بـە هاتوهاوار و بێ ئۆقرەیی چاوەڕێیان دەکرد. بە فرمانی سەرکردەی حزب، دەسـتەی موزیکـژەنان، کە لە ریستۆرانتەکەدا موزیکیان دەژەنی، هاتنە دەرەوە. ئـامێری موزیکـە هەواییـەکان لـەنێو قەرەباڵغییەکـەدا دەدرەوشـانەوە، بـەڵام لەبـەر قـەرەباڵغی خـەڵکی دەنگـی موزیکـەکانیان نەدەبیسترا. شەقامەکە لانیکەم لە دەستی ریستۆرانتەکەوە پـڕ بـوو لـە خـەڵکی. هەنـدێك لـە خەڵکەکە، لە سەرو شەقامەکەوە، کـە کـارل سـەرلەبەیانی بـە تەکسـییەکە لێـوەی هـاتبووە، سەروژێر بوونەوە. تەنانەت لەسەر ئەو پردەی کە لەخوارەوە بوو، خـەڵکی هـاتبوون، هـەتا ئـەو خەڵکەی کە لە ماڵەکانی تەنیشتییەوە بوون، نەیاندەتوانی لە بەشداری کردن لـەم کـارە خۆیـان بەدوور بگرن، لەسەر باڵکۆن و پشت پەنجەرەکاندا، جگە لە ژن و منداڵ کەسی دیکە نـەدەبینرا، پیاوەکان دەستە دەستە لە دەرگای ماڵەکانیانەوە، کە لە خوارەوە بـوو دەهاتنـە دەرەوە. دواجـار مەی و موزیکی بەلاش کاری خۆی کردبوو و خەڵکەکە زیاتر ببوون، یەکێك لە رابەرەکان کە لـە هەر دوو لاوە رووناکی لێی دەدا، ئاماژەی بە گرووپی میـوزك کـرد، تـاکو لـە ژەنـین راوەسـتن،

فیکەیەکی بەرزی لێدا، ئەو کابرایەی کە کاندیدەکەی بە قەلاَدۆشکانەوە بوو، بەپەلە گەڕایەوە بۆ ناو خەڵکەکە، ڕێگەیان بۆ والاَ کرد و ئەویش تێپەڕی.

کاندیدەکە کە هێشتا نەگەیشتبووە دەرگای ریستۆرانتەکە، لەبەردەم شەوقی چاوبەری لایتی ئۆتۆمبێلەکاندا، کە لە روخساری دەدا، دەستی کرد بە گوتاربێژییەکی تازە. بەلاَم بـارودۆخ وەك پێشوو نەبوو کەمتر هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد. کابرای زەبەلاح کە لـە قەلاَدۆشـکانی نـابوو، بەهۆی قەرەباڵغی خەڵکەوە ئیـدی نوێگـەری نەدەنوانـد. لایـەنگرە سـەرەکییەکانی کـە پێشـتر ئەوپەڕی هەوڵیان دەدا کاریگەریی قسەکانی زیاد بکەن، ئێستا ئیدی نەیانـدەتوانی بـە ئاسـانی لێی نزیك ببنەوە، تەنیا نزیکـەی بیسـت کەسـیان توانییـان لـە نزیـك ئـەو کابرایـەی کـە لـە قەلاَدۆشـکانی نـابوو رابوەسـتن، تەنانـەت کـابرای زەبـەلاح سـەرباری قـەدوبالاَی کەڵەگـەتی، نەیدەتوانی بـە ئـارەزووی خـۆی هـەنگاو بـۆ پێشـەوە هـەڵگرێت، نـەدەکرا خـەڵکی ورووژاوی هاتوچۆکەر ناچار بکرێن بۆ پێشەوە یان دواوە بڕۆن، خەڵکەکە هەر لـەخۆڕا بـۆ پێشـەوە و دواوە دەچوون، هەموو کەسێك پاڵی دەنا بەکەسـی تەنیشـتییەوە، هـیچ کەسـێك لەسـەر پێـی خـۆی رانەوەستابوو. وەك بلێی ژمارەیەکی زۆر ئەندامی تازە هاتبوونە بەرەی نەیارانەوە، ئەو کابرایەی کە لە قەلاَدۆشـکانی نـابوو، سـەرەتا هـەوڵی دا لـە بـەردەرگای ریسـتۆرانتەکە لـە بەرامبـەر خەڵکییەوە بەرەنگاری بکات، بەلاَم لەبەر ئەوەی خەڵکی لە هەموو لایەکەوە پاڵیان پێوەدەنا، لە پاش ماوەیەکی کورت لە بەرگریکردن پاشەکشێی کرد. کاندیدەکە تا ئێستا گوتاری دەدا و لـەم کاتەدا سەری لەوە دەرنەدەکرا، کە ئاخۆ خەریکە بەرنامـەی کـارکردنی دەخاتـەڕوو، یـان داوای یارمەتی لە خەڵکەکە دەکات؟ ئەگەر کارل بە هەڵە تێنەگەیشتبێت، کاندیدێکی نەیار یان چـەند کاندیدێکی نەیار، لەهەموو لایەکەوە سەریان دەرهێنابوو، کـاتێ لایتـەکان لـەناکاو داگیرسـان، چەند کەسێك لەسەرشانی چەند کەسێکی دیکەوە دەبینران، بـە ڕەنگـی پـەڕیوەوە مسـتەکۆڵیان خڕکردبوو و دروشمیان دەگوت، مرۆگەلیش بە کۆ هاواریان دەکرد.

کارل بەپەرۆش و سەرسامییەوە رووی کردە زیندانەوانەکانی و گوتی: " توخودا پێم بڵێن لەو خوارەوە چ باسە؟"

برۆنیلدا کە بەدەستی چەناگەی کارلی گرتبوو، بەرەو لای خۆی وەریسووڕاند، بـە دلامارشـی گوت: "کوڕەلە چەندی پێی خۆشە!." بەلاَم کارل هەڵسوکەوتەکانی برۆنیلدای پێ نـاخۆش بـوو، بەهۆی ئەو رووداوەش کە لە خوارەوە دەقەوما، ئۆقرەی لێ بڕابوو. خۆی راوەشاند و برۆنیلدا نەك هەر تەنیا بەرەلاَی کرد، بەڵکو چووە دواوە و وازی لێ هێنا. دیاربوو برۆنیلدا لـەم کـارەی کـارل

تووڕەبوو. چونکە گوتی: " بە ئەندازەی پێویست تەماشات کـرد، بـڕۆرە ژوورەوە و نوێنەکـەمان ڕاخە، ئەوەی کە ئەمشەو پێویستمانە بۆمان ئامادە بکە." ئاماژەی بە ژوورەوە کرد. کـارل کـە پێشتریش حەزی دەکرد بڕواتە ژوورەوە لە بەرامبەر ئەم فەرمانەوە بچووکترین بەرگری لـە خـۆی نیشان نەدا. پاشان لە شەقامەکەوە دەنگی هاڕەی شکانی شووشەی بیست. کارل نەیتوانی خـۆی بگرێت و یەکسەر خۆی گەیاندە لێوانەی بالکۆنەکە، تاکو بزانێـت لـە خـوارەوە چـی رووی داوە. نەیارانی کاندیدەکە بوون کە دواهەمین هێدمە[٣٥]ی بەزەبری خۆیان وەشاندبوو، لایتی ئۆتۆمبێلی لایەنگرانی کاندیدەکەیان لە ناکاو وردوهان[٣٦] کردبوو، چونکە ئەم لایتانە کە ڕوویان لە ئەندامە رابەرەکانی حزب کرابوو، سەرنجی بینەرانی رادەکێشا، بە ئەندازەیەکی زۆر لە پێشـرەوی کردنـی مرۆگەلدا کاریگەر بوو، ئێستا لەبەر ڕووناکی گڵۆپی شەقامەکە تەنیا کاندیدەکە و ئەو کەسەی کە لە قەلاَدۆشکانی نابوو دەبینران. هەڵبەتە لەبەر ئەوەی ڕووناکی ئەم گڵۆپانە پەرشوبلاَو بـوو، ڕووناکییەکەی ئەوەندە کاریگەر نەبوو و کەس نەیدەتوانی مەزەنـدەی ئـەوە بکـات، کـە ئێسـتا کاندیدەکە لە کوێیە؟ ئەو خەڵکەش کە لای پردەکـەوە دەهـاتن و بـە دەنگـی بـەرز هوتافیـان دەکێشا، لەتاریکییەکەدا نەدەکرا بەباشی ببینرێن، کە خەریکن چی دەکەن؟

برۆنیلدا گوتی: " چما پێم نەگوتی چی بکەیت؟" پاشـان دەسـتەکانی بـۆ بـان سـەری بـەرز کردەوە، بەجۆرێك کە مەمکەکانی زۆر زیاتر لە رادەی ئاسـایی بـۆ پێشـەوە دەرپـەڕین. ئـەوجا گوتی: " زووبـە، مانـدووم." دلامـارش کـە هێشـتا دەسـتی لـە دەوری کەمـەری برۆنیلـدادا لانەبردبوو، بردییە سووچێکی بالکۆنەکەوە. رابینسۆنیش چوو بە دوایانـدا تـاکو پاشمـاوەی ئـەو خواردنەی کە مابوویەوە لەسەر عەردەکە کۆی بکاتەوە.

کارل نەدەبوو دەرفەتێکی وەها شیاو لەدەست بـدات، ئێسـتا کـاتی ئـەوە نـەبوو تەماشـای شەقامەکە بکات، کاتێ خـۆی گەیانـدە شـەقامەکە، دەتوانێـت چـەندی بوێـت تەماشـای ئـەو هەراوهۆریایە بکات، هەڵبەتە لە خوارەوە باشتریش دەتـوانێ هـەموو شـتێك ببینێـت. بـە دوو شەقاو بەنێو ژوورەکەدا تێپەڕی، کە گڵۆپی سووریان تێدا داگیرساندبوو، بەلاَم دەرگاکە داخرابـوو و کلیلەکەشی دیار نەبوو. دەبوو یەکسەر بیدۆزێتەوە. بەلاَم بەو کاتە کەمەی کە لەبەر دەسـتیدا بوو، چۆن دەیتوانی لەو ماڵە شپرزەدا کلیلەکە بدۆزێتەوە. ئەگەر کلیلی هەبێت، دەبێـت ئێسـتا

---

٣٥- هێدمە: واتە چربە.

٣٦- وردوهان: وشەیەکی دارێژراوی زاری هەورامیە، وردبوونی شتێکە کە ئیدی پارچەکانی چاك نەکرێنەوە.

لەسەر قادرمەکاندا بێت، بەڕاکردن کەوتــە گــەڕان بــە دوای کلیلەکانــدا، بــە نــاو هــەموو ئــەو چەگمەجانەی کە دەکرانەوە گەڕا، کەلوپەلی سەر مێزەکەشی سەروژێر کرد، بەلاّم هەر کلیلەکەی نەدۆزییەوە. لەسەر مێزەکە هەموو جۆرە شتێك دەبینرا، هــەر لــە قاپوقاچــاخی هەمەچەشــنەوە بگرە، هەتا دەگات بە دەسڕی سەر سفرە و پارچەی بە گوڵچنراوی نیوداشت، تەنیا کلیــل لەوێــدا نەبوو. پاشان ئەو کورسییەی کە کۆمەڵێك جلی بەسەردا تەپە کرابوو، ســەرنجی راکێشــا، بــیری کردەوە رەنگە کلیلەکە لە ژێر ئەم جلانــەدا شــاردرابێتەوە، بــەلاّم لەوێشــدا هــەر نەیدۆزییــەوە. بەناچارییەوە چوو بەرەو لای چرپاکە کە رەنگە لە سووچ و قەراغی چرپاکەدا بیدۆزێتەوە. چرپاکە بۆنێکی زۆر پیسی لێ دەهات، بەلاّم لەوێشدا نەیدۆزییەوە. پاش ئەوەی لە دۆزینــەوەی کلیلەکــە نائومێد بوو، لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا راوەستا. بەخۆی گوت، بەدڵنیاییەوە برۆنیلــدا کلیلەکــەی بە کەمەربەندەکەیەوە بەستووە، چونکە زۆر شتی پێوە دەبەستێت، کەوایە هەموو گەڕانەکانم بێ سوود بوون.

کارل بێ بیرکردنەوە دوو چەقۆی هەڵگرت، چەقۆیەکی لە سەرەوە و ئەوی دیکەیان لەخوارەوە بەنێو درزی دەرگاکەدا رۆ برد، بەم کارەی دەیویست لەدوو لاوە بەسەر دەرگاکەدا زاڵ بێت. بەلاّم هێشتا بەتەواوی هێزی نەخستبووە سەر چەقۆکان، نووکی هەردوو چەقۆکە شــکا. ئــەویش هــەر ئەمەی دەویست، چونکە بەشە کورتەکەی چەقۆکان باشتر بەرگەی گوشاریان دەگــرت. لاقــی والاّ کرد و دەستەکانی درێژەوە کرد و بــە هەناســەبڕکێ بــە هــەموو هێزییــەوە گوشــاری خســتبووە سەردەرگاکە، لە هەمان کاتدا ئاگایشی لەوە بوو، کە دەرگاکــە نەشــکێت. دەرگاکــە زۆر خــۆی رانەگرت، کارل بە بیستنی دەنگی لەقبوونی قفڵەکە خۆشحاڵ بوو. بــەلاّم هــەتا کــەمتر پەلــەی بکردایە باشتر بوو، چونکە نەدەبوو لە ناکاو قفڵەکە بشکێنێت، ئەگینا لە باڵکۆنەکەدا دەنگیــان دەبیست، دەبوو قفڵەکە وردە وردە بشکێنێت، زۆر وریایانە ئەم کارەی دەکرد و ســات بــە ســات روخساری لە قفڵەکە نزیك دەکردەوە.

لەناکاو دەنگی دلامارشی بیست، کە دەیگوت: " سەیری بکەن." هەر سێکیان لــە ژوورەوە راوەستابوون و پەردەکانیان لادابوو، کارل لە کاتی هاتنە ژوورەوەیاندا دەنگی پێی نەبیست بوون، هەرکە ئەوانی بینی دەستی لە چەقۆکان بەردا. بەلاّم رێگەیان نەدا کە شتێك بڵێت یان بیانوویەك بتاشێت، چونکە دلامارش وەها بە تووڕەییەکی چاوەڕواننەکراوەوە هەڵیکوتایە سەری، کە پــەتی رۆبەکەی کرایەوە. کارل لە دواهەمین ساتدا چــووە ئــەو لاوە، دەیتــوانی چــەقۆکان لــە دەرگاکــە دەربهێنێت و بەوانە بەرگری لەخۆی بکات، بەلاّم ئەم کارەی نەکرد، لەبری ئەوە خۆی لاداو توانی

یەخەی رۆبەکەی دلامارش بگرێت، بە راوەشاندنێکی بەهێز، یەخەکەی دلامارشی بەرز کردەوە- رۆبەکە بۆ دلامارش گەلەك گەورە بوو- بەخت یاری بوو، چونکە توانی بەتوندی سەری دلامارش بگرێت، دلامارش کە غافلگیر ببوو، سەرەتا دڕندانە دەستی کرد بە چنگکوتان، پاش چەند ساتێك بە بۆکس بەربووە پشتی کارل. بەلاّم ئیدی هێزی لیّ بڕا، کارلیش لەبەر ئەوەی نەبا بۆکسێك بەر دەموچاوی بکەوێت، خۆی خستە باوەشی دلامارشەوە. ئەگەرچی کارل لە تاو ئازاری پشتیدا پێچی دەخوارد و سات لەدوای سات ئازاری بۆکسەکانی دلامارش زیادی دەکرد، دیسانەوە خۆی رادەگرت، چونکە سەرکەوتنی لەپێش چاویدا مسۆگەر بوو، بۆیە بەرگەگرتنی ئازاری بۆکسەکانی دلامارشیش ئاسان بوو. لە کاتێکدا بە دەستەکانی ملی دلامارشی گرتبوو، بە پەنجە گەورەی چاوەکانی گرتبوو، پالّی پێوەنا بەرەو ئەو بەشەی ژوورەکە کە کەلوپەلەکەی تێدابوو، لە هەمان کاتدا هەولّی دا بە پەنجەی پێی، پەتی رۆبەکەی لە لاقاکانی بئالّێنێت و بیدات بە زەویدا.

بەلاّم چونکە ناچار بوو هەموو سەرنجی لای دلامارش بێت، هەر ساتێکیش هەستی دەکرد هێزی دلامارش زیاتر دەبێت، وا خەریکە بە جەستە بەهێزەکەی چۆك بە کارل دادەدات، لەبیری چووبوو، کە بە تەنیا دلامارش لەو ژوورەدا نییە. بەلاّم یەکسەر ئەمەی هاتەوە بیر. چونکە رابینسۆن کە لە پشتییەوە رایدەکێشا و دەینەڕاند، پێی کارلی گرت و بایدا، کارل ناچار بوو، دلامارش کە هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو بەرەلاّ بکات، پاش بەرەلاّکردنی کەمێك هاتەوە سەرخۆی. برۆنیلدا قاچی خستبووە سەر قاچ و ئەژنۆکانی چەماندبووەوە، بە جەستە قەلّەوەکەیەوە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دانیشتبوو و بە سەرسامییەوە تەماشای شەڕەکەی دەکرد. هەناسەی قوولّی هەلّدەکێشا و چاوەکانی دەتروکاند، بەکاوەخۆ دەستی بەیەکدا دەدا، کە وەك بلّێی خۆی لە شەڕەکەدا بەشدارە. دلامارش یەخەی رۆبەکەی چاك کرد، ئێستا ئیدی دەیتوانی ببینێت. هەلّبەتە نەدەکرا بەمە بلّێیت شەڕ، بەلّکو جۆرێك بوو لە تەمیّ کردن. بەدەستی یەخەی کارلی گرت، تاڕادەیەك لەسەر زەوی هەلّیبڕی، بێئەوەی تەماشای بکات، وەها دڕندانە فڕێیدایە لای سندوقەکەوە کە چەند هەنگاوێك لەولاترەوە بوو، کارل سەرەتا واهەستی دەکرد، کە هۆکاری ئەم ئازارە بەهێزەی دلامارشە نە سندوقەکە. دونیا لەبەر چاویدا رەش بوو و لە هەمان کاتدا دەنگی دلامارشی دەبیست، کە دەیگوت: " ئەی بێشەرەف." لە کاتێکدا لە تەنیشت سندوقەکەوە خەریك بوو لە هۆش خۆی دەچوو، دووبارە دەنگی دلامارش بەجۆرێك نادیار لە گوێیدا زرنگایەوە: " چارەت دەکەم."

کاتێ هۆشی هاتەوە سەر خۆی، دونیا تاریك ببوو، وەها دەهاتە پێش چاو نیوەی شەوە، لـە باڵکۆنەکەوە، رووناکی کزی مانگ لە ژێر پەردەکەوە هاتبووە ژوورەوە. هەرسێکیان نووستبوون و دەنگی پرخەپرخیان دەهات، دەنگی پرخەپرخی برۆنیلدا لە هەردووکیان بـەرزتر بـوو، هـەر بـەو جۆرە کە لە کاتی قسەکردندا پرخەپرخی دەکرد لـە خەویشـدا دەیکـرد. لەبـەر ئـەوەی دەنگـی پرخەپرخیان ژوورەکەی پڕکردبوو، نەدەکرا بەئاسانی بزانیت لە کوێدا نووستوون.

پاش ئەوەی ماوەیەك چاوی بەدەوروبەردا گێڕا، ئەوجا هاتەوە سەرخۆی، لەناکاو زانـی نـەك تەنیا ماسوولکەکانی بریندار بووە، بەڵکو بە پێچەوانەی پێشبینییەکەیەوە بە رادەیـەك بریـندار ببوو، کە خۆێنێکی زۆری لێ چووە. ئێسـتا سـەری قـورس ببـوو، هـەموو دەموچـاوی خـوێنی لێهاتبوو، وەك بڵێی گەردن و سنگیشـی لـە ژێـر کراسـەکەیەوە خوێنـاوی بـوو. دەبـوو بڕواتـە شوێنێکی رووناك تاکو بەوردی بزانێت چ بەڵایەکی بەسەردا هاتووە. رەنگـە گۆجیـان کردبێـت، ئەگەر گۆجیان کردبێت، کارل بەو دۆخەوە لێرە بڕواتە دەرەوە، دلامارش خۆشحاڵ دەبێـت. بـەڵام ئەگەر هەر بەڕاستی ئەمە روویدا بێت، کارل چ کـارێکی لـە دەسـت دەهـات؟ بەڕاسـتی ئیـدی نەیدەتوانی بە داهاتووی ئومێدەوار بێت. ئەو کوڕەی هاتەوە بیر کە نیوەی کەپووی خورابوو، بـەم هۆیەوە بۆ ساتێك بە دەستەکانی رووخساری داپۆشی.

پاشان نەویستانە بە پەلەکوتێ و دەست وپێ راوەشاندنەوە، بـەرەو لای دەرگاکـە کەوتـەڕێ، سەرەتا دەستی بەر قۆندەرەیەك و پاشان بەر پێیەك کەوت. دەبوو ئەمـە پێـی رابینسـۆن بێـت، چونکە نەدەکرا کەسێکی دیکە بە پێڵاوەوە بخەوێت. بێگومان پێیان گوتبوو، لەبەردەم دەرگاکەدا بخەوێت، تاکو کارل نەتوانێت هەڵبێت، بەڵام چما لە حاڵی کارل ئاگادار نەبوون؟ کارل لەو کاتەدا لە بیری هەڵهاتنندا نەبوو، تـەنها دەیویسـت گڵۆپەکـە هـەڵبکات، ئێسـتا کـە نەیـدەتوانی لـە دەرگاکەوە بڕواتە دەرەوە، پێویستە خۆی بە باڵکۆنەکە بگەیێنێت.

شوێنی مێزی نانخواردنیان گۆڕیبوو، بەوریایی لە کورسییەکە نزیك کەوتەوە، بەسەرسامییەوە بینی بەتاڵە. بەڵام لەناوەڕاستی ژوورەکەدا بڕێکی زۆر جلیان لەسەر یەك کەڵەکە کردبوو، پـەردە و بەتانی و قاڵیچەیان لەسەریەك کەڵەکە کردبوو. یەکەمجار بیری کردەوە کۆمەڵێـەی ئـەم جـل و پەردانەش، وەك کۆمەڵێەی شەوی پێشوو، کە لە سووچـێکی چـرپاکەدا دانرابـوون، بچـووکن و بەرێکەوت کەوتوونەتە سەر عەردەکە، بەڵام کاتێ لارەلار چووە پێشترەوە، بەسەرسامییەوە بینی کۆمەڵێەیەکی گەورەتر لەوێدایە، هێند گەورەبوو وەك بڵێی بارە لۆرییان لەوێدا هەڵڕشتبوو. دیار بوو ئەو جلانەی کە بەڕۆژدا لەناو جانتاکاندا هەڵیان دەگرتن، شەوان دەریان دەهێنان و بـەکاریان

دەبردن. بەپەلەکوتێ بەدەوری کۆمەڵتەی جلەکانـدا خولایـەوە، یەکسـەر تێگەیشـت دیـارە وەك چرپایەك بۆ خەوتن سوودی لێوەرگیراوە، پاشان بـە وریاییـەوە دەسـتی خسـتە سـەر جلـەکان و تێگەیشت، دلامارش و برۆنیلدا لە سەر ئەم جلانە خەوتوون.

ئێستا دەیزانی هەر سێکیان لە کوێدان، بەپەلـە بـەرەو لای دەرگاکـە وەڕێکـەوت، لەپشـت پەردەی باڵکۆنەکەوە دونیایەکی دیکە بوو، دەستبەجێ کارل راوەستا. لەبەر هەوای فێنکی شـەو و رووناکی مانگدا چەند جارێك ئەمسەر و ئەوسەری باڵکۆنەکەی کرد. تەماشـای شـەقامەکەی کرد ، شەقامەکە تاڕادەیەك چۆڵ بوو، هێشتا لە ریستۆرانتەکەوە دەنگی میوزیك دەهات، بـەڵام ئێسـتا دەنگـی نـزمتر بـوو، کابرایـەك بـە گسـك خـەریکی پاککردنـەوەی شۆسـتەی بـەردەم ریستۆرانتەکە بوو، شەقامەکە کە چەند کاتژمێرێك لەمەوبـەر بـەو رادەیـە قـەرەباڵغ بـوو، کـە نەدەکرا دەنگی هاواری کاندیدەکان لە ناو دەنگی هەزاران کەسدا جیا بکرێتـەوە، ئێسـتا دەکـرا تەنانەت دەنگی خشەی گسکی ئەو کابرایەی کە شۆستەکانی پاك دەکردەوە، بە جوانی ببیسترێ.

بەدەنگی راکێشـانی مێـزی باڵکۆنەکـەی تەنیشـتی، زانـی کەسـێك لەوێـدا دانیشـتووە و دەخوێنێتەوە. کوڕێکی گەنجی ریش نووك تیژ بوو، کە لەکاتی خوێندنەوەدا یاری بە ریشی دەکرد و لێوی بە توندی دەکرۆشت. لەبەرامبەر کارلـەوە لەپشـت مێزێکـەوە، کـە پڕبـوو لـە کتێـب دانیشتبوو، گڵـۆپی سـەر لێـواری باڵکۆنەکـەی راکێشـابوو و گڵۆپەکـەی لـەنێوان دوو کتـێبی ئەستووردا دانابوو، بەجۆرێك دایانبوو کە رووناکی گڵۆپەکە راستەوخۆ دەیدا لە رووخساری.

کارل کە لای وابوو جحێڵەکە سەیری دەکات، گوتی: " شەوباش."

بەڵام وەك بڵێی کارل بە هەڵەدا چووبوو، چونکە وا دیاربوو جحێڵەکە نەیبینیووە، جحێڵەکـە دەستی گرت بە بەرچاوییەوە، تاکو شەوقی رووناکییەکە بێزاری نەکات و بزانێ ئەو کەسـەی کـە لە ناکاو سەلامی بۆ کردبوو کێیە؟ هەرچەندە هێشتا نەیزانیبوو کێیـە؟ چـراکەی هـەڵبڕی تـاکو رووناکی بەر باڵکۆنەکەی تەنیشتی بکەوێت.

بەچاوە سەرنجکێشەکانیەوە نیگایەکی لە کارل بـڕی و گـوتی: "شـەوباش." پاشـان درێـژەی دایە: " ئێستا پێم بڵێ چیت دەوێت؟"

کارل گوتی: " وەڕزم کردی؟"

جحێڵەکە لە کاتێکدا گڵۆپەکەی دەخستەوە جێی یەکەمجاری، گوتی: " بەڵێ، بەڵێ."

بەم قسانەی هەوڵەکانی کارلی بۆ پێکەوەدوان نەزۆك کرد، بەڵام سەرباری ئەمەش، کارل لـە شوێنی خۆی نەجووڵا، لە سووچی باڵکۆنەکەدا لە نزیك جحێڵەکەوە راوەستا. جحێڵەکـە کتـێبی

دەخوێندەوە و لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە، هەندێجار لە کتێبێکی دیکەدا بەخێرایی بەدوای شتێکدا دەگەڕا، کارل بە بێدەنگی تەماشای دەکرد. جحێڵەکە بەتەواوی سەری لە لاپەڕەکە نزیک کردبووەوە و لە دەفتەرەکەیدا بەردەوام شتی دەنووسی.

ئایا ئەم جحێڵە خوێندکاری زانکۆ بوو؟ لە رواڵەتدا وادەهاتە پێش چاو خوێندکاری زانکۆ بێت. کارلیش وەك ئەم جحێڵە- ماوەیەك لەمەوبەر- لە ولاتەکەی خۆیدا لە پشت مێزەکەی دایك و باوکییەوە دادەنیشت و ئەرکەکانی قوتابخانەی جێبەجێ دەکرد، لەکاتێکدا لەولاوە باوکی رۆژنامەی دەخوێندەوە، یان بۆ ئەنجوومەنێك کە ئەندامی بوو، نامەی دەنووسی و کاروبارەکانی جێبەجێ دەکرد، لەولاشەوە دایکی سەرقاڵی بەرگدووری بوو و دروومانی ئەو پارچە قوماشەی دەکرد، کە لەبەردەستیدا بوو. لەو کاتەدا بۆ ئەوەی باوکی بێزار نەکات، تەنیا کتێبی راهێنانەکان و دەفتەرەکەی لەسەر مێزەکە دادەنا، کتێبی سەرچاوەی وانەکانی لەسەر کورسی لای چەپ و راستدا هەڵدەچنی. ماڵەوەیان چەندە ئارام بوو! کەسانی غەریب چەندە بەدەگمەن دەهاتنە ماڵیان! تەنانەت کاتێ کە منداڵ بوو، کە دەیبینی شەوان دایکی بە کلیل دەرگای ماڵەوەیانی دەکردەوە، گەلەك خۆشحاڵ دەبوو. بەلاّم ئاخۆ ئێستا دایکی لە کوێ بوو؟ تاکو ببینێت کوڕەکەی لە چ ماڵێکدا دەناڵێنێ و ناچارە بە چەقۆ دەرگای ماڵێکی غەریب بکاتەوە!

هەموو ئەو هەولانەی کە بۆ خوێندن دابووی، بێ سوود بوون، هەموو شتێکی بیر چووبووەوە، ئەگەر هەلیشی بۆ بڕەخسێ کە لێرە درێژە بە خوێندن دەدات، کێشەی زۆر دەبێت. وەبیری هاتەوە کاتێ جارێکیان مانگێك لە جێگەدا کەوت، چەندە بۆی زەحمەت بوو بە وانە لەکیس چووەکانیدا بچێتەوە. ئێستا ماوەیەك بوو، جگە لە کتێبی بازرگانی ئەویش بەزمانی ئینگلیزی، هیچ کتێبێکی دیکەی نەخوێندبووەوە.

کارل لە ناکاو هاتەوە سەرخۆی، چونکە جحێڵەکە رووی قسەی تێکردبوو، گوتی: " گەنجۆ، ناتوانی لە شوێنێکی دیکەدا راوەستی؟ بەو جۆرە کە چاوت تێبڕیوم، گەلەك بێتاقەتم دەکەی. من لە پاش دوازدەی شەوەوە، حەز دەکەم، لەم باڵکۆنەدا بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە بخوێنمەوە. چیت لێم دەوێت؟"

کارل پرسی: " تۆ خەریکی سەعی دەکەی؟"

جحێڵەکە کە ئەم هەلەی قۆستەوە تاکو کتێبەکانی رێك بکات، گوتی: " بەڵێ، بەڵێ."

کارل گوتی: " کەوایە ئیدی وەڕزتان ناکەم، ئێستا دەچمە ژوورەوە، بەهەرحاڵ، شەوباش."

جحێڵەکە تەنانەت وەڵامیشی نەدایەوە، پاش ئەوەی ئەم کەسە وەڕزکەری لەکۆڵ بووەوە، لە کاتێکدا کە سەری خستبووە سەر دەستی راستی، زۆر بە جدییەوە دەستی کردەوە بەخوێندنەوە.

بەڵام کارل بەر لەوەی لە پەردەکە نزیك بێتەوە، بیری هاتەوە کە بۆچی هاتووەتە دەرەوە. تا ئەوکاتە تەنانەت لەبیریشی چووبوو، کە چەندە تێیان هەڵداوە. ئەو شتەی کە سەری قورس کردبوو چی بوو؟ دەستی هێنا بە سەریدا و لەتاو سەرسامیدا ئەبلەق بوو. شوێنەواری ئەو برینە خوێنینە نەبوو، کە لە ژوورە تاریکەکەدا پێی زانیبوو، بەڵکو دەستی بەر پارچە پەڕۆیەك کەوت، کە وەك مێزەرێك بەدەوری سەریدا بەسترابوو و هێشتا تەڕ بوو، بەو ریشاڵانەی کە شۆڕ ببوونەوە، دەکرا ژێرجلە کۆنەی برۆنیلدا بووبێت، کە دڕاندبێتیان و رابینسۆن بە پەلە بە دەوری سەریدا بەستبێتی. بەڵام لەبیری چووبوو بەتوندی بیبەستێت، کەوایە کاتێ کارل بێ هۆش کەوتووە، بەسەریدا ئاو هاتبووە خوارەوە، ئەوجا بە ژێر کراسەکەی چۆڕاوگەی کردووە و بەم هۆیەوە راچڵەکیوە.

جحێڵەکە سەری هەڵبڕی و گوتی: " هێشتا لەوێدای؟"

کارل گوتی: " هەر ئێستا دەڕۆم، تەنیا دەمویست تەماشای شتێك بکەم، بەڵام ژوورەوە زۆر تاریکە."

جحێڵەکە قەڵەمەکەی لەسەر ئەو کتێبە دانا کە لە بەردەمیدا کرا بووەوە، لە کاتێکدا لە لێوانەکە نزیك دەبووەوە، گوتی: " بەڵام تۆ کێیت؟ ناوت چییە؟ چۆن کەوتیتە داوی ئەمانەوە؟ دەمێکە لێرەیت؟ دەتویست تەماشای چی بکەیت؟ ئەو گڵۆپە هەڵکە تاکو بتوانم بتبینم."

کارل گڵۆپەکەی هەڵکرد، بەڵام بەر لەوەی وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە، بەتەواوی پەردەکەی راکێشا، تاکو ئەوانەی لە ژوورەوە خەوتبوون گوێیان لە دەنگیان نەبێت. پاشان زۆر بەهێواشی گوتی: " ببوورە، ناتوانم بەدەنگی بەرز قسە بکەم، ئەگەر دەنگم ببیستن دووبارە هەراوهوریا دەست پێدەکەنەوە."

جحێڵەکە پرسی: " دووبارە."

کارل گوتی: " بەڵێ، ئەمشەو شەڕێکی گەورەم لەگەڵ کردون. ئاوسانی سەرم هێشتا دانەمرکاوەتەوە."

جحێڵەکە پرسی: " شەڕەکە لەسەر چی بوو؟" و لەبەر ئەوەی کارل یەکسەر وەڵامی نەدایەوە، گوتی: " بێخەم بە، هەرچییەك لە دڵتایە بیڵێ، چونکە من رقم لێیانە و لە هەر

سێکیان بێزارم، بەتایبەتی خانمی خاوەن ماڵ. لە هەمان کاتیشدا ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم، کە تاکو ئێستا تۆیان نەکردبێتە دژمنم. من ناوم (جۆزێف مەندێل[٣٧]) ەو خوێندکاری زانکۆم.

کارل گوتی: " زۆرباشە. دەبێ ئەوەت پێ بڵێم، سەبارەت بە تۆ شتگەلێکیان پێگوتووم. هەڵبەتە باسی خراپەیان نەکردووی. جارێکیان چارەسەری برۆنیلدات کردووە، وانییە؟"

جحێڵەکە بەدەم پێکەنینەوە گوتی: " وایە، چەرپاکەی هێشتا بۆنی پیسی لێ دێت؟"

کارل گوتی: " ئۆ، بەڵێ."

جحێڵەکە لەکاتێکدا بەسەری پەنجەکانی قژی رێك دەکرد، گوتی: " بەهەرحاڵ، خۆشحاڵم بەناسینت، ئێستا پێم بڵێ بۆچی سەرت ئاوساوە؟"

کارل کە نەیدەزانی چۆن بەسەرهاتەکە بۆ خوێندکارەکە بگێڕێتەوە، گوتی: " شەڕمان بوو."

پاشان خۆی کۆ کردەوە و گوتی: " وەڕزت ناکەم؟"

خوێندکارە جحێڵەکە گوتی: " یەکەم، سەرەتا وەڕزت کردم، بەدبەختانە من ئەوەندە تووڕەم کە ماوەیەکی پێدەچێت تاکو بێمەوە سەرخۆم. لەو کاتەوەی کە لە باڵکۆنەکەدا هاتوچۆ دەکەی، نەمتوانیوە بخوێنمەوە. دووەمیش لە دەوروبەری کاتژمێر سێ و نیو، هەمیشە پشوویەك دەدەم. کەوایە لە باسکردنی رووداوەکە دوودڵ مەبە. سەرباری ئەوەش حەز دەکەم بزانم، کە چی قەوماوە؟."

کارل گوتی: " رووداوەکە زۆر سادەیە، دلامارش دەیەوێت ببمە نۆکەری، بەلاّم من ملی بۆ نادەم. دەمویست هەرئەمشەو لێرە بڕۆم، بەلاّم ئەو ناهێڵێت و دەرگاکەشی کلیل داوە، هەوڵم دا دەرگاکە بکەمەوە، لەو کاتەدا شەڕ دەستی پێکرد. بەداخەوە هێشتا نەچووم."

خوێندکارە جحێڵەکە پرسی: " چما کارێکی دیکەت دۆزیوەتەوە؟"

کارل گوتی: " نەخێر، بەلاّم بەهیچ جۆرێك نیگەرانی بێکاریم نیم، تەنیا دەمەوێت لێرە بڕۆم."

خوێندکارە جحێڵەکە گوتی: " گوتت چی؟ بەهیچ شێوەیەك نیگەرانی بێکاری نییت؟"

هەردووکیان بۆ ساتێك بێدەنگ بوون، دواجار خوێندکارەکە پرسی: " بۆچی ناتەوێت لەگەڵیاندا بیت؟"

---

37- joseph Mendel.

کارل گوتی: " دلامارش کەسێکی خراپە. پێشتریش پێکەوە بووین. جارێکیان بەدرێژایی ڕۆژێك بە دەستییەوە سەرگەردان بووم، ئیدی هەرگیز حەز ناکەم پێکەوە بین. ئێستا ببمە نۆکەری؟"

خوێندکارەکە بە بزەوە گوتی: " خۆزگە هەموو نۆکەرەکان وەك تۆ، لە هەڵبژاردنی ئاغاکانیاندا ڕاڕا بوونایە! ئێستا باش گوێم لێبگرە، من به ڕۆژدا لە فرۆشگایەکی گەورە کار دەکەم، خاوەنەکەی ناوی (مۆنتێل[٣٨])ە، فرۆشیارێکی بەدبەختم، ئیشەکەم هەروەکو ئیشی شاگردێکی بەردەستە. ئەم مۆنتێلە گەلەك فێڵبازە، بەلاّم من بەڕووی خۆمدا نایهێنم، ئەوەی کە تووڕەم دەکات تەنیا ئەوەیە مووچەکەم گەلەك کەمە. با ئەمە ببێت بە وانەیەك بۆ تۆ."

کارل گوتی: " چی؟ تۆ بە ڕۆژدا ئیش دەکەیت و بەشەودا دەرس دەخوێنی؟"

خوێندکارەکە گوتی: " بەڵێ، جگە لەم ئیشە ناتوانم ئیشێکی دیکە بکەم، هەرچییەك لەدەستم هاتبێت کردوومە، دواجار ئەم ڕێگەیەم هەڵبژارد. چەندین ساڵ جگە لە دەرس خوێندن هیچی دیکەم نەدەکرد. شەو و ڕۆژ دەرسم دەخوێند، لەبەر جلە ناشیرینەکانم لەرووم هەڵنەدەهات بچمە پۆلەوە. بەلاّم ئێستا بەهۆی ئەم ئیشەمەوە، هەمووی ئەمانە بەسەرچوون."

کارل بەسەرسامییەوە سەیری خوێندکارە جحێڵەکەی کرد و پرسی: " کەوایە دەتەوێت کەی بخەویت؟"

خوێندکارەکە گوتی: " ئۆ، خەو. هەرکات دەرسەکەم تەواو بوو دەخەوم. بۆ ئەوەی خەوم لێنەکەوێت قاوە دەخۆم." و گەڕایەوە بوتڵێکی گەورەی قاوەی لە ژێر مێزەکەی دەرهێنا و فنجانێکی پڕ لە قاوە کرد، بەجۆرێك فڕی کرد، دەتگوت دەرمان دەخوات و نایەوێت تامەکەی بچەشێت.

خوێندکارەکە گوتی: " قاوە شتێکی باشە، بەداخەوە، لەبەر ئەوەی مەودای نێوانمان زۆرە، ناتوانم فنجانێکت پێبدەم."

کارل گوتی: " حەزم لە قاوە نییە."

خوێندکارەکە بە بزەوە گوتی: " منیش حەزم لە قاوە نییە، بەلاّم بێ قاوە ناتوانم کار بکەم، ئەگەر قاوە نەخۆم، مۆنتێل ناهێڵێت تەنانەت بۆ خولەکێکیش لەوێ بمێنمەوە. هەرچەندە مۆنتێلی گوو بە کلاّوم ناپێوێ. ئەگەر بتڵێکی گەورەی قاوەی وەك ئەمە لە ژێر مێزەکەمدا

38- montly

دانەنێم، هەرگیز تاقەتم نییە، لە ناو فرۆشگایەکی بەو شێوەیەدا کار بکەم و تا ئێستاش ناوێرم ئەم خووەم تەرك بکەم، بەلاّم ئەوە بزانە، ئەگەر ئەم خووە تەرك بکەم، لە پشت مێزەکەوە خەوم لێدەکەوێت. بەدبەختانە خەڵکی بەم خووەمیان زانیوە و بەم هۆیەوە پێم دەڵێن(قاوەی رەش.)، دڵنیاشم ئەم نازناوە گاڵتەجارانە زیانی بە کارەکەم گەیاندووە."

کارل پرسی: " خوێندنەکەت کەی تەواو دەکەی؟"

خوێندکارەکە کە سەری داخستبوو، گوتی: " وردە وردە تەواوی دەکەم." لەتەنیشت لێوانەکەوە دوور کەوتەوە و دووبارە لە پشت مێزەکەیەوە دانیشت، ئانیشکەکانی خستە سەر کتێبە کراوەکە، دەستی هێنا بە قژیدا و پاشان گوتی: " رەنگە یەك دوو ساڵێکی دیکە بخایەنێت."

خوێندکارەکە بە بێدەنگی دانیشتبوو، کارل کە هەستی بە نزیکبوونەوە لەگەڵیدا دەکرد، بەم جۆرە دەردی دڵی خۆی کردەوە: " منیش دەمویست بخوێنم."

خوێندکارە جحێڵەکە گوتی: " بەڕاستە؟" لەکاتێکدا چاوی لە کتێبەکەی بڕیبوو، کارل نەیدەزانی کتێب دەخوێنێتەوە یان بیری لە شوێنێکی دیکەیە و تەنیا چاوی لەسەرکتێبەکەیە.

" خۆشحاڵ بە بەوەی کە ناخوێنیت، من ناتوانم دەسبەرداری خوێندنم بم، چونکە سالاّنێکە خەریکی خوێندنم. خوێندنەکەم ئیدی رازیم ناکات، ئەوەندەش ئومێدم بە داهاتووم نییە. دەبێ چ داهاتوویەکم هەبێت؟ ئەمریکا پڕیەتی لە دکتۆری ساختەچی."

دیاربوو خوێندکارە جحێڵەکە حەزی بە درێژەدان بەم قسە و باسانە نەبوو، بۆیە کارل گوتی: "دەمەوێت ببم بە ئەندازیار."

خوێندکارەکە ساتێك تەماشای کرد و گوتی: " ئێستا بڕیارە ببی بە نۆکەری ئەمانە، هەڵبەتە حەقتە نیگەران بیت."

ئەم ئەنجامگیرییەی خوێندکارەکە بە هۆی بەهەڵە تێگەیشتنەوە بوو، بەلاّم کارل دەیویست ئەم بەهەڵەتێگەیشتنە بۆ سوودی خۆی بەکار ببات، بۆیە پرسی: " منیش دەتوانم لەو فرۆشگایەدا کار بکەم؟"

بەم پرسیارە خوێندکارەکە بەتەواوی سەرنجی لەسەر کتێبەکەی هەڵگرت، بەلاّم بیرکردنەوە لەوەی کە یارمەتی کارل بدات، تاکو بتوانێت لە فرۆشگاکەدا کار بکات، بەهیچ شێوەیەك بە مێشکیدا گوزەری نەکرد. گوتی: " هەوڵ بدە، یان باشتر وایە بڵێم، هەرگیز هەوڵ مەدە. کەوتنە سەرکارم لە فرۆشگای مۆنتێلی، گەورەترین سەرکەوتنێك بووە، کە من لەتەمەنی خۆمدا

بەدەستم هێناوە. ئەگەر ناچار بم یان بخوێنم، یاخود کار لە فرۆشگای مۆنتیلیدا بکەم، بێگومـان بەباشی دەزانم دەست لە خوێندن هەڵبگرم، هەرگیز بیر لـەوە ناکەمـەوە کـە دەسـت لـەو کـارە هەڵگرم."

کارل کە وەك بڵێی لەتەك خۆی قسە دەکـات، گـوتی: " کەوایـە بەدەسـتهێنانی ئـیش لـە فرۆشگای مۆنتێلی، دەبێت زۆر دژوار بێت."

خوێندکارەکە گوتی: " بەڵێ، بۆ وادەزانی گاڵتەیـە؟ بـوون بـە دادوەری ئـەم ناوچـەیە، زۆر ئاسانترە لەوەی ببیت بە دەرگاوانی فرۆشگای مۆنتێلی."

کارل بێدەنگ بوو. دیـاربوو ئـەم خوێنـدکارە ئـەزموونی زۆر لـەو زیـاتر بـوو، بەهۆیـەکی نادیاریش زۆر رقی لە دلامارش بوو، بەدڵنیاییەوە مەبەستێکی خراپیشی لە بەرامبـەر کارلـەوە نەبوو، نەشیدەتوانی بە هیچ شێوەیەك کارل دنە بدات، کە دلامـارش بـە جـێ بهێڵێـت. لەگـەڵ ئەوەشدا لەو مەترسییە بێئاگابوو، کە لە لایەن پۆلیسەوە هەڕەشە لە کارل دەکرا. لە ئێستاشـدا تەنیا دلامارش دەتوانێ کارل لە بەلای پۆلیس رزگار بکات.

" خۆپیشاندانەکەی ئەمشەوت بینی؟ هەرکەسێك ئاگای لـەم شـتانە نـەبێت، دەتـوانێ بـە ئاسانی مەزەندەی ئەوە بکات، ئەو کاندیدەیان کە ناوی لۆبیستێر[٣٩] بوو، هیوای بەسـەرکەوتنی خۆی زۆر بوو، یان بەلانیکەمەوە ئومێدی ئەوەی دەکرد کە خەڵکی هەڵیبژێرن، ئەمە راستە یـان نا؟"

کارل گوتی" من سەر لە سیاسەت دەرناکەم."

خوێندکارە جحێڵەکە گوتی: " بە هەڵەدا چوویت، چما تۆ چاو و گوێت نییە؟ بەدڵنیاییـەوە ئەو کابرایە هەم دۆستی هەیە و هەم دوژمن، خۆ تا ئێرە تێگەیشتی. زۆرباشە، بە بڕوای من ئەو بچووکترین چانسی سەرکەوتنی نییە. بەڕێکەوت هـەموو شـتێك لـەبارەی لۆبیسـتێرەوە دەزانم، کەسێك لێرە هەیە کە دەیناسێت، ناکرێت پێی بڵێیت کەسێکی ناشایستەیە، تا ئـەو جێگایـەش کە لە بیروباوەڕی سیاسی و رابردووی سیاسییەوە دەردەکەوێت، دەتوانێت شیاوترین دادوەری ئـەم ناوچەیە بێت. بەڵام هیچ کەس باوەڕ بەوە ناکات کە هەڵبژێرێت، ئەویش هەروەکو ئەوانی دیکـە شکست دەهێنێت، دواجار دەبینێ کە دارونـەداری بـۆ کێبـەرکێی هەڵبـژاردن خـەرج کـردووە و ئەنجامەکەشی هیچ بووە، هەرئەمەیە و بەس."

39- lobster

کارل و خوێندکارە جحێڵەکە بۆ ماوەیەك بە بێدەنگی چاویان لەیەکدی بڕی. خوێندکارەکە بە بزەوە سەری لەقاند، دەستی هێنا بە چاوە ماندووەکانیدا و پرسی: " باشە، ناتەوێت بڕۆیت بخەویت؟ من دەبێ بخوێنمەوە. سەیرکە چەندم ماوە." خوێندکارەکە نزیکەی نیوەی کتێبەکەی نیشانی کارل دا کە نەیخوێندبووەوە، تاکو کارل بزانێت هێشتا زۆری ماوە.

کارل بە رێزەوە سەری بۆ دانەواند و گوتی: " زۆرباشە، شەوباش."

خوێندکارە جحێڵەکە کە لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتبووەوە، گوتی: " هەڵبەتە ئەگەر دڵت پێوە بوو دووبارە وەرە و سەرم لێبدە. لێرە خەڵکێکی زۆری لێیە. بە زۆری دەتوانی لە کاتژمێر نۆ بۆ دەی شەو ببینی."

کارل پرسی: " کەوایە تۆ پێت باشە لای دلامارش بمێنمەوە؟"

خوێندکارەکە کە سەری بەسەر کتێبەکەدا چەماندبووەوە، گوتی: " بەڵێ باشترە." دەتگوت لەبری ئەو کەسێکی دیکە ئەم قسەیەی کردبوو، دەنگی بەجۆرێك لە گوێی کارلدا دەزرنگایەوە، دەتگوت کەسێکی دیکەیە و لە قووڵایی چاڵێکەوە قسە دەکات.

لەسەرخۆ بەرەو لای پەردەکە کەوتەڕێ، بەرلەوەی بڕوات سەیرێکی دیکەی خوێندکارەکەی کرد، کە ئێستا لە ناو بازنەی رووناکیدا کە بەتاریکی دەور درابوو، دانیشتبوو. ئەوجا بە هێواشی چووە ژوورەوە. دەنگی پرخەپرخی هەرسێکیان بەناو ژوورەکەدا بڵاو ببووەوە. بەپەلەکوتێ بە تەنیشت دیوارەکەدا تێپەڕی و خۆی گەیاندە لای چرپاکە، کاتێ چرپاکەی دۆزییەوە، بە هێمنی لەسەری راکشا، وەك بڵێی ئەمە چرپای هەمیشەییەتی. چونکە خوێندکارەکە سەبارەت بە دلامارش هەموو شتێکی دەزانی و لە بارودۆخی پڕگومانی ئەوێندەر ئاگاداربوو، لە هەمان کاتدا کەسێکی خوێندەوار بوو، کەچی پێی گوتبوو لەوێندەر بمێنێتەوە، کارل ئێستا ئیدی راڕا نەبوو. وەك ئەو خوێندکارە بەرزەفڕ نەبوو، رەنگە ئەگەر لە وڵاتەکەی خۆیشی بمابایەوە، سەرکەوتوو نەدەبوو لەوەی بەتەواوی بخوێنێت و بڕوانامە بەدەست بهێنێت، ئەگەر وەرگرتنی بڕوانامە لە نیشتمانەکەی خۆیدا بۆی دژوار بوو، ئیدی کەس نەیدەتوانی چاوەڕێی ئەوەی لێ بکات، کە لێرە لە وڵاتی غەریبیدا بخوێنێت.

ئەگەر لەئێستادا ئەوە قبووڵ بکات، کە ببێتە نۆکەری دلامارش، پێدەچێت ئومێدی دۆزینەوەی ئەو جۆرە ئیشە زیاتر بێت، کە لەبەرامبەر کارکردنیەوە رێزی لێبگرن. هەڵبەتە لەگەڵ نۆکەریەکەشیدا دەیتوانی بەدوای ئیشێکی باشتردا بگەڕێت. هەر لەم شەقامەدا فەرمانگەی هەمەچەشنی بێبەها و کەم بەهای تێدابوو، ئەگەر پێویستیان بە کارمەند بووایە،

بێگومان لە هەڵبژاردنیدا ئەوەندە وردبین و ڕاڕا نەدەبوون. ئەگەر پێویستیان بە دەرگاوانیش بووایە، دەیتوانی ببێتە دەرگاوان، بەڵام بە هەر شێوەیەك بێت، بە دووری نەدەزانی بە کارمەند وەریبگرن، لە داهاتوودا دەیتوانی وەك هەر کارمەندێکی دیکە لەپشت مێزەکەی خۆیەوە دانیشێت و هەروەکو ئەو کارمەندەی کە ئەو بەیانییە لە کاتی تێپەڕینیدا لە حەوشەکەدا بینیبووی، جارناجارێك لە پەنجەرە کراوەکەوە بێباکانە تەماشای دەرەوە بکات. لە کاتێکدا کە چاوی دادەخست، دڵخۆشی خۆی بەوە دایەوە کە هێشتا جحێڵە و دواجار ڕۆژێك دادێ کە لە دەست دلامارش ڕزگاری بێت، بڕیار نەبوو هەموو تەمەنی لەمماڵەدا بەسەر بەرێت. ئەگەر لە فەرمانگەیەکدا بکەوێتە سەر کار، بە هەموو بیرو هۆشییەوە بەو کارەوە مژول دەبوو و وەك ئەو خوێندکارە جحێڵە وزەی خۆی بەفیڕۆ نەدەدا. ئەگەر پێویستیش بکات، هەموو کاتی شەو و ڕۆژی بۆ کاری فەرمانگە تەرخان دەکات، هەڵبەتە لەبەر ئەوەی زانیاری سەبارەت بە کاری فەرمانگە کە ماسی تێدابوو، پێدەچوو لە سەرەتاوە هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان بکەن. تەنیا بیری لە سوود و قازانجی ئەو فەرمانگەیە دەکردەوە کە تێیدا دادەمەزرا، هەرکارێکی پێ بسپێرن خێرا رایدەپەڕێنێ، تەنانەت ئەو کارانەشی کە کارمەندانی دیکە بە کارێکی سووکیان دەزانن و خۆیانی لێ نادەن. خەیاڵی خۆش بە مێشکیدا گوزەریان دەکرد، وەك بڵێی بەڕێوەبەری داهاتووی لە بەردەم چرپای نووستنەکەدا ڕاوەستاوە و دەتوانێت ئەم بیرانە لە روخساریدا بخوێنێتەوە.

بەدەم ئەم خەیالأنەوە خەریك بوو خەوی لێدەکەوت، بەڵام هێشتا بە تەواوی خەوی لێ نەکەوتبوو، برۆنیلدا ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا، بەم دەنگە بێدار بووەوە. دیاربوو برۆنیلدا خەوی ناخۆشی دەبینی و لەسەر چرپاکەی خۆی گنگڵ دەخوات.

## (٨)

# شانۆی سەرشەقامی ئۆکلاهوما

لە سووچێکی شەقامێکدا کارل ئاگادارییەکی بینی، کە بەمشێوەیە نووسرابوو: ئەمڕۆ شانۆ ئۆکلاهوما[٤٠] ئەندامگەلێك بۆ کۆمپانیاکەی خۆی، لە گۆڕەپانی ئەسپسواری کلای تۆن[٤١]،لە کاتژمێر شەشی بەیانییەوە بۆ دوازدەی شەو ناونووس دەکات. شانۆی گەورەی ئۆکلاهوما پێویستی بە ئێوەیە. تەنیا ئەمڕۆ دەرفەتتان هەیە و ئیتر هەلی وەهاتان بۆ نارەخسێت. ئەگەر ئەمڕۆ ئەم هەلە لە دەست خۆتان بدەن، ئیدی هەرگیز بۆتان هەڵناکەوێت. ئەگەر بیر لە داهاتووی خۆتان دەکەنەوە. پەیوەندی بە کۆمپانیاکەمانەوە بکەن. لە شانۆکەماندا ئیش بۆ هەموو کەسێك دەدۆزرێتەوە، هەموو کەسێك لە شانۆکەماندا شوێنی خۆی هەیە. ئەگەر بڕیار دەدەیت وەرە ناو شانۆکەمانەوە، هەر لە ئێستاوە پیرۆزباییت لێ دەکەین. بەلاّم پەلە بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بەر لە کاتژمێر دوازدە خۆتان ناونووس بکەن. لەپاش کاتژمێر دوازدەوە دەرگاکانمان دادەخرێت ئیدی ناکرێنەوە. مردن بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە باوەڕ بە قسەکانمان ناکەن. هەستن و وەرن بۆ کلای تۆن.

خەڵکێکی زۆر لە بەردەم ئاگادارییەکەدا کۆببوونەوە، بەلاّم وا نەدەهاتە پێش چاو ئەم ئاگادارییە خەڵکێکی زۆر پێشوازی لێ بکەن. ژمارەی ئاگادارییە هەڵواسراوەکان زۆر بوون و کەس باوەڕی پێ نەدەکردن. ناوەڕۆکی ئەم ئاگادارییەش لە هەموو ئاگادارییەکانی دیکە کەمتر دەچووە عەقڵی مرۆوە. گرنگترین کەموکورتیشی ئەوە بوو باسی لە مووچە نەکردبوو، ئەگەر مووچەکەی شیاوی باس کردن بووایە، بەدڵنیاییەوە لە ئاگادارییەکەدا ئاماژەی پێدەکرا. بەڵگەیەك نەبوو بۆ ئەوەی کە گرنگترین لایەن کە مووچەکە بوو، لە بیر بکرێت، کەس نەیدەویست ببێت بە هونەرمەند، بەلاّم هەموو کەس دەیەوێت لەبەرامبەر ئەو کارەی کە دەیکات مووچە وەربگرێت.

بەلاّم لە ئاگادارییەکەدا شتێك نووسرابوو زۆر سەرنجی کارلی راکێشا، نووسرابوو: " هەموو کەس قبووڵ دەکەین" هەموو واتە کارلیش قبووڵ دەکەن. تا ئێستا هەرچییەکی کردبوو لەبەرچاو

---

40- oklahoma
41-clayton

نەدەگیرا، کەوایە پێویستی نەدەکرد شەرمەزار بێت. چونکە ئـەو مافـەیان پێـدابوو کـە داوای ئـیش بکات و لە دواکردنی ئیش شەرمەزار نەبێت. سەرباری ئەوەش ئاگادارییەکە گشتی بـوو و ئاراسـتەی هەمووان کرابوو، چونکە ئاگادارییەکە گشتی بوو، کەوایە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ، بەڵێنی ئیشـیان بەکارلیش داوە. ئیدی هەلێکی باشتر لەمەی بۆ هەڵنەدەکەوت. کـارل دەیویسـت ژیـانێکی شایسـتە دەست پێبکات، رەنگە ئەمە ئەو هەلە بێت کە کارل بەهۆیەوە بتوانێت ژیانێکی شایستە دەسـت پـێ بکات. ئەگـەر ئـەو بانگەشـەیەی کـە لـە ئاگادارییەکـەدا نووسـرابوو درۆ بێـت و شـانۆی گـەورەی ئوکلاهوما سێرکێکی گەڕۆکی بێبەها بێت، بەلاّم چونکە دەیویسـت خـەڵکی بخاتـە سـەرئیش، هـەر ئەمە بەس بوو، کارل ئیدی سەرلەنوێ ئاگادارییەکەی نەخوێندەوە، بـەلاّم جـارێکی دیکـە چـاوی لـە رستەی " هەمووان قبووڵ دەکەین" بڕی. سەرەتا ویستی بە پێ بۆ کلای تۆن بڕوات، بەلاّم ئەگـەر بـە پێ بچوایە، دەبوو سێ کاتژمێر ڕێگە ببڕێت، پێدەچوو کاتێ دەگاتـە ئەوێنـدەر پێـی بلّـێن هـەموو جێگا خالّییەکانمان پڕ بوونەتەوە. لەئاگادارییەکەدا ئاماژە بەوە نەدرابوو چەند کەسیان پێویستە، بـەلاّم ئەم جۆرە ئاگادارییانە هەروا دەنووسرێن، کارل تێگەیشت، یان دەبێت چاوپۆشی لەم کارە بکـات، یـان دەبێـت بـە شـەمەندەفەر بـۆ کـلای تـۆن بـڕوات. پارەکـەی گیرفـانی ژمـارد و بـینی ئەگـەر بـە شەمەندەفەریش بڕوات، پارەکەی بەشی هەشت رۆژی دەکات. لە دەستیدا یاری بـە وردەکـانی پارەکـە دەکرد. ئەو کابرایەی کە سەیری دەکرد، دەستی خستە سەرشانی و گوتی: " لە رۆیشـتنت بـۆ کـلای تۆن سەرکەوتوو بی." کارل بێ ئەوەی هیچ بڵێت، سەرێکی بۆ لەقاند و پارەکـەی دەسـتی ژمـاردەوە. یەکسەر ئەو پارەیەی کە بۆ کرێی شەمەندەفەر پێویستی بوو جیای کردەوە، بـە پەلـە بـۆ وێسـتگەی شەمەندەفەر کەوتە رێ. کاتێ لە شـەمەندەفەرەکە دابـەزی، دەنگـی ئـاوازی شـەیپوورەکان گەیشـتە گوێی. کە دەنگەکەیان تێکەڵ بەیەکدی ببوو. هیچ جۆرە هاوئاهەنگییەك لـە ئاوازەکـەدا نـەبوو. وەك بڵێی هەر کەسە و بۆ خۆی ئاوازێکی تایبەت دەژەنێت، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـارل بـەم ئـاوازە نیگـەران نەبوو، ئەمەی بە بەڵگەیەك بـۆ گرنگـی شـانۆی ئۆکلاهومـا دەزانـی. بـەلاّم کـاتێ لـە وێسـتگەکە هاتەدەرەوە و تەماشای دەوروبەری کرد، بینی شـانۆکە زۆر گـەورەترە لـەوەی کـە پێشـتر بـیری لـێ کردبووەوە. سەری لەوە دەرنەدەکرد، چ جـۆرە رێخراوێـك بـۆ دامەزرانـدنی خـەڵکی، دەتوانێـت ئـەم دامودەزگا گەورەیە دروست بکات. لەبەردەم دەرگـای چـوونەژوورەوەی گۆڕەپـانی ئەسپسـواری کـلای تۆندا، سەکۆیەکی نزمی لێبوو، کە بەسەریەوە سەدان ژن، باڵیان بەسەر شـانەوە بـوو و بـەجلی سـپی فریشتەئاسا خۆیان رازاندبووەوە، بە شـەیپوورە درێـژەکانی دەسـتیان کـە وەك ئـالّتون دەدرەوشـانەوە ئاوازیان دەژەنی. ژنەکان لەبری راوەستان لەسەر سـەکۆکە، هەریەکـەیان لەسـەر پایـەیێکی سـتوونی

راوەستابوون، هەڵبەتە پایە ستوونییەکان نەدەبینران، چونکە عەزیزییە درێژەکانیان بەتەواوی پایـەکانی داپۆشیبوو. لەبەر ئەوەی پایەکان زۆر بەرز بوون، بەجۆرێك کە بـەرزی هەنـدێکیان دەگەیشـتە شـەش پێ، ئەم ژنانە جەستەیان بە جۆرێکی گەورە دەردەکەوت، بەڵام بچووکی سەریان ببووە هۆی ئەوەی کـە زەبەلاح دەرنەکەون، پرچی تێکئاڵۆسی کورتیان گەلەك کورت دەردەکەوت، بـەجۆرێك بـە ناوەراسـتی دووباڵەکانیاندا شۆڕ ببووەوە و روخسارییانی لە چوارچێوە گرتبوون، شێوەیان گاڵتەجاڕانە دەردەکـەوت. پایە ستونییەکان بۆ ئەوەی هەموویان وەك یەك نەبن، بەجۆرێکی جیـاواز دروسـت کرابـوون، هەنـدێك لەو ژنانە کە لەخوارەوە بوون، لە باڵای سروشتی خۆیان بەرزتر نەبوون، بەڵام لە تەنیشتیانەوە ژنـەکانی دیکە لە شوێنێکی وەها بەرزدا بوون، کە کارل پێی وابوو، بەهەڵکردنی سووکترین با، ئەگـەری هەیـە، ئەم ژنانە بکەونە خوارەوە. هەموو ئەم ژنانەش شەیپوریان دەژەنی.

لە بەردەم سەکۆکەدا ژمارەی بیسەران زۆر کەم بـوون. نزیکـەی دە کوڕیلـە کـە لـە بـەردەم ئـەم پەیکەرە بەرزانەدا گچکە دەردەکەوتن، بە رێگەدا دەچوون و تەماشای ژنەکانیان دەکـرد و بەیەکـدییان نیشان دەدان، بەڵام بەدووی ئەوەوە نەبوون کە لێرە کارێك بۆ خۆیـان بدۆزنـەوە. لـەولاترەوە پیـاوێکی تەمەن مامناوەند لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکەیدا کە لەعەرەبانـەدا بـوو، راوەسـتابوون. هاوسـەرەکەی دەستێکی بە عەرەبانەی منداڵەکەیەوە بوو و دەسـتەکەی دیکـەی خسـتبووە سەرشـانی مێردەکـەی. دیاربوو بە بینینی ئەم دیمەنە خۆشحاڵن، بەڵام لـە هـەمان کاتـدا کـارل نائومێـدی لـە روخسـاریاندا دەبینی. دیار بوو ئەوانیش چاوەڕێن ئیشێکیان پێ بدەن. دەنگی شەیپورەکان ئـەم ژن و مێـردەی گێـژ کردبوو، کارلیش وەك ئەوان گێژ ببوو. کارل بەرەو لای پیاوەکە کەوتە رێ، پاش کەمێك گـوێگرتن لـە دەنگی شەیپورەکان، گوتی: " ئێرە ئەو شوێنەیە کە خەڵکی بۆ شانۆی ئۆکلاهوما ناونووس دەکەن؟"

کابرا گوتی: " منش وابیرم دەکردەوە، بەڵام کاتژمێرێکە چاوەڕێ دەکەم، جگـە لـە دەنگـی ئـەم شەیپوڕانە هیچی دیکـە نابیسـتم، نـە ئاگادارییـەك هەیـە و نـە کەسـێك قسـەیەك دەکـات، هـیچ کەسێکیش لێرە نییە بە مرۆ بڵێت چی بکات."

کابرا گوتی: " رەنگە چاوەڕێی کەسانێکی زۆرتر بن کە بـێن بـۆ ئێـرە، بەڕاسـتی ژمـارەی ئـەو کەسانەی کە لێرەن زۆر کەمە."

کابرا گوتی: " رەنگـە." و دووبـارە بێـدەنگ بـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەراوزەنای شـەیپورەکان لێنەدەگەڕا، مرۆ هـیچ ببیسـتێت. بـەڵام پـاش کـەمێك ژنەکـەی قسـەیەکی چپاند بـە گوێیـدا و مێردەکەشی سەری بۆ لەقاند، یەکسەر ژنەکـەی بـە کـارلی گـوت: " دەکرێـت بـڕۆی بـۆ گۆڕەپـانی ئەسپسواری و بپرسی، لەکوێ ناوی کرێکاران دەنووسن؟"

کارل گوتی: " بێگومان، بەلاّم دەبێت بەسەر سەکۆکە و بەناو هەموو فریشتەکاندا تێپەڕ بم."
ژنە گوتی: " چما ئەمە دژوارە؟"

ژنە لای وابوو تێپەڕبوون بەوێدا بۆ کارل ئاسانە، بەلاّم لە هەمان کاتدا نەیدەویست مێردەکەی بەوێدا بڕوات.

کارل گوتی: " زۆر باشە، دەڕۆم."

ژنە گوتی: " چاکەی خۆتە." و هەم ژنە و هەم مێردەکەی تەوقەیان لەتەك کارل کرد و بە گەرمی دەستیان گوشی.

هەموو کوڕیلەکان بە پەلە خۆیان گەیاندە ئەوێ، تاکو لە نزیکەوە چوونە سەرەوەی کارل بۆ سەر سەکۆکە ببینن.

وا دەهاتە گوێ کە ژنەکان بە سەرکەوتنی کارل قایمتر فوو بە شەیپوڕەکانیان دەکەن، تاکو بەم کارەیان پێشوازی لە یەکەمین داواکاری ئیش بکەن. کاتێ کارل بە تەنیشت هەندێك لە پایەکاندا تێپەڕی، ژنەکان شەیپوڕەکانیان بە لێویانەوە لابرد و چەمانەوە، تاکو تەماشای رۆیشتنی بکەن. لەوبەری سەکۆکەوە کارل کابرایەکی بینی، کە پەرۆشانە سەروخواری دەکرد، دیاربوو چاوەڕێی ئەو کەسانەی دەکرد، کە دەیانەوێت زانیاریەکیان دەست کەوێت، کارل دەیویست قسەی لەتەك بکات، لەناکاو بیستی کەسێك بانگی دەکات.

یەکێك لە فریشتەکان هاواری کرد: " کارل" کارل سەری هەلّبڕی و لەتاو خۆشحالّی و سەرسامیدا کەوتە پێکەنین. " فەنی[٤٢]" بوو.

کارل کە دەستی بە حەواوە رادەوەشاند هاواری کرد: " فەنی"

فەنی هاواری کرد: " وەرە بۆ ئێرە. خۆ ناکرێت هەروا بەلای مندا تێپەڕی." و عەزیزییەکەی کۆ کردەوە، بەجۆرێك کە ئەو سەکۆ و ئەو پەیژە بچووکەی کە بە سەکۆکەوە نووسابوو دەرکەوتن.

کارل پرسی: " دەکرێ بێمە سەرەوە؟"

فەنی هاواری کرد: " کێ دەتوانێ رێگە لە دەست خستنە ناو دەستمان بگرێ." و بە تووڕەییەوە تەماشای دەوروبەری کرد، تاکو نەبا کەس لە هاتنە سەرەوەی کارلدا خۆی هەلّقورتێنێ. بەلاّم کارل ئێستا خەریك بوو بەپەیژەکەدا سەردەکەوت.

---

42- fanny.

فەنی هاواری کرد: " پەلە مەکە. هەم سەکۆکە و هەم هەردووکمان دەکەوینــە خــوارەوە." بــەلاّم هیچ رووینەدا و کارل بە سەلامەتی گەیشتە سەر پایەی ستوونەکە، فەنی پاش ســلاّو و ئەحوالّپرســی، گوتی: " سەیرکە چ ئیشێکم چنگ کەوتووە."

کارل لە کاتێکدا تەماشای دەوروبەری دەکرد، گوتی: " ئیشێکی باشە." هەموو ئەو ژنانەی کــە لە دەوروبەریاندا راوەستابوون و ئاگایان لەمان بوو، تریقانەوە.

کارل گوتی: "تارادەیەك تۆ لە هەموویان بەرزتری." و دەستی بەرز کردەوە تاکو بەرزی ژنــەکانی دیکە بپێوێت.

فەنی گوتی: " هەرکە لە وێستگەکە هاتیتە دەرەوە، یەکسەر بینیمیت، بەلاّم بەداخــەوە مــن لــە دواهەمین ریزدام و کەس ناتوانێ ببینێ، خۆشم ناتوانم هاوار بکەم. بۆ ئــەوەی پــێم بزانــی بــەو پــەڕی هێزمەوە شەیپوڕەکەم دەژنی، بەلاّم تۆ منت نەبینی."

کارل گوتی: " هەمووتان نەشاز شەیپوڕ دەژەنن، بێنە با کەمێکتان بۆ بژەنم."

کاتێ فەنی شەیپوڕەکەی دا بە دەست کارلەوە، گوتی: " بۆ نا، بەدڵنیاییەوە، بەلاّم شانۆکە تێــك نەدەیت، ئەگینا دەرم دەکەن."

کارل دەستی کرد بە ژەنین، پێشتر وایدەزانی ئەم شەیپوڕە بــەجۆرێك دروســت کــراوە، کــە تــەنیا هەراوزەنای لێوە دەردەچێت، بەلاّم ئێستا لەوە تێگەیشتبوو، ئامێرێکە دەکرێت هەموو ئــاوازێکی پــێ بژەنیت. ئەگەر هەموو شەیپوڕەکان وەك ئەمە باش بــن، بەدڵنیاییــەوە هــەموو ژەنیارەکــان نەشــازانە ئاوازیان دەژەنی. ئیدی گوێی بە دەنگی هەراوزەنای شەیپوڕەکانی دیکە نەدەدا و بەو پــەڕی هێزییــەوە فووی کرد بە شەیپوڕەکەدا، ئاوازێکی دەژەنی، کــە جارێکیــان لــە مەیخانەیەکــدا یــان لــە شــوێنێکی هاوشێوەی مەیخانەدا بیستبووی. لەبەر ئەوەی هاوڕێیەکی دێرینی دۆزیبووەوە، خۆشــحاڵ بــوو بــەوەی کە ڕێگەیان پێدابوو شەیپوڕ بژەنێت، شانازی بەخۆیەوە دەکرد، بیرکردنــەوە لــەوەی کــە پێدەچێت لــە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا کارێك بدۆزێتەوە، خۆشحاڵی دەکرد. زۆربەی ژنــەکان دەســتیان لــە شــەیپوڕ ژەنین هەڵگرت و گوێیان بۆ ئەو ئاوازە دەگرت کە کارل دەیژەنی، کــاتێ لــەناکاو ئاوازەکــەی بــڕی، لــە نیوەیان کەمتر شەیپوڕیان دەژەنی، کەمێکی پێچوو تاکو دووبارە لەهەموو شــەیپوڕەکانەوە هــەراوزەنا بەرز بێتەوە.

کاتێ کارل شەیپورەکەی بە فەنی دایەوە، فەنی گوتی: " خۆ تــۆ هونەرمەنــدی. کەوایــە دەتــوانی وەك شەیپورژەنێك لێرە دەست بەکار بیت."

کارل گوتی: " پیاوی شەیپورژەنیش دادەمەزرێنن؟"

فەنی گوتی: " بەڵێ، بێگومان. ئێمە دوو کاتژمێر شەیپوڕ دەژەنین، پاشان پیاوان دێنە جێگای ئێمە، بەڵام ئەوان جلی دێویان لەبەردایە، نیوەیان شەیپوڕ دەژەنن و نیوەکەی دیکەیان تەپڵ لێدەدەن. زۆر نایابە. بەڵام خەرجی جلەکانیان زۆری تێچووە. بە لای تۆوە جلەکانمان جوانن؟ ئەی باڵەکانمان؟" سەیرێکی سەرتاپای خۆی کرد.

کارل پرسی: " منیش لێرە دەتوانم کارێك چنگ بخەم؟"

فەنی: " بەدڵنیاییەوە، بۆنا، ئەمە یەکێکە لە گەورەترین شانۆکانی جیهان. بەخت یارمان بوو، کە دووبارە یەکترمان بینییەوە، بەڵام پەیوەندی بەوەوە هەیە چ کارێکت پێدەدەن، چونکە ئەگەرچی هەردووکیشمان لێرە کار بکەین، بەڵام لەوانەیە یەکدی نەبینین.

کارل پرسی: " ئێرە ئەوەندە گەورەیە کە یەکتر نەبینین؟"

فەنی دووبارە گوتییەوە: "ئەمە گەورەترین شانۆی جیهانە. من خۆم دان بەوەدا دەنێم، کە هێشتا هەموو شوێنەکانیم نەبینیووە، بەڵام هەندێك لەو کچانەی کە پێشتریش لە ئەکلاهوما بوون، دەڵێن ئێرە شوێنێکی بێسنوورە."

کارل لە کاتێکدا ئاماژەی بۆ ژن و مێردەکە و کوڕیلەکان دەکرد، گوتی: " بەڵام خەڵکی زۆر نەهاتوون."

فەنی گوتی: " راست دەکەی، بەڵام بیرت نەچێت، ئێمە لەهەموو شارەکاندا خەڵکی دادەمەزرێنین، بەرپرسان لە شەقامەکاندا دەگەڕێن تاکو خەڵکی دامەزرێنن، بۆ هەرشوێنێك بڕۆیت ئەم بەرپرسانە دەبینی."

کارل پرسی: " بۆچی تا ئێستا شانۆکە نەکراوەتەوە؟"

فەنی گوتی: " ئۆ، بەڵێ، ئەمە شانۆیەکی دێرینە، بەڵام هەمیشە خەریکن بەرفراوانتری دەکەن."

کارل گوتی: " سەرم لەوە سوڕ دەمێنێ، بۆچی خەڵکی زۆر نەهاتوون بۆ دامەزراندن بۆ ئێرە؟

فەنی گوتی: " بەڵێ، زۆر سەیرە."

کارل گوتی: " رەنگە بینینی دیمەنی فریشتە و دێوەکان، لەبری ئەوەی سەرنجی خەڵکی راکێشێت، بیانترسێنێت."

فەنی گوتی: " چی بووەتە هۆی ئەوەی وا بیر بکەیتەوە؟ بەڵام رەنگە تۆ راست بکەیت. ئەمە بە بەڕێوەبەرەکەمان بڵێ، رەنگە باش بێت."

کارل پرسی: " بەڕێوەبەرەکەتان لە کوێیە؟"

فەنی گوتی: " لە گۆڕەپانی ئەسپسوارییە، لەبان سەکۆی دادوەرەکان."

کارل گوتی: " لە راستیدا من سەرسامم، بۆچی بۆ دامەزراندنی خەڵکی گۆڕەپانی ئەسپسواری بەکار دەهێنن؟"

فەنی گوتی: " ئەها، ئێمە هەمیشە خۆمان تەیارکردووە، تاکو ئەگەر خەڵکێکی زۆر رووی تێ کردین، جێگەمان بۆی هەبێت، لە گۆڕەپانی ئەسپسواریدا جێگەگەلێکی زۆری تێدایە. لەسەر هەموو ئەو سەکۆیانەی کە لە رۆژانی ئاساییدا گرەو دەکەن، نووسینگەیەکی زۆری ئێمەی لێیە و ناوی داواکاران دەنووسن، رەنگە لەوێ دووسەد نووسینگەی ئێمەی لێبێت."

کارل بە دەنگێکی بەرز گوتی: " بەڵام شانۆی ئۆکلاهوما ئەوەندە داهاتی هەیە، کە بتوانێت بەم رێژەیە بنکەی دامەزراندن بکاتەوە؟"

فەنی گوتی: " ئەمە پەیوەندی بە منەوە نییە، بەڵام ئێستا باشتر وایە بڕۆیت، تاکو لە کاروان بەجێ نەمێنیت، منیش دەمەوێت دووبارە دەست بکەمەوە بە شەیپووڕژەنین. هەوڵبدە کارێك بۆ خۆت بدۆزەرەوە، پاشان یەکسەر وەرە من ئاگادار بکەوە. لە بیرت بێت، من زۆر تامەزرۆیانە چاوەڕێی بیستنی هەواڵم."

پاشان تەوقەی لەتەك کارل کرد و پێی گوت، کاتێ دەچیتە خوارەوە ئاگات لەخۆت بێت، دیسانەوە شەیپورەکەی نا بە لێویەوە. بەڵام تاکو کارل بە سەلامەتی نەچووە خوارەوە دەستی بە ژەنین نەکرد. پێش ئەوەی کارل بڕوات، دیسانەوە بە بەشێکی کراسەکەی پەیژەکەی وەك خۆی داپۆشییەوە. فەنی بەسەر تەکاندن سوپاسی کرد. کارل کە هێشتا لەمێشکیدا مژوول بوو، بەو قسانەی کە لە فەنی بیستبوو لە رەهەندی جیاوازەوە لێی دەکۆڵینەوە، لەو کابرایە نزیك بووەوە، کە پێشتر لەسەر سەکۆکە بینیبووی و هاتبوو بۆ لای و چاوەڕێی دەکرد.

کابرا پرسی: " دەتەوێت پەیوەندی بە ئێمەوە بکەی؟ من سەرپەرشتیاری کارمەندانی ئەم گرووپەم و بەخێرهاتنت دەکەم." پشتی کەمێك بەڵام هەمیشە چەماوە بوو، دەتگوت بە مەبەستی رێز گرتن دەیچەماندەوە، کابرا بێئارام بوو بەردەوام پێگۆڕکێی دەکرد. بەڵام هەر لە شوێنی خۆیدا راوەستابوو و بە زنجیری کاتژمێرەکەی گەمەی دەکرد.

کارل گوتی: " سوپاست دەکەم، ئاگاداریی کۆمپانیاکەتانم خوێندووەتەوە، بەپێی خواستی ئێوە هاتووم بۆ ئێرە."

کابرا بەریزەوە گوتی:" راست دەکەی، بەڵام بە داخەوە زۆربەی خەڵکی ئەوە ناکەن."

کـارل ویسـتی بڵێـت، ڕەنگـە بـەهۆی بڵاوکردنـەوەی ئاگـاداری هەمەڕەنگـەوە بێـت، کـە نووسینگەکانی دامەزرانـدن سـەرکەوتوو نـەبوون. بـەڵاّم ئـەم قسـەیەی نـەکرد، چـونکە ئـەم پیـاوە بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە نەبوو، سەرباری ئـەوەش ئەگـەر لـە سـەرەتاوە و بـەر لـە دامەزرانـدنی ئـەم پێشنیارەی بۆ کۆمپانیاکە بکردایە، سوودی ئەوی تێدا نەبوو. بۆیە تەنیا گوتی: " کەسێکی دیکە کـە دەیەوێت دامەزرێت، لەوێدا چاوەڕێیە و منی بۆ ئێرە ناردووە، دەکرێت بڕۆم بانگی بکەم؟"

کابرا گوتی: " بەڵێ، هەرچی زیاتر باشتر."

" ئەو پیاوە ژن و منداڵەکەشی کە لەناو عەربانەدایە، لەگەڵ خۆیدا هێنـاونی، دەکـرێ ئـەوانیش بێن؟"

کابرا گوتی: " بێگومان." کارل دیاربوو ڕاڕایە، کابرا بەمـە پێکـەنی و پاشـان گـوتی: " ئێمـە دەتوانین سوود لەهەمووان وەرگرین."

" خولەکێکی دیکە نابات دەگەڕێمەوە." بەرەو لای سەکۆکە کەوتە ڕێ. ئاماژەی بۆ کـردن و بـە دەنگێکی بەرز گوتی، هەمووتان دەتوانن بێن. یارمەتی پیاوەکـەی دا تـاکو عەرەبانـەی منداڵەکـەی بەرز بکاتەوە و خستیانە سەر سەکۆکە. پاشان پێکەوە وەرێکەوتن. کوڕیلەکان کە تەماشـای ئـەوانیان دەکرد و دەستیان لە گیرفانیاندا بوو، تاکو دواهەمین سات ڕاڕابوون، ئەوجا لەسـەرخۆ بـەدوای کـارل و خێزانەکەدا کەوتنە ڕێ.

ڕێك لەم ساتەدا چەند گەشتیارێکی دیکە لە وێستگەکەدا، لە شەمەندەفەرێکدا دابـەزین، کـاتێ کارل و سەکۆی فریشتەکانیان بینی، بەسەرسامییەوە دەستیان بـەرز کـردەوە. بەهـەر جۆرێـك بێـت، وادەهاتە پێش چاو ئێستا کێبەرکێی بەدەستهێنانی ئیش برەو دەسێنێت. کارل خۆشـحاڵ بـوو بـەوەی کە ئەو زوو هاتووە، ڕەنگە بەر لـە هـەمووان ئیشـێکی دەسـت کـەوێت. ژن و مێردەکـە ڕاڕا بـوون، پرسیاریان لە کارل کرد، ئایا ئەو ئیشەی کە بەوان دەدرێـت ئاسـانە یـان قورسـە؟ کـارل پێـی گـوتن لەمبارەیەوە هێشتا هیچ نازانێت، بەڵاّم وادیارە بێ ڕێزپەڕ[٤٣] هـەموو کەسـێك دادەمـەزرێنن. کـارل پێی وابوو بەم قسانە دڵنەواییان دەداتەوە. سەرپەرشتیاری ناو نووسینگەکە بەرەو لایان هـات، چـونکە ژمارەی خەڵکەکە زۆر بوو، خۆشحاڵ دەردەکەوت. چەپڵەیەکی لێـدا، بـەریزەوە چـەمایەوە و سـڵاّو و ئەحواڵپرسی لەهەموویان کرد و ریزی کردن. کارل یەکەم کەسـی ریزەکـە بـوو، لـەدوای ئـەوەوە ژن و مێردەکە و پاشان ئەوانی دیکە ریزیان بەست. کاتێ کە هەموویان ریزیان بەست- سـەرەتا کوڕیلـەکان

٤٣- ریزپەر: استثنا.

پاڵیان بەیەکدییەوە دەنا، ماوەیەکی پێچوو تاکو تێیان گەیاندن ڕەچاوی سیستەم بکەن- شەپیوڕ ژەنـان لە ژەنین ڕاوەستان.

ئەوجا سەرپەرشتیاری کارمەندان گوتی: " بەناوی شانۆی ئۆکلاهوما بەخێرهاتنتان دەکەم، ئێـوە زوو هاتن."(بەڵام لە دەوروبەری نیوەڕۆدا بوو) " هێشـتا خـەڵکیی زۆر نـەهاتوون. بـەم پێیـە خێـرا ناونووس دەکرێن. هەڵبەتە پێویستە هەمووتان ناسنامەتان لەگەڵ خۆتان هێنابێت."

کوڕیلەکان یەکسەر ناسنامەکانیان لە گیرفانیان دەرهێنا، لەبـەردەم سەرپەرشـتیاری کارمەندانـدا دەستیان بەرز کردەوە، پیاوەکەش سیخورمەیەکی لەژنەکەیدا، ئەویش دەستەیەك کاغەز و ناسـنامەی لەژێر بەتانی عەرەبانەی منداڵەکەی دەرهێنا. بەڵام کـارل هیچـی پێنـەبوو. ئایـا نـەبوونی ناسـنامە دەبووە کۆسپی دامەزراندنی؟ کارل لە ئەزموونی ڕابردووییەوە فێری ئەوە ببوو، کە دەکرێت بە کـەمێك پێداگری بە ئاسانی لەم ڕێسـایانە ڕزگـاری ببێـت. ئەگـەری سـەرکەوتنی زۆر بـوو. سەرپەرشـتیاری کارمەندان تەماشایەکی ڕیزەکەی کرد، تاکو لەوە دڵنیا بێت کە هەموویان ناسنامەیان پێیـە. بـەهۆی ئەوەی کارلیش ئەگەرچی دەستی خاڵی بـوو، دەسـتی بـەرز کردبـووەوە، سەرپەرشـتیاری کارمەنـدان وایدەزانی ئەویش ناسنامەی پێیە.

سەرپەرشتیاری کارمەندان دەستی ڕاوەشاند، تاکو کوڕیلەکان لەوە دڵنیا بـن، کـە ناسـنامەکەیان بینراوە و گوتی: " زۆرباشە، لە نووسینگەی دامەزراندن لـە ناسـنامەکانتان دەکۆڵرێتـەوە. هـەر بـەو جۆرەی کە لە ئاگادارییەکەدا بینیوتانە، ئێمە کار بۆ هەمووان دابین دەکەین. بەڵام هەڵبەتـە پێویسـتە ئەوە بزانین، کە تا ئێستا چ ئیشێکتان کردووە، تاکو لەسەر ئیشێك داتـان مـەزرێنین، کـە بـە باشـی سوود لە تواناکانتان وەرگیرێت".

کارل لە کاتێکدا گەلێك بە وردی گوێی ڕاگرتبوو، دڕدۆنگانە بە خۆی دەگوت: " بەڵام خـۆ ئێـرە شانۆیە!"

سەرپەرشتیاری کارمەندان بەمشێوەیە درێژەی بە قسەکانی دا: " نووسـینگەکانی دامەزرانـدنمان لە ناو ژوورەکانی گرەوی ئەسپسواریدایە، بۆ هەر کارێك بەشێکمان کردووەتەوە. کەوایە ئێستا هـەرکام لە ئێوە دەتوانن پێم بڵێن کە ئیشتان چی بووە، ئەندامانی هەموو خێزانێك، بەزۆری ناویـان لەهـەمان ئەوبەشەدا دەنووسرێ، کە سەرپەرشتیاری خێزان ناوی دەنووسێ. پاشان دەتانبەم، بۆ ئـەو بەشـەی کـە دەتانەوێت دابمەزرێن، لەوێندەر کەسانی شارەزای لێیە، یەکەم جـار لێکۆڵینـەوە بـۆ ناسـنامەکانتان و پاشان بەڵگەنامەکانتان دەکەن، لێکۆڵینەوەکەتان زۆری پێناچێت، ئەسـڵەن پێویسـت ناکـات بترسـن. ئەوجا ناوتان دەنووسن و پێتان دەڵێن چ ئیشێك بکەن. ئێستا دەست پێدەکەم. هـەر بـەو جـۆرەی کـە

لەسەر ئەم دەفتەرە هاتووە، یەکەم کەس لە ئەندازیارانەوە دەست پێدەکـەین، ئایـا لێـرە ئەنـدازیارمان هەیە؟

کارل چووە پێشەوە. بیری دەکـردەوە کـە نـەبوونی ناسـنامە ناچـاری دەکـات، هەرچـی زووتـرە رێورەسمی ئیدارییەکەی کۆتایی پێ بهێنن. لەبەر ئەوەی زەمانێك حەزی کردووە ببێـت بـە ئەنـدازیار ، ئەمە بۆ دامەزراندنی تا رادەیەك دەیتوانی سەرنجراکێش بێت. بەلاّم کاتێ مێردمنداڵەکان بینیان کـارل چـووەتە پێشـەوە، هـەموویان ئیرەییـان پێـدەبرد، ئـەوانیش هـەموویان دەسـتیان بـەرز کـردەوە. سەرپەرشتیاری کارمەندەکان لە جێـی خـۆی هەسـتایەوە و بـە یـەکێکیانی گـوت: " چـما ئێـوەش ئەندازیارن؟" مێردمنداڵەکان بە کاوەخۆ دەستیان داگرت، بەلاّم کارل هێشتا لەسەر بڕیارەکـەی خـۆی سوور بوو. بەهۆی ئەوەی جلەکانی کارل زۆر نەشیاو بوون و تەمەنیشـی ئەوەنـدە نـەبوو کـە بوویێتـە ئەندازیار، سەرپەرشتیاری کارمەندەکان نیگایەکی گوماناوی لێبڕی، بەلاّم هیچی پێ نـەگوت، رەنگـە لەبەر ئەوە قسەی نەکرد، چونکە کارل ناونووسکەرانی لەتەك خۆی هێنابوو، پێویست بوو ئـەو قـەدری بزانێت. سەرپەرشتیار بە ئەدەبەوە، نووسینگەی ناونووسـکردنی نیشـان دا، کـارلیش چـووە ژوورەوە، پاشان سەرپەرشتیاری کارمەندان رووی دەمی کردە ئەوانی دیکە.

لەبەشی ئەندازیاریدا دوو کارمەند لە پشـت مێزێکـی لاکێشـەییەوە دانیشـتبوون، دوو لیسـتی گەورەیان لە بەردام دابوو و بەراوردیان دەکرد. یەکێکیان ناوەکانی دەخوێنـدەوە و ئـەوی دیکـەیان لـە لیسـتەکەی دیکـەدا نیشـانەی لێـدەدان. کـاتێ کـارل وەژوور کـەوت و سـلاّوی لێکـردن، یەکسـەر لیستەکانیان خستە ئەولاوە، دوو دەفتەری گەورەیان دەرهێنا و کردیانەوە.

یەکێکیان کە دیار بوو کارمەندێکی سادەیە، گوتی: " بێزحمەت ناسنامەکەتم بدەرێ."

کارل گوتی: " بەداخەوەم، ناسنامەم لەتەك خۆم نەهێناوە."

ئەوی دیکەیان گوتی: " ناسنامەت پێ نییـە." و یەکسـەر قسـەکانی کـارلی لـە دەفتەرەکـەدا نووسی.

ئەوی دیکەیان کە دیاربوو بەڕێوەبەری بەشەکەیە پرسی: " ئەندازیاریت؟"

کارل یەکسەر وەلاّمی دایەوە: " هێشتا نەبوومەتە ئەندازیار، بەلاّم-)

کارمەندەکە دەستبەجێ گوتی: " بەسە. کەوایە تۆ بەدەردی ئێمە ناخۆی. تکا ئەکـەم سـەیرێکی ئەو نووسراوە بکە." کارل ددانی جیڕ کردەوە، کارمەندەکە ئاگای لـە دانـە جـیڕەی کـارل بـوو، بـەم هۆیەوە گوتی: " نیگەران مەبە، ئێمە هەموو کەسـێك دادەمـەزرێنین." کارمەندەکـە ئامـاژەی بـۆ

یەكێك لە خزمەتگوزارەكان كرد، كە پاڵی دابوو بە لێوانەكەوە، گوتی: " ئەم بەریزە ببە بۆ بەشی تەكنیككاران."

خزمەتگوزارەكەش بەرەو لای كارل چوو، دەستی گرت و پێكەوە بە نێو ژووورە بێشومارەكاندا كە لە بەرامبەر یەكدییەوە بوون تێپەڕین. لە یەكێك لە ژوورەكاندا كارل ئەو كوڕەی بینی، كە پێشتر ناونووسی كردبوو، ئێستا سوپاسی بەرپرسی بەشەكەی دەكرد و تەوقەی لەتەك كرد. هەر بەو جۆرەی كە كارل پێشبینی كردبوو، ئێرەش لەتەك شوێنەكانی دیكە جیاوازی نەبوو. تەنیا جیاوازی لەتەك شوێنەكانی دی ئەوە بوو، كاتێ كە گوتی لە قوتابخانەی ناوەندیدا بووە، یەكسەر لەوێوە ناردیان بۆ بەشی خوێندكارانی ناوەندی. بەڵام كاتێ گوتی لە قوتابخانەی ناوەندی ئەوروپا خوێندویەتی وەریان نەگرت، ناردیانە ئەو بەشەی كە پەیوەست بوو بە كاروباری قوتابیانی ناوەندی ئەورووپاوە. ئەو بەشە كەوتبووە كۆتایی ڕاڕەوەكەوە، ئەم ژووورە نەك تەنیا لە ژوورەكانی دیكە بچووكتر بوو، بەڵكو جێی چەند كەسێكی تێدا نەدەبووەوە. ئەو خزمەتگوزارەی كە بۆ بەشی قوتابیانی ناوەندی ئەورووپای دەبرد، لە دوورودرێژی ڕێگەكە و لەوەی كە وەڵامی پرسیارەكانی كارلیان بە نەخێر دەدایەوە تووڕە ببوو، لەم رووەوە كارلی بە خەتابار دەزانی. خزمەتگوزارەكە چاوەڕێی نەكرد تا پرسیاری دیكە لە كارل بكەن، یەكسەر ڕۆیشت. پێدەچوو ئەمە دواهەمین هەل بێت، كە بۆ كارل هەڵكەوتبوو. كاتێ كارل بەڕێوەبەری بەشەكەی بینی ، لەو لێكچوونە زۆرەی كە لە نێوان ئەو و ئەو مامۆستایەی كە لەوانەبوو هێشتا لە شارەكەیاندا خەریكی وانەگوتنەوە بێ سەری سوڕما. ئەم كابرایە لە نیگای یەكەمەوە لە روخساریدا زۆر لە مامۆستاكەی دەچوو، چاویلكەیەك كە لەسەر كەپووە گەورەكەی بوو، ریشە جوانەكەی كە دیاربوو زۆری پێوە خەریك بووە، پشتی چەماوەی و دەنگە بەرزەكەی كە بەدوور بوو لە جوانپۆشییەكەی، بۆ ماوەیەك كارلی سەرسام كرد. خۆشبەختانە زۆر پێویستی نەدەكرد كارل بەتەواوی هۆشی لەسەرخۆی بێت، چونكە شێوازی كاركردنی ئەم بەشە زۆر لە بەشەكانی دیكە سادەتر بوو. بێگومان نەبوونی ناسنامە كێشەی بۆ كارل دروست كردبوو، بەڕێوەبەری بەش دەیگوت، ئەم جۆرە كەمتەرخەمیانە بەدەرن لەچاوپۆشی كردن، بەڵام كارمەندێكیان كە وادەردەكەوت دەستڕۆیشتووە، نەبوونی ناسنامەكەی لەبەرچاو نەگرت. پاش ئەوەی ئەم كارمەندە چەند پرسیارێكی كورتی لە سەرووی خۆی كرد، بەر لەوەی بەرپرسەكە چەند پرسیارێكی گرنگتری لێ بكات، كارمەندەكە گوتی، كارل دامەزراوە. بەڕێوەبەری بەش كە لە سەرسامیدا دەمی داچەقاندبوو دەیویست قسەیەك بۆ كارمەندەكە بكات، بەڵام كارمەندەكە بە ئاماژەی دەست قسەكانی خۆی پشتڕاست كردەوە و گوتی: " دامەزرا." و یەكسەر ناوی لە دەفتەرەكەیدا نووسی. دیاربوو بە بڕوای

ئەم کارمەندە قوتابی قوتابخانەی ناوەندی ئەوروپا هێندە بێبەهابوو، کە پێویستی نەدەکرد باوەڕ بە قسەکانی ئەم جۆرە کەسانە نەکات. کارلیش ئەمەی پێ ناخۆش نەبوو، بۆ ئەوەی سوپاسی بکات، بەرەو لای کارمەندەکە کەوتە ڕێ. بەڵام کاتێ لە کارلی پرسی ناوت چییە؟ کەمێك ڕاڕا بوو وەڵامی نەدایەوە، چونکە شەرمی دەکرد ناوی خۆی بڵێت و کارمەندەکە بینووسێت. پاش ئەوەی کە ئیشێکیان بۆ دەستنیشان دەکرد، ئەگەرچی ئیشەکەش نەشیاو بێت، بەڵام ئەگەر ئەو بتوانێت ڕاپەڕێنێت، ئەوکات کێشە نییە ناوەکەی خۆی ئاشکرابکات، بەڵام گوتنی ناوەکەی لە ئێستادا نەگونجاو بوو و لە گوتنی گەلەك ڕاڕابوو. لەوکاتەدا ناوێکی بە مێشکدا نەهات، بەناچارییەوە ئەو نازناوەی کە لە دوایین ئیشیدا لێیان نابوو، لەبری ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی پێی گوتن. نازناوەکەش"ڕەش پێست" بوو.

بەڕێوەبەرەکە سەری بەرز کردەوە، رووی گرژ کرد و گوتی: " ڕەش پێست؟" وەك بڵێی کارل درۆیەکی باوەڕپێنەکراوی کردبوو. تەنانەت بۆ ماوەیەك کارمەندەکەش بە بێ متمانەییەوە تەماشای کارلی دەکرد. بەڵام پاشان گوتی: " ڕەش پێست" و ناوەکەی تۆمارکرد.

بەڕێوەبەر هاواری کرد: " دڵنیابم کە ڕەش پێستت نووسیووە؟"

کارمەندەکە بە خۆێنساردییەوە گوتی: " بەڵێ، ڕەش پێستم نووسیووە." و دەستی ڕاوەشاند تاکو بەڕێوەبەرەکە پاشماوەی کارەکانی دیکەی بۆ بکات. بەڕێوەبەری بەش کە بەسەر تووڕەیی خۆیدا زاڵ ببوو، لە جێی خۆی هەستایەوە و گوتی: " کەوایە تۆ دامەزرایت، بۆ-" بەڵام ئیدی نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات و ویژدانی خۆی دووچاری ئازار بکات ، بەناچارییەوە دانیشتەوە و گوتی: "باوەڕناکەم ناوی ڕەش پێست بێت."

کارمەندەکە برۆکانی هەڵتەکاند، لەبری بەڕێوەبەر هەستایەوە و گوتی: " کەوایە دەبێ من پێت بڵێم لە شانۆی ئۆکلاهوما دامەزراویت، بەم زووانە بە ڕابەڕەکەمان دەتناسێنن."

خزمەتگوزارێکی بانگ کرد، تاکو کارل ببات بۆ سەکۆی دادوەران.

کارل عەرەبانەی منداڵەکەی لە بەردەم قادرمەکاندا بینی، ڕێك لەو ساتەشدا باوك و دایکی منداڵەکەی بینی، کە لەسەر سەکۆکە دەهاتنە خوارەوە، دایکە منداڵەکەی لە ئامێز گرتبوو.

کابرا لە کارلی پرسی: " دامەزرایت؟" کابرا زۆر خۆشحاڵ و بەکەیف بوو، ژنەکەیشی بزەیەکی بۆ کارل کرد. کاتێ کارل گوتی، هەر ئێستا دامەزراوم و ئەوا دەمبەن بە ڕابەرەکەیانم بناسێنن، کابرا گوتی: " کەوایە پیرۆزباییت لێدەکەم. ئێمەش دامەزراین. زۆرباشە، هەڵبەتە یەکسەر بە هەموو شتەکانی ئێرە ڕانایەیت، بەڵام هەموو شوێنێك هەروەکو ئێرەیە."

دووباره ماڵئاواییان لەیەکدی کرد و کارل بۆ سەر سەکۆکە سەرکەوت.

پەلەی نەدەکرد، چونکە خەڵکێکی زۆر لەو شوێنە گچکەیەدا راوەستابوون و قەرەباڵغییان دروست کردبوو. کارل نەیدەویست بەدتەشکی[٤٤] بنوێنێ. ماوەیەك راوەستا و تەماشای گۆڕەپانی ئەسپسوارییەکەی کرد، گۆڕەپانەکە لە هەموو لایەکەوە تاکو جەنگەڵە دوورەدەستەکان درێژبووەوە. زۆر حەزی دەکرد تەماشای پێشبڕکێی ئەسپسواری بکات، چونکە لەو کاتەوەی کە هاتبووە ئەمریکا، دەرفەتێکی وەهای بۆ هەڵنەکەوتبوو. لە ئەوروپا کاتێ کە زۆر منداڵ بوو، جارێکیان دایکی بردبووی بۆ تەماشاکردنی پێشبڕکێی ئەسپسواری، دایکی بەناو قەرەباڵغییەکەدا بەدوای خۆیدا رایدەکێشا، خەڵکەکە لێنەدەگەڕان ئەو و دایکی تێپەڕن، بەلاّم ئەم یادەوەریەی بە تەمومژاوی وەبیر دەهاتەوە. کەوایە تاکو ئێستا پێشبڕکێی ئەسپسواری نەبینیبوو. لەپشتییەوە ئامێرێك دەستی کرد بە هەراوزەنا، گەڕایەوە و لەسەر ئەو لەوحەیەی کە ناوی براوەکانی لەسەر تۆمار کرابوو، ئەمە نووسرابوو: " بازرگان کالا[٤٥] لەگەڵ ژن و منداڵەکەیدا" کەوایە لێرە ناوی هەموو ئەو کەسانەی کە دادەمەزرێن، بە هەموو فەرمانگەکانی دیکە رادەگەیێنرێت.

لەو ساتەدا چەند پیاوێکی بەریز بە قەڵەم و دەفتەرەکانی دەستیانەوە، لە کاتێکدا لە گەرمەی قسەکردندا بوون، لە قادرمەکانەوە بەخێرایی هاتنە خوارەوە، کارل چووە لای لێوانەکەوە، تاکو پیاوەکان بتوانن رەد بن، پاشان چووە سەرەوە، چونکە ئێستا لە سەرەوە جێگا دەبووەوە. لە سوچێکی سەکۆکەدا کە لێوانەیەکەی دارینی لێبوو — هەموو سەکۆکە وەك سەربانێکی تەختی تاوێرێکی بچکۆلە بوو- کابرایەك دەستەکانی خستبووە سەر لێوانەکە و دانیشتبوو، میداڵێکی پان و سپی ئاوریشم بە لاری بە سەر سنگییەوە هەڵواسرابوو، کە لەسەری نووسرابوو: " رابەری دەیەمین گرووپی دامەزراندنی شانۆی ئۆکلاهوما." لەسەر مێزەکە تەلەفۆنێك دانرابوو، بێگومان پێشتر لەکاتی بەڕێوەچوونی پێشبڕکێکەدا سوود لەم تەلەفۆنە وەرگیرابوو، بەلاّم دیاربوو، لە ئێستادا رابەرەکە بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست لەبارەی داواکارانی هەمەچەشنی ئیشکردن، بەر لە ناسینیان سوودی لێوەردەگیرا. رابەرەکە پرسیاری لە کارل نەکرد، بەڵکو بەو کابرایەی کە لەتەنیشتییەوە دانیشتبوو و قاچی خستبووە سەر قاچ و چەناگەی خستبووە سەر دەستەکانی، گوتی: " رەش پێست، قوتابی قوتابخانەی ناوەندی ئەوروپا." وەك بڵێی قسەیەکی پێنەبوو بۆ کارل کە لە بەردەمیدا کڕنووشی

٤٤- بەدتەشکی: رەفتاری نابەجێ و نەشیاو.

45- kalla.

بردبوو. رابەر تەماشای قادرمەکانی خوارەوەی دەکرد، تاکو بزانێـت کەسـێکی دیکـە دێـت یـان نـا. بەهۆی ئەوەی کەس دیار نەبوو، تاوناتاوێك گوێی لە قسەکانی ئەو کابرایە دەگرت، کـە لەتـەك کـارل قسەی دەکرد. بەلاّم زۆرجار چاوی دەبڕیە گۆرەپانی ئەسپسوارەییەکە و دەستی دەکێشا بەسـەر لێـوانی قادرمەکاندا. ئەگەرچی دەبوو کارل هەموو هۆشی لای کابرا بێت و گوێی بۆ بگرێـت، بـەلاّم بـەردەوام ئەنگوستە جوان و بەهێز و چالاکەکانی رابەرەکە سەرنجی کارلی رادەکێشا.

کابرا دەستپێکی قسەکانی بەمشێوەیە دەستپێکرد : " بیٚ ئیش بوویـت؟" ئـەم پرسـیارەی وەك هەر پرسیارێکی دیکەی سادە و راشکاوانە بوو، دواتریش هەرگیز بە پرسیاری ئالۆزتر لـە وەلاّمـەکانی کارلی نەکۆڵییەوە. بەلاّم لە کاتی پرسیارکردندا بە خۆریٚ لە کارل ورد دەبـووەوە و خـۆی بـۆ پێشـەوە دەچەماندەوە، تاکو ببینێت کاریگەریی پرسـیارەکانی لەسـەرکارل چـەندە؟ لـە کـاتی گـوێگرتنی لـە وەلاّمەکانیشی، بە جۆریٚ دادەنەوی و سەری دەهێنایە پێشەوە، هەندێك لە وەلاّمەکانیشی بـە جـۆریٚ بەدەنگی بەرز دووبارە دەکردەوە، کە پرسیارەکانی گرنگییەکی تایبـەتییان وەردەگـرت و تێگەشـتنیان کێشە بوو. بەلاّم بیرکردنەوەکانی مرۆی ئازار دەدا. چەند جارێك کارل ویستی وەلاّمەکانی بگێڕێتـەوە، لەبری وەلاّمە راستەکانی وەلاّمگەلێکی دیکەی بداتەوە، کە کابرا بە راسـتیان بزانێـت، بـەلاّم لەمـە خۆی بەدوور گرت، چونکە خۆی دەیزانی، ئەم راڕابوونە کاریگەریەکی خراپی بەسـەرەوە بەجێـدەهێڵن، نەشیدەزانی گاریگەری وەلاّمەکانی بەسەر کابراوە چەندە! لە هەمان کاتدا بـەهۆی ئـەوەی کـە پێشـتر زانیبووی، بڕیار لەسەر دامەزراندنی دراوە، ئاگاداربوونی لەم بابەتە دڵی دەدایەوە.

لە وەلاّمی پرسیاری " کە ئایا پێشتر بیٚ ئیش بووە" کارل گوتی: " بەڵیٚ."

پرسیارێکی دیکەی کابرا ئەوە بوو: " دواهەمین شوێن کە ئیشت تێدا دەکرد، کویٚ بوو؟"

لەکاتێکدا کارل دەیویست وەلاّمی بداتەوە، کابرا پەنجەی دۆشاومژەی بـەرز کـردەوە و گوتیـەوە: "دواهەمین شوێن."

لەبەر ئەوەی کارل بەباشی لە پرسیارەکە تێگەیشتبوو، بـۆ ئـەوەی پرسـیاری دیکـەی لێنـەکات، سەری راوەشاند و گوتی: " لە فەرمانگەیەکدا"

وەلاّمەکەی کارل راست بـوو، بـەلاّم ئەگـەر کـابرا زانیارییـەکی وردتـری سـەبارەت بـە جـۆری فەرمانگەکـە بویسـتایە، کـارل ناچـار بـوو درۆی لەگـەڵ بکـات. بەهـەرحاڵ، پرسـیارێکی دیکـەی لەمبارەیەوە لیٚ نەکرد، لەبری ئەوە کابرا پرسیارێکی دیکـەی لێکـرد، کـە دەکـرا بەڕاسـتی وەلاّمـی بداتەوە، پرسی: " لەویٚ رازی بوویت؟"

بەر لەوەی رستەکەی تەواو بکات، کارل بەدەنگێکی بەرز گوتی: " نەخێر."

کارل به لاچاو رابەری دەبینی کە پێدەکەنی. بەهۆی ئەوەی بێباکانە ئەم قسەی کردبوو، بەداخەوە بوو، بەلاّم نەیشیدەتوانی بلێت" بەلێ". چونکە لە دواهەمین شوێنی ئیشکردنیدا گەورەترین ئارەزوو ئەوە بوو، کە خاوەنکارەکەی ئەم پرسیارەی لیّ بکات. سەرباری ئەمەش ئەگەر کابرا درێژەی بە قسەکانی بدایە و بیپرسیایە: "بۆچی لەویّ رازی نەبوویت؟" وەلاّمەکەی بە زەرەر دەشکایەوە. بەلاّم لەبری ئەم پرسیارە، کابرا پرسی: " چ ئیشێك بە شیاوی خۆت دەزانی؟" دەکرا ئەم پرسیارە تەلّەیەك بێت، چونکە ئێستا وەك هونەرمەندێك دامەزرابوو، ئیدی پێویستی نەدەکرد پرسیارێکی لەم جۆرەی لێبکات. ئەگەر چی ئاگای لەم کێشە بوو، بەلاّم نەیتوانی باوەڕ بەخۆی بهێنێت و بلێت لە روانگەی خۆیەوە بۆ پیشەی هونەرمەندی شیاوە. بۆیە لەم پرسیارە خۆی دزییەوە و بۆ ئەوەی ئەزیەتی نەدات، گوتی: " من ئاگادارییەکەی ناو شارم خوێندووەتەوە، لەبەر ئەوەی نووسرابوو، ئێوە هەموو کەسێك دادەمەزرێنن، هاتم بۆ ئێرە."

کابرا کە دەیویست بە بێدەنگییەکەی کارل لەوە تیّ بگەیێنێت کە چاوەڕێی وەلاّمی پرسیارەکەیەتی، گوتی: " ئەمە دەزانین."

کارل بۆ ئەوەی بە کابرای نیشان بدات، لە دۆخێکی خراپدا گیری خواردووە، بەراڕایەوە گوتی: " منتان وەك هونەرمەندێك دامەزراندووە؟"

کابرا گوتی: " بەدلّنیاییەوە" و دووبارە بێدەنگ بوو.

کارل گوتی: " نەخێر." و هەموو ئومێدێکی بەدەستهێنانی ئیشی لەناوچوو.

گوتی: " نازانم دەتوانم ببمە هونەرمەند یان نا؟ بەلاّم هەولّ دەدەم هەموو ئەو ئەرکانەی کە پێم دەسپێرن، ئەنجامیان بدەم."

کابرا سەیرێکی رابەری کرد و هەردووکیان سەریان لەقاند، وادیاربوو کارل وەلاّمێکی باشی داوەتەوە. بۆیە دووبارە گوڕی گرتەوە و رەپ و راست راوەستا، چاوەڕێی پرسیاری دواتری دەکرد. پرسیاری دواتر ئەمەبوو: "دەتویست چی بخوێنیّ؟"

بۆ ئەوەی پرسیارەکە بەباشی روون بکاتەوە- وا دیاربوو گرنگییەکی تایبەتی بە روونکردنەوەی هەموو پرسیارەکان دەدا- درێژەی دایە: " مەبەستم ئەوەیە لە ئەوروپا." و بە گوتنی ئەم قسەیە دەستی لەژێر چەناگەی دەرهێنا و بە جۆرێك رایدەوەشاند، تاکو ئەوە نیشان بدات، ئەورپا چەندە دوورە و هەر نەخشە و پلانێك کە لەویّ کێشاویەتی چەندە بێبەهایە.

کارل گوتی: " دەمویست ببمە ئەندازیار." نەویستانە ئەم وەلاّمەی دایەوە، بە سەرنجدان لەو کارەی لە ئەمریکا هەیبوو، پێویستی نەدەکرد ئاواتی کۆنی کە بوون بە ئەندازیاری بوو، بیخاتەڕوو-

ئاخۆ تەنانەت ئەگەر لە ئەوروپاش بووایە، دەبوو بە ئەندازیار؟- بەلاّم چونکە لـەو کاتـەدا وەلاّمێکـی دیکەی بە مێشکدا نەهات، ئەمەی گوت.

بەلاّم کابرا وەك هەر وەلاّمێکی دیکە، ئەم وەلاّمەشی بە هەند وەرگرت و گوتی: " راستە، بـەلاّم خۆ مرۆ لەناکاو ناتوانێت ببێت بە ئەندازیار، ئێستا رەنگە باشتر وابێت، خۆت بـە کـارێکی لاوەکـی تەکنیکییەوە سەرقالّ بکەیت."

کارل گوتی: " بەدڵنیاییەوە." و ئیدی بە تەواوی رازی بوو، ئەگـەر لـەبری ئەکتـەری شـانۆ ئـەم پێشنیارەی کابرا قبووڵ بکات، پێگەی تا رادەی کرێکارێکی تەکنیکی دێتـە خـوارەوە، بـەلاّم لەبـەر خۆیەوە لێکی دایەوە ئیشی تەکنیکی بۆی گونجاوترە. سـەرباری ئـەوەش بـەردەوام بـەخۆی دەگـوت، جۆری ئیشەکە گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بۆ هەمیشە دەستی لە ئیشێك گیر بێت.

کابرا پرسی: " دەتوانی کاری قورس بکەیت؟"

کارل گوتی: " بەڵێ، بەڵێ."

کاتێ کارل گوتی بەڵێ، کابرا داوای لێکرد بێتە پێشەوە، تاکو دەسـت لـە ماسـولکەکانی بـاڵی بدات.

پاشان بازووی راکێشا و بەرەو لای رابەرەکەی برد و گوتی: " گـەنجێکی بـەهێزە." رابەرەکـە بـە پێکەنینەوە سەری لەقاند، لەکاتێکدا پاڵی دابوو بە کورسییەکەیەوە، دەسـتی بـەرەو لای کـارل درێـژ کرد و گوتی: " کەوایە هەموو شتێك تەواوە. ئێمـە لـەناو ئۆکلاهومـادا ئـەم جـۆرە شـتانە تـاوتۆێ دەکەین. هەولّبدە مایەی سەربەرزی گرووپی دامەزراندن بیت."

کارل بەریزەوە چەمایەوە و گەڕایەوە بۆ لای کابرا، تاکو ماڵئاوایی لـێ بکـات، بـەلاّم وەك بلّێـی کابرا کە هەموو ئیشێکی بۆ کارل کردبوو، هیچ کارێکی نییە، جگە لەوەی بەسەر سەکۆکەدا هاتوچـۆ بکات و تەماشای ئاسمان بکات. کاتێ کارل لە قادرمەکانەوە دەهاتە خوارەوە، بینی لەسـەر لەوحـەی ئاگادارییەکان نووسراوە: " رەش پێست، کرێکاری تەکنیکی."

ئیدی هەموو شتێك بە دڵی کارل بوو، ئێستا خۆزگەی دەخواست، ناوە راستەقینەکەی بگوتایـە، تاکو لەسەر لەوحەی ئاگادارییەکان بلاّو بکرێتەوە. دامودەزگاکە بەڕاسـتی وردبـین و رێکوپێـك بـوو، چونکە کاتێ کارل لەسەر سەکۆکە هاتـەخوارەوە لـە بـەردەم قادرمەکانـدا خزمـەتگوزارێکی بـینی و راوەستا، ئەم خزمەتگوزارە هەرکەسێك دەهاتە خوارەوە، پەتێکی بەدەوری بازوویدا دەبەست.

کارل دەستی بەرز کردەوە تاکو بزانێـت چـی لەسـەر نووسـراوە، بـینی نووسـراوە: " کرێکـاری تەکنیکی."

بەلاّم بیانەوێت بۆ هەر شوێنێکی بەرن، پێویستە یەکەمجار بـە فـەنی بلێـت، تـا ئێسـتا هـەموو شتێك بە مەیلی دڵی ئەو بوو، بەلاّم بەوپەڕی داخەوە لە خزمەتگوزارەکە بیست، کە هـەموو فریشـتە و دێوەکان لەگەڵ گرووپی دامەزرێنەردا بۆ شارێکی دیکە چوون، تاکو لـە ریـزی پێشـەوەدا پێشـوازی لەو کەسانە بکەن، کە بەیانی دێن. کارل گوتی: " زۆر بەداخەوە!" ئەمە یەکـەمین جـاربوو لـە ئیشـە تازەکەی نائومێد بێت. پاشان گوتی: " یەکێك لە فریشتەکان هاوڕێم بوو."

خزمەتگوزارەکە گوتی: " لە ئۆکلاهومادا دەیبینیتەوە، بەلاّم ئێستا وەرە بـڕۆین، تـۆ دواهـەمین کەسیت."

کارلی لەتەك خۆی برد بۆ ئەو بەشەی سەکۆکە کە پێشتر فریشـتەکانی لێبـوون، جگـە لـە پایـە ستوونییەکان هیچ شتێکی دیکە نەدەبینرا. کەوایە ئەو پێشبینییەی کارل راست دەرنەچـوو، کـە پێـی وابوو ئەگەر دەنگی شەیپورەکان ببڕێتەوە، خەڵکی زۆرتـر داوای ئـیش دەکـەن، چـونکە ئێسـتا هـیچ گەورە ساڵێك لە بەردەم سەکۆکەدا نەدەبینرا، جگە لەوچەند منداڵەی کە لەسـەر پـەڕی سـپی بەشـەڕ هاتبوون ، کە دیاربوو ئەم پەڕانە لە بـاڵی فریشـتەکان کەوتبوونـە خـوارەوە. منـداڵێکیان پەڕەکـەی هەڵبڕی بوو، ئەوانی دیکە هەوڵیان دەدا بەدەستێکیان سەری بهێنە خوارەوە و بەدەسـتەکەی دیکـەیان پەڕەکەی لێ بسێنن.

کارل منداڵەکانی نیشانی خزمەتگوزارەکە دا، بەلاّم خزمـەتگوزارەکە بێئەوەی سەیری منداڵـەکان بکات، گوتی: " خێراکە، زووبە، دامەزراندنت زۆر درێژە کێشـا، لام وابێـت لـە دامەزرانـدنت دڵنیـا نەبوون."

کارل سەرسامانە وەلاّمی دایەوە: " نازانم." بەلاّم بـاوەڕی بـە قسـەی خزمەتگوزارەکـە نـەکرد. بەداخەوە هەمیشە لە هەلومەرجێکی زۆر باشیشـدا کەسـانێك پەیـدا دەبـن، کـە لـە دروسـتکردنی دەردیسەری بۆ کەسانی دیکە چێژ وەردەگرن. بەلاّم بەدەرکەوتنی دیمەنی دۆسـتانەی سـەکۆ گەورەکـە، کە ئێستا لێی نزیك دەبوونەوە، کارل قسەکانی خزمەتگوزارەکەی لـە بـیر کـرد. چـونکە لەسـەر ئـەم سەکۆ گەورەیە مێزێکی درێژوپانی لێبـوو، کـە پارچـەیەکی گـەورەیان بەسـەردا کێشـابوو، هـەموو داواکارانی ئیش کە وەرگیرابوون، لەسەر مێزەکە و لەبـەردەم سـەکۆ گەورەکـە دانیشـتبوون، پشـتیان کردبووە گۆڕەپانی ئەسپسوارییەکە و نانیان دەخوارد. ئەوانیش هـەروەکو کـارل کـە دواهـەمین کـەس هاتبوو و بـە ئـارامی لەسـەر جێگەکـەی دانیشـتبوو، شـاد و خۆشـحاڵ دەردەکـەوتن. هەنـدێکیان پەرداخەکانیان بەرز کردەوە و لە جێگای خۆیاندا هەستانەوە، یەکێکیان بـە خۆشـی رابـەری دەیـەمی گرووپی دامەزراندنەوە کە بە (باوکی تەواوی بێکاران) ناوی دەبـرد، پێکەکـەی فـڕ کـرد. لـەو کاتـەدا

یەکێکیان گوتی، من لێرەوە دەیبینم، ئاماژەی کرد بۆ سەکۆی دادوەر کە لەوێدا رابەڕ و دوو کەسی دیکە لەسەر سەکۆکە راوەستابوون، لە مەودایەکی تاڕادەیەك نزیکەوە دەبینرا. ئێستا هەموویان پێکەکانیان بەرەو لای سەکۆکە بەرز کردەوە، کارلیش ئەو پێکەی کە لەبەردەمیدا بوو بەرزی کردەوە، بەلاّم هەرچەندە هاواریان دەکرد تاکو سەرنجی رابەر بەرەو لای خۆیان رابکێشن، بەلاّم هیچ پەرچەکردارێکیان لە سەکۆی دادوەرەوە نەبینی، کە نیشانەری ئەوە بێت، وەلاّمی هەستی بزاویان درابێتەوە، یان بەلانی کەمەوە نیشانەری ئەوە بێت، کە مەیلێکیان بە قبوولکردنی ئەو دەربڕینی هەستە هەیە. رابەر وەك پێشتر لە سووچێکدا پاڵی دابووەوە، کابرایەکی دیکە لە تەنیشتییەوە راوەستابوو و دەستی خستبووە ژێر چەناگەی.

کەسەکان کە تاڕادەیەك نائومێد ببوون، لە شوێن خۆیاندا دانیشتنەوە، هەرچەندە جارناجارێك یەکێکیان رووی بەرەو لای سەکۆی دادوەری وەردەگێڕا، بەلاّم ئەوەندەی پێنەچوو، دەستیان لەم کارە هەڵگرت، خەریکی خواردنی ئەو خۆراکە زۆرە بوون. چەتاڵەکانیان بەناو گۆشتی ترت و سووروەوەبووی باڵندەگەلێکی گەورەدا رۆ دەبرد و فەرموویان لەیەکدی دەکرد، کارل لە هەموو تەمەنییدا باڵندەی لەم جۆرەی نەدیتبوو. خزمەتگوزارەکان بەردوام شەرابیان دەکردە ناو پەرداخەکانەوە- کەسەکان ئەسڵەن ئاگایان لێنەبوو شەرابی سوور دەکرایە ناو پەرداخەکانیانەوە، چونکە لەوکاتەدا سەرقاڵی خواردن بوون- ئەو کەسانەی کە حەزیان نەدەکرد لەگەڵ کەسانی دیکەدا بدوێن، دەیانتوانی تەماشای ئەو وێنانە بکەن، کە لە دیمەنەکانی شانۆی ئۆکلاهوما گیرابوون و لە سووچێکی مێزەکەدا دانرابوون، بڕیار بوو ئەم وێنانە دەستاودەستیان پێ بکرێت. بەلاّم خەڵکەکە زۆر حەزیان لە تەماشاکردنی ئەم وێنانە نەبوو. کارل کە لە کۆتایی مێزەکەوە دانیشتبوو، یەکێك لە وێنەکانی بەدەست گەیشت، لەم وێنەیەوە دەکرا بگوترێ وێنەکانی دیکەش شایستەی ئەوەن کە تەماشا بکرێن. وێنەی لۆژ[٤٦] یێکی نیشان دەدا کە بۆ سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هۆڵێکی شانۆییدا تەرخان کرابوو، لە یەکەمین نیگاوە وادەردەکەوت، کە ئەمە لۆژ نییە، بەڵکو وادەردەکەوت کە تەختەی شانۆکەیە، چونکە بیناکەی گەلەك بەرفراوان بوو و سەرتاپایان لە ئاڵتون دروست کرابوون. لەنێوان پایە باریکەکانیدا کە هێند بە جوانی هەڵکۆڵرابوون، دەتگوت بە مەقەستی تیژ بڕاون، وێنەی سەرۆکەکانی پێشووی ئەمریکا لەتەنیشت یەکەوە دانرابوون، لەسەر یەکێك لەم میداڵە گەورانەدا، وێنەی کابرایەکی کەپوو

---

٤٦- لۆژ: شوێنێکی تایبەتە لە شێوەی ژوورێکدا، کە بۆ کەسانێکی خاوەن پلەوپایە لە هۆڵی شانۆ و مۆسیقادا لەبەرچاو دەگیرێ.

زۆر سافی لێو چرچی لەسەر بوو، کە نیگای لەبەردەمی بڕیبوو و چاوەکانی بە پێڵووە ئاوساوەکانی داپۆشرابوو. تیشکی رووناکی لە هەموو لایەکەوە تەنانەت لە سەقفەکەشەوە لۆژەکەیان رووناك کردبووەوە، پێشەوەی لۆژەکە لە رووناکییەکی چاوبەردا رۆچووبوو، بەڵام بەشی پشتەوەی لەودیو پەردە چرچولۆچە سوورەکەوە، کە بە حەریری گوڵدار رازابووەوە و لە سەقفەکەوە تاکو سەر زەوییەکەی داپۆشیبوو، وەك ئەشکەوتێك دەهاتە پێش چاو، کە تیشکی خۆرئاوابوون لێی دەدا. لۆژەکە ئەوەندە گەورە دەردەکەوت، کە نەدەکرا وێنای ئەوە بکەیت کە مرۆڤ دەتوانێت لەوێ دابنیشێت. کارل ئەوەندە لەناو وێنەکەدا رۆنەچووبوو کە نەیدەتوانی شیو بخوات، بەڵام دواتر وێنەکەی لە تەنیشت دەورییەکەیەوە دانا و چاوی تێبڕی. ئەگەر تەماشای یەك وێنەی دیکەی بکردایە، گەلەك خۆشحاڵ دەبوو. بەڵام نەیدەویست لە جێگەی خۆی هەستێت و یەکێکی دیکەیان هەڵگرێت. چونکە دەستی خزمەتگوزارێك لەسەر وێنەکان بوو و نەدەکرا شێوەی ئاسایی دەستاودەست کردنی وێنەکان تێك بدرێت، ناچار ملی بەرز کردەوە و تەماشای مێزەکەی کرد، تاکو ببینێت ئایا وێنەیەکی دیکە دەستاودەست دەکەن یان نایکەن؟ لە ناو ئەو کەسانەدا کە زۆر سەرقاڵی خواردن بوون، بەوپەڕی سەرسامییەوە ئەگەرچی لەسەرەتاوە باوەڕی نەدەکرد، کەسێکی بینی کە بەباشی دەیناسی، ئەویش جیاکۆمۆ بوو. یەکسەر هەستایەوە و بە پەلە بەرەو لای چوو، هاواری کرد: "جیاکۆمۆ."

جیاکۆمۆی شەرمن راچڵەکی و لە جێگای خۆی هەستایەوە، بەنێو ئەو رێگە بچکۆلەیەی کە لە نێوان کورسییەکاندا بوو وەرچەرخا. بە دەستی زاری سڕی، وای نیشان دەدا بە بینینی کارل گەلەك خۆشحاڵە، بە کارلی گوت، بێت و لەتەنیشتییەوە دانیشێت، ئەگەر ئەو نایەت خۆی دەڕوات بۆ لای، قسەیان زۆر بوو لەتەك یەکدیدا بیکەن، بۆیە پێویستە هەمیشە لە نزیك یەکدییەوە بن. کارل نەیدەویست کەسانی دیکە وەڕز بکات، گوتی رەنگە باشتر وابێت، ئێستا لەجێی خۆی دانیشێت و خێرا خواردنەکەی بخوات، هەڵبەتە دواتر دەتوانن هەمیشە پێکەوە بن. بەڵام کارل بۆ ساتێك ئەمپێ و ئەوپێی کرد، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی تەماشای جیاکۆمۆ بکات. چ بیرەوەرییەکی رابردووی هاتوەتەوە بیر! ئاخۆ ئێستا سەرپەرشتیاری چێشتخانە چی دەکرد؟ ئەی تریز چی دەکرد؟ رەنگ و روخساری جیاکۆمۆ هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو، کەوایە پێشبینییەکەی سەرپەرشتیاری چێشتخانە راست دەرنەچووبوو، کە دەیگوت لە ماوەی شەش مانگدا، جیاکۆمۆ وەك ئەمریکییەکی قەڵەو و گۆشتن، بازوو مەچەکی ئەستوور دەبێت. هەروەکو رابردوو جوان و لاواز و گۆناکانی بە چاڵدا چووبوون، هەر چەندە لەو کاتەدا پارووییەکی گەورەی گۆشتی لە زاردا بوو و بەکاوەخۆ خەریك بوو ئیسقانەکانی گۆشتەکەی لە دەمی دەردەهێنا و لە سەر دەوریەکە دایدەنا، بەڵام بەو پەتەدا کە

بەدەوری قۆلیدا پێچرابوو، دیار بوو ئەویشیان لە بەشی پیشەی هونەرییدا دانەمەزراندووە. بەڵکو وەك ژووربەر دایانمەزراندبوو. بەڕاستی لە شانۆی ئۆکلاهوما هەموو کەسێك ئیشی چنگ دەکەوت! بەلاّم کارل بە جۆرێ لە تەماشاکردنی جیاکۆمۆدا رۆچووبوو، کە ناخودئاگا مەودایەکی زۆر لە کورسییەکەی خۆی دوورکەوتبووەوە.

رێك لەوکاتەدا کە کارل دەیویست بگەڕێتەوە، سەرپەرشتیاری کارمەندەکان هات بۆ لایان، لەسەر یەکێك لە مێزەکانی ریزی سەرەوە راوەستا، چەپڵەیەکی لێدا و زۆربەی کەسەکان لە بەری هەستانەوە، ئەویش گوتارێکی کورتی ئاراستە کردن، ئەو کەسانەی کە لەجێی خۆیاندا دانیشتبوون و حەزیان نەدەکرد، دەست لە خواردنەکەیان هەڵگرن، بە سیخورمەی کەسانی تەنیشتیان، ناچار بوون لەجێی خۆیان هەستنەوە.

کارل ئەم هەلەی قۆستەوە و لەسەرخۆ گەڕایەوە شوێن خۆی، سەرپەرشتیاری کارمەندەکان گوتی: "هیوادارم لە میواندارییەکەمان رازی بووبن. گرووپی دامەزرێنەر، چێشتخانەیەکی باشی هەیە. بەداخەوەم دەبێت خوانەکە بەجێ بهێڵن، چونکە شەمەندەفەری ئۆکلاهوما، دوای پێنج خولەکی دیکە وەڕێ دەکەوێت. دەزانم سەفەرێکی درێژتان لەپێشە، بەلاّم لەسەفەرەکەتاندا بە باشی خزمەت دەکرێن. ئێستا رێگەم بدەن، ئەو بەریزەی کە بەرپرسی بەرنامەی گەشتەکەتانە پێتانی بناسێنم، تکاتان لێ دەکەم پەیرەوی لە قسەکانی بکەن."

کابرایەکی لاوازی بالاّکورت، کە بە زەحمەت چووە سەر تەختەکە، لەتەنیشت سەرپەرشتیاری کارمەندەکانەوە راوەستا، یەکسەر بەریزەوە سەری دانەواند، بە راوەشاندنی خێرای دەستەکانی پێی گوتن، بەرێکوپێکی لە شوێنێکدا کۆببنەوە و بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر بکەونە رێ. بەلاّم گوێ بەقسەکانی ئەم کابرایە نەدرا، چونکە ئەو کەسەی کە لە کاتی دەسپێکی نانخواردنەکەدا گوتاری بۆ دابوون، دەستی کێشا بەسەر مێزەکەدا و لە نێو قسەکانیدا وەها بەدرێژی وەلاّمی سوپاسی ئەو کەسانەی دەدایەوە کە دامەزرا بوون، کە کارلی دووچاری دۆخێکی بێئارامی کرد. هەرچەندە ئەوەش گوترابوو، کە شەمەندەفەرەکە لەماوەی پێنج خولەکی دیکەدا وەڕێدەکەوێت بەلاّم ئەم کابرایە گوێی بەمە نەدەدا. تەنانەت گرنگیپێنەدانی ئاشکرای سەرپەرشتیاری کارمەندان بەم کابرایە، کە فەرمانی بە بەرپرسانی بارکردن و گواستنەوە دەدا، نەبووە هۆی بڕینی قسەکانی و بەردەوام بوو لە گوتارە پڕ جۆش و خرۆشەکەی. کابرا لە قسەکانیدا ناوی هەموو ئەو جۆرە خواردنانەی برد کە ئەو رۆژە بۆیان ئامادە کرابوو، سەبارەت بە هەریەك لە خواردنەکان راوبۆچوونی خۆی دەربڕی، دواجار گوتی: "بەریزان، رێگەی دڵمان لە ورگمانەوە تێدەپەڕێت." جگە لەو کەسانەی کە رووی قسەی تێکرد

بوون، هەموویان پێکەنین، لەگەڵ ئەوەشدا قسەکانی ئەم کابرایە زیاتر لە حەقیقەتەوە نزیك بوون تاکو لە گاڵتەجاڕییەوە.

ئەم گوتاربێژیە تەمێی بەدواوە بوو، چونکە دەبوو ئێستا لێرەوە تاکو وێستگەی شەمەندەفەرەکە بە راکردن بڕۆن. بەلاّم ئەمە کێشەیەکی ئەوەندە گەورە نەبوو، چونکە- هەربەوجۆرەی کە ئێستا کارل تێگەیشت بوو- هیچ کەسێك هیچ بارێکی هەڵنەدەگرت. تەنیا شتێك کە پێی بگوترێ بار، هەر عەرەبانەی منداڵەکە بوو، کە ئێستا باوکی لە ریزی پێشەوە پاڵی پێوەدەنا و بە توندی لە هەڵبەزودابەزدا بوو، بە جۆرێك کە دەتگوت دەستی کەسی پێوە نییە. چ کەسانێکی لانەواز و بەدبەخت لێرەدا کۆببوونەوە! لەگەڵ ئەوەشدا چەند بەباشی پێشوازی و خزمەت کرابوون! سەرباری ئەوەش بە بەرپرسی بارکردن و گواستنەوەیان گوتبوو، وەك بیلبیلەی چاوت ئەم کەسانە دەپارێزیت. بەرپرسی بارکردن و گواستنەوە هەندێجار بەدەستێکی پاڵی بە عەرەبانەی منداڵەکەوە دەنا، بەدەستەکەی دیکە هەموو کەسەکانی هان دەدا بۆ رێکردن، هەندێجاریش ئەوانەی کە لە دواوە پەرتەوازە ببوون، هانی دەدان بێنەوە ناو ریزەکە، هەندێجاریش کاتێ بە تەنیشت ریزەکاندا تێدەپەڕی و لە ریزەکانی ناوەڕاست ئەو کەسانەی دەبینی، کە ناتوانن بە باشی رێبکەن، بە راوەشاندنی قۆڵەکانی نیشانی دەدان، کە چۆن ئاسانتر بەرێدا بڕۆن.

کاتێ گەیشتنە وێستگەکە، شەمەندەفەرەکە ئامادەی رۆیشتن بوو. لەوێستگەکەدا خەڵکەکە ئەمانیان نیشانی یەکتر دەدا، هاواری وەك: " ئەمانە هەموو سەر بە شانۆی ئۆکلاهومان" دەبیسترا. شانۆکە زۆر لەوە زیاتر ناسراو بوو، کە کارل بیری لێدەکردەوە، هەڵبەتە، کارل زۆر حەزی لەکاروباری شانۆیی نەبوو.

ڤاگۆنێك بۆ گرووپەکەیان تەرخان کرابوو، بەرپرسی بارکردن و گواستنەوە بۆ سوارکردنی خەڵکی، لە چاودێری شەمەندەفەرەکە زیاتر زەحمەتی دەکێشا، پاش ئەوەی هەموو بەشەکانی بینی و چەند فەرمانێکی پێدان، هات لەجێگەی خۆی دانیشت. بەرێکەوت کارل لە کورسی تەنیشت پەنجەرەیەکدا دانیشتبوو و جیاکۆمۆش لەپەنایەوە بوو. ئێستا ئەو دووانە لە تەنیشت یەکدییەوە دانیشتبوون، لە خۆشی ئەوەی کە سەفەر دەکەن، دڵیان لە خۆشیاندا لە شەقەی باڵی دەدا. وێنای ئەوەیان نەدەکرد، سەفەرێکی وەها خۆش لە ئەمریکادا بکەن. کاتێ شەمەندەفەرەکە خەریك بوو لە وێستگەکەدا وەرێ دەکەوت، بۆ بەخێرهاتنی چەند گەنجێك، کە لە بەرامبەریانەوە بوون دەستیان رادەوەشاند، گەنجەکانیش سیخورمەیان لەیەك دەدا و پێدەکەنین.

گەشتەکەیان دوو ڕۆژ و دوو شەو درێژەی کێشا. کارل ئێستا دەیزانی ئـەمریکا چـەندە گەورەیـە. لـە تەماشـاکردنی دەرەوە تێـری نـەدەخوارد، جیـاکۆمۆش پێـداگری لـەوە دەکـرد، کـە لەتەنیشـت پەنجەرەکەوە دانیشێت. بەهۆی مشتومڕی ئەوانەوە هەموو گەشتیارانی ئەو بەشـەی شـەمەندەفەرەکە، کە دەیانویست یاری وەرەق بکـەن، لەدەسـتیان تـووڕە بـوون، بەخواسـتی خۆیـان کورسـی تەنیشـت پەنجەرەکەیان بۆ چۆڵ کردن. کارل سوپاسی کردن- ئینگلیـزی جیـاکۆمۆ بـەجۆرێك بـوو کـە هـەموو کەسێك نەیدەتوانی سەری لێدەربکات- و لەماوەی ئەم دوو شەوو ڕۆژەدا، هەر بەو جۆرەی کە لـەنێوان هاوسەفەراندا ڕوودەدات، دۆستایەتییان بەهێز بوو. هەڵبەتە هەندێجار ئەم دۆستایەتییە وەڕزی بۆ مـرۆ دروست دەکات، بۆ نموونە هەرکاتێك کە سەریان دەهێنایە خوارەوە، تاکو ئەو وەرەقـەی کـە کـەوتبووە خوارەوە هەڵیگرن، چڕنووقی توندیان لە پێی جیاکۆمۆ یان کارل دەگرت، هـەر کـات کـە ئەمـە ڕووی دەدا، جیاکۆمۆ بەوپەڕی سەرسامییەوە هاواری دەکرد و پێیەکانی هەڵدەبڕی. کارل جارێکیـان هـەوڵی دا ئەگەر بۆ تۆڵەکردنەوەش بووە شەقێك بوەشێنێت، بەڵام لەهەموو جارەکـانی دیکـەدا بـە بێـدەنگی ئازاری دەکێشا. ڤاگۆنە بچـوکەکەیان ئەگەرچـی پەنچـەرەکەی کرابـووەوە، پـڕ ببـوو لـە دووکـەڵی جگەرە، بەڵام هەرچی لە ڤاگۆنەکەدا ڕووی دەدا، لەچاو جوانی دیمەنی دەرەوە بێبەهابوو.

لە ڕۆژی یەکەمدا بەناو زنجیرەیەك کێوی بەرزدا تێپەڕین. لە سەر ڕێگەکەیاندا گاشـەبەردی کـەوە دەبینران، کە وەك بڵێی ڕێگەی تێپەڕبوونی شەمەندەفەر بـەناو ئـەم گاشـەبەردانەدا بـە مـاوش کـون کرابوو، ئەم ڕێگەکەیان پێدا برابوو، مرۆ تەنانەت ئەگـەر سـەری لـە پەنجـەرەی شەمەندەفەرەکەشـەوە دەربهێنایە، نەیدەتوانی لوتکەی گاشەبەردەکان ببینێت، لە بەرامبەریانەوە دۆڵی تەنگەبەر و ناهـەموار و تاریك دەبینران، مرۆ هەوڵی دەدا بە قامکی ئاماژە بۆ ئەو ئاراستەیە بکات کـە بەناویـدا دەچـوون. لە دەستی ئەمبەریانەوە چۆمی بەرفراوانی کوێستانی دەبینران، کە شەپۆلە گەورەکانیان بەرەو داوێـنی کێوەکان شۆڕ دەبووەوە و هەزاران شەپۆلی بچکۆلەی کەفئاسایان لەگـەڵ خۆیانـدا دەبـرد، پاشـان ئـەم شەپۆلانە بە ژێر ئەو بەردانەدا ڕۆدەچوو، کـە شـەمەندەفەرەکەی ئـەمانی بەسـەریدا تێدەپـەڕی، ئـەم چۆمانە ئەوەندە لە شەمەندەفەرەکەیانەوە نزیك بوو کە ئـەو کزەبایـەی کـە لێیانـەوە بـەرز دەبـووەوە ڕوومەتی دەتەزاندن.

کۆتایی.....................

## پاشكۆی ماكس برۆیدی هاوڕێی نزیكی كافكا

دەستنووسی ئەم رۆمانەی فرانز كافكا بێ ناونیشانە. لە كاتی قسەكردن لەبارەی ئەم كتێبەیەوە، بە " رۆمانی ئەمریكا" ناوی دەبرد، بەلاّم دواتر بەناونیشانی بەشی یەكەمی، كە ناوی نابوو" تونچی"، بەشێوەی بەش بەش لە ساڵی ١٩٣١ دا بلاّوی كردەوە، بەم پێیە ئەم رۆمانەی بە تونچی ناو دەبرد. كافكا بە حەزێكی لەڕادەبەدەرەوە لەسەر ئەم رۆمانە كاری دەكرد، زۆر ئێوارە تاكو نیوە شەو ئیشی لەسەر دەكرد. سەیر ئەوەیە، لە دەستنووسەكەیدا زۆر بەكەمی پێداچوونەوە و پاكنووس دەبینرێت. كافكا زۆر بەباشی دەیزانی ئەم رۆمانەی جیاوازە، لەكاتی قسەكردنیدا لەمبارەیەوە دەیگوت، ئەم چیرۆكەی بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەكانی دیكەی، " روونتر"ەو كەش و هەوایەكی گەشبینتری هەیە.

لەم بارەوە لەوانەیە بتوانم بڵێم، فرانز كافكا زۆر حەزی لە خوێندنەوەی سەفەرنامە و بیرەوەری بوو، ژیاننامەی فرانكلین[٤٧]، یەكێك بوو لەو كتێبانەی، كە كافكا زۆر حەزی لە خوێندنەوەیان بوو، حەزی لێبوو چەند بەشێكی ئەم كتێبە بە دەنگی بەرز بخوێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر حەزی لە كەشی كراوە و ولاّتانی دوورەدەست بوو. كافكا لە ژیانیدا تەنیا سەفەری بۆ فەرەنسا و باكووری ئیتالیا كردووە، لەگەڵ ئەوەشدا خەیاڵە نوێیەكانی رەنگ و روویەكی تایبەت بەم كتێبە پڕ لە بەسەرهاتە دەبەخشێت.

كافكا لە ناكاو و بەشێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو، دەستی لە كاركردن لەسەر ئەم رۆمانە هەڵگرت و رۆمانەكەی بە ناتەواوی مایەوە. ئەوەندەی كە بۆی باس كردووم، دەزانم بەشی " شانۆی سەرشەقامی ئۆكلاهوما[٤٨]" كە بەشێكی تەواو نەكراوی رۆمانەكەیە (ئەو بەشەی كە

---

٤٧- BENJAMIN FRANKLIN ، بینجامین فرانكلین (١٧٠٦-١٧٩٠)، یەكێكە لە سیاستمەدار و نوسەر و زانا داهێنەرەكانی ئەمریكا.

48-THE NATURE THEATRE OF OKLAHOMA

سەرەتاکەی خۆشحاڵی دەکرد، بەڕادەیەك کە خوی گرتبوو بەدەنگێکی بەرز و گ
بیخوێنێتەوە) بڕیاربوو، بەشی کۆتایی ئەم بەرهەمە بێت و بە شێوەیەکی خۆشحاڵانە کۆتایی پێبێت. کافکا وا راهاتبوو، بە زمانی رەمز و بە پێکەنینەوە ئاماژە بەم بەشە بکات، لەم شانۆی ئۆکلاهۆمایەدا " کە تاڕادەیەك بێکۆتایە"، پاڵەوانە گەنجەکەی وەك بڵێی لە رێگەی جۆرێك لە جادوی ئاسمانیەوە، یار و کار و ئازادی و تەنانەت ماڵ و لانەی پێشووی دایك و باوکی دەدۆزێتەوە.

چەند بەشێکی دیکەی ئەم رۆمانەش، کە دەکەونە پێش شانۆی ئۆکلاهوما ناتەواون. ئەو دوو بەشە گەورەیەی کە باسی کارل لە لای برۆنیلدا دەکات، ، بە تەواونەکراوی ماونەتەوە..... کافکا تەنیا شەش بەشی یەکەمی ئەم رۆمانەی پۆلێنبەندی کرد و ناونیشانی لەسەردانان.....

ماکس برۆید
٢٠٠٩ /٦/٢٩ هەڵەبجەی شەهید.

" شانۆی سروشتی ئۆکلاهوما" شی پێدەگووت.